# گوتوبیژێکی دەگمەنی تۆفیق وەهبیی
# و
# خوێندنەوەییێکی ڕەخنەگرانە

**وەرگرتن و تۆمارکردنی ئەمیر حەسەن پوور**


**نووسینەوەی و پەراوێز و خوێندنەوەی**

**( بابی لالۆ )**

**کەمال رەئووف محەممەد**


سلێمانی ٢٠١١


## گوتوبیژێکی دەگمەنی تۆفیق وەهبیی
## و
## خوێندنەوەییێکی ڕەخنەگرانە



وەرگرتن و تۆمارکردنی: ئەمیر حەسەن پوور

نووسینەوەی و پەراوێزو خوێندنەوەی: (بابی لالۆ)

بابەت: لێ کۆڵینەوە

هەڵەچنی: نووسەر و مەهدی ئەحمەد

نەخشەسازیی بەرگ و ناوەوە: پەیام ئەحمەد

چاپ: چاپخانەی شڤان - سلێمانی


چاپی یەکەم ٢٠١١

تیراژ: (١٠٠٠) دانە

لە ڕێبەریێتیی گشت کتێبخانەکان ژمارە()ی ساڵی ٢٠١١ی پێدراوە

ڕەنجەکەم پێشکەشی ..

گیانی پاکی هیوای وجوودی بیٚ هوودەم ( لالۆ ) ی جوانە مەرگ



**Lalo**

21/4/1974 – 25/12/2002

**کلیلی نیشانەکان**

- ڕ: ڕۆمیی (ساڵی دارایی عوسمانیی)
- ز: زایینیی (ساڵی عیسایی)
- ك: کۆچیی (ساڵی هیجرەتی پەیامبەری ئیسلام)
- ا . ج . ك: یێکەم جەنگی گێتیی
- ا. ح . ك : یێکەم حوکوومەتی کوردستان
- K : کەمال ڕەئووف محەممەد
- ☼: یێکەم جارە بڵاودەبێتەوە

## پێشەکیی

لە دنیادا مەگەر کەسانێ هەر لە زگماکەوە پەك کەوتە بن نەتوانن تێکەڵی بنیات نانی ژینی کۆمەڵ بن، دەنا هەر کەسێ بە ئەندازەیێ — بە چاك یا خراپ — بەشدارە. دیاریشە لە نێو هەر کۆمەڵێکدا کەسانێ هەڵ دەکەون کە پتر لە کەسانی دیکە، تواناتر، زاناتر، چالاکتر یا پێچەوانە بن . هەڵبەت خوێندنەوەی دەفتەری ژینی ئەو کەسانەش لەڕووی زانستەوە، ویستێکی گەورەیە، چونکە لە لایێکەوە — وێڕای یێك لایی نەبوونەوەی شوێن و مافی کەسەکان — بارستایی و شێوەی چالاکیی و کردەوەی چاك و خراپی بەشداربوونەکەیان ڕوونتر ساخ دەبێتەوە . لە لایێکی دیکەوە کۆمەڵانی خەڵکیش ڕوونتر و ئاسانتر پەند و فەڕ لە چاکەیان وەردەگرن و لە خراپەیشیان خۆیان لادەدەن.

وەك هەر کۆمەڵێکی دیکەی ئەم دنیایەش، لە نێو کۆمەڵی کوردەوارییدا کەسانی ئەوتۆ هەڵ کەوتووە — لە ژین و مردنیشدا — بە ناو بانگ دەناسرێن.. هەیە بەهۆی زەبرو زەندەوە، پلە و پایەی خێڵ و هۆزیەوە، سەر و سامان و دەسەڵاتەوە بە ناوبانگە، یا بە دانایی و زانست و هونەرێکەوە — بە هونەری ئەدبیشەوە — بە ناوبانگە. بەڵام چونکە لە کۆنەوە کورد هۆگری نووسینەوەی ئاکاری هۆش و بیر و نامەی کرداری کەسەکانی نەبووە و دەفتەری بۆ ڕانەگرتوون، هەروەها چونکە هەمیشە — بەتایبەتی لە سەدەی بیستەمدا — دەسەڵاتی داگیرکەران بەری ئازادیی ڕانواندن و ڕۆژنامەنووسیان گرتووە، چونکە کۆمەڵی



کوردەوارییش خۆی پێوەند بووی هێندێ داب و دەستوور و خووی کۆمەڵیی کۆن و نالەبار بووە، ئەوەتە تا ئەم ڕۆژگارەش فرە لاپەڕەی دەفتەرەکانی ژینی بەناوبانگەکانی — بەچاك و خراپیەوە — ناناسرێنەوە و کۆمەلانی خەڵکیش بۆیان نەکراوە تەواو کەڵك لە چاکەکەیان وەربگرن و بەکەڵکیان بهێنن، چەوت و چەوێلیشیان بەلاوە بنێن و خۆیانی لێ بپارێزن.

ئەو بارە، بەتایبەتیی بۆ وەچەکانی ئەم سەدەیە و ئایندەش نەك هەر ناتەواوییێکی گەورە و ناپەسەندە بەڵکە بۆ بنیات نانی کۆمەڵێکی تەندروست پێ ویستە. چونکە تووشی ساتمە و هەڵەیان دەکات، ناتوانن ڕاست و ڕەوان پەندیان لێ وەربگرن.

کەواتە چەند زەرەبین بخرێتە سەر لاپەڕەکانی دەفتەری ژین و کرداری ئەو (بەناوبانگانە)، هێندە بەری چاوی ئەو وەچانە ڕوونترو ڕەفتارەکان بۆ بنیات نانی ژینی کۆمەڵ، ڕۆشنتر، ئاسانترە و پلەکانی پێشکەوتن خۆشتر دەبێت.

سەدەی ڕابردووی کوردیش کە سەدەی وریابوونەوەی بزاڤی نەتەوەیی ڕستگاریی خواز و هەڵ کەوتنی خەباتی سیاسیی و ڕۆشنبیریی و کۆمەڵیی و بەرهەڵستی چەند داگیرکەرێکی کۆن و نوێش بوو، چەند کۆمەڵە پیاوێکی (بەناوبانگ)ی تێدا هەڵ کەوت. بەڵام تا نها کێشەی ناسینەوەیێکی ڕاستی ئەو کەسانە بنەبڕ بووە، بەتایبەتی — وێڕای کێشە باس کراوەکانی ڕابردوو — زۆربەی کەسەکان مردوون و سەرچاوەی هەواڵیان — هەواڵی هوردیان — بەڵگەنامەی باوەڕ پێ کراو لەمەڕیان دەگمەنە.

کەواتە دیارە مەحاڵە هەموو هۆش و بیر، ڕەنج و کردارەکانیان لە تەرازوو بدرێن و ئەو (بەناوبانگانە)ش، چ کۆمەڵیش، کێش و بەشی هەڤیانەتی خۆیان بەربکەوێت.

لە بارێکی ئەوهەشدا سروشتییە هەر لێ کۆڵێکی زانست پەروەر تووشی چەند هەڵەیێ بووبێ یا تووش ببێ. هەروەها سرووشتییە خوێندەوارانیش بە تەمای ناسینەوەیێکی ڕەهای ئەو (بەناوبانگ)ە نەبن، بەڵام وێرا گەڕاند بۆ ڕاستیی سنووری بۆ نییە.

یێکێك لە (بەناوبانگەکان)ی سەدەی ڕابردووش، کەسی ناسروای کوردستان و عێراق و هێندێ کۆڕ و کۆمەڵی بێگانە، کوڕی سلێمانیی (تۆفیق وەهبیی)ە.

ئەم زاتە کە ساڵی ١٩٨٤ مرد — تا ئەوێ دەمێ بەدەگمەن نووسینێ لەمەڕ ژین و ڕەنج و کردەوەکانی نووسرا بوو — ئەز یێکەم کەس بووم دەستوبردم کرد و لێ کۆڵینەوەیێکم بەناونیشانی (تۆفیق وەهبیی کوڕی پیرەمەگروون)ەوە لێ نووسیی و بڵاوکردەوە(*). تەنانەت لە ئەو نووسینەو کۆڕی پاسیینی چلەیدا لە سلێمانییدا — لەسەرم کردەوە و بەڵگەی ڕەسمییانەم خستەڕوو، ئەو (تاوان)ەم پەرچ دایەوە کە خرابووە پاڵی گۆیا؛ ئەوێکی موتەسەڕڕیفی سلێمانیی (دەستی لە کوژتارەکەی ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠)ی سلێمانییدا هەبووە کە خۆو ڕاستان نەی بووە(**).

هەنگی ئەگەر وەك نها باوەڕم بە زانستی هەبوو، چۆن گوت بووم؛ (کورد بە زمان ناسێکی گەورەی ئەم سەدەیەی خۆی دەزانێت و هێندەی ڕێزی ئەم لایێنەی دەگرێت، کردەوەیی سیاسیی زۆر سەرنجی ڕاناکێشێت)(***)، لە لایێکەوە لەبەر ئەوەی وەك ئێستە سەرچاوەو بەڵگەی ڕوون بە دەستەوە نەبوو، هەروەها لەبەر ئەوەی — لەبن دەسەڵاتی حوکوومەتی زۆرداری بەعسی عارەبدا — لە گۆڤارێکی حوکوومەتدا دەرفەتی ڕای ئازاد و نەشتەردان لە ڕەفتاری سیاسیی نەبوو، بۆ من نەدەلوا تەواو، هەموو قسەیێکی خۆمی لە ڕوو بکەم.

ئەگەر ئەز، وەك ڕۆژنامەوانێك یا لێ کۆڵێك دەرفەتم بۆ هەڵ نەکەوت بێ لە نزیکەوە گوتوبێژێك لەگەڵ ت . وەهبیی بکەم(****)، ئەوە بەڕاستیی پەرۆشی بووم

---

(*)- بنۆڕە: کاروان، ژ ١٨، هەولێر ١٩٨٤ (تۆفیق وەهبیی کوڕی پیرەمەگروون).

(**)- بنۆڕە: چیم دیی — ج٣، ل ٨٤ (نووسیوییێتی: ١- موتەسەڕریف موفەتتیشی ئیداریی — بریتانیی / k — لە کونی پەنجەرەوە دەیان نۆڕییە ئەم کارەساتە/ ل ٨٣ ٢- زۆرترینی کوردەکانمان بە گلەیین و دەڵێن: ئەم کوژتار و پەرێشانییەی لە شارەکەی خۆیدا ڕووی دا، ئەوتاوانبارە/ ل ٩٨).

(***)- بنۆڕە: ئەدەبی نامەنووسیینی کوردیی — ج١، ل ٣٦٤، پ٢.

(****)- لە هاوینی ساڵی ١٩٨٢دا نیازی دیدەنیی ئەوروپا و بە تایبەتیش بریتانیا و تۆفیق وەهبییم هەبوو. مخابن لە بەغداددا ڤیزای بریتانیی فرە چاوەنۆڕیی پێ دەویست و من ئەوەم لە لاگران بوو. چووم بۆ ئیتالیا و لە ئەوێدا کۆششم کرد، بەڵام پرسیارم لێ کرا کە بۆچیی لە



و چاوم هەڵ دەخست بۆ هەموو هەواڵێکی، بەتایبەتیی گوتوبێژێ بە (دەنگی خۆی).

بەخت یار بوو، لە بەهاری ٢٠٠٨دا، لە ڕاهێڵەی قسەو تەلەفوون کردندا لەگەڵ در. ئەمیر حەسەن پووری نیشتەنیی کانادا، هەواڵێکی ڕاستم لێ بیست کە خۆی — لە ڕۆژگاری سەرقاڵیی بە خوێندنی باڵاوە — لەگەڵ هاوەڵێکی گوتوبێژێکیان لەگەڵ ت . وەهبیی کردووە و (دەنگیان وەرگرتووە و تۆمار کردووە).

ئەز دەمودەست پێشنیازم بۆ کرد کە (کۆپیی گوتوبێژەکە)م بۆ ڕەوانە بکات بەڵکە ڕای بگوێزمەوە بۆ سەرقاقەز و لێی بنووسم و بی خوێندمەوە و بڵاوی بکەمەوە. ئەویش نیازەکەمی پەسەند کرد و دوای دوو مانگێك (دوو) شریتی کاسێتی بۆ هەناردم.

دەی بۆ فەڕی زانست و خزمەتی ڕاستیی و خوێندەوارانی کورد، ئەوەتە قسەکانی نێو (گوتوبێژ)ەکە وەك خۆی دەخەمە سەر قاقەز تا هێندێ لاپەڕەی دیار و نادیار، بابەتی هورد و ناسك و نهێنیی (تۆفیق وەهبیی) بناسرێنەوە. هەروەها لە تەك ئەوەش بەسەرنج دانی (**خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە**)م، خۆیان سەرپشك بن و بڕیار بدەن بۆ پلەکانی ناوبانگی، تا چەند شاییستەیە؟

بابی لالۆ

کەمال ڕەئووف محەممەد

هۆڵاند — ستێل

٢٥ / ٦ / ٢٠١٠

---

عێراقدا داوام نەکردووە و لەئیرە؟ پێم نەدرا. لە هاوینی ١٩٨٣دا کۆمەڵی پرسیاری هوردم گەڵاڵە کردبوو، نیازم هەبوو بە دۆستێ، ئاشناییێکدا بۆیی بنێرم، مخابن کەسێکی ئەوتۆم لێ هەڵ نەکەوت، ئەویش لەسەرەتای ١٩٨٤دا مرد.

-١-

## پەسنی گوتوبێژەکە تۆمارکراوەکە (١)

١- شوێن: بریتانیا – لۆندۆن (ماڵی تۆفیق وەهبیی)

٢- مێژووی: رۆژی ٢٨ / ٧ / ١٩٧٦

٣- مەودای: ٩١ دەقیقە (بەشێوەییێکی پاك).

٤- تۆمارکەری: ئەمیر حەسەن پوور.

٥- بەشدارەکان:

- ئاسیا وەهبیی (کابانی ت . وەهبیی)
- ئەمیر حەسەن پوور (خوێندکاری خوێندنی باڵا)
- تۆفیق وەهبیی
- عەزیز ژیان (خوێندکاری خوێندنی باڵا)

٦- جۆری چیکەنە- ڕیکۆردەری تۆمارکردن و بەهای دەنگ:

- ڕیکۆردەری جۆری سۆنیSony و گوتوبێژەکەش وەك سەرپێی و خۆماڵییە، شێوەی تۆمارکردنیشی سادە و هەڕەمەیە. دەنگ لە هێندێ شوێندا کپ یا تێکەڵی ژاوە ژاوە، یا قرتاوە. بەهای دەنگ نزیکی پلەی نێونجییە.



-٢-

## شێوەی قسەی بەشدارەکان

- زمانی قسەی ت. وەهبیی شێوەی سلێمانییە، بەڵام شێوەی ئاخاوتنی زارەکیی خەڵکی بەکاربردووە[1] نەك زمانی نووسین.
- زمانی قسەی ئەمیر حەسەن پوور، عەزیز ژیان، شێوەی موکرییە، بەڵام ئەوانیش شێوەی ئاخاوتنی زارەکیی خەڵکیان بەکاربردووە نەك زمانی نووسین.
- زمانی قسەی ئاسیا وەهبیی، عارەبیی و شێوەی ئاخاوتنی زارەکیی خەڵکی بەغدادە.

[1]- مەبەستم لە ئاخاوتنی زارەکیی، قسە کردنی خەڵکە – قسەی دەمودوو. بۆ وێنەش ت. وەهبیی ئەم وشانەی بە ئەم شێوەیە کۆکردووە:

=لەبریی: دەیدا، (ئەییا)، دەگۆڕدرێت، (ئەگۆڕڕێت)، دەی گوت، (ئەی وت)، ئەوی دیکە، (ئەوی تر)، تێدا، (تیا) نای دەن، (نابیەن)، نەیان داوەتێ، (نەیانناوەتێ).. هتد.

جێگەی باسە، ت . وەهبیی – لە ئەم گوتوبێژەدا – ڕەخنەی توندی لە ئەم شێوە ئاخاوتنە گرتووە کە دیارە خۆیشی دەگرێتەوە.

## بەهای گوتوبێژەکە

میوانەکانی ت . وەهبیی – هەردوو خوێندکاری خوێندنی باڵا – مەبەستیان ناسینی هۆش و بیر و ڕەفتاری زانستیی و بە تایبەتیی لەمەڕ زمان و ڕێزمانی کوردیی بووە کە ئەو بابەتە لە ماوەیەکی کەمدا تەواو بووە. کەچیی ت . وەهبیی جڵەوی گوتوبێژەکەی توند گرتووە و بە ئەوپەڕی هەواو ئارەزووی خۆیەوە – بێ ئەوەی هەمیشە میوانەکانی پرسیاری لێ بکەن – بەشێکی فرە گرنگ و ناسك، بەڵکە نهێنیی و نەبیستراوی (ڕەفتاری سیاسیی) و (کۆمەڵیی) خۆی باس کردووە.

ئەو بابەتانە – وێڕای بەشە زمانەوانییێکەی – هەیانە هەرگیز لە هیچ گوتار و لێ کۆڵینەوەیێکدا یا لە هیچ کتێبێکدا بڵاونەبوونەتەوە. هەیشە وەك دەگمەنن و یێکەم جارە خۆدەنوێنن، لەگەڵ گوتوبێژێکی پێشووتری – وەك بڵاوکراوەی کتێبێ – جوداترە، یا لەگەڵ بەڵگەنامەیێکی حوکوومەتیی جووتە، یا هێندە بەکارە بیر و ڕاو هوردبوونەوە و بۆچوونی هەر لێ کۆڵێ پووچ دەکاتەوە.

ت . وەهبیی کە لەلای ڕۆشنبیرە ناسیارەکانیەوە بە کەسێکی فرە بیرتیژ ناسراوە و لە ئەم گوتوبێژەیشدا بەهرەکەی پێوە دیارە، کارێکی کردووە تەواو باوەڕ بە قسەکانی بکرێت. بۆیێکا بڕوام هەیە ئەم قسانەی کە بە دەنگی خۆی (مۆر)ی کردووە، فرە بەهادارترە و لە هەر بەڵگەنامە و بیر و بۆچوونێکی خەڵکیی باوەڕ پێ کراوتربن، بەڵام وێڕا هەرگیز ڕەهانین و مەرجیش نییە ڕاست بن.

ئەز ئەم گوتوبێژە چڕو پڕە نەك هەر بە دەوڵەمەند و دەگمەن دەزانم، بەڵکە بە ئاوێنەیێکی پاکیژی دەبینم بۆ پتر ناسیین و تێ گەهیشتنی مەغزی هۆش و بیر، ئەتوار و ڕەفتاری کە لە هەمان هەڵیشدا دەرفەت بۆ خوێندەواران، لێ کۆڵەکان دەرەخسێنێت، تەم و مژی دەورو بەری ژین و ڕەفتاری، یا هێندێ خەیاڵیان بەرامبەری، بڕەوێتەوە و ڕاستییێکان وەك خۆیان ببینن، یا یاریدەیان بدات پتر لێیان بگەڕین.





## کاری من [(١)]

ت. وەهبیی ژیر کە هۆش و بیر و ڕەفتارەکانی – لەبەردەم مایکرۆفۆن – نواندووە و تۆمار بووە، تەواو زانیوییێتیی کە نەك هەر بۆ میوانەکانی، بەڵکە بۆ خەڵك و مێژوو قسە دەکات و ڕۆژێ لە ڕۆژانیش ئەم قسانەی بەرگوێ دەکەونەوە و بڵاو دەبنەوە.

کەواتە ئەو چاوەنۆڕی ئەوەیش بووە کە لە ڕۆژگارێکدا کەسانێ تەرازوو بۆ کێشاندنی قسەکانی، ڕەفتارەکانی هەڵ دەگرن و هورد هورد دەی کێشن و بە ئەقڵ و هەقیانەت بەهای بۆ دادەنێن. ئەمەش مانای وەهایە ئەو خەڵکەش – وەك خۆی – مافی بیروڕا نواندنیان هەبووە. بە ئەم پێیە، منێك کە ئەم گوتوبێژ و خوێندنەوەیە بڵاو دەکەمەوە، بۆم هەیە لە سەرەتادا – وەك کوردێك و لێ کۆڵێك – لەمەڕ شێوەی کارەکەم بدوێم و ببێژم:

١-چەند پێ ویستی کردبێ و توانام هەبووبێ، (پەراوێزم بۆ گوتوبێژەکە)ی و بۆ هەر بابەتێ کە ئەو ناوی بردوون یا کورت و ناتەواو قسەی لێ کردوون، داناوە.

هەروەها پێ ویستی کردبێ و توانام هەبووبێ، تێ کۆشاوم هەر بابەتێ کە خۆی پێشووتر – لەلای کەسێ، لە ڕۆژگارێکدا – گێڕاونییێتەوە، ڕۆشنتر بکەمەوە. هەروەها بەراووردی گوتەکانی بکەم لە بەرامبەر هەر نووسینێکی خۆی یا ئاشناییێکی کە قسەی لێ وەرگرتووە، یا لێ کۆڵینەوەیێ کە پێوەی خەریك بووبێ، یا بەرامبەر بەڵگەنامەیێکی زیندووی حوکوومەتیی و ڕەسمیی و دەست نووسێ، یا گوتارێکی بڵاوکراو کە ئەویان مەبەست بووبێ.

---

(١)- قسەکانی بەشدارەکانی گوتوبێژەکەم بە ڕێنووسی لاسایی کراوی کۆڕی زانیاریی کوردەوە نواندووەو شێوەی دەمودوویانم وەرنەگرتووە، واتە زمانی نووسینم پەیڕەو کردووە نەك شێوەکانی ئاخاوتنی ئەوان. دیسان هەموو نووسراوێکم هێناوەتە سەر ئەم شێوە ڕێنووسە چونکە شەرمەسارییە لە یێك کتێبدا دەیان ڕێنووسی ئەمو ئەوی پتر لە ٨٠ساڵ- لە هەزارەی سێیەمدا- بخرێتە بەر چاوی خوێندەوارانی ئەم ڕۆژگارەو نەوەکانی پاشەڕۆژ.

٢–لەبەر ڕۆشنایی (گوتوبێژەکە)ی و بە پشتیوانی سەرچاوە و بەڵگەی باوەڕ پێ کراو، کۆششم کردووە، نەك هەر دەفتەری ژیانی بەڵکە (ڕەفتاری ڕۆشنبیریی و سیاسیی) بخوێنمەوە و بارستایی (ناوبانگ)و شاییستەیی پێ نیشانی مێژوو بدەم.

٣–لەبەر گرنگیی هێندێ بابەت وچڕکردنی تێ گەهیشتنی خوێندەوارانیش، چەند (داوێن)م گەڵاڵە کردووە کە ئەمەن:

١/٣ کێشەکەی لەگەڵ ڕێبەرییێتیی گشتی مەعاریفی عێراقی عارەب لە ساڵی ١٩٢٦دا، لەمەڕ ڕێنووسی کوردیی ، ناوم لێ ناوە: (کێشەیێکی سیاسیی بەناوی نووسین و خوێندەواریی کوردییەوە: داوێن: ١/٣)

٢/٣- دەنگە دەنگەکەی لەسەر ڕێنووس، لەگەڵ سەعید سدقیی کابان. ناوم لێ ناوە؛ (دەنگە دەنگێ لەمەڕ ڕێنووسی کوردیی: داوێن – ٢/٣).

٣/٣- بەڵگەکانی بابەتەکانی پێش و پاش دروست بوونی دەستەی نیشتمان پەروەران – هەیئەی وەتەنییە و ڕاپۆرتەکانی ڕۆژنامەی کوردیی لەمەڕ دیدەنییێکانی کاربەدەستە باڵاکان بۆ کەرکووك، هەولێر، سلێمانیی. ناوم ناوە (بەڵگەکانی: کێشە لەگەڵ چوارەم پەیمانی بریتانیا – عێراق، ١٩٣٠/ داوێن، ٣/٣).

٤/٣ – بەڵگەکانی، یاداشتی ١٩ / ٤ / ١٩٣١ی ت. وەهبیی بۆ کۆمەڵەی گەلان ناوم ناوە: (بەڵگەکانی تۆفیق وەهبیی – یاداشت؛ عەریزەی بۆ کۆمەڵەی گەلان/ داوێن ٤/٣).

٤- وێنە – کۆپیی گوتارێکی گرنگ و بڵاوکراو، دەست نووس، بەڵگەنامەی حوکوومەتیی ڕەسمییانەم لە داوێنێکی تایبەتدا گەڵاڵە کردووە، ناوم ناوە: (داوێن: ٤/ بەڵگەکان).

٥-شێوەی کۆپیی: دەست نووسی (عەقیدەی ئیمان – عەقیدەی کوردی)ی خالید نەقشبەندیی (وێنەی دەست نووسی مەزناوییێکان).

ـ ئەلبوومی وێنەی بەشێکی کەسە باس کراوەکان، بەتایبەتیی ناسراوەکانم نواندووە: (ئەلبوومی وێنە).



- ٥ -

## بەشدارەکانی گوتوبێژەکە

- ئاسیا وەهبیی
- ئەمیر حەسەن پوور
- توفیق وەهبیی
- عەزیز ژیان

## ☼ ئاسیا وەهبیی[*]

(ژ: ١٩٠٠ بەغداد – م: ١٩٨٠ لۆندۆن، بەغداد)

کیژی بازرگانی ڕەگەز کورد ڕەزا ریزەلییە. خوێندنی لە فێرگەی (ڕوشدییە)ی کیـژانی بەغـدادی سـەردەمی عوسمـانیی دەسـتگیربووە. سـاڵی ١٩٢٧ شـووی بـە ت. وەهبیی کردووە.

(لـە ٢٨/٧/ ١٩٣٠دا – کـە ت. وەهبیـی هـاوژینی موتەسـەڕڕیفی سـلێمانیی بـوو ((کۆمـەڵی زانسـتیی ژنـان))ی سـلێمانیی هـەڵ کـەوت و ئـەم ژنـە بـوو بـە سـەرۆك کاری).

لە ١٩٤٥شدا سەرۆکی لقی کۆمەڵەی پاراسـتنی منـداڵانی عێـراق بـووە. ئەنـدامی هەمیشەیی کۆمەڵەی پاکۆدانی کێشەکانی کۆمـەڵیی بـووە. لـە نێـوان ١٩٤٥ – ١٩٥٨دا سـەرۆکی یێکییێتیـی ژنـانی عێـراق و سەرنووسـەری گۆڤارەکـەی (الاتحـاد النسـاء العراقی – ئەلئیتتیحاد ئەلنیساء ئەلعیراقیی) بووە[**]. لـە مـارتی ١٩٥٢دا لـە چـەند کۆنگرەیێکی عارەبیی و نێو دەوڵەتیی لوبنان، سووریا، پاکستاندا بەشدار بووە. لە حوزەیرانی ١٩٧٥دا لە هاوینەهەواری (بحەمدوون)ی لوبناندا بەشداری کۆنگرەیێك بووە بۆ باسی کێشەکانی ژیانی ئافرەت لە نێوەڕاستی خۆرهەڵاتدا.

لە دوای ١٤/٧/١٩٥٨ەوە – لەگەڵ هاوژینەکەی لە (لۆندۆن)دا ژیاوە کە مردووشە تەرمەکەیان هێناوەتەوە.

دوو کوڕی بووە، (سزا)ی پزیشك کە لە ژیاندایە (سروش)ی مووسیقەژەن کە ساڵی ٢٠٠٣ مردووە.

(هیچ نووسراو و گوتارێکی لەمەڕ ژنانی کورد نییە).

---

(*)- سەرچاوەکان:

- اعلام السیاسة في العراق الحدیث – ص ٢٠١.

- لەگەڵ مامۆستا تۆفیق وەهبیی – ل ٦٣ – ٦٤.

- ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی: ژیان، هنا بغداد.

(**) گۆڤارەکە بە ئەم ناوەوە بووە: مجلة الاتحاد النسائي العراقي – س١، ع١٤، ١ / ٥ / ١٩٥٠ خاوەند ئیمتیاز: ئاسیا وەهبیی. ڕێبەری بەرپرس: زکی امین.



## ☼ ئەمیر حەسەن پوور (در)[*]

(ژ: ١٩٤٣ مەهاباد – بە ژیانەوەیە)

قوتابخانـەی سـەرەتایی تـا ئامـادەیی لـە بـاژێڕی (مـەهاباد)ی کوردسـتانی خۆرهەڵاتدا – داگیرکراوی ئێران – تەواو کردووە.

لە مەودایێکی ساڵی ١٩٦١دا لـە دانیشـتگەی تارانـدا بابـەتی کارناسـیی ئـابووریی خوێنـدووە. لـە سـاڵی ١٩٦٤ و هـەمان دانیشـتگەدا، زمـانی ئینگلیزیـی خوێنـدووە. لەساڵی ١٩٦٥دا فێرگەی مامۆستایێتی لە تاراندا بڕیوە. چەند مانگێکی ساڵانی ١٩٦٥ – ١٩٦٦ لە مەهاباددا مامۆستایێتیی کردووە. لـە سـاڵانی ١٩٦٨ – ١٩٧٠ و دانیشـتگەی تاراندا خوێندنی باڵای زمـان ناسیی تـەواو کـردووە. سـاڵی ١٩٧٠ ماجسـتێر و سـاڵی ١٩٧٢ دەوورەی دکتۆرای لەمەڕ زمان ناسیی خوێندووە. لە سـەرەتای پـاییزی ١٩٧٢دا ڕووی کردووەتـە ئامریکا و دانیشـتگەی ئیلینـۆی ( University of Illinois Urbano - Champaign) و سـاڵی ١٩٨٩ لەمـەڕ پێوەنـدیی وگەهانـدن Cominunication، هەروەها دکتۆرای دەستگیر کردووە.

دواتر ڕووی کردووەتە وڵاتی کانادا و دانیشتگەی ویندسۆر University of Windsor و دەستی بە مامۆستایێتی کردووە. ئەوجا لە دانیشتگەی کۆنکۆردیای مۆنتریال Concordia University و دانیشتگەی تۆرینتۆ University if Torento دا وەك مامۆستا سەرگەرمی دەرز گوتنەوە بووە و هاوژینیشی تا نها لە هەمان دانیشتگەدا مامۆستایە.

ئەمیر حەسەن پوور لەگەڵ هاوژینی – خانمێکی فارسە و کوردیی زانە – تاقـە کوڕێکیان هەیە و ناوی (سەلاح)ە و هەموو لە تۆرینتۆدا دەژین.

---

(*)- وەرگیراو – بـە دەسـتکاریمەوە – لـە ئـەمیر حەسـەن پـوور خۆیـەوە. جێگـەی باسـە لەسـەر ئینتـەرنێت چـەند دەروازەیـێ ژیـن نامـەیان بڵاوکردووەتـەوە. ئـەو خـۆی دەبێـژێت لێیـان بـێ ئاگەهە و ئەم ژین نامەیەی بە ڕاست دەزانێت.

ئەمیر حەسەن پوور یێکێکە لە شارەزاکانی سیاسەت، کاروباری کۆمەڵێی، ڕاگەهاندن، زمان و ئەدەبییاتی کورد. فرە گوتاری بە زمانەکانی ئینگلیزیی و کوردیی و فارسیی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان و دەروازەکانی ئینتەرنیتدا هەیە.

دیارترین کتێبێکی گرنگی کە بە زمانی ئینگلیزیی چاپ و بڵاو کردووەتەوە، ئەمەیە: نەتەواییێتیی و زمان لە کوردستاندا: ١٩١٨ — ١٩٨٥.

Nationalism and Language in Kurdistan, 1918 – 1985,
San Francisco: Mellen Research University Press, 1992.



## تۆفیق وەهبیی

(ژ: ١ / ١ / ١٨٩١ سلێمانیی— م : ١٥ / ١ / ١٩٨٤ لۆندۆن- سلێمانیی )

کوڕی مەعرووف ئەفەندیی نووسەری دەزگەی سەرژمێریی سلێمانیی سەردەمی عوسمانیییێکان، لە داییکیشەوە کوڕی عاسمەی ڕەسووڵ مەستیی ئەفەندیی ئایین ناسە. لە باژێڕی (سلێمانیی)دا چووەتە بەر خوێندنی حوجرەکانی مەلاکان. ئەوجا چووەتە بەر خوێندنی (قوتابخانەی ڕوشدییەی سەربازیی سلێمانیی) کە ساڵی ١٩٠٢ تەواوی کردووە. ئەوجا ڕووی کردووەتە بەغداد و تێکەڵی (قوتابخانەی ئامادەیی سەربازیی بەغداد) بووە و ساڵی ١٩٠٥ تەواوی کردووە و یێکەمی پۆلەکەی بووە. هەر ئەو ساڵە جوێ کراوەتەوە بۆ خوێندن لە (فێرگەی جەنگاوەریی ئەستەنبووڵ) و کاتێکیش گەهیشتووەتە جێگەی خۆی، پۆلی یێکەم هەڵ گیراوە و ئیدی ناردوویانە بۆ نێو لەشکر و تا ساڵی ١٩١١ ماوەتەوە. لە ئەم هەلەدا (بزووتنەوەی ئەرنائوود/ ئالبان: ١٩١٠ — ١٩١١ ڕووی داوە و تێکەڵی سەڕ و چالاکیی سوپای عوسمانیی بووە. لە پاییزی ئەو ساڵەدا — دوای دامرکاندنەوەی بزووتنەوەکە — هاتووەتەوە و سەر لە نوێ چووەتەوە بۆ (فێرگەی جەنگاوەریی)، بەڵام لەبەر قەومانی (جەنگی باڵکان: ١٩١١ — ١٩١٢) و داخستنی فێرگەکە، چووەتە ڕیزی لەشکری خۆرهەڵاتەوە و تێکەڵی جەنگ بووە. لەگەڵ قەومانی یێکەم جەنگی گێتیی و لە نێوان ساڵانی ١٩١٥ — ١٩١٧دا لە شەڕەکانی لەشکری عوسمانیی و لەبەرەی باشووری عێراقی عارەبدا تێکەڵ و برینداریش بووە[١]. لە سەرەتای ساڵی ١٩١٨دا ڕاگواستراوەتەوە بۆ فەڵەستین، ئەوجا

---

[١]- بە پێی قسەی ت. وەهبیی خۆی، خۆی و چەند ئەفسەرێکی دیکەی نێو لەشکری عوسمانیی، دوای شکستی لەشکرەکەیان لە شەڕی نزیك (شعێبە: ٢ / ٤ / ١٩١٧)دا، قسەیان لەگەڵ حەفید زادە مەحموودی بریندار کردووە (تا پێوەندیی بە بریتانەکانەوە بکەن بەشکو کە کوردستانیان داگیرکرد مافەکانی کورد بدەن. بۆ ئەو مەبەستەش داوا لە ت. وەهبیی کراوە نامەێیك بنووسێت و بە کەسێکی کوردی دانیشتووی ناسرییەدا بی نێرن، بەڵام ئەو کەسە قاییل نەبووە)*.

لە نیوەی مانگی تەمووزی١٩١٨دا لە شامەوە ڕاگواستراوەتەوە بۆ ئەستەنبووڵ وتێکەڵی فێرگەی ئەرکان کە هەر ئەو ساڵە شەهادەت نامەی لێ وەرگرتووە و هەر ئەو ساڵەش (نیشانی خاجی ئاسنین)ی لە ئاڵەمانەکانەوە خەڵات کراوە[٢].

دوای شکستی یێکەم شۆڕشی حەفید زادە مەحموود (٢٠ / ٥ / ١٩١٨)و داگیربوونەوەی سلێمانیی لە لایێن بریتانەکانەوە (٢٣ / ٦ / ١٩١٩)، پشکنی کارگێڕیی کەرکووك و سلێمانیی، ئەفسەری سیاسیی ئەدمۆندز Edmondz، ڕائید ڕوکن تۆفیق وەهبیی بە جێ گرەوەی ئەفسەری سیاسیی بریتانیی ر . ی . بارکەر P . R . Borter لە ڕانیە داناوە.

ئەدمۆندز Edmondz لە کتێبی خۆیدا کە باسەکەی گێڕاوەتەوە، پتر دەبێژێت: لە ئەو باوەڕەدام دوای تەواوبوونی فرمانم لە سلێمانیدا، چووەتە سەرکار[٣].

بە گوتەی هەمان کەس لە ١ / ٧ / ١٩١٩دا، مێجەرسۆنSoane هاتووەتەوە سەرکاری خۆی و ئەویش فرمانەکەی تەواو بووە[٤].

---

★ بنۆڕە: شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی — ب٢، ل ٢٣

جێگەی خۆیتی ببێژم کە ئەم باسە لە چ سەرچاوەیێکی باوەڕ پێ کراوو بەڵگەنامەیێکدا دەرنەکەوتووەتەوە بۆیێکا خۆم باوەڕی پێ ناکەم نامەیان نووسیی بێ، یان بۆ ئەو مەبەستەیان نووسیی بێ.

[٢]- بەپێی سەرچاوەیێك، کاتێك لەشکری بریتانیا باژێڕی (عیمارە)ی لە ٣ / ٦ / ١٩١٥دا داگیر کرد و ڕووەو (ناسرییە) و داگیرکردنی ملی نا، ت. وەهبیی و چەند ئەفسەرێکی عارەب و کورد لە ماڵێکدا کۆبوونەتەوە و (بڕیاریان داوە لەڕووی دەوڵەتی عوسمانیی هەڵ بگەڕێنەوە و دەست بدەنە =شۆڕش و نیهێنییانەش پێوەندیی لەگەڵ بریتانەکان دروست و داوای یارمەتییان لێ بکەن). تەنانەت پیلانیان دانابوو فەرماندەکەیان بگرن، بەڵام گشت پیلانەکەیان جێ بە جێ بوونی پەکی کەوتووە و شکستی هێناوە گۆیا گوتوبێژیان لەگەڵ بریتانەکان سەری نەگرتووە★

★ بنۆڕە: تۆفیق وەهبیی حیاتە دورە/ - ل٤٣ (وەرگیراوی لە کتێبی: لمحات اجتماعیة من تأریخ العراق الحدیث — جزء ٢، بغداد ١٩٧٨، ص ١٧٥ — ١٧٦).

[٣]- بنۆڕە: کورد تورك و عرب — ص ٨١ (ڕەفیق حیلمیی لە یاداشتەکانیدا دەبێژێت: قائیمقام بووە)؟



ڕەفیق حیلمییش و سەرچاوەی دیکەش جەختیان هێناوە کە لە سەرەتای ١٩٢٠ دا — سەردەمی فەرمانڕەوایی سۆن Soane — ت . وەهبیی کراوە بە فەرماندەی نێرووی (لیڤیی — لیویی) لە سلێمانییدا.

ڕۆژنامەی (پێشکەوتن — سایمانیی)ش ڕای گەهاندووە: ت. وەهبیی ئەندامی ئەنجوومەنی باژێڕی سلێمانیی بووە[٥] دوواتر، مەودایێ پێش ١٧ / ٦ / ١٩٢٠ لەسەر کارەکەی نەماوە و ڕاگواستراوە بۆ بەغداد[٦].

بەپێی گوتوبێژەکەی ئێرەی و یاداشتی عارەبیی خۆیشی، لەگەڵ گەڕاندنەوەی بۆ بەغداد و دیدەنیی کردنی نوێنەری باڵای بریتانیا لە عێراقداو ڕاسپاردەیان، یێکێ بووە لە ڕیزی کەسانی بنیاتنەری سوپای عارەبی عێراق لە ٦ / ١ / ١٩٢١داو — بە پلەی ڕائید روکنەوە — بووە بە ئەفسەر لە دەزگەی جم و جووڵەکانی سوپادا[٧].

---

[٤]- بە ڕۆشنایی گێڕانەوەکەی ئەدمۆندز Edmondz کە دەبێژێت: (ڕۆژی پێش کۆتایی کار و فرمانم کەسێکی غەریب — تۆفیق وەهبیی / k — دیدەنیی کرد/ ص ٨١)، ئەوە دوا حەوتەی مانگی ٦ / ١٩١٩ دیارە ڕێکەوتی دیدەنییێکەیە. بۆیێکا مێژووی مانگی ئابی ١٩١٩ هەڵەیە کە هێندەی نووسەر دایان ناوە.

[٥]- بنۆڕە: پێشکەوتن — سلێمانیی، س ١، ژ٢، پێنج شەممە ٦ / ٥ / ١٩٢٠ (گۆتار: مەکتەبی سەناییع — محەمەد ناجیی/ ئەم نووسەرە کە حەمەی ئەورەحمان ئەغایە دەبێژێت (ت. وەهبیی ڕاگواستراوە) کە ئەمە پێچەوانەی قسەی تۆفیق وەهبیی نێو گوتوبێژەکەیتی و دیارە ئەو نووسراوە ڕاستترە).

لە لاییێکی دیکەوە ئەو مێژووە: ١٥ / ٦ / ١٩٢٠ و ئەو قسەیەش گوایا (لە لایێن کارگێڕیی بریتانەکانی سلێمانییەوە ت. وەهبیی دوور خراوەتەوە).

[٦]- بە هەڵەی دەزانم کە خاوەنی کتێبی (تۆفیق وەهبیی حیاتە و دورە — ص ٥٣) بڵاوی کردووەتەوە گۆیا لە ڕۆژنامەی (پێشکەوتن — سلێمانیی — ژ ٨، ١٧ / ٦ / ١٩٢٠)ەوە وەری گرتووە. ڕاستییێکەی لە ئەو ژمارەیەدا تشتێکی ئەوتۆ نەنووسراوە. (بش نۆڕە ئێرە: خوێندنەوەیێکی ڕەخنەگرانە).

[٧]- لیژنەییێکی ئەفسەرانی عێراقی بە سەرۆکاییێتیی فەریق جەعفەر عەسکەریی و میجەر ئیدی ڕاوێژکاری بریتانیی و ئەفسەران: عەقید عەبدولمەجید بن ئەحمەد، موقەددەم شاکیر عەبدولوەهاب ڕائید سەعید حەققیی بن محەممەد، ڕائید بەکر سدقیی و ڕائید محیەددین سەهرەوەدیی و (ڕائید تۆفیق وەهبیی) و ڕئید عەبدورەززاق سوبحیی، نەقیب موحسین بن

له ئەو فرمانەدا ماوەتەوە تا — بە ڕۆشنایی ڕۆژنامەی بانگی کوردستان — خۆی و چەند ئەفسەرێکی کوردی هاوەڵی لە ٢٥ / ٩ / ١٩٢٢دا هاتوونەتە سلێمانیی سەردەمی دووەم حوکوومەتی کوردستان[٨]. دوای سێ مانگ و نیو لە ڕۆژنامەی زمان حاڵی حوکوومەتدا، ناوی بە (یاوەری مەلیکی کوردستان) دەرکەوتووە[٩] و — بەپێی گوتوبێژەکەیشی — هەنگی پلانی مەشق پێ کردنی لەشکرەکەی پێ سپێردراوە. دوایی لە هەڵی بۆمباردومانی سلێمانیی لەلایێن بریتانەکانەوە، لە شەوی ٣ — ٤ / ٣ / ١٩٢٣دا هەڕای کردووە و گەڕاوەتەوە بۆ بەغداد[١٠].

عەلوەش، نەقیب تەحسین عەسکەریی، نەقیب یووسف پاچەچیی، نەقیب داندراوە و ئەرکەکانیان دابەش کراوە. دیارە کە کوردەکان — بە ت. وەهبیشەوە — ڕێژەیان کەمە*

★ بنۆڕە: تۆفیق وەهبیی حیاتە ودورە — ص ٥٣ — ٥٤، پ ١٨٤.

[٨] - بنۆڕە: بانگی کوردستان — س ١، ژ ٨، هەینیی ١٩٢٢/٩/٢٩ شایانی باس و بایێخ پێ دان ئەوەیە کە (گوتوبێژەکەی ئێرە)ی هەموو نووسراو و ڕایێکی دیکە پووچ دەکاتەوە کە دەبێژن گۆیا، (هاتنەکەیان بۆ سلێمانیی بە ڕاسپاردەی حوکوومەتی عێراق بووە)، یا گۆیا — وەك لەلای م. ر. هاوار خۆی لافی لێ داوە - سەرچاوەی دیکەش وەك خاوەندی کتێبی: تۆفیق وهبی حیاتە و دورە السیاسیی والثقافي باوەڕیان پێ کردووە — گۆیا لەسەر داخوازیی حەفید زادە مەحموود بووە.

بۆ بیر خستنەوەیش قسەکانی پێ نیشان دەدەمەوە کە — لە گوتوبێژەکەیدا — دەبێژێت: ( بە وەکیلی مەندووبی سامیم گوت — حەفیدزادە مەحمووديش هێشتا لە هیندوستاندا بووە/ K — ئەگەر ئێوە حەز دەکەن **شێخ مەحموود** بهێندنەوە، ئێستە مەی هێندنەوە. **بێ هێندنەوە بۆ** عێراق و **لە جێگەیێکدا دای بنێن**، ئێمە دەچین، من دەچم، زابتەکان لەگەڵم، دەچین **ئیدارەییێکی کوردیی** لە **سلێمانییدا دروست دەکەین**. تەبیعیی ئێوە **زابتێکی ئینگلیز دەنێرن** بۆ موعاوەنەتمان، **لەشکرێکی کورد تەشکیل دەکەین کە شێخ مەحموود قووەتی نەبێت، زەعیف بمێنێت**، پاش ئەوەی قانوون، هەموو تتشتێ دروست دەبێت، قەیدی ناکات.

گوتی - واتە وەکیلی مەندووبی سیاسیی/ K — باشە! هاتمە دەرەوە. **شێخ مەحمووديان هێنایەوە. منیش پێنج زابتم لەگەڵ خۆم هەڵ گرت، چووم بۆ سلێمانیی**.

[٩] - بنۆڕە: ڕۆژی کوردستان — س١، ژ٣، چوار شەممە ٩ / ١٢ / ١٩٢٢.

[١٠] - هەموو سەرچاوەکانی باسی ئەو ڕێکەوتەیان داناوە، بەڵام بەڵگەنامەیێ بە دەستەوە نییە.



دوای گەهیشتنەوەی بۆ بەغداد — خۆی گوتەنیی مەودایێ گیراوە — بە پێشنیاری خۆی و قایل بوونی کاربەدەستەکان چووەتەوە ڕیزی سوپای عێراق و دانراوە بە فەرماندەی فێرگەی مەشقی سەربازیی — دار و تەدریب ئەلعەسکەریی — کە لە ٢٢ / ٣ / ١٩٢٣دا کراوەتەوە[١١].

ڕۆژنامەی (ژیان) دەبێژێت: لەسەرەتای ساڵی ١٩٢٥دا بووە بە ڕێبەری کاروباری جەم و جووڵی وەزارەتی بەرگریی، لە هەمان ساڵیشدا پلەی بۆ سەرهەنگ — موقەددەم بەرزبووەتەوە[١٢].

بەپێی سەرچاوەیێکی باوەڕ پێ کراو، لە نێوان ١٦ / ٧ / ١٩٢٥ — ٥ / ٥ / ١٩٣٠دا دووەم فەرماندەی فێرگەی مەشقی سوپای پاشایێتی بووە[١٣] کە لە ١٦ / ٩ / ١٩٢٩شدا پلەی بەرزکراوەتەوە بۆ عەقید[١٤].

بەپێی بەڵگەنامەی بەردەستم لە ٢٨ / ٤ / ١٩٣٠دا کراوە بە موتەسەڕڕیفی سلێمانیی و لە ١١ / ٥ / ١٩٣٠دا گەهیشتووەتە باژێڕەکە[١٥] و لە ١٨ / ٨ / ١٩٣٠دا لە کارخراوە[١٦] لە ٢٠ / ٨ / ١٩٣٠دا سلێمانیی چۆڵ کردووە و گەڕاوەتەوە بۆ بەغداد[١٧] و — خۆی گوتەنیی — بە نیوە مووچەوە ژیاوە[١٨] هەر چەندە لە ژێر چاودێریشدا بووە، خەریکی سیاسەت بووە. لە لایێکەوە لە ٢٢ / ٣ / ١٩٣١دا نامەی لایێنگیریی و

[١١] - بنۆڕە: ژیان — ژ ٢٤٠.

[١٢] - بنۆڕە: ژیان — ژ ٢٤٠.

[١٣] - بنۆڕە: مجلة الكلية العسكرية — عدد خاص، ٦ / ١ / ١٩٧٠.

[١٤] - بنۆڕە: الوقائع العراقية — ع ٧٩٠، ١٦ / ٩ / ١٩٢٩.

جێگەی باسە هەر ئەو ساڵە لە تەك دەستەیێك ئەفسەری عێراقیی ڕەوانەی خولێکی مەشقی سەربازیی کراوە بۆ باژێری (شیرنس)ی بریتانیا و ئەو بە پلەییێکی نایاب شەهادەتی وەرگرتووە کە لە ئەم گوتوبێژەیشدا ئاماژەی بۆ کردووە*

★ بنۆڕە: تۆفیق وەهبیی حیاتە و دوورە — ل ٦٧.

[١٥] - بنۆڕە: بەڵگەکان.

[١٦] - بنۆڕە: تۆفیق وەهبیی حیاتە و دورە — ل ٧٣/ لە بەڵگەنامەوە

[١٧] - بنۆڕە: ژیان س ٥، ژ ٢٥٨، پێنج شەمە ٤ / ٩ / ١٩٣٠، ل ٢.

[١٨] - گوتوبێژی ئێرەی.

پشتیوانیی بۆ کۆمەڵێ کەسی عێراقی و بێگانە هەناردووە کە (لیژنەی رستگاریی کردنی نەتەوە کەمە نامسولمانەکان) یان پێك هێنابوو[١٩]. بەپێی گێڕاندنەوەی شایێت حاڵ مەعرووف جیاووك، ت. وەهبیی و هێندێ هاوەڵی کوردی، ئەرزوحاڵ نامەیێکی لیژنەی ناو براویان ئیمزا کردووە کە گەلاڵەیان کردبوو بی نێردن بۆ کۆمەڵەی گەلان و سەرۆکی لیژنەکە (هورمز ڕەسسام)ی کلدانیی ڕەگەزیان بە نوێنەری خۆیان ژماردووە لەلای کۆمەڵەی گەلان[٢٠].

لە لایێکی دیکەوە — خۆی گوتەنیی — لە سەرەتای مانگی نیسانی ١٩٣١دا چووە بۆ لوبنان و لە ١٩ی ئەو مانگەدا (یاداشت)ی خۆی — بەناوی نوێنەری گەلی کوردەوە!! — داوە بە کۆمەڵەی گەلان و داوای (مافی چارەنووسی کوردی لەژێر سێبەری تەختی پاشایێتیی عێراق)دا کردووە. دوایی گەڕاوەتەوە بۆ بەغداد و لە ٦ / ٥ / ١٩٣١دا لەگەڵ کەسەکانی (لیژنەی ڕستگاریی کردنی نەتەوە کەمە نامسوڵمانەکان) بە تاوانی پیلان کردن لە ئاسایشی دەوڵەت گیراوە و زۆری نەبردووە — بە فشاری بریتانەکان — ئەو و کەسەکانی دیکە لە ٣٠ / ٥ / ١٩٣١دا ئازاد کراون[٢١]. بێژراوە دوایی ئاوارەی لوبنان کراوە و تا کۆتایی ساڵی ١٩٣٢ لە بەیرووت دا ژیاوە[٢٢] ئەوجا هاتووەتەوە بۆ بەغداد و چەند ساڵێ بێ کار وبێ مووچە ژیاوە تا — بە تێ کەوتنی بەکر سدقیی هاوەڵی — لە ١٣ / ١ / ١٩٣٧دا کراوە بە ڕێبەری گشتیی ئەشغال[٢٣] ئەوجا لە ١ / ٣ / ١٩٣٨ کراوە بە ڕێبەری گشتیی

---

(١٩) - بنۆڕە: تۆفیق وەهبیی، حیاتە و دورە — ص ٩٠.

(٢٠) - بنۆڕە: = = = = — ص ٩٢.

(٢١) - بنۆڕە: تاریخ الوزارات العراقيةّ، ج٣، ط٦، ص ١٣٤ — ١٣٥.

(٢٢) - بنۆڕە: شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی، ج٢، ل ٧١١هەروەها گۆڤاری: هاوار — س ١، ژ ١٥، ٢٣ / ١ / ١٩٣٣.

(٢٣) - بنۆڕە: الوقائع العراقية، ع ١٥٥٦، الاثنين ٨ / ٢ / ١٩٣٧.



زەویی پێوان[٢٤] بەڵام — بۆ لە دەست نەدانی مافی مووچەی خانەنشینیی خۆی لە سوپادا — لە ساڵی ١٩٤١دا دەستی لە فرمانەکەی هەڵ گرتووە[٢٥].

لە نێوان ٢ / ١ / ١٩٤٤ — ٣١ / ٥ / ١٩٤٦دا نوێنەری بـاژێڕی مووسڵ بووە لە پارلەماندا[٢٦] لە نێوان ٣١ / ٨ / ١٩٤٧ — ٢٣ / ١ / ١٩٤٨ نوێنەری سلێمانیی بووە لە پارلەماندا[٢٧].

لە نێوان ٣ / ٦ / ١٩٤٤ — ٢٩ / ١ / ١٩٤٤ وەزیری ئابووریی[٢٨] و لە نێوان ٢٩ / ٣ / ١٩٤٧ — ١٩٤٨/١/٢٧دا وەزیری زانستیی - مەعاریف[٢٩] و لە نێوان ١٩٥٠/٢/٥ — ١٩٥٠/٩/١٥دا وەزیری کاروباری کۆمەڵیی بووە[٣٠].

ئەوجا چووەتە کۆڕی ئەنجوومەنی پیران — ئەعیانەوە و جاری یێکەم لە نێوان ١٩٤٨/٩/٢٧ — ئەیلوولی ١٩٥٦ [٣١]، کە هەنگی لە ١٩٥٥/١٢/١دا بۆ دووەم جار بووە بە دووەم جێگیری سەرۆکی ئەنجوومەنی پیران[٣٢]، جاری دووەم لە ١٩٥٧/٩/٣١ەوە تا هەڵی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ [٣٣].

---

(٢٤) - بنۆڕە: تۆفیق وەهبیی حیاتە و دورە، ص ١٠١.

(٢٥) - بنۆڕە: = = = =، ص ١١١.

(٢٦) - تاریخ الوزارات العراقية — ج١٠، ط٦، ص ٢ — ٣.

(٢٧) - اعلام الكرد — ل ٢٠٢، تاریخ الوزارات — ج١، ط٦، ص ٣٠٥.

(٢٨) - تاریخ الوزارات — ج ١٠، ط٦، ص ٢٠٣، ٢٠٩ — ٢١٠.

(٢٩) - = = — ج ٧، ط٦، ص ١٥٨ — ١٥٩.

(٣٠) - = = _ ج ٨ ، ط = ، ص ١٤٥.

(٣١) تۆفیق وەهبیی حیاتە و دورە- ص ١١٧ (جێگەی باسە لە ئەم هەلەدا حوکوومەتی بریتانیا (نیشانی نایابی ئیمپراتۆری بریتانیا — جۆری سیڤیل بۆ فەرماندە)ی خەڵات کردووە. فەرمانی =پاشایانەی عێراقیش لە ١٩٤٩/٩/١دا دەرچووە و مۆڵەتی هەڵ گرتنی پێ داوە. بنۆڕە: هەمان سەرچاوە).

(٣٢) - اعلام الكرد — ص ٢٠٣. (جێگەی باسە هەر لە ئەو ڕۆژگارانەی ساڵی ١٩٥٥دا بوو بوو بە ئەندامی لیژنەی کاروباری سەربازیی کە لە هەڵی دووەم جاریەوە تا پێش ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ هەر ئەندامی ئەو لیژنەیە بووە. بنۆڕە: تۆفیق وەهبیی حیاتە ص ١١٩).

(٣٣) - سەرچاوەی پێشوو.

لە ڕووی تێکەڵ بوونی پارتەکانی سیاسەتەوە، ئەوە هەرگیز تێکەڵی هیچ پارتێکی کورد نەبووە، پێچەوانەش بە ئاشکرا و چالاك تێکەڵی پارتێکی عارەبی عێراق (حیزبی ئوممەی ئیشتراکیی/ پارتی میللەتی کۆمەك خواز – ١٩٥١/٦/٢٤) بووە کە کۆنە سەر وەزیرانی ١٩٤٧ – ١٩٤٨، ساڵح جەبر سەرۆکی بووە. تەنانەت لە دوای کۆنگرەی ١٩٥٤/١/٤ەوە، ت. وەهبیی بووە بە جێگیری یێکەمی سەرۆکی پارتەکە و لە هێندێ باژێڕ و ئاوایی کوردستانیشدا بارەگەی دانـاوە و وەها ماوەتەوە تا پێش هەڵ وەشاندنەوەی یێکجارەکیی پارتەکە لە ١٩٥٤/٩/٢٢دا کە لە ١٩٥٤/٨/٢٠دا لە ڕیزەکانی پارتەکەیش دەرکرداوە[٣٤].

لە ڕووی تێکەڵ بوونیی لە کۆمەڵەکانی ڕۆشنبیریی و زانستدا، ئەوە:

- لە نێوان ساڵانی ١٩٣١ – ١٩٥٨دا ئەندامێکی دیاری (یانەی سەرکەوتنی کوردان)ی بەغداد بووە. لە ١٩٥٦شدا وەك سەرۆکی ڕێزداری هەڵ بژێردراوە[٣٥].

- ساڵی ١٩٣٤ ئەندامی (نادی القلم/ یانەی قەڵەم)ی بەغدادیی بووە.[٣٦]

- ساڵی ١٩٤٧ لەگەڵ هەڵ کەوتنی (المجمع العلمی العراقی/کۆڕی زانستیی عێراق)، ت. وەهبیی ئەندام بووە و لە نێوان کانوونی دووەمی ١٩٤٨ – شوباتی ١٩٤٩دا جێگیری یێکەمی سەرۆکی کۆڕەکە بووە[٣٧].

- لە مانگی مایسی ١٩٥٨دا کە (جمعیة التألیف والترجمة والنشر) (کۆمەڵەی دانان و وەرگێڕاندن و وەشان) لە بەغدادا پێك هات، ت. وەهبیی بووەتە سەرۆکی[٣٨]. کۆمەڵەکە تا مانگی تەمووزی ئەو ساڵەش دوو ژمارەی گۆڤاری عارەبیی (الکتاب/ کیتاب)ی دەرکردووە.

---

[٣٤]- تاریخ الاحزاب العراقیة – ص ٢٢٩.

[٣٥]- بنۆڕە: تۆفیق وەهبیی حیاتە و دورە – ص ١٣٠.

[٣٦]- هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.

[٣٧] - اعلام الکرد – ل ٤٩٥.

[٣٨]- = = – =



- لە حوزەیرانی ١٩٧٨دا کە (کۆڕی زانیاریی کورد) لە بەغدادا پێك هات، ت. وەهبیی وەك ئەندامی ڕیزداری هەڵ بژێردراوە[٣٩].

وێرای ئەو تێکەڵییانە دیسان هێندێ تێکەڵیی دیکە و ڕەنجی ڕۆژنامە نووسییشی هەیە وەك: بۆ هەڵ کەوتنی یێکەم ڕادیۆی کوردیی لە عێراقدا (١٩٣٩/١١/١٩) ئەو و محەممەد ئەمین زەکیی دەووری چاکیان نواندووە[٤٠]. تەنانەت ئەو خۆی، لە سەرەتاکانی دووەم جەنگی گێتییدا بە خۆڕایی بەشداریی وەرگێڕاندنی دەنگ و باسەکان بووە بۆ ڕادیۆی ناو براو[٤١].

---

[٣٩]- بنۆڕە: تۆفیق وەهبیی حیاتە و دورە – ص ١٣٢.

[٤٠]- بە گوتەی کۆچ کردووەکان، کامیل کاکە ئەمینی یێکەم بێژەری ڕادیۆکە لە نێوان ١٩٧٨ – ١٩٨٥دا بۆ من. هەروەها بە گوتەی وەرگێڕی ڕادیۆکە حەسەن شێخ حەمە مارف لە ١٩٨٤دا بۆ من. جێگەی باسە، هەتا من ئەم هەواڵەم نەگێڕابووەوە، چ کەسێ لەمەڕ تێکەڵیی ت. وەهبیی لە ڕادیۆدا، هیچی نەنووسیی بوو. دوایی د. مارف خەزنەداریش قسەی ئەوتۆی بڵاوکردەوە کە پێشتر – وەك لە ١٩٦٧ەوە دۆست و ئاشنامە – هەرگیز لە لای من باسێکی ئەوتۆی نەکردبوو.
لە لایێکی دیکەوە د. مارف خەزنەدار هەواڵێکی نووسیوە و دەبێژێت کە ت. وەهبیی بۆ هەڵ کەوتنی (ڕادیۆی کوردستان) لە نێو ڕادیۆی شەرقول ئەدنا لە یافادا (ساڵانی ١٩٤٢ – ١٩٤٣) دەووری هەبووە*.

ئەز – بە پشتیوانی سەرچاوەی باوەڕ پێ راو – دەتوانم ببێژم کە بە پێشنیازی سەی، جەی، ئەدمۆن Edmondzi – وەك ڕادیۆیێکی تاکتێکی ڕۆژگاری دووەم جەنگی گێتیی – هەڵ کەوتووە** و بۆ ئەوە دەچم کە ناوبراو پرسیشی بە ت. وەهبیی کردبێ، بەڵام بۆ هەناردنی بێژەرەکان – کارمەندەکانی ئەو ڕادیۆیە کە: عەبدوڵلە سلێمان (گۆران)ی شاعیر و ڕەمزی قەززاز و ڕەفیق چالاك بوون، ئەوە لە چەند سەرچاوەییێکدا بە ناو هەڵ دان و هەڵ بژاردنی ڕەفیق حیلمیی سەرکردەی (کۆمەڵەی هیوا) لە قەڵەم دراوە نەك د. مارف گوتەنیی – ت. وەهبیی.

* - بنۆڕە: زانای گەورە تۆفیق وەهبیی – کاروان، ژ ٧١

** بنۆڕە: ڕشتەی مرواریی – ج٦، ل ؟

[٤١] - بە گوتەی کامیل کاکە ئەمین و حەسەن شێخ حەمە مارف لەلای من، جێگەی باسە خاوەندی کتێبی (تۆفیق وەهبیی حیاتە و دورە السیاسیی والثقافی – ص ٣٥) بە زمانی عارەبیی دەبێژێت، (لە دور فعال فی ادراة الاذاعات/ دەورێکی کارامەی لە بە ڕێگەوە بردنی ڕادیۆکان

- له مەیدانی ڕۆژنامەنووسییشدا — بێ ناو هاتنی — سەرپەرشتی ئەم گۆڤارانە بووە: (دەنگی گێتی تازە: نیسان ١٩٤٣ — ١٩٤٥)[٤٢]، (پەیام: حوزەیران ١٩٥٣ — حوزەیران ١٩٥٨)[٤٣]، (پێشکەوتن — شوبات ١٩٥٨)[٤٤]،

لەڕووی ڕۆشنبیرییەوە، بەشی هەر گەورەی ڕەنجی خۆی بۆ لێ کۆڵینەوە لە زمان و کولتووری ئەدەبیی کورد، کەلاوە دێرینەکانی کوردستان، ئایینە کۆنەکانی کوردستان، ڕیشەی ناوی دەشت و ڕووبار و ئاوایی و باژێڕ و نێوچەکانی کوردستان — هەروەها هێندێکی عێراق — دانابوو.

ئەو — وێڕای زانینی زمانی کوردیی و شێوەکانی — زمانەکانی ئالەمانیی، ئینگلیزی، تورکیی، عارەبیی، فارسیی، فڕانسیی، هەروەها هێندێ زمانی کۆنی هێند و ئێرانی وەك: ئاڤێستا، ئەفگانیی، بلووشیی، سانسەکریتیی، فارسیی کۆن و نیۆنجیی زانیوە.

---

هەبووە). ئەم قسەیە ناتەواوە، چونکە — با دەوری کارامەی بووبێ — هەرگیز ڕێبەر یا بەرپرسی چ ڕادیۆیێکی کوردیی نەبووە.

[٤٢] -گۆڤارێکی مانگانە بوو بەشی پێوەندیی گشتیی باڵیۆزخانەی بریتانیا لە عێراقدا دەری دەکرد.

[٤٣] - گۆڤارێکی هەواڵ بەخشی وێنە نوێندی پرۆپاگەندەی دەزگەی، (کاروباری ئاڵ و گۆڕی خوێندەواریی ئامریکا) بووە کە لە بەغداددا پەخشی دەکرد.

[٤٤] - گۆڤارێکی حەوتانەی گشتیی کوردیی — عارەبیی بوو، محەممەد بریفکانی بە سەرەوە بوو. لە دوای ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ەوە بوو بە ڕۆژنامە و لە شوباتی ١٩٦٣دا داخرا. ئەوها بۆ م. هاوار گێڕاوەتەوە، (پێش ئەوەی تەقاعودی عەسکەریم لە کیس بچێ — ڕێبەری گشت زەویی پێوان بوو کە دەستی هەڵ گرت — دەستم کرد بە قۆنتەرات گرتن و وەزعم باش بوو. ئەوە بوو ئەو خانووەی بەغدادم دروست کرد. هوردە هوردە هاتمەوە سەرخۆم. زەغتم لەسەر لاچوو، دەستم کرد بە"بڵاوکردنەوەی نەشرەیێکی دەوریی" کە لە ئەو نەشرەیەدا باسی ئەوەم دەکرد کە: چۆن ئاڵەمانەکان لە ئەم شەڕەی هەڵیان گیرساندووە دەشکێن و حیلف سەردەکەون.ئینگلیزەکان ئەمەیان زۆر لاخۆش بوو. ئەو نەشرەیە بەناوی"بەیانی حەقیقەت"ەوە دەردەچو).
بنۆڕە: لەگەڵ مامۆستا تۆفیق وەهبیی — ل ٤٢.



لەڕووی ژینی کۆمەڵیی خۆیەوە، ساڵی ١٩٢٧ هاوژینی خۆی — ئاسیا ڕیزەلیی — هەڵ بژاردووە و نها هەر تەنها کوڕێکی ماوە و لە (لۆندۆن)دا دەژیی.

ت. وەهبیی کە مرد — لەسەر وەسیەتی خۆی — تەرمەکەی لە لۆندۆنەوە گەهێندرایەوە سلێمانیی و لە ئەوێدا بە دەم ڕەوت و مووسیقەی سوپاوە بەڕێ کرا بۆ چیای (پیرەمەگروون) و بەڕێزەوە ئەسپاردەی خاك کرا[٤٥].

★★★

---

[٤٥] - وێنەکانی بەڕێ کردن و ناشتنی — لە ئێرەدا بڵاون — لە هەلی ناشتنیدا بە کامیرای دۆستم زانا عەبدوررقیب یووسف گیراون و ئەوێ ڕۆژێ پێشکەشی کردم و بڵاوم کردنەوە.

## بەرهەمەکانی تۆفیق وەهبیی

١-  بڵاوکراوەکان

١/١ گوتار و لێ کۆڵینەوە و چیرۆك لە پەخشنامە، ڕۆژنامە، گۆڤاری کوردییدا.

١/١/١- پەخشنامە: بەیانی حەقیقەت — بەغداد[٤٦] چاپخانەی نەجاح ١٩٤١,

٢/١/١- ڕۆژنامە: پێشکەوتن — سلیمانیی (سلێمانیی)

- س١، ژ ٣، ١٣ / ٥ / ١٩٢٠ (موراجعـــەت بـــە حەمییـــەتی میللییـــە — لـــە سلێمانییدا مەکتەبی سەنابیع)[٤٧].

٣/١/١- گۆڤار: پەروەردە و زانست (بەغداد)

- س ٣، ژ ٥، بەغداد ١٩٧٥ (کۆڵینەوە لە مانای پەروەردە و زانست)[٤٨].

٤/١/١- گۆڤار: پەیام (بەغداد)

- بەرگ ٧، ژ ٣٠٥، ١٩٥٥ (زمانی کوردیی)

٥/١/١- گۆڤار: پێشکەوتن/ التقدم (بەغداد)

- س ١، ژ ٤، ١٩٥٨ (بەخێوکردنی زمانی کوردیی).
- س ١، ژ ٤، ١٩٥٨ (تکایێکی تایبەت لە کۆواری بەڕێزی هەتاو)[٤٩]
- س١، ژ ٥، ١٩٥٨ (سوپاس)[٥٠]

[٤٦] تۆفیـق وەهبیـی حیاتـە و دورە — ص ١٤٦، لـە پـەروێزدا چـاپ کراوەکـەی سـاڵی ١٩٥٦ی بـە ٦٥لاپەڕە لەقەڵەم داوە. ئەگەر ئەوە دووەم چاپ بێ، ئـەوە یێکـەم چاپەکەی کـە ڕێکـەوتی سـاڵی ١٩٤١ - بەپێی سەرنجی ئەمیر حەسەن پوور — هەمووی (٥٠) لاپەڕەیە.

[٤٧] - (یێکەمین گوتاری (کوردی)ی نووسراوییێتی لەهەمموو ژیانیدا .

[٤٨] - بە زانستی خۆی، ڕاستەکە (پەروەرشت و زانشت)ە.

[٤٩] - تکایتی لە خاوەندی گۆڤارەکە ئەوییی هێندێ وشەی ناکوردیی دەنووسێت و بڵاوی دەکاتـەوە و کوردییش نین.

[٥٠] - لەمـەڕ کوردێکـە بـۆ یێکـەمین جـار هێنـدێ تیپـی عـارەبیی بـەکار بـردووە کـە نیشـانەی کوردییان هەیە.



- س ١، ژ ٥، ١٩٥٨ (بێژاندنەوەی وشە)[٥١].
- س ١، ژ ٦، ١٩٥٨ (گۆبەند)[٥٢].
- س١، ژ ٦، ١٩٥٨ (دەستوور، مەنووسن، ((برایەك))، بنووسن ((برایێك)).
- س ١، ژ ٦، ١٩٥٨ (فۆتۆگراف)
- س ١، ژ ٧، ١٩٥٨ (کوردستان نیشتمانی کورد)[٥٣].
- س ١، ژ ٨، ١٩٥٨ (پیرەمەگروون)[٥٤].
- س ١، ژ ٨، ١٩٥٨ (بۆ جەنابی مامۆستا سەعید سدقی بەڕێز)[٥٥]

٦/١/١- گۆڤار: دەنگی گێتیی تازە (بەغداد)

- بەرگ ١، ژ ١، تەشرینی یێکەم، ١٩٤٣ (تەنقید)[٥٦].
- بەرگ ١، ژ ١، تەشرینی یێکەم، ١٩٤٣ (مستەر سۆن)[٥٧]
- بەرگ ١، ژ ١، تەشرینی یێکەم، ١٩٤٣ (یێك دواندنی یارییێکە)[٥٨].
- بەرگ ١، ژ ١، تەشرینی یێکەم، ١٩٤٣ (پارلەمانی بریتانیا)[٥٩].
- بەرگ ١، ژ ١، تەشرینی یێکەم، ١٩٤٣ (چیرۆکی بەختیار و بەدبەخت)[٦٠].
- بەرگ ١، ژ ١، تەشرینی یێکەم، ١٩٤٣ (شیعرەکانی ((مەلیکولکەلام))ی سنە)[٦١].

[٥١] -لەمەڕ پێ ویستیی بەکاربردنی کوردیی پەتیی.

[٥٢] -لەمەڕ ڕیشەی وشەکەیە.

[٥٣] -لەمەڕ هەڵ کەوتی جوگرافیی کوردستانە

[٥٤] - لەمەڕ ڕیشەی ناوەکەیە.

[٥٥] - وەڵام نامەیێکە و لە ئێرەدا ڕوون کراوەتەوە.

[٥٦] - گوتارێکـە بـۆ ڕوون بوونـەوەی بـەهای (ڕەخنـە) و کـاری چـاکی بـۆ پێشـکەوتنی کۆمـەڵ و ڕۆشنبیریی.

[٥٧] - وەرگێڕاندنە.

[٥٨] - = .

[٥٩] - = . بابەتێکە لەمەڕ مێژوو، ڕەفتاری پارلەمانی باس کراو.

[٦٠] - چیرۆکێکی بیرەوەریی ڕۆژگاری منداڵییێتیی و بەشێوەیێکی نوێ نواندوویێتی

[٦١] - بەشی ١.

- بەرگ ١، ژ ١، تەشرینی یێکەم، ١٩٤٣ (تەنقیدی وتاری ڕۆژهەڵاتناس سەر هەنری ڕۆڵینسن)[٦٢].

- ب ١، ژ ١، تەشرینی یێکەم ١٩٤٣ (باکوور — شیمال، نیوڕۆ — جنووب)[٦٣].

- ب ١، ژ ٢، تەشرینی دووەم ١٩٤٣ (یێك دوو وێنە لە شیعر و فەلسەفەی بەرزی ئەحمەدی خانیی).

- ب ١، ژ ٢، تەشرینی دووەم ١٩٤٣ (هەجوو کەرێکی کورد: شێخ ڕەزای تاڵەبانی)[٦٤]

- ب ١، ژ ٣، کانوونی یێکەم ١٩٤٣ (شیعرەکانی ((مەلیکوکەلام))ی سنە)[٦٥].

- ب ١، ژ ٣، کانوونی یێکەم ١٩٤٣ (پسپۆر، أزاد، أزا، آزات، شارەزوور)[٦٦].

- ب ١، ژ ٣، کانوونی یێکەم ١٩٤٣ (ئەحەی کوڕنوو — حاجیی ئەحمەد)[٦٧].

- ب ١، ژ ٤، کانوونی دووەم ١٩٤٤ (ئەڵەمان — ئەڵەمان)[٦٨].

- ب ٢، ژ ٥، شوبات ١٩٤٤ (ئەزخۆڵامی چاوی دەکلۆڵم)[٦٩].

- ب ٢، ژ ٦، مارت ١٩٤٤ (سەلام سەردەقی شکاند)[٧٠].

- ب ٢، ژ ١، نیسان ١٩٤٤ (چیرۆکی کەر ئەحمەد)[٧١].

---

[٦٢]- ڕەخنە لە خۆرهەڵات ناسەکەیە لەسەر نووسینەکانی لەمەڕ مێژووی ئێرانی پێش لە داییك بوونی عیسا پەیامبەر.

[٦٣]- لەمەڕ ڕیشەیانە.

[٦٤]- وەرگێراندنی گوتاری، سێ. جێ. ئەدمۆندزە لەمەڕ شاعیرەکە.

[٦٥]- بەشی ٢.

[٦٦]- لەمەڕ ڕیشەیانە.

[٦٧]- بیرەوەرییێتیی لەمەڕ کەسە ناسراوەکەی سلێمانیی کە پیاوێکی دەست و دڵ پاك و قسە و ڕەفتار جوان و شیرین بووە.

[٦٨]-گوتارە.

[٦٩]- بەیتێکی کوردیی کۆنە کە بەکاری بردووە بۆ لێ کۆڵینەوە لە ڕیشەی ناوی (کەیغان)ی گۆیا هاوژینی فەقێ ئەحمەدی دارشمانە و خەملاندنی مێژووی خانەدانی بەبە.

[٧٠]- گوتارێکە بۆ پەرچ دانەوەی گوتارێکی بێ کەسی شاعیر.



١/١/٧- گۆڤار: دیاریی کوردستان (بەغداد).

- س ١، ژ ٦، ١٩٢٥/٥/١٢ (کوردییێکەمان بە چۆن حەرفێك بنووسین؟)[٧٢].

- س ١، ژ ٧، ١٩٢٥/٥/١٩ ( = = = =؟)[٧٣].

١/١/٨- گۆڤار: شەفەق (بەغداد).

- س ١، ژ ٢، ١٩٥٨/٢/١٥ (لێ کۆڵینەوە لە مانای شەفەق)[٧٤].

١/١/٩- گۆڤار: کۆڕی زانیاریی کورد (بەغداد).

- بەرگ ١، ژ ١، ١٩٧٣ (ئەسڵی تیپە قاڵبی ((ئە))ی شێوەی سلێمانیی)[٧٥].

١/١/١٠- گۆڤار: گەلاوێژ (بەغداد).

- س ١، ژ ١، ١٩٣٩.

- س ١، ژ ٢، ١٩٤٠

- س ١، ژ ٣، ١٩٤٠

- س ١، ژ ٤، ١٩٤٠

- س ١، ژ ٥ — ٦، ١٩٤٠

- س ١، ژ ٧، ١٩٤٠

- س ١، ژ ٨، ١٩٤٠

- س ١، ژ ٩، ١٩٤٠

( لە مەڕ بنج وبنەوانی زمانی کورد )

- س ١، ژ ١١ — ١٢، ١٩٤٠

---

[٧١]- چیرۆکێکی بیرەوەریی ڕۆژگاری منداڵییێتیی و بەشێوەیێکی نوێ نواندوویێتی کە ڕێ کەوت کەسێکی ترسنۆك و بوودەڵە و نەکارە دەگەهێنێتە ڕیزی پاشایانەوە.

[٧٢]- بەشی ١ — (لە ڕاهێڵەی هەڵ کەوتنی بیروڕای جودا لەمەڕ نووسینی کوردیی بەتیپی عارەبیی یان لاتینیی).

[٧٣]- بەشی ٢.

[٧٤]- لە ئەم گوتوبێژەی ئێرەیدا دیسان باسی (شەفەق = ئاسۆ)ی کردووە.

[٧٥]- واتە (ئە)ی سەرکردار، ئەویی لە دوای (دەستووری زمانی کوردیی — ١٩٢٩)ەوە، بەکاربردنی باوی پتر بوو کە سەرئەنجام هەرخۆی — لە ئەم لێ کۆڵینەوەی ئێرەیدا — بەکاربردنی (دە) بەڕاستر دەزانێت.

- س ٢، ژ ١ — ٢، ١٩٤١
- س ٢، ژ ٣ — ٤، ١٩٤١
- س ٣، ژ ٧ — ٨، ١٩٤٢
- س ٣، ژ ٩ — ١٠، ١٩٤٢
- س ٣، ژ ١١ — ١٢ ١٩٤٢
- س ٤، ژ ١، ١٩٤٣
- س ٤، ژ ٣، ١٩٤٣

(فەرهەنگی گەلاوێژ - قاموس گلاوێژ)[٧٦]

- س ٣، ژ ٦، ١٩٤٣ (بەرامبەر بە ((غارە، عارەبیی لە کوردییدا چ وشەیێك بەکاربهێنین؟))[٧٧].
- س ٣، ژ ٧ — ٨، ١٩٤٣.

**١١/١/١- گۆڤار: هاوار (دیمەشق)**

- س ٣، ژ ٢٦، ١٩٣٥ (مامەیارە)[٧٨].

**١٢/١/١- گۆڤار: هیوا (پاریس)**

- س ١، ژ ١، تەشرینی یێکەم ١٩٨٣ (زانیاری گشتیی/ پێشەکیی)[٧٩].

**٢/١: ڕۆژنامە و گۆڤاری عارەبیی**

**١/٢/١- جريدة التآخی (بغداد)**

- ع ١٤٥٤، ١٩٧٣/١٠/٨ (أصل اسم ((قەلاچوالان)) ومعناه)[٨٠].

---

[٧٦]- ڕستی ٘وشەی کوردیی- عارەبیی کە حەوتانە بڵاوی کراوەتەوەو گشتی ٣٦٢ وشە بووە.

[٧٧]- بەکاربردنی وشەی (پەلامار)ی پەسەند کردووە نەك (هێرش) کە تورکییە و تا ئەم ڕۆژگارەش بە هەڵە بەکاردەبرێت.

[٧٨]- سوپاییێکی سەر تۆپخانەی لەشکری دوامیری بەبە (ئەحمەد پاشا) بووە کە لە دوا شەڕی ساڵی ١٨٤٧دا شکا، کەچیی ئەو سوپاییە لە تۆپ هاویژتنی خۆی نەکەوتووە بەڕادەیێك فەرمانـدەی لەشکری تورکی سەرسام کردووە و لەبریی بەدیل گرتن و سزادانی، بە ئازای ژماردووە و خەڵاتی کردووە.

ئەم پیاوە ئازایە وەك قارەمانێ دەناسرێت و گۆڕەکەی بە گردێکی سلێمانییەوەیە کە بەناوی خۆیەوە ناسراوە.

[٧٩]- ئەمە یێکێکە لە دوا کارەکانی کە بەر بڵاوکردنەوە کەوتووە.



---

[٨٠]- لەمەڕ ڕیشەی ناوی (قەلاچوالان)ی کۆنە پێتەختی میرنشینی بەبە. ت. وەهبیی لە لێ کۆڵینەوەیدا پشتی بە مێژووی (جەودەت پاشا) و قسەی سەرزاری (مەحموود پاشای ئەوڕەحمان پاشای بەبە) بەستووە کە ساڵی ١٨٢٠ — وەك جەودەت پاشا- ناوەکەی بە شێوەی (قەرەجوالان) بۆ (مستەر ریچ)ی گەشتوانی میوانی گێڕاوەتەوە.

ت. وەهبیی لە ناوی (قەرجوالان)ەوە چووەتە سەر وشەی (قەراچوریان) کە خەیروڵڵە ئەفەندیی مێژوونووسی تورك بە مانای (خاوەند شیرەکان) یا (هەڵ گری شیر) یا (شیر باز)ی لە قەڵەم داوە و گۆیا نەوەیێکی بنەماڵەی (قەراچوران)ی تورکیش ناوی (بەرلاس) و لە ساڵی ٧٦١ك — ١٣٥٩ز دا والیی باژێڕی (سەبز) بووە. ت. وەهبیی پتر ڕۆییشتووە و دەبێژێت: (بە ڕۆشنایی ئەو باسانە دەتوانین ببێژین، ڕیشەی ((قەلاچوالان))ی کۆنە پێتەختی بەبە لە (قەراچوران)ەوە داتاشراوە کە مانای (شوێنی خاوەند شیرەکان — قاراچور)ە.

ئەو لە لێ کۆڵینەوەکانیدا پشتی نەبەستووە بە (دەست نووس، فەرمان) و(وەقفنامە)ی عارەبیی و فارسیی ڕۆژگاری میرنشینەکانی کورد، دیارە چاوەنۆڕ دەکرێ بیروڕاکانی ڕاست دەرنەچن، وەك ئەو بیروڕایەی لە ئەم بارەیەوە کە بە ئەم شێوەیە ڕوونی دەکەمەوە:

١- وەقفنامەیێکی عارەبیی زمانی ساڵی ١١٧٤ك — ١٧٦٠ز، (سلێمان پاشای خالید پاشای کوڕی بابا سلێمان کوڕی فەقێ ئەحمەدی دارشمانە) کە لە نێوان ساڵان ١٧٥٧ — ١٧٦٣زدا پاشای بەبە بووە و کۆمەڵێ زانای میرنشینی بەبەش ناو و مۆری خۆیان — وەك شایێت حاڵ — لە وەقفنامەکەداوە، لە ئەوێدا ڕستەی (مدارس قلعة چوالان/ فێرگەکانی قەلاچوالان) نووسراوە*.

٢- لە پەراوێزی (قرآن)ێکدا کە پشتاوپشت نەوە و زاناکانی (بلباس) یاداشتی خۆیانیان نووسیوە و یێکەمیان کە باپیرە گەورەی هەموانە لە ساڵی ١٢٥٨ك — ی تەشرینی دووەمی ١١٣٥ز دا لە باژێڕی (خورماد — خورماڵ)ەوە دەستی بە یاداشت نووسین کردووە، لە ئەو یاداشتانەدا نووسراوە گۆیا، ڕیشەی ناوی (قەلاچوالان)، (قلعة چهارلا/ قەڵای چوار لا)یە و (خاوەندەکەی عومەر ئاغای ناوێ بووە کە خۆی تێیدانیشتووە) و (سلێمان پاشای دانەری بنچینەی میرنشینەکە — واتە سلێمان پاشای کوڕی فەقێ ئەحمەدی دارشمانە/ K — داوای لێ کردووە بی داتێ، بەڵام عومەر ئاغا بە گوێی نەکردووە و لەسەر ئەوە کوژراوە و ماڵەکەی لێ زەوت کراوە. دوای ساڵەها و لە ڕۆژگاری سلێمان پاشای خالید پاشا — کوڕەزای سلێمان پاشای فەقێ ئەحمەدی دارشمانە — یێکێ لە نەوەکانی عومەر ئاغا کە ناوی فەقێ ئیبراهیم بووە، شەو چووەتە زووری خەوتنی پاشا و ساڵی ١١٨٧ز — ١٧٦٥ ز بە خەنجەر لە تۆڵەی عومەر ئاغای باپیرەی کوژتوویێتی)**.

- ٢/٢/١- مجلة: سومر (بغداد)

- ع ٢، سنه ١٩٤٨ (المنحوتات الصخرية في كهف گندوك)[٨١].

- مجلة ١٣، سنة ١٩٥٧ (ملاحظات عن تكوين سهل السليمانية)[٨٢].

- مجلة ١٧، سنة ١٩٦١ (أصل تسمية شهرزور)[٨٣].

٣/٢/١- مجلة: المجمع العلمي العراقي (بغداد)

---

= به ڕۆشنایی ئەم یاداشتە کۆن و نووسراوانەی سەر ئەو (قرآن)ە، دەرکەوت کە ناوی کۆنی (قەڵاچوالان)ی ئیستە و ڕۆژگاری پاشای کوژراویش، (قەڵا چهارلا) بووە و بە تەنها لە نووسیندا (چهار) لەبریی (چار)ی سەر زاری بەبەکان بەکار براوە و (لا)یش بووە بە (لان)ی کۆو ئیستەش ئەو دەستوورە باوە کە دەبێژرێ، (چوار لان ئاوە، چوار لان باخە، چوارلان دوژمنە و هتد..)

کەواتە دوو بەڵگە نووسراو و باوەڕ پێ کراو و کۆنتر جەخت بۆ ڕاستیی دەکەن کە (قەڵا چهار لا) بووە بە (قەڵا چوارلان) و دوایی دەنگی (ر)ی وشەی (چوار) خوراوە و بووە بە (چوا) و هەمووی ڕستەکەش بووە بە (قەڵا — چوا — لان/ قەڵاچوالان) و هەرچیی (قەرەجولان) و (قەراچوران)ی زمانی تورکیشە قەڵاچوالان نین:

*- بۆ وەقفنامە عارەبییێکەی میر سلێمان پاشای کوڕی خالید پاشای بەبە بنۆڕە: الشیخ معروف النودیهی البرزنجی — ص ١٨.

**- بۆ یاداشتە عارەبییێکەی نەوەی بلباسەکان، بنۆڕە: کاروان — ژ ٥، هەولێر ١٩٨٦/ محمود احمد محمد — حلقة مفقودة من تأريخ شهرزور أو مذكرات مجموعة علماء البلباسيين.

[٨١]- لە گۆڤاری عارەبیی: سومر — ع ٢، ١٩٤٨دا بە زمانی ئینگلیزیی بڵاوی کردووەتەوە: The Rock Sculpture in Cunduk Cave.

هەر بابەتەکەش — بەشێوەی کتێب — بەکوردیی چاپ کراوە. دیسان شنە موفتیی لە (گۆڤاری: کوڕی زانیاریی کورد — دەستەی کورد، بەشی عەرەبیی، جزء١٦ — ١٧، بەغداد ١٩٧٨)دا بە عارەبیی بڵاوی کردووەتەوە.

بابەتەکەیش لەمەڕ دوو وێنە هەڵ کوڵدراوی کۆنی نێو (ئەشکەوتی گوندۆک)ی نێوچەی ئاکرێیە.

[٨٢]- لەمەڕ چۆنیی هەڵ کەوتنی دەشتی سلێمانیی چاخەکانی پێش مێژووە. هەروەها باسە لەمەڕ سروشتی جوگرافیای.

[٨٣]- لەمەڕ ڕیشەی ناوەکەیتی و دوای بەراوردی ناوە مورەککەبەکە (شهره — زور) لەگەڵ زمانە کۆنەکان و خوێندنەوەی مێژوو، ڕای وەهایە — گۆیا — مانای (شارێکی نشێوە)ە. هەڵبەت ڕای ئەوتۆش هەیە بە (شاری زۆرداریی) لەقەڵەم دەدەن و دەی بەنەوە سەر (زۆری کوری زوحاك).



- جزء ١، سنة ١٩٥٠ (القصد والاستطراد في اصول معنى بغداد)[٨٤].

- مجلة ٤، جزء ٢، سنة ١٩٥٦ (آلتون کوپرو — الجسر الذهبى)[٨٥].

٤/٢/١- مجلة: المجمع العلمى الكردي — القسم العربى (بغداد)

- مجلد ٢، ع ٢، سنة ١٩٧٤ (أصل الاكراد ولغتهم)[٨٦].

٥/٢/١- مجلة: الكتاب

- س ١، ع٤، حزيران ١٩٥٨ (أصل اسم كركوك)[٨٧].

- س ١، ع ٢، تموز ١٩٥٨ (قلعة كيانية في شمال السليمانية)[٨٨].

٣/١- کتێب

١/٣/١- کوردیی

١/١/٣/١- دەستووری زمانی کوردیی — جزم ١، بەغداد ١٩٢٩[٨٩].

٢/١/٣/١- خوێندەواریی باو — بەغداد ١٩٣٣.[٩٠]

٣/١/٣/١- ئەشکەوتی گوندوك — وەرگێڕ بەکر دلێر، بەغداد[٩١] ١٩٥١

---

[٨٤]- لەمەڕ ڕیشەی ناوی بەغدادە.

[٨٥]- لەمەڕ ڕیشەی ناوەکە باسی هێندێ ڕووداوی مێژوویش کە لە نێوچەکەدا قەوماوە.

[٨٦]- لەمەڕ ڕیشەی کورد و زمانەکەیتی و بە تایبەتیش وەڵام و پەرچ دانەوەی ڕای (ماکەنزیی)ە کە گومانی کردووە، زمانی کورد سەر بە زمانەکانی خۆرئاوای ئێران بێ کە ئەو نێوچەیە مەڵبەندی (ماد)ە.

[٨٧]- ئەم بابەتە کە خۆی کردوویێتی بە عارەبیی، لە ساڵی ١٩٨٣دا (تەها فەیزیی زادە) لە مەهابادا بە کوردیی بڵاوی کردووەتەوە.

[٨٨]- لێ کۆڵینەوەیە لەمەڕ شارستێینی چەمی (چەرمەگا) و (قەڵای جوڵۆندیی) و ڕیشەی ناوو مێژووی هەڵ کەوتنی.

[٨٩]-نوخشەی ڕەنجییێتی کە لە ساڵی ١٩٢٣ بە دواوە خەریکی بووە و لە گوتوبێژەکەی ئێرەیشدا باسی کردووە. مخابن جزمی دووەمی دەرنەکردووە (بنۆڕە: وێنەی بەرگی).

[٩٠]- بە تیپی لاتینیی نووسیوییێتی.

[٩١] -هەمان لێ کۆڵینەوەییێتی کە ساڵی ١٩٤٨ لە گۆڤاری (سۆمەر)دا بە ئینگلیزی بڵاوی کردووەتەوە.

٤/١/٣/١- كورد و زمانى كوردیى – وەرگێڕى لە ئینگلیزییەوە: عەزیزگەردی، هەولێر[٩٢] ٢٠٠٤ .

١/٢/٣/١- عارەبیى:

١/٢/٣/١- قواعد اللغة الكردية أو (دەستووری زمانی کوردیی) ج ١، (الباب الأول والثانی) بیروت ١٩٥٦[٩٣] .

٢/٢/٣/١- رجعية المانية وعبادة القوة (لماذا تنحدر المانيا النازية؟) – بغداد ١٩٤٢[٩٤] .

٣/٢/٣/١- أبعاد معنى اليحمور عن إسم الملك بهرام گور – بغداد ١٩٥٧[٩٥] .

---

[٩٢]- چوار گوتاری کورتە لەمەڕ (کورد) و زمان و ڕیشەی و چیرۆکێکی کوردیش (سێ کۆستە) کە بە ئینگلیزیی و تیپی لاتینیی لە سەرەتای ساڵەکانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا نووسیونی و بە شێوەی نامێلکە چاپی کردووەن و ئەمەن:

1- who arethe Kurds
2- The proto – indo – Iranian passie particle – y
3- Is (Kurdu) not progenitor of the name (Kurd?).
4-The Etmology of Kurdish word (seplot).
5- The tree kostas.

جێگەی خۆیتی ئاماژە بکەم بۆ کردەوەی در. عەزیز گەردیی کە ئەو بابەتانەی گۆڕیوە بۆ کوردیی و بەشێوەی نامێلکە چاپی کردوون*.

* بنۆڕ: تۆفیق وەهبیی حیاتە و دورە، ص ١٥٢ – ١٥٣ .

[٩٣]- ئەو دەستوورەی کە ساڵی ١٩٢٣ وەزارەتی مەعاریفی عێراق داوای لێ کردبوو لە ١٩٢٩دا تەواوی کرد، بەڵام دوایی حوکوومەت فەرامۆشی کرد و ڕێگەی نەدا بخرێتە نێو بەرنامەکانی خوێندنی کوردیی لە قوتابخانەکاندا. دیارە ئەوەش کاری تێ کردووە درێژەی پێ نەدا و جزمی دیکە دەرنەکات.

شایانی باسە لە ئەم دەستوورەدا (دوو) چیرۆکی یادگاری ڕۆژگاری منداڵیی بە ناوی: (بەختیار و بەدبەخت) و (بووەکە سووری)ەوە بە کوردیی و عارەبیی بڵاوکردووەتەوە.

[٩٤]- لەمەڕ لایەنگیرییێتی بۆ بەرەی دیموکراسیی بەرهەڵستی نازییێکانی ڕۆژگاری دووەم جەنگی گێتیی.

[٩٥]- لەمەڕ ڕوون کردنەوەی ڕیشەی ناوی (گور)ە کە ناس ناوی پاشای وڵاتی فارسی بەهرامی پێنجەمی کوڕی یەزد گوردە.



٤/٢/٣/١- سفرة من دەربەند (مصیف) بازیان الى ملەی تاسلوجة (قمة طاسلوجة) – بغداد ١٩٦٥[٩٦] .

٥/٢/٣/١- بقايا الميثرائية في الحَضر وكردستان العراق وأثرها في اليزيدية – نقله الى العربية شوكت ملا اسماعيل، لندن ١٩٦٤[٩٧] .

٦/٢/٣/١- الابحاث الكردية – الفارسية (أو اثران تاريخيان عن الكرد – تحقيق محمد جميل الروژبیانی) – بغداد ١٩٩٥[٩٨] .

به ئینکلیزیی 4\1-in English

1|4|1- W . E. Taufiq wahby, Roc – Scupljures in Cunduk Cave with Anthropoloical Notes Reprinted frome Sumer vol. Ir . *No2. September 1948, Baghdad- Iraq*[٩٩]

1|4|2- Yazidees are the remnants of

1|4|3-Mithrism Qy: H . E. Taufiq wahty, London, 1965[١٠٠].

1|4|4 -The Yazidis are not Davilwor shippers, London, 1962[١٠١]

1|4|5- The Origins of the Kurds, and their Language, London, 1964[١٠٢]

---

[٩٦]- لێ کۆڵینەوەیێکی جوگرافیی نێو جەرگەی شوێنەکەیە.

[٩٧]- خۆی بە ئینگلیزیی دای ناوە و لەمەڕ کاریگەری ئایینی (میترائیی) لە ئایینی ئێزیدییێکان دواوە و هەر لە ئەوێدا سەلماندوویێتی کە ئێزیدییێکان شەیتان پەرست نین.

[٩٨]- دوو لێ کۆڵینەوەی دەست نووسییێتی کە بیروڕای خۆرهەڵات ناسەکان و نووسەرانی دیکە و لەیێك دانەوەی خۆی لەمەڕ (گۆران) و (باجەلان) نواندووە و مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی لێیان هوردبووەتەوە و ڕتگار و چاپی کردووە.

[٩٩]- بابەتەکەیتی لەمەڕ (ئەشکەوتی گوندی)ی باس کراو.

[١٠٠]- ناونیشانی کتێبەکە لە (الاعمال الكاملة لتوفيق وهبي- ل ١٢٣)دا نووسراوە و لەمەڕ ئەوەیە: ئایا ئێزیدیدییێکان کاریگەریی میترائییان پێوەدیارە؟

[١٠١]- ئێزیدیدییێکان شەیتان پەرست نین.

[١٠٢]-ئەسڵی کورد و زمانەکەیان.

1|4|6- Taufiq Wahty and C . J. Edmonds, A Kurdish English Dictionary, oxford, First Putlished, London, 1966[١٠٣]

***

(١٠٣)- فەرهەنگی ئینگلیزی – کوردیی، تۆفیق وەهبیی و سیّ . جیّ ئەدمۆندس، چاپی یێکەم، لۆندۆن ١٩٦٦.



٢- بڵاونەکراو[١٠٤]

(١٠٤)- بنۆڕە: تۆفیق وەهبیی حیاتە و دورە – ص ١٥٧ (وەرگیراو لە مستەفا نەریمان – گۆڤار: ئاسۆی زانکۆ – ژ ١٢، سلێمانیی ١٩٧٧٨، فریای ئەم گەنجینەیە بکەون).

جێگەی باسە، دوای مردنی تۆفیق وەهبیی کۆچ کردوو م. ر. هاوار گەنجینەی نووسراوەکانی ت. وەهبیی بەسەرکردووەتەوە و لێیان هوردبووەتەوە و بە ئەم جۆرەیش لەیادگارە چاپ نەکراوەکانی ئاخاوتووە و نووسیوییێتی کە ئەمەن:

١-باسی دیانەت و مەزهەبەکان بە تایبەتیی زەرتەشتیی و ئێزیدیی و کاکەیی و هێندێك لە بەشەکانی ئایینی ئیسلام.

٢-چەند باس و کورتە باس دەربارەی مێژووی کورد، جگەلە ئەوانەی لەکاتی خۆیدا لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوی کردوونەتەوە.

٣-باسێکی یێکجار دوور و درێژی شارەزوور و نێوچەکانی کە فرە بایێخی پیّ داون و بەئەم شێوەیەن:

ئە: تۆبۆگرافیا و جیۆلۆژیی شارەزوور.

بیّ: ئاوی شارەزوور لە کوێوە هاتووە؟

جیّ: شوێنی شارەزوور.

حیّ: حەزارەتی شارەزوور.

خیّ: شارەزوور لەپێش پەیدابوونی کشت و کێڵ و لە دوای ئەوەشەوە:

دیّ: مێژووی شارەزوور. بەسەرهاتی تا ئێستە.

زیّ: باسی ئەو سەرچاوانەی کە لەسەر شارەزوور نووسیویانە.

ڕیّ: ئەو شوێن و شار و جێگەیانەی کە لە نێو شارەزووردا بوون و ئەو باسانەی کە دەربارەی ئەو شوێنانە ئامادەکراون.

٤-هێندێ دیراسات لەسەر (ئاڤێستا) و بەراهورد کردنی ژمارەیێك وشەی کوردیی کە بە تەواویی لەگەڵ ئاڤێستا یێکن. (تۆفیق وەهبیی لە ئێرەدا توانیوییێتی بگاتە ئەوەی کە زمانی کوردیی کە زمانی ماد بوو، زمانی ئاڤێستا بەو ئاڤێستا لە هەموو زمانێك پتر لە کوردییەوە نزیکە. ئەمەش هەر بۆ ئەوە بووە کە بۆ دوژمنانی کوردی ڕاست بکاتەوە، باوو باپیری کورد ماد بووە و زۆڵ نییە و زمانی زکماکی خۆی هەیە و دەری خستووە کە زمانە ئارییێکانی دیکە هەموویان دوورن لە ئاڤێستاوە کە دەتواندریّ ئەو وشانە لە شێوەی نیمچە فەرهەنگێکدا بڵاوبکرێتەوە).

١/٢- فەرهەنگ، کوردیی — ئاڤێستای — سانسەکریتیی — فارسی.

٢/٢ — قامووس، کوردیی — فورثیی

٣/٢- قامووس، بۆ سەرچاوەکان لە ئاڤێستاییدا — کوردیی.

٤/٢- فەرهەنگ لەمەڕ گەردانی کرداری موورەککەبی کوردیی.

٥/٢- مێژووی شارەزوور لە دەوورەی بەردەوە تا ئەمڕۆ لەگەڵ پێ ناسینی ئەو (١٥٠) قسن — گۆڕەی کە تێیدایە.

٦/٢- تەئریخی خوسرەو پاشا.

٧/٢- نووسین دەربارەی ئێزییدییێکان.

٨/٢- نووسین دەربارەی تەسەووف.

٩/٢- قامووسی زمانی ئاوێستایی.

١٠/٢- دەستووری زمانی کوردیی بە شێوەیێکی فراوان.

★★★

---

= ٥-دەستووری زمانی کوردیی.. هەر چەندە لە ساڵی ١٩٢٩دا دەستووری زمانی بڵاوکردووەتەوە، بەڵام لەبەر تیشکی ئەو تاقی کردنەوانەی ڕۆژانی دوایی، پێ ویستی زانیوە کە پێیدا بچێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە هەوڵی داوە نووسینی کوردیی بە تیپی لاتینیی بڵاوبکرێتەوە.

٦-فۆنیم و فۆنیتیك، کە ئەمەش باسێکی زۆرە و بە بەڵگەو باسی دوور و درێژەوە بۆیی چووە.

٧-هەروەها هێندێك چیرۆکی کوردیی: هێندێکی وەرگرتووە لە ئەم و ئەو و نووسیونییێتیەوە، هێندێکیش خۆی دەستکاریی کردووە و تشتێکی تازەی لێ هێناوەتە بەرهەم کە بەشێکی زۆر لە ئەمانە فۆلکلۆریین. ئەمەیش لە خۆیدا سامانێکی ئەدەبیی زۆر بەنرخە/ تەواو★

★ - بنۆڕە: لەگەڵ مامۆستا تۆفیق وەهبیی — ل ٧١ — ٧٢.



☼ **عەزیز ژیان[*] (در)**

**(ژ: ١٩٤٢ مەهاباد — زیندووە)**

خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لە باژێڕی مەهاباد و خوێندنی کۆلیژی زانستەکانی مرۆڤ ناسیی لە دانیشتگەی تاران — بەشی زمان و ئەدەبی ئینگلیزییدا وەرگرتووە. دوای ساڵێك ڕێچکەی خۆی گۆڕیوە بۆ خوێندنی قانوون و دوای چوار ساڵ خوێندن باوەڕنامەی لیسانسی وەرگرتووە. ئەوجا لەبەشی زمان ناسییدا وەرگیراوە و خەریکی خوێندنی زمانە کۆنەکانی ئێران — وەك ئاڤێستا و فەهلەویی — بووە. دوای تەواوکردنی ڕووی کردووەتە بریتانیا و لە دانیشتگەی مانجستەر — بەشی فەلسەفەدا وەرگیراوە و دکتۆرای وەرگرتووە. ئەوجا ڕووی کردووەتە ئامریکا و لە دانیشتگەی باڵای دەوڵەتدا وەرگیراوە و دوای دوو ساڵ دکتۆرای لە زانستی سیاسەت و کۆمەڵ ناسییدا وەرگرتووە. دوایی کەوتووەتە کۆڕی کارەوە و سەرەتا لە دانیشتگەی تاران و ئەوجا لە (دانیشتگەی دە خودا — قەزوین و دانیشتگەی میللیی تاران)دا مامۆستاییێتیی کردووە.

لە نێوان ساڵانی ١٩٨٠ — ١٩٨٤ و لە کۆلیژی نێودەوڵەتیی ئەسپاندا مامۆستاییێتیی کردووە. لەساڵی ٢٠٠٦ دا لەلایێن دەوڵەتی ئەسپانەوە ڕیزی لێ گیراوە. لە ئەوە بەدواوە دەستی لە دەرز گوتنەوە هەڵ گرتووە. ئەمێستە لە ئەسپانیادا دەژیی.

عەزیز ژیان ئەندامی دانەری (کۆڕی زانستی زمانی کوردیی)ە لە ئێراندا.

لە گۆڤاری (سروە)ی چاپ و بڵاوکراوی تاراندا چەند گوتارێکی ئەدەبیی و ناساندنێکی داستانی (دۆن کیشۆت)ی بڵاوکردووەتەوە.

---

[*] - سەرچاوە: ئیمێل نامەییێکی خۆی — بە داخوازیی من — کە لە ٢٠٠٩/٤/٢دا بۆ منی هەناردووە. (دوای چەند ئیمێل هەناردن و تەلەفوون بۆ تاران)

هەروەها دەروازەی ئینتەرنێت: کۆڕی زانستی زمانی کوردیی — ئێران (فۆتۆگرافیشی خۆی بە ئیمێل بۆ منی هەناردووە).



@kurdica

- ٦ -

## ☼ گوتوبێژە دەگمەنەکەی تۆفیق وەهبیی

**(بۆ پێشەکییێکی میوانەکان، خۆوڕاستان ت. وەهبیی دەستی کردووە بە باس کردنی بابەتی: کەی و چۆن خووی داوەتە دەستووری زمانی کوردیی؟)**

**ت. وەهبیی:** لە مانگی حوزەیرانی ١٩٢٣دا، دەستم کرد بە نووسینەوەی (دەستووری زمانی کوردیی) لەسەر (دەستووری زمانی فڕانسیی) — ئێوە فڕانسیی پێ دەڵێن، ئێمە فڕانسزیی — کە لەلایێن (لاریف . ئێف، فلۆری)[١] یەوە نووسرابوو.

کتێبەکە سەد و حەوت لاپەڕەی پچووك — لای من هەبوو — و کتێبێکی سەرەتایی بوو، ناوی (سەرەتای گرامێر) و لەساڵی ١٩١٠دا چاپ کرا بوو. خۆم لە پۆلەکانی ئیعدادیی عەسکەریی و کۆلێجی جەنگاوەریی[٢]، هەموو ساڵەکانی (گرامێری لاریف)م خویندبوو. چاکم دەزانیی. شارەزای بووم ڕەووشتەکەی کە شارەزای هەبووم، کردم بە ڕێبەری خۆم، بەپێی ئەوە نزیکەی دوو دەفتەری پچووکم لە دەستوورەکە، لە (دەستووری کوردیی) نووسییەوە. دەفتەری یێکەمم دا بە در. پاکیزە ڕەفیق حیلمیی[٣] لە ساڵی ١٩٧٠، لە لۆندۆندا دەفتەری دووەمم لە لا ماوەتەوە.

---

[١]- چەندم کرد بەهۆی دۆستمەوە، در . نەجات عەبدوڵڵەی پاریس نشیین، ناوە ڕاستەکەی کتێبەکە و ژیننامەی نووسەرەکەم دەستگیر نەبوو.

[٢]- خۆی گوتوویێتی: (کۆلێجی جەنگیی). ئەز (جەنگاوەریی)ەکەم پێ راستتر و جوانترە لە (جەنگیی)ەکە کە لە (حەربیی) عارەبیەوە داتاشراوە.

[٣]- پاکیزە ڕەفیق حیلمیی: (ژ ٩٢٤ سلێمانیی — م: ٢٠٠٢، بەغداد)، کچە گەورەی ڕۆشنبیر و ئەدیبی کۆچ کردوو ڕەفیق حیلمییە. لە ساڵی ١٩٥٢ — دانیشتگەی هارڤەردی ئامریکادا ماجستێر و ئەوجا دوکتۆرای لە لۆندۆندا وەرگرتووە. هەروەها دوکتۆرایشی لە زمانە سامییێکان لە قاهیرەدا پێ براوە. یێکەم ژنە کوردی کوردستانی باشوورە کە خوێندنی باڵای دەستگیر کردبێ. سەردەمێك مامۆستا، ئەوجا ڕاگری کۆلێجی ئاداب — بەشی کوردیی دانیشتکەی بەغداد بووە. ڕۆژگاری مامۆستای زمانی عارەبیی بووە لە زانکۆی عەممان — ئووردندا.



لە ئەم نووسینانەدا نیشانەی تایبەتیم بۆ (دەنگی کوردیی) بە کارهێناوە هەرچەندە لە بەرەوە تێ گەهیشتم کە (تیپەکانی عارەبیی) بەس نین بۆ نووسینی دەنگەکانی کوردیی.

لە ئەم کاتەدا وەزارەتی مەعاریفی عێراق، بە نامەیێکی ڕەسمیی داوای نووسینی (قەواعیدێکی زمانی کوردی)ی لێ کردم بۆ ئەوەی لە دەرس خانەکاندا — من بە مەدرسە دەڵێم دەرسخانە — لە دەرسخانەی کوردییدا بخوێندرێت. ئەمە ساڵی ١٩٢٣.

**ئەمیر:** بەڵی.

**ت. وەهبیی:** لەگەڵ نامە ڕەسمییێکەی وەزارەتی مەعاریف، (گرامێرێکی ئینگلیزیی)شیان ناردبوو کە لە نووسینی گرامێرەکەدا پەیڕەویی بکەم. بەڕاستیی گیرۆدەی کردبووم[٤].

لە ئەو وەختەدا، خۆوڕاستان نامێلکەکەیێکم لە (نامەفرۆشیی ماکەنزیی)دا دیت — نامەفرۆشێکی ئینگلیز بوو لە بەغداددا — لە ئەو نامێلکەیەدا گشت ئەو زمانانەی کە بە ئینگلیزیی (ئینجیل)[٥] یان تەرجومە کردووە، هەبوو، نموونەیان لێ نووسرابوو. لە گشت ئەمانەدا (نیشانە)ی پێ ویست داندرابوون — کوردییێکەم ڕاست نییە کە قسە دەکەم، چونکە ئەمەم نووسیوە و دەی خوێندمەوە. گوێ مەدەرێ، تێ دەگەهەیت، وەها نییە؟-[٦] لەسەر دەنگە تایبەتییێکاندا، یەعنی کە هەر زمانێ ئایێتێکی (ئینجیل) یان نووسیی بووە بە پێی دەنگەکانی زمانەکان،

---

= دەستی لە شیعردا هەبووە. گوتاری ئەدەبیی و زمانەوانیی فرەیە ساڵانی ١٩٦٧ — ١٩٧٠ لەبەشی کوردیی ڕادیۆ بەغداددا گوتاربێژبووە.

ئەندامی کۆڕی زانیاریی عێراق — کورد بوو. خاوەندی چەند داندراوێکی زانستیی وئەدەبیی و زمانەوانییە.

[٤]- خۆی گوتوویێتی؛ (داگیرکرد بووم) و ئەوەم پێ ڕاست و جوان نەبوو. کورد (گیرۆدە) بەکار دەبات.

[٥]- کتێبی پیرۆزی خودا کە بۆ (عیسا) پەیامبەری هەناردووە.

[٦]- خۆی فرە نارێك قسەی کردووە و من ڕاستەکەم نووسیوە.

(نیشانە) یان لەسەر حەرفەکان دانابوو. ئەمە بۆ من زۆر موهیم بوو. منیش کەوتمە بەستی ئەوەوە[٧] ئەمە تەعبیری منە – یەعنی کەوتمە بەندی ئەوەوە، بەسترام. یەعنی دەربەستی بووم – کە نیشانە لەسەر (تیپەکانی عارەبیی) بۆ نووسینی کوردیی دابنێم.

فارسەکان دەمێ بوو نیشانەی تایبەتییان بۆ خۆیان دانابوو لەسەر (چوارتیپی عارەبیی) کە بریتیی بوون لەسێ خاڵ ( ∴ )[٨] بۆ تیپەکانی (پێ، چێ[٩]، ژێ/ پ، چ، ژ) و (سەرێك) بۆ دەنگ (گاف – گ)[١٠] .

تورکەکان بێجگە لە ئەمانە؛ (هێ)ی زەبەری فارسیی، یەعنی (هێی مودەووەر/ )[١١] یان دانابوو. لە هەردوو زمانەکەدا چونکە دەنگی (واو/ و)[١٢] وەك (ڤێ) دەردەپەڕێندرێ، ئەم تیپە ئیشارەتی بۆ دانەندرابوو. چونکە خۆیان (واو)ەکە وەك (ڤێ) دەخوێندنەوە. فارسیی وەها نییە، دەڵێن؛ (ڤە)، وەك (ڤە مەن هەم رەفتم/ ومن هم رفتم – منیش هەروەها ڕۆییشتم/K - ) ئێمە دەڵێن، (وە).

پێش ئەوەی دەست بدەمە نووسیینی[١٣] (دەستووری زمان) بە پێی نامێلکە ئینگلیزییێکە، هۆشم هۆگری دۆزینەوەی (دەنگەکانی زمانی کوردیی) کرد[١٤] بەڵام – نامێلکە/K – ئینگلیزییێکە (فۆنۆلۆژیی/ زانستی دەنگەکان – K) نەکردووە

[٧]- ئەز نازانم بۆچیی خۆوڕاستان وشەی (دەربەست)ی بەکارنەبردووە کە لە ئەوانی دیکە ڕاست و ڕەوانترە.

[٨]- ئەو سێ خاڵە – بە ڕۆشنایی بەکاربردنی – من لە ئێرەدا دام ناوە.

[٩]- تیپەکەی بە (چیم) دەربڕیوە و ڕاستەکە (چێ)یە.

[١٠]- تیپی (گ) خۆم دام ناوە چونکە ئەو سێ خاڵەی لەسەرە.

[١١]- تیپی ( ە ). = = =

[١٢]- تیپی (و ). = = =

[١٣]- خۆی گوتوویێتی: لە پێش ئەوەدا کە دەست بدەمە نووسینی..

[١٤]- خۆی گوتوویێتی: (هۆشم دایە سەر دۆزینەوە). ڕاستییێکەی وشەی (هۆگر) جوانترە و ڕستەکەی لە عاربییەوە داتاشیوە.



بەسەرەتاکەی خۆی. (منیش باسی (فۆنۆلۆژیی)م دانا بۆ دوای (ڕستە بەندیی – ڕستە سازیی)، یەعنی: نەحوو، ڕستە سازیی بڵێین!

**ئەمیر:** بەڵێ

**ت . وەهبیی:** ئەمە هەندێ تەفسیلاتە، پێ ویست ناکات، پچڕ پچڕ پێت دەڵێم.

دانانی (نیشانە) لەسەر وشەکانی (قرآن)یکەریم.. ئەوانیش – مەبەست موسڵمانەکانە/ K- لە پێش ئێمە کردوویانە.

(قرآن)ی پیرۆز بە خەتێك نووسراوە کە وەختێ هاتووەتە خوارەوە، هیچ نیشانەییێکی لەسەر نەبووە. کەسانێ کە نوخشەی (نیشانە) یان لەسەر تیپەکانی (قرآن)ی کەریم داناوە، زاناکانی ئیسلام خۆیان بوون، نە عارەب. عارەب ئیحتیاجیان پێ نەبوو، وەك ئێرانییێکان، وە (نیشانە)ی نوختەیان لە (زمانی سریانیی)ەوە وەرگرت، لە خەتی سریانییەوە فێربوون.

من لە کوتوبخانەکەی خۆمدا، کتێبم لەلا هەیە، کتێب (بەبێ نوختە)، کتێبی کۆن، موخەتتەت و – دەست نووس/ k – چاپ نەکراو. ئێستە دامن بە (ئەنجوومەنی زانستیی کوردیی[١٥] – کۆڕی زانیاری کورد/ k -).

من لەسەر (گیرامێر)ەکەم ڕۆییشتم، هەموو ساڵێك (نیشانەکان)م بۆ تەجروبە دەگۆڕیی.

(**باسەکە دەباتە سەر کێشەی لەگەڵ وەزارەتی مەعاریف/**k) لەساڵی ١٩٢٦دا، حوکوومەتی عێراق بیستی کە من ئەم ئیشە دەکەم. حوکوومەتی عێراق بۆ هەموو ڕۆشنبیرێکی کوردستان، هەموو ڕۆشنبیرێکی کورد کە لە بەغداد و وڵاتانی عارەبدا هەبوون، نامەی نووسیی کە، (تۆفیق وەهبیی ئیشارەتی لەسەر حرووفی "قرآن" داناوە و ئەمە کفرە)، بە کفریان ئیعتیبار کرد. لەبەر ئەوە باوکی ئەو منداڵانەی کە ئەم کفرە لە مەرەسەکاندا دەخوێندنەوە، عەجەب رەئیان چییە؟ دەوام بکەن لەسەر ئەمە؟[١٦] .

[١٥]- ت. وەهبیی وشەکانی (زانشت، پەروەردە) بە (زانشت، پەروەرشت) دەناسێت.

[١٦]- ئەمانە قسەی خوێتی و لە (بەڵگەنامە)ی بابەتەکەدا قسەی ئەوتۆ نەنووسراوە. بنۆڕە: داوێن: ١/کێشەییێکی سیاسیی: هەروەها، داوێن: ٣/ بەڵگەکان.

ئێمەیشیان بانگ کرد. چەند جارێك کۆمیتەی دروست کرد، جارێکیان رەئیس ووزەرا خۆی هات[١٧].

مـن هـەر ئیسـرارم کـرد. تـەقریرێکی ئـەم ئیجتیماعاتـە ئیسـتە لـەلام هەیـە، فۆتۆکۆپییێکەی لەلام هەیە لە (موزەککـەراتی – مـودیری مـەعاریفی گشـتی) ئـەو ساتەوە کە ناوی (ساتیع ئەلحوسەریی) بوو.

بیتتەبوع بەلای خۆیدا دای دەتاشیی. لەگـەڵ ئەمـەش، ئێـوە بـێ خوێندنـەوە، دەبینن کابرا ڕقی لە ئێمەیە. هەرچەند دەڵێت، (مـن بـۆ چـاکیی ئێـوەم دەوێـت – ئەو نیشانانە/ k – نووسیینەکەتان سست دەکات، بـۆ ئێـوە چـاك نییـە)[١٨]. درۆی کـرد، تـا ڕۆژێ بـەجلی عەسـکەرییەوە چـوومە سـەری. ئـەو وەختـە (لێفتینانـت کەڵـەنێل – عەقیـد روکـن/ k ) بـووم. بەسـواریی چـوومە داییرەکـەی، دابـەزیم، چوومە سەری بۆ ژوورەکەی، گوتم؛ (تۆ پێم دەڵێیت کفـرم کـردووە کـە ئیشـارەتم لەسەر "قرآن" دانـاوە. مـن موسڵمانم، ئیعتیقـادم بـە ئیسـلامییەت، بـە "قـرآن"ی کەریم هەیە، وەلاکین ئیعتیقادم بە "قرآن" نابێت کە مانیعی خوێندنی من بێت. ئەگـەر وەهـای بزانیـت، مـن "قـرآن"ەکـە کۆدەکەمـەوە و دەی خەمـە سەرپشـتی حوشترەکان، دەیان نێرمەوە بۆ حیجاز[١٩] لە داییرەی ڕەسمییدا پێم گوت. هاتمـەوە – میوانەکان و خۆی پێ دەکەنن/ k -).

---

[١٧]- دیارە مەبەستی سەروەزیران عەبدولموحسین سەعدوونە : ( ژ ١٨٨٩- م: ١٩٢٩) ئەفسەرێکی عوسمانیی بووە. دوای داگیربوونی عێراقی عارەب لەلایێن بریتانەکانەوە یێکێك بووە لە ئەندامەکانی ئەنجوومەنی بنیاتنەری دەوڵەت. دوای یێکەم سەروەزیران عەبدوڕڕحمان نەقیب، لە ١٩٢٢دا بووە بە سەروەزیران. لە نێوان ساڵانی ١٩٢٢، ١٩٢٥، ١٩٢٨، ١٩٢٩دا چوارجار وەزیر بووە.نەیاری سیاسەتی بریتانیا بوو، مۆرکردنی پەیمانی بریتانیا – عێراقی لە ساڵی ١٩٢٥دا پەسەند نەکرد. مردنەکەی هێشتا جێگەی گومانە و هەیە دەبێژێت. کوژراوە، هەیشە دەبێژێت، خۆی کوژتووە*.

* بنۆڕە: ویکیپیدیا، الموسوعة الحرة.

[١٨]- بنۆڕە: داوێن: ١/ کێشەیێکی سیاسیی.

[١٩]- بەکاربردنی ئەم ڕستەیە هەروەك ڕستەکەی کەمال ئەتاتورکە لە هەلی گۆڕینی (تیپی عارەبیی بۆ لاتیینیی)دا گوت بووی.



خۆی نووسیویێتی، دەڵێت (هاتە سەرم زۆر تووڕە بـوو). ئـەم باسـانە ناکاتـەوە، بەڵام دەڵێت؛ (بەحیددەت قسەی کردووە).

مابەینمان تێك چوو ، فۆتۆی نووسیینەکەی ئا لە ئەویدا هەیە، نـازانم چـیی لێ هـات! مـن کـە موتەعەههیـدی حوکوومـەت بـووم گیرامێریـان بـۆ دابنـێم، لێـی دەرچـووم. مـەلایێکیان بـانگ کـرد[٢٠]، دوو سـەد ڕووپییـەیان پـێ دا، تشـتێکی نووسیی، (موختەسەر سەرف و نەحوویی کوردیی)[٢١]، ناوی مـەلا سـەعید سـدقیی کابـان بـوو[٢٢] لەگـەڵ ئەمـەش لـە پێشـنیارەکانیدا/ k – لەبـەر خـاتری ئـەوان (ئیشارەت)م بۆ هەنـدێ حـەرف دانـەنا. مەسـەلەن دەنگـی (ئـوو) بـزوێن – ڤـۆیس voice[٢٣] کـە دوو (وو)م نووسـیی نـەك (ئیشـارەت). تـەبیعیی ئیشـارەت دانـانی ئاسانترە. (ئیی) درێژ بە دوو (ی ی)م نووسیی.

ئاخیریی، لەبەر خاتری ئەوان، (نیشانە)م بۆ چوار (بزوێن) دانەنا.

ناردم بۆ میسر – تەبیعیی ئەو وەختە لیرەی ئـاڵتوون هـەبوو – بـە واسـیتەی مەتبەعەی حەدیسەوە – مطبعة الحديثة/ k – لە بەغدادا، حەرفیان بـۆ هێنـام. کتێبەکەی خۆم چاپ کرد. ئەو چاپ کراوە کە لە ئێرە، لەژێر ئەو کتێبەدا..

**ئەمیر**: دەستووری زمانی کوردیی؟

**ت. وەهبیی**: نا! ساڵی ١٩٢٩ من کە ئەمەم بڵاوکردەوە، حوکوومەت ئەهمییەتی نەدایێ. پارەی چاپیش هەمووی هی خۆم، بەڵام حوکوومەت داوای کرد منداڵـەکان هی مەلاکە بخوێندن کە هیچ نازانێت[٢٤]. مەلاکە تورکیی خوێندبوو، وەختی خۆی

---

[٢٠]- مەبەستی مامۆستا سەعید شدقیی کابانە کە ئەو وەهای نواندووە گۆیا مەلای مزگەوتە. هەرچۆنی بێ ئەم باوەڕەی تا ساڵی گوتوبێژەکە سەرسامیی پێ دەوێت. چونکە هەرخۆی لە نامەیێکی ساڵی ١٩٥٨دا، بۆیی نووسیوە، (لە تەئریخی خوێندەواریی کورددا جێگەی ئێوە بێ گومان باڵایە). بنۆڕە: داوێن: ٢/ دەنگە دەنگێ لەسەر ڕێنووسیی کوردیی.

[٢١]- بنۆڕە، داوێن ٣/ بەڵگەکان.

[٢٣]- ئەز شێوە ئینگلیزییێکەیم نووسیوە.

[٢٤]- ئەم قسەیەی بەڵگەی خۆپەرستیی و لووت بەرزییە نەك ڕەووشتی زانا. وێڕا قسەکەیشی ڕاست نییە.

– پیربـوو – فارسییشـی دەزانیـی. عـارەبییش، لاكـین كـابراییێكی مـۆدێرن – نـویٚ ناس/k – نەبوو لە پاشدا منیان كرد بە موتەسەڕڕیفی سلێمانیی.

**(بابەتەكـــە دەقرتێنێـــت و دەچـــێتە ســـەر باســـی ڕۆژگـــاری فـــەرمانڕەوایی بریتانەكان و مێجەرسۆن Soane لە سلێمانیدا).**

مـن سیاسـەتم دەكـرد. لـە سـاڵی ١٩١٩دا، لـە سـلێمانییدا، لـە عـەلیهیی حـاكمی سیاسیی بووم، لە زددی بووم. لیژنەییێكم هەبوو لە كوردەكان، گەنجەكان دەهاتنـە ماڵەوە، قسەمان دەكرد[٢٥].

---

[٢٥]- ڕەفیق حیلمیی باسێكی ئەو دانیشتن و خەڵكانەی ڕۆژگارەكەی نووسیوە و دەبێژێت: (تۆفیق وەهبیی هێندێ لە زابتە كوردەكانی دیكە تازە لە ئەستەنبووڵ هات بوونەوە. شەوان لەگەڵ ئەوان كۆ دەبووینەوە زۆری كۆبوونەوەكانمان لە ماڵی تۆفیق وەهبیی ڕێ دەكەوت، چونكە ئەو لە ئەو ڕۆژەدا ماڵ و ژنی نەبوو، لە خانووەكەی ڕەشید مەستیی خالیدا بە تەنها دادەنیشت. شەوانی دوور و درێژی زستانمان بە سكاڵا و باس و هەواڵی ئەو ڕۆژە و بە خواردنەوە و بەزم و سازندەییەوە دەبردە سەر. لە نێوماندا هەر تۆفیق وەهبیی كاربەدەستی میریی بوو. لە دوای هاتنەوەی بۆ سلێمانیی بە ماوەییێكی كەم، كرا بە قائیمقامی ڕانیە. دوای ئەوە كرا بە (ئامیری لیویی) سلێمانیی، بەڵام ئەوەندە نەدەچووە سەرئیش و زۆر كاتی خۆی لە ماڵەوە ڕادەبوارد. زۆر ساردو بێ دەنگ و كەم دەوام دەدیترا. لەبەر ئەمە ئێمەش هەلمان دەست كەوت بوو و نزیكی هەموو شەوەكانمان لەلای ئەو بەسەر دەبرد.

مێجەرسۆن Soane لە ئەم كۆبوونەوانە و بەزم و ڕەزمەی ئێمە زۆر قینی دەبووەوە. هێندێ شەو یێكێ لە ئەوانەی كە شكیان لێ دەكرا، لە گەرمەی بەزم و خواردنەوەداو لە درەنگ وەختدا دەی كرد بە ژوورداو سەربەستیی ئەو جۆرە ساتانە و چاو قاییمیی كاتی مەستیمانی بە هەل دەژمارد و بە خەیاڵی ئەو و كەم تەرخەمیی، چیمان لەدەم دەترازا لە ڕەوانی پاكی خۆشییەوە، تشتێكی دەخستە سەر و دەی بردەوە بۆ خەفییێكیانی – نهێنبڕەكان/ k – ی سۆن Soane. بەڵام لەگەڵ ئەمە، ئەو كە لە ئێمە بەكین بوو، چارەی نەدەكرد لە ئێمە دەبورد، وە یا پێ ویستی نەدەزانیی پەلە بكات و هەڵی دەگرت بۆ كاتی خۆی.

ئەگەر ڕاستت دەوێت، ئێمە دەم درێژییمان دەكرد و زیادە دەڕۆییشتین، بەتایبەتیی لە نیوە شەو بە ئەولاوە و لە كاتێكدا كە سەرمان گەرم دەبوو، بەجارێ شووڵمان لێ هەڵ دەبڕیی و لە شیرازە دەچووینە دەرەوە. خەفییێكان بە ئەوە شەقیان دەبرد كە زوو ڕانەدەكێشراینە نێو پۆلیس و داخی دڵی خۆیان پێ نەدەڕژتین.



**كابرا – فەرمانڕەوای سیاسیی/ k – حەزی لە كورد دەكرد، دۆستی مـن بـوو. منـی زۆر خـۆش دەویسـت؟ كـابرا دەی ویسـت كەلیمـەیێ عـارەبیی لـە كوردییـدا نەمێنێت[٢٦] ئەو حاكمە سیاسییە ناوی (مستەر سۆن Mr Soane) بوو[٢٧]. لاكین موعامەلەی لەگەڵ كوردەكان موعامەلەی نە ئەم بەعسیانە، نەهیتلەر[٢٨]،**

---

= ئەم خەفیانە زۆرتر لە من و ماجید مستەفا و مەحموود جەودەتی خودا لێ خۆش بوو بە داخ بوون. لەبەر ئەمە سۆن Soane دەی ویست ئێمە عاقڵ بكات. بەڵام بۆ هەڵی دەگەڕا. یێك دوو جاریش بیانوویان پێ گرتین و چووینە پۆلیسخانە. بەڵام تێیان هەڵ نەداین، چونكە دەیان زانیی كە لە نێو خەڵكدا خۆشەویستین و ناوێكی باشمان هەیە★.

★ بنۆڕە: یاداشت – ب ٢، بەشی ١، ل ٣٣ و ٣٥ – ٣٦.

[٢٦]- گڕەوەكەی سۆن Soane بۆ نووسینی كوردیی پەتیی، بەڵگەی ڕاستیی ئەم قسەیە كە لە ڕۆژنامەی؛ (پێشكەوتن – سلێمانیی: س ١، ژ ٢٧، پێنجشەممە، ٢٨ / ١٠ / ١٩٢٠)دا بڵاوە. بەڵام وێرا لەبەر بەهێزیی ڕەگ و ڕیشەی سەختی زمانەكانی فارسیی و عارەبیی لە زمان و بە تایبەتیی لە ئەدەبییاتی كورددا، ئەوە دەمو دەست بەكار نەبردنی نووسینی ئەو زمانە بنەبڕ نەكرا و لە دام و دەزگەكانی سەردەمی ئەو فەرمانڕەوایەشدا هەر كەم و زۆر بە كاردەبران.

[٢٧]- ئە – بێ. سۆن Ely Banistar Soane (مێجەر سۆن – فەرمانڕەوای سیاسیی بریتانیای داگیركەری سلێمانیی، ژ: ١٦ / ٨ / ١٨٨١. كەنزیگتون Kanisgton – بریتانیا – م: ٢٤ / ٢ / ١٩٢٣ بیزەرت – توونس).

ئا . تێ. وێڵسن نووسیوە: بابی؛ ولیام سۆن W. soane ئامۆزای سێرجۆن Sir J Soaneی بیناسازی بە ناوبانگە. ماری ستێل M. stealی داییكی لە خێڵی سێر ریچارد ستێل R. Stealی سەر بە گۆڤاری سپەكتاتۆر Spectatormە، هەردوو بەرە باب و داییكی، خانەدانن و لە هۆنەر و جوانیی و شۆخیدا بە ناوبانگن. بابی كە مرد، سۆن Soane بیست مانگانی تەمەن تەواو =نەكردبوو. داییكە بێوەژنەكەی توانای كڕینی شیری ترشەڵۆكیشی بۆ ساواكەی نەبوو، ناچار خستوویێتە بەر فێرگەی (مەتران لانمیەر)ەوە.

سۆن Soane لە س ١٨٩٥دا پێی ناوەتە قوتابخانەی باڵای فێرگەی ناوبراوەوە و تا تەمەنی شازدە ساڵانی ماوەتەوە.لە ئەو قوتابخانەیەدا ئەستێرەی گەش بووە و لە تاقیمانەی Cambride local Exams لە كانوونی یێكەمی ١٩٨٦دا هەروەها دووای ساڵێ لە تاقیمانەی Sanior Exams، پلەی شەرەفمەندیی بەركەوتووە.لەڕۆژگاری خویندندا ئەگەرچیی هێندێ مەدالیای لە سەول لێ دان تەنها كەسدا وەرگرت بوو. زۆر پەرۆشی گەمە كردن بوو، بەڵام توانایێكی یێكجار گەورەی بۆ فێربوونی زمانی فڕانسیی هەبووە، هەروەها لە نمایشەكانی

=قوتابخانەدا وەك ئەكتەرێ، شوێنی دیاربوو. دیارە هەر لە زووەكەوە بەهرەی زمان فێربوون و گوتوبێژی هەبووە كە ئەمەی كەڵكی دواڕۆژی گرت لە وڵاتی فارسدا.بەر لە ساڵی ١٨٩٨ و بەجێ هێشتنی قوتابخانە، كەوت بووە سەر كەڵكەڵەی دیدەنیی خۆرهەڵات، بەڵام تا شوباتی ١٩٠٢ ئەم هەلەی بۆ نەڕەخسا. لە ئەو هەلەشدا بەهۆی كۆمپانیای (جێ . سێ. لیگ)ەوە كە وەك كۆمپانیای هیندوستانیی خۆرهەڵات و جێگرەكانی بوو، سۆن Soane ڕەوانەی وڵاتی فارس كراو لە (بانكی شاهانەی فارس) داندرا.

دوای رابواردنیی ماوەیێكی كورت لە تاراندا، ڕەوانەی باژێڕی (یێزد) كرا. لە ئەوێدا و ساڵی ١٩٠٣ خۆی نووسیوییێتی – لە دوای تاقیمانە و خۆ خەریك كردن بە زمانەوە، دەستی داوەتە وەرگێڕانی بەرهەمی شاعیری بەناوبانگ (عومەر خەیام). ئیدی زۆری نەبردووە یێكجار هۆگری وڵاتی فارس بووە. بە ئەو شێوەیە لە ساڵی ١٩٠٣ و هێندێكی ساڵی ١٩٠٤دا ژینی لە باژێڕی (بووشێر) ڕابواردوە. دوایی بە (ژمێریاری بانكی شاهانەی فارس) لە باژێڕی (شیراز) داندراوە. لە ئەم هەل و هەڵ كەوتانەدا، جلەوی نیازی، بەتایبەتیی بۆ ناسینی خوو و نەریتەكانی ئەو وڵاتە، بەرداوە. گەلێ شەو بە جلوبەرگی عەجەمانەوە چووەتە نێو باژێڕەكە و تێكەڵی مەلایان بووە، تەنانەت لە ساڵی ١٩٠٥دا - بەفێڵ / k – چووەتە سەر مەزەبی شیعەی ئیسلام ودەش بێژن كیژی موجتەهیدێكی خواستووە.

ئا . تێ. وێلسن پتر دەبێژێت: لە ساڵی ١٩٠٦دا و دووای ڕابواردنی مۆڵەتێكی كورت و كاری بۆ ئاسان كراوە كە ببێت بە (ڕێبەری لقی كرمانشان بانكی شاهانەی فارس). بەڵام زۆر نەماوەتەوە و ساڵی ١٩٠٧ لەبەر دەمەقاڵییێكی گەرمی لەگەڵ كارگێڕەكانی كونسوڵی ڕووس لە ئەو باژێڕەدا دەستی لە كار و فرمانی هەڵ گرتووە. لە ڕاهێڵەی كاری لە كرمانشاندا خۆی دابووە خوێندن و فێربوونی (زمانی كوردیی).

دوای گەڕانەوە بۆ ئینگلتەرا و ڕابواردنی ماوەیێكی كورتی ساڵی ١٩٠٧ ئەم جارە بە خۆگۆریی و بە ناوی (میرزا غولام حسێن شیرازەیی)ەوە، دەستی كردووە بە گەشتێكی دوورو درێژ بەناو وڵاتی نێوان هەردوو ڕووبار و كوردستان)دا.

ئەم گەشتەی بەناوی بازرگانییەوە لە ئەستەنبووڵەوە دەست پێ كرد و بە (قوبرس، بیروت، بەعلەبەك، حەڵەب، دیاربەكر، مووسڵ، نێوچەی ئیزیدییێكان هەولێر، كەركووك. سلێمانیی هەڵەبجە – شەش حەوت مانگی تێدا بووە – بیارە، تكریت، بەغداد) و تا كۆتایی ١٩٠٩ی خایاندووە كە لە ئەم هەلەدا بە جلی عەجەمانەوە، لە باژێڕی (محەممەڕە)دا دەركەوتووە، لە ئەم هەلەدا ئا. تێ. وێڵسن A .T. Willsonی (كونسۆڵی پاشایێتی بریتانیا لە باژێڕی محەمەڕە)دا قۆستوویێتیەوە و داوای لێ كردووە كە ڕاپۆرتنامەیێ – ڕێنویندنامەیێ – لەمەڕ باشووری كوردستانی بۆ گەڵاڵە بكات، ئەویش بە گوێی كردووە. هەر لە ئەم هەلەشدا خراوەتە



=بەر كار و فرمانی (كۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ فارسیی). دوای چەند مانگێ نێردراوە بۆ (چیای سوور/ چیای سورخ)ی نزیك باژێڕۆكی (خانەقین) بۆ بووژاندنەوەی كار لە كانی نەوت و دوو پاڵێوخانەی پچووكدا. لە پاداشتی خزمەتگوزاریی لە (چیای سوور) و لە (بەغداد)دا – كە چاك جووڵابووەوە و لەگەڵ فرمانبەرانی عەجەم و توركی نێو ئەو دوو وڵاتە و لەگەڵ خێڵە یاخیی بووەكانیش كارامە =بووە لە س ١٩١٣دا بە (جێگری كونسوڵی بریتانیا لە قەسری شیرین)دا.كاتێ كە (١. ج . گ) قەوما، سۆن Soane لە بەغداددا بوو، لەگەڵ كۆمەڵە كەسێكی دیكەی ئەوروپایی گیراوە و دوایی دوورخراوەتەوە بۆ باژێڕی (مەرسینە) و ئەوجا لە (میسر)دا ئازاد كراوە و دەمودەست گەڕاوەتەوە بۆ (بەسرە) و لە ئەوێ ڕاشەوە چووەتەوە سەر فرمانی جارانی.

شارەزایی بێ وێنەی لە كاروباری خۆرهەڵات و قەوماوەكاندا، بوو بەمایەی هەڵ بژاردنی بۆ كار و فرمانێكی تایبەتیی كە لە سەرەتای س ١٩١٥دا داندرا بۆ (پەلامارێكی شوێن هەڵگریی/ حملە استكشافیە). دوای ماوەیێكی كورت و مەشق پێ كردنی لە دەزگەی (چاوەڕاوی – نهێنبڕیی)دا، كرا بە نووسەری ڕۆژنامەی (بەسرە تایمس Basra times)دا كە ڕۆژنامەیێكی ئینگلیزیی – عارەبیی ئەو كاتەی نێوەڕاستی خۆرهەڵات بوو.سۆن Soane هێندە بەهرەمەند و كارامە بووە، گەلێ چاكی بەرێگەوە بردووە و پەرەی پێ داوە، تەنانەت (بەشی فارسیی) خستووەتە پاڵ.زۆری نەبردووە خراوەتە سەركارێكی دژوارتر كە راسپێردرا بۆ سەركوت كردنی نهێنبڕەكانی سەر بەئاڵەمان و تورك كە لە نێوچەی (بەختیاریی)دا بوون. ئەویش بە پشتیوانی شەش سوارچاكی جەربەزەی كورد، كارەكەی جێ بە جێ كردووە.

لە سەرەتای ١٩١٦ و لە باژێڕی (دزفوول)دا كرا بە (جێگری كونسۆڵی بریتانیا)، دوای داگیركردنی بەغداد لە مارتی ١٩١٧دا، لەبەر شارەزایی كرا بە (فەرمانڕەوای سیاسیی مەندەلیی) بەڵام لەبەر هەمان مەڵامەت لە كانوونی یێكەمی ١٩١٧دا كرا بە (فەرمانڕەوای سیاسیی خانەقین) و پلەی سەرهەنگ بوو.

خانەقین پەرێشانی جەنگ و چەپاو و تاڵانی ڕووس و توركانی عوسمانیی بوو. ئەو لە ئەم باژێڕە – كوردستانیە – دا كەوتووەتە چالاكیی و خزمەتگوزاریی و بووژاندنەوەی خەڵكیی و بەجێ هێنانی هێندێ كاروباری ئاوەدانیی، بەڵام هەر ئەو كاتە كە پەتای (دەردە باریكە/ سیل) لە باژێڕەكەدا بڵاوبووەوە، تووشی پەتاكە بووە و ناچار لەسەر داخوازی خۆی و لە پێناوی چاك بوونەوەی تەندورستیدا، لەسەرەتای هاوینی ١٩١٨دا ڕووی كردووەتە وڵاتی (ئوسترالیا)و شەش مانگی تێدا ڕابواردووە؛ بە ڕوواڵەت چاك بووە و جارێكی دیكە هاتووەتەوە سەر كار و فرمانی بۆ (خانەقین) و لە مارتی ١٩١٩شدا كراوە بە (فەرمانڕەوای سیاسیی سلێمانیی) كە لە ٢٤ / ٤ / ١٩١٩دا گەهیشتووەتە باژێڕەكە و مەبەستی نەخشە بۆ كێشراویشی (تەسك و بەربەست كردن، بگرە لاوازكردنی یێكەم حوكوومەتی كوردستان – حەفید زادە محموود) بوو.



@kurdica

=سۆن Soane لە هەلی ڕوودانی شۆڕشی ٢١ / ٥ / ١٩١٩ی حەفید زادە مەحموودda، بەرەو باژێڕی کەرکووك چووبوو بۆ پێشوازی کابانەکەی لە (بەسڕە)دا. وێڕای ئەوەی مۆڵەتەکەیشی ماوەی دوو هەفتە پتر نەبوو، بەڵام تا ١٨ / ٨ / ١٩١٩ نەگەڕایەوە بۆ سلێمانیی. لە ئەم مێژووە بە دواوە تا ١ / ٣ / ١٩٢١ فەرمانڕەوا و یێکەم دەسەڵاتداری بریتانیا بوو لە سلێمانیدا و لە ٣/٦شدا – گۆیا – ئیزنی شەش مانگێکی وەرگرتووە – چاوپۆشیی لە کار و فرمانی کراوە و لا براوە و گەڕاوەتەوە بۆ بریتانیا کە لە ئەوانەیە لە مانگی نیسانی ١٩٢١دا گەهیشتبێتەوە .

ئا. تیَ. وێڵسن لێی نووسیوە؛ نەخۆشییێکەی جارانی کە هەرگیز بەری نەدابوو، تا دەهات کنەی تیَ دەکرد، بۆییێکا پزیشك ئامۆژگاریی کرد و ئەویش لە تەشرینی دووەمی ١٩٢٢دا ڕووی کردە دەریا و باژێڕی (بیزەرتە)ی وڵاتی تونس، بەڵام هێندە نەخۆش بوو، ئامۆژگاری کراوە کە بگەڕێتەوە و پرس بە پزیشکی پسپۆڕ بکات، کە چیی نەگەهێشتووەتەوە لۆندۆن و لە واپۆردا دەستی لە ژیان بەربووە و ڕووی لە دنیای نەبوون کردووە.

لەمەڕ ڕەووشت و ئەتوار و کرداری سۆن Soane، دوو دەستە لە نووسەرانی (ئینگلیز) و (کورد) بیروڕایان هەیە:

١- ئا. تیَ. وێڵسن، ئەدمۆندس، لیز G.M.Leesلێیان گوتووە؛ زۆرداریێکی یاخیی وجڵەوگێڕی ڕای خۆی، توندوتیژ، هێمن، گەلیَ لووت بەرز، ناسك و سەرچڵ لە خۆشویستن و بۆغزاندندا، لیَ نەبوردوو، ئازا و کارامە، سامدار لە کاروباردا کە کەمتر بە تەبیاتی ئێنگلیز چووە.

لایێنگری جووتێر و پاڵە و ڕێزگری چاکییێکانی گەلانی خۆرهەڵات، شەیدای وڵاتی (فارس) و (کوردستان). لە سلێمانیدا – سەردەمی داگیرکاریی دوای یێکەم حوکوومەتی کوردستان/ k – دڵنیایی هێوریی گێڕاوەتەوە و دز و جەردە و ڕێگری نەهێشتووە و خەڵکیی لە چەك داماڵیوە، لە ماوەی کارو فرماندا سزای جەستەی بەسەر خەڵکدا نەسەپاندووە. بە تەنها یێك پیاوکوژ لە سێدارە دراوە و خەڵکەکە ڕیزیان لیَ گرتووە و بە دادپەروەریان داناوە. ڕێگەوبان و قوتابخانەی کوردیی کردووەتەوە. جلی کوردیی تەواو، خوێندن و نووسینی کوردیی بەسەر خەڵك و دامودەزگەکاندا سەپاندووە. خۆیشی شارەزاییێکی تەواوی کوردستان، مێژوو، زمان، خوو و ڕەوشتەکانی کورد بووە و بەڕەهایی بەکوردیی ئاخاوتووە.

٢- ئەحمەد تەقی، ئەحمەد خواجە، ڕەفیق حیلمیی – ئاشناکانی سەردەمی – لەمەڕ خوو و ڕەوشت و ئەتوار و کرداری بیروڕای نزیك و دووری دەستەی یێکەمیان هەیە.. ئەمان نەك هەر بەچەتوون و لووتبەرز و ڕقاویی و جوێن فرۆشی دەژمێرن، بگرە بە زۆرداریێکی ئەوتۆیان ژماردووە کە فەرمانڕەواییان هێناوەتە ڕێزی (حوکمی قەرەقۆشی میسر) و دەش بێژن ئەگەر ڕێزی لیَ گیرابێت لە ترسی سام و زۆرداریێکەی بووە.



=لە سەرێکی دیکەوە هەموو ئەو نووسەرانە، بەدوژمنی سەرسەختی بزاڤی کوردایێتی حەفید زادە مەحموودیان ژماردووە، بەڵام بۆ سەپاندن و بڵاوبوونەوەی نووسین و خوێندنی زمانی کوردیی، دانانی یێکەم چاپخانە، یێکەم ڕۆژنامە، کردنەوەی قوتابخانە، ڕێگەوبان بە (پیلانێکی سیاسیی بریتانیا) دەژمێرن و ئەم بڕوایەیشیان لە بەرامبەر پیَ لیَ نانی سەردارەکەیدا؛ ئا . تیَ. وێڵسن، بەڕاست دەگەڕێت کە نووسیوییێتی (ئەو سیاسەتەی سۆنی ئازا – سیاسەتی باڵا دەی سەپاند و کەڵکی گفتەکانمانی دەگرت بەرامبەر بەندەکانی "٢٢ "ی ڕێکەوتنەکانی کۆمەکی گەلان).

هەر ئەم دەستە کوردەو نووسەرانی دیکەی وەك ئەمین زەکیی، پیرەمێرد، بە کوردناس و زانای زمانی کوردیی دەژمێرن، بەڵام ئەمان و چ نووسەر و لیَ کۆڵەکانی ئینگلیز، هێشتا زانستانە – کردەوە زمانەوانییێکانیان هەڵ نەسەنگاندووە و باری کاری ڕۆژنامەوانیشیان تەواو ڕوون نەکردووەتەوە.

سۆن Soane، هەرچۆنێکی لیَ گوترابیَ و هەرچییێکی لە سەردەمی فەرمانڕەواییدا – کردبیَ، زووتر لە گەشتەکەی س ١٩٠٧ – ١٩٠٩دا، بەشێوەییێکی گشتیی بێروڕاکانی لایێنگری نەتەوەی کورد، مێژوو، زمان، ڕەووشت و خووی بووە.

سۆن Soane لە گەشتە چاپ کراوەکەیدا؛ کوردستانی بەوڵاتی دێرینی گەلی کوردی ئاریی نەژاد و خاوەند زمان و بەتایبەتیی بەوەچەی (ماد) ژماردووەو ڕەووشت و خوو تەبیاتی کوردی بەگشتیی بەرز و جوان ڕاگرتووە... بە ئازا، زیرەك، جوامێر، پەیمان پەروەر، میوان دۆست، داوێن پاك، قەدرزانی ژنی ناسیوە. توند و تیژیی خێڵەکانی بە کارێکی ناچاریی و ئەنجامی پەلاماری هەمیشەیی داگیرکەران و بەرگریی کردن لە خۆ و پاراستنی هەبوون ناسیوە. تەنانەت هەر بۆ بەراوورد، کوژتنی لە کوردستاندا بە کەمتر لە بەرامبەر هەر وڵاتێکی ئەورووپا ڕاگرتووە. سۆن Soane وەك کوردی بە ئاریی نەژاد ناسیوە، بە خاوەند زمانی ئاریانەی پیرۆز و ڕەسنتر و کۆنتر و ساختری لە فارسیی داناوە و شێوەکانی کوردیی – وێڕای هێندیَ جوداییان – بە ئاسایی زانیوە و هەموویشیانی بەخاوەند یێك ڕێزمان و ئازاد – پێچەوانەی فارسیی– لە عارەبیی و ڕەوان و بە نزیکترین شێوە لە (ئاڤێستای زەرتەشت)یی دەناسێت.

سۆن Soane، کورد بە خاوەندی ئەدەب، بەهرەمەند لە ئەدەب و شیعردا، سەربەرز لە گەورە پیاواندا – وەك سەلاحەددین – دەزانێت. شەیدایی کوردیش بۆ زانست و فێربوون، دەخاتە تای تەرازووی پەڕۆشیی بۆ چەپاو و تاڵان کردن... زۆریشی پیَ جوان بووە کە کوردیَ بە شانازییەوە خۆی نواندبیَ و هاواری کردبیَ:

=(ئەز کورمانجم) یا (من کوردم)!

=ئەگەر سۆن Soane لە لای شارەزایان بە (کوردناس) ناسرابێت، ئەوە ئەز پێوەندییێکەی لە سێ قۆناغدا دەخوێندمەوە:

١- ساڵانی ١٩٠٦ — ١٩١٤ کە لە ئەم مەودایەدا بەهۆی وڵاتی فارس و زمان و ڕێنووس و ئەدەبیاتی فارسییەوە — چۆن فێری زمانەکە و "قرآن" و ئاشنای شیعاییێتی بووە — تێکەڵی کورد و لەسەردەستی خەڵکیی و بە سەلیقەی خۆیشی فێری زمانی کوردیی و ئاشنای بەشێکی ئەدەبیاتی بووە.لە ئەو مەودایەدا تا قەومانی (١ . ج . گ) بە تایبەتیش لە ساڵی ١٩٠٩ ڕاوە، لەمەڕ کورد و زمان و شێوەکانی — گۆڕان، کرمانجیی شێوەی شادیی، سلێمانیی و ڕێزمانی کوردیی لێ کۆڵینەوەی بە ئینگلیزیی بڵاوکردووەتەوە . شایانی گوتنە کە لە ئەم قۆناغەدا دەستی پیلانی سیاسیی و جێ بەجێکردنی لە دژی کوردایێتی، دیار نییە!

٢- ساڵانی ١٩١٨ — ١٩٢١ کە وەك ئەفسەرێکی سیاسیی لە (١ . ج . گ) و دواتردا لە مەندەلیی و خانەقین و سلێمانییدا خۆ و ڕاستان تێکەڵی سەپاندنی دەسەڵاتی سیاسیی بریتانیای داگیرکەر بووە، بەشێوەییێکی تایبەتیش لە ساڵی ١٩١٩ دا دەستی لە تەسك کردنەوە و لاوازبوونی یێکەم حوکوومەتی کوردستاندا هەبووە. هەروەها لە هەمان مەودادا — وێڕای پێوەندیی بە ڕۆژنامەی تێ گەیشتنی ڕاستییەوە!! — لێ کۆڵینەوەی ئینگلیزیی و داندراوێکی کوردیی لەمەڕ ڕێزمانی کورمانجیی، بڵاوکردووەتەوە و وەك بێژراشە یێکەم چاپخانە و ڕۆژنامەی کوردیی لە سلێمانییدا داناوە.

٣- ساڵانی ١٩٢١ — ١٩٢٣ تا گەڕاوەتەوە بۆ وڵاتی خۆی : بیروڕای سیاسیی لایێنگیریی بۆ کورد نواندووە. لەلاییێکی دیکەوە لەمەڕ هۆنراوەی شێوەی گۆران، فۆنۆلۆژیی کورمانجیی باشوور، لێ کۆڵینەوەی ئینگلیزیی بڵاو کردووەتەوە. دیسان لە دوای گەڕاندنەوەیشی خۆی داناوە بۆ گەڵاڵەکردنی (فەرهەنگێکی کوردیی) کە مردنەکەی بەری هاتنە دیی گرتووە(؟). شایانی باسە، لە ئەم قۆناغەدا، کۆمەڵێ لێ کۆڵینەوەی گرنگی لەمەڕ خێڵەکانی کورد، هەروەها زمانی کوردیی — وەك لێ کۆڵینەوە زمانەوانییێکەی ساڵی ١٩١٨ — و کۆمەڵێ ڕاپۆرتی سیاسیی ڕەسمیی گرنگی بڵاوکردووەتەوە.

سۆن Soane — لە هەرسێ قۆناغدا — وەك کوردناسێ بۆ ژینی ڕۆشنبیریی گەلی کورد، کەڵکی گرنگ و گەورەی هەبووە. هەروەها — بەبڕوای من — وەك فەرمانڕەواییێکی سیاسیش لە خانەقین و سلێمانییدا، بەهۆی کارەساتەکانی جەنگەوە، بەرامبەر بەخەڵکی کورد، دیسان کەڵکی گەهاندووە.

کردەوەکانی لە ڕووی یێکەم حوکوومەتی کوردستان و توندوتیژیشی لەدوای سەپاندنی دەسەڵاتی داگیرکەرانەی بریتانیاوە، چەند وێنەی زیانن، دیسان وێنەی چاکیشن، چونکە چارەسەرکردن و ڕێك خستنی دامودەزگەکان، گوزەران، بڵاوکردنەوەی خوێندەواریی کوردیی،



=سەپەرشتیی تەندروستیی، هان دانی خەڵك بۆ کشت وکێڵ، سەپاندنی ئاساییش، بگرە رزگارکردنی خەڵکی سلێمانیی لە بەڕەڵایی و توندوتیژیی خێڵەکیی، کەڵکی دووەم حوکوومەتی کوردستانیشی گرت و کە حەفید زادە هاتەوە سەر تەخت — وەك ساڵی ١٩١٨ — نەهاتەوە سەر کەلاوەییێکی پەریشان و برسیی و بریندارى کارەساتە جگەربڕەکانی (١ . ج . گ) کە بێ گومان ئەو بارە هۆییێکی گەورەی لە نێوچوونی یێکەم حوکوومەتەکە بووە!.

سۆن Soane ئەگەر داردەستێکی پیلانە ساسییێکانی بریتانیا بووبێ — کە تا لە کۆنگرەی قاهیرەشدا تێکەڵی نەکرد — ئەوە خۆی وەك ئینسانێ، بە کرداری چاك لە ئەو کوردە دەسەڵاتدارە گەورانەی سەردەمی عوسمانیی پتر خزمەتگوزار و دڵسۆزی مێژوو، زمان، خوێندەواریی، گوزەرانی خەڵکی کورد بووە، هەروەها هەزاران جاریش لە ئەو زڕکوردانە — جلخوارە تورکخوازەکان — چاکتر و پەسەندتر جووڵاوەتەوە کە ئەوان بۆ مشتێ لیرای عوسمانیی، حوکوومەتی کوردستان سەربەخۆیی گەلی کورد و پێشکەوتنی نەتەوەکەیان بە قوربانی تورکاییێتیی کرد. بەکورتیی دەتوانم ببێژم بە فرمانەکەیەوە خزمەتی گیانی کوردناسیی و بە ئەمەشەوە خزمەتی فرمانەکەی کرد.

کردەوەکانی سۆن، ئەگەر لەلای نووسەری ئینگلیز (ئە . مێین Main . A) بە (کردەوە گرنگەکانی لۆرانسی عارەب و کەمتر بەناوبانگ) لەیێك درابێتەوە، ئەوە من بڕوام هەیە کە ئەو کردەوانەی سۆن Soane بۆ کورد لە (لۆرانس) گەورەتر دەبوو، ئەگەر پیلانی سیاسیی بریتانیا سۆن Soaneی بەهەمان ڕێگەی لۆرانسدا ببردیایە... هەڵبەت کە وایشی نەکردووە و (سۆن) نەبووە بە (لۆرانسی کورد)، دیارە ئەو پەڵەی شورەییە بەر تەوێڵی مێژووی سیاسیی و تاجی بریتانیا خۆی دەکەوێت، نەك هەر بە تەنها بەر تەوێڵی (سۆن)ێکی ئەفسەر و ئینسانێکی لەش بەبار کە هەر بەریشی ناکەوێ!

بەرهەمە چاپ کراوەکانی(*)

1- Notes on a Kurdish dialect the Shadi branch of Kurmanji, In: J . R . As, London 1909, pt: Iv . pp: 895 – 921

=(چەند تێ بینییێك لەمەڕ شێوەی کوردیی، لقی شادیی ی J . R . A . S, کورمانجیی، لۆندۆن ١٩٠٩، بەش ٦، لاپەڕە: ٨٩٥ — ٩٢١)

2- A Southern Kurdish Folksong in Kermanshahi dialect, in: J .R.A.S, London 1909, pt 1. pp: 35 – 51

=(ستڕانی فۆلکلۆری کوردیی شێوەی کرمانشایی، J.A.R.S لۆندۆن ١٩٠٩، ب ١، لاپەڕە: ٣٥ — ٥١)

3- To Mesipotamia and Kurdistan in disguise, with historical notes of the Kurdish tribes and the Chaldeans of Kurdistan, London 1912, First Edition, J . Murray, (IX – 421p), till, I map.

(گەشتی خۆ گۆڕیویێك بۆ مێزۆپۆتامیا و کوردستان، لەگەڵ چەند تێ بینییێکی مێژوویی لەمەڕ هۆزەکانی کورد و کلدانییێکانی کوردستان، لۆندۆن ١٩١٢، چ ١، ژ موورِای، لاپەڕە: 1x -٤٢١، جزم ١،٦ نەخشە).

4- Notes on a Kurdish dialect, Sulaimaia (Southern Turkish= Kurdistan) In: J.R.A.S, London 1912, pt I 1, pp: 891 – 945

(چەند تێ بینییێك لەمەڕ شێوەی کوردیی سلێمانیی (باکووری کوردستانی تورك)، J.R.A.S، لۆندۆن ١٩١٢، ب ٦، لاپەڕە: ٨٩١ — ٩٤٠).

5- Grammar of the Kurmanji of Kurdish Language, London 1913, Luze, (Luzacs Oriental Grammar Series, no: 6), xv1 + 289p.

ڕێزمانی کورمانجیی زمانی کوردیی، لۆندۆن ١٩١٣، لوزە Luze، (گرامەری خۆرهەڵاتیی لوزە، ژ ٦)، پەڕە:
(xv1 + 289

6- Notes on the tribes of Southern Kurdistan, Baghdad 1918, prinited at the government press, (40p).

(چەند تێ بینییێك لەمەڕ هۆزەکانی کوردستانی باشوور، بەغداد، چاپ کراوی چاپخانەی حوکوومەت، پەڕە:٤٠)**

7- Report on the Sulaimania District of Kurdistan, Calcutta 1918. Superintenden government printing press (161p).

(ڕاپۆرتی لەمەڕ نێوچەی سلێمانیی کوردستان، کەلکەتتا ١٩١٨، چاپخانەی حوکوومەتی چاودێر، پەڕە: ١٦١).

8- Elemantary Kurmanji grammar (sulaimania district) Baghdad 1919 (197p).

(ڕێزمانی سەرەتایی کورمانجیی — نێوچەی سلێمانیی، بەغداد ١٩١٩، پەڕە: ١٩٧).

9- A short anthology of Guran poetry, 1N J.R.A.S London 1921, pp: 57 – 81.

(هەڵ بژاردەییێك لە شیعری — شێوەی/k — گۆران، J.R.A.S، لۆندۆن ١٩٢١، لاپەڕە: ٥٧ — ٨١).

10- Notes on the phonology of Southern Kurmanji, In: J.R.A.S, London 1922, pt 11, pp: 191 – 226.



=(هێندێ تێ بینیی زمانەوانیی لەمەڕ کورمانجیی باشوور، J.R.A.S، لۆندۆن ١٩٢٢، ب ٢، لاپەڕە: ١٩١ — ٢٢٠).

11- Evacaution of Kurdistan an ill – fated expedition, in: J.R.C.A.S, London 1923, vol x, pt 1, pp: 73 – 74.

(چۆڵ کردنی کوردستان، چارەنووسێکی ڕەش، J.R.C.A.S، لۆندۆن ١٩٢٣، جزم x، ب١، لاپەڕە: ٧٣ — ٧٤.

12- The Tale of Suto and Tato, In Bulletin of School of Orientand African Sutudies, London 1923, vol: I, pp: 69 – 106.

(چیرۆکی سوتۆ و تاتۆ، بڵاوکراوەی فێرگەی لێ کۆڵینەوەی خۆرهەڵاتیی ئافریکایی، لۆندۆن ١٩٢٣، ب ١، لاپەڕە: ٦٩ — ١٠٦).

*- ئەم بەرهەمانەی هێندێکی وەك کتێب و هێندێکی وەك گۆڤار لە دوو گۆڤاری ئینگلیزیی: Journal of the Central Asian Society – J.R.C.A.S گۆڤاری مەڵبەندی کۆمەڵەی ئاسیا ناسیی، گۆڤاری Journal of – J.R.A.S the Royal A siatic Society گۆڤاری کۆمەڵەی پاشایانەی ئاسیاناسیی بڵاوکراونەتەوە.

در. نەجات عەبدوڵڵەی گەڵاڵەکردەی ئەم بەرهەمانە لە کتێبەکەیدا، (چەند سەرنجێك دەربارەی هۆزەکانی کوردستانی خواروو — ل ٢٤ — ٢٩) تەنها ناونیشانی ئینگلیزیی بەرهەمەکانی نووسیوە و بەکوردیی نەی نواندوون و ئەز نوواندومن.

**- در. نەجات عەبدوڵڵەی لە ڕیزەکانی بەرهەمە ناوبراوەکاندا، ڕۆژنامەی (تێ گەییشتنی ڕاستیی: ١٩١٨ — ١٩١٨) و (کتێبی ئەووەڵین قرائەتی کوردیی محەمەد باشقە و محەممەد زەکیی، ١٩٢٠)یشی داناوە. ئەز ئەوانە بە بەرهەمیی پەتیی سۆن Soane دانانێم بۆییێکا — با پێوەندیشی پێیانەوە هەبووبێ — نەم خستووەتە ڕیزی بەرهەمەکانییەوە.

سەرچاوە و تەماشاکراو:

١- تێ گەییشتنی ڕاستیی و شوێنی لە ....

٢- شیعر و ئەدەبییاتی کوردیی — ب ٢,

٣- چیم دیی — ب ١ — ٣,

٤- مستەفا ساییب ئەستێرە گەشەی..

٥- چەند سەرجێك دەربارەی هۆزەکانی کوردستانی خواروو.

٦- دليل الجرائد والمجلات العراقية.

٧- کرد ترك و عرب.

٨- فصول من تأريخ العراق.

موعامەلەی شا کۆنەکان بوو کە دەم و چاوی خۆیان دادەپۆشیی، کەس چاویان پێ کەوێت.

**عەزیز ژیان:** ئەو هەر مێجەر سۆنەکەی نییە؟

**ت. وەهبیی:** بەڵێ لە پشت پەردەوە، لە پشت پەردەوە حوکمیان دەکرد — واتە شا کۆنەکان/ K ئەویش ئا لە ئەو چەشنە بوو[٢٩]. بە بازاڕدا دەگەڕا، دەبوو هەموو کەسێك هەڵ بستێتە سەر پێ، ئیشەکەی تەرك بکات.. حیکایێتی ئەمە زۆر درێژە.

بیتتەبوع هەرچەندە ئەمەم دەبیست، موتە ئەسسیر دەبووم، (مەجلیسێکی بەلەدییە)ی تەشکیل کرد. من داخڵی ئەو مەجلیسە بووم: ڕەئیسی بەلەدییەی هەبوو[٣٠] ئەشرافی سلێمانیی، هەشت ، نۆ، دە، کەس.

ژوورێکی ئەوها، دەرگەکە لە ئەوێدا بوو، مێزێکی دانابوو خۆی لە ئێرە دادەنیشت، ئەوانە هەموو کورسیی. سکرتێرەکەیشی کوردی بوو[٣١]،دادەنیشت. من

٩- رحلة متشكر في بلاد ما بين النهرين وكردستان.

١٠- بلاد مابين النهرين.

[٢٨]- ئەو بەراوردە ناپەسەندە و ڕاست نییە.

[٢٩]- هەر بە ڕۆشنایی قسەی خۆی، سۆن Soane بەدەرەوە بووە و تێکەڵی خەڵك و نێو بازاڕ و قوتابخانەکانیش بووە.

[٣٠]- ئەنجوومەنی بەلەدییەی سلێمانیی لە ئەم کەسانە پێك هات بوو کە ڕۆژی ١٧ / ٤ / ١٩٢٠ بە سەرۆکاریی مێجەر سۆن Soane یێکەم کۆبوونەوەی کردبوو. کەسەکان ئەمەن:

- سەرۆکار: فەرمانڕەوای سیاسیی بریتانیی.

- ئەندامان: عەبدوڵڵە بەگی سەرۆکی بەلەدییە (بێکباشیی)، تۆفیق وەهبیی (بێکباشیی)، میرزا فەرەج، حاجیی ئیبراهیم ئاغا، خواجە یونتوب*

*- بنۆڕە: پێشکەوتن — سلێمانیی، س ١، ژ ٢، پێنجشەممە ٦ / ٥ / ١٩٢٠.

[٣١]- سکرتێرەکەی، مستەفا مەزهەر (ژ: ١٨٨٨. سلێمانیی — م: ٢٤ / ٥ / ١٩٤٦. کەرکووك — سلێمانیی) کە لەهەلی سۆندا و دوای ئەویش سەرپەرشتیی ڕۆژنامەی، پێشکەوتن — سلێمانیی بووە. دوایی لە مەملەکەتی عێراقدا — خۆیشی ئەسڵەن مامۆستای قوتابخانە بووە — پێش کەوت تا بوو بە ڕێبەری مەعاریفی سلێمانیی*

*- بنۆڕە: ژیننامەی، ئەدەبی نامەنووسینی کوردیی — ج ١، ل ٥٤٧ — ٥٥٠



لە پێش هەموویاندا دەچوومە ژوورەوە. کە من دەگەهیشتمە بەردەمی، بە فڕانسیی دەی گوت: (دانیشە)، هەردووکمان دادەنیشتین، ئەوجا ئەشرافی سلێمانیی دەهاتن. یەعنی ئەم پیاوە ڕوویێکی ئەوهای بە من دابوو. لەگەڵ ئەوە، من مەمنوون نەبووم. چونکە، مەسەلەن، (سمێڵی ڕەئیسی بەلەدییەی دەگرت، ڕای دەکێشا) بۆ تەحقیر — بەگرژییەوە/ k — دەری بکە! تۆ کە کردووتە بە ڕەئیسی بەلەدییە، ئەم کابرایێ چ شەرەفێکی دەمێنێت؛ وەها نییە؟ لێی عاجز بووم. منی نەفیی کرد. چوومە لای، گوتم: زۆر مەمنوون بووم، تۆ چاکیت لەگەڵ من کردووە. لە ئێرە بمامایەوە چیم بە سەردا دەهات؟

گوتی: (ناوەڵڵە، خراپیم لەگەڵ کردوویت. کەیفی خۆتە).

خراپییێکەی ئەوەیە؛ من دەمەوێت لە وڵاتی خۆمدا ببم، بەڵام چاکییێکەی ئەوەی لێی دەبینم، لێی مەمنوون نەبووم.

خۆی هەر چییێکم بگوتایە، دەبوو. هەموو حەوتەیێك، جەدوەلێکم دەهێنا، وەك: خەزێنەی حەمامەکان دەبێت دابخرێن. نەخۆشیی تێدا هەیە. کەسێ بچێتە ئاوەوە نەخۆش دەکەوێت، وەهایە؟! ئەو هەمووی بۆ دەکردم. گوتم: خودا حافیز.

چووم .. منیان بردە جێگەیێك — من لە زەمانی عوسمانییدا حاکم بووم — منیان کرد بە (مەئمووری ئاخوڕ)، قنگی ئەسپەکان گەنەی پێوەیە هەیە، بەسەر سەربازەکانەوە — پێ دەکەنێت/k– ڕادەوەستام تەماشایان بکەم، چۆنی دەکەن، چۆنی پاك دەکەنەوە؟؟ یەعنی من مەسئوولی ئەوە ببم، ئەمە بۆ تەحقیر.گوێم نەدایێ، چونکە حەقیقەتەن کە من لە تورکیاوە گەڕامەوە مەوقیفم گەورە بوو.

من زانیم ئەوە، (شێخ مەحموود)[٣٢] حوکمدارە و دۆستی منە، **ئینگلیزەکانیشم زۆر خۆش دەویست، چونکە دەزانم (حەقیقەتەن عادیلن، چاکن)، بە غەڵەت نەچووم تا**

[٣٢]- حەفید زادە مەحموود — کوڕی شێخ سەعید شێخ محەممەد پچکۆلە (ژ: ١٨٨٦ سلێمانیی — م: ٨/١٠/ ١٩٥٦ بەغداد — سلێمانیی)؛ وەچەی ئایین ناسی بەناوبانگ کاك ئەحمەدی شێخە. دایکی ئامینەی وەچەی بابەعەلیی ڕەسووڵی پڵاو خۆرە.

حەفید زادە مەحموود خۆی — بۆڕۆژنامەی حەبەزبووز — دەگێڕێتەوە، خوێندنی زانستەکانی ئایین و زمانەکانی عارەبیی، فارسیی، تورکیی لەلای مامۆستای تایبەتیی وەك خواجە ئەفەندیی

=عەزیزی وەسمان ئاغا، هەروەها وەك عەلیی باپیر ئاغا دەگێڕێتەوە – لەلای شێخ ئەولای هەولێریی دەستگیربووە. هەر خۆی – لەلای حەبەزبوز – دەبێژێت، ساڵی ١٣١٧ / ١٩٠١ز، سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم، باب و مام و خزمانی داوەت کردووە بۆ ئەستەنبووڵ. (زێوەر دەگێڕێتەوە، دوای سێ مانگ لەگەڵ حەفید زادە مەحموود گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانیی).

پتر گووتوویێتی؛ ساڵانی ١٣٢٢ – ١٣٢٣ر/ ١٩٠٦ – ١٩٠٦ز لە نێوچەی سلێمانیدا دووجار بەگژ دەسەڵاتی عوسمانییدا چووە. (هێندێ نووسین دەبێژن لەسەر بەگژداچوونی خێڵی جاف و هەمەوەند بووە. جارێ یێکەم لە سەردەشت و جاری دووەم لە گوندەکانی سلێمانییدا خۆی ون کردووە).

هەواڵی – پتر بۆ حەبەز بووز – گێڕاوەتەوە کە، ساڵی ١٣٢٤ر/ ١٩٠٩ز والیی مووسڵی عوسمانیی، باب و مام و خزمانی بانگهێشت کردووە بۆ مووسڵ و لە ئەوێدا پیلانێکی دەست کرد خوڵقاوە – سەرچاوەی ئینگلیزیش باسی کردووە – بە هۆیەوە شێخ سەعیدی بابی و هێندێ لە خزمانی و سیی تا پەنجا کەسی لایێنگیریان کوژراون و خۆیشی بە بریندارییەوە ڕستگاری بووە و بەڕێگەی کەرکووکدا هاتووەتەوە بۆ سلێمانیی! (عەبدولمونعیم غولامیی شایێتی حاڵ نووسیوییێتی: ڕووداوەکە لە ١٩٠٩/١٢/٤دا بووە (کونسۆڵی ئینگلیز دەبێژێ لەنیوە ڕۆژی سێشەممە ١٩٠٩/١/٥دا بووە).

بەڵگەنامەی ئینگلیزیی دەگێڕێتەوە، دوای قەوماوەکە، لەنێوان حوزەیران – کانوونی یێکەمی ١٩٠٩دا، شێخ مەحموود بە پشتیوانیی خێڵی هەمەوەند کەوتووەتە دەست لێ وەشاندنی نێرووەکانی لەشکری عوسمانیی لە نێوچەی خۆیدا. (بەهۆی قەماوەکەی بابیەوە – کە جێگەی گرتووەتەوە – ناوبانگی پتر بووە).

هەر خۆی دیسان – بۆ حەبەبووز – دەگێڕێتەوە؛ وەك کەسێکی موسڵمانی نێودەوڵەتی عوسمانیی، لە (١ . ج . گ)دا و لەگەڵ لایێنگرەکانی کورد – هێندێ سەرچاوە بەهەزار تا هەزار و پێنجسەد کەسیان خەملاندووە – لە شەڕی شعێبە؛ ١٩١٥/٤/١٢دا، دژی بریتانیا جەنگاوە و دوای شکستی لەشکری عوسمانیی لە شەڕەکەدا، بەبریندارییەوە گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانیی!

ئەحمەد بەگ تۆفیق بەگ دەگێڕێتەوە؛ بەر لە ئەوەی بریتانیا باژێڕی کەرکووك داگیربکات – ١٩١٧/٥/٧، لەگەڵ شێخ مەحموود نامەیان بۆ سەر فەرماندەی نێرووەکانی بریتانیا ناردووە و گوتوویانە: (بریتانیا بۆیی هەیە چاودێری نێوچەکەیان بێت بەمەرجێ ئیدارەکردنی وڵاتی کوردان بەدەست نیشتیمانپەروەرانی کوردەوە بێت).

سەرفەرماندەی باس کراو، ئا تێ. وێڵسن A. T. Willson جەخت بۆ ئەو هەواڵە دەکات و دەبێژێت؛ کارێکی ئەوتۆی پێ پەسەند بوو، بەڵام بەر لە ئەوەی بەیاننامەیێ لەئەو بارەیەوە



=بڵاو بکاتەوە، لە ١٩١٧/٥/٢٤دا، لە کەرکووك کشانەوە و تورکان باژێڕەکەیان گرتەوە و نێرووەکانیشیان نارده سەر سلێمانیی و شێخ مەحموود و چەند ناسروێکیان گرت.

چەند سەرچاوەیێکی دیکە دەگێڕنەوە؛ شێخ مەحموود ڕەوانەی دادگەی سەربازیی مووسڵ کراوە و حوکمی خنکاندنی دراوە، بەڵام لەبەر هێندێ مەڵامەتی سیاسیی و پێ ویستیی عوسمانییێکان بە جەنگاوەرانی کورد لێ بوردنی خۆی و ناسراوەکانی دەرچوو.

خۆی – بۆ حەبەزبووز – دەگێڕێتەوە؛ دوای ئەوە، تورکان دەسەڵاتی سەرپەرشتیی هەموو نێوچەکەیان پێ داوە و چووەتە کۆڕی جەنگیشەوە لە دژی لەشکری ڕووس کە لە سنوورەکانی باکووری ئێران و کوردستانی خۆرهەڵاتەوە پەلاماریان هێنابوو. (بەڕۆشنایی چەند سەرچاوەیێ، ڕووس لە نێوان س ١٩١٦ – ١٩١٧دا بە کوردستانی هۆرهەڵاتدا هاتن و مەهاباد، مەریوان، خانەقین، پێنجوینیان داگیرکرد – لە ٣٠ / ٥ / ١٩١٧دا باژێڕۆکی پێنجوین، هەروەها ئەو سەرچاوانە دەش بێژن، تورکانی عوسمانیی، هەروەك ڕووسەکان، لەبریی ساریش کردنی زامەکانی خەڵکی کوردستانی لێ قەوماو و تاڵان کراو و برسیی، هەمان ڕەفتاریان نواندووە و ئەوەش برینێکی قووڵی لە دڵ و دەروونی حەفید زادەدا هەڵ کەند).

سەرچاوەی دیکە دەگێڕنەوە؛ کە پەیمانی ئاگربڕ – مۆدرۆس Mudros – لە ١٩١٨/١٠/٣٠دا مۆرکرا، عەلیی ئیحسان پاشای سەرفەرماندەی لەشکری شەشی عوسمانیی، فەرمانی داوە کە سەربازگەی سلێمانیی و کاروباری کارگێڕیی باژێڕەکە لەژێر سەرپەرشتیی حەفید زادەدا بن و بەناوی دەوڵەتی عوسمانییەوە – وەك قائیمقام – کارگێڕی بێت. (عەلیی ئیحسان پاشا لە ١٩١٨/١٠/١دا بارەگەی لە مووسڵدا داخست و لەدوای ئاگربڕەوە هەر مایەوە تا ناچار کرا لە ١٩١٨/١١/١٠دا باژێڕەکە چۆڵ و ڕوو لە باژێڕ و نێوچەکانی نیسبین و هەکاریی کوردستانی باکوور کرد.

عەبدوڕڕزاق ئەلحەسەینی دەگێڕێتەوە؛ لە ئەو هەلانەدا شێخ مەحموود بۆ دووەم جار، نامەی ناردووەتە کن سەرفەرماندەی نێرووەکانی بریتانیا و دووبارە ڕای گەهاندووە؛ ئامادەیە گوێ ڕایێڵی ماددەی شازدەی پەیمانی ئاگربێت بەمەرجێك کوردستان لەنێو نەتەوە ئازادەکاندا بناسرێت.

بەڕۆشنایی ئا. تێ. وێڵسن A.T. Willson و هوردبوونەوەیشم، لە ١٩١٨/١١/١٦دا بەڕێگەی قەرەداخدا – فەرمانڕەوای سیاسیی بریتانیا لە نێوچەی کەرکووکدا، مێجەر نوییێل E.W. Noiel هاتووتە سلێمانیی و لە ١٩١٨/١١/١٧دا. ئاهەنگێکی جەماوەریی سلێمانییدا گوتاری داوە و ئاشکرای کردووە:

(بەفەرماییشتی فەرمانڕەوای گشتیی بریتانیا لە عێراقدا، مژدەتان دەدەمێ کە ئیدی سەربەخۆن و شێخ مەحموود حوکمداری کوردستانە)*



کوردیکا
@kurdica

=ئا. تێ. وێڵسن A.T.Willson خۆی باس دەگێڕێتەوە کە لە ١٩١٨/١٢/١دا چووەتە دیدەنیی سلێمانیی و لەگەڵ شێخ مەحموود و چل سەرخێڵی کوردستان – هەروەها چەند سەرخێڵێکی کوردستانی خۆرهەڵات – کۆبووەتەوە و هەردوو لا، دوو بەڵگەنامەی دڵنیاییان مۆر کردووە** (ئەم کارە وەك باوەڕکردنێکی ڕەسمییانە بوو بەحەفید زادە و فەرمانڕەوایی).

حوکمداریی – فەرمانڕەواییێکە – بە فەرمانی وێڵسن A.T.Willson سنووری لە زێی گەورەوە تا دیالیی بووە و – کەرکووك و کفری لێی دەرهاوێژراوە – مێجەر نوییێلش Noielش بەڕاوێژکاری حوکمدار ناسراوە؛ (حوکوومەتی یێکەمی کوردستانی باشوور – حوکمدارییێکە – بێ کابینەی وەزارەت، بێ بودجەی ساڵانە و گشتیی، بێ بەرنامەیێکی دیار بۆ گۆڕینی باری سیاسیی و ئابووریی و ڕۆشنبیریی و کۆمەڵیی بووە... ئەویی لێ دیارە – وەك نامەیێکی ڕەسمی حوکمدار بەڵگەیە – مەبەستی؛ (نەشری عیلم و فونوون و تەرویجی ئەحکامی شەریعەتە و خیدمەت و موحافەزەی ئایینی ئیسلامییە و لە ژێر حیمایەی دەوڵەتی فەخیمەی بریتانیا دەست بەکارە).هەروەها ئەویی لێی دیارە، دەزگەیێکی پچووکی موتەسەڕڕیفییەتیی کورد و لەشکرێکی پچووکی کورد بەناوی لیڤی – و بەسەرپەرشتیی ئەفسەرانی ئینگلیز پێك هێنراون و کارگێڕە تورکەکان و هاوتایان پاك کراونەتەوە و زمانی کوردیش بووە بەزمانی ڕەسمیی دەزگەکان و حوکمداری کوردستانیش مووچەیێکی پازدە هەزار ڕوپیەیی بۆ بڕاوەتەوە).

وێڕای ئەم بارە ناتەواوە – کە هەرگیز لەگەڵ چوونە پێشەوەی ئاشتیی خوازانەی کورد و حوکمدار و هیوای دوای ڕۆژیان نەگونجاوە – ئەم حوکوومەتە لەلای خەڵکی ستەم لێ کراو و =ڕزگاریی خوازی کورد، هەر ڕێز لێ گیراو و مایەی شادیی بووە! لەلایێکی دیکەوە بنچینەی خانەدانی حەفیدزادە و خەباتی سیاسیی و ئازایێتیی خۆیشی، پتر پتەو و بەهێز بووە.

لە ئەم هەڵانەدا وەك گەلێ سەرچاوەی مێژوویی و بەڵگەنامەی ڕەسمییانەو و نهێنییانەی بریتانیا ئاشکرایان کردووە – بریتانیا لە هێزگرتن و پەرەسەندنیی حوکمدارییێکە گەلێ ترساوە، بۆیێکا دەستی داوەتە پیلان و گێچەڵ کردن بە حوکمدارییێکە و هەر بۆ ئەم مەبەستەی گەرماو گەرم لەسەرەتای شوباتی ١٩١٩دا کەوتووەتە خۆی و ئەوپەڕی ئامانجیشی هەڵ گێڕاندنەوەی حوکوومەتی کوردستان و چەسپاندنی دەسەڵاتی سیاسیی و سوپایی داگیرخوازانەی خۆوڕاستانی بووە لە کوردستاندا. لە ئەو پێناوەدا، لەلایێکەوە بەبیانووی گەشت کردن بە کوردستانی باکووردا، لە ١٩١٩/١/١دا نۆییێلی ڕاوێژکاری حوکمداری کوردستان دوورخستەوە. لەلایێکی دیکەوە لە مارتی ١٩١٩شدا مێجەر سۆن E.B.Soaneی توندوتیژ و ئاشنای کورد و کوردستانی لە شوێنی دانا ئەم پیلانانە بۆ خەڵکی بەهیوا، چ بۆ حوکمداری کوردستان دژوار و ناپەسەند بوو، بۆیێکا – وەك زۆر بێژراوە – حوکمداری کوردستان حەفید



=زادە مەحمود، چارێکی دیکەی نەمابوو لە شۆڕش بە ئەولاوە تا ڕای بگرێت و سنووری تەواوەتیی حوکمدارییێکەی و دەسەڵاتی سەرکردەیی خۆیشی بەسەر بریتانیادا زاڵ بکات.

بە ئەم پێیە لە ١٩١٩/٥/٢٠دا، کڵپەی شۆڕش لە سلێمانییدا کارگێڕە بریتانیاییێکانی گەمارۆدا و دیلی کردن! یێکێ لە ئامانجە گەورەکانیش ئازادکردنی باژێڕی (کەرکووك) بوو کە حەفید زادە بە لەشکرێکی پچووکەوە – دەبێژرێت سێسەد سوارەیێ بووە – ڕێگەی گرتە بەر. بریتانیاش بەنێرووی هەوایی و هەموو توانایێکی نێرووی زەمینیی و هاریکاریی هێندێ کوردی بەکرێ گیراو، لە (دەربەندی بازیان) و ڕۆژی ١٩١٩/٦/١٨دا بەرەو ڕووی شۆڕشگێڕان و حەفید زادەی سەرکردە بووەوە و سەرئەنجام لە شەڕێکی نابەرامبەردا (یێکەم شۆڕشی کوردستانی باشوور) نوشوستیی هێنا، حەفید زادە مەحموودی سەرکردە و حوکمداری کوردستان بەبرینداریی دیل کرا و بەقۆڵ بەستیی ڕەوانەی دادگەیێکی سەربازیی بریتانیایی لە بەغدادا کرا، لەلایێکی دیکەوە سلێمانییش لە ١٩١٩/٦/٢٣دا بە یێکجاریی کەوتە بن دەسەڵاتی سوپای بریتانیاوە.

دوای داوەرییێکی ناڕەوایانە، لە ١٩١٩/٧/٢٥دا حوکمی خنکاندن بەسەر (حوکمداری کوردستان) حەفید زادەدا درا، بەڵام کاربەدەستە گەورەکانی (لۆندۆن) ناچاربوون بڕیارەکە بگۆڕن بۆ (دە) ساڵی بەندیی لە دوورگەی (ئەنداامان Andaman)ی هێندوستاندا: (لە شۆڕشەکەدا دەیان جەنگاوەری گیانفیدای کورد و کوردستان شەهید کران یا گیران، یا ئاوارە بوون، هەروەها گەلێ کەس و کابانەکان و منداڵانی حەفید زادەش ئاوارەی کێوان و پەرەوازەی ئێران و تورکیا بوون و ماڵ و ماڵاتیشیان بەتاڵان چوو).

دوای داگیر بوونی سلێمانیی، مێجەر سۆن Soaneیش – لە سەفەری تایبەتیی – گەڕایەوە و ئەو کاتەش لە هەموو نێوچەکاندا هەرچیی جم و جووڵێکی سەربازیی هەبوو، کۆتایی پێ هات بوو... ئیدی بەناوی بریتانیاوە، فەرمانڕەوایی سۆن Soane و دوای خۆیشی مێجەر گوڵدسمیت Goldthimis بەسەر باژێڕەکە و نێوچەکانی سلێمانیی، لە قەڵادزێ ڕاوە تا کفریی، سەپێندرابوو.

(لە ماوەی بەندیی و ئاوارەیی حوکمداری کوردستان، گەلێ ڕووداوی سیاسیی گرنگ کە پێوەندییان بە چارەنووسی کورد و کوردستانەوە، هەروەها بە ئازادبوون و گەڕاندنەوەی حەفید زادە مەحموود خۆیەوە هەیە، قەومان ... ئاشناکردنی هێندێکیان پێ ویستە:

١- لە ١٩٢٠/٨/١٠دا هاوپەیمانەکانی (پەیمان سەڤەر Sêvres یان بەسەر تورکدا سەپاند. ماددەکانی ٦٢، ٦٣، ٦٤ لەمەڕ چارەنووسی گەلی کورد بوو، باسی خودموختارییان هێنایە مەیدانی سیاسەتی وڵاتانەوە و تەنانەت ماددەی ٦٤یشی دەرگەی بۆ جوێ بوونەوەی کوردستانی خستە سەرپشت).

=٢- له ١٩٢١/٣/١٢دا به سەرۆكایێتیی وەزیری وڵاتە داگیركروەكانی بریتانیای مەزن؛ وینستۆن چەرچیل W.Churchill (كۆنگرەی قاهیرە) دەست پێ كرا بۆ لێ كۆڵینەوە لە كێشە و باسەكانی دەوروبەر و یێكی لە بابەتەكانیشیاندا؛ بابەتی كورد و كوردستان بوو! م. ر. هاوار بەوێنە بەڵگەنامەیێكی نوێنەری باڵای بریتانیا لە عێراقدا – دووای وێڵسن – سێر پێرسی گۆكس Sir Percy Coxی خستووەتە ڕوو كە گوتوویێتی؛ (دوو باسی سیاسیی خرابووە پێش چاو:

١- یا نێوچەكانی كورد بلكێندرێن بە عێراقەوە و بە بەشێكی نێودەسەڵاتی حوكوومەتی عێراق بژمێردرێن!!

٢- یا لاییێنگیریی جوێ بوونەوە و سەربەخۆیی كورد بكرێت!!

م. ر. هاواری لێ كۆڵی مێژوو، بەڕۆشنایی نووسراوی مێژوویی، بەڵگەنامەی بریتانیایی، لێ كۆڵینەوەی نووسەرانی دیكە ئەنجامی كۆنگرەكەی ڕاست لەیێك داواتەوە و دەبێژێت؛ (كۆنگرەی قاهیرە چ پێوەندیییێكی بەمافی كورد و دووارۆژیەوە نەبوو، كاری بۆ كرد پشتگوێ بخرێن... فەیسەل هێندرا و داندراو بە پاشای عێراق و هوردە هوردە چاڵ بۆ پەیمانی سەڤەریش هەڵ كەندرا و لە (پەیمانی لۆزان Lusane)دا نێژرا.

٣- لە ١٩٢١/١٠/٢٥دا، حوكوومەتێكی دەمەكیی عێراقی عارەبدا و بە چاودێریی بریتانیا پێك هات. فەیسەڵ داندرا بە پاشای ئەم دەوڵەتە – حوكوومەتە داتاشراوە.

٤- لە كوردستانی باشووردا – لەلاییێكەوە بە هاندانی تورك و لە پێشیەوە بەگیانی نەتەوەییەوە – كرد و كۆشی چەكداریی، خەباتی سیاسیی نهێنیی گڕیان دیاربوو، لە هەمان هەل و هاوینی ١٩٢١دا. پەلاماری لەشكری تورك لە كوردستاندا و بۆ دەرپەڕاندن و جێگە پێ لێژكردنی بریتانیا، پەرەی سەند... بریتانیاش خۆی لەشەڕ لادەدا، بە ڕادەیێك باژێڕۆكەكانی (رواندز، ڕانیە) كەوتنە چنگی لەشكری تورك و خێڵە كوردەكانی لاییێنگیریەوە. هەروەها پرۆپاگەندەی توركان تا دەهات تاووتینی دەكشا و دۆستانی بریتانیاش – لە كوردستاندا – دەتۆقان!

لە لاییێكی دیكەوە، لە ساڵی ١٩٢١دا كۆششێكی سیاسیی گەرمی بریتانیا بۆ لكاندنی تەواوی كوردستانی باشوور بە عێراقی عارەبەوە، سەری نەگرت و ئەگەر فێڵێكی زۆریشی بۆ بەكاربرا، زۆربەی جەماوەری كورد، بەتایبەتیی سلێمانیی هەرە ناڕازیی بوون).

بریتانیا جارێكی دیكەی نەمابوو كە بۆ دوورخستنەوەی ئەو مەترسیيانەی بەرەو ڕووی هاتوون، هەر ڕەفتاری سیاسیی بەكار ببات و لەنێو كوردیشدا كەسێكی لێ هاتوو، هەڵ كەوتووی نەدیتەوە. بۆیێكا ناچار بڕیاری دا حەفید زادە مەحموود ئازاد بكات و بگەڕێتەوە بۆ كوردستان. بە ئەو پێیە، حەفید زادە ئازاد كرا و بە پاپۆڕ لە هیندوستانەوە ڕۆژی ١٩٢٢/٩/١٢ گەهیشتە بەغداد و دوای ڕابواردنی هەفتەیێك و دیدەنیی نوێنەری بریتانیا و پاشای عێراقی عارەب، لە



=١٩٢٢/٩/٣٠دا. گەهیشتەوە سلێمانیی (ڕۆژنامەی بانگی كوردستان) دەگێڕیتەوە: (فەرمانڕەوای سیاسیی بریتانیا لە سلێمانییدا؛ مێجەر گوڵد سمیت Goldsmith ڕۆژی ١٩٢٢/٩/٥ دەسەڵاتی كارگێڕیی و كلیلی گەنجینەی دارایی و بارەگەی سەربازیی داوەتە دەست "ئەنجوومەنی میللیی سلێمانیی" كە شێخ قادری برای حەفید زادە سەرۆك كاری بووە. نێرووەكانی بریتانیا و ئەفسەر و كارگێڕەكانیان هەموو، لە هەمان ڕۆژدا باژێڕەكەیان چۆڵ كردووە).

حەفید زادە مەحموود كە هاتەوە بۆ سلێمانیی وەك پێشوازیێكی نەتەوەیی لە ئامێزی گرت، هاتەوە سەر زەوییێكی سیاسیی كەم ناسراوی، بەڵام وێرا لە ١٩٢٢/١٠/٩دا دەسەڵاتی گرتە دەست و لە ١٩٢٢/١٠/١٠دا (بە ناوی حوكمداری كوردستان)ەوە كابینەی دووەم حوكوومەتی كوردستانی پێك هێنا و – وەك ڕۆژی كوردستان بەڵگەیە لە نیوەی هەمان مانگەوە خۆی بە (مەحموود – مەلیكی كوردستان) ناساند.

لە بەیاننامەی ١٩٢٢/١٠/٩دا – فەرمان ژ: ١ – دەبێژێت؛ (مووەففەق هاتوومەتەوە. لە ئەمڕۆوە دەستم كرد بە تەدویری پەروانەی حوكوومەت و موحافەزەی مەوجوودییەت و ئیستیقلالییەتی كوردستان!

ئەی میللەتم، ئەمین بن كە زامن و سەعادەت و مووەففەقییەتی ئەقوام، ئیتتیحاد و ئیتتیفاقە و میللەتێ كە خوێنی ڕژتبێ بۆ حەققی خۆی، قەتعییەن مەحرووم و ئەسیر نابێ و قەراری عالەمی مەدەنییەتیش ئەمەیە، كە هەر قەومێ و هەر عونسورێ، خۆ بە خۆی ئەبێ ئیدارە بكا).

لە ئەم سەردەمەدا، لەشكر و فێرگەی سەربازیی ڕێك خراو ئاوەدان كرایەوە. ئاڵای كوردستان هەڵ كرا. ڕۆژنامەی زمان حاڵ (ڕۆژی كوردستان) بڵاوكرایەوە. كارگێڕەكانی دەزگە جۆر بە جۆرەكان، بە فەرمانی خۆی دامەزراند، زمانی كوردیی – لە بارگەی خۆیەوە – تا دەزگەكان و قوتابخانەكان – هێندێكیان بۆ یێكەم جار ئاوەدان كرانەوە – كوردیی بوو. (ئەم حوكوومەتە كارامەترە لە حوكوومەتی یێكەم بە ڕاستیی لەبەر دەم بارێكی دژوار و ناسكی نێوخۆیی و نێودەوڵەتییدا بوو. گەلی كورد و مەلیكی خۆی، بەهیواوە دەیان نۆڕیە جێ بە جێ بوونی (پەیمانی سەڤەر). لە بەرامبەریشەوە، بریتانیا – هەروەها حوكوومەتی عێراقی عارەبی بنیات نراوی – وەك تورك، چاویان لە پووچەڵ بوونی پەیمانەكە و بردنەوەی كێشەی – بەناو هەرێمی مووسڵ – كوردستانی باشوور بوو تا بەر یێكیكیان بكەوێت. دیاریشە هەر ڕەفتارێكی ئەوان لەگەڵ حوكوومەتی كوردستان، سیاسەتی فرت و فێڵاویی و دەمەكییانە بوو! لە گەرمەی چالاكیی ئەم حوكوومەتەشدا، هەرە ڕووداوی گرنگ، گرێ دانی كۆنگرەی وڵاتان (كۆنگرەی لوزان – ١٩٢٢/١٠/٢٠) بوو. لە ئەم كۆنگرەیەدا تورك و بریتانیا ڕووبەڕوو بوونەوە... یێكەم داوای هەرێمەكەی دەكرد تا چیای حومرین! دووەم داوای سنوورێكی فراوانتر لە هەرێمەكەی دەكرد!

=بە ئەم جۆرە، کەسیان لە گوتوبێژدا، لە داوای خۆ دانەبەزیی و کۆبوونەوەی یێکەم بێ ئەنجام تەواو بوو.

لە ئەم هەلەدا وەك ڕاپۆرتێکی ڕەسمیی مێجەر نوییێل E.W.C.Noiel بۆ نوێنەری بالآی بریتانیا لە عێراقدا نیشانی داوە — نامەکەم. هاوار بلاّوی کردووەتەوە — شێخ مەحموود بەهیچ شێوەی قاییل نییە، دەسەلاّتی عێراقیی بەسەر کوردستاندا زالّ بێت. کەچیی هەر لە ئەم هەلانەدا — بەفێلّ چ بریتانیا و عێراقی عارەب، بەیاننامەیێکی ڕەسمییان بلاّوکردەوە گۆیا؛ (قاییلن لە سنووری عێراقدا، حوکوومەتێکی کورد دابمەزرێت و چاوەنۆڕە نوێنەرانی کورد بگەنە بەغداد تا ڕێگە و شوێن و هاریکارییان بۆ بنوێندن***).

ڕاستیییێکەی لە چەند سەرچاوەدا باس کراوە کە مەلیکی کوردستان چەند جارێ نوێنەر و نامەی هەناردووەتە کنیان و هەر جارەش دەستییان پێ کراوە و وەلاّمێکی ڕاستیان چنگ =نەخستوون.لە پالّ ئەم ڕووداو باسانەشدا، حەفید زادە مەحموودی مەلیکی کوردستان، لەسەرەتای مانگی کانوونی دووەمی ١٩٢٣دا فەرمانی هەلّ کردنی ئالاّی کوردستانی لە (ڕانیە) داوە، هەر لە ئەو هەلانەشدا، تورکیا کۆششی خۆ نزیك خستنەوەی دەکرد. لە ئەم کاتانەشدا؛ (کۆنگرەی لوزان) لە ١٩٢٣/٢/٤دا ئەنجامەکەی بە ئەوە شکاندەوە بریتانیا و تورکیا ڕێك کەوتن، کێشەی — بەناو هەرێمی مووسلّ — لە بەرنامەی کۆنگرەکەدا دوور بخرێتەوە و هەلی یێك سالّی بدرێتێ تا (هەردوو حوکوومەت، خۆوڕاستان ڕێك بکەون، خۆ ئەگەر ڕێك نەکەوتن، ئەوە ناکۆکییێکە دەخرێتە بەردەم کۆمەلّی گەلان و لە ئەم ماوەیەشدا بارەکە — بێ چارەسەرێ — هەروەك خۆی دەمێنێتەوە و پێ ویستە هەردوو لاش ڕێزی لێ بگرن).

لە سەرەتاکانی مانگی شوباتی ١٩٢٣دا تورکیا، ئەفسەرانی نوێنەری خۆی ناردە کن مەلیکی کورستانی هاوئاییینیەوە لە دژی بریتانیا — بەسەرزاریی گفتی کۆمەکیی و پشتیوانیی دەدا بەگوێ دا. هەر بۆییێکا مەلیکی کوردستان لە ١٩٢٣/٣/٢١دا دەستەیێکی سێ ئەندامی نارد بۆ (ئەنکەرا) بۆ گوتوبێژکردنی سیاسیی، بەلاّم — تا دوای دووەم شۆڕش — نوێنەرەکانی بەدەستی سپیی گەڕانەوە. لە هەمان هەلدا، لەشکری تورکیا لە نێوچەی (جزیرە/ کوردستانی باکوور)دا خۆی گورج دەکردەوە و هەڕشەی کشاندی لە نێرووەکانی بریتانیا دەکرد. وێڕاش پڕوپاگەندەی تورکان، هەروەها ڕەفتارێکی مەلیکی کوردستان و جم و جوولّی هێندێ نێوچەی دەرەوەی دەسەلاّتی حوکوومەتی کوردستان — وەك کەرکووك — هەموو کارمەند و لایێنگرەکانی بریتانیایان شپرزە دەکرد.

ئەحمەد تەقیی — کوردی سلێمانیی — ئەندامێکی ڕاسپێردرا و بۆ گوتوبێژ لەگەلّ مەلیکی کوردستان، لە یاداشتی خۆیدا دەگێڕێتەوە؛ (شێخ مەحموود دەستی لە ئینگلیز شوشت بوو، چاری نەما بوو کە لە تورك نزیك ببێتەوە، بەشکو هەر هیچ نەبێت — ئەگەر کوردستانی



=باشوور خرایە پالّ تورکیا — بکرێت بەوالیی کوردستان). ئەدمۆندز C.J.Edmonds ئەفسەری سیاسیی بریتانیا — تاوانباری جەنگ بەرامبەر بە کورد — دەگێڕێتەوە کە دلّنیان شێخ مەحموود لە سەرەتای مانگی مارتی ١٩٢٣دا شۆڕش دەگێڕێت و ئازادکردنی باژێڕەکانی کەرکووك و کۆیەش نیشانەی یێکەمی دەبن).

بە ئەو ڕۆشناییە، هەر لە نیوەی کانوونی دووەمی ١٩٢٣ ڕاوە کاربەدەستەکانی بریتانیا لە عێراقی عارەبدا، کەوتنە خۆ و پیلان چنین بۆ بەرهەلّستی ئەو شۆڕشە: پیلانەکان سیاسیی و سەربازیی بوون — وەك ئەدمۆندز Edmonds باس دەگێڕێتەوە و دەبێژێت: داوەت کردنی شێخ مەحموود بۆ بەغداد و بۆ ئەوەش پێنج ڕۆژێکی مۆلّەت دەدرێتێ و ئەگەر نەش چوو، کارکەنارکردنی ئاشکرا دەکرێت. ئەگەر ئەم کارەش سەری نەگرت، بەفڕۆکە و بۆ چۆلّ کردنی سلێمانیی، بەیاننامەی هەڕەشە بلاّو دەکرێتەوە، ئەگەر هەر نەکشایەوە باژێڕەکە بۆردومان دەکرێت. هەروەها نێرووەکانی ((سیخ))ی بەکرێ گیراو بەپەلە ڕادەگوێزتنەوە بۆ کەرکووك تا نێرووەکانی ((لیڤی)) نەستووریی بەکرێ گێراو بەهێزتر بکرێن بۆ بەرهەلّستیی هەر پەلاماری).

پیلان و تاوانی بریتانیای دوژمن کەوتە گەڕ کە لە سەرەتادا و ڕۆژی ١٩٢٣/٢/٢٩دا، بەیاننامەی هەڕەشەی بەسەر سلێمانییدا هەلّ ڕژت کە داوای چۆلّ کردنی سلێمانیی دەکرد، هەروەها بۆ تۆقاندن دوو بۆمبایشیان دا بە باژێڕەکەدا.

حەفید زادە مەحموود مەبەستی بوو بەری تاوانی دوژمن بگرێت، لەلاییێکەوە کۆششی ئاشتیی خوازانەی کرد کە بەر لە چۆلّ کردنی سلێمانیی، دەستەیێکی بەسەرۆکاییێتیی شێخ قادری برای ناردە کەرکووك تا لەگەلّ کاربەدەستەکانی بریتانیا گوتوبێژ بکات و بەری خوێن ڕژتن بگیردرێ، بەلاّم بریتانەکان سووربوون بۆ کارکەنارکردنی حەفید زادە، هەروەها چۆلّ کردنی سلێمانیی. سەرئەنجام حەفید زادە شەوی ٣-٤ /١٩٢٣/٣، بارەگەی فەرماندەیی و کارگێڕیی مەملەکەتی کوردستان و چاپخانەکەی ڕاگواستەوە بۆ ئەشەکوتی جاسەنە/ سلێمانیی. لە بەرامبەریشەوە بریتانیای دوژمن بێ بەزەییانە، کەوتە بەکاربردنی نێرووی هەوایی و لەشکری پیادە و بەتوندیی لە هەموو نێوچەکەدا خوێنی کوردی ئازادیی خواز و بێ گوناهی ڕژت و باژێڕی سلێمانیشی بۆمباردومان کرد. بە ئەم جۆرە شۆڕشی دووەمی کورد لە پێناوی مافەکانی گەلێکی چەوساوەدا دەستی پێ کرد: وێڕای ئەوپەڕی توندوتیژیی و چالاکیی دوژمن — ڕواندز و کۆیە و ڕانیەیشی لە تورکان و لایێنگرانیان سەند بووەوە — ئەوجا لە ١٩٢٣/٥/١٦زدا چەند نێروویێکی توانیی بگاتە سلێمانیی و دەزگەکەکان بخاتەوە گەڕ.لە ئەو مەودایەشدا حەفید زادەی مەلیکی کوردستان و فەرماندەی گشتیی لەشکری کوردستان، پەڕیی بووەوە نێوچەی (پیران) و ئیدی لە ١٩٢٣/٥/٢٨دا نێرووەکانی بریتانیا توانییان بەتەواویی بەسەر سلێمانییدا زالّ بن و جێگیربن!

=هەر دەمودەستیش ڕۆژی ١٩٢٣/٥/٢٩، (سەروەزیرانی عێراقی عارەب) و ڕۆژی ١٩٢٣/٦/٢ (نوێنەری باڵای بریتانیا)ش گەهیشتنە باژێڕەکە و لەگەڵ پیاوە ناسراوەکان کەوتنە گوتوبێژ تا کاریٚ بکەن (سلێمانیی بە عێراقی عارەبەوە بلکێندرێت). ئەم کارەیشیان سەری نەگرت، ئەگەرچیی لە ١٩٢٣/٦/١١دا، بەفەرمانی کارگێڕی سیاسیی لەشکری بریتانیا، ئەدمۆندز Edmonds و بەسەرۆکایێتیی شێخ قادری حەفید (تەشکیلاتی حوکوومەتیی) داتاشرا کە ئەمەش – وەك گوتوبێژەکان – بڕی نەکرد و بەری نەگرت و بەفوویێك سەرۆکی و ئەندامەکانی وێکڕا (دەستبەرداریی/ ئیستیقالە)یان دا، تەنانەت – وەك شێوە پیلانێکی سیاسی بۆ خۆپاراستن =لە تەڵەی شەڕی دژوار – نێرووەکانی بریتانیا، هەروەها لایێنگریان و کەسانی ترساوی شەڕ، لە ١٩٢٣/٦/١٧دا سلێمانییان چۆڵ کرد و بەپەلە پرووزکیٚ خۆیان گەهاندە کەرکووك. (ڕۆژنامەی ژیان ڕۆژی ٦/١٧ی بە "ڕۆییشتنە عومومیییێکەی ناساندووە!" ئەو ڕۆژە دەمودەست شۆڕشگێڕان بەسەرکردایێتیی کەریم بەگی هەمەوەند، هاتەوە نێو سلێمانیی و ئەوجا لە ١٩٢٣/٦/٢٦دا مەلیکی شۆڕشگێڕی کوردستان هاتەوە سلێمانیی پێتەخت و سەرلەنویٚ ((تەشکیلاتی حوکوومەت))ێکی نویٚ و ڕۆژنامەی زمانحاڵی نویٚ (ئومێد ئیتسیقلال)ی دامەزراند، تەنانەت بۆ کاروباری نێوخۆیی دەزگەکان، سیٚ جۆر ((پوول))ی ڕەسمیی ((حوکوومەتی کوردستانی جونووبیی)) چاپ کردا.

ئەحمەد خواجەی تێکەڵی شۆڕش و نووسەری مەلیك، نووسیوییێتی کە دوای دەسەڵات گرتنەوەی مەلیکی کوردستان؛ (یاسا و شەریعەت لە کاردا بوو. ژیان بەئاسوودەیی دەبرایە سەر و ڕۆیشتووەکان هاتنەوە سلێمانیی و حوکوومەتێکی پوختی تازەی کوردستان دامەزرایەوە. ئیش و کاری خەڵك بە باشیی بەڕێگەوە دەبرا و کەس لە کەس نەدەکەوت).

لە ئەم سەردەمەدا، ماکینەی پیلانی بریتانیای دوژمن، خێراتر لە گەڕدا بوو... لەلاییێکەوە بەنهێنیی، لە تورکیای کەمالیی پتر نزیك دەبووەوە. لە سەرێکی دیکەوە دام و دەزگەکانی مەملەکەتی عێراقی عارەبی بەهێزتر دەکرد و وێکڕاش کرد و کۆشیان بوو بۆ (لکاندنی باژێڕ و قەزا و ئاواییەکانی کوردستان بەعێراقی عارەبەوە). هەروەها بە نهێنیی و ئاشکرا، خێڵەکانی کوردیان لەخۆ نزیك دەکردەوە و لە (مەلیکی کوردستان)یان دادەبڕین. سەرئەنجام (پەیمانی لوزان) لە ١٩٢٣/٧/٢٤دا هاتە دی و (پەیمانی سەڤەر)ی زێندە بەچاڵ کرد و چارەنووسی گەلی کورد و کوردستان ڕووی لە تاریکیی کرد.

بۆ ناسینی وێنەیێکی نهێنیی بیروباوەڕ و پیلانەکانی بریتانیا، ئەم بروسکەیەی نوێنەری باڵای بریتانیا لە عێراقدا کە لە ١٩٢٣/١٠/١دا ناردوویێتی بۆ چەرچێل W.Church شایانی لیٚ ڕامانە... دەڵێت (وەهابزانم دەتوانین زۆر بەئاسانیی و بەشێوەییێکی باش، کێشەی سنوور لەگەڵ تورکان چارەسەر بکەین ئەگەر بێت و ئێمە، تورکان دڵنیا بکەین کە بارەکان گۆڕدراون و



=سەربەخۆیی کورد بەپێی ((پەیمانی سەڤەر)) وازی لیٚ هێندراو ئەمێستە ئێمە خەرێکی ئەوەین کە هەموو نێوچەکانی کورد بەیێکجاریی بخەینە سەر عێراق). (بروسکە – بەڵگەنامە – ی ئینگلیزیی بڵاوکراوەی م. ر . هاوار).

ڕۆشناشە، ڕۆژ بە ڕۆژ بریتانیا – ئەو بیروباوەڕ و پیلانانەیەوە – لاپەڕەکانی داگیرکاریی خۆی، بۆ ئامانجێکی دووربڕ جیٚ بە جیٚ و هاریکاری تەواوی مەملەکەتی عێراقی عارەبی دەکرد. بۆ =ناسینی وێنەی ئەو پێوەندیی و پشت ئەستووریە، لە ١٩٢٤/١/٢٠دا مەلیکی عێراقی عارەب فەیسەڵ – ئاڵای مەملەکەتەکەی لە کەرکووکدا هەڵ کرد، زۆریشی نەبرد – بەبیانووی پووچەوە – فڕۆکەکانی بریتانیا لە مانگی مارتی ١٩٢٤ بە دوواوە، کەوتنە بۆمباردوممانی نێوچەکانی لایێنگرەکانی مەلیکی کوردستان، تەنانەت لە نێوان ٢٦ – ١٩٢٤/٦/٢٨دا بۆمباردومانی سلێمانییان کرد و (مەلیکی کوردستان) ناچار لە ١٩٢٤/٦/٢٠دا باژێڕەکە چۆڵ و ڕوو لە نێوچەی (قەرەداخ) بکات!

هەڵبەت بڕیاری تەواوی بریتانیا و عێراقی عارەبی دەستکردی خستنە ژێر باری هەموو کوردستان و کەوتنی حەفید زادە مەحموودی مەلیکی کوردستان بوو، بۆیێکا نێرووە هەواییێکان پیادە و بەکریٚ گیراوی بریتانیا و چەند پەلێکی سوپای عێراقی عارەب لە ١٩٢٤/٧/١٩دا (پەلاماریی سلێمانیی)ان دا و بەزۆری زۆردارەکیی داگیریان کرد و دەمودەست سەرفەرماندەی نێرووەکانی هەردوو لایان؛ کاپیتان چاپمان A.J.Chapman بەناوی موتەسەڕڕیفی سلێمانییەوە کارگێڕیی داگیرکاریی گێڕا و لە ١٩٢٥/٣/٧زدا جێگەی چۆڵ کرد بۆ نوێنەری ئیداریی مەملەکتی عێراقی عارەب – ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگی هاریکاریان! لە دوا مێژووش لە ١٩٢٥/٢/١٦دا، (کۆمەڵی گەلان!!) لەمەڕ (مادده – ٣)ی باس کراو لەمەڕ کورد، بڕیاری دا؛ (لە حوکوومەتی بریتانیای خاوەند دەسەڵاتی چاودێریی کردنی عێراق داوا بکرێت ئەو تەگبیرە ئیدارییە دڵنیا و زامنانە بۆ دانیشتووەکانی کورد، بخاتە بەردەم ئەنجوومەنەکە – کۆمەڵەکە – کە لیژنەی لیٚ کۆڵینەوە لە دوا ئەنجامدا حوکمی ئیدارەییێکی نێوچەیی/ نێوخۆیی ڕاسپاردبوو).

هەر ئەم کۆمەڵەی گەلانە لە ١٩٢٥/٧/٦دا بڕیاری دا (هەرێمی مووسڵ – کوردستانی باشوور/ k – بلکێندرێت بەمەملەکەتی عێراقەوە) و لە ١٩٢٥/١٢/١٦شدا بڕیارەکە پەسەند کرا و ددانی پیٚ دانا.لە هەمان مەوداشدا، لە پێناوی دامرکاندنەوەی (سێیەم شۆڕشی کوردستان) و لەدوای داگیرکردنی سلێمانییەوە نوێنەری باڵای بریتانیا لە عێراقدا؛ هێنری دوبس H . Dobbs (خەڵاتێکی شەش هەزار روپیەیی) جاڕ دا بۆ گرتن یا کوژتنی سەرفەرماندەی شۆڕش حەفیدزادە مەحموود).

=شۆڕش لە نێوچەکانی دەرەوەی سلێمانییەوە لەلایێن کۆمەڵانی گەلەوە کۆمەك دەکرا و پەلاماری شۆڕشگێڕانەش جێگەی بە داگیرکەران و دوژمنان لێژ دەکرد کە ئەوان بەنێرووی هەوایی و دەشتانیی و بەکرێ گیراویانەوە، تەنانەت – بەقەڵەم و شیعری هێندێ خۆ بەرەپێشی کوردەوە – بە ڕاگەهاندنیش بەربەرەکانییان دەنواند. مخابن پیلانەکانی دوژمنان کارێکیان کرد، لە بەرەوە سەر خێڵەکانی هاریکاری شۆڕش، تەنانەت خزمانی هەر نزیکی حەفید زادەی لێ بتەکێندنەوەو پشتی شۆڕش بەربدەن، وێڕای بێ دارایی و بێ تیفاقیی شۆڕشیش بوونە هۆی کاریگەر تا حەفید زادە داوێنی سیاسەتێکی نەرم و ئاشتیی خوازانە بگرێت، هەر بۆیێکا لە مانگی تەشرینی یێکەم ١٩٢٦دا – نهێنیانە کەوتە گوتوبێژی دووراو دوور لەگەڵ کاربەدەستە گەورەکانی بریتانیا لە عێراقدا کە ئەوان هەر بۆ ئەوە قاییل بوون؛ (شۆڕش بلاوەی پێ بکرێت و گوند و موڵکەکانی حەفید زادە بدرێتەوە و لێی ببوورن بەمەرجێك توخنی کێشەی کورد نەکەوێت و ئەوە بهێڵێتەوە بۆ بریتانیا و حوکوومەتی عێراق و لە گوندی "پیران"دا نیشتەجێ بێت).

سەرئەنجام – درەنگێ – ڕێك کەوتنەکە ڕووی دا و مەلیکی کوردستانی شۆڕشگێڕ لە ١٩٢٧/٧/٢دا هاتەوە سلێمانیی و لە ٧/٤دا چووە بەغداد و – دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ گەورەکان – بە ئەو مەرجانە قاییل بوو. دوایی گەڕایەوە نێوچەی پێنجوێن و گوندی (پیران) و نیشتەجێ بوو. لەشکر و ئەفسەرانی شۆڕش و کەسانی دیکە هاریکاری دوور لە کوردستانەوە – بەتایبەتی لە باشووری عێراقدا – خرانە سەر کارێکی پچووکی حوکوومەتیی و کەسانی دیکە لێ بوردنیان بۆ دەرچوو، لە شوێنی نیشتەنیی خۆیاندا مانەوە... ئیدی لەبەرەوە، دەسەڵاتی مەملەکەتی عێراقی عارەب بەسەر هەموو نێوچەکەدا زاڵ بوو!

حەفید زادە – بۆ حەبەزبووز – دەگێڕێتەوە کە لە س ١٩٢٨دا ڕاپەڕیوەتەوە. ڕاستییێکەی ئەمە ڕووی نەداوە و – لە ئەوانەیە ڕۆژنامەنووس تێی نەگەهیشت بێ – و ڕاستەکە ئەوەیە کە باوەڕ پێ کراوی (کۆمەڵی زەردەشت) مستەفا ساییب لە ژین نامەیدا نووسیویێتی و دەبێژێت: (لە ئەو ساڵەدا داوایێکی هەڵستاند لە حەفید زادە کراوە و پەسەندی نەکردووە). دوای ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠ی خوێناویی؛ "شەڕی بەردەرکی سەرا" و کوژتاری داگیرکەران لە جەماوەری ئازادیی خواز، نەتەوەپەروەرە بەشەرەفەکان بێ دەنگییان پەسەند نەکرد و سێ ئەفسەری ناسراو (مەحموود جەودەت و ڕەشید جەودەتی برای و ئەفسەر کامیل حەسەن) لە سوپای عێراق هەڵ گەڕانەوە و بەنهێنیی شەوی ٧-١٩٣٠/٨/٨ز لە بەغدادەوە خۆیان گەهاندەوە کوردستان و گەهیشتنە پیران و هانی (حەفید زادە مەحموود)ی دڵ برینداریان دا بۆ شۆڕش و تۆڵەسەندنەوەی گەلی کورد.



=حەفید زادە مەحموودیش، دوای هەڵ سەنگاندنی بارودۆخەکە، سەرلەنوێ لە زستانی ١٩٣٠دا؛ (چوارەم شۆڕش)ی دەست پێ کردەوە و نامەیشی کردووەتە سەر نوێنەری باڵای بریتانیا لە عێراقدا و بۆیی ئاشکرا کرد؛ (دەبێت لە خانەقینەوە تا زاخۆ، دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد دابمەزرێت و بریتانیا خۆی چاودێری بێت).

وەڵامی داگیرکەرەکان – پشت ئەستوورەکان بەبڕیارەکانی کۆمەڵی گەلان – دیسان پەلاماری نێرووی هەوایی و سوپای دەشتانی و نۆکەرەکانیان گرتەبەر کە لە ئەنجامدا لە ١٩٣١/٤/٥دا =(شەڕی ئاوباریك) قەوما و حەفید زادە و لەشکرەکەی شکا و ناچار ما – بەتایبەتی کە لەشکری ئێران و عێراقی عارەبیش گەلەکۆمەکێیان لێ کرد کە لە پێنجوێندا پەلاماری بدەن – لە ١٩٣١/٥/١٣دا خۆی (بەدەستەوە) بدات! ئیدی دەست بەجێ بەقۆڵ بەستیی ڕەوانەی بەغداد کراو دواتر وەك دەست بەسەر ئاوارە، لە (حیللە، ناسرییە، عانە/ رومادیی)دا تا ساڵی ١٩٣٣ مایەوە و ئەوجا تا قەومانی ڕووداوی (ڕەشید عالیی گێلانیی) لە ١٩٤١/٤/١دا، هەر لە بەغدادا گوزەرانی کرد، ئەو دوا ڕووداوە، هەلێکی بۆ ڕەخساند – بەپشتیوانیی لایێنگر و دۆستەکانی – لە ١٩٤١/٥/٢٠ دا بەغداد بەجێ بهێڵێت و بەنهێنیی بگاتەوە کوردستان و لە گوندی (دارێکەلیی) خۆیدا جێگیربێت.

هێندێ نووسراو دەبێژن گۆیا، نیازی شۆڕشی هەبووە!! هێندێکی دیکە دەبێژن؛ خۆی بارەکەی تاووتوێ کردووە و تێ گەهیشتووە کە کارێکی ئەوتۆ کەڵکی ئینگلیز دەگرێت، هەر بۆیێکا دەستی نەداوەتێ و چمکی بێ دەنگیی گرتووە.

بە ئەو جۆرە – وێڕای هێندێ گێچەلی کاربەدەستانی حوکوومەتی عێراقی عارەب بەخۆی و دۆستانی – هەر لە گوندەکەیدا ژینی بردە سەر تا بە هۆی نەخۆشییەوە لە خەستەخانەی حەیدەرییەی بەغدادا کۆچی ماڵئاوایی کرد... تەرمەکەیشی بە کاژاوەیێکی گەورەوە ڕووی کردەوە (سلێمانیی) خۆشەویستی کە بەدەیان هەزار ژن و منداڵ و پیر و لاو، بە قوڕپێوان و گریە و بەخۆنیشاندانێکی خوێناویشەوە بۆ ڕستگارکردنی (شێخ لەتیف)ی کوڕی لە بەندیخانەی سلێمانییدا، گرتیانە ئامێز و – لەتەنیشت کاکە ئەحمەدی شێخی باپیرە گەورەیەوە – ئەسپاردەی خاکی پاکی کوردستانە پیرۆزەکەی کرا!.

حەفید زادە مەحموود موسڵمانێکی نەتەوەپەروەری سەرڕاست، ئازا و گیانفیدای کورد و کوردستان بوو. بنیاتنەری بنچینەی باوەڕی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستانە و ژینی بۆ ئەو مەبەستە دانا.

یێکەم مەلیکی کوردستان، ئەگەرچیی بەکامی هیوای و گەلەکەی نەگەهیشت، بەڵام لە مێژووی کورد و کوردستاندا، قارەمانی یێکەمینی نەتەوەی کوردە لە سەدەی بیستدا.

نووسەرانی بێگانە، تا خۆمانە، زۆر و کەمیان لێ نووسیوە و تابێت پتریشی لێ دەنووسرێت...



@kurdica

---

=مێژوونووسی عارەبی عێراق عەبدورڕزاق ئەلحەسەنی بە (بابی مەسەلەی کوردی سەدەی بیست)ی داناوە.

تویژالـە کلێکی زۆر کاڵ لە ڕۆژنامەی (پەیام)ی لۆندۆندا ڕەخنەی لێ گرتووە، گۆیا؛ بە فەقیانەکەیەوە تەوقەی لەگەڵ ئینگلیزان کردووە بۆیێکا کورد نەبووە بە تشت!!

= حەفید زادەش تا مرد، باوەڕی ئەوەبوو؛( دوژمن بەتەنها بەلوولەی تفەنگ دهێتە ژێر بار)!

لە ڕووی کۆمەڵییەوە، حەفید زادە مەحموودی کوڕی سەعید دوو جار هاوسەری هەڵ بژادووە و سێ کوڕ و کیژێکی لێیان بووە؛ کابانی یێکەمی؛ بەهییەی ئەمینی عەتار، داییکی ڕەئووف، بابەعەلیی، حەلاوە. (پیشتر کابانی مستەفا نەقیب – مامی حەفید زادە) کابانی دووەمی؛ ئاییشێی شێخ مارف، دایکی لەتیف. (کیژی مامی خۆی و پێشتر کابانی شێخ ئەحمەدی برای.

لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە، وێڕای کوردیی، فارسیی و تورکیی و عارەبیی زانیوە و بەکوردیی و فارسیی دەستی لە شیعری سیاسییدا هەبووە.

دڵنەرم، بەخشندە، نوکتەگۆ، دەنگ خۆش و دۆستی ئەدەبییات و ئەدیب و شاعیران و دەنگ خۆشان.

ئەمەش وێنەی شێعرێکی حەفید زادە مەحموودی یێکەم مەلیکی کوردستانی باشوورە:

موددەتێ عومرم بە تاڵان چوو لە سووچ و قوژبنا
پێ مەلەم زۆر کرد لەبەر ئیمان لە بەحری بێ بنا
جەهلی میللەت، بوو بەزیللەت، هات بەسەر شانی منا
شاهبازێ بووم لە مەیدانی شکاری دوژمنا
سەیری جێگەی زەخمی پەنجەم کەن بەداییم شاهیدە
دوو دڵیی لێم بووەتە زنجیر، حەوسەڵەی داوم نییە
بۆ نەمانی ئەجنەبیی، ژینم لەبەر چاوم نییە
بۆیێ ئیتر ئارەزووی دیداری تاڵاوم نییە
گورگی پیر، کەڵبە شکاوم، تاقەتی ڕاوم نییە
دڵ بەم ئەحواڵەش لە ڕێگەی میللەتمدا قاسیدە!
ئێوە ناودارانی کوردن. حەیفە دواکەوتن لەگەڵ
دەست لە دەست کەن، ڕێ مەدەن قەت، نەك لەدەست دەرچێ ئەمەل
عەزم و وریایی و سوباتە بۆ دەست هێنانی هەل
دوژمن و بێگانە حەققی میللەتی پێ نابێ حەل
حوببی ئەوتانە کە لای خوا عەینی زوهدی زاهیدە.

پەراوێزەکان:



---

=بۆ پتر تێ گەهیشتنی خوێندەوارەکان پێ ویستم زانیی کە مەتنی ڕێنوێندییێکەی ئا. تێ وێڵسن A . T. Willson ی جێگری فەرمانڕەوای گشتیی بریتانیا لە عێراقدا بۆ مێجەر نۆییل Noiel =بخەمە بەرچاو:

(تۆ لە ١ی تەشرینی دووەمی ١٩١٨دا دانـدرایت بەفەرمانڕەوای سیاسیی نێوچەی کەرکووك. نێوچەی کەرکووکیش لە زێی گەورەوە دەکشێت تا دیالیی و تا سنووری تورکیا و ئێران لە باکووری خۆرهەڵاتدا کە ئەوەش کەرتێکی هەرێمی مووسڵە، ئەویی ئێستە حوکوومەتی خاوەند شکۆ مشووری دۆزینەوەی چارەسەرێکی کۆتایی بۆ دەخوات، بەڵام لە هەنوکەدا دەتوانێت ئەو نێوچەیە بە داگیرکراوێکی سەربازیی بژمێردرێت و بەڕێگەوەی ببەیت! بە ئەو ڕووناکییە، لەسەر تۆیە کە لەگەڵ سەرکردەکانی نێوخۆ ڕەفتار بکەیت. ئەوەیشت لەبیر بێت کە دەسەڵاتداریی سەربازیی، سەربەستە بۆ ماوەیێ بەشێکی سوپای بنێردێ بۆ سلێمانیی و هەر لاییێکی دیکە خۆرهەڵاتی هێلی ئێستەمان! لەسەرتە کە ئامانجت لەگەڵ سەرکردەکانی نێوخۆیی ئەوە بێت ڕێگە و شوێن دابنێیت بۆ گێڕاندنەوە و سەقامگیربوونی ئاسایش و پاراستنی لە نێوچەکانی دەرەوەی سنوری داگیرکراوی سەربازیمان تا بتواندرێت نۆکەرانی دوژمن دوور بخرێتەوە یا ناچار بکرێن خۆ بە دەستەوە بدەن! هەروەها تا پێ ویستییێکانی لەشکرەکانیشمان دابین بکرێن! تۆ چۆنی پێ ویست دەزانیت، دەسەڵاتی خەرج کردنت هەیە، بەڵام بۆ خەرجییێکی گەورە، پێ ویستە پێشتر پرس و ڕەزامەندیی بۆ وەرگیردرابێت و لە کن سەرەکانی ژووررادا مەبەستەکەی ڕوون بێت! هەر ڕێگە و شوێن و تەکبیرێکیش بی گرێتە بەر، کاتییە و جێگەی ئەوەن هەر ساتێ تەماشا بکرێنەوە. تۆ ئەگەر بەکەڵکی بزانیت، دەسەڵاتت هەیە کە ((شێخ مەحموود)) لە سلێمانییدا بەنوێنەری ئێمە دابندرێ ، هەروەها خۆت چۆنی بەباش دەزانیت، دەسەڵاتت هەیە لە چەمچەماڵ و هەڵەبجەشدا، دانانێکی لە ئەو چەشنە بکەیت! پێ ویستە بۆ ئەو سەرخێڵانەش ڕوون بکەیتەوە کە هیچ نیازێ نییە ئەرك و فەرمانێکی نەخۆیی – غەریب – بەسرووشت و ئارەزوویان بەسەردا بسەپێت! هەروەها پێ ویستە ئەو سەرخێڵانەش هان بدرێن کە لە نێوخۆیاندا یێك گرتوو بن تا بە چاودێریی فەرمانڕەوا سیاسییێکانی بریتانیا، هەموو کێشەیێکیان چارەسەر بکرێت! هەروەها دەبێت داواشیان لێ بکرێت کە بە پێی قانوونە تورکییێکانی دەستکاریی کراو چ باجێکیان لەسەرە و چەند پێ ویستە بی دەن تا بۆ ئاساییش و پێشکەوتنی وڵاتەکەیان خەرج بکرێت/ تەواو).

دیسان هەر بو کەڵکی خوێندەوارەکان، کورتیی دوو – بەشە – بەڵگەنامەی دڵنیایی مۆرکرا و دەخەمەڕوو کە یێکەمیان لەلایێن حەفید زادە مەحموود و چل سەرخێڵی کوردەوە لە =١٩١٨/١٢/١دا دراوە بە جێگیری فەرمانڕەوای گشتیی بریتانیا لە عێراقدا. دووەمیان؛ بەڵگەنامەی مۆرکراوی جێگیری نێوبراوە کە لە هەمان ڕۆژدا، وەڵامی بەڵگەنامەی یێکەمی داوەتەوە: یێکەم:

(وەك حوكوومەتی خاوەن شكۆی بریتانیا ئاشكرای كردووە، نیازی جەنگ گێڕانی ئازادیی نەتەوەكانی خۆرهەڵاتی ژێر چەپۆكەی ستەمی توركان بووە و مەبەستی یارمەتیی و پتەوكردنی كۆڵەكەكانی سەربەخۆییانە، ئەوە سەركردەكانی نوێنەری خەڵكی كوردستان، داوا لە حوكوومەتی خاوەند شكۆی بریتانیا دەكەن كە بیان خاتە ژێر چاودێرییەوە – بش بەسترێن بەعێراقەوە تا لە كەڵكی ئەو پێكەوە گرێدانە بێ بەش نەبن!![1] ئەوان تكایشیان لە فەرمانڕەوای گشتیی عێراقدا كرد تا نوێنەرێكی خۆی بنێرێتە لایان و یارمەتیی پێ ویستیان بدات، بەشكم گەلی كورد بەچاودێریی بریتانیا و لەبواری شارستانییدا، بەشێوەیێكی ئاشتیی خوازانە پێش بكەوێت! ئەوان بەڵێنیش دەدەن، ئەگەر حوكوومەتی خاوەند شكۆی بریتانیا دەستی یارمەتیی و پاراستنیان بۆ درێژ بكات، فەرمانەكانی حوكوومەتی خاوەند شكۆی بریتانیا جێ بە جێ و ڕاوێژی پەسەند بكەن.

دووەم: (هەر هێڵێكی دانیشتووی سنووری نێوان زێی گەورە تا دیالیی – بێ لە خێڵەكانی نێوچەی ئێرانیی – تەواو سەربەستە سەركردایێتیی شێخ مەحموود پەسەند بكات! شێخی ناوبراویش كە وەك فەرمانڕەوا – حوكمدار – ی نێوچەی باس كراوە و ئێمە پشتیوانین، نوێنەری حوكوومەتی بریتانیاو لەسەریەتی گوێ ڕاهێڵی فەرمانەكانی بێت![2]

(١) م . ر. هاوار لە وەرگێڕاندنی مەتنە ئینگلیزییێكەوە ئەم ڕستانەی وەرنەگێڕاوە و لەبریی نووسیوییێتی؛ (تكایان لە حوكوومەتی بریتانیا كرد كە ئەوانیش – كوردەكان – قوبووڵ بكات لەژێر سایەی بریتانیا، وەك چۆن پارێزگاریی عێراق دەكات و سوود لەو كەڵكانەی كە بە عێراقی دەگەهێنێت بە ئەو جۆرەش بە كوردیش بگات/ بنۆڕە: م . ر. هاوار ج ٢، ل ٤١٩). من نازانم وەرگێڕدراوە عارەبییێكە – ئەم مەتنەی من خستوومەتە ڕوو – ڕاسترە یا ئەوەكەی م. هاوار؟

(٢)- لە مەتنە بلاوكراوەكاندا، ئا تێ. وێڵسن A . T . Willson دەیش گێڕێتەوە كە؛ (خێڵەكان و دانیشتووەكانی كەركووك و كفریی، نەیان دەویست لەژێر باری سەركردایێتیی شێخ مەحموود بن، بۆیێكا ئەو نامەیە – بەڵگەنامەیە – درا بەشێخ مەحموود باسی ئەو نێوچانەی تێدا نەكرا و كوردەكانی ئێرانیش ئاگەهدار كران كە حوكوومەتی بریتانیا بە تەنها كوردەكانی كوردستانی باشوور دەگرێتە خۆی. بەئەو پێیە لە ئەستۆیاندایە هەر لەژێر دەسەڵاتی حوكوومەتی ئێراندا بمێندنەوە! =وێڕاش، شێخ مەحموود بەئەوە قاییل نەبوو و ڕایشی دەگەهاند كە هەموو كوردەكانی هەرێمی مووسڵ و زۆربەی خێڵەكانی ئێرانیش =بەسەركردایێتیی قاییلن و لەبەر ئەمە داوا دەكەن كە ئۆتۆنۆمییێكی یێك گرتوو هەبێت و خۆی شێخ مەحموود سەركردەی بێتو بریتانیاش چاودێریی بكات و بیپارێزێت).



★★★- هەر بۆ تێ گەهیشتنی ڕاستی و كەڵكی خوێندەوارەكان مەتنی ئەو (بەیاننامە)یە دەخەمە ڕوو كە لە لاپەڕە: ٢٥٥ – ٢٥٦ی ئەو ڕاپۆرتەدا بلاوە و حوكوومەتی بریتانیا ناردوویێتیی بۆ (كۆمەڵەی گەلان). ئەم (بەیاننامەیە) هەر هەمان بابەتیشە كە (دەستەی نیشتیمان پەروەران – هەیئەی وەتەنییە)ی سلێمانیی لەكاتی هەڵ كەوتنی (چوارەم پەیمانی بریتانیا – عێراق) كردبوویان بە بەهانە و داخوازیان لە یێكەم چارەكی ساڵی ١٩٣٠دا

مەتنە ئینگلیزییێكە و كوردییێكەی ئەمەیە:

١- مەتنە ئینلگیزییێكە:

His Britanic Majesty’s government and the government of Iraq recognize the right if the Kurdish living within the boundaries of Iraq to set up a Kurdish government within the boundaries and hope that the different Kurdish elements will as soon as possible arrive at an agreement between themselves as to the form which they wish that government should take and the boundaries within which they wish to cxtend and will send responsible delegate to Baghdad to discusstheir economic and political relations with His Britanic Mritanic Majesty’s government and the government if Iraq.

٢- مەتنە كوردییێكە:

(حكومتی خاوەند شكۆی بریتانیا و حوكوومەتی عێراق دان بە مافی ئەو كوردانەدا دەنێن كە لە نێو چاورچێوەی سنوورەكانی عێراقدان بۆ ئەوەی حوكوومەتێكی كورد پێك بهێندن و ئومێدەوارن ئەو كوردانە بەزووترین كات لەنێو خۆیاندا لەسەر شێوەی ئەو حكومەتە رێك بكەون كە دەویسترێ دروست بكرێ و دەست نیشانی سنوور بكەن و نوێنەری دەسەڵات پێ دراو بنێرن بۆ بغداد بۆ ئەوەی دەست بكەن بە گوتوبێژ لەمەڕ پەیوەندیی ئابووریی و سیاسیی لەگەڵ حوكوومەتی خاوەند شكۆی بریتانیا و حوكوومەتی عێراقدا)[3].

(٣)- بنۆڕە: شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەكەی – ج٢، ل ٤٦٩.

سەرچاوە و تەماشاكراو:

١- كوردیی:

١/١ تێ گەییشتنی ڕاستیی و شوێنی.

٢/١- خەباتی گەلی كورد لە یاداشتەكانی ئەحمەد تەقیدا.

٣/١- یاداشت – ب ١ – ٣ هەولێر ١٩٦٨، ب٤، بەغداد ,١٩٩٣

٤/١- چیم دیی – ب ١ – ٣,

٥/١-گەنجینەی مەردان و یاداشتی ڕۆژانی دەربەدەریی.

٦/١- مستەفا سایب ئەستێرە گەشەی كورد.

ئێستە[٣٣]. لاكین ئەم كابرایە – سۆن/k – موعامەلەكەی، لەگەڵ ئەوەی منی خۆش دەویست، كوردی خۆش دەویست، دەی گوت، (تابیعی عێراق مەبن)[٣٤] شەڕی

---

٧/١- سەردەمی قەڵەم و موراجەعات.

٨/١- شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەكەی..

٢- عارەبیی:

١/٢- كرد و ترك و عرب.

٢/٢- فصول من تأریخ العراق المقریب.

٣/٢- القضیة الكردیة في العشرینات.

٤/٢- تاریخ الاحزاب السیاسیة في العراق.

٥/٢- العراق في ظل معاهدات.

٦/٢- البیتوشي.

٧/٢- الضحایا الثلاث.

٨/٢- العراق في الوثائق البریطانیة.

٩/٢- التعریف بمساجد السلیمانیة.

١٠/٢- اربعة قرون من تأریخ العراق الحدیث.

١١/٢- مذكرات عبدالعزیز یاملكي.

٣- گۆڤار و ڕۆژنامە:

١/٣- دەنگی گێتیی تازە – ج٢٦، ژ ١٥، ١٩٤٦/٢/١١ (باسێكی كوردی ئێران پاش مەشرووتییەت/ حسێن حوزنیی).

٢/٣- ڕۆژنامەی، حبزبوز – ١٩٣٦,

٣/٣- ڕۆژنامە و گۆڤارەكانی، بانگی كوردستان، ڕۆژی كوردستان، بانگی حەق، ئومێدی ئیستیقلال، ژیانەوە، ژیان، كاروان.

٤- هێندێ بەڵگەنامە و بەیان نامەی بەردەستم.

[٣٣] ئەگەر ت. وەهبیی بۆیی هەبێ تا هەلی ئەم قسەیەی، ئازاد و ڕەها باوەڕی خۆی – بە ئەم شێوەیە – بەگوێی خەڵكدا بدات، ئەوە بۆ هەر كوردێكی ژیر هەیە، پەرچی بداتەوە و مێژووی بە گژدا بكات و ببێژێت: بەپێی بەڵگەكانی نێو گەنجینەی بریتانیی و وڵاتەكانی دیكە، بەڵگەكانی ساڵانی ١٩١٦ – ١٩٢٥ و پیلانی سیاسیی و شەڕخوازیی سوپای بریتانیا و بەكرێ =گیراوەكانی بەرامبەر بە میللەتی كورد، هەروەها بە ڕۆشنایی دابەش بوونی كوردستان – پێش ساڵی ١٩١٤ كە داگیركراوی دوو دەوڵەتانی عوسمانیی و ئێرانیی بوو – بەسەر دوو دەوڵەتی



بۆ ئێمە دەكرد، ئەوەیشی كرد، سمێڵی ڕەئیسی بەلەدییەی ڕادەكێشا. تەبیعیی ئەمە ئیستیبدادێكی زۆر خراپ بوو بۆ ئێمە[٣٥]. وەها نییە؟ من لە دەوڵەتی عوسمانییدا وەها تەربییە نەكرابووم، تەحەممولم نەكرد. هیچمان نەكردبوو، هەر قسەمان دەكرد. شەو كە دادەنیشتین هەر قسەمان دەكرد – مەبەستی دانیشتنەكانە لەگەڵ میوانە لاوەكان/k -. لە پاش ئەوە شەڕی عێراق بوو، سەورەی ساڵی ١٩٢٠، شۆڕشی مەشهووری عێراق لە ١٩٢٠دا[٣٦]..

---

دیكەی دەست كردی فڕانسە و بریتانیا كە (سووریا و عێراق)ی عارەبانن، هەروەها بە ڕۆشنایی ئەو هەموو كوژتار و وێرانییەی تا ئێستە بەسەر كوردستان و كورددا هاتووە و بە تایبەتیش بریتانیا بەری دروست بوونی (دەوڵەتی سەربەخۆیی كوردستان)ی گرت، ئەوە بریتانیا هەرگیز (دادپەروەر) نەبووە و جانەوەرە و پیرەمێرد گوتەنیی؛ (ڕەگی گولیی) بووە*.

* بنۆڕە: ژین – س ٢١، ژ ٨٧٦، پێنجشەممە ١٩٤٧/٦/٢٦ (سەر گوتار: بەندەیی).

[٣٤] - تانها هێندێ لێ كۆڵ وەك خەڵكانێكی خوێندەوار، سۆن Soane بە دوژمنی سەرسەختی میللەتی كورد دەژمێرن كە ڕاستییێكەی وەها نییە. بۆ پتر دڵنیابوون لە ئەو بارەوە ڕاستەی ت. وەهبیی و دۆستیی سۆن Soane بۆ كورد، سەرچاوەی دیكەش دەنگ دەكەن. شاگردی قوتابخانە و هاوڕۆژگاری سۆن Soane، مامۆستای كۆچ كردوو فوئاد ڕەشید بەكر (ژ: ١٩٠٥/٧/١٠ – م: ١٩٩٤/٨/٩) ڕۆژی ١٩٩٤/٤/١٩ و لە بەرچاوی كیژ و زاواكەیدا باسی بۆ كردم و گوتی: (سۆن Soane باوەڕی وەهابوو كە كورد و كوردستان نابێت ژێردەستەی عێراقی عارەب بن)*.

سەرچاوەیێكی دیكەش لێ كۆڵینەوەی كۆچ كردوو جەرجیس فەتحوڵڵەیە كە لایێنگیری ت. وەهبیی و فوئاد ڕەشید بەكرە و لە كتێبیی خۆیدا دەبێژێت: (سۆن Soane بە ئاشكرا ڕای بۆ وەزارەتی داگیركراوەكان – موستەعمەڕات – ی بریتانیا نواندووە و گوتوویێتی: ئەگەر سلێمانیی بخرێتە ژێر باڵی حوكمی عارەبەوە، ئەوە دەبێت دەمەكیانە – مووەققەت بێ و ئەوەش ڕێگە خۆش كەر بێ بۆ دروست بوونی دەوڵەتێكی كورد).

لێ كۆڵەكە ئەنجامی ئەو هەڵوێستەی ڕوون كردووەتەوە و دەبێژێت: (لەسەر ئەو بیروباوەڕە لە فرمانەكەی خرا)**.

* بنۆڕە: ئەدەبی نامەنووسینی كوردیی – ج١، ل ٢٨٧، پ ١٩٩.

** بنۆڕە: یقظة الكرد – تاریخ سیاسیی، ص ٢٤٤ – ٢٤٥.

[٣٥] - ڕەفیق حیلمییش لە (یاداشت)ی خۆیدا وشەی (ئیستیبداد)ی بەرامبەر بەكارهێناوە.

[٣٦] - شۆڕشی ١٩٢٠ی عارەبی عێراق، ڕاپەڕینێكی هێندێ خێڵی عارەبی عێراق بوو لە ڕووی فەرمانڕەوایی بریتانیای داگیركەردا.

شۆڕش تەواو بوو، عەفووی عومووميی هات، تەبليغی منيان كرد كە تۆش عەفووكراويت. منيان بردەوە بۆ بەغداد[٣٧]. بردميانە دايێرەی حاكمی عام[٣٨] —

ڕاپەڕينەكە لە ١٩٢٠/٨/١٣ و لەباشووری عێراقەوە، لەلايێن خێڵەكانی (زەوبەعيی) وەچەی (بەنی نەعيم)ەوە و بە سەرۆكاريی عەليی عوبەيديی سەری هەڵ دا. بلەز — خێرا — نێوچەكانی ديكەی عارەبی عێراقی گرتەوە. بريتانەكان فرە توند و تيژ دەستيان لێ كردنەوە و بە كوژتن و گرتن شكستی پێ هێنان. لەهەمان هەلدا هەر زوو بريتانەكان ناچار بوون (مير فەيسەڵ كوڕی شەريف حسێن)ی دەركراو لەسووريای داگيركراوی فڕانسە، بهێنن بۆ عێراق و لە ١٩٢١/٨/٢٣ دا بی خەنە سەر تەختی پاشايێتی.

جێگەی خۆێتی لە ئێرەدا ئاماژە بۆ در. كەمال مەزهەر ئەحمەد — پسپۆڕی مێژوو — بكەم لە خوتو خۆڕايی كتێبێكی عارەبيی دەركردووە و لاف لێ دەدا گۆيا (گەلی كورد دەووری لە ئەو شۆڕشە)دا هەبووە. ئەمە لە هەلێكدا گەلی كوردستانی نێوەند — لكێندراو بە عێراقی عارەبەوە — بۆ سەربەخۆيی خۆی ڕوو بە ڕووی بريتانيا خەباتی دەكرد. تەنانەت كە (فەيسەڵ)يشيان كرد بە پاشا، زۆربەی گەلی كورد (نەيان ويست) و نووسييان (نای ناسين).

ئەز نازانم ئەو بەندو باوەی لە كوێوە هێناوە كە هيچ خێڵ و هۆزێكی كوردی سلێمانيی، هەولێر، كەركووك، دهۆك، هەرگيز پێوەندييان بە ئەو عارەبانەوە نەبووە ئەگەر نەبێژم نەيشيان ناسيوون.

[٣٧] - ئەم باسەی لەمەڕ شۆڕشی عارەبەكان و لێ بووردنی ئەو، هەرگيز باوەڕی پێ ناكرێت. چونكە لەلايێكەوە، ئەو — محەممەد ناجيی گوتەنيی — تەحويل بووە و ڕۆييشتووە، كە ئەم هەواڵەيش لە ١٩٢٠/٦/١٧دا بڵاوە*.

لەبەرامبەريشەوە، وەك باس كرا، شۆڕشەكە لە ١٩٢٠/٨/١٣دا قەوماوە و ئيدی نازانم ئەوێكی فرمانگێر و نيشتەنيی سلێمانيی و ڕاگواستراو، ئەو لاف و گەزافەی لەچيی؟

لەلايێكی ديكەوە، ئەز باوەڕێكم هەيە كە خۆی نامە يا كەسێكی ناردبێ بۆ لای نوێنەری باڵای بريتانيا لە بەغداددا و سكاڵای لەمەڕ باری نالەباری خۆی كردبێ و ئەويش فەرمانی ڕاگواستنەوەی دابێ.

* بنۆڕە: پێشكەوتن — سلێمانيی؛ س١، ژ ٨، پێنجشەممە ١٩٢٠/٦/١٧.

[٣٨] - مەبەستی نوێنەری باڵای بريتانيايە كە ئەوێ ڕۆژێ جێگيرەكەی بوو، ئارنۆلد تالبۆت ويڵسن Arnold Talbot Wilson (ژ: ١٨٨٤ — ١٩٤٠). دوايیش سێر پێرسی زەخريا كۆكس Sir persy S. Cox (ژ: ١٨٦٤ — م: ١٩٣٧) بوو بە نوێنەری باڵا كە لە ١٩٢٠/١٠/١٥دا گەهيشتە بەغداد.



فەرمانڕەوای سياسيی بريتانيا لە هەموو عێراقدا/k — كاپيتانێك هات، گوتی: دابنيشە!

دانيشتم، كاپيتانەكە عارەبيشی دەزانيی، دوايی بووين بە دۆست كە هاتە سوپای عێراقەوە. بەمنی گوت: تۆچيی دەكەيت؟ گوتم: من نازانم! هاتوومەتە ئێرە. گوتی: ئەوە عێراق دروست دەبێت، سوپای عێراق دروست دەبێت، ئەگەر حەز دەكەيت نەسيحەتت بكەم، بچۆ ئەوێ. جەعفەر پاشايش دەبێتە وەزيری ديفاع[٣٩]. ئەمری دەرچووە. بچۆ بی بينە. وەلحاسڵ من چوومە جەيشی عێراقييەوە، ئۆردووی عێراق[٤٠].

جێگەی باسە ئەم دوو كەسە هەرە تاوانباری گەورە و نەخشەكێشن بۆ نووساندنی كوردستانی باشوور بە عێراقی عارەبەوە، بگرە هەرە دوژمنی سەرسەختی هەڵ كەوتنی (دەوڵەتی كوردستانی سەربەخۆ) بوون.

[٣٩] - جەعفەر عەسكەريی (ژ: ١٨٨٦ — م: ١٩٣٦) ئەفسەرێكی پێ گەهيشتووی سەردەمی فەرمانڕەوايی عوسمانييێكانە و خوێندنی لە بەغداد و كۆلێجی جەنگاوەريی ئەستەنبووڵدا تەواو كردووە. تێكەڵی جەنگی دووەمی گێتيی بووە — هەرچەندە خۆی دەبێژێ خوێنی كورديی تێدا =هەيە بەڵام هۆشی عارەب پەروەر بووە و لەگەڵ نووريی سەعيدی مێردی خوشكەكەی چووەتە پاڵ (لۆرانسی عارەب) و شەڕی عوسمانييێكانيان كردووە. فەيسەڵی يێكەم پاشای عێراق، لە يێكەميين حوكوومەتی عێراقدا — بەڕاسپاردنی بريتانەكان — دای نا بە وەزيری بەرگريی ديسان لە وەزارەتی ياسين هاشمييدا هەمان فرمانی هەبووە. ساڵانی ١٩٢٧ و ١٩٣٤يش دوو جار سەرەك وەزيران بوو تا لە ياخيی بوونەكەی بەكر سدقييدا بە كوشت چوو*

* بنۆڕە: ويكپيديا — الموسوعة الحرة.

[٤٠] - خۆی بە بۆنەی پێك هێنانی سوپای عێراقی عارەبەوە، گوتارێكی عارەبيی نووسيوە و تێيدا دەبێژێت؛ (چووبوومە ديدەنيی پايەبەرز جەعفەر عەسكەريی يێكەمين وەزيری بەرگريی يێكەمين حوكوومەتی عێراق — وەزارەتی سەماحەتی عەبدوڕڕەحمان نەقيب.

=پێی گوتم! ئێمە پێ ويستمان بە داناندی بنچيينەيێكی نوێ هەيە بۆ سوپا. دەبا پێك هاتەكانی وەها بێ"كەتيبەيێكی سوارە، فەوجێكی پيادە، بە تەڕييەيێكی تۆپ". ئەزيش داخوازييێكەيم پەسەند كرد. يێكەم كۆبوونەوەی ڕەسميی بۆ دانانی بنچينەی سوپا لە ٦ی كانوونی دووەمی ١٩٢١دا بوو كە لە كۆمەڵێك ئەفسەری برادەر پێك هات. ئەنجوومەنەكەمان بڕياری دا چوار دەزگە لە وەزارەتی بەرگرييدا دابمەزرێ: (دەزگەی جم و جووڵ، كارگێڕيی و پێ ويستييێكانی،

**(هاتووەتە سەر باسی سەفەرێکی ساڵی ١٩٢٢ بۆ سلێمانیی/k ).** لەساڵی ١٩٢٢دا من چوومەوە بۆ سلێمانیی. دوو مانگ لە سلێمانییدا مامەوە. تەبیعیی بۆ سیاسەت. تەسادوف لە ئەو وەختەدا (حەمدیی پاشای بابان)[41] مرد!!

---

پزیشکیی، ئەژمار ڕاگرتن)★. تۆفیق وەهبیی خۆیشی لە دەزگەی جم و جووڵ — حەرەکاتدا دەست بەکار بووە★★.

★ بنۆڕە: ذکری تأسيس الجيش العراقي — ص ٤٢ — ٤٣، هەروەها تۆفیق وەهبی حیاتە و دورە — ص ٥٤.

★★ بنۆڕە: اعلام الكرد — ص ٨٤.

[41] - حەمدیی بەگ کوڕی محەمەد کوڕی ڕەشید پاشای ناسراو بە خدێویی کوڕی سلێمان پاشا کوڕی عەبدوڕڕەحمان پاشای بەبە (ژ: ١٨٨٧. ئەستەنبوول — م: ١٩٦٠ لۆندۆن). خوێندنی لە کۆلێجی شاهانە — مەدرەسەی سوڵتانیی — لە ئەستەنبووڵدا تەواو کردووە. لەسەردەمی سوڵتان عەبدولحەمییدی دووەمدا، لەسەر بیری ئازادیی خوازیی زیندانیی کراوە و دوای هەڵ کەوتنی مەشرووتە — ژینی دەستووریی ساڵی ١٩٠٨، ئازاد کراوە. دوای ماوەیێ ئەستەنبووڵی بەجێ هێشتووە و هاتووەتە بەغداد و جێگیر بووە و سەرپەرشتی موڵکەکانی خۆی کردووە.بریتانەکان ویستیان — وەك نەوەیێکی دیاری بەبەکان — بۆ سیاسەتی خۆیان بەکەڵکی بهێنن و جێگەی حەفید زادە مەحموودی پێ پڕ بکەنەوە. ئیدی حەمدیی بەگ هاتووە بۆ سلێمانیی و میوانی حەمە ئاغای ئەوڕەحمان ئاغا بووە. هەنگی دەستی بە گەشتێ کردووە و لە هەڵەبجە و پێنجوێن و پشدەردا دیدەنیی ناسراوەکانی کردووە و دیاریی پێ داون. دوای خوێندنەوەی بارەکە، گەڕاوەتەوە بۆ بەغداد و تێ گەهیشتووە کە ئەو و ئامانجەکانی بریتانەکان لەیێك دوورن و ناگونجێن، تەنانەت پێوەندیی خۆی لەگەڵ بریتانەکان و پاشا فەیسەڵی عارەب دابڕیوە. بریتانەکانیش لێی ناهومید بوون و جێگەیان پێ لێژکردووە، بگرە هانی پاشا فەیسەڵیان داوە موڵکەکانی زەوت بکات. سەرئەنجام دەرقەت نەهاتووە و لەترسی سەری خۆیشی ناچار بووە ڕوو بکاتە بریتانیا و تا مردن تێیدا بژیی★.

=ڕەفیق حیلمیی لە (یاداشت)ی خۆیدا لێی گوتووە، (حەمدیی بەگ لە ئەو ڕۆژەدا تەمەنی لە دەوروبەری بەنجادا بوو. ڕووخۆش و دەم بە خەندە و تا بڵێیت بە تەربییەت و قسەخۆش و ڕاست گۆ و میوان دۆست بوو، بەڵام پێوەندی تەقالید و ژینی ئۆرۆستۆکراتیی بوو، خۆی لە ئەم پێوەندانە بۆ ڕستگار نەدەکرا. وێڕا دڵی ناسك و تۆرینۆك و کەمێکیش توندە تەبیات بوو. لە هەڵستاند و دانیشتندا لاسایی میرێکی دەکردەوە شارەزای زمانی ئینگلیزیی و فڕانسیی بوو.



شەوێ لەماڵی (حەمە ئاغا)دا[42]، ڕەمەزان بوو، بانگ کرابووم، مودیری تەلگراف ئەویش بانگ کرابوو. دواکەوت. هات گوتی: تەلگرافێکی وەها هاتووە! (واتە گۆیا حەمدیی بەگ مردووە/k).

گوتم: بنووسن هەموو، تا بەکوردیی تەلگراف بۆ بەغداد بنووسن — تا ١٩١٩ تەلگراف بەکوردیی نەبوو. کوردییێکەش چۆن بوو، تەقریبەن عارەبیی بوو — (ئیشتراکی تەعزییەتان دەکەین). هەر ئەوەند، دوو کەلیمە، هەموو نووسییان (بەغداد، بۆ حەمدیی بەگ بابان)، ئەویی مرد!!

بۆ سبەینێ ئەمە بڵاوبووەوە لە دێکان، ناحییەکان، قەزاکانی سلێمانیدا. هەندێ کەس نووسیی بوویان (پرینس/ میر — k).

ئیدی حەماسەتێکی زل گرتنی. خۆی گێڕایەوە — واتە حەمدیی بەگ کە هەواڵەکە دەست کرد بووە و نەمردووە/k — دەی گوت، (ئینگلیزەکان چیم پێ دەڵێن؟ دەڵێن ئەمە تۆ کردووتە). ئەمە من کردم. هەر ئەو شەوە لەماڵی ئاغادا.. دەزانیت حەمە ئاغا کێیە؟ کچەکەی حەمە ئاغا ژنی (ئیدریس)ە.

---

لەگەڵ من و هاوڕێکانی دیکە بە تورکیی قسەی دەکرد. داخەکەم کوردیی کەم دەزانیی و کەمێ تێ دەگەهیشت، چونکە لە ئەستەنبووڵدا هات بووە دنیا)★★.

★ بنۆڕە: اعلام كرد العراق، ل ٢٧٢ — ٢٧٣.

★★ بنۆڕە: یاداشت — ب ٢، بەش ١، ل ٩٠ — ٩١.

[42] - حەمە ئاغا کوڕی عەبدوڕڕەحمان ئاغای کوڕی عەبدوڵڵە ئاغای کوڕی عەزیز ئاغا کوڕی مەحموود ئاغای مەسرەف (ژ: ١٨٩١ سلێمانیی — م: ١٩٦٢ سلێمانیی). مەحموود ئاغای مەسرەف لە دەوروبەری ساڵی ١٨٢٠دا وەك سەروەزیرانی میرنشیینی بەبە بووە.

حەمە ئاغا لەسەردەمی فەرمانڕەوایی عوسمانییێکاندا، هەروەها لەسەردەمی داگیرکاریی بریتانەکان لە سلێمانیی (١٩٢٠ — ١٩٢٢)دا، ئەندامی ئەنجوومەنی شار بووە. لە دووەم حوکوومەتی کوردستان (١٩٢٢)دا وەزیری نافیعە — کارو ڕێگەوبان بووە. یێکی بووە لە ئەندامەکانی (دەستەی نیشتیمانپەروەران — هەیئەی وەتەنییە — ١٩٣٠). لەساڵی ١٩٣٧ و لە حەوتەمین خولی پارلەمانی عێراقدا نوێنەری سلێمانیی بووە. دواتر بە کاروباری موڵکەکانییەوە خەریك بووە★.

★ اعلام كرد العراق — ل ٧١٧.



کوردیکا @kurdica

**ئەمیر: ئیدریس کێ هەیە؟**

**ت. وەهبیی: ئیدریس بارزانیی.**

**عەزیز ژیان: بەڵێ.**

**ت. وەهبیی: تەبیعیی من دوو مانگ لە ئەوێدا بووم، تەواو بوو، گەڕامەوە بۆ بەغداد.**

**(باسی گەڕاندنەوەکەی و دیدنیی بریتانەکان دەکات/k).**

**ڕۆژێك لە دایێرەی — مەندووبی/k — سامییەوە، مەندووبی سامیی نا، با. مەندووبی سامیی خۆی چوو بوو بۆ لۆندۆن، وەکیلەکەی لە ئەوێدا بوو، بانگیان کردم.**

**گوتی: ئێمە شتێك دەکەین بۆ کورد، تۆ حەز لە کێ دەکەیت ببێت ڕەئیسی ئەم ئیشە؟**

**گوتم: حەمدیی بەگ بابان.**

**گوتی: حەمدیی بەگ بابان خۆی نای دەوێ — ئینجا ڕاستییش درۆی لەگەڵ من نەکرد. نەی دەویست. شێتن، نەم دەزانیی شێتن — گوتی: ئەو خۆی نای دەوێ.**

**گوتم: سەیید تەها — ئەوەی لە تاراندا مرد — سەیید تەها[٤٣].**

**گوتی: سەیید تەها لەگەڵ (سمکۆ)[٤٤] مەشغووڵە، خەڵك تاڵان دەکەن. سابلاخ، کوێ و کوێ تاڵان دەکەن. دەستمان ناکەوێت (ئەوجا هەڵوێستی بەرامبەر حەفید زادە دەنوێندێ/k)**

---

(٤٣)- سەیید تەها، کوڕی شێخ محەمەد سدیق کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵەی نەهویی — نێریی (ژ: ١٨٩٢ — م: ١٩٣٦) وەچەی خانەدانێکی ئایین پەروەرە. باپیری خەلیفەی مەولانا خالیدی نەقشبەندیی بووە.

سەیید تەها لە دوای یێکەم جەنگی گێتییەوە تێکەڵی ڕووداوەکان بووە و ناسراوە بە تایبەتیی کە ژن برای (سمکۆی شکاك)یش بووە. سەیید تەها وەك نەیارێکی سەرسەختی تورکانی عوسمانیی بوو، پشتی بە بریتانەکان دەبەست و لەگەڵ حەفید زادە مەحموودی سەرکردەی شۆڕشگێر ناکۆك بوو، بەڕادەیێك هەرگیز دیدەنیی نەکردووە. دیار بوو مەبەستی ئەو بۆ =فەرمانڕەوایی کوردستانو جێگە گرتنەوەی حەفید زادە بوو، بەڵام هەرگیز وەك حەفید زادە پێگە و ناوبانگ و دەسەڵاتی نەبوو، خەونەکەیشی نەهاتە دیی.



**گوتی: ئەی ڕەئیت چۆنە بۆ شێخ مەحموود؟**

**گوتم: نە(شێخ مەحموود)تان تەجروبە کرد، شەڕی لەگەڵ ئێوە کرد. بریندار بوو، ئێستە حەپسە، مەحکوومی ئیعدام بوو، عەفووتان کرد، ئێستە لە هیندوستانە!**

**گوتم ئەگەر ئێوە هەر حەز دەکەن شێخ مەحموود بهێندنەوە ئێستە مەی هێندنەوە، بی هێندن بۆ عێراق، لە جێگەیێکدا دای بنێن، ئێمە دەچین، من دەچم زابتەکان لەگەڵم، دەچین (ئیدارەیێکی کوردیی) لە سلێمانییدا دروست دەکەین. تەبیعیی ئێوە زابتێکی**

---

(٤٤)- سمکۆی ئیسماعیل ئاغای کوڕی محەمەد ئاغای شوکاك (ژ: ١٨٧٥ — حوزەیران ١٩٣٠ شنۆ). نەوەی هۆزی شوکاکی بە ناوبانگی کوردستانی خۆرهەڵات و باکوورە کە لە کۆتایی سەدەی ١٢ و سەرەتای سەدەی ١٣ی کۆچییەوە لە نێوچەکەدا دەنگی بەرزبووە. باپیرانی (سمکۆ)ش هەمیشە ناڕەزاو نەیاری فەرمانڕەوایی عەجەم و شەیدای ڕستگاریی بوون. لە دوای ژینی دەستووریی — مەشرووتەی ئێرانەوە (١٩٠٦)، ئەم هۆزە بەهێزە لایێنگیری خودموختاریی کورد بوو. دووای هەڵ کەوتنی سمکۆ بە تایبەتیی لە ساڵی ١٩١٣ بە دوواوە و بەهاریکاریی عەبدوڕڕزاق بەدرخانی نەتەوە پەروەری شەهید. تێ کۆشانی ڕووی لە سەربەخۆیی کوردستان و ڕستگاریی گەلی کورد بووە. لە پێناویدا و لە باژێڕی (خۆی)دا یێکەم کۆمەڵی سیاسیی و ڕۆشنبیریی (جیهاندانیی) لە کوردستانی خۆرهەڵاتدا دامەزراند.

سمکۆ لە یێکەم جەنگی گێتییدا جم و جووڵێکی چەکداریی نەنواند و تێکەڵی شەڕگێڕەکان نەبوو، بەڵام لە دوای ئاگربڕەوە (١٩١٨) و بە تایبەتیی لە نێوان ١٩١٩ — ١٩٢٢دا چەکی بۆ ڕستگاریی گەلی کورد لە چنگی ڕژێمی عەجەم بەرزکردوە، نێوچەیێکی کوردستانی خۆرهەڵاتی ئازاد کرد و ڕۆژنامە نووسینی داهێنا، بەڵام نەی توانیی وەك (حەفید زادە مەحموود) حوکوومەتێکی کوردستانیی دابمەزرێنێت و پێش بکەوێت.

سمکۆ لەپێناوی ئامانجەکانییدا هەوڵی دا بەهۆی سەیید تەهای ژن برایەوە یارمەتیی لە بریتانەکانەوە دەستگیر ببێت بەڵام بێ سوود بوو. پێوەندیشی لەگەڵ کەمالییێکان — تورك — هەبوو، بەڵام ئەوانیش درۆیان لەگەڵ دەکرد. تەنانەت ڕووسەکانیش کەڵکیان نەگرت. سمکۆ چەند جارێ لە لایێن ڕووس، تورك، عەجەمەوە گیراوە. عەجەم و تورك چەند جارێ پیلانی کوشتنییان لێ کرد. عەجەم — چۆن باب و باپیرانی و دوو برای کوشت — جارێ بەناوی دیارییەوە نارنجۆکێکیان بۆ هەناردو بەرنەکەوت، بەڵام دواجار هەر بەپیلانیان شەهید بوو.

سمکۆ — پێچەوانەی سەیید تەهای ژن برای — دۆستی حەفید زادە مەحموود بوو، خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی نێوەند — بە هەڵە باشوور — بوو.

**ئینگلیز دەنێرن بۆ موعاوەنەت. لەشکرێکی کورد تەشکیل دەکـەین – خـۆ حەقیقەتـەن کردیان – کە شێخ مەحموود قووەتی نەبێت، زەعیف بمێنێت. ئەو وەختـە پـاش ئـەوەی قانوون، هەموو تشتێ دروست دەبێت قەیدی ناکات[45].**

---

[45] - ت. وەهبیی دو وای ٥٤ ساڵ ئەم قسانەی – بێ هوردە کاریی باسەکە – گێڕاوەتـەوە. مێـژوو نـووس م. ر. هـاواری دۆسـتی نزیکـی، لـە بەڵگەنامـەی ڕەسمییانـەی بریتانەکانـەوە، قسـە و پێشنیازیان ت. وەهبیی ئەوهە بڵاوکردووەتەوە.

بەڵگەی بریتانیی؛ ژ 230 – 730 C . E ی ڕۆژی ١٩٢٢/٦/١٥ ئەوها دەگێڕێتەوە: (پێشنیازێکی بە کەڵك و بەنرخ لەمەڕ بـاری نێوچەی سلێمانیی لـەلایێن تۆفیـق وەهبیـی بەگـەوە پێشکەش کراوە.

تۆفیق وەهبیی ئێستە ئەفسەرێکی نێو سوپای عێراقە و خەڵکی سلێمانییە و یێکێکە لـە کوردە نەتەوە پـەروەرە سـەرگەرمەکان و فـرە دوژمنـی تورکانـە، بـەپێی بۆچـوون و لـە یێـك دانـەوەی تۆفیق وەهبیی، پێ ویستە کوردەکان دڵنیـا بکـرێن کـە دەزگـەیێ لـە سلێمانییدا دادەنـدرێ بـۆ ئەوەی بە چاودێریی ئەو دەزگەیە دەست بکرێت بە هەڵ بژاردنێ بۆ حوکمدارییێتیی و شێوەیێ لـە ئیـدارەییێکی کـوردیی دابمـەزرێ، لەگـەڵ دانـانی بەڕێوەبـەرێ بـۆ کاروبـاری نێـو خـۆ و بەرزکردنـەوە و پێشخسـتنی بـاری خوێنـدەواریی و ڕۆشـنبیریی لـەژێر ئینتیـداب و چـاودێریی بریتانیا و چـەند موستەشارێکی بریتانییدا. (ئـەو ڕۆژگـارە حەفیـد زادە مـەحموود هـات بـووە کوێت و بڕیاری گێڕاندنەوەی نەدرابوو/ م.ر. هاوار).

وێڕا تۆفیق وەهبیی دەدان بە ئەوەدا دەنێت کە خەڵکی نێوچەی سلێمانیی خوازیاری هێنانەوەی شێخ مەحموودن، بەڵام بـەلای ئـەوەوە – ت. وەهبیـی/ k – چاکترە هـەڵ بژاردنەکـە بکرێـت و حیساب بۆ هەموو جۆرە ئیحتیمالاتێك بکرێ کـە دوور نییـە سـەرگەرمیی و سـەرخێڵیی شـێخ مەحموود وەهای لێ بکات خۆی نەگرێت و بێ دەنگ دانەنیشێت. لەبەر ئەوە، ئەو باشی دەزانێت جارێ پەلە لـە هێنانـەوەی شـێخ مـەحموود نـەکرێت تـا ئـەو ئیـدارە کوردییـەی کـە پـێ ویسـتە دادەمەزرێ، ئەوسا، دوای ئەوە شێخ مەحموود بهێندرێتەوە.

=تۆفیق وەهبیی دەبێژێت: دوو مەترسیی و دوو هەڕەشە بۆ ئەو باسە هەیە: ئەگەر هەڵ بژاردن بکرێت، لەلای وەهایە (حەمدی بـەگی بابـان) دەرفـەتی ئـەوەی دەبێـت هـەڵ ببـژێردرێت، بـەڵام تاکە سەرنجێکی لە بەرامبەر حەمدیی بابان هەیە و دەبێژێت: حەمدیی بابان گوتـوویێتی؛ (بـە هیچ جۆرێ ناخوازێت لەژێر تاجی حوکوومەتی عێراقدا ببێ و لەلای وەهایـە کـە دەتوانێـت بـە ڕێگەی لامەرکەزییەوە چارەسەری ئەوەیش بکرێت)/ تەواو)*.

* بنۆڕە: شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی، ب٢، ل ٢٧١ – ٢٧٢.



**گوتی: باشە.**

**هاتمە دەرەوە. شێخ مەحموودیان هێنایەوە. منیش پێنج زابتم[46] لەگەڵ خـۆم هەڵ گرت، چووم بۆ سلێمانیی. درێژە ئەمە، نای کەم. لە ئێرەدا دەی بڕمەوە.**

**شـێخ مـەحموود، بەرقییـەییێکیان لـە بەغـداوەوە بـۆ هـەنارد – زسـتان بـوو – هـەردووکیان، مەنـدووبی سـامیی، مـەلیك، هـەردوکیان ئینگلیـز و عـارەب، دەڵێن: (ئیستیقلالتان دەدینێ، تەواو بـوو. هەیئـەتێك بنێـرن، لـە نێـو خۆتانـدا ئیتتیفـاق بکەن، حوودوود تەحدید بکەن، چی بکەین، چیی بکەین)[47].**

---

[46] بە ڕۆشنایی ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان)* ئەفسەرەکان ئەمەن:

١- بێکباشی ئەرکان حەرب، تۆفیق وەهبیی.

٢- بێکباشی خالید سەعید.

٣- یوزباشی ڕەشید ئەفەندیی (کوڕی ئەمین ئاغا/ k).

٤- مولازم عەزیز حیکمەت (قەززار/ k).

٥- مولازم عەبدولعەزیز (عەزیز کوردیی/ k).

٦- مولازم ئەمین ڕواندزیی.

ڕەفیق حیلمـیش لـە (یاداشـت)** دا نـاوی کەسـانی دیکەیشی هێنـاوە وەك: فـائیق کاکـە ئـەمین، سدیق ئەلقادریی.

* س١، ژ ٨، هەینیی، ١٩٢٢/٩/٢٩.

** ب٣، بەغداد ١٩٢٢، ل ٢٩.

[47] ئەم باسەی ت. وەهبیی ڕێکەوتی مانگی کانوونی یێکەمی ١٩٢٢ کە حوکوومەتی عێراق و نوێنەری باڵای بریتانیا لە عێراقدا، بە یێکەوە بەیاننامەیێکیان دەرکرد گۆیا: (هەردووکیان دەدان دەنێن بە دروست بوونی حوکوومەتێکی کوردیی) لە چێوەی عێراقدا. داواش دەکەن کورد =نوێنەری خۆی ڕێك بخات و بچێت بۆ بەغداد بۆ دەست نیشان کردنی سنوور و هتد... (بنۆڕە باسی ڕوونتر لە ژیننامەی حەفید زادەدا).

لە ئێرەدا باس کردنی چەند خاڵێك پێ ویستە:

١- ئەو بەیاننامەیە کە وێنەی لەلایێن حوکوومەتی بریتانیاوە دراوە بە کۆمەڵەی گەلان*، بە پێی قسەی بریتانەکان چ لێ کۆڵەکانی کورد و هێندێك لێ کۆڵی عارەب، تەنها (فرۆفێڵ) بووە.

بۆ وێنە در. جەعفەر فەحجوڵڵە لەمەڕ دەرچوونی بەیاننامەکە دەبێژێت؛ (ساتێك پرۆتۆکۆڵی نێوان بریتانیا و عێراق لە ١٩٢٣/٤/٣٠دا مۆرکرا، لە ئەوەدا بە تەواویی دەرکەوت کە مەبەستی

حوكوومەتی بریتانیا لە (دەركردنی ئەو بەیان نامە دوو قۆڵییە)دا تەنها شتێك بوو بۆ چاوو ڕاو، سلێمانیی بە تەواوەتیی و بە یێكجاریی بخرێتە سەر عێراق و لە ئەو پڕۆتۆكۆڵەشدا هەستی نەتەواییێتی كورد پشت گوێ خرا)**.

لە لایێكی دیكەوە ئەگەر هورد بنۆڕین دیارە كە وەفدیش ڕەوانە كراوە، بەڵام دەستی دەستیی پێ كراوە بنۆڕە:

- حەفید زادە مەلیكی كوردستان – دوای بەیاننامەكە – چەند كەڕەت كە نوێنەری خۆی ناردووە، وەك دەستیی دەستیی پێ كراوە، بە دەستی سپیی گەڕاوەتەوە.

م. ر. هاوار لە كتێبی (مس بیل Miss Bell)ەوە قسەی هەڵ گرتووە، (دەستەیێك لە سلێمانییەوە هاتن بۆ بەغداد كە لە ١٤ كەس پێك هات بوو بۆ ئەوەی باسی مەسەلەی كورد بكەن .. هتد)***.

م. هاوار لە یاداشتەكانی شێخ ڕەئووف كوڕی حەفید زادە وە باسی دەگێڕێتەوە، (كە ئەو بەیان نامە دوو قۆڵییە دەرچوو، لە سلێمانییدا بڕیار درا بە ڕەزامەندیی هەموو لایێك وەفدێك لە پیاوە ناسراوەكانی كورد بنێردرێت بۆ بەغداد ئەو وەفدە بە سەرۆكایی سەیید ئەحمەدی بەرزنجەیی و ئەندامان حاجیی مستەفا پاشا یامەلكێ و حەمە ئاغای ئەوڕەحمان ئاغا و كەریمی فەتاح بەگی جاف و چەند كەسێكی دیكە بوو كە چەند ڕۆژێ مانەوە بۆ دیتنی مەندووبی بریتانیا و كاربەدەستەكانی حوكوومەتی عێراق تا لەمەڕ جێ بە جێ بوونی بەرنامەیێك گەڵاڵە بكرێ. بەڵام مەندووبی سامیی دەستیی پێ كردن و ڕێگەی نەدا بیان بینێت. لەمەڕ ئەنجام وەفدەكە ئاگادار كرا گۆیا؛ (ئەو بەیاننامەیە بۆ هەموو كورد دەرچووە نەك بۆ شێخ مەحموود كە ئێوە تەنها نوێنەری ئەون. با نوێنەرانی هەموو كورد كۆ ببنەوە و بۆ دانانی وەفدێك ڕێك بكەون ئەو ساتە وەفد بهێت بۆ باس كردنی بەیاننامەكە). بۆ جاری دوایی وەفدەكە دیسان تەقەللای دا دیدەنیی مەندووبی سامیی بكا، بەڵام وەك ئەنجامی پێشوو، چیی دیكەی دەستگیر نەبوو)****.

* بنۆڕە: شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەكەی – ب٢، ل ٤٧٥.

=** = = = = = – ل ٤٧٥.

*** = = = = = = – ل ٤٧٤.

**** = = = = = = – ل٤٧١.



شێخ مەحموود بە ئەمە ڕزایی نەبوو. شێخ مەحموود دەترسا نەوەكا خۆی بچێت بی گرن. چونكە یاخیی ببوو، گوێی نەدەدانێ. لەئەوە دەترسا(٤٨).

ئینگلیزەكان تووڕە بوون. ئینزاریان كرد سمكۆ هاتە سلێمانیی ئیستیقبالیان كرد(٤٩). سمكۆ لە مانگی مارتدا هات و هەر لە ئەو مانگەدا ڕۆیشت. گوت بووی (زستان بڕوات من لەئێرە نامێنمەوە). ڕۆییشت من، دوو زابتم لەگەڵ (سمكۆ) هەنارد. دوو مولازمم هەڵ بژارد(٥٠) لە مەعییەتیدا بچن. لەئەو وەقتەدا ئینگلیزەكان ئینزاریان كرد – مەبەست حەفید زادە مەحمووده/k – و گوتیان؛ (ئێمە سلێمانیی بۆمباردوومان دەكەین بە تەیارە – هەوا پەیما، فڕۆكە).

منیش حاڵم زۆر خراپ بوو، ویستیان بم كوژن. شەوێك جەماعەتێ لەگەڵ شێخ مەحموود دادەنیشن؛ ئەشرافی سلێمانیی. پاش نان خواردن – من لەئەوێدا نەبووم – پیاوێكیش (عەلیی ئاغای زەنگەنە)(٥١)، عەشیرەتە، خزمی مێردی پوورمە، ئەویش لە ئەوێدا بووە. ڕەئیسی شورتەی عامی كورد كە ئەویش خزمی شێخ مەحموودە، لە دەرگەكەوە – تفەنگ و دەمانچە و فیشەكی لەخۆی داوە، پۆلیسی لەپشتە – دەڵێت؛ ئەوە دەڕۆیین! ئەوان گوتیان: ئەمانە بۆ كوێ دەچن؟

(٤٨)- ئەم قسەیەی ت. وەهبیی بێ بنچینەیە. ئەگەر قسەكەیشی ڕووی لە ڕۆژگارەكانی پێش دووهەم شۆڕشی پاش شەوی ٣ – ٤ /١٩٢٣/٣/ بێ كە بریتانەكان گێچەڵیان بە حوكوومەتی كوردستان دەكرد و ناڕەزابوون حەفید زادە مەحموود خۆی بە مەلیكی كوردستان هەڵ داوەو ئاڵای كوردستان لە چەند شوێنێكدا هەڵ كرا. ئەوە بریتانەكان گفت و بەڵێنەكانیان بەجێ نەهێنا و خۆیان بۆ لێ دانی هیوای سەربەخۆیی نیشتیمانی كورد ئامادە دەكرد، بەیان نامەی هەڕەشە ئامێزیان بە فڕۆكە بەسەر سلێمانییدا هەڵ دەڕژت.

ئەگەر ڕووی قسەی ت. وەهبیی لە ئەو هەلە بێ، دیارە حەفید زادەیێكی مەلیكی كوردستان – كە داوای لێ دەكرا بچێتە بەغداد – ڕەوایە خۆی بپارێزێت و خۆیشی قورس ڕابگرێ.

(٤٩)- سمكۆ لە ١٩٢٣/١/٧ دا گەهیشتە سلێمانیی و بە شێوەیێكی ڕەسمییانە و نەتەوەییانە پێشوازیی لێ كرا.

(٥٠)- لە ئەوانەیە ئەو دوو ئەفسەرە ڕەشید جەوددەت و ئیسماعیل فائیق بووبن!!

(٥١)- عەلیی ئاغای زەنگەنە سەرۆك هۆزی زەنگەنە و یێكێ بووە دڵسۆزەكانی حەفید زادە مەحموود كە كردبووی بە (یاوەر)ی خۆی.

ئەو جوابی دانەوە و گوتی: تۆفیق وەهبیی و جەماعەتێ لە هەیوانی ماڵی ڕەشید جەودەتدا[٥٢]. عارەق دەخۆنەوە — لە مونەوویرەکان ئێستە پێیان دەڵێن ڕۆشنبیر — دەچینە سەریان دەیان کوژین.

ئەوان گوتیان: مەکە چۆن دەبێت؟ تۆفیق وەهبیی پیاوێکە ئەوەندە خوێندوویێتی. ئەوانە هەموو خوێندەواری ئێمەن. یەعنی کە وەهابێ هیچ کەس نامێنێ!

ئەو عەلیی ئاغایەی خزمی پوورم، هینی کردووە، مومانەعەی کردووە. هەروەها شاعیرێ هەبوو؛ ئەحمەد بەگی ساحێبقڕان[٥٣] — شیعرەکانی دەزانن؟ - ئەو گوت بووی: (من شاهیدم تۆفیق وەهبیی تۆی — حەفید زادە مەحموود/ k — دەوێ سبەی وەسیقەت بۆ دەهێنم). حەقیقەتەن کە هاوینێ، دوو مانگ چوومەوە بۆ سلێمانیی؛ (منیان ئیجبار کرد) کە شێخ مەحموود بهێندنەوە[٥٤] بۆم ئیمزا

---

[٥٢]- برای ئەفسەری شەهید مەحموود جەوددەت.

[٥٣]- ئەحمەد بەگی ساحێبقڕان: ئەحمەد حەمدیی (ژ: ١٨٧٦ — م: ١٩٣٦) کۆڕی فەتاح بەگی کوڕی ئیبراهیم بەگ کوڕی مەحموود بەگ کوڕی ئەحمەد بەگی ساحێبقڕان. ساڵی ١٩١٦ لە سەردەمی عوسمانیییێکاندا سەرۆکی بەلەدییەی سلێمانیی بووە. لە دووەم حوکوومەتی کوردستان — ١٩٢٢دا وەزیری کاروباری گومرگ بووە*. دوای دووەم شۆڕشی حەفید زادە لە ١٩٢٣دا تێکەڵی شۆڕش و حەفید زادە نەبووە بەڵکە لە (تەشکیلاتی حوکوومەتی: ١٩٢٣/٦/١٠)ی داتاشراوی بریتانەکاندا داندراوە بە سەرۆکی کاروباری گومرگ، بەڵام دووای سێ ڕۆژ لەگەڵ سەرۆك و ئەندامەکانی دیکەدا دەستی لە فرمانەکە هەڵ گرتووە. دواتر تێکەڵی کاروباری سیاسەت نەبووە و خەریکی کاروباری موڵکەکانی خۆی بووە.

ئەحمەد بەگی شاعیری ناسراوی کورد یێکێك بوو لە ئەو کەسانەی بە (شیعر) ڕەخنەی لە کاروباری حوکمڕانیی حەفید زادە گرت بوو، بەڵام گیانی نەتەوەپەروەریی لە ساڵی ١٩٣٢ و چوارەم شۆڕشی حەفید زادەدا، هانی دا دیسان لایێنی خەباتی نەتەوەیی حەفید زادە و شۆڕشگێڕان بگرێت و شیعری بە باڵادابڕین.

* بنۆڕە: ڕۆژی کوردستان — س ١، ژ ٣، ١٩٢٢/١٢/٦.

[٥٤]- ئەمە بەڵگەیێکی دیکەیە بۆ ئەوە کە هەرگیز لایێنگیری حەفید زادە مەحموود نەبووە و پێوەندیییێکانی بە ئەم شێوەیە بووە.



کردن، پێ نیشانی دابوون، گوت بووی: (فەرموو، ئەمە کێ ئیمزای کردووە؟ لە عەلیهی تۆ نییە؟ دەی کوژن!).

لە پاش یێك دوو ڕۆژ کە ئەو خەبەرەم بیست، ویستم هەڕا بکەم. هەموو تشتێکم حازر کردبوو. من خزمم لە هەڵەبجەدا هەیە. خزمم لە نێو (جاف)دا هەیە. عەشیرەتی جاف خزمی منن. ویستم لەئەوێوە بچم بۆ بەغداد. لە پڕێکدا پیاوێك هات و (وسوو ئاغا)ی پێ دەڵێن[٥٥]- من لە زەمانی ئینگلیزدا بە واسیتەی مێجەر سۆنەوە چاکیم لەگەڵ کردووە. دەوڵەمەندم کرد. قۆنتەراتێکم پێ دا. گوتم: بی دە بە ئەوو دایێ.

گوتی: هەستە بچین بۆ لای شێخ!

گوتم: من بچم بۆ لای شێخ؟

گوتی: باوەڕ بە من ناکەیت؟ کێ دەتوانێت دەست بۆ تۆ درێژ بکات؟ ئەوجا ئەو موحاریب، یێکە پیاوی سلێمانیی بوو. ئەو شەوە من حارز بووم بڕۆم، لەگەڵی چووم. تەبیعیی شێخ مەحموود ئیستیقبالی کردم، گوتی: فلان و فلان تۆیان خۆش ناوێت، لە عەلیهیی تۆ، لەلای من، قسە دەکەن.

گوتم: تۆ یا بەڕلام بکە بڕۆم، یا ئەگەر (**لە من دەترسیت**) لەماڵی خۆتدا ژوورێکم بدەرێ تێیدا بنیشم، من ئیشت بۆ دەکەم، ناچمە دەرەوە.

گوتی: نەء. تۆ قانوونی تەعلیم و موعەللیمیی عەسکەرەکەم بۆ دروست بکە.

---

[٥٥]- وسوو ئاغا، کوڕی عەبدوڵڵە ئاغای خەڵکی سلێمانییە (ژ: ١٨٨٥ — م: ١٩٥٧)* پیاوێکی ئازا و دڵسۆزی حەفید زادە مەحموودی مەلیك بووە. ئەحمەدی خواجە و ڕەفیق حیلمیی لە نووسراوەکانیاندا باسی هەڵوێست و دڵسۆزیی و جوامێرییان کردووە. لەلای خەڵکی سلێمانییش بە کەسێکی پیاو چاك، نەرم، ڕوو خۆش ناسراوە.

* بنۆڕە: شاری سلێمانیی — ب٢، ل ١١٥.

کردم. چاپ کرا[٥٦]. من هەر بۆ فورسەتێکیش دەگەڕام هەڕا بکەم[٥٧]. **(باسی بۆمباردوومانی سلێمانیی — هەڕاکردنی بۆ بەغداد/k)**.

ئینگلیزەکان کە گوتیان، (ئێرە بۆمباردومان دەکەین)، هاتنە سەر شار. چەند بۆمبایێکی پچووکیان بەسەر قەراخی شاری سلێمانییدا فڕێ دا. بەیانیان فڕێ دا بوو، گوتیان؛ (ئەمانە پچووکن، ئەگەر شێخ مەحموود لە سلێمانییدا دەرنەچێت، لەپاش چەند ڕۆژێکی دیکە بۆمبای گەورە فڕێ دەدەین)[٥٨].

حەقیقەتەن هاتنەوە.. بەیانیی بوو، من نوست بووم. ژنێ هاتە سەرم، گوتی: هەستە!

گوتم: چییە؟ (بەپێکەنینەوە/k) تەیارە هاتووە. **خەڵقیش منیان بە دۆستی ئینگلیز دەزانیی**. ماڵێ لە تەلگرافچییێکانی (چەمچەماڵ)ەوە هەواڵی/ k بۆ هاتووە،

[٥٦]- مەبەست چەند نامێلکە سەربازییێکەیتی بە ناوی (تەعلیم تاقم)ەوە. بنۆڕە وێنەییێکی کە ساڵی ١٣٣٨ی ڕۆمیی = ١٩٢٢ز (لە چاپخانەی حوکوومەت — سلێمانیی)دا چاپ کراوە. بنۆڕە: داوێن: ٤/ بەڵگەکان.

[٥٧]- هەڕاکردنی ت. وەهبیی گۆیا هێندێ کەسانی نزیك حەفید زادە قسەی خراپیان لەمەڕ گوتووە، تەنانەت لە کەسانی دیکەش، مەلامەتی ڕاست نییە، بەڵکە — وێڕای ڕوون کردنەوەی پترمان لە خوێندنەوەی ڕەفتارەکانییدا — ئەم، بە دڵ و بەگیان لەگەڵ حەفید زادە و حوکوومەتی کوردستان نەبووە. بۆچیی؟ خۆی لەلام م. ڕ. هاوار دەستی کردووەتەوە و دەبێژێت: (ئێمەش لە دوای ماوەیێك — خۆی و ئەفسەرە هاوەڵەکانی/k — بۆمان دەرکەوت کە لە سیاسەتی ئینگلیزدا نەبووە حوکوومەتێکی کوردیی دابمەزرێت، بۆیێکا زۆرمان هیوامان بڕاو یێکە یێکە لەشێخ مەحموود دوور کەوتینەوە)*

بنۆڕە: شێخ مەحموود قارەمان و دەوڵەتەکەی .. — ج٢، ل ٣٥٩.

[٥٨]- لە نێو ئەو بەیان نامەیەی بریتانەکاندا کە بەرچاوم کەوتوون (ڕستەیێك)ی ئەوتۆ دەرنەکوتووە. بۆ وێنە بەیان نامەی فڕێ دراو بە فڕۆکە بەسەر سلێمانیدا کە مێژووی ٢٤ی شوباتی ١٩٢٣ لەسەرە لە داوێندا دەبێژێت: (ئەم چەند بۆمبایە کە ئەمڕۆ بە عەمدیی درا بە ئەترافی شاردا درا مەقسەدمان ئەوە بوو کە بەعزێ کەسانی گۆیا بەعزێ تشتیان لەبیر چوو بوو، بۆ خاتری بهێتەوە فکریان. لەئێرەدا ئەگەر بۆمباکان نەتەقاون کەس نزیکیان نەچێت چونکە تەهلوکەیە)*.

* بنۆڕە: سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٩٣.



ئەوە تەیارە هات. ئیتتیجاهی ماڵی منیان کردووە، گوتوویانە: ئینگلیز بۆ ئەوێی ناهاوێژێت. **منیان بە دۆستی ئینگلیز دەزانیی**[٥٩]. هاتمە خوارەوە، هاتمە حەوشەکە. بەس نەبوو هاتمە حەوشەکە ئەگەر نا کوژرابووم.

بۆمبا بە بەردەمی منداهات، هینەکان چوون بە ئاسماندا، دای بە پەنجەرەکاندا، هەمووی شکاند. یێکێکی دیکە بە ئەولادا، لە ئەو لاوە. خانوویێ لە پێشمەوە بوو، دوو قات بوو، وەك کەللە شەکر لەهوردە دروست کرا بێ و فڕێی بدەیتە نێو ئاوەوە، چۆن بڵاودەبێتەوە؛ ئەو خانووە چاووم لێ بوو، هاتە خوارەوە، بوو بە عەرز. بەڵام بەر خانووەکەی ئێمە نەکەوت[٦٠].

دەرحاڵ سواری ئەسپ بووم، هەڕام کرد، چووومە دەرەوەی سلێمانیی[٦١]. لە ئەوێوە چوومە بەغداد. حیکایەتەکە درێژە چۆن چووم! **(باسی گرتنی خۆی لە بەغداددا دەگێڕێتەوە)** منیان خستە حەپسخانەوە. چیم کردووە؟ کەسیش ناهێت بم بینێت.

من چیم کردووە؟

گوتیان: تۆ پیاوی تورکیت! پیاوی تورك[٦٢]؟!

[٥٩]- لە سەردەمی دووەم حوکوومەتی کوردستاندا، لە سلێمانییێکی ١٠ — ١٢ هەزار کەسدا، ئاسان بووە خەڵکیی هەڵست و کەوتی پیاوەکانی بناسێتەوە. ئەوەتە ت. وەهبیی ڕای خەڵکەکەی دەوروبەری نواندووە و دوو جار گوتوویێتی: (بە دۆستی ئینگلیزیان دەناسیم). ئەمە وێڕای ئەوەی هەتا ئەم گوتوبێژەی، لەسەر ئینگلیز — بریتانیا — دەکاتەوە و بە دادپەروەری دەزانێت؟!

[٦٠]- ئەز دڵنیام بریتانەکان ماڵی ئەویان ناسیوە.

[٦١]- بێژراوە چووەتە هەڵەبجە و جافەکان — گۆیا خزمین — یارمەتییان داوە.

[٦٢]- ئەم باسەی سەر ناسوڕێنێت. چونکە ئەویی تۆزەڵقانی سەر لە سیاسەتی ئەو ڕۆژگارانەی عێراق دەربکات، تێ دەگات کە ئەم (گرتنە)ی ت. وەهبیی و بە ئەو تۆمەتە، تشتێکی ناماقووڵە. چونکە لەلاییێکەوە بریتانیا دەسەڵاتداری یێکەم بووە پتر لە حوکوومەتە تازەکەی عێراق کە خۆی دای مەزراند. لە لاییێکی دیکەوە — وەك پێشنیازی تۆفیق وەهبیی بۆ کاربەدەستی ئینگلیز باس کرا — ناوبراو بە ئاگەهداریی و ڕەزامەندیی بریتانەکان خۆیان هاتووەتەوە بۆ سلێمانیی تا لە حوکوومەتەکەی کوردستان بچێتە پێشەوە لەلاییێکی دیکەشەوە، بە ئافەرینی بریتانەکان

من لای تورك بووم، پیاوی تورك بوومایە بۆچیی دەهاتمەوە ئێرە؟ نا!

چل و دوو ڕۆژ لە حەپسخانەدا مامەوە[٦٣]. ئینگلیز زۆر عاقڵە، لە خۆیەوە ئیش ناکات، تەحقیقاتیان کرد.

ڕۆژێك لە حەپسخانەوە وەزیری داخلییە بانگی کردم. چووم، گوتی: (عەفوومان بکە، ئێمە غەڵەت بووین. تۆ پیاوی چاکیت. ئەوە ئێستە ئێمە حازرین چیت بوێت بۆت بکەین. ئێمە غەڵەتمان کرد).

گوتم: من پیاوێکی عەسکەرییم، دەمەوێت عەسکەریی بکەم، دەچمەوە جێگەی خۆم[٦٤] منیان تەعین کرد بە قوماندان – فەرماندەی مەدرەسەی تەدریب. (دار التدريب العسكری/ فێرگەی مەشقی سەربازیی، یا کۆلێجی سەربازیی/k). زابتەکان کە لە لای تورکەکان دەهاتنەوە، بەئوسووڵی ئینگلیز فێرمان دەکردن. منیان کرد بە قوماندانی ئەوێ.

ئیدی ئەو وەختە ساڵی ١٩٢٣ بوو، دەستم کرد بە (گرامێر) نووسیین. ئەوەیشم پێ گوتن کە حوکوومەتی ئینگلیز قەراری دا بوو خوێندنی بە کوردیی بێ، وەهانییە؟

=نەبووایە هەرگیز نەدەکرا بە فەرماندەی مەشقی سەربازیی – کۆلێژی سەربازیی کە گەلێ سەرچاوەی باوەڕ پێ کراو دەگێڕنەوە؛ بریتانەکان سڵیان لە ئەفسەرە عارەبەکانی پاشماوەی سەردەمی تورکی عوسمانیی دەکردەوە و پتر لە کوردەکان دڵنیا دەبوون و لە ئەو شوێنە ناسکەدا دایان دەمەزراندن.کورتییێەکەی، بە ڕای من، گرتنەکەی ت. وەهبیی بە ئەو تۆمەتە، تەنها کارێ بووە بۆ شیرنتر کردنی ناوبراو لەلای حوکوومەتی عێراق و ڕێگە خۆشکەریش بووە بۆ دانانی بە فەرماندەی فێرگەی مەشقی سەربازیی.

[٦٣]- مخابن هێندێ لێ کۆڵ و نووسەر ئەم گرتنەیان وەها هاتووەتە بەرچاو گۆیا (لەسەر کوردایێتیی و لایێن گرتنی حەفید زادە مەحموود بووە) کە وەهایش نییە.

[٦٤]- ئا لە ئەو هەلەدا کە داوای دەکرد بچێتەوە سوپای عێراقی عارەب، هاونەتەوەکانی لە چیاکاندا مەشخەڵی، شۆڕشیان ڕوو بە ڕووی دوژمن هەڵ گرت بوو.



(باسی دانانی بە موتەسەڕڕیفی سلێمانیی – ١٩٣٠ دەکات) لەپاشدا مەلیك فەیسەڵ[٦٥] – فەیسەڵی یێکەم/k – منی کرد بە موتەسەڕڕیفی سلێمانیی.

[٦٥]- فەیسەڵ، یێکەم پاشای عێراقی عارەب (ژ: ١٨٨٣/٥/٢٠ تائیف – م: ١٩٣٣/١١/٨ بەغداد) سێیەم کوڕی شەریفی مەککە؛ شەریف حسێن. شەریف عەلیی کوڕی محەممەد.

لە ساڵی ١٩١٣ دا وەك نوێنەری (جەددە) ئەندامی پارلەمان عوسمانیی بووە. لە دووەم جەنگی گێتییەوە هاریکار و دۆستی بریتانەکان بووە. لە ١٩٢٠دا بۆ ماوەیێکی کورت پاشای سووریا بووە و دواتر فڕانسەکان ڕاویان ناو بریتانەکان هێنایانە عێراقەوە و لە نێوان ١٩٢١ – ١٩٣٣دا کردیان بە پاشای عێراق.

لە ١٩١٩دا کۆنگرەی ئاشتیی پاریس بۆ وڵاتە براوەکانی جەنگ ڕێك خرا، ئەو وەك نوێنەری عارەب بەشدار بوو، تەنها یێك جار قسەیێکی کورتی کرد بوو: (داوای سەربەخۆیی وڵاتەکانی عارەب دەکەم و فەلەستینیش لەبەر شێوە گێتیگیرییێکەی بەجێ دەهێڵم!

دوای کۆنگرەی قاهیرەی ساڵی ١٩٢٠ و لە پاش شۆڕشەکەی عارەبی عێراق لە دژی بریتانەکان، ئەنجوومەنی دامەزرێند لە سەرکردەکانی عێراق و سیاسەت بازە ناسراوەکان پێك هات. لە نێویاندا؛ نووریی سەعید، ڕەشید عالیی گێلانیی، جەعفەر عەسکەریی، یاسین هاشمیی، عەبدوڕڕەحمان نەقیب، عەبدولوەهاب نعیمیی هەبوون. سەرئەنجام لە ١٩٢٠/١٠/٢٥دا حوکوومەتێکی دەمەکیی بە سەرۆکاریی عەبدوڕڕەحمان نەقیب، دامەزرا. ئەویش جاڕی دا بۆ بە مەلیك بوونی فەیسەڵ کە لە ١٩٢١/٩/٢٣دا تاجی پاشایێتیی عێراقی لەسەرنا*.

(لەسەردەمی فەیسەڵدا – پاشای عێراقی عارەب – سێ پەیمانی گرنگ لە ساڵانی ١٩٢٢، ١٩٢٦، ١٩٣٠دا لەگەڵ بریتانەکان مۆرکرا. لە هەموویاندا مافە ڕەواکانی گەلی کورد – بە زۆر نووسێنداراوە بە عێراقی عارەبەوە – پێ شێل کرا.

لەسەردەمی ئەودا بە پشتیوانیی بریتانیا – چەند پەیمان و پرۆتۆکۆڵیی سیاسیی و سەربازیی لەگەڵ ئێران، تورکیا، سووریادا مۆرکرا و مەبەستیان لێ دانی بزاڤی ڕستگاریی خوازی میللەتی کورد بوو لەهەر شوێنێکی کوردستانی گەورەدا. هەرچیی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی گەلی کورد هەیە وەك؛ ڕماندنی حوکوومەتی مەملەکەتی کوردستانی باشوور لە ١٩٢٤دا، سەرنانەوەی چوارەم شۆڕشی حەفید زادە مەحموود لە ١٩٣١دا، شۆڕشی بارزان لە ١٩٣١ – ١٩٣٢دا، هەروەها کوژتاری ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠ی سلێمانیی لە دەست هات. بۆ یێکەم جاریش لەمێژووی هاوچەرخدا، سیاسەتی بە عارەب کردنی کورد و کوردستان، سەپاندنی خوێندنی عارەبیی لە قوتابخانە و دەزگەکاندا، نیشتەجێ کردنی خێڵەکانی عارەب لە ئەم شوێن و ئەو شوێنی =کوردستاندا پەیڕەو کرا. نەوتی کوردستانی کرا بە سامانی عارەب، سیاسەتی لە یێك ترازاندنی نەتەوەیی

من زابتێك بووم، وەهانییە؟ بووم بە موتەسەڕڕیفی سلێمانیی[٦٦]. بووم بە سیاسیی لاکین کە چووم تەشەککوری بکەم، ڕجای لێ کردم، گوتی، (سیاسەت مەکە!). دەی زانیی دەی کەم، چونکە موعاهەدە هەبوو[٦٧]، عێراق دەچووە عوسبەتول ئومەمەوە[٦٨].

ئێمە حوقووقمان هەبوو، ویلایێتی مووسڵ[٦٩] بە شورووت دراوە بە عێراق. هەر ئەوها نەدراوە. شێخ مەحموود حەربی کردووە، چیی کردووە. من نەفیی کراووم[٧٠]، ئەوە وەهابوو، وەها و وەها... چوومە سلێمانیی. ئەهالیی مەمنوون نەبوو لەحاڵی ئەم. خەبەرە کە (ناوی ئێمە لە موعاهەدەکەدا نییە).

تەلگرافیان لێ دا بۆ بەغداد. داوای مەتالیبێکی زۆر سووکیان کرد.. هیچ، نەموختارییەت – ئۆتۆنۆمیی/k – نەهیچ.

---

=کوردی پەیڕەو کرد و جاشایێتیی هێندێ خێڵی کوردی باوکرد و کوردی بە کورد بە کوشت دەدا و خەڵات و بەراتی بەسەر نۆکەرانیدا دەبەخشییەوە.. هتد).

★ بنۆڕە: ویکیپدیا الموسوعة الحرة.

[٦٦]- ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق لە ١٩٣٠/٤/٢٨دا بڕیاری دانانی دا. لە ٤/٣٠دا فرمانی ژمارە (٥) پاشایانە بۆ پەسەندکردنی دانانی دەرچوو. وەزارەتی ناوخۆی عێراقیش لە ٥/٦دا فرمانەکەی بەجێگە گەهاند و لە ٥/١٠دا گەهیشتە سلێمانیی★.

★ بنۆڕە: بەڵگەنامەکانی دۆسیێی خۆی و وەرگیراوم لە پارێزگەی سلێمانیی – س ١٩٨٥ **(بە کاربردن و بڵاوکردنەوەی بەڵگەکان بۆ کەسێکی دیکە ڕەوا نییە کە بۆ یێکەمین جاریشە بڵاودەکرێتەوە).**

[٦٧]- مەبەستی پەیمانی ٣٠ حوزەیرانی ١٩٣٠ی بریتانیا – عێراقە کە بۆ مەودای (٢٥) ساڵە و ڕێگە خۆشکەربوو بۆ بە ئەندام بوونی عێراق لە کۆمەڵەی گەلاندا.

[٦٨]-عێراق لە ١٩٣٢/١١/٣دا بوو بە ئەندامێکی کۆمەڵەی گەلان.

[٦٩]- ویلایێتی مووسڵی سەردەمی عوسمانیی. بەتایبەتیی لە نێوان ساڵانی ١٩٠٨ – ١٩١٨دا لە باژێڕەکانی مووسڵ، کەرکووك – هەولێر، ڕواندز، کۆیێ، ڕانیە سەر بە کەرکووك بوون – سلێمانیی پێك هات بوو کە دیارە زۆربەی وڵاتی کوردستانی نێوەندە. (بە هەڵە نێوبراوە بە باشوور).

[٧٠]- بۆ لوبنان لە ١٩٣١دا (بنۆڕە ئێرە و بابەتی: خوێندنەوەیێکی ڕەخنەگرانە/ خوێندنەوەی ڕەفتاری سیاسیی).



بەغداد تووڕە بوو، ئەمە چییە؟ بەرقییە بۆ من، سیڕڕیی. من خۆم جوابم دایەوە، گوتم: (لەبەسرەدا هەزار تشتی وەها دەبێت ئێوە تووڕە نابن، بۆچ ئێوە لە ئەمانە تووڕە دەبن؟ با بی لێن). وەلحاسڵ مووەففەق نەبووم لەگەڵی. **(من لە ژێرەوە تەحریکم دەکردن[٧١]، کردیان بە موختارییەت)**[٧٢]. **ئەووەڵ جار تشتێکی**

---

[٧١]- ئەم پێ لێ نانەی ئێرەی هەموو گومانێ پاکۆدەدا. ئەز لە (تۆفیق وەهبیی کوڕی پیرەمەگروون)دا باوەڕم نواندبوو کە (ئاگری بن کایە). ئەوەتە نامەی نووریی سەعیدی سەر وەزیرانی عێراقیش بۆ نوێنەری باوەڕێی کراوی بریتانیا لە عێراقدا کە لە ١٩٣٠/١٠/١٨ ناردوویێتی، ڕووداوەکانی سلێمانیی – پێش ٦ی ئەیلوول – ی خستوەتە ئەستۆی ت. وەهبیی★.

★ بنۆڕە: تۆفیق وەهبیی، حياته ودوره السياسيى والثقافي – ل ٧٣.

وێڕای ئەوە کە ت. وەهبیی – بە دەنگی خۆی – ددان بنێت بە ئەوەی (خۆی هانی داون) و لە **(داوایێکی پچووکەوە پێی گۆڕیون بۆ خودموختاریی)**، دیارە کە ئەم قسانەی لە هەر گێڕاندنەوەیێکی دیکە – با لە خۆیشی وەرگیرابێت و نووسرابێت – ڕاستتر و باوەڕ پێ کراوترە.بۆییێکا ئەوەی م. ر. هاوار لە زمان ئەوەوە نووسیوییێتی؛ (ڕاستیییێکەی من ئەو دەوورە سەرکییەم نەبوو کە منی پێ تاوانبار کرام کە گۆیا من خەڵکم هان دەدا تەلگراف بۆ عوسبەتولئومەم و بۆ مەندووبی سامیی بنێرن کە داوای دروست کردنی حوکوومەتێکی کوردیی بکەن.. هتد)★، لە ئاستی ئەم ددان پێ دانانەی خۆیدا – بەدەنگی خۆی – تەواو باوەڕ پێ راوە.

جێگەی باسە م. ر. هاوار لە ساڵی ١٩٨٢دا گۆیا ئەو قسانەی لە ت. وەهبیی بیستووە. بەڵام ددان پێدانانی (هاندان)ەکەی لە ساڵی ١٩٧٦دا تۆمار کراوە.

★ بنۆڕە: شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی – ج٢، ل ٧١٥ – ٧١٦.

[٧٢]- موختارییەت: ئۆتۆنۆمیی Autonomy کە ڕیشەکەی Autonomosی یۆنانیە و مانای سەربەخۆیی، ئازادیی خۆ بە ڕێگەوە بردنی هەیە.

ئەم زاراوەیە لە سەرەتادا ئاماژە بووە بۆ مافی هەر دەوڵەتێ دەکات کە دەسەڵاتی خۆ بە ڕێگەوە بردنی هەیە بەبێ تێکەڵیی دەسەڵاتێکی بێگانە. بەڵام لە ئەم ڕۆژگارەدا ئەو ڕژێم و دەسەڵاتە دەگرێتەوە کە هەرێمی وڵاتێ مافی خۆ بەرێگەو بردنی کاروباری نێوخۆیی هەیە و دەسەڵاتەکانی سیاسیی، بەرگریی، ئابووریش بەشی دەوڵەتە مەرکەزییێکەیە ! بەیاننامەکەی ١١ی مارتی ١٩٧٠لەنێوان حوکوومەتی عێراق و سەرکردایێتیی بزووتنەوەی چەکداریی کورد بۆ ئەو مەبەستە بوو، هەروەها باری ئێستەی کوردستانی باشوور – ڕاستتر نێوەند – لەگەڵ حوکوومەتی عێراق هەمان شێوە دەگرێتەوە.

**سووکیان دەویست – بە پێکەنینەوە/k – کردیان موختارییەت. موختارییەتمان دەوێت!**

**لە بەغدادەوە جەریدە دەهات، پڕە لە جنێو! (نفر/ نەفەرون – کەسێك/k)، نەفەرون مەقسەدیان من بوو. دەیان زانیی من دەی کەم!**

**قۆمیتەیێکم – کۆمیتەیێکم/k – دروست کرد بوو لە یازدە کەس[٧٣]. (دووازدە سوارەی مەریوان)[٧٤]مان هەیە، ئەوانە (یازدە سوارە) بوون، باشە[٧٥].**

---

مێژووی هەڵ کەوتنی داخوازیی میللەتی کورد بۆ دەسەڵاتی خۆ بەڕێگەوەبردنی دەگەڕێتەوە بۆ دوای یێکەم جەنگی گێتیی (١٩١٤ – ١٩١٨) کە پەیمانی سیڤەر (١٩٢٠/٨/١٠) پەسەندی کرد وەك سەرەتایێ بۆ سەربەخۆبوونی یێکجاریی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد.

ئەم ئامانجە – گەلی کوردیش چەند شۆڕشێکی لە پێناودا کرد – بە پیلانی سیاسەتی بریتانیای مەزن نەهاتە دیی و لەبریی ئەوە کوردستان و گەلی کوردستان بوو بە چوار بەشی و ژێر ماڵەی چەند دەوڵەتێکی دیکە . هەر بۆیێکا ئەوە سەدەیێکە میللەتی کورد هەر قوربانیی دەدات و کۆڵ نادات.

جێگەی باسە هۆشمەندی ئامریکا و سێیەمین سەرۆك: تۆماس جیفرسۆن Tho,as Jeffron (ژ: ١٩٤٣/٤/٣ – م: ١٨٢٦/٧/٤) یێکەمین کەسە کە وشەی سیاسیی موختارییەت – ئۆتۆنۆمیی بۆ ئازادیی هەرێمەکانی ئامریکا داڕژت*.

* بنۆڕە: دیکیپیدیا الموسوعة الحرة.

(٧٣)- کۆمیتەی هەیئەی وەتەنییە – دەستەی نیشتیمان پەروەران – کەلای ت. وەهبیی بە یازدە سوارەی ژماردووە (!!)، ئەم کەسانەی خەڵکی سلێمانیی بوون: تۆفیق قەزاز، ڕەشید نەجیب، ڕەمزیی فەتاح، حەمدی عەبدوڕڕەحمان ئاغا، ئەحمەد پاشا، عەزمی بەگ بابان، عیززەت تۆبپیی، عیززەت بەگ، عوسمان پاشا، فائیق بەگ بابان، شێخ قادر حەفید، محەمەد سالح بەگ، شێخ محەمەد گولانیی*.

لەمەڕ ئەم دەستەیە – لەمانگی مایسی ١٩٣٠دا پێك هاتووە – هێندێ کەس دەبێژن کە (١٣) کەس بووە و دووانەکەی دیکە، (مەجید بەگ حاجیی ڕەسووڵ بەگ و شەفیق بەگ ڕەشید پاشا) بوون.

* بنۆڕە: تۆفیق وەهبیی حیاتە و دورە – ل ٧١، ه ١.

(٧٤)- پیرەمێردی شاعیرو رۆژنامەوان لە (ژیان-س٨،ژ٣٦٦-٣٦٧، ١٩٣٢/٦/٨- ١٩٣٢/٩/٧دا بەشە نووسینی بەناوی "دووازدە سوارەی مەریوان"ەوە- ناتەواو- بلاوکردووەتەوەو چ ئاماژەیێکی بۆ =سەرچاوەکانی مێژوو نەکردووە، بەڵکە ڕووداوەکانی بەشێوەیێکی ئەدەبیی- وەك داستانێکی مێژوویی نواندووەو شانازیی پێوە کردووەو ناوی پاڵەوانەکانی هێناوە.

دووازدە سوارەی مەریوان: کۆمەڵە شۆڕە سوارێکی لەشکری بەبە – بابان بووە کە لەشکرێکی دووازدە هەزارەی ئێرانیان لە (مەریوان)دا تەفروتوونا کردووە.

حسێن نازمی مێژوونووسی باسەکە دەگێڕێتەوە و دەبێژێت؛ (سلێمان پاشای کوڕی خالید پاشای بەبە لە ساڵی ١١٦٤ك/ ١٧٥٠ – ١٧٥١دا چووە سەر تەختی میرنشیینی. سەلیم بەگی پاشای بەبەی لێ خراویش هەڕای کردبوو بۆ ئێران. هەنگی ئێران لە دوای کوژتنی نادر شاوە شێوا بوو. سەلیم بەگیش دوو ساڵ بوو لە هەموو دەرگەیێکی دەدا یارمەتییێکی پێ بدرێ بەشکۆ بگەڕێتەوە سەرتەختی میرنشینیی. دوا جار لەلاییێن ((کەریم خانی زەند))ی سەرکردەی هۆزی زەند و هەڵ کەوتووی سەردەمەکەوە، لەنێوچەی ((ئەسفەهان))دا شوێن و قەدرێکی دەستگیر بوو. لە بەرامبەریشەوە گوێ ڕاهێڵ و خزمەتگوزار بوو.

دوای ئەوەی کەریم خانی زەند خۆی گرت، لەشکرێکی دووازدە هەزار شەڕکەری بۆ سەلیم بەگ ئامادەکرد تا پەلاماری ((قەڵاچوالان))ی پێتەختی میرنشینیی بەبە بدات. ئەم هەواڵە فرە بلەز گەهێشتە ((قەڵاچوالان)) کە هەر هەشت سەعاتە ڕێگە لە مریوانەوە دوور بوو.

سلێمان پاشای بەبە شێوی خواردبوو، نوست بوو. کەسیش نەی دەوێرا بە ئاگەهی بهێنێتەوە کە هاکا لەشکرەکەی ئێران پەلاماریان دا. هەروەها کەسیش نەی دەوێرا بێ پرس و تەگبیری بجولێتەوە. دوایی یێکێ لە متمانە پێ کراوەکانی پێی بە جەرگی خۆیدا ناو بە پەنجەیێکی نەرم پاشای لەخەو هەڵستاند کە دەمودەست تووڕە بوو، پرسیی: ((چیت دەوێ؟)).

پیاوەکەی دەبێژێت: ((قوربان پاشا، دوژمن گەهیشتووەتە مەریوان و هاکا پەلاماریان داین. ئێمەیش هێزێکی ئەوتۆمان ئامادە نییە بۆ بەرپەرچی. فەرماندەکانیشمان چاوەنۆڕی فەرمانتن).

پاشا توندتر لێی تووڕە بووە و گووتوویێتی ((فەرماندە و ئەفسەران چاوەنۆڕی چین؟ ئایا دەخوازن وەك ژن سەردابخەن و بێ دەنگ بن؟ دەخوازن من بچم بۆ شەڕ و بیان پارێزم؟ بڕۆ وەل بە)). پاشا خەوتووەتەوە.

ئەم هەواڵە گرانە دەگاتەوە فەرماندەکانی لەشکری بەبە و هەموو بریندار دەبن، بەڵام غیرەتیان دەهێتە جۆش و دووازدەیان دەکەونە خۆیان کە ئەمەن: ((سەلیم بەگی سی تەنگەی نەوەی خانەدانی بەبە، مەحموود بەگ، جوامێر ئاغای ڕەنگینە، بریندار ئاغا، زولاڵ ئاغا، محەمەد =بەگی مەرگەیی، ئەحمەد ڕەشی دارۆغا، ئەکرەمی مەلا هەمزە)) و چواری دیکە – پیرەمێردی شاعیر و ڕۆژنامەوانیش ناوی هێناون؛( فرامەرزی زەنگەنە، سوار ئاغای بڵباسیی، مامەند ئاغای میراودەلیی، زینەڵ بەگی مەسرەف ) .

=ئەم دەستە شۆڕە سوارە هەرییێکە و نۆکەری خۆی هەڵ دەگرێ و دەکەونـە ڕێگـە و نەخشـەیێك بـۆ پـەلاماری دوژمـن بـە ئـەم شـێوەیە دادەنـێن: لـە دەروبـەری خێوتگـەی لەشـکری دوژمنـدا، هەرییێکە خاڵێ نیشانە دەکات بۆ ساتی پەلامار بەمەرجێ پەلامارەکـەیان لـە یێـك هـەل و لـەدوا چارەکی شەودا بەدەم تەکبیر و تەپڵ لێ دانێکی گەرمەوە دەست بدەنێ. بە ئەمەش کارێ بکـەن ئیرانیییێکان هەست بکەن تووشی پەلامارێکی گەورە و سەرتاسەریی بوون و شپرزە ببن.

کوتوپڕو لە وادەی نیشانەکراودا، هەموو پەلاماریان دان و لەشکری دوژمن داچڵەکی و سـەری لێ شێوا، بەڕادەیێك لەترسی هەر تارامییێ. ئێرانیییێکان لـەنێو خۆیانـدا پـەلاماری خۆیـان دەدا، سوارەی بەبەش لە ڕاست و چەپ و سـەر و خـواروووەوە لێیـان دەدان، ئـەم بـارە تـا بـەرە بـەیانی خایاند و ئێرانیییێکان تاك و تەرایان سەری خۆی پێ ڕستگار کرا. هەرچیی کەرەسـتە و تیفـاقی جەنگیشیان هەبوو، وەك لاشەی کەوتوو، لـە ئـەو نێـوەدا بـوو. بـەڵام لەئـەنجامی ئـەم داسـتانەی شۆڕە سوارانی بەبەدا، ئەم پاڵەوانانە شەهید ببوون؛ ((سەلیم بەگی سێ تەنگە، ئـەکرەمی مـەلا هەمزە، جوامێر ئاغـای ڕەنگینـە، ئەحمـەد ئاغـا — ئەحمـەد ڕەشـی دارۆغـا، زوڵاڵ ئاغـا، حەمـەد بەگی مەرگەیی و چوار هاوەڵی دیکەیان. هەروەها سیانی دیکەیشیان بریندار ببوون)).

سلێمان پاشای بەبە کە هەواڵی ئـەم نەبـەردەی بیست ڕووی کـردە ((قزڵجـە)) و فـەرمانی دا هەرچیی تیفاقێ بـە کـەڵکی شـەڕ دهێـت گـرد بکرێتـەوە و چـیش کـەڵکی هـەژاران دەگرێـت بـە سەریاندا دابەش بکرێت. تەرمی شەهیدەکانیشیان گێڕایەوە بۆ قەڵاچوالان. ئەم داستانە بوو بە ئاڵاییێکی بەرزی کورد و بەبەکان.

سەلیم بەگ سەرشۆڕ و سـەرگەردان لـە ئێرانـدا دەسـووڕایەوە تـا سـاڵی ١١٧١ك/ ١٧٥٧ — ١٧٥٨ز سەرلەنوێ کەریم خانی زەند سەر خێڵەکانی نێوچەکانی ((سـنە)) و ((بێجـار))ی بـۆ کـۆکردەوە پەلاماری سلێمان پاشای بەبە بداتەوە.

سلێمان پاشایش لەنێوچەی هۆرامان دا شکاندنی و سەلیم بەگ هیچی بـۆ نەمایـەوە و لـەنێو چیا و دارستانەکاندا خۆی شاردەوە. ئیدی ئێرانیییێکان ڕوویـان لێ وەرگێـڕا و ئـەویش ناچـار لـە ژێرەوە کرد و کۆشی نوانـد بەشـکو والیـی بەغـداد ((سـلێمان پاشـا — ئەبولێلـە)) بـەزەویی پێـدا بهێتەوە و بی بەخشێ. بەڵام والیی بـەر لـە ئـەوەی هـەواڵی خـۆ بەدەسـتەوە دانـی بڵاوبکاتـەوە، بڕیاری دا بە نهێنیی لەناوی ببات و ئەمەیشی کرد)*.

جێگەی باسە مێژوونووس محەممەد ئەمین زەکیی لـە کتێبـی خۆیـدا دەبێـژێت گۆیـا مێجـەر لۆنگریکی خاوەندی کتێبیی (اربعة قرون الاخيرة للعـراق/ دوا چـوار سـەدەی عێـراق) دەبێـژێت گۆیـا، ئـەم ڕووداوە لـە سـەردەمی فـەرمانڕەوایی (سـلێمان بەبـەی کـوڕی ماوەنـد)دا قـەوماوە. هەروەها گۆیا، مستەر ڕیچی خاوەندی (رحلة ريچ في العراق سنة ١٩٢٠/ گەشتی ریچ لـە عێراقـی ساڵی ١٩٢٠)دا لایێنگیری ڕای پێشووە و دەبێژێت: (شـەڕی دووازدە سـوارەی مـەریوان بـە دووریـی



(بـاس هـورد ناکاتـەوە و دەچـێتە سـەر ئـەوە گۆیـا کۆششـی بـۆ هـەڵ گیرساندنی شۆڕش کردووە!!/ k).

**ئەمیر: بەڵێ.**

**ت. وەهبیی : ئەوجا من گوتم؛ (سەورە دەکـەم)**[٧٦]. هەیئـەتێك لـە بەغـدادەوە هـاتن[٧٧]، (وەکیلـی مەنـدووبی سـامیی)، (وەکیلـی ڕەئیسـی ووزەرا)، (وەزیـری داخلییە)، (وەزیری عەدلییە) هاتن. بەعزێکیان لە ماڵی مندا میوان بوون.

=میلێك لە ئاوایی ((ئەحمـەد کـەڵوان))ەوە و لەسـەردەمی فـەرمانڕەوایی سـلێمان پاشـای بەبـەدا قـەوماوە کـە بـاوەڕ هەیـە فەرمانڕەواییێکـەی ڕێکـەوتی سـاڵانی ١٠٧٧ — ١٠٩٢ك/ ١٦٦٦ — ١٦٨١ز دا بووبێ**.

* بنۆڕە: تأريخ الامارة البابانية، ط١، ص ١٠٥ — ١١٢ (بەکورتیی).

** بنۆڕە: تأريخ السليمانية وانجاءها، ص ٧٦، هـ.

(٧٥)- ت. وەهبیی (دووازدە سـوارەی مـەریوان) و ئـەو یـازدە کەسـەی بـە یێـك چواندووە کـە ئـەز بەچـەوت و نـاڕەوای دەزانم، چـونکە لـەڕووی مێـژوو، ڕەفتـار، مەبەسـتەوە یێکجـار جـودایی گـەورەیان هەیـە، بەتایبـەتیی کـە دووازدە سـوارەی مـەریوان داسـتانێکی گیـان بەخشـین بـووە و یازدە کەسەکەی ئەویش لە چەند مانگێك گرتن، ئەوجا ئازاد بـوون چییان بەسـەردا نـەهاتووە، تەنانەت هێندێ سوارەی نێو ئەو یازدە کەسە (!!) وەك تۆفیق قەززاز، حەمەی ئەوڕەحمان ئاغا بوونەتـە ئەنـدام پارلـەمانی عێـراق و ڕەمزیـی فـەتاحیش فرمـانی کـارگێڕیی وەك قائیمقـام و جێگیری موتەسەڕڕیفی پەسەند کردووە، واتە لە دروشمەکانیانەوە (حوکوومەتێکی سـەربەخۆی کورد لەژێر چاودێری کۆمەڵەی گەلان — یـا بریتانیـادا) هاتـە سـەر ڕازیـی بـوون بـە (کورسـیی) خۆیان لە دام و دەزگەی دەوڵەتی عێراقی عارەبدا.

(٧٦)- بنۆڕە ئێرە و پەراوێز ٨١.

(٧٧)- پێش هاتنی کاربەدەسـتەکانی مەملەکـەتی عێـراق؛ جێگەنشینی پاشـا — وەلیـی عەهـد مـیر غازیی لە ١٩٣٠/٧/١٦ هات بۆ سلێمانیی.

دوایـی بـەپێی بڕیـاری کۆبوونـەوەی ١٩٣٠/٨/٥ی ئەنجوومـەنی وەزیـران ئـەو دەسـتە باڵایـەی مەملەکەتی عێراق؛ (جێگیری سەرەوەزیران و وەزیـری نێوخـۆ؛ جەعفـەر عەسـکەریی، وەزیـری داد جەمال بابان) هەروەها جێگیری نوێنەری بریتانیا لـە عێراقـدا؛ مێجـەر یـۆنگ، ڕۆژانـی ٨/٨ دەیدەنیی کەرکووك ٨/٩ دیدەنیی هەولێر، ١٩٣٠/٨/١٠ دیدەنیی سلێمانیان کردووە. جێگەی باسە، نووریی سەعیدی سەرەوەزیران چووبووە لەنـدن و جەعفـەر عەسـکەریی ژنـبرای لـەبڕیی خـۆی

ئەشـرافی سـلێمانیی لـە سـاڵۆنی سـەرادا[٧٨] کۆبوونـەوە موتەسـەڕڕیف بـووم. جێگـەی خـۆم دا بـە رەئـیس ووزەرا. خـۆم لـە ئەوێـدا — ڕاسـتر لـە ئـەولاوە/ k دادەنیشتم.

بوو بە موناقەشە[٧٩]. وەکیلیان تەعین کرد، ناوی ڕەمزیی فەتاح بوو[٨٠]. ڕەفیق سونفی من بوو. ئەویان تەعین کرد بوو، موناقەشەی لەگەڵ کردن.

حاسڵیی تەواو بوو. ئەمانە ڕۆییشتن. من لەگەڵیان نەچووم. گوتم؛ (نەخۆشم) کە دەبوو تا حودوودی لیواکەی خۆم لەگەڵیان بچم، نەچووم.

**قەرارم دا (سەورە) بکەم**، یەعنی شۆڕش[٨١] بکەم. هەڵستام چووم بۆ (هۆرامـان)، (جەعفەر سوڵتان)م[٨٢] دۆزییەوە لە ماڵی کوڕەکەیدا لە (تەوێڵە)دا. لە ماڵی ئـەودا میوان بوو.

---

=راسپاردبوو. هەروەها سێر هەمفریدی نوێنەری باڵای بریتانیاش چوو بوو بۆ لەندن و ئـەویش مێجەر یۆنگی ڕاسپاردبوو.

بۆ تێ گەهیشـتنی قسە و باسـەکانی کـۆڕ و کۆبوونـەوەکانی ئـەو ڕۆژگارانـەی کاربەدەسـتەکان و نەیارە بەرامبەرەکانیان، بنۆڕە: داوێن: ٣/٣، بەڵگەکانی کێشەی کورد — س ١٩٣٠.

[٧٨]- مەبەست ساڵۆن- ڕاڕەوی دەزگەی موتەسەڕڕیفییەتە.

[٧٩]- بنۆڕە: داوێن: ٣/٣، بەڵگەکانی کێشەی کورد — ١٩٣٠.

[٨٠]- ڕەمزیـی فـەتتاح (ژ: ١٩٨٠ سـلێمانیی — م: ١٩٧٩/١٠/٢ سـلێمانیی) داییکـی حـەلاوەی ڕەشـید ئیبراهیم بووە. خوێندنی سەرەتایی و ڕوشدییەی سـەربازیی لـە سـلێمانیی و فێرگـەی ئامـادەیی سەربازیی لە بەغدادا و کۆلێـژی سـەربازیی لـە ئەسـتەنبووڵی پێتـەختی دەوڵـەتی عوسمانییـدا تەواو کردووە و بووە بە ئەفسەر بە پلەی مولازیمی یێکەم.

لە سەردەمی مەملەکەتی عێراقی عارەبدا، لەنێوان سـاڵانی ١٩٣٧ — ١٩٤٧دا قائیمقـامی خانـەقین، شـەنگال، چەمچـەماڵ هـەروەها جـێگیری موتەسـەڕڕیفی کـەرکووك بـووە.لـە دوا مێـژووەوە کـە خانەنشین بووە، لە سلێمانییدا بە کاروباری بازرگانیی و کشت و کێڵەوە خەریك بووە. هاوسەری هەبووە و تاقە کوڕی سیروان دانیشتووی سلێمانییە*.

* سەرچاوەی باس و فۆتۆگرافی نامەی سیروانی کوڕی بۆمن؛ ٢٠٠٩/٤/١ سلێمانیی. (هاوینی ساڵی ١٩٧١ ویستم گوتوبێژی لەگەڵ بکەم، مخابن رێك نەکەوت)

[٨١]- لە ئەم گوتوبێژەدا دووجار وشەی (سەورە — شۆڕش)ی بە دەمداهاتووە کە بۆ ئەو مەبەستە ڕووی کردووەتە هۆرامان و (جەعفەر سوڵتان)ی سەرخێڵی ناسراوی هان داوە تا هاریکاریی بێ.



---

=ئەم ددان پێ دانانە و بە دەنگی خۆیشی تەواو دەق دەگری لەگـەڵ ئـەو (تـاوان بەسـەردانانە)ی وەزارەتی نێوخۆی عێراق؛ ژمارە ٢٢/٦/٤؛ دۆسێی موتەسەڕڕیف تۆفیق وەهبیی*.

دیارە هەر ئەم ددان پێدانانە ئـەو بۆچـوونەی خاوەنـدی کتێبـێ** پـووچ دەکاتـەوە کـە خاوەنـد کتێبەکە نووسیویێتی: (چوو بۆ هەڵەبجە بۆ تەماشاکردنی کاروباری کارگێڕیی)***.

* بنۆڕە: تۆفیق وەهبیی حیاتە ودورە — ص ٢٧٣ ھ ٢٨٠.

** هەروەها.

*** = — ص ٧٣.

لە لاییێکی دیکەوە ئەز بۆم هەیە لە شارەزایانی هونەری سیاسەت و شۆڕش بپرسم: ئایـا شـۆڕش گێڕاندن باوەڕو بڕیارو بنچینەی زانستیی و هـەل و مـەرج و دەسـتمایە ، کـات و شـوێنی خـۆی هەیە یا نا؟ ئایا پەسنی شۆڕشگێڕ ئەمەیە لە (باری قۆمار کردن)دا چاو بۆ شـۆڕش هـەڵ بخـات؟ ئایـا پەسـنی شۆڕشـگێڕ ئەوەیـە — وەك لەبەرچـاوە — لـە ناسـکترین سـاتی جـۆش و خرۆشـی جەماوەری کورد و بەتایبەتیی سلێمانییدا، (شۆڕشگێڕ ناو/ موتەسـەڕڕیف تۆفیـق وەهبیـی) مـل کەچی بڕیاری لابردنی بێ؟ ڕاستییێکەی بۆم هەیە ببێژم کـە ئـەم بیرۆکەیـە بـۆ فیلمـی کـارتۆن یێکا و یێکە!

[٨٢]- جەعفـەر سـوڵتان؛ (ژ: ١٨٨٥ — م: ١٩٤٢)* کـوڕی محەمـەد سـەعید سـوڵتان کـوڕی عوسمـان سـوڵتان**. سـەرۆکی هۆزەکـانی هۆرامـانی تـەخت - کوردسـتانی خۆرهـەڵات- و هۆرامـانی لهوون: کوردستانی باشوور.

م. ر. هاوار لە کتێبی خۆیدا لێی گوتووە: (سەرۆکێکی گەورەی هۆرامان بـووە لـە نێـوان سـاڵانی ١٩٣١ — ١٩٣٢دا بەرهەڵستی حوکوومـەتی ئێرانـی کـردووە. ئـەوجا ناچـار هاتووەتـە نێوچـەکانی هۆرامانی لهوون و عێراقەوە).

هاوار پتر دەبێژێت: (بەهیچ جـۆرێ هاریکـاری حەفیـد زادە مـەحموودی شۆڕشـگێڕی کوردسـتان نەبووە. پێچەوانە زۆر گەرم هاریکاریی کاربەدەستەکانی ئینگلیز بووە لە عێراقدا)***.

عەبدولەجیـد فـەهمی حەسـەن دەگێڕێتـەوە، (ڕێـز لێ گـیراوی پاشـا فەیسـەڵی یێکـەم بـووە کـە داوەتی کردووە بۆ کۆشکی خۆی و سەعاتێکی زێڕی خـەڵات کـردووە. هـەروەها غـازیی پاشـایش، عەبدولئیلاهی جێگەنشینی پاشایش داوەتیان کردووە****.

حـاجیی عەبدوڵڵـەی ئیسـماعیل ئەفەنـدیی — عوسمانـە سـوور — لـەلای زانـا عەبـدوڕڕەقیب یووسف قسەی خۆی تۆمار کـردووە و لەمـەڕ جەعفـەر سـوڵتان گوتـوویێتیی؛ (دوو ڕۆژ بـەر لـە مردنی مانگ گیراوە و لە عەبابەیلێدا نێژرا. شاعیر عەلیی باپیر ئاغا — کەمالیی — چەند بەیتە شیعری فارسیی داناوە تا بەسەر کێلەکەیەوە نەخش بکرێ، بـەڵام ئـەوە نەڕەخسـاوە شـیعرەکان ئەمەن:



کوردیکا @kurdica

**شەو قومارمان** دەکرد. شەو دائیمەن دەبێت قومار بکات خودا عافووی بکات. **بردمە لایێکەوە، گوتم: (مـن هـاتووم کـه تـۆ هـەڵ بسـتێنم و لەگـەڵتان بم، ناچمەوە سلێمانیی).**

گوتی: بەڵێ باشە، ئەمر دەکەیت.. نە ئەسلیحەمان هەیە، نە پارەمان هەیە، نەفیشەکمان هەیە.

گوتم: لە ئاخیرییدا تۆ دەی خۆیت. ئەوەبوو خواردی! لە بەغدادا لە برساندا مرد[(٨٣)].

گوتی: بەخودا حاڵمان وەهایە و چیی بکەین؟!

---

=نەبیند دیدە، گردون نەزانید مادر دوران
عدالت پرور عالی همت چون جعفر سلطان
چو رحلت کردە أز دنیا همان شب ماە گردون گفت
بگو تاریخ از بحر خسوف ماە کوردستان
(کمالی) بحر تاریخش بمحزون زیان بگشاد
بگو؛ (ای ماە شد بە باغ عدن سلطان هورامان)*****

جەعفەر سوڵتان یێکێ بووە لە دۆستە نزیکەکانی ت. وەهبیی بەڕادەیێك کە ت. وەهبیی لە موتەسەڕڕیفیی خرا، لەنێو چەند ناسراوێکی هۆرامانـدا ڕۆژی ١٩٣٠/٨/٢٤ برووسکەیێکی لێ داوە بۆ گێڕاندنەوەی ت. وەهبیی بۆ سەر فەرمانەکەی******.

* نامەی تایبەتیی زانا عەبدوڕڕەقیب یووسف بۆ من، ٢٠٠٩/٤/١٢، سلێمانیی.

** بنۆڕە: تاریخ مشاهیر الالویة العراقیة — ج١، ل ١٦٦ بە (مستەفا جەعفەر سوڵتان)ی نێو بردووە و ساڵی ١٨٩١ی بۆ لە دایك بوونی داناوە. هەروەها تۆفیق وەهبیی حیاتە ودورە — ل ٧٤، هـ ٨٣، بە مستەفا جەعفەر سوڵتانی ناو بردووە.

** بنۆڕە: شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی — ب ١، ل ٢١٨.

*** هەمان سەرچاوە.

**** بنۆڕە: تأريخ المشاهير الالوية العراقية — ج١، ل ١٦٦.

***** نامەی زانا عەبدوڕڕەقیب یووسف — ٢٠٠٨/٤/١٢.

****** بنۆڕە: ژیان — ژ ٢٥٩، ١٩٣٠/٩/٤.

(٨٣)- هەواڵێکی پشتیوانی ئەم قسەیەیم دەستگیر نەبووە!!



تەماشام کرد نییەتی نییە. گەڕامەوە بۆ سلێمانیی. من گەڕامەوە، تەماشام کرد لەسەر مێزەکەم تەلگرافێك دانـدراوە، دەڵێت؛ (دەبێت ئێستە بهێیت بۆ بەغداد)[(٨٤)].

**ئەو ڕۆژە سلێمانیی خەریك بوو شۆڕش بکات، خەبەرم نارد" (لە ڕێگەی خودادا هیچ مەکەن، دەم کوژن لە ئاخیرییدا)**[(٨٥)].

چۆن لە سلێمانییدا شۆڕش دەکرێت، ئای؟! دوو فەوج — عەسکەر/ k — لە ئەوێدا هەیە. عەسکەر لە ئەوێدا هەیە. تەبیعیی ئیمکان نییە هیچ بکرێ.

(**باسی گەڕاندنەوەی بۆ بەغداد و ڕێگە پێ گرتنی دەکات**/ k) .

سوار بووم خاڵم لەگەڵم هات[(٨٦)]. دەچین بۆ کەرکووك، لەنیوەی ڕێگەدا — سلێمانیی و کەرکووك/ k — تەماشام کرد عەشیرەتێکی (ڕەئیسی گەلاڵیی)[(٨٧)]،

---

(٨٤)- لە دۆسێی خۆی لە پارێزگەی سلێمانییدا بەڵگەیێکی ئەوتۆم نەدیتووە ببێژێت لە (وەرەوە بۆ بەغداد) بەڵام (برووسکەی لەکارخستنی) کە لەلایێن وەزارەتی نێوخۆی عێراقەوە (بۆ موفەتتیشی ئیداریی سلێمانیی — ژ ١١٣١٦، ڕۆژ ١٩٣٠/٨/٢١) هاتووە ئەمەیە: (ئیعلامتان دەکەین کە ئیستیغنا کرا لە خەدەماتی موتەسەڕڕیف تۆفیق وەهبیی/ تەواو).
جێگەگرەوەی موتەسەڕڕیفیش — وەکلیی موتەسەڕڕیفی سلێمانیی کە بە ئیمزا ئینگلیزییێکەوە دیارە (پشکنی کارگێڕیی سلێمانیی)ە و بریتانییە، بەناوی (دەزگەی موتەسەڕڕیفی لیوای سلێمانیی. ژ ١٨٢٥/٨٢، ڕۆژ ١٩٣٠/٨/٢٤)ەوە وێنەی ئەو فەرمانەی وەزارەتی نێوخۆی عێراقی بەرەو ڕووی سەرۆکارەکانی دەزگەکان کردووەتەوە و ئاگەهداری لە کارخستنی ت. وەهبیی کردوون*.

* بنۆڕە: داوێن ٤/ بەڵگەکان.

(٨٥)- ناچارم بپرسم: شۆڕشی بۆ چ پیاوێ؟

(٨٦)- ڕەشید مەستیی.

(٨٧)- خەلیفە یوونسی سەرخێڵی گەلاڵیی: (ژ: ١٨٩٣ — م: شوباتی ١٩٤٤ گوندی سۆڵە/ قەرەداخ)، کوڕی مەوالیی کوڕی سەرحەدی ڕوغزایی هۆزی جاف*، یێکێك بووە لە کەسە ئازا و دڵسۆزەکانی سێیەم شۆڕشی حەفید زادە مەحموودی شۆڕشگێڕی کوردستان کە لە ساڵی ١٩٢٤ بە دواوە لە شەڕەکانی نێوچەی شارەزووردا بەرامبەر لەشکری عێراقی عارەب و بریتانیا کارامە بەشدار بوو**.

موحاریـب لـە (سـكۆچ)[٨٨] دەچـوو، درێـژ، ڕیـش و سمێـڵ سـوور، چاوشـین، نێرەكەرێكە.

گوتی: بۆ كوێ دەچیت؛

گوتم: (بەپێكەنینەوە/k) دەچم بۆ بەغداد.

گوتی: نابێت بچیت!

من چیی بكەم؟ گوتم: بۆ كوێ؟

گوتی: ئێوە دەشتەكیین — عەشیرەتی جاف لە دەشتدا دەژین — لە هۆرماندا بۆ من نەكرا، ئەگەر بڵێم ناهێم؟! — گوتم: ڕجات لێ دەكەم خەلیفە یوونس واز لە من بهێنە. ئینشاڵڵە ڕۆژێ دەهێت، من ئەو وەختە تۆ بانگ بكەم.

تەبیعیی نەی دەتوانیی ئیجبارم بكات.

گوتی: خودا حافیزت بێت.

(باسی گەهیشتنە بەغداد و دەست بەسەریی خۆی/k) هاتمە كەركووك. لە مـاڵی موتەسـەڕڕیفی كەركووكـدا میـوان بـووم، نـانم خـوارد و سـواری تـڕەێین — شـەمەندۆفەر/k — بـووم، هاتمـە بەغـداد. لـە پـاش چـەند ڕۆژێ منیـان خسـتە حەپسـخانەوە، چـەند ڕۆژێ منیـان خسـتە حەپسـخانەوە — ڕوو لـە میوانـەكانی دەكات/k — ئەوە بوو بۆم گێڕانەوە.. نا، ئـەوەیان تـەوقیف خانـە بـوو. ئـەم جارە حەپسخانەی عوموومیی بوو. داییكی سزا — كابانی/k — تەلگرافی بـۆ عوسبەتول ئومـەم لێ دا، (مێردەكـەم گێـراوە. نەخۆشـە، هـیچ قەباعـەتێكی نییـە، جـوابی بـۆ هاتەوە؛ ((مەترسە)) (خـۆی و كابـانی پـێ دەكـەنن/ كابـانی وشـەی ((مەترسـە))ی كـوردیی دەبێژێتـەوە/k). مەترسـە هـیچ نابێـت. لەپاشـدا منیـان بـانگ كـرد، لـە ئۆتۆمۆبێلی ڕەشدا، پەنجەرەی نییـە، گـەرمای مـانگی حوزەیران، زۆر گـەرما بـوو، هەمووی ئاسن، ئۆتۆمۆبێلی حەپسیی، هیی موجریم، بە ئـەوە بردیـانم (پەشـێمان

=★ نامەی ٢٠٠٩/٦/١١ی زانا عەبدوڕڕەقیب یووسف بۆ من كە دەیش بێـژێت ئـەو هەواڵانـەی لـە سەر كێلی گۆڕەكەیدا نووسراون كە لە نێو تەكیەی گوندی سۆڵەی قەرداخدا نێژراوە.

★★ بنۆڕە: شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەكەی خوارووی كوردستان — ب١، ل ٢٠٥.

[٨٨]- شۆڕە سوارەكانی سكۆتلاندیی.



دەبێتەوە/k) نە، ئەو ساڵە كە هاتم.. ساڵێ .. نەنە، ئەم جارە حەپسیان نـەكردم، ئەم جارە گوتیان؛ (دەبێت لە ماڵی خۆتدا دابنیشیت، بـەنیوە مـەعاش[٨٩]. (كابـانی بە عارەبیی هەڵ دەداتێ: بعد شهر حبسوه/ بەعد شەهر حەبسوهـ - دوای مانگێك گرتیان/k)[٩٠].

(باسی چوونی بۆ بەیرووت دەكات/k)

منـیش قـەرارم دا كـە بچـمە (بـەیرووت)، شـكات بكـەم، چـونكە لـە بەغـدادا ناكرێت، زەحمەتە.

هاتم، مانگی نیسان بوو. چوومە بەیرووت[٩١].

ئێستە ئەو (عەریزە)یەم لە لاهەیە، لە ئێرە دەستم كەوتووە. مەركـەزێ هەیـە، دەتوانیت لە ئەوێدا وەری بگریت.

عەزیز ژیان: مەركەزی ئیسناد! (گەنجینەی بەڵگەنامە/k)

(ت. وەهبیی. باسی گەڕاندنەوەی دەكات/k)

ت. وەهبیی: كە گەڕامەوە — بۆ عێراق/k لە پاش دوو سێ ڕۆژ پـۆلیس دایـان بە سەرماندا گوتم: بابە لەسەر مێزەكەم داناوە[٩٢]، وازم لێ بهێنن لە گەڵتان دهێم،

[٨٩]- دانیشتنی لە ماڵی خۆیدا و بە نیو مەعاشەوە، مانای ئەوەیە — بەپێی قانوونی عێراقیـی — بەتـەواوەتیی دەرنـەكراوە — فەسـڵ نـەكراوە، بەڵكـە (دەسـتی لەسـەر كـار هـەڵ گـیراوە — سەحبولیەد)ە. لە ئێمەش ڕوون نییە ئەم بارەی چەندی خایانـدووە هـەر چەندە مێـژوونووس عەبـدوڕڕەزاق ئەلحەسـەنیی باسـی فەسـڵ كردنـی لـەلایێن حوكوومەتـەوە نوانـدووە★، بـەڵام بروسـكەی وەزارەتـی نێوخـۆ (فەسـڵ) كردنـی نەنوانـدووە و بەتـەنها وشـەی (ئیسـتیغنا — چاوپۆشیی كردن)ی بەكاربردووە.

★ بنۆڕە: تاریخ الوزارات العراقیة — ج٣، ص ٥١.

[٩٠]- كابـانی لـە كوردییێكـە نەگەهیشـتووە و وەهـای زانیـوە كـە لەمـەڕ سـاڵی ١٩٣١ ەوە(دووای مانگێك) گیراوە.

[٩١]- بۆ پتر تێ گەهیشتن بنۆڕە ئێرە:

١- خوێندنەوەیێكی ڕەخنەگرانە — خوێندنەوەی ڕەفتاری سیاسیی.

٢- داوێن: ٤/٣، بەڵگەكانی تۆفیق وەهبیی لە نێوان ١٩٣١ — ١٩٣٢دا.

لاكين كتێبەكانم تێك مەدەن. گوێیان لێ نەگرتم، چووم، حەپسیان كردم (باسی شوێنەكە دەكات/k ) میزیان تێ دەكرد، پیس، بۆ تەحقیر. سێ ڕۆژ لە ئەوێدا مامەوە. لە پاشدا بردمیانە مەحكەمە (دیسان باسی زیندانەكە دەكاتەوە/k ) جارێ ئەو شەوە كێ سەرخۆش، كێ پیاو كوژ بوو، دەیان هێنا. منیان خستە لای ژووری موجرمین، سەرسەریی.

هیچ عاجز نەبووم، قەتعییەن، قەتعییەن. هەر پێ دەكەنیم. لەپاشدا منیان برد بۆ مەحكەمە.

ڕەئیسی مەحكەمە ناوی (شەهابەددین) بوو. (كابانی هەڵ دەداتێ و ناوە تەواوەكە دەبێژێت: شەهابەددین گێلانیی/k).

ت. وەهبیی: (بە لاسایی كردنەوەی دەمو دووی خاوی دادوەرەكە/k) گوتی: تۆفیق بەگ تۆ وەهات كردووە، وەهات كردووە. ئەوەت كردووە و ئەوەت كردووە.

گوتم: شەهابەددین بێە – بەگ/k – من وەهام كردووە، وەهام كردووە و وەهام كردووە.

گوتم: من لە ئەم حەپس خانەیەدا دەردەچم و من دەوام دەكەم، وەها دەكەم، وەهاو وەها دەكەم تا هەقی كورد وەردەگرم.

گوتی: كاتبەكە ئەمە دەنووسێت، تۆ چۆن...؟

گوتم: ئای؟! ئەی بۆچیی وەها دەڵێم؟ بۆیێكا وەها دەڵێم تا بی نووسێت.

كاتبی مەحكەمە، كاتبی زەبت (قسەنووس/k) دەی نووسێت، ئەی من ئەم قسانە بۆچیی دەكەم، بۆ ئەوەیە كە بی نووسێت، كە خەبەری ببێت كورد بۆ حەقی خۆی ئەبەد واز ناهێنێت.

---

[٩٢]- مەبەست (یاداشت)ەكەیتی كە لە ١٩٣١/٤/١٩دا داوییێتی بە كۆمەڵەی گەلان. تەواوی یاداشتەكەش نەوشیروان مستەفا لە كتێبی (سەردەمی قەڵەم و موراجەعات)دا بڵاوی كردووەتەوە و دوای **مۆڵەت لێ وەرگرتنی** – بۆ كەڵكی خوێندەواران و ئەم كتیبەش، لە (داوێن – ٤/٣)دا پێ نیشانم داوەتەوە.



گوتی: بڕۆ، خوداحافیز (پێ دەكەنێت/k)، منیان خستەوە حەپس خانە (كابانی بە عارەبیی بیری دەخاتەوە كە بە دادوەری گوتووە: ما عندك حق تحاكمنی أنت مدعی علیه وأنا المدعی/ ما عیندەك حەق تحاكمنی. ئەنت موددەعا عەلیهی وە ئەنا لموددەعی – تۆ مافی دادگەیی كردنت نییە. من شكاتكەر و تۆ شكات لێ كراویت/k).

(ت. وەهبیی لەسەر قسەی دەڕوات/k).

**ت. وەهبیی:** ئەوجا لە حەپس خانەدا نانی موجریمەكانیان بۆ من دەهێنا. چۆن دەی خۆم؟ تشتی پیس؟! چارپاییێكیان هێنا، بەتانیی حەپەسەكانیان لەسەر دانابوو، ئەوانەی پیاویان كوژت بوو، تا منیشی لەسەر بنووم.

گوتم: نانووم! وەڵڵە بۆ سبەینێ سیاسەتیان لەگەڵم گۆڕیی. گوتیان، نوێنی خۆت لە ماڵی خۆتەوە بهێنە. چیی دەهێنیت بی هێنە. بانانیشت بۆ بهێندن.

ئەوجا دەیان بردم بۆ مەحكەمە و دەهاتم و دەچووم، درێژە ئەویش.

نەتیجە ئەوراقەكەمیان بردە لای (مەلیك فەیسەڵ)[٩٣]. ناڵێم پیاو بوو، بەمنی گوت؛ (مەكە!)، من كردم – واتە كە كاتی خۆی پێی گوتووە سیاسەت مەكە/k ) تەبیعیی ئەوراقەكانمیان بردە لای ئەو، دەبێت دوژمن بێت!؟ وەها نییە؟

سەیید ئەحمەد ڕاویی – ئێستە ماوە لە بەغدادە – دوو جاری بۆ منی گێڕاوەتەوە. دەی گوت: كە چووم – پاشا/k – یاریی دەكرد. كە لێ بووەوە، گوتی؛ (احمد شكو عندك/ ئەحمەد شەكو عیندەك؟ - ئەحمەد چیت هەیە؟/k). گوتی: سیدی – سەییدی ئیشی تۆفیق وەهبیی چییە؟ ئیفادەی وەهایە – من نووسیومە – لەژێر سێبەری تاجی مەلیك فەیسەڵدا موختارییەتی ئیدارەمان دەوێت.

---

[٩٣]- دەبێژێت: (ئەوراقەكەمیان بردە) لای (مەلیك فەیسەڵ) و هەر دوای ڕستەیێك دەبێژێت؛ (ئەوراقەكانمیان) بردە لای ئەو هەڵبەت خوێندەوار دەبێت بزانێت كە ئەو ئەوراقانەیان – كێشەی ئەو و هاوتای – بەییێكەوە خراوەتە بەردەمی پاشای عێراق. بۆ پتر تێ گەهیشتنی ئەو باسە، بنۆڕە: خوێندنەوەییێكی ڕەخنەگرانە – خوێندنەوەی ڕەفتاری سیاسیی.

ئەحمەد ڕاویی گوتوویێتی؛ ئەی ئێوە جەریدەکانتان دەنووسن (إنفصالی/ئینفیسالّیی – جوداخواز) بۆچیی وەها دەنووسن؟ **ئەم بەستە زمانە دەڵێت: لەژێر تاجی مەلیك فەیسەڵدا**، کوا ئینفیسالّیی؟ ئەمە نابێت.

سەیید ئەحمەد دوو جار ئەمەی بۆ گێڕاومەتەوە. ئەمە پیاوەتییە، وەنییە؟ حاسڵیی بەبێ موحاکەمە دەرچووم[٩٤].

**(باسی دوای ئەو ڕووداوە و سەردەمی بەکر سدقیی دەکات**/k).

ئەم جارە کە دەرچووم، چەند ساڵێ بێ ئیش مامەوە. برسیی، بێ ئیش، قۆندەرەکانم پینە دەکرد.

حەز بە گەڕان دەکەم، گەنج بووم، دەبێت بگەڕێم، پیاسە بکەم. من ئەسڵەن چا دەخۆمەوە، هەموو عەسرێك وەك ئێستە نا کە ئەهمییەتی پێ نادەم .. پارەی چام نەبوو.

---

[٩٤]- هەرچەندە ت. وەهبیی بەئەم شێوە ساکارە باسی (بەربوون)ەکەی دەکات، ئەوە ڕاستییێکە – لەلای عەبدوڕڕزاق ئەلحەسەنیی مێژوونووس – بەشێوەییێکی دیکەیە. دەبێژێت: (دوای گرتنی ئەو کەسانەی کە لە بەغداد و مووسڵدا بە فەرمانی وەزارەتی نێوخۆ جێ بە جێ کرا – مەبەستیش کەسە ئاسووریی و کوردەکانە بە ت. وەهبیشەوە/K – **نوێنەری باڵای بریتانیا لە بەغداددا**، نامەییێکی ڕەسمیی لە ١٩٣١/٥/١٥دا نارد بۆ پاشا فەیسەڵ و **ناڕەزایی نواندو** داوای کرد کە بێ ئاگەهداریی **کەسێکی دیکە** نەگیردرێت. هەروەها **گیرواەکان نەدرێن بە دادگە.**

پاشا فەیسەڵ لە ١٩٣١/٥/٢٤دا بەنامەییێکی ڕەسمیی پشتگیریی بۆ نواندووە، بەڵام لەژێرەوە ئاماژەی بۆ نووریی سەعیدی سەر وەزیران کردووە هەڵوێستەییێکی توند پێ نیشان بدات. بۆییێکا لە ١٩٣١/٥/٣٠دا سەروەزیران نامەییێکی ڕەسمیی بۆ مێجەر یۆنگی ڕاوێژکاری نوێنەری باڵای بریتانیا ناردووە و – کورتییێکەی/K – گوتوویێتی، تاقە ڕێگەی قانوونیی ئەوەیە ئەو کەسانە بدرێن بە دادگە، بەڵام نوێنەری باڵای بریتانیا بڕوبیانووەکانی سەروەزیرانی عێراقی پەسەند نەکردووە، بەڵکە فشارێکی توندی خستووەتە سەر لایێنەکان و حوکوومەتی ناچار کردووە – بەکەفالەتێکی ڕەمزیی – یێکجاریی بەرەڵایان بکات)*.

* بنۆڕە: تأريخ الوزارات العرقية – ج٣، ل ١٣٤ – ١٣٥.



جەریدە هەموو ڕۆژی دەردەچوو، باسی منیان دەکرد کە (لە ئینگلیزەکان زهب الوهاج – زەهبولوەههاج - زێڕی بریسکەدار /ڕاستییێکەی پڕشنگدار/k – وەردەگرم .. من برسیی بووم.

ئاخریی تا ڕەفیقێکی سونفم – لەسەردەمی عوسمانییدا/k – کوودەتای کرد، جەعفەر پاشای کوژت[٩٥]. بوو بە دیکتاتۆری عێراق؛ بەکر سدقیی[٩٦].ڕەفیق سونفمە، وەك برام بوو، منی کرد بە مودیری عامی ئەشغالّ[٩٧].

---

[٩٥]- جەعفەر عەسکەریی؛ (ژ: ١٨٨٥ – م: ١٩٣٦) خەڵکی گوندی عەسکەرە. بابی ئەفسەری عوسمانیی بووە. لە بەغداددا چووەتە فێرگەی سەربازیی عوسمانییەوە. ساڵی ١٩٠١ چووەتە ئەستەنبووڵ و تێکەڵی مەکتەب – کۆلێژی جەنگاوەریی بووە. لە ١٩٠٤دا بە پلەی مولازمی دووەمەوە دەرچووە. عارەبیی، تورکیی، کوردیی، فارسیی، ئاڵەمانیی، ئارمەنیی، ئینگلیزیی، فڕانسیی زانیوە. دووجار سەر وەزیربووە. لە دووای یاخی بوونە سەربازییێکەی بەکر سدقیەوە کوژرا*.

* بنۆڕە: جعفر العسكرى ودوره السياسيى والفكرى فى الغراق – ل ٢٤ – ٢٧.

[٩٦]- بەکر سدقیی؛ (ژ: ١٨٨٦ – م: ١٩٣٧) داییك و باب کوردە و خەڵکی گوندی عەسکەرە، دەرچووی فێرگەی – کۆلێژی جەنگاوەریی ئەستەنبووڵە و بووە بە ئەفسەری عوسمانیی. لە یێکەم جەنگی گێتییدا بەشدار بووە. دووایی گەڕاوەتەوە. بە کارامە و هوردبین و توندوتیژ ناسراوە، لەگەڵ سوپا بۆ لێ دانی سەر هەڵ دانی ئاسوورییێکان لە ١٩٣٣دا، سەرهەڵ دانی هۆزەکانی نێوچەی نێوەندی فورات لە ١٩٣٥دا، ڕاپەڕینی بارزان لە ١٩٣١دا، گەلێ توند و تیژ جووڵاوەتەوە.

ناسراوە بە یێکەم ئەفسەری باڵای سوپای عێراق کە یێکەمین یاخیی بوونی لە ڕووی حوکوومەتدا نواندووە. ئەوەبوو سپێدەی ١٩٣٦/١٠/٢٧ بە نیرووەکانی سوپاوە دەستی بەسەر =بەغداددا کێشا و وەزارەتی تەها ئەلهاشمیی خست و وەزارەتی نوێی حیکمەت سلێمانیی هاوەدەنگی دامەزراند.

بەپێی هێندێ نووسراوی عارەبان، گۆیا هوگری عارەب پەروەریی بووە و دەسەڵاتدارەکانی عێراق لە ئامێزیان گرتووە. هێندێکی دیکەیان ناحەزی بوون بەڕادەیی لە هەل و هەڵ کەوتی دیدەنیی مەشقێکی سەربازیی لە تورکیادا کە دەبوو ڕۆژی ١٩٣٧/٨/١٨ سازبدرێ لە فڕۆکەخانەی مووسڵدا سەربازێکی تەلەعفەریی کوژتی*.

چەند قەڵەمێ دەبێژن، گۆیا – زۆر نهێنبڕانە – نیازی هەبووە دەوڵەتێکی سەربەخۆیی کورد بنیاتبنێ. ئەم باسە بەڵگەی ڕەسمیی لێ هەڵ نەکەوتووە بۆییێکا هێشتا هەر قسەیە. بەڵام ئەویی دیارە ئەفسەرە کوردەکانی نێو سوپای عێراق و خانەنشین کراوەکانی وەك ت. وەهبیی، مستەفا

بەکر سدقیی مووددەتێکی کەم مایەوە، کوژتیان! پاش کوژتنی ئەو زۆر عەزیێتی منیشیان دا. جاسووس و ماسووس و ئەمانە.چونکە یێکێ لە دوژمنەکانی من، تەقریرێکی دابوو گوت بووی: بەکر سدقیی دۆزەخی جهەننەمیی کردووە، تەتبیقەکەی — بەجێ گەهاندنی/k — بەدەست تۆفیق وەهبییە.

ئەوجا حوکوومەت چیی دەکات؟ ڕوئووسی عادیی چیی دەکەن؟ زۆر عەزێتیان دام.

**(باسەکە دەگۆڕێت و بازەدا بۆ بابەتێک کە هیی ڕۆژگاری ۱۹۳۰ — ۱۹۳۲ ە/k).**

ڕۆژێ لە ڕۆژان، جەمال بابان[٩٨]، ژنی هێنابوو بۆ براکەی لە کلەب — یانە/k — ی هین .. ئینگلیزەکان (کابانی دەبێژێت: علویە/ علوییە)دا، زیافەتێکی چاکیی کردبوو. هەموو وزەرا و ولاتی عێراق، هەمووی لە ئەوێدا بوون. منیش هەروەها.

---

=شەوقیی، مەحموود جەوددەت، دەسەڵاتی ئەویان پێ خۆش بووە و بە هۆیەوە هاتونەتەوە سەر وەزیفە و مووچەیان.

⋆ بە کورتیی؛ ویکیپیدیا الموسوعة الحرة.

[٩٧]- لە ۱۹۳۷/۱/۱۳دا.

[٩٨]- جەمال بابان، (ژ: ۱۸۹۵ — م: ۱۹٦٥) کوڕی ڕەشید بەگی عەبدوڵڵە بەگی خالید پاشا بەبەیە. ئەفسەرێکی عوسمانیی، پارێزەر، دادوەر لە دادگەکانی عێراقی عارەبدا (۱۹۲۳ — ۱۹۲٦). لە نێوان ۱۹۲۸ — ۱۹٤۷دا چەند جارێ وەك نوێنەری هەولێر، مووسڵ، سلێمانیی بووە. لەنێوان ۱۹۳۱ — ۱۹۳٥دا وەزیری داد، لە ۱۹٤۱دا وەزیری کاروباری کۆمەڵیی، ئەوجا =وەزیری ئابووریی — جێگیری سەرووەزیران — لە نێوان سالانی ۱۹٤۷ — ۱۹٤۸دا، دیسان لە ۱۹٥۲دا وەزیری داد بووە. کەسێکی هەل پەرست بووە.

خاوەندی یێکەم گۆڤاری تورکیی — کوردیی بەغدادی سەردەمی عوسمانییێکان بووە؛ (بانگی کورد: ۱۹۱۳ — ۱۹۱٤)⋆.

بنۆڕە: کەمال ڕەئووف محەممەد دەفتەری ڕۆژنامەوانانی کورد (دەست نووس).



من لەگەڵ داوود پاشا حەیدەریی[٩٩] — ئەویش کوردە — لەگەڵ کوردێکی دیکە ڕاوەستابووین. یێکێکیان گۆیا شاعیر بوو، شیعری دەخوێندەوە، ئێمەیش پێ دەکەنین.

لە ئەوێوە، ڕەئیسولوزەرا هاتە لام[١٠٠]... سەلاموعەلەیکوم.. دۆستمە، لە منداڵییەوە دۆستمە. گوتی: تۆفیق وەهبیی وەڵڵە تۆ پیاوێکی چاکیت.

گوتم: ئای تەشەککورت دەکەم، لاکین ئێوە خراپیتان چییە؟

گوتی؛ بەڵێ ئێمەش پیاوی چاکین، ئەگەر ئێمە پیاوی خراپ بووینایە دەمان کوژتیت! نەمان کوژتیت، دەرچوو کە تۆ پیاوی چاکیت. ئەلحەمدولیللە.

گوتم: باشە مەمنوون.

**(باسی ڕۆژگاری هەڵ کەوتنی ڕەشید عالیی گەیلانیی دەکات/k)** ئیدی لە ئەو وەختەدا (سەورەیێ) لەنێو خۆیاندا قەوما؛ شەڕی ڕەشید عالیی[١٠١] ڕەزالەت بووە.

---

[٩٩]- داوود حەیدەریی: (ژ: ۱۸۸٦ — م: ۱۹٦٥) کوڕی وەهبیی کوڕی ئیبراهیم پاشای عاسم حەیدەریی شێخو ئیسلامی دەوڵەتی عوسمانیی. سالی ۱۹۰۸ فێرگە — مەکتەبی قانوونی ئەستەنبووڵ تەواو کردووە. سالی ۱۹۲۱ هاتووەتەوە بۆ عێراق و بووە بە پشکنی قانوونیی. لەیێکەم خولی پارلەمانی عێراق؛ ۱۹۲٥ — ۱۹۲۸دا، هەروەها لەچوارەم خولدا؛ ۱۹۳۳ — ۱۹۳٤ نوێنەری هەولێر بووە دووای ۱۹٥۸/۷/۱٤ عێراقی بە جێ هیشتووە و لەنێوان تورکیا و سویسرا و فڕانسە ژیاوە تا لە ئوردوندا مردووە⋆.

ئەم کەسە لەلای ڕۆشنبیرەکانی کورد چارەگران و بێ قەدر بووە بەتایبەتی کە لە پارلەمانی عێراق؛ سالی ۱۹۲۷دا (دژی خوێندن و خوێندەوارییی کوردیی) ڕاوێستاوە. خاوەندی گۆڤاری (زاری کورمانجیی) تەنانەت کۆمەڵێ کەسی وەك سەرۆکی دەرگەڵە، سەرۆکی باڵەك، سەرۆکی بەلەدییەی ڕواندز، ئەندامی بەلەدییە، سەرۆکی زراریی، لە ڕۆژنامەی (ژیان) سلێمانییدا بە ئاشکرا ناڕەزاییی نامەیان بەرەو ڕوو کردووەتەوە⋆⋆.

⋆ بنۆڕە: ئەندامە کوردەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق؛ ۱۹۲٥ — ۱۹٥۸، ل

⋆⋆ ژیان — س ۲، ژ ٦۹، سێسەممە ۱۹۲۷/٦/۷.

[١٠٠]- سەرووەزیری باس کراوی، جەمیل مەدفەعیی بووە کە سالی ۱۹۳۳ فەرمانڕەوا بووە. ت. وەهبیی هەمان قسەیشی لەلای م. ر. هاوار دووبارە کردووە.

⋆ بنۆڕە: شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی ب۲، ل ۷۱٦.

ئـەوە تـەواو بـوو، مـن (ئـەو نووسـینانە)م دەرهێنـا بـۆ ئینگلیزەکـان[١٠٢]. ئـەو (قـاموس)ە بـدۆزەرەوە.. دوو هـەزار کەلیمـە دەبێـت. هـەموو حەوتـەیێك دەردەچوو[١٠٣]، نیتە؟

**عەزیز ژیان:** حەوتەیی بوو؟

**ت. وەهبی:** حەوتەیی بوو. ئەگەر دۆزیتەوە پێم بڵێ، منیش کۆپیی وەردەگرم.

**ئەمیر:** بەڵێ

**ت. وەهبی:** من لە بەغدادادا هەمە، خودا دەزانێت چیی لێ هات؟!

ئـەوجا لـە پـاش ئـەوە ـ دوای ڕووداوەکـەی ڕەشـید عـالیی/k ـ منیـان بـردە ((مەسـاحە))، لـە ئەشـغاڵەوە هـەڵیان گـرتم. مەسـاحە سـاکینتر بـوو. لـە ئەوێـدا دەرحەقم دوژمنایێتیی کەم بوو. لە ئەوێدا خەریکی خەریتـەیێکی ڕەنگاو ڕەنگـم

(١٠١)- ڕەشید عالیی گێلانیی (ژ: ١٨٩٢ بەغداد – م: ١٩٦٥. بەیرووت) سێ جار لە سەردەمی عێراقی پاشایەتییدا سەروەزیران بووە؛ ساڵانی ١٩٣٣، ١٩٤٠، ١٩٤١. ناسراوە بە نەیاری بریتانەکان و هۆگری ئازادبوونی وڵاتەکانی عارەب.

گێلانیی لە ڕۆژگاری دووەهەم جەنگی گێتیدا. دوا وەزارەتی لە مایسی ١٩٤١ پێك هێنا کە زۆربەیان ئەفسەرە عارەب پەروەرەکان بوون، ئەوانەی گۆیا بۆ سەربەخۆیی عێراق عەودالْ بوون، وەك: عەقید سەلاحەددین سەبباغ، فەهمیی سەعید، مەحموود سلێمان، کامل شبیب، یوونس سەبعاویی، هەرە مەڵامەتی شکستی ئەوە بووە لە ئەو جەنگەدا پێوەندیی لەگەڵ ئاڵەمانیا و ئیتالیا بەهێز کردووە و چووە بۆ دیدەنیی هیتلەر و لە ئەوێشدا ڕادیۆیێکی عارەبیی بە ناوی (ڕادیۆی سڵاو لە عارەب)ی دانا. کورتیییێکەی ئەو پێوەندییە شکستی پێ هێنا و سەرئەنجام تەمەنی فەرمانڕەوایی کورت بوو، ناچاریش بوو هەڕا بکات و لە وڵاتی سعوودی عارەبدا ببێ بە پەنابەر.⋆

⋆ بنۆڕە: ویکیپدیا ـ الموسوعة الحرة.

(١٠٢)- دەبێت مەبەستی: (بەیانی حەقیقەت ـ س ١٩٤١) و دوایی نامێلکە عارەبیییێکەی: (رجعية المانية وعبادة القوة ـ لماذا تنحدر المانيا النازية؟ - س ١٩٤٢) بێ.

(١٠٣)- ئەز نازانم مەبەستی لە چ فەرهەنگێکە.



بـۆ (لەهجـەکان)ی کـوردی دروسـت کـرد. چـونکە خـۆم مـودیری عـامی مەسـاحە بووم[١٠٤].

**عەزیز ژیان:** مامۆستا پێم وەهایە ئیشی دەریا و ئاو و تشتە؟!

**ت. وەهبیی:** ڕاوێستە. تۆ پەلەپەل مەکە!

**عەزیز ژیان:** مەساحە چییە؟

**ئەمیر:** نەخشەکێشاندنی زەویی.

**عەزیز:** ئەها.

**ت. وەهبیی:** لـە پـاش ئـەم هـەموو شـەڕە شـەقە (قـانوونی لوغـاتی محـەللیی ـ قـانوونی زمانـەکانی نێوخـۆ/k) دەرچـوو[١٠٥]. یـەعنیی لـەپاش ئـەم هـەموو شـەڕە شەقە ـ (حوقووقێك)مان وەرگرت، نـاوی قـانوونی لوغـاتی محەللییـە و دەبێـت لـە لیواکان ـ ئوستانەکانی کورددا، مەدرەسەکان چەند ساڵێك بە کوردیی بێ. ئەوە تۆ ئەوەت دەوێت!؟

(١٠٤)- لە ١٩٣٨/٣/١وە تا ساڵی ١٩٤١.

(١٠٥)- قانوونی زمانەکانی نێوخۆ، ژ ٧٤، ماددە: ١٠ی ساڵی ١٩٣١ بڕیاری داوە؛ زمانی کوردیی ڕەسمیی بێ. بەڵام لە دوای ١٠٣٢ەوە ناتەواو جێبەجێ کراو دام و دەزگەو قوتابخانەکانی هەندێ شوێنی باژێڕەکانی کوردستانی نەگرتەوە.

جێگەی باسە کاتێ قانوونی زمانەکانی نێو خۆ ـ لە ڕۆژگاری سەروەزیران نووریی سەعیددا ـ دەرچوو، لە سلێمانییەوە بروسکەی خۆشیی و ڕەزامەندی بەرەو ڕووی حوکوومەت کرایەوە، بەڵام دوایی دەرکەوت کە قانوونێکی بێ گیانە. بۆ ڕاستیی، بەڵگەنامەی بریتانیی کە ڕاپۆرتێکی کورنوالێس Sirkinhan Cornwalli’s ی ڕاوێژکاری وەزارەتی نێوخۆی عێراق و لە ١٩٣٠/٨/١٨دا ناردوویێتی بۆ سەروەزیران جەمیل مەدفەعیی، دەبێژێت: (زۆری نەخایاند ئەو کارتێ کردنە باشە کاری هەڵ کەوتنی قانوونەکە لە دەروونی خەڵکدا/k ـ تا ڕادەیێکی زۆر بە ئەو ڕاگەهاندنەی نووری سەعید خۆی ـ شێوەێندرا کە تێیدا گوتی: زانینی زمان ـ واتە زمانی کوردیی ـ نەی گوتووە نەتەوە، مەرجە بۆ دانانی کارمەندان)⋆

⋆ بنۆڕە: کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنیییێکانی حوکوومەتی ـ ب١، چ٢، ل ١٨٣.

تەبیعیی من بە ئەوە مەمنوون نەبووم، ئەو فیداکارییەی ئێمە کردبوومان، ئەو هەموو شەڕە کە کرا، (شێخ مەحموود) تا ساڵی ١٩٣٣ شەڕی کرد، نە ١٩٣٢[١٠٦]، ئا لە ئەو وەختانەدا بوو کە قانوونەکە دەرچوو. لاکین من لە وەزعێکدا نەبووم سیاسەت بکەم. منیان فڕێ دابووە دائیرەی مەساحەوە، خەڵك لەمن دوور دەکەوتنەوە. دیسانەوە شورتیی ـ پۆلیس/ K ـم بەسەرەوە هەبوو. شەدید، هیچم پێ نەدەکرا[١٠٧]. لە پاش نەختێك شەڕ بوو، شەڕی جیهانی دووەم[١٠٨].

(**هوردتر باسی ڕەنجی خۆی دەکات بۆ زمانی کورد**) ئەو وەختە (گەلاوێژ)[١٠٩] دەرچوو. گەلاوێژ کە دەرچوو خەبەریان پێ دام تشتێکی وەها دەردەچێ.

من گوتم: مانگیی پاوەندێك ـ دینارێك هەدییە لەمنەوە بۆ ئێوە. نەء. ساڵانەی دینارێك بوو. من گوتم: (مانگیی دینارێك و مەقالەیێك). ناوم نابوو ((وتار)).

ئیدی ئەوە بوو، دەی بینیت لەگەڵ ئەوە خەریك بووم. لە پاشدا، تەبعەن زۆر دەوامی نەکرد، ساڵێ، دوو ساڵ[١١٠]، تشتێکی وەها. (مەبەستی گوتار نووسینە نەك گۆڤارەکە کە دە ساڵی خایاند/k)

ئەوجا ئەویی ئینگلیزەکانم دەرهێنا؛ (دەنگی گێتیی تازە)[١١١]. ئێستەش شەش نوسخەم لەلا هەیە. مەقالەی جوان جوانی تێدا هەیە. ئینشاڵڵە ڕۆژێکی دیکە نیشانت دەدەم.

(**دەگەڕێتەوە دواوە بۆ لای قانوونی زمانەکانی نێوخۆ**/k)

ئەوە قانوونی لوغاتی محەللیی تەتبیق نەکرا.

**ئەمیر:** چ ساڵێ بوو مامۆستا؟

**ت. وەهبیی:** قانوونەکە ساڵی ١٩٣١ دەرچوو. لاکین تەتبیق نەکرا. من، لە ساڵی ١٩٣٣دا (خوێندەواری باو)م دەرهێنا. یەعنیی نووسین بە زمان ـ بە حرووفی لاتینیی. تۆ دەڵێیت مانیع هەبوو؟ هیچ مانیعێ نەبوو، قەتعییەن. هەرچییم

---

[١٠٦]- حەفید زادە مەحموودی شۆڕشگێڕ لە شەڕی ئاوباریك: ١٩٣١/٤/٢٠دا شکاو لە ١٩٣١/٥/٣١ دیل کرا.

[١٠٧]- ڕەوا نییە هەر کەسێ پرسیار بکات؛ ئەمە باری بووبێ، ئەی بۆچیی کورسییی وەزیریی پەسەند کردبوو؟

[١٠٨]- دووەم جەنگی گێتیی؛ ١٩٣٧/٧/٧ لە ئاسیاوە سەری هەڵ دا، ئەوجا لە ١٩٣٧/٩/١ لە ئاوروپادا، لە ١٩٤٥دا بە خۆ بەدەست دانەوەی ژاپۆن کۆتایی پێ هات. حەووت دەوڵەت بە چەکی هەوایی و دەریایی و دەشتانییەوە تێیدا بەشدار بوون. سەد و پەنجا و پێنج ملیۆن سەربازی تێکەڵ بوو، سەری حەوت ملیۆن کەسی سیویل و سەربازی خوارد و ملیۆنەهاش بریندار و ماڵ کاوڵ و سەرگەردان بوون.

ئەو وڵاتانەی لە جەنگەکەدا دوژمنی یێکدی بوون، لە ئەم ڕژگارەدا دۆست و پێشکەوتوون و پەندیان لە جەنگەکە خۆی وەرگرت.

نێوەڕاستی خۆرهەڵاتی چونکە جەنگەکەی بەخۆوە نەدیتووە و چ پەندێکی لێ وەرنەگرتووە، بۆیێکا لە دوای ئەو جەنگەوە، بووە بە مەیدانی شەڕی خۆتڕێنیی و ماڵ وێرانیی و قەڵاچۆکردنی ڕەش و ڕووت گەلەکانیان و گەلە ژێر دەستەکانیان.

[١٠٩]- گەلاوێژ؛ (گۆڤارێکی ئەدەبیی، سەقافیی مانگیی کوردییە، خاوەند ئیمتیاز و مودیری مەسئوول ئیبراهیم ئەحمەدی مەحامیی (بێ ناوبردنی عەلائەددین سەججادیی سەرنووسەر)؛ س١، ژ ١٢، کانوونی یێکەم ١٩٣٩، دووا ژمارە؛ ئابی ١٩٤٩، چاپخانەی نەجاح، بەغداد.

[١١٠]- مەبەستی ئەو ڕستە گوتارانەیێتی کە بە ناونیشانی (لە بابەت بنج و بناوانی زمانی کوردیی)یەوە لە؛ گۆڤاری گەلاوێژ ـ س١، ژ ١؛ س ١٩٣٩، هەروەها ژمارەکانی: ٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ٧، ٨، ٩، ١١ ـ ١٢ی ساڵی ١٩٤٠، ژمارەکانی: ١ - ٢، ٣ - ٤ی ساڵی دووەمەوە، ١٩٤١ بڵاوی کردووەتەوە.

[١١١]- دەنگی گێتیی تازە ـ س١، ب١، ژ ١، تشرینی یێکەم ١٩٤٣ (بڵاوکراوەیێکی پرۆپاگەندەی لیژنەی پێوەندییێکانی باڵیۆزخانەی بریتانیا) بوو لە عێراقدا. بایێخی تایبەتیی دەدا بە شکاندنی بەرەی فاشیزم و نواندنی سەرکەوتنەکانی بەرەی نەیاری فاشیزم بە سەرۆکاییێتی بریتانیا.

ت. وەهبیی ـ بی دەرکەوتنی ناوی ـ سەرنووسەری بووە، ئەگەرچیی لە گوتارێکیدا گوتوویێتی ((سەرپەرشتی زمانەوانیی بووم))★.

ئەم بڵاوکراوەیە؛ بە نامەی ڕێبەرییێتیی گشتیی پرۆپاگەندەی سەر بە وەزارەتی نێوخۆی عێراق ـ ژ ١٤١٦ی ١٩٤٥/٧/١٩ ـ بووە بە (کۆوارێکی ئەدەبیی، خوێندەواریی، زمانیی، =خاوەندی ئیمتیاز؛ مەحامیی فائیق تۆفیق، مودیری مەسئوول محەممەد بابان، ڕەئیسی تەحریر حوزنیی موکریانیی)؛ تا ساڵی ١٩٤٧ بڕی کرد.

★ بنۆڕە: حول مقال مسؤولية الاديب الكردي ـ ل ١٣.

بنۆڕە ئێرە: داوێن: ٤/ بەڵگەکان.

دەکرد، دەم کرد. بەڵام حەرفەکانی منیان نەدەویست. حەرفەکانیان شکاند. نازانم چیان لێ کرد؟! گومیان کرد، شکاندیان!! نە کتێبی منیش ما. لاکین (دەنگی گتێبی تازە) هەرچەندە ڕەغبەتیان نەدایێ، کوردەکان دەیان برد. فییاتی ـ نرخی/ k ـ روپییەیێك بوو.[112] کچێ لە ئەشرافی کوردستان لە یونیڤەریسستی بەیرووتدا – دانیشتگەی بەیرووتدا/k دیوییێتی و فۆتۆکۆپیی کردووە بۆ من. ئێستە لەلای من هەیە.

**ئەمیر:** هیی خوێندەواری باو؟

**ت. وەهبیی:** ئا.

**ئەمیر:** لە ئیرەشدا ـ لە لۆندۆندا/k ـ هەیە.

**ت. وەهبیی:** لە کوێدا؟

**ئەمیر:** لە یونەڤەرسیتی ئۆف لۆندون University of London[114].

**ت. وەهبیی:** ئەوە هی ئەدمۆندزە Edmondz[115].

---

[112] ڕوپییێك دەکاتە ٧٥ فلس کە کۆن خۆی پارەیێکی هیندوستانیی بووە.

[114] دانیشتگەی لۆندون.

[115]- C. J. Edmondz سیسێل جۆن ئەدمۆندز (ژ: ١٨٨٩- م: ١٩٧٩) پێ گەهیشتووی کۆلێژی کامبرج ـ بریتانیایە. لە نێوان ١٩١٩ ـ ١٩٢٥دا ئەفسەرێکی سیاسیی خەریکی کاروباری کوردستانی (داگیرکراوی بریتانیا ـ عێراقی عارەب/k) بووە. لە ساڵی ١٩٣٧دا «میدالیای ڕافیدەین»ی لە لایێن عێراقەوە پێ دراوە. لە نێوان ١٩٣٥ ـ ١٩٤٥دا ڕاوێژکاری وەزارەتی نێوخۆی عێرۆاق بووە. لە ١٩٤٨ و لە وەزارەتی کاروباری هەندەرانی بریتانیادا پلەی وەزیری هەبووە. لە ١٩٥٠دا خانەنشین کراوە. زمانەکانی عارەبیی و فارسیی، هەروەها کوردیی ـ تۆفیق وەهبیی فێری کردووە/k ـ شارەزابووە. لە ١٩٥١ ـ ١٩٦٧دا لە مەعهەدی لێ کۆڵینەوەی کاروباری خۆرهەڵات و ئافریکا لە دانیشتگەی لۆندوندا دەرز بێژ بووە.★

دوو کتێبی پێوەندیی بە کوردەوە هەیە:

١- کرد ترك و عرب ـ ترجمة جرجيس فتح الله، ط١، بغداد ١٩٧١ و ط٢، أربيل ١٩٩٩ (سیاسەت و گەشت و گێڵی لە کوردستانی باشوور: ١٩١٩ ـ ١٩٢٥دا).

٢- فەرهەنگی کوردیی ـ ئینگلیزیی Kurdish ـ English Dictionary ـ لۆندون ١٩٦٦ (بە هاریکاریی تۆفیق وەهبیی)



**ئەمیر:** بەڵێ.

**ت. وەهبیی:** ئەوە تشتی چاکی تێدا هەیە. ئا لە ئەوێدا دەستم کردووە بە عارەبیی گۆڕین بۆ کوردیی. بە شیددەت.

**ئەمیر:** یەعنیی ـ کوردیی/k ـ تیپەکانی بکەین بە لاتیینیی.. مامۆستا مەنزوورت ـ مەبەستت چییە لە.. (ت. وەهبیی قسەیی پێ دەبڕێت/k).

**ت. وەهبیی:** کەلیمەی «بزوێن» ئەووەڵ جار لە ئەوێدا بەکارم هێناوە. «نامێلکە» ئەوە من دروستم کردووە. بزوێن، وشە، نازانم چیی؟! لە ئەوێدا ئیشی زۆرم کردووە.

من لە ساڵی ١٩٢٥ دا، ئەو وەختەی ئامیری کوللییەی عەسکەریی بووم، کتێبێکم ـ هاوین بوو ـ لە ماڵی حەمدی بەگی باباندا دۆزییەوە؛ (ئاڤێستا). ڕجام لێ کرد بم داتێ. گوتم: ئەم هاوینە پاش نیوەڕۆ ئیشمان نییە، من لەگەڵ ئەم کتێبە خەریك دەبم[116]. ئێستە دەفتەرەکەم لەلا هەیە (ڕوو دەکاتە کابانیو بە کوردیی دەبێژێت/k) ئوم سزا ـ داییك سزا، من ڕجام لەتۆ کردبوو کە ئەو دەفتەرە

---

=ئەز ـ بەعارەبیی قسەم لێ کردووە ـ دووبارەی دەکەمەوە کە ناوبراو تاوانباری جەنگە بەرامبەر کورد و کوردستان و تاوانەکانیشی لە کتێبی یێکەمیدا ڕوونە.

★ بنۆڕە: کرد ترك عرب، ط١، (الصورة الثانية من الغلاف) هەروەها: العراق في الوثائق البريطانية سنه ١٩٣٦ ـ ل ١٩ ـ ٢١.

[116]- خۆی لە سەرچاوەیێکی دیکەدا دەبێژێت: لە بەغدادا چوومە ماڵی حەمدیی بەگی بابان لە ساڵی بیستەکاندا. گەلێ کتێبی هەبوو. دوو کتێب لە ئەوانەدا بە دڵم بوون، بە فڕانسیی و ناوی (ئیتود ئیرانیان سندس) بوو هی دار مستەتەر. ئەو دوو کتێبەم لەلا مایەوە، مخابن ماوەکەی کەم بوو. عیززەت مەدفەعیی ـ تۆپچیی/k ـ بە گاڵتە و هەراوە بە حەمدیی بەگی گوت؛ ئەو دوو کتێبە لای وەهبیە بۆچ وەری ناگریتەوە با نەفەوتێ. بەڕاستیی منیش نەم ویست لە ئەوەندە پتر لەسەری بڕوات، گێڕامەوە. بەڵام خەفەتیشم زۆر خوارد. لە دواییدا حەمدیی بەگی بابان هەموو کتێبەکانی فرۆشت. ڕۆژێکی ساڵ ١٩٢٧ چوومە مەکتەبەی «مەکەنزیی»، ئەو دوو جلدەی کە من خەفەتم بۆ خوارد هەردووکی لای «مەکەنزیی» بوو بۆ فرۆشتن. منیش بە «١٥» ڕووپییە لێم کڕیی، زۆر دڵم خۆش بوو.

★ بنۆڕە: لەگەڵ مامۆستا تۆفیق وەهبیی ـ ل ٤٠.

بچووکانە بخەرە تشتێکەوە. مومکینە بی هێنیتە خوارەوە! کتێب نا، هەر دەفتەرەکان.

**ئاسیا وەهبیی:** (بە کوردیی/k) بچووك، بچووك؟

**ت. وەهبی:** بەڵێ.

**ئاسیا وەهبیی:** (بە عارەبیی) هسّە تریدها؛ (ئێستە دەی خوازییت؟/k).

**ت. وەهبیی:** (وەڵام دانەوەی کابانی فەرامۆش دەکات و لەسەر قسەیی خۆی دەڕوات/k) وەك سینەما دەبینن. وەك سینەما؛ ساڵی یێکەم، ساڵی دووەم، ساڵی سێیەم، ساڵ چوارەم تا بیست و نۆ. هەموو ساڵێك دەفتەری خۆی هەیە، تەئریخی لەسەرە.

**ئاسیا وەهبیی:** (بە عارەبیی - وین هي؟/ لە کۆیدایە؟ /K). ت. وەهبیی: (علی الرّف. إنتِ خطیتِ بقوطیە، ما أعرف وین؟! الدفاتر اللي چانت علی الگاع/ عەلالرەفف. ئیذتی حەتتێتی بیقۆتییە، ما ئەعرف وێن؟! ئەددفاتیر ئیلليي چانت عەلالگاع ـ نازانم لە کوێدا؟ لەسەر ڕەففەکەدا. تۆ خستتە نێو قوتوویێکەوە، نازانم لە کوێدان؟ ئەوانەی سەر عەردەکە/k) ـ ئا.. من کە (ئاڤێستا)کەم برد ـ فڕانسیی دەزانم ـ دەستم کرد بە تەدقیقی ئاوێستایی.

**عەزیز ژیان:** فەرمووت ساڵی ١٩٢٤؟

**ت. وەهبی:** ١٩٢٥. تەماشام کرد تەعبیرەکانی کابرای فرانسز ئەوەندە بەدڵم نییە. گوتم: با موفرەداتەکانی وەربگرم. ئێستە ئەو قامووسە لە ئێرە هەیە. کتێبەکە خۆی. ناردم بۆ بەغداد، ئیحتیاجم بە قامووسەکەی هەبوو.

چووم لە: ـ سوکووڵ ئۆف فڕانس School of France. (فێرگە ـ دەزگەی خۆرهەڵاتناسیی فڕانسە/k) ئەوە ئاوێستاکەیە؛ سێ جڵدە، دووانیان گرامێرە. یێکیان ئەو قامووسەیە کە بۆ سێ مانگ لەلام بوو. ئاخیریی ـ حەمدیی بەگ/k ـ داوای کردەوە و من دامەوە. فەقەت ئینگلیزێکی دۆستم[117]، گوتی: (فڕێی بدە!

(117)- ئەو کەسە (مێجەر ئیدی) ڕاوێژکارێکی بریتانیا بووە لە عێراقدا. خۆی ت. وەهبیی لە پێشکەکیی (خوێندەواریی باو)دا ناوی هێناوە کە ساڵی ١٩٢٦ مامۆستای بووە فێری ئینگلیزی کردووە. هەروەها لە شوێنێکی دیکەشدا دیسان باسی کردووەتەوە. (لە ئەو بەینەدا مێجەر ئیدی



گرامێرەکەت تەواو بکە! ئەمەیە خزمەتی تۆ. بۆ ئەویی دیکە ـ کە گرامێرەکەت تەواو کرد ـ ئیشت نامێنێت. دەتوانیت وەختی خۆت سەرف بکەیت بۆ ((ئیتمۆلۆجیی Etmology))[118] و ببێت بە ئەساسێ بۆ کوردان.

من دەم زانی ئەو کابرایێ ـ دیارە مەبەستی کابرای فڕانسیی خاوەن فەرهەنگەکەیە/k ـ ئەساسی کوردیی دۆزیوەتەوە و بە مەقالە نووسیوەتەوە، قسەی قۆڕی نووسیی بوو.

ئەوەیە ئیش، ئێستەیش لە ئەوەدا ئیش دەکەم، هیچم بڵاو نەکردۆتەوە. بەقسەی کابرای دۆستم کرد. ئەوجا لە ساڵی ١٩٣٣ بە ئەولاوە دەستم پێ کرد.

لە ساڵی ١٩٢٧دا دوو مجەللەدم کڕیی، هیی (دار مستتر)[119]. مەعلوومە عالمێکی گەورەیە، بوو بە مامۆستای من. تەماشای ئەویشم کرد تا ساڵی ١٩٣٣. تەبیعیی (دار مستتر) لە ئەویی دیکە عالیمترە. لە خاوەندی کتێبەکەی لای حەمدی بەگ.

کە موستەشارێکی ئینگلیز بوو، فێری ئینگلیزیی دەکردم، لە دواییدا منیش ئەوم فێری تورکیی و کوردیی کرد)★

★ لەگەڵ مامۆستا تۆفیق وەهبیی ـ ل ٤٠.

(118)- Etymoloogy ئیتیمۆلۆژی: زانستی کۆڵینەوە لە بنج و مێژووی زمان.

(119)- دار میستتر ـ جەیمس Jemes Darmesterer (ژ: ١٨٤١/٣/٢٨ ئاواییێکی ئالزاس-- م: ١٨٩٤/١١/١٩ فرانسە). خۆرهەڵات ناس و زمانەوان ولێ کۆڵ.. وەچەی خانەدانێکی جووە. ناس ناوەکەیشی لە مەڵبەندی خانەدانەکەیەوە ـ دار منشتات ـ وەرگرتووە. لە باژێڕی پاریسدا دەستی داوەتە خوێندن. لە زووەکەوە هۆگری خۆرهەڵات ناسیی بووە.لە ساڵی ١٨٧٥دا کتێبێکی لە مەڕ ئەفسانەکانی (زەند ئاڤێستا)ی چاپ و بڵاوکردووە. دواتر لە ساڵی ١٨٧٧دا بووە بە مامۆستای زمانی فارسیی لە کۆلێجی زمان ـ فرانسەداو درێژەی بە کردوکۆششی داوە تا لە ساڵی ١٨٨٣دا کتێبێکی دیکەی لەمەڕ ئێران چاپ کردووە. دە ساڵی دیکە (زەند ئاڤێستا)ی تەواو وەرگێڕاوە و ڕوونی کردووەتەوە، ئەم کارەی بە سێ جزم لە نێوان ساڵانی ١٨٩٢ ـ ١٨٩٣دا چاپ و بڵاو کردووەتەوە. لە ساڵی ١٨٨٥دا وەك پڕۆفیسۆر مامۆستای (کۆلێژی دوفرانس) بووە و سەرگەرمی کۆکردنەوە و وەرگێڕاندنی سترانی خۆیی و نیگار، زمان و ڕۆشنبیریی ئەفگانستان بووە و بڵاوی کردوونەتەوە. تا مردنیش هەر خەریکی هوردبوونەوە و لێ کۆڵینەوە بووە. جێگەی گوتنیشە لەمەڕ (مەهدیی و مەهدیاییێتی)ش لێ کۆڵینەوەی بڵاوە. دار مستەتەر هاوژینی خۆی؛ (ماری. ف. ڕۆبنسن)ی تا مردن لەگەڵ بووە.★

ئێستە، ئەمڕۆ بەدەستمەوە بوو. ویستم بی هێنمە خوارەوە، گوتم: نا لازم نییە. ئەوجا دەستم کرد بە کەلیمە دۆزینەوە. لە ئەو ڕۆژەوە تا گەهیشتینە ساڵی ١٩٤٢. ئەوە بوو لە (گەلاوێژ)دا بەعزێکم بڵاوکردەوە، بۆ ئینگلیزەکان کە دەم نووسیی. خەڵك لە کەلیمەکانی من تێ نەدەگەهێشتن. قامووسم دروست کرد کە تێ بگەهن. چوون شکاتیان کرد. ئینگلیزەکان گوتیان؛ (تۆ مردیت.. ئا، نەك کە مردیت، لە پاش ١٥٠ ساڵی دیکە کورد بۆ تۆ هەیکەلت لە ئاڵتوون بۆ دروست دەکات[١٢٠].

گوتم: عەفوو دەکەیت. تۆ من تەحقیر دەکەیت! (**چۆن، کورد تا ١٥٠ ساڵی دیکە بە کەریی دەمێنێتەوە؟** [١٢١] ـ پێ دەکەنین، گاڵتەمان دەکرد ـ دەبێت زووتر پێ بزانێت کە من خزمەتی دەکەم).

لە ١٩٢٥دا دەستم کرد. ئەوە هەردووکیان، زۆر موهیممە، بۆ تۆ موهیممە، بۆ هەموو کەسێك. ئێستە نییە، دەست ناکەوێت. هەزار و پێنج سەد نوسخەم هێنایەوە عێراق. حوکوومەت لێی کڕیم. موتەسەڕڕیفی سلێمانیی چوار سەد نوسخەی لێ کڕیم[١٢٢]. (واتە لە؛ دەستووری زمانی کوردیی/k) لە پاش ئەوە، حەتتا من وەزیری مەعاریف بووم[١٢٣]، ویستم مەتبەعە بهێنم ئەم حەرفانەی تێدا هەبێت.. (ئەمیر، ویستوویێتی پرسیار بکات، ئەو بەری گرتووە و لەسەر قسەکەی ڕۆییشتووە/k) مووەففەق نەبووم. کێ نەیهێشت؟ نازانم!! خۆم وەزیر،

=(ئێرانیییێکان زۆر بایەخیان بە کردوکۆششی داوە و کردەوەکانیان گۆڕیوە بۆ فارسیی، وەك:

١- کۆمەڵە قانوونەکانی زەرتەشت یا (وندیدات ئاڤێستا).

٢- لەییێك دانەوەی ئاڤێستا و وەرگێڕاندنی گاتاها.

★ سەرچاوە: دەروازەی ئینتەرنێت: دانشنامەء آریانا (لە لوغەتنامەی دەهخداوە)

★ سەرچاوە: = = : لغت نامەدهخدا (لە دائیرەتولمەعاریفی بریتانیەوە)

[١٢٠]- هەڵبەت ئەو بریتانیانە، ئەوانەن کە شارەزاییان لە زمان و ڕۆشنبیریی خۆرهەڵاتدا هەیە.

[١٢١]- ئەم قسەیەی کە وێنەی لووت بەرزییە، لە زانای کامڵ و گەورە ناوەشێتەوە.

[١٢٢]- واتە: دەستووری زمانی کوردیی ـ ج١، بەغداد ١٩٢٩.

[١٢٣]- ساڵی ١٩٤٧.



مەتبەعەی مەعاریف بەدەست منە، من وەزیرم، نەم توانیی! لاکین لە ساڵی ١٩٢٦دا، کابرایێ هات، گوتی: (تۆ داوای حورووف دەکەیت؟). گوتم: ئا! گوتی: (من وەکیلی چاپخانەکانی ئینگلتەرەم، بۆت بهێنم؟)، گوتم: وەڵڵە زۆر تەشەککورت دکەم.

گوتی: (شکڵەکانم بدەرێ). شکڵەکانم بۆ برد، شەش مەتبەعەی هێنایە عێراقەوە[١٢٤]. ئێستە نازانم چەند هەیە؛ لە سلێمانیشدا هەیە.

ئەوجا (پێشکەوتن)م[١٢٥] وەرگرت بە ناوی یێکێکی دیکەوە ـ خودا عافووی بکات ـ محەممەد بریفکانی ناو بوو[١٢٦]. مەجەللەی "پێشکەوتن"، لاکین بە شەرتێ من تێدا بنووسم، بۆ خۆشی چیی دەکات بی کات. موددەتێکیش لە ئەوەدا ئیشم کرد.. لە پاشدا (گەرووم) گیرا. لە چیی؟ لە شەڕە شەقی ـ خودا عافووی بکات ـ ئەو محەممەد بریفکانییە کە غەڵەتی دەکرد، نازانم چیی دەکرد؟! (مەبەستی چاپ کردنی نووسینەکانە/k)، ئەوەندەم بە تەلەفوون دەباڕاند؛ دەنگم نووسا. موراجەعەتی دوکتورم کرد. گوتی: هیچ نییە و ئەمە... ئیدی هاتم بۆ ئێرە.

[١٢٤]- ئەمە یێکێکە لە کارە گرانبەهاکانی ت. وەهبیی.

[١٢٥]- پێشکەوتن؛ کوواریێکی حەوتەیی گشتیی ـ مجله اسبوعیة عامة باللغتین الکردیة والعربیة؛ ژمارە: ١، شوباتی ١٩٥٨، بغداد دووای ١٩٥٨/٧/١٤ لە ژمارە ((٦٥))ەوە بوو بە ڕۆژنامە و تا شوباتی ١٩٦٣ ژیا خاوەند و ڕێبەری محەممەد بریفکانیی بووە.★

بنۆڕە: تێ گەییشتنی ڕاستیی و شوێنی ـ ل ٢٤٢ و ٢٢٤.

[١٢٦]- محەممەد بریفکانیی (ژ ـ م؟؟) ڕۆژنامەوان و نووسەرێکی شێوەی کورمانجیی باکوور و پتر بە عارەبییەوە خەریك بووە. ئەم داندراوە عارەبییانەی هەیە:★

١- الخدمات الاجتماعیة في العراق؛ بغداد ١٩٥٦ (خزمەتگوزاریی کۆمەڵیی لە عێراقدا)

٢- الاکراد في القرن العشرین؛ ١٩٦٨ (کورد لە سەدەی بیستدا)

٣- حقائق تأریخیة من القضیة البارزانیة ـ ١٩٥٣ (ڕاستیی مێژوویی لەمەڕ مەسەلەی بارزان).

★ بنۆڕە: فەرهەنگی ئەدیب و نووسەرانی کورد ـ ل ١٢٢



@kurdica

تەسادوف ئەو نەخۆشییەی من دوو ڕۆژ پێش (شۆڕشی عێراق)[١٢٧] بوو. داخڵم کە حەپسم بکەن، لە جەدوەلەکەدا من داخڵم حەپس بکرێم، لە ئەوێدا نەبووم.

ئەو ڕۆژە لە ((ئەستەنبوول))دا بووم. کتێبی کۆنم دەکڕیی. دەم ویست لەگەڵ خۆم بیان بەم بۆ بەغداد ـ کتێبەکانی خۆم هەمووم دا بە خەڵك، ئەو وەختە گەنج بووم، پیر نەبووم. گەنج بووم؛ شەست و هەشت ساڵ عومرم هەبوو. ئەو وەختە خۆم بە کەسێکی بیست ساڵ دەزانیی ـ کتێبم دەکڕیی. گەنجێکی کورد هاتە لامەوە وەك تۆ، گوتی: (تۆ فلاَن کەس نیت؟). گوتم: بەخێر بهێیت کوڕم، چۆنیت، چاکیت؟. گوتی: (نەت بیستووە؟) گوتم: چیی بووە؟. گوتی: (لە عێراقدا سەورە بووە. شۆڕش! مەلیکیان کوژتووە، فلاَن، فیساریان کوژتووە). گوتم: کورە نەکەیت؟! گوتی؛ (بەخودا). یەعنی من لە ئەوێدا بیستم[١٢٨]. ئیدی هاتم بۆ ئێرە ـ بریتانیا/k ـ و تا ئەمڕۆ لە ئێرە دانیشتووم. ئەمە وەزعییەتمە لە ئێرە.

[١٢٧] کۆمەڵێ فەرماندەی نێو سوپای عیراق کە بە ئەفسەرە ئازادەکان ـ زوبباتە ئەلئەحرار ـ ناسرابوون لە ڕژێمی مەملەکەتی عێراق هەڵ گەڕانەوە و بە هاریکاریی کۆمەڵانی خەڵك ئەو شۆڕشە ڕژێمەکەی پاکۆ داو ڕژێمی کومار ـ کۆماری عێراق ـ ئاشکرا کرا. سەرکردەی ئەو هەڵ گەڕاندنەوە زەعیم عەبدالکەریم قاسمی عارەب بوو کە ساڵی ١٩٦٣ هەڵ گەڕاندنەوەکەی حیزبی بەعسی عارەب — بێ دادگایی کردنێکی قانوونی - لە نێو هۆڵی مووسیقە تۆمار کردنی ڕادیۆی بەغداددا دەستڕێژیان لێ کرد و کوژتیان.

شۆڕشی ١٩٥٨/٧/١٤ بۆییێکا ڕووداوێکی مێژوویی بوو، ڕژێمی پاشایێتی ڕیشەکێش کرد و عێراقی لە پەیمانی بەغداد ـ پەیمانی سەنتۆ- حیلفی بەغداد، بنەکەکانی بریتانیای لە عێراقدا هەڵ کەند، لە بەرەی خۆرهەلاَت نزیك بووەوە. لە نێو خۆشدا، لە دەستووری عێراقی نوێدا کورد و عارەب بە شەریك و لە دروشمی کۆمار و ئالاَی عێراقیشدا نیشانەی تێکەلێی کورد دیار بوو. ڕێگەی بەجم و جوولی سیاسیی و حیزبایێتی دا بە کورد. بارزانییێکان بە سەرۆکایەتی (مستەفا بارزانی)ی لە هەندەران هاتنەوە. قانوونی چاککردنی گشت و کێڵ و بۆ فەڕی جووتێران دەرچوو. بەلاَم بەرەبەرە هەڵوێستی بەرامبەر گەلی کورد و مافە ڕەواکانی ڕووی لە خراپیی کرد کە هەمووی کارێکی کرد؛ شۆڕشی گەلی کورد لە ١٩٦١دا بقەومێ.

[١٢٨] - دەشێ ئەم چیرۆکە سادەیە ڕاست بێ، بەلاَم لە سەرروویەوە نهێنییێك هەیە کە ت. وەهبیی شاردوویێتییەوە. بنۆڕە ئێرە: (خوێندنەوەیێکی ڕەخنەگرانە ـ خوێندنەوەی ڕەفتاری سیاسیی)



ئێستەش بە شوێن کەلیمەی تازەدا دەگەڕێم. ئەوە دەفتەری ئەم ساڵمە، لە ئێرە دایە.. نازانم کەوتووەتە کوێوە؟! هەموو ساڵێك و دەفتەرێك، دوو دەفتەر بەتشتی تازە پڕ دەکەمەوە. دوێنێ کاغەزێکم وەرگرت، داوای ناوی مەجەللەیێکم لێ دەکەن؛ (ئاسۆ)[١٢٩]. (ئاسۆ)م دانا بوو. (ئاسۆ)ش من خستمە کوردییەوە.

**عەزیز ژیان:** یەعنیی ئوفوق.

**ت. وەهبیی:** حەقیقەتەن ئوفوق نییە. ئەوە ویستم مەقالەیێك بنووسم، بەغەڵەت بە منیان گوتووە.. هۆرامییێك، شێخێك پێی گوتم: (شێخ خالید نەقشبەندیی)[١٣٠]؛ شاعیرە، ئیستە مردووە. ئەو پێی گوتم مەعنای ((ئوفوق))ە. تێی گەهاندم، دەی گوت؛ (ئاسکەکان بەیانیان لە ئاسۆوە دیارن)، شاخەکانی هۆرامانەوە.

گوتم: ئاسۆ چییە؟ نەی دەزانیی تەعریفی بکات. گوتی: (ئوفوقە، لە تاریك و ڕوونییێکەوە دیارن). خێرا نووسییم ((ئوفوق)) لە حەقیقەتدا (ئاسۆ) نییە. ئاسۆ یەعنی ڕووناکیی ـ بەرە/k ـ بەیانە! (کابانی بە عارەبیی هەڵ دەداتێ و دەبێژێت: فەجر/k) إی ـ ئیی.

تابیع بە ((ئاسۆ))، لە ((ڤیدا))دا[١٣١]، لە ((سانسکریتیی))دا[١٣٢] مەقالەیێکم دیت. ئەمەندە جوانە، لە دینەکەیا وەرگرتووە؛ ئەوە وەك کوڕێکی گەنج، عاشقی هینە،

[١٢٩]- لە ئەوانەیە ئەو داوایە لە لایێن (زانکۆی سلێمانیی)ەوە بۆیی هاتبێ، چونکە لە ئەو ڕۆژگارانەدا گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی ئەو دانیشتگەیە بە ناوی (ئاسۆ)وە دەرچوو.

[١٣٠]- هەرچەندە ئەم ناوە لە ١٩٢٠ بەدوواوە دەرکەوتووە، بەلاَم ژین نامەی لە لای ڕوون نییە.

[١٣١]- ڤیدا: کتێبی پیرۆزی هیندۆسەکان.

[١٣٢]- سانسکریتیی ـ samskrtam؛ زمانی کۆنی خەڵکی هیندوستان و زمانی ئایینی هیندۆسەکان، بوودییێکان، جاوایییێکان.

ئەم زمانە لە خانەدانی زمانەکانی هیند و ئاوروپایە.⋆ وشەی ((سانسکریتیی))ش لە خۆیەوە داڕێژدراوە و مانای (سازدان)ە. لە زمانی سانسکریت (سانسکریت واك)دا، مانای زمانی ڕۆشنبیریی باڵا دەستە کە زاراوەی (دیوا یاگا) دەگرێتەوە و مانای (زمانی خودایان)ە.⋆⋆

⋆ هیندو ئاوروپایی Indogermanish گەلانی دەگرێتەوە کە لە هیندوستانەوە کۆچیان کردووە بۆ ئاوروپا.

ڕۆژ هەڵ دهێت، دەبێت خەڵك لە خەو هەڵ بستێنێت، پشتێنەکەی ببەستێت، لە پێش هەموو تشتێکدا بچێتە لای حەیوانەکانی و دەرگەهی ئاخوڕەکەی ـ ڕاستر: گەوڕەکەی/k ـ بکاتەوە، بیان باتە دەرەوە.. ئیدی ئەوە حەیاتێك دەبێت بۆ بەشەرییەت. ئەمە بە هاتنی ((ئاسۆ)). ((ئووشە))یشی پێ دەڵێن. ((ئاسۆ))یشی پێ دەڵێن. بە لاتینیی ((ئۆرۆر)).

ئەوجا من ئێستە ناوی دەنێم ((دار)). ئەو کەیفی خۆیێتی، هەر کەسێ بهێت و ناوی بنێت.

((چریکە))، ئەم ناوە ـ هەموو تشتێکیان گوتووە ـ گەلاوێژ، هیوا، ئەستێرە، ڕۆژ، ڕۆژێ نوێ.

چریکە هیی بازە. باز مەلێکی موقەددەسە. تا (عەبدولقادر گێلانیی)[133] پێی دەڵێت ((باز)) باز تشتێکی جوان و موقەددەس و موعتەبەر نەبوایێ، بە عەبدولقادری گێلانییان نەدەگوت: باز. چریکەی عەبدولقادر.

ئێستە جوابم بۆ نووسیوە. ئەگەر بیەوێت ئەوە کەیفی خۆیێتی، من مەبەستم نییە.

**عەزیز:** مامۆستا ئەگەر ئیجازە دەفەرموویت، تشتێکت عەرز بکەم.ئەوەی فەرمووت زۆر جوان بوو. بۆ من وەك بۆ ئەمیریش زۆر تشتی تازەی تێدا هەیە.

---

=** بنۆڕە: ویکیثیدیا الموسوعة الحرة.

[133]- شێخ عەبدولقادری گێلانی (ژ: ١٠٦٨— م: ١١٦٢) کوڕی ئەبی ساڵح کوڕی عەبدڵڵەی گێلانییە کە گێلان نێوچەیێکی کوردستانە. ساڵی ١٠٩٥ هاتووەتە بەغداد و لە زانا بەناوبانگەکانیەوە خوێندنی زانستەکانی ئایین و زانستی دیکەی وەرگرتووە، بە تایبەتیش لە ئەبی سەعید موخەڕڕەمیی کە پێش مردنی لە جێگەی خۆیدا دایناوە. بێژراوە کە دەوری کاریگەری هەبووە بۆ گۆش کردنی نەوەی هاوڕۆژگاری سەلاحەددینی ئەییووبیی و پێوەندییێکی توند و تۆڵی لەگەڵ خۆشیی هەبووە.

کۆمەڵێ کتێبی چاپ کراوە و هێندیچکی دەستنووسە و ماوەتەوە. ڕێچکەی قادریی کە پێگەیشی لە کوردستاندا هەیە، ڕێچکەی ئایینیی ئەوە.مەزاری لە مزگەوتەکەی خۆیدا (مزگەوتی شێخ عەبدالقادر) لە بەغدادە کە لە سەردەمی سوڵتان مورادی چوارەمدا دروست کراوە.*

* بنۆڕە: ویکیپیدیا الموسوعة الحرة.



تشتی جوان ڕوون دەکاتەوە، تەئریخچەییێکی موختەسەر.ئێستە ئەوەی بۆ کاك ئەمیر زۆر موفید بێت، دوو تشتن: یێکێك ئەوە کە تۆ بفەرموویت؛ (پایەی زمانی ڕەسمیی و ئەدەبیی کوردیی ئەمڕۆ، لەسەر کام لەهجە داندراوە؟).[134]

---

[134]- بۆ ڕوون بوونەوەی پرسیار؛ زمانی ڕەسمیی ئەدەبی کورد ئەمڕۆ لەسەر کام شێوە ـ لەهجە ـ هەڵ چندراوە، هەروەها وەڵامەکەی ت. وەهبیی کە دەبێژێت؛ (سلێمانیی)، پێ ویستی دەبینم ببێژم کە: تا هەلی کەوتنی یێکەمین حوکوومەتی کوردستان ـ حوکمداریی کوردستانی باشوور لە نێوان ١٩١٩/١٩١٨/١١/١٧دا لە سلێمانییدا، هەرگیز لە چ میرنشینێکی کۆنی کورددا ـ لە کوردستانی گەورەدا ـ زمانی کورد خۆی، زمانی فەرمانڕەوایی و ڕەسمیی نەبووە، چ لە کاروباری فەرمانڕەواییدا چ لە خوێندنگەکاندا کە حوجرە و فێرگەکانی ئایین ناسیی دەگرنەوە. بەڵام لە هەموو نێوچەییێکی کوردستاندا ـ لە سەردەمی میرنشینەکاندا ـ چۆن ئەدەبیی میللیی نەنووسراو لە نێو میللەتی کورددا باو بووە، ئەوە هێندێ زانای ئایین، شاعیر، زمان ناس، بەشێوەکانی زمانی کوردەوە خەریك بوون و بەرهەمیان پێشکەش کردووە کە ـ بێ لە مێژوو نووسین بە کوردیی ـ هێندێ لق و پۆپی ئەدەبیان بەسەر کردووەتەوە، چ بە شێوەی گۆران، شێوەی موکریی. شێوەی بەبە ، شێوەی کورمانجیی.

لە دوای هەرەسی دەوڵەتی عوسمانیی دۆڕاوی یێکەم جەنگی گێتییەوە (١٩١٤ ـ ١٩١٨٩) و زاڵ بوونی دەسەڵاتی بریتانیای براوەی جەنگ لە کوردستانی باشوور و عێراقدا و دابڕاندنی (هەرێمی مووسڵ) لە عوسمانیییێکان و هەڵ کەوتنی حوکمرایی کوردستان، ئەو بارە گۆڕ درا. یێکێ لە هەرە کۆڵەکە گرنگەکانی ئەو دابڕاندنە دوای دابڕاندنی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی و سنووری جوگرافیی ـ ئەوە بوو؛ (زمانی تورکیی) فەرمانڕەوا، پەراوێز خرا، بگرە بەکار نەبرا.

حوکمداریی کوردستان بۆ سەلماندنی سەربەستیی نیشتیمان و خۆ جوی کردنەوە و دابڕاندنی لە ڕژێمی عوسمانیی دەسەڵات دوڕاو ـ بە هاندانی بریتانەکان ـ زمانی کوردی کرد بە (زمانحاڵی ڕەسمیی) کە بێ گومان هەموو دەزگەکانی کاروباری سیاسیی، کارگێڕیی، خوێندەواریی و ڕۆشنبیریی گرتەوە. بۆ وێنە هەر لە (دەزگەی حوکمدار)ەوە فەرمانەکان بە زمانی کوردییەوە هەڵ کەوتن، تەنانەت دەزگەییێکی وەك (دادگەی شەرعیی سلێمانیی) لە ١٩١٨/١١/٩دا (کاروباری نووسین بە تورکیی ڕاگرت) و لە ٢٣ی سەفەر ١٣٣٧ك ـ ١٩١٨/١١/٢٨دا (بەکار بردنی زمانی کورد)ی دەست پێ کرد.

ئیدی لە ئێرەوە زمانی کورد بوو بە زمانێکی ڕەسمیی و لە هاوینی ١٩٢٥شدا لە باژێڕی هەولێریشدا دیسان کوردیی بوو بە زمانێکی ڕەسمیی.*

**ت. وەهبیی:** سلێمانیی[١٣٥].

**عەزیز ژیان:** ئەمە یێك.

**ت. وەهبیی:** ئاخر نەم گوت ئەمە بخوێندەوە!

**عەزیز:** ئەوە دەخوێندینەوە.

**ت. وەهبیی:** ئەوە پێت دەڵێت: سلێمانیی.

**عەزیز ژیان:** کۆپییێکەی هەڵ دەگرین. ئێمە دەخوازین لە زاری خۆتەوە بی بیستین.

**ت. وەهبیی:** لەسەر سلێمانی من تەوسیەم کردن، چونکە ئەوانە زۆر داوا دەکەن کە زمانەکەیان ـ ڕاستتر شێوەکانی/K ـ یێك بگرن.

من تەوسیەم کردن، سێ پێشنیاری هەیە، تەقدیمم کردن، گوتم: ئەمە بەرکۆڵە. ئێوەش خۆتان حازر بکەن، بنووسن! کەس نەی نووسیوە. ئەمە چەند ساڵە؟! ئێستە ١٩٧٣یە؟

**ئەمیر:** بەڵێ حەفتاو سێیە!(!!)

**ت. وەهبیی:** یێك کەس ئیشی بۆ کەلیمەیێ نەکردووە[١٣٦]. لاکین من پێم گوتوون پێشنیاری من ئەمەیە: ئەمە بگۆڕن! مەسەل: (ئە) بکەن بە (دە)[١٣٧]،

=ئەگەرچیی حوکوومەتی عێراقی عارەب تا ساڵی ١٩٣٢ باوەڕی نەهێنا بە ڕەسمیی ناساندنی کورد، ئەوە گەلی کورد و ڕۆشنبیر و خوێندەوارەکانی هەمیشە نووسینی کوردییان پەیڕەو دەکرد.

جێگەی باسە شێوەی بە بە ـ سلێمانیی کە بەهەڵە (سۆرانیی) پێ دەبێژرێت، لەگەڵ هەڵ کەوتنی ڕادیۆی کوردیی بەغداد (١٩٣٩/١١/١٧) بەکاربرا و شێوەی بادینیش دوای ١٩٥٨/٧/١٤ هەڵ کەوت.

=بەڵگەیێکی ڕەسمیی ئەو دەزگەیە ـ لەبەر دەستمە ـ ڕای گەهاندووە؛ بۆیێکا ئەو شێوەیە بەکار برا، چونکە شێوەکە زمانی ڕەسمییە!

★ بۆ پتر تێ گەهیشتنی ئەو بابەتە بنۆڕە: ئەدەبی نامەنووسینی کوردیی ـ ج ١، ل ٢٦٠ و بەرەو دوا.

[١٣٥] مەڵبەندی یێکەم حوکوومەتی کوردستان لە سەدەی بیستدا.



مەسەل: (من) بکەن بە (ئەز) لە فیعلی ئەفعالی ((ئینترانسیتیڤ Intransitive))[١٣٨] ئیلا ئاخیریهی. پێشنیار بنێرە! نای نێرم. پێشنیارم زۆرە، نووسیومە، بۆیان نانێرم.

بۆ ئەوەی زمانەکان ـ شێوەکانی/k ـ یێك بگرن.. من وەهام دەزانیی ئەم کابرایێ[١٣٩]، تشتێکی وەهام پێ دەڵێت، دەڵێت: کەس هیچی نەکردووە، وەڵڵە فلان وەهای گوت، فیسار وەهای گوت[١٤٠]، ئەمە قسەی قۆڕە. ئەوە بۆ پارە وەرگرتنە. دەبێت پێ نیشانمان بدات چیی بکەین!

ئەوجا وەك تۆ ویستت، ئەو زمانە ئەدەبییەی ئەمڕۆ مەوجوودە، لەسەر زمانی ـ شێوەی/k ـ سلێمانیی بنیات کراوە. پێم گوتن؛ ئێوە ئەگەر تشتێکی چاك ببینن و لە زمانی ـ شێوەی سلێمانییدا نییە، تێی بخەن: ئەگەر هەیە نابیت خشتێکی ئەم بینایە لەجێگەی خۆیدا هەڵ بگرن، نابێت!

[١٣٦]- ئەمە بڕیارێکی پەلەو ڕەهایە و زانستانە نییە. لە کۆنەوە زاناکان، ئایین پەروەرەکان، شاعیرەکان، نووسەرەکان، هەریێکە لەلای خۆیەوە ڕەنجێکی داوە.

[١٣٧]- ئەم پێشنیازە تشتێکی نوێ نییە. دەست نووسە کۆنەکانی بەرهەمی شێوە زمانی کورمانجیی باکوور، شێوەی بە بە ـ سلێمانیی هەموو (دە) یان لەبریی (ئە) بەکار بردووە. تەنانەت ت. وەهبیی ـ لە ڕقی مامۆستا سەعید سدقی کابان کە ((دە))ی بەکار بردووە ـ لە نووسینەکانییدا (ئە)ی بەکاربرد و جاڕی بۆدا. گوتاری ناسراوی بە ناوی (ئەسڵی پیتە قاڵبی ((ئە))ی شێوەی سلێمانیی)★ بەڵگەیێکی زیندووە.

★ بنۆڕە: تۆفیق وەهبیی ـ گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، ب ١، ژ ١، ل ٩ ـ ٣٨، بەغداد ١٩٧٣؟.

[١٣٨]- Intransitve؛ کرداری تێ نەپەڕ (فعل لازم غیر متعدی).

[١٣٩]- نازانم مەبەست چ کەسێکە، بەڵام لە ئەوانەیشە مەبەستی کەسێکی ئەندامی کۆڕی زانیاری کورد بووبێ.

[١٤٠]- دیارە مەبەستی ئەو نووسەرانەیە کە بەشێوەیێکی ڕاپۆرت ئاسا (کوردناسە بیانەکان) یان ئاشنا کردووە وەك هێندێ ئەندامی کۆڕی زانیاریی کوردی ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابوردوو. هەڵبەت لە ڕووی زانستەوە، دەبوو ئەو نووسەرانە خۆیان بە ئەوکارەوە خەریك بکەن و خوێندەواری بێ ئاگەهی کورد شارەزا بکەن، بۆیێکا ئەز ئەو قسانەییم پێ ڕاست و پەسەند نییە.

**به ئەو تەعبیرە نابێت خشتێکی لە جێگەی خۆیدا هەڵ بگرن و فڕێی بدەن و خشتێکی دیکەی تێ بخەیت، نابێت!**

**ئەگەر نییەتیی ـ قسەکە تەواو ناکات/k ـ قەید ناکات.. مەسەلا، (خواهم رفت) ـ فارسییە/k ـ لە کوردیی ئێمەدا نییە[141]. ئەمە لە کوردیی شیمالدا ـ کورمانجیی باکوور/k ـ هەیە؛ (ئەز دێ بچم)، وەری بگرن، قەید ناکات، وەها نییە؟!**

**ئەمیر:** **هەروەك پیچەك[142].**

**ت. وەهبیی:** **ئەمە قەید ناکات. کوردیی سلێمانیی پڕە پڕ، لاکین کەلیمەی دیکەی تێ دەهاوون.**

**عەزیز ژیان: باشە مامۆستا..**

**ت. وەهبیی:** **(قسەکەی پێ دەبڕێت/k) هەر (د)ێی تێدا هەبێ فڕێیی دەدەن.**

**عەزیز ژیان:** **باشە مامۆستا چ عەوامیلێ باعیس بووە کە لە لەهجەی سلێمانیی تەوسیعە بکات ـ پەرەبستێنێ/k ـ ببێتە زمانی ستانداردی کوردیی[143]؟.**

**ت. وەهبیی:** **(بەجۆشەوە/k) بووە!**

**عەزیز ژیان:** **باشە، بە عەقیدەی جەنابت چ عەوامیلێ باعیسی بووە؟**

**ت. وەهبیی:** **(بە دەنگێکی زوڵاڵەوە/k) ئاه ه هە... ئەوەشم نووسیوە. عەوامیل ئەوەیە کە وەختێ، لە سلێمانییدا (مێجەرسۆن Soane)ێك پەیدا بووە، لە هیچ کوێیێکدا پەیدا نەبووە.. ساڵی ١٩١٩.**

**عەزیز ژیان:** **یەعنیی شەخسێ باعیس بووە؟**

**ت. وەهبیی:** **مێجەرسۆن soane لە ١٩١٩دا لە سلێمانییدا زمانی کوردیی تەشجیع کرد، بە زۆر، هەرچیی کوردێ کوردیی پەتیی بنووسیایێ، پارەی دەدایە.**

---

(141)- بۆچیی نییە؟ ئەدی نابێژرێ؛ (ئەز دەخوازم بڕۆم).

(142)- ئەم وشەیە کە مانای (هێندێ، کەمێ)ی هەیە، لە زمانی هۆڵەندەکاندا ـ لە گۆکردندا ـ بەشێوەی (بێچە)یە و لە نووسیندا ئەوها یە: Beetije

(143)- ستاندارد Standard؛ واتە: کۆڵەکە، پێشەنگ (لە ئێرەدا زمانی باو و بەکاربراوی گشت دەگرێتەوە) یا (زمانی باڵا دەست و ڕەسمیی).



**ئەمیر:** **مامۆستا مەبەستی میجەرسۆن Soane لە ئەم کارەیدا چ بوو؟**

**ت. وەهبیی:** **حاکمی سیاسیی بوو.**

**ئەمیر:** **بۆچ دەی ویست کوردیی پەرەبستێنێت؟**

**ت. وەهبیی:** **حەزی لێ دەکرد. خۆیشی وەهای دەزانیی لە ئەوێدا دەمێنێتەوە. (نەی دەویست لەگەڵ عێراق ببین. نەی دەویست)[144]. جەریدەیێکی هەبوو ناوی (پێشکەوتن) بوو[145]. چاپخانەی هەبوو. یێکێ لە عامیلەکان چاپخانە بوو. لە ((دیاربەکر))[146]دا چاپخانە هەبوو؟ نەبوو.**

**کە حوکوومەتی عێراق تەشەککولی کرد[147]، نووسیی[148]: (ئەم دەزگەو بەرەیە بۆ ئێوە نییە!)[149]. ئەوراقی بە نێو خەڵقی سلێمانییدا بڵاوکردەوە؛ (لام باشە، لام باش نییە!!)[150] دەیدایە هەموو کەسێك، چیت دەوێت بی نووسە! لە ئەوێدا**

---

(144)- بنۆڕە ئێرە و پەراوێزی: ٣٤.

(145)- پێشکەوتن ـ سلێمانیی (ڕۆژنامەیێکی حەوتەیی کوردیی، س١، ژ١، پێنجەمی ٢٩ی نیسان ١٩٢٠ س٣، ژ ١١٨، پێنجەممە ٢٧ی تەمووز ١٩٢٢ (مێجەر سۆن Soane دانەرو سەرنووسەری بوو تا ١ی مارت ١٩٢١، دواتر ـ وەك ناوی کەسی بەسەرەوە دیار نییە ـ کەوتووەتە بن دەسەڵاتی مێجەر گوڵد سمیت Gold Smithی فەرمانڕەوایی سیاسیی، بەڵام ئەو وەك سۆن کوردیی زان نەبووە، سکرتێرەکەی سۆن و خۆی؛ مستەفا مەزهەر نووسەری یێکەمی بووە)★

★ بنۆڕە: ئەدەبی نامەنووسینی کوردیی ـ ج١، ل ٥٤٧ ـ ٥٥٠.

(146)- دیاربەکر: ئامەد؛ باژێڕێکی ئاوەدانی کوردستانی باکوورە دەکەوێتە سەر لێواری چەپی ڕوباری دیجلە. لە ڕابوردوودا مەڵبەندی میرنشینەکانی کورد بووە تا لە ساڵی ١٥١٥دا تورکانی عوسمانیی داگیریان کرد. لە کۆنیشەوە مەڵبەندی کوردایێتییە.

(147)- لە ١١٩٢٠/٢٥دا پێکەمین حوکوومەتی دەمەکیی عێراقی عارەب هەڵ کەوت.

(148)- واتە سۆن Soane.

(149)- سۆن Soane لە ڕۆژنامەکەیدا کە هەواڵی دروست بوونی یێکەمین حوکوومەتی دەمەکیی عێراقی عارەبی نووسیوە، دوا ڕستەی هەواڵەکەی بە ئەم شێوەیە نووسیوە (ئەم دەزگە و بەر و حوکوومەتە دەخڵی بەسەر کوردستانەوە نییە).★

★ بنۆڕە: پێشکەوتن ـ سلێمانیی ـ س١، ژ ٢٩، پێنجەممە ١٩٢٠/١١/١١.

(150)- ئەم باسە ڕێکەوتی فەرمانڕەوایی سۆن Soane نییە و ئەو گەڕابووەوە وڵاتەکەی خۆی. ڕستەکەش بە ئەو شێوەیە نییە و ڕاستییێکە ئەمەیە کە لە ئەم هەواڵەدا هاتووە: (حەزرەتی

ئیمزای بکە؛ (لام باشە)، (لام باش نییە)، مەبەستی حوکوومەتی عێراقە، لەگەڵ عێراق بوون. (بە پێکەنینەوە/k) هەموو نووسییان؛ (لام باش نییە!!). ئەوجا سوئال بکە! عەوامیل ئەمەیە.

=مەندووبی سامیی ـ سێر پێرسی کۆکس*/k ـ ئەمری داوە کە میللەتی کوردیی لیوای سلێمانیی تێ بگەهێندرێ مەئزوونن و بە کەیفی خۆیان دەتوانن شەریکی ئەم ڕەئیی نواندنە ببن و هەرچی لە ئەو خوسووسەوە ((یەعنی لە خوسووسی شەریکیی ڕەئییی نواندن بوون یا نەبوون)) بە موناسیبی دەزانن، هیچ تەئسیر و دەخڵی نابێ بەسەر تەرێبات و ئینتزاماتی دوارۆژی حوکوومەتی ئەم لیوایە. وەها زاندراوە کە کاغەزی ڕەئیی ڕەسمیی لە پاش چەند ڕۆژی دیکەوە بگاتە سلێمانیی/ تەواو)**

* سێر پێرسی زاخریا کۆکس Sir Percy Z. Kocks (ژ: ١٨٦٤/٢٠:١٠ - م: ١٩٣٧/٣/٢٠)؛ ئەفسەر و دیپلۆماتێکی باڵای بریتانیا. ساڵی ١٩٠٢ ڕاوێژکاری دەوڵەتی عومان بووە. ساڵی ١٩١٣ لە ڕاهێڵەی کۆنگرەییێکی بریتانیی ـ عوسمانییدا نەخشەی بۆ جوداکردنەوەی ((کوێت)) لە دەوڵەتی عوسمانیی دانا. لە ئێرانیشدا چووە جێگەی سێر تشارلز مارلینج و ساڵی ١٩١٩ پەیمانی بریتانیی ـ فارسیی بەست و تا ساڵی ١٩٢٠ لە ((تاران))دا مایەوە. لە نێوان ١٩٢٠ ـ ١٩٢٣دا فەرمانڕەوای باڵای بریتانیا بوو لە عێراقدا.***

** بنۆڕە: پێشکەوتن ـ سلێمانیی؛ س ٢، ژ ٦٥، ١٩٢٠/٧/٢١.

*** بنۆڕە: ویکیپیدیا الموسوعة الحرة.

جێگەی باسە دوای هەواڵی باس کراو ـ وەك ڕۆژنامەکەی سلێمانیی هەواڵی نواندوە ـ بیروڕای خەڵکی سلێمانیی بەرامبەر هەڵ بژاردنی (فەیسەڵ) بە پاشا وەرگیراوە و باسیان بە ئەم جۆرە نووسراوە: ( بیست کەسێك لە ئەشڕافی شار تەشریفیان چووە ماڵی ـ گوڵد سمیث G. k/Smeth ـ حاکم. لە لایێنی حاکمەوە پرسیاریان لێ کرا؛ ئایا لیوای سلێمانیی بە مەلیکیێتیی ئەمیر فەیسەڵ ڕەئیی دەدەن یا نا؟ ئەمیر فەیسەڵ بۆ مەلیکیی عێراق بە باش دەزانن یا نا؟ لەلایێن کۆمەڵەکەوە جواب درایەوە: چونکە لیوای سلێمانیی جیاوازە لە حوکوومەتی عێراق، پێ ویست نییە ڕەئیی بدەن بۆ دانانی مەلیك. لەبەر دووریی لە ئێمەوە و کردەوە و چۆنییێتیی حەزرەتی ((ئەمیر فەیسەڵ))یش نەناسراوە، لەبەر ئەوە بۆمان نییە لە ئەم ڕووەوە بدەێین).****

**** بنۆڕە: پێشکەوتن ـ سلێمانیی؛ س٢، ژ ٦٦، پێنجشەممە ١٩٢١/٧/٢٨.



**عەزیز ژیان:** مامۆستا ئایا، لە چاوی مامۆستاییێکی زاناوە، تەنها یێك نەفەر دەتوانێت ببێت بە عامیلی تەوسیعی زمانێ؟ باوەڕ دەکەیت یێك نەفەر باعیس بووە ئەم زمانە لە سلێمانییدا پەرە بستێنێت، لە جێگەکانی دیکەدا نە؟

**ت. وەهبیی:** بەڵێ! ئەمە لە دنیادا هەر وەها بووە. ئەی تۆ بخوێنەوە؛ (سیبویە/ سێبەوێهـ)[151]، ئێستە مەشهوورە. فلان.. ناوەکانیان مەعلوومە ئەوانەی خزمەتیان کردووە. ئەمانە (تەقلید کراون)، تەقلید هەیە، دەبێت سیقەیان پێ بکرێت.

ئەمانە ـ مەبەست کوردەکانە/k ـ تەقلید ناکەن تشتی وەها خراپ دەکەن من لە ئێرەدا شێت بووم. منیان شێت کردووە. کەلیمەی وەها پیس، غەڵەت دەنووسن.. (زانکۆ) یەعیی چیی؟[152]

**عەزیز ژیان:** باشە مامۆستا بەر لە ئەوەی زمانی سلێمانیی ـ ڕاستتر شێوەی سلێمانیی/k ـ ببێتە زمانی ستاندارتی کوردیی، خۆ نووسیین هەبووە؟

**ت. وەهبیی:** پڕە لە شیعر، بۆت دەهێنم[153]!

(١٥١)- سێبەوێهـ؛ (ژ: ٧٦٠ز — -م: ٧٩٦ز). ئەوە ناسناوێتیی و ناوی خۆی ئەبو بەشەر عەمر و کوڕی عوسمان کوڕی قەنبەر ئەلبەسڕییە. ڕەگەزی ئێرانییە و لە باژێڕی ((بەیزا))دا کە نزیك بە باژێڕی ((شیرازە)) لەدایك بووە و هەر لە ئەوێشدا مردووە. شازدە ساڵان بووە هاتووەتە باژێڕی ((بەسڕە)) و لە ئەوێدا نەش و نمای کردووە، زانستی لە زانا بە ناوبانگەکانەوە، بە تایبەتیی لە خەلیل ئەحمەد ئەلفەراهیدییەوە وەرگرتووە.لە لای عارەب بە ئیمامی عارەبیی و پیری زمان ناسان ناسراوە.کتێبی (ئەلکیتاب)ی یێکەمین کتێبی ڕێزمانی عارەبیی بەرنامەدارە کە لە پێشیەوە هاوتای هەڵ نەکەوتووە.*

* بنۆڕە: ویکیپیدیا الموسوعة الحرة (لکی فارسیی و عارەبیی)

(١٥٢)- مەبەستی لە ناڕاستیی هەڵ کەوتنی وشەی (زانکۆ)یە کە لەگەڵ هەڵ کەوتنی دانیشتگە ـ Universityی سلێمانیی لە ساڵی ١٩٦٩دا کەوتە نێوانەوە.

ڕاستییێکەی هەتا ئەو هەلە، هەمیشە وشەی (دانیشتگە) بەکار برابوو، چ لە ڕۆژنامە نووسیی چاپ کراودا، چ لەسەر ڕادیۆدا.

(١٥٣)- بە ڕای لێ کۆڵەکانی ئەدەبی کورد، کۆنترین بەرهەمی شیعری نووسراو؛ یادگاری شاعیری بەناوبانگ بابا تاهیری هەمەدانییە (دەوروبەری ساڵی ١٠١٠) ژیاوە، کە شێوە زمانی ((لوڕیی))

**عەزیز ژیان:** چەند ساڵ بەر لە ئەوە؟

**ت. وەهبیی:** نای زانم. من شیعری کوردیی زۆر کۆنم لەلا هەیە بە حورووفی عارەبیی نووسراوە ـ ڕاستتر بە حورووف و ڕێنووسی عارەبیی/k ـ.

**عەزیز ژیان:** ئەوە لەسەر ئەساسی چ لەهجەیێ نووسراوە؟

**ت. وەهبیی:** (گۆران)[١٥٤] هەبووە. بۆم گێڕایتەوە، وەها نییە؟

---

=تێدا نواندووە. ئەوجا بە شێوەی ((گۆران)) یادگاری ئەبولقاسم ـ مەلا پەریشانە (ساڵی ١٣٩٨ زیندوو ووە) و دیوانی شیعری هەیە. ئەوجا یادگاری خانای قوبادیی خاوەند داستانی شیعریی (شیرین و خوسرەو) کە ساڵی ١٧٢٥ نووسیوییێتیی. ئەوجا چەندی دیکەی وەك شاعیر مەولەویی ـ مەعدووم (١٨٠٦ ـ ١٨٨٢).

بە شێوەی کورمانجیی باکووریش؛ جزیریی ـ بۆتانیی، یادگاری شاعیر و سۆفیی مەلای جزیریی (١٤٠٧ ـ ١٤٨١)، خاوەندی (دیوانی مەلای جزیریی). ئەوجا یادگاری شاعیری بەناوبانگ و نەتەوە پەروەر ئەحمەدی خانیی ٠١٦٥٠ ـ ١٧٠٦) خاوەندی داستانی شیعریی (مەم و زین).

بەشێوەی کورمانجیی باشوور ـ شێوەی بە بە یا سلێمانیی ـ مەنزوومەی (مەهدی نامە)ی مەلا محەممەد ئیبنولحاج، (تذکرة العوام/ تەزکیرە ئەلعەوام)ی مەلا محەمەدی سێوجیی (١٧٧٨) ژیاوە. ئەوجا هێندێ پارچە شیعری زانا و شاعیر مەلا عومەری زەنگەنە ـ ڕەنجووریی (١٧٥١ ـ ١٨٠٩؟) ژیاوە. ئەوجا کۆمەڵێ شاعیری دیکە، وەك بە ناوبانگ شاعیر خدری مەلا شاوێسی ـ نالیی ـ کە لە (١٧٩٧ ـ ١٨٧٣)دا ژیاوە و هتد..

کۆنترین پەخشانی کوردییش بە شێوەی کورمانجیی باکوور، (کتاب صرف لسان کردی/ کیتابی سەڕف لیسانی کوردیی) عەلیی تەرەماخییە کە لە ١٥٩١ بە دواوە هەڵ کەوتووە. ئەوجا (طُبا کردی ـ توببا کوردیی) مەلا مەحموود ناوێکە کە ساڵی (١٧٩٧ ـ ١٧٩٨) ڕوونووس کراوەتەوە.

کۆنترین پەخشانیش بە شێوەی کورمانجیی باشوور ـ شێوەی بەبە یا سلێمانیی ـ یادگاری مەلا خالیدی شارەزووریی ـ مەولانایە کە کۆنترین دەست نووسی (عەقیدەی ئیمان ـ عەقیدەی کوردیی/ لبّ العقائد ـ لوببەلعەقایید)ی لە ١٨١٩/٣/١دا نووسراوەتەوە و لەبەر دەستە.★

★ بۆ پتر بنۆڕە: ئەدەبی نامەنووسینی کوردیی ـ ج١/ ل ٢٤

هەروەها؛ عەقیدەی ئیمان ـ عەقیدەی کوردیی ـ ل ١٥٤

[١٥٤]- گۆران: ناوی هۆز و شێوەیێکی زمانی کوردە! زانا ڤ.. مینۆرسکی لە داندراوی خۆیدا بە ناوی ((گۆران))ەوە کە ساڵی ١٩٤٣ چاپی کردووە، دەبێژێت کە وشەی ((گۆران)) دەشیێ ڕیشەکەی یێکێ بێ لە ئەم دووە:



**ئەمیر:** بەڵێ.

**د. وەهبیی:** ئەو ژێری (زابی پچووك)[١٥٥] بۆ جەنووب، هەمووی (گۆران) بوو، چونکە (ئەردەڵان)[١٥٦]، حوکوومەتی ئەردەڵان، هەرە ـ حوکوومەتی/k ـ گەورەی کوردە.

---

=١- وشەی گابرال ـ لاییێنگیرەکانی زەرتەشت ـ گەوران ـ گۆران.

٢- ناوی هۆزی کەوبەرکان ـ گەروەکان ـ گورگان ـ گۆران. لێ کۆڵ فوئاد حەمە خورشید لە گوتاری خۆیدا. دابەش بوونی جوگرافیی شێوەکانی زمانی کوردو سنوور (شێوەی گۆران)ی کێشاوە و دەبێژێت: لە نێوچەی باکووری ڕێگەی نێوان هەردوو باژێڕی ((قەسری شیرین))، تا باشووری ((کرماشان)) و تا چیاکانی هۆرامان، لە سەرچاوەکانی خۆرئاوای ڕوباری ((سیروان))یشە وە تا خۆرهەڵاتی ((کرماشان))ە گۆرانەکان لە ئەم هەرێمەدا یێك بوونێکی خێڵەکییان هەیە و بەتاکە شێوە زمانێك قسە دەکەن کە ناوبراوە بە (شێوەی گۆران). تیرەکانی هۆرامان، ریجاب Rijab، "کاندوله" Kanduleی نزیك کرماشان، لکە ڕەسەنەکانی هۆزەکانی سنجابیی و گۆران و باجەڵانی هاوزمانن.

ئەم شێوە بەشی چوار لکی هەیە:

١- گۆرانی ڕەسەن.

٢- هۆرامانی.

٣- باجەڵانیی.

٤- زازایی.

بۆ پتر ناسیینی ئەم بابەتە، بنۆڕە: التوزيع الجغرافي للهجات اللغة الكوردية ـ فؤاد حەمە خورشید؛ مجلة الممع العلمي الكردي ـ مجلد ٣/ عدد ٢، بغداد ١٩٧٥.

[١٥٥]- زابی پچووك: لە ئێرەدا مەبەستی نێوچەکانی (گەرمیان)ە کە هەر لە ((پردێ)) ڕاوە دەکشێ تا دەگاتە ئەو پەڕی ((کفریی)).

[١٥٦]- ئاردەلان و ئاردەلانییێکان.. ئاردەلان؛ میرنشیینیی کورد بووە لە نێوان ساڵانی (١١٦٩ ـ ١٨٦٧)دا. سنوورەکەیشی نێوچەکانی ئێستەی کوردستانی خۆرهەڵات ـ ئێران و کوردستانی نێوەند ـ عێراقی گرتووەتەوە، هەر لە خانەقین و کفریی و کەرکووکەوە تا باژێڕی ((سنە)) کە پێتەخت بووە. پتریش ((شارەزوو)) پێتەختی کۆنی بووە.

ئەم میرنشینە لە سەردەمانێکی جودادا هاوپەیمانی سەفەوییێکان و عوسمانییێکان بووە، بەڵام قاجارەکان بە ڕابەریی ناسرەددین شا (١٨٤٨ ـ ١٨٩٦) لە ساڵی ١٨٦٧دا کۆتاییان بە دەسەڵاتی ئاردەلانییێکان هێنا.

حوكوومەتی ئەردەڵان (خان ئەحمەد خان)[157] بەغدادی گرت. مووسڵی گرت. ئۆردوو ـ لەشكر/k ـی (شا عەباس)ی[158] لەگەڵ بوو. لاكین عەشیرەتی ئەو ـ خان

=بنیات نەری ئەم میرنشیینە گەروە و توانایە (باوە ئاردەلان) بووە و بێژراویشە گۆیا ئاردەلانییێكان وەچەی سەلاحەددینی ئەیووبیی بوون.★ یێكێ لە میرە ئازاو تواناكانی میرنشیینی ئاردەلان خان ئەحمەد خان بووە★

★ بنۆڕە: ویكیپیدیا الموسوعة الحرة.

[157]- خان ئەحمەد خان: (ژ: ١٠٠٢ ك/١٤٢٨ ز- م: ١٠٤٦ ك/ ١٤٧٢ز). لە قەڵای حەسەن ئاوادا لە دایك بووە و بابی چاودێریی كردووە. دوایی شا عەباسی سەفەویی بانگی دەكات لە كۆشكیدا بژیی. ئەویش ڕووی كردە باژێڕی ((ئەسفەهان))ی پێتەخت و كۆشكی شا. هەنگی شا ((زەڕین كلاو))ی خوشكی خۆی لێ مارە كرد. هەروەها هانی دا لە بابی یاخیی ببێ و جێگەی بگرێتەوە. ئەویش بە گوێی كرد و ساڵی ١٠٢٥ ك/ ١٤٥١ ز فەرمانڕەوا بوو.ساڵی ١٠٣٨ ك/ ١٤٦٤ز كە شا عەباس مرد و شا سەفیی كوڕی جێگەی گرتەوە ـ فرەیش لە دەسەڵاتی خان ئەحمەد خان دەسڵەمییەوە ـ داوای لە خان ئەحمەد كرد لە قەڵای حەسەن ئاواوە بگواستێتەوە بۆ ((سنە))، بەڵام ئەو گوێی لێ نەگرت. هەنگی كە (سرخان)ی كوڕی لە كۆشكی شادا بوو، شا سەفیی فەرمانی دا چاوی هەڵبكۆڵن. كە خان ئەحمەد ئەو هەواڵەی پێ زانیی، شێواو تێك چوو. بەڵام وەزیرە داناكەی (ئیسماعیل بەگ)، خان ئەحمەد لە ماڵی خۆیدا دەست بەسەری كرد و ساڵێك كاروباری وڵاتەكەی ڕاپەڕاند تا خان ئەحمەد چاك بووەوە.

دوای چاك بوونەوەی بوو بە لایێنگری دەوڵەتی عوسمانیی، بەڵام نەی توانیی بەرهەڵستیی ئێران بكات. ناچار ڕووی كردە دەوڵەتی عوسمانیی و لە باژێڕی موسڵدا ژیا تا مرد و لە گۆڕستانی ((نەبی یوونس))دا نێژرا.★

★ بنۆڕە: ویكیپیدیا الموسوعة الحرة. هەروەها: داقوق ـ دقوقاً في التأریخ؛ محمد جمیل الروژبیانی ـ مجلة المجمع العلمي الكوردي، مجلد ١٠، س ١٩٨٣؛ ل ٤٣٠، ث ٣٧٩.

[158]- شا عەباس ـ شا عەباسی یێكەم: (ژ: ١١٥٧١/٢٧- م: ١٦٢٥/١/١٩). هەرە فەرمانڕەوای باڵادەستی خانەدانی سەفەوییێكان، ناسراویش بە عەباسی بزووگ ـ مەزن.

لە ساڵی ١٥٨١دا ببووە فەرمانڕەوای ((خوراسان)) و دوایی لە بابی یاخیی بوو ـ زیندانیشی كرد ـ لە قۆناخێكی وڵاتی فارسی شێواودا بوو بە شای ئێران. پێتەختەكەی لە ((قەزوین))ەوە ڕاگواستەوە بۆ باژێڕی ((مەشهەد)).شەڕی ئۆزبەكەكان، عوسمانییێكانی كرد. ساڵی ١٥٩٧ یێكەمیانی بەزاند، بەڵام بەشێكی وڵاتەكەی كەوتە بن دەسەڵاتی عوسمانییێكان.

شا عەبباس، وێڕای جەنگاوەریی، شارەزاییێكی توانابوو لە بازرگانیی، بیناسازیی، ئەدەبییاتدا.★



ئەحمەد خان/k ـ، قووەتی ئەو بوو، هەر ئەو ئەم ئیشانەی دەكرد. هەموو ئعتیماد لەسەر ئەو بوو.

تەبیعیی تۆ ئەگەر بچیتە سلێمانیی، جێگەیێك هەیە پێی دەڵێن: ((خورماڵ))[159]، زۆر جوانە. من تەوسیەم كرد ـ لەسەر خورماڵم نووسیوە، ئێستە دەچێت بۆ چاپخانە ـ كە لە ((خورماڵ))دا (میهرەكان ـ میهرەجان ـ میهرەگان)

=★ بنۆڕە: ویكیپیدیا الموسو عة الحرة.

[159]- خورماڵ: هەندێ نووسەر لە ڕیشەیان كۆڵیوەتەوە گۆیا (خورماڵ ـ خوڵمار ـ گوڵمار ـ گوڵ عەنبەر ـ گرماڵ ـ خڕماڵ)ە. یا (خور مار ـ خاكی مارە)★. بەڵگەیێكی دەست نووس بەسەر (قرآن)ێكی پیرۆزەوە هەیە كە وەچە لە دوای وەچەوە نووسیویانە. یێكەمیان باپیرە هەرە گەورەی هەمووانە و ساڵی ٢٥٨ ك ـ ١ی تەشرینی دووەمی ١١٣٣ زاینیی لە دەرەوەی شارەزوورەوە هاتووەتە نێوەوە و ساڵی ٥٤٠ ك ـ ٣٠ی نیسانی ١١٥٠ ز لە باژێڕی ((خورماڵ))ی ئێستەدا ئەم هەواڵانەی نووسیوە: باژێڕی ((خورماد)) ناوەكەی لە ئەوەوە هاتووە كە پاشایێ هەبووە ناوی ((ماد)) بووە. قەڵاییێكی سەختی دروست كردووە و ناوی ناوی ناوە (.خۆر)) كە كوڕی تاقانەی بووە.★

یاداشتی وەچەیێكی دیكەی ئەو كەسە (محەممەد مەنسوور) لە ٧٧٠ ك ـ ١٦ ئابی ١٣٦٧ز بە عارەبیی نووسیویێتی: ئیبراهیم حەسەن لە ساڵی ٥٣٠ ك ـ ١١ تەشرینی دووەمی ١١٣٥ز لە باژێڕی ((خۆرماد))دا ((عەنبەر))ی كیژە تاقانەی ((بەدر پاشا))ی خۆرمادی لێ مارە كراوەو خۆیشی بووە بە ڕاوێژكاری كاروباری ئایینی ئەو پاشا زادەیە. دوای مردنی پاشا ـ دەوروبەری ٥٥١ ك/١١٥٥ز ـ عەنبەر خاتووەن بووە بە شاژنی ((خورماد)) كە هەتا ساڵی ٥٦٤ ك ـ ٥ی تەشرینی دووەمی ١١٦٨ز. ژیاوە لە پاش مردنی شاژن ((بیلال))ی كوڕە گەرەی بووە بە پاشا)★★

بە ئەوپێیە ناوە هەر كۆنەكەی خورماڵ (خۆرماد) بووە و دوایی تا دوایین ڕۆژگاری فەرمانرەوایی عوسمانییێكان بووە بە قەزای (گوڵ عەنبەر) كە نێوچەكانی هۆرامان و شارەزووریشی گرتووەتەوە تا دواتر بووە بە ئاوایی ـ ناحیە ـ و هەڵەبجە بووە بە قەزا.

★ بنۆڕە: أصول أسماء المدن ـ ج ١، ل ١٦٢

★★ بنۆڕە: گۆڤاری كاروان ـ ژە، ١٩٨٦. هەولێر (محمود احمد محمد ـ حلقة مفقودة من تأریخ شهرزور أو مذكرات مجموعة علماء البلباس/ ئەڵقەیێكی ونی مێژووی شارەزوور یا یاداشتەكانی كۆمەڵێ زانای بڵباسیی - K).

بکەن. یەعنی (ڕۆژی میهر و مانگی میهر) و جەژنی کۆنی کوردە. چونکە (نەورۆز) لە هەموو لاییێکدا دەکریێت، فەقەت بۆ (میهرەکان) بچنە خورماڵ.

لە خورماڵ بە ئەولاوە ((ئەحمەد ئاوا))[١٦٠] هەیە. ئەو.. (**قسەیێ کراوە و ڕوون نابیستریێت، پێ دەچێ هەر باسەکە لەمەڕ ئەو شوێنە بێ**/k). بۆ ئەو شوێنە تەئریخی تورك ئەمە دەنووسیێت: (خان ئەحمەد خان قەسریێکی دروست کردووە و هێشتا قاتێکە و تەواو نەبووە کە خوسرە و پاشا)) وەزیری ئەعزەمی تورك هاتووە بۆ ((گولعەنبەر)) یەعنی خورماڵ، قەسرەکە تەواو نەبووە).

خان ئەحمەد خان مابوو، هێشتا لەگەڵ ئێرانییێکان بوو، پاشان ئێرانییێکان خیانەتیان لەگەڵ کرد، چووە لای تورکەکان، لە ((مووسڵ)) دامرد، لە ((نەبیی یوونس))دا[١٦١] دەفنیان کردووە.

**عەزیز ژیان:** (لە ڕووی ئەمیردا/k) کاکە ئەگەر تۆ سوئالی دیکەت لەلا هەیە، فەرموو.

**ت. وەهبیی:** فەرموو. (پێ دەچێ پرسیارێکی کردبێ و دەنگەکە تۆمار نەبووبێ. دوایی ت. وەهبیی هەڵ دەکەوێتەوە و قسە دەکات/k) پێم بڵێ ئەم مەلایانە، عارەبیی فێری ئەم منداڵانە دەکەن ـ وەها نییە؟ - بە چ زمانێ فێریان دەکەن؟

**عەزیز ژیان:** بە کوردیی.

**ت. وەهبیی:** باشە. بیستووتە مەلایێ، حەرفی ((جەڕ)) بکات بە کوردیی؟

---

[١٦٠]- ئەحمەد ئاوا: نها گوندێکە بە چیای ((سوورێن)) وە و سەر بە ئاوایی ((خورماڵ ـ خۆرماد))ە کە ٧ کم لێی و ٣٢ کم لە ((هەڵەبجە)) و ٩٠ کم لە سلێمانییەوە دوورە. ئاوی ڕوباری ((زەڵم)) لە ئەوێوە هەڵ دەقوڵێت و کارێکی کردووە ببێت بە هاوینە هەوارێك.

ئەحمەد ئاوا کە قەڵاییێکی کۆنی تێ دا هەیە، بە ناوی ((خان ئەحمەد خان))ەوە هەڵ کەوتووە. دەبێژرێ ئەو قەڵاکەی ئاوەدان کردووەتەوە، بەڵام بیروڕای ئەو تۆش هەیە گۆیا لە پێش هاتنی ئیسلامەوە هەر هەبووە.

[١٦١]- نەبیی یوونس: مەزاری پەیامبەر یوونس دەکەوێتە سەر ڕوباری فورات لە باژێڕی مووسڵدا. بێ لە خان ئەحمەد خان هەروەها مەزاری خالید پاشای بەبە لە ئەوێدایە!



**عەزیز ژیان:** نا.

**ت. وەهبیی:** ئەها! هیچیان نەکردووە[١٦٢]. هیچیان نەکردووە هەر عارەبییێکەیان بەکار هێناوە. وەزیفەیان ئەوە بوو لە پێش هەموو تشتێکدا ((موستەلەحەکان/ زاراوەکان ـ k))، ئەوانە بکەن بە کوردیی. ئەلحەمدولیللە (سطر)یان کردووە بە (دێر). چاوت لێ هەیە چۆنی دەدۆزمەوە؟ ماندوو دەبم، بەشوێن تشتێکی وەهادا، کەلیمەیێ، تا دەی دۆزمەوە ماندوو دەبم.

لای ئێوەش وەهایە (سەتر)یان کردووە بە (دێر). لە پێشدا ئەلحەمدولیللە (فەتحە)یان کردووە بە (سەر).

**عەزیز ژیان:** سەر و بۆر و ژێر.

**ت. وەهبیی:** ئا، ئەوەش. داکێشراویی (بە پێکەنینەوە/k) ئەو قسە قۆڕانە و تەواو[١٦٣].

**ئەمیر:** مامۆرستا ئەمن پرسیارێکی دیکەم هەیە.

**ت. وەهبیی:** فەرموو.

**ئەمیر:** لەشێوەی سلێمانییدا، لە نووسییندا، لە قسەکردنی سلێمانییدا ـ ڕاستتر سلێمانییێکاندا/k ـ لەگەڵ نووسیین بڕێك فەرق هەیە. مەسەلەن ئەوان بە (چەند) دەڵێن (چەن - ن)ئەوە چۆنە؟

**ت. وەهبیی:** ئا، ئەمە، لە ئێرەدا، یێکێکە لە پێشنیازەکانم. دەبێت (چەن - ن) فڕێ بدەن! دەبێت بنووسرێت (چەند).

مەسەلەن: (دەن - ن) دەبێت بنووسرێت (دەنگ).

**ئەمیر:** ئەمە تا ئێستە کەمێك وەهایان کرددوە، چۆن بووە وەهایان کرددوە؟

**ت. وەهبیی:** دەی نووسن، بەڵام بە (دەنگ) دەی خوێندنەوە.

**ئەمیر:** ئاخر چۆن بووە وەهایان نووسیوە؟ مەسەلەن وەختێکی لە سلێمانییدا دەست کرا بە نووسین و چاپ کردنی ڕۆژنامە و تشتی وەها، خۆ ئەوان نەیان

---

[١٦٢]- دیسان ئەمە ڕاییێکی ڕەهایە و پەسەند نییە. پێچەوانەی ئەوەش، مامۆستا مەلا سەعید سدقی کابان لە پێش ئەوەوە خەریکی ڕێنووسی کوردیی بووە.

[١٦٣]- ئەم قسەیە لە زانای گەورە ناوە شێنەوە.

دەگوت: (چەند)، دەیان گوت: (چەن - ن). چۆن تا ئێستە بە (چەند)یان نووسیوە؟

**ت. وەهبیی:** هەر بە (چەن- ن) نووسراوە، نازانم.

**ئەمیر:** (قسەی پێدەبڕێ/k/) عیللەتەکەی چییە؟ چۆن لەسلێمانییدا، لە قەدیمەوە (چەنگ)یان نووسیوە؟ تا ئێستە (چەند)یان نەنووسیوە[١٦٤]؟ یەعنیی لە

---

(١٦٤)- ئەز بە شێوەیێکی پێچەوانە بڕوام هەیە، چونکە ئەو وشانە کە بە شێوەی (هەنن ـ هەن ـ هەنێ، چەنن/ چەن) لە ساڵی ١٩٢٠ەوە لە ڕۆژنامەی (پێشکەوتن.. سلێمانسی)دا دەرکەوتوون، لە کۆندا، لە ئەدەبییاتی کوردی وڵاتی بەبەدا ـ بە پەخشان و شیعرەوە ـ هەرگیز ئەوها دەرنە کەوتوون، بەڵکە وەك (هێندێك) و (چەند) لە دەستنووس و شیعری شاعیراندا، لە ڕۆژنامە یێکەمەکاندا دیارن. بۆ وێنە:

١- هەرە کۆنترین دەست نووسی (لوببەلعقایید ـ عەقیدەی ئیمان ـ عەقیدەی کوردیی) زانای ناسراو مەلا خالید ـ مەولانا ـی شارە زووریی نەقشبەندیی کە لە ١٨١٩/٣/١دا نوسراوە و ئەوێ دەمێ خۆی سلێمانیی نشیین بووە، ئەوهای نووسیوە:

- هێندێکی ئیجاد کردنە و هێندێك باقیمانیشیان کوتووە.

- هێندێك ئەولییا لێ کەووتوون.

- هەرچەند ئەو وەجهانە لە حیساب نلیێن.

- وە چەند جار بە ئیشاراتێ مووسا پێغەمبەر بۆ کەم کردنیان چەوە بەرەو ژوور.★

★ عەقیدەی ئیمان ـ ل ١٥٦، ١٦٠,

٢- نالیی شاعیر (ژ: ١٨١٠ م: ١٨٧٣) دەبێژێت:

- هێندە دڵ خۆشە لەبەر سەبزی یو دار و دەوەنی

که دەڕەقسێ وەکو شاخ و خەنەن و نەسرەنی.★

★ دیوانی نالیی ـ ل ٦٦٨.

- هەر چەندە کە عومری ((خضر)) و جامی جەمت بوو

چونکە ئەمەلت زۆرە چ عومرێکی کەمت بوو.★★

★★ ئەنجوومەنی ئە دیبان ـ ل ١٢٤,

٣- سالمی شاعیر (ژ: ١٨٠٠ /: ١٨٦٦) دەبێژێت:

- میحنەت ئەوەندە زۆرە دڵم هێندە تەنگ بووە

دوودی هەناسەکەی سەحەرم هەوری گرتە بەر★

★ دیوانی نالیی ـ ل ١١٩.



---

=- بە تەحسیل مەتڵەبی چەندی بەڕێ دا

کە بگری دامەنی دارا نە دارا★★

★ دیوانی سالم ـ ل ٢٥,

٤- مستەفا بەگی کوردیی (ژ: ١٨١٢ م: ١٨٥١) دەبێژێت:

- من غەمم خوارد و غەمیش خوێنی جگەرمی خواردووە.

بۆیێ گریام چەند بە چەند فرمێسکی خوێنینم نەهات★

★ ئەنجوومەنی ئەدیبان ـ ل ٧٤

٥- عەبدولکەریم سلێمانیی (ژ: ١٨٨٠ م: ١٩٢٩/٩/١٨) خاوەند و ((سەرنووسەری گۆڤاری ڕۆژی کورد، لە ١٩١٣/٨/١٤ و گۆڤارێکی خۆیدا نووسیوێتیی:

- مەعلوومی هەمووکەسە کە کورد (چند = چەند) پیاوی عالیم، چند - چەند ـ شاعیر، چند ـ چەند ـ سیاسیی، چند ـ عابیدی هەیە.

- فەوائیدی ئەم جەمعییەتە (اوندە = ئەوەندە) زۆرە کە لە ژماردنی زبان عاجیزە.★

★ ڕۆژی کورد ـ ژ ٢، ١٥ شەعبان ٣٣١ ـ ١٩١٣/٨/١٤. گوتاری: عیبرەت، ل: ٢٢، دێر: ٨٦ و ١٧، ل: ٢٢، دێڕ: ٨ (ڕۆژی کورد ١٩١٣٩)

٦- سدقی ناوێ (؟) لە یێکەم ژمارەی گۆڤاری: بانگی کورد ـ ١٩١٤/٢/٨دا نووسیوییێتیی:

- ئەمڕۆ لە کوردستاندا لە هەر شارێکدا (چند = چەند) مەدرەسەیان بینا کردووە.. لە غەریب و غورەبا (چند = چەند) تەلەبەیێکیش لە ئەو مەدرەسانەدا خەریکی تەحسیلن★

★ بانگی کورد ـ ژ ١، ١٩١٤/٨. گوتاری تەرەققیی مەعاریف (چەند لا پەڕیێك لە مێژووی ڕۆژنامەوانیی کوردیی: ١٨٩٨ ـ ١٩١٨، ل ١٦٦)

٧- ڕۆژنامەی: تێ گەیشتنی ڕاستیی لە ٦٥ ژمارەیدا ـ بێ لە ژمارە: ٦٤ ـ لە نێو گوتار و تێ چێنیی و دیدار و هەواڵەکانییدا فرە جار (چەند) و (هەندیك)ی نووسیوە، بۆ وێنە:

- لە زەرفی (چند = چەند) ڕۆژێکدا لە خەڵقی عێراق، لە هەموو جێ پیاوی چاك و پاکیان هەڵ بژارد.

- بە (چند = چەند) پاسەوانی نیگەهدارییی دەکرێ.

- چند ـ چەند ـ مانگێ لەمەو پێش بۆ چراییێکی تەنەکە هەموو ئاواتیان دەخواست.★

تێ گەیشتنی ڕاستیی ـ ژ ١، ١٩١٨/١/١. گوتار: چاکەی حوکوومەتی بریتانیای موعەززەم بۆ عێراق، ل ١، دێر: ١٥، ل ١، دێر: ٢٤ ل ٣، دێڕ: ٣٣ (ڕۆژنامەی تێ گەیشتنی ڕاستیی: ١٩١٨ — ١٩١٩)

- (هند یکیان = هەندێکیان) بە قسەی خۆش و (هندیکیان = هەندێکیان) بە دەوامی حەرب بە خۆی ڕام دەکا.★

=★ تێ گەیشتنی ڕاستی ـ ژ ٧، ١٩١٨/١/٢٢. گوتار: بە قیپەی نوقمی لوید جۆرج. ل ١، دێڕ: ٢٦ ـ ٢٧.

- (هندیك = هەندێك) لە موئەرڕیخەکانی پێشووی عارەب و فورس و کورد لەسەر ئەمەن کە کورد لە قەومی عارەب موتەشەعیبە. (هندیکتریان = هەندێکی دیکەیان) دەڵێن لە قەومی فورس جوێ بووەتەوە.★

★ تێ گەیشتنی ڕاستی ـ ژ ١١، ١٩١٨/١/٥، گوتارە قەومی کورد، ل ١، دێڕ: ٧ ـ ٨

٨- تۆفیق وەهبیی، لە یێکەمین گوتاری کوردیی خۆی و لە ١٩٢٠/٥/١٣دا نووسیویێتی:

- لەگەڵ (هندی = هەندێ) توجاری بە حەمییەت مولاقاتم کرد.

- بەساڵێك (چند = چەند) نان بە فەقیرەکان ئەدات.★

★ پێشکەوتن ـ سلێمانیی؛ س١، ژ ٣، ١٩٢٠/٥/١٣. گوتار: موراجەعەت بە حەمییەتی میللییە، لە سلێمانییدا مەکتەبی سەناییع. ك، دێر: ٢، ٤.

کەواتە ـ بە ڕووالەت ـ دەردەکەوێ کە ئەو (دەنگانە) لە کۆنەوە لە ئەدەبییات و ڕۆژنامە نووسیی کورددا نەبووە و ـ وەك زووتر گوتم ـ لە پڕێکدا هەڵ کەوتووە. دەی ئەمە کەنگی و چۆن؟

بۆ وڵامێکی ڕاست و زانستانە دەبێژم کە ئەگەر - بە ڕووالەت ـ کوتوپڕ دەرکەوتبێ، ئەوە زۆر پێ دەچێ کە ڕیشەکەی لە سلێمانیی پێتەختی میرنشینی بەبەدا کۆنترە و مەڵامەتی خۆی هەیە و فرە دەگمەن لە (ئەدەبی نووسراو)ی ئەو ڕۆژگارەیشدا دەرکەوتووە.

بە پێی هوردبوونەوەییێکی چڕم لە کۆمەڵێ دەست نووسی ئایینی و ئەدەبییاتی کۆنی کورد، ئەوە (بە تەنها) لە دەست نووسێکی (عەقیدەی ئیمان ـ عەقیدەی کوردیی) داندراوی مەلا ـ مەولانا ـ خالیدی شارەزووریی نەقشبەندییدا کە ڕوونووس کراوێکی بێ مێژووە و تایبەتە بە جووتە برای زانا؛( مەلا محەمەدی مەزنازێ کە ساڵی ١٩٢٠ مردووە، مەلا مەحموودی مەزناوێ کە لە ـ تەمەنی نەوەد ساڵاندا ـ ساڵی ١٩٢١ مردووە)، ئەوە لە دەست نووسی باسی کراودا ئەگەر (چند = چەند) وەك خۆی نووسرابێ، ئەوە وشەی (هندیك = هەندێك) بە دوو شێوە؛ (هندیك = هەندێك) و (هندیك = هەنندێك) نووسراوە و یێکەمیان فرە جار دووبارە و دووەمیان تەنها (دووجار) هەڵ کەوتووە. بنۆڕە:

- (هندیکیان) واسیتەن لە بۆ (هندیك) لە خۆیان؛ ل ٤، دێڕ: ٩.

- (هندیکیان) فەزلیان هەیە بەسەر (هندیکیان)؛ ل ٥، دێڕ:٤.

- (هندیکیان) دەربەوان ـ دەرگەوان ـی جەهەننەمێن، ل ٤، دێڕ ١٣.

کەواتە؛ کۆنترین شێوەی هەڵ کەوتنی دەنگی (نّ = نن) لە ئەدەبی نووسراودا ئەوەیە کە بڕوا دەکەم ڕوونووسی دەست نووسەکە تەمەنی لە نێوان ١٨٠ ـ ١٩٠ شاڵدا بێ.



=ئەگەر کەسێ بش پرسێ؛ داخۆ نووسەری وشەی (هتدیکیان) بە هەڵە ( ّ شەددە ـ گیرە)ەکەی لەسەر دەنگ ـ تیپی (ن) داناوە، ئەوە دبێژم؛ دەست نووسەکە لەبەر دەستەوە دەتوانن دڵنیا بن.

ئەز ـ وەك تۆ ـ لە خۆمم پرسی؛ داخۆ مەڵامەتی هەڵ کەوتنی ئەم (شێوە دەنگە) چییە بەتایبەتیی لە یادگارێکی زانایێکی وەك مەلا خالید ـ مەولانا کە هەرە کۆنترین دەست نووسی ساڵی ١٨١٩، ئەم (شێوەیە)ی بەخۆیەوە نەدیتووە؟

پرسیارم ـ بە تەلەفۆن ـ لە پسپۆڕی زمان و فەرهەنگی فارسیی و کوردیی پڕۆفیسۆر محەمەد محەممەد نووری عارف کرد؛ (ئایا لە زمانی فارسییدا شێوەیێکی ئەوتۆ هەیە کە دوو تیپ ـ دەنگ، گۆڕدرابن بۆ دەنگێکی دیکە؟). لە وەڵامدا گوتی: دوو تیپ ـ دەنگی (ن، گ) وەك (سەرهەنگ)، (چەنگ)، (سەنگ)، (ڕەنگ) و هتد.. بە شێوەی (سەرهەنّ — نن) و هاوتای دیکەش هەروها گۆ دەکرێن.

کەواتە هەر وشەیێکی کوردیی کە کۆتاییێکەی هەردوو تیپ ـ دەنگی (ن، گ) بێ وەك (هەنگ، مانگ، ڕەنگ، پەنگ، دەنگ) و هتد.. بە سەرزاری خەڵکی سلێمانییەوە بووە بە (هەن ـ هەنن، مانّ ـ مانن، ڕەنّ ـ ڕەنن، پەنّ ـ پەنن، دەن ـ دەنن) و ئەمەیش مایەی زەبر و کاریگەریی زمانی فارسییە.

بەڵام ـ وەك لە پڕۆفیسۆری ناوبراوم پرسی ـ ئایا لە فارسییدا وەك کوردیی سلێمانیی وشەیێ کە بە تیپ ـ دەنگەکانی (ن، د) وەك (هێندێ)، (چەند) هەیە کە لە گۆکردندا ببنە (هەنّی ـ هەننێ، چەنّ ـ چەنن) و هتد..؟

وڵامیشی ئەوەبوو کە تشتی ئەوتۆ نییە، بەڵام وشەیێکی وەك (اندەك) دەکەن بە (اندّەك ـ ئەندەدەك، هەندەك)، واتە گیرە دەخەنە سەر دەنگ ـ تیپی (د)، بەڵام بەشێوەکەی پیتە ـ دەنگەکانی (ن، گ)ی لێ ناکەن و (اندّەك) نابێت بە (ئەننەك).

بە ئەو ڕۆشناییە زۆر پێ دەچێ لە لای کوردانی سلێمانیی بە لاسایی کردنەوەی (ن. گ) بۆ (هەنّ ـ هەنن) و هاوتای، (ن، د)یشیان بە هەمان دەردبردبێ و بۆیان چووبێتە سەر. بۆیێکا هەر یێکەم دەردوو (ئەنددەك) یان کردووە بە (ئەننەك) وەك دەبێژێ: (ئەننەك دۆننەك).

داخۆ بە چ دەسەڵاتی ئەم گۆڕینە لە زمانە ڕەسەنە کوردییێکەدا ڕووی داوە، بە ڕادەیێك ـ نەك هەر لەنێوخەڵکدا ـ لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەشدا ڕووی خۆی بنوێندێت؟

هورد بوونەوە، لێ کۆڵینەوەم لەمەڕ ژینی ڕۆشنبیریی سلێمانیی کۆن دەی سەلمێنێت کە ئەو باژێڕە، بگرە پێش هەڵ کەوتنی و تا سەرەتای سەدەی بیست ـ وەك کۆنە مەڵبەندی میرنشینی بەبە ـ مەڵبەندی زانست و زانایان و خوێندەواریی ئایین و لانەی ئەدەبییات بووە.دیاریشە — بەڵگەو دەست نووس فرەیە - مامۆستاکانی حوجرەکان، مزگەوتەکان، فێرگەکان، بە تایبەتیش



@kurdica

=كۆمەڵە زانایێكی بەناوبانگی وەك شێخ مارفی نۆدێیی بەرزنجەیی و مەلا ـ مەولانا خالیدی نەقشبەندیی و دەیانی دیكەیش، دەورێكی گەورە و گرنگیان لە ژینی ڕۆشنبیریی باژێڕەكەدا گێڕاوە.

ئەمانە، هەتا سەرەتای سەدەی بیست. پێوەندكراوی زمان و ڕێنووس و ئەدەبییاتی هەردوو میللەتی عارەب و فارس بوون، كوردییێكەی خۆیان تەنها بۆ شیعر بەكار دەبرد. خوێندن و نووسینی كوردییان پێ پەسەند نەبوو، چۆن داگیركەرانی كوردستان كوردییان قەدەغە كردبوو.

= بە ئەو ڕۆشناییە، ئەوانە بۆ خۆیان وەك دەسەڵاتی بوون و كاریان لە میشك و زمان و دەروونی خەڵكی نەخوێندەوار كردبوو، ئەمانە بوون (زەبری زمان و ڕۆشنبیریی غەیرە كورد) یان بڵاو كردووەتەوە، بە تایبەتیش زەبری زمانی فارسیی.

كەواتە بێ سڵەمینەوە، دڵنیا دەبێژم كە ئەم چینە، (ئەو شێوە دەنگانە) یان هێناوەتە ناو شێوەی ئاخاوتنی سلێمانیی نەك زەبری هێندێ شێوەوبێچوە شێوەو ئاخاوتنی هۆزێ ،عەشیرەتێ، وەك هێندێ نووسەر لاف لێ دەدەن.

كورتییێكەی ـ هەرچەندە قسەوباس فرەیە و ئێرە بەرگەی ناگرێت ـ گەورە ئاوی ڕژتووە و خەڵكی نەخوێندەوار و نەزان لاساییان كردوونەتەوە و پێی ڕاهاتوون تا تشتەكە بوو بە باو.

بەشە پرسیارێ كە مابێتەوە ئەوەیە، ئەگەر ئەوەی ڕابوورد ڕیشەی كۆنی هەڵ كەوتنی ئەو (دەنگانە) بێ، دەی لە ڕۆژنامە نووسیی كورددا لە كەنگیەوە و چۆن هەڵ كەوت و پەرەی سەند و بوو بە باوێكی دیاری سەر قاقەزی ڕۆژنامەئەدەبییات؟

بەپێی هوردبوونەوەم، یێكەمین وێنەی ئەو دەنگە؛ (چەنّ ـ چەنن)، ڕاست و ڕەوان لە تاكە گوتارێكی ڕۆژنامەی كوردیی (تێ گەیشتنی ڕاستیی)دا دەركەتووە، واتە لە هەر ((٦٥)) ژمارەكەیدا ا ـ بەتەنها لە ((ژ ١٦ و ١٧))دا وێنەی ئەو (دەنگە) و نووسینی وشەی (هێند) بە ئەم شێوە هەڵ كەوتوون:

١- (فابریقەی هێندە نییە كە ئەسبابی حەرەب و گولۆڵە و فیشەك بەقەدەر كیفایەت بگەیێنێ)★

★ تێ گەییشتنی ڕاستیی ـ ژ ١٦، ١٩١٨/٢/٢٣، گوتار: نوقمی عالیمێكی گەروەی كوردا بۆ ڕوئەسای عالیی قەدری كوردان، ل ١، دێر: ٣٣,

٢- (بۆچ لە خوێنی هیندە ئەرمەنیی تێر نەبوون؟)★

★ هەمان ژمارە، ل ٢، دێڕ: ٧٨

٣- (چین و چن ـ چەند ـ دەوڵەتی تریش داخڵی ئیتتیفاقی ئینگلیز بوون).★

★ هەمان ژمارە، ل ١، دێڕ: ٢٣,

٤- (هەموو ڕۆژێ چن ـ چەند ـ سەد كاغەزی قائیمەی بۆ خۆ بە ئاڵتوون دەگۆڕیی)★



=★ تێ گەییشتی ڕاستیی ـ ژ ١٧، ١٩١٨/٢/٢٦، گوتار: نوتقی عالیمێكی گەورەی كوردان، بەشی ٢؛ زوڵمی توركان لە بەغدا، لە ١، دێڕ: ٢٠,

٥- (حەیفە ئەمڕۆ بە دەس چن ـ چەند ـ توركێكی برسییەوە زەلیل بن)★.

★ هەمان ژمارە ـ ل ٢، دێڕ: ٧٦,

٦- (عەدوڵلە پاشای بابان چن ـ چەند ـ جار لەگەر ئێران شەڕی كرد)، (باز عەبدوڵلە پاشا چن ـ چند ـ دەفعە هەم لەگەڵ لەشكری عوسمانیی هەم لەگەڵ ئێرانیی شەڕی كرد). (زۆر دوور نەڕۆین چن ـ چەند ـ ساڵ لەمەوپێش هەمەوەند كە عەشرەتێكن لە كوردان زۆر دەفعە لەشكری تورك و عەجەمیان زەلیل كرد)★

★ هەمان ژمارە، لە ٢، دێڕەكانی: ٧٩، ٨٣، ٨٤.

دەركەوت كە یێكەمین ڕۆژنامەیێكی كوردیی وێنەی (دەنگە) داتاشراوانەی نێو شێوە ئاخاوتنی سلێمانیی نواند، ڕۆژنامەی لە تێ گەیشتنی ڕاستی)ی بووە، ئەوێ كە ئەفسەرێكی سیاسی یا ـ كوردناسێك ـ مێجەر سۆن Soane - سەرنووسەری بووە.

داخۆ دواتر ئەم شێوە دەنگە ـ نووسینە لە ڕۆژنامەنووسیی و چاپ كراوی دیكەدا چۆن و كەنگی نەش و نمای كرد و بەكار برا؟

لە نێوان ١٩١٨/١١/١٧ ـ ١٩١٩/٦/٢٣ یێكەم حوكوومەتی كوردستان ـ بەناو ـ جونووبیی دامەزرا. ئەو ماوەیە لە دەزگەی حوكمداری كوردستانەوە تا دادگەیش، نووسینیان بە كوردیی بوو، بە واتایێكی دیكە بۆ یێكەم جار زمانی كوردیی بوو بە زمانێكی ڕەسمیی.

بەڵام هەنگی و دواتریش تا هەڵ كەوتنی یێكەم ڕۆژنامەی سلێمانیی (پێشكەتنی ـ سلێمانیی، ١٩٢٠/٤/٢٩) باری( ڕۆشنبیریی كورد یی) یاكورتتر (باری نووسین وخوێندنەوەی كوردیی )چۆن بووە؟

ئەز ناخوازم لە خۆڕاوە قسە بكەم، چاكترە قسەی دوو نووسەری ساڵی ١٩٢٠ بگێڕمەوە كە زۆر جوان وەڵاممان دەدەنەوە.

كەسی یێكەم نووسیوییێتی: (تا ئەمڕۆ چونكە لە كیتابەت و موحەڕەراتی ڕەسمیی و غەیرە ڕەسمییەدا ڕاهاتووە، زیهنمان بە تەتبیقی قەواعیدی سەرف و نەحوو وە ئوسووڵی ئەو زمانانە فێربووە، لە تێ گەهیشتنی مەعنای حەقیقیی، بەعزێ تەعبیراتی كوردیی، ئینسان تەرەددود دەكا، زەریف تێی ناگا كە مەقسەد لە ئەم تەعبیرە چییە.

یا پێچەوانەی ئەمە: ئینسان تەعبیرێكی عارەبیی، توركیی. فارسیی بە كوردیی بنووسێ، هەر چۆنێكی بنووسێ هێشتا ئەمین نییە كە ئەوانەی دەیخوێندنەوە، بە تەواویی تێی دەگەن یا نە؟

=ئەمڕۆ هەرکەسێ هەوەسی دەهێنێ لە موحەڕەراتی ڕەسمییە و غەیری ڕەسمییەدا سەربەخۆ تەعبیراتی کوردیی ئیجاد کردووە. چونکە نە قامووسێکی کوردیی نە نەحوو و سەرفێکی کوردیی نەنووسراوە).★

★ پێشکەوتن ـ سلێمانیی: س ١، ژ ١٩، ١٩٢٠/١٠/٢ گوتار: (بۆ دائیرەی عەلییەی پێشکەوتن؛ م. ج. دەربەندی ڕانییە - ل١ ).

نووسەری دووەم کە لە گوتارێکی بێ ناونیشاندا ستایششی بەکاربردنی زمانی کوردیی دەکات و هێندێ پێشنیازی بۆ پێشکەوتنی نواندووە، پێشنیازێکی ئەوەیە؛ (بۆ جودا کردنەوەی قسەی ساغ و ناساغ وەك زمانەکانی دیکە ـ کوردیش ـ سەفەرێکی پێ دەوێت).★

★ هەمان ڕۆژنامە، س ١، ژ ١٠، ١٩٢٠/٧/١؛ گوترێکی ((بێ ناونیشان))ی قەرەداخیی مستەفا). ل ١.

کەواتە باریی خوێندەواری کورد، تەنانەت نووسین و خوێندنەوەی کوردیی هێندە تووش و ئاڵۆز بووە، کار گەهیشتووەتە ئەوەی، تازە بە تازە ڕۆژنامەکە گوتارێك دابنێت بۆ ئاشناکردنی (تیپ ـ حەرفی لە یێك چوو) لە کوردییدا.★

هەڵبەت مێجەر سۆن Soane ـ بێ ناوهێنانی خۆی ـ لە گوتارێکی خۆیدا لەمەڕ نووسینی کوردیی، ناهەقی نەبووە ببژێت؛ (دەتوانم بڵێم ٣ ساڵ لەمەوپێش ـ ئەوانەی ئەمڕۆ بە کوردیی دەنووسن ـ دوو دێڕیان بە تەواویی لە کوردیی نە دەنووسیی، پێشیان نەدەخوێندرایەوە).★★

★ هەمان ڕۆژنامە، ژ ٤٤، ٢/٢٤/ ١٩٢٠.

★★ هەمان ڕۆژنامە، ژ ٤٢، ٢/١٠/ ١٩٢١.

کەواتە لە بارێکی ئەوتۆ سەختدا، دیارە ئەو کەسانەی لە ڕۆژنامەکەی سۆن Soane ـ پێشکەوتن؛ سلێمانیی —دا دەیان نووسیی زۆربەیان یێکەمین جاریان بووە کوردیی بنووسن. دیاریشە وەك هەموو لە یێك ئاستی خوێندەواریدا نەبوون ـ بەپێی نەشارەزایی و دیسان خووگرتن ـ هێندێ جار (قسەی ساغ و ناساغیان لەیێك جوێ نەکردووەتەوە) و شێوەی ئاخاوتنی نێوخۆیان تێکەڵی ڕۆژنامە و نووسین کردووە.

بەپێی هوردبوونەوە و لێ کۆڵینەوەشم ـ هێشتا تەواونەبووە ـ ئەم ڕۆژنامەیە (پێشکەوتن ـ سلێمانیی) دیارترین ڕۆژنامەی کوردییە کە ئەو (دەنگە) داتاشراوانەی فرە نواندووە. ئەز بۆ نموونە هێندێکیان وەردەگرم.

١- بۆ وشەی (چەند) بە چوار شێوە دەرکەوتووە:

- چند (چەند). (پێشکەوتن ـ سلێمانیی؛ ژ ٣، ١٩٢٠/٥/٣، ل ٢)

- چن (چەند). ـ پێشکەوتن ـ سلێمانیی، ژ ١، ١٩٢٠/٤/٢٩، ل ١)

- چنێ (چەند) (پێشکەوتن ـ سلێمانیی، ژ ٢٠، ١٩٢٠/٩/٩، ل ٢)



=- چننی (چەندێ) (پێشکەوتن ـ سلێمانی، ژ ٩، ١٩٢٠/٦/٢٤، ل ١)

٢- بۆ وشەی (هەندێ) بە پێنج شێوە دەرکەوتووە:

- هندێ (هەندێ)؛ هەمان ڕۆژنامە، ژ ٢، ل ٢.

- هندیکی (هەندێکی)؛ هەمان ڕۆژنامە، ژ ٢، ل ٢.

- هیندە (هێندە)؛ هەمان ڕۆژنامە، ژ ٢، ل ٢.

- هنی (هەنێ)، هەمان ڕۆژنامە؛ ژ ٢، ل ١.

لە لاییێکی دیکەوە، بۆ وشەی (ئەمەندە ـ ئەوەندە) کە فرە جار لە ڕۆژنامەدا دەرکەوتووە، لە پڕێکدا، بە دەم دەنگێکی ناسازەوە، لە (ژ ٧، ١٩٢٠/٦/١٠ ـ ل ٤)، ٠ژ ٩، ٦/٢٤/ ١٩٢٠ ـ ل ٢)دا بەشێوەی (امنگە = ئەمەنگە) دەرکەوتووە کە ئەمە یێك دەنگێکی ئەوها ناساز و داتاشراوی ئاخاوتنی خەڵکیی بکەوێتە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامە.

ئەز وەك باسەکان لەیێك دەدەم، باوەڕم بەهێزە ببێژم کە نووسەرەکانی ئەو ڕۆژنامەیە، بە هەوای خۆیان، بەپێی تواناو زانستی خۆیان نووسیویانە و ڕۆژنامەکەش وەك پەرۆشی بڵاوکردنەوەی کوردیی بووە، نە پەرژاوەتە سەر بژارکردنی تەواوەتیی نووسراوەکان و سەپاندنی دەستووری زمان، یا ڕێنووسێکی یێك گرتوو. بەڵام داخۆ ئەوانە چ کەسانێ بوو کە ئەو دەنگە ناسازانەیان بەکار بردووە؟

ڕاستییێکەی هێندەی هورد بوومەتەوە، کەسانی مامۆستای ئایین، مامۆستای قوتابخانە، هێندێ کۆنە ئەفسەری عوسمانیی، کەمتر و بەدەگمەن ئەو دەنگە ناسازانەیان بەکار بردووە و کەسانی نیمچە خوێندەوار پتر لێیان وەشاوەتەوە. بەڵام مایەی سەر سڕمان ئەوەیە کە مێجەر سۆن Soane (پتر لە هەر کەسێ ئەو دەنگە ناسازانەی بەکار بردووە) چ لە گوتاری ئیمزاکراو و نەکراویدا، یا بە ناوی (پێشکەوتن)ەوە، چ لە هێندێ هەواڵی داڕێژراوی خۆی و بێ ئیمزایدا، چ لە وەرگێڕاندنی هێندێ بابەتی مێژوودا وەك؛ (سلێمانیی سەد ساڵ لە مەوپێش/ گەشتەکەی ١٩٢٠ی گەشتوان کلۆدیۆس جەیمس ریچ) و (نەسەب و ڕەووشتی کوردان/ چەند بەشێکی شەڕەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسییە).

بۆ نموونەش ئەوهەی نووسیوە:

- هەر (چند = چەند) خەریکی دایکەکەی دەبێت، ڕێگای نادا کە ئەوشەو لەوێ بمێنێتەوە.

- پیاوێك (چن = چەن) هەزار ماڵی سووتانن گەیاندووە و (چن = چەن) هەزار خان و مانی کوژانووەتەوە.★

★ پێشکەوتن ـ سلێمانیی، س، ژ ٤، ١٩٢٠/٥/٢٠ (گۆڤار: تەمەع و چاوبرسیی، ل ١ ـ ٢)

- عیزەت ئەفەندیی مودیری سەنگاو (چنێ = چەنن) مانگ لەمەوپێش بەرەڵا بوو.★

- خاوەندی (چنێ = چەنن) زەوی و زار و موڵکە.★★

=- هەر (چننی = چەننێ) کە لە دەستت یەت.★★★

★ هەمان ڕۆژنامە؛ س ١، ژ ٢٠، ١٩٢٠/٩/٩، هەواڵ (عیززەت ئەفەندیی مودیری سەنگاو، ل ٢).

★★ هەمان ڕۆژنامە، س ١، ژ ٢٤، ١٩٢٠/١٠/٧، (سەد ساڵ لەمەوپێش، ل ١).

★★★ هەمان ڕۆژنامە؛ س ١، ژ ٩، ١٩٢٠/٦/٢٤، سەرگوتاری بێ تیمزا (زیافەت، ل ١).

- (هندیك = هەندێك) کەل و پەل و شتومەکیان لێ دەسێنن. (هندێك = هەندێك) بزن و کار و مانگا و گوێرەکە...★

★ هەمان ڕۆژنامە؛ س ١، ژ ١، ١٩٢٠/٤/٢٩، هەواڵ (جەردەیی وا دەبێ، ل ٢).

- (هنی = هەنێ) قسەی بێ جێ و فەسادی لەگەڵ کردبوو.★

- لە زستاندا (هنی = هەنێ) ساڵ زۆر سارددەبێ.★★

- (هننی = هەننێ) کەس لێی ئەدوێم.★★★

- پەلاماری ناو قەڵاکە دەدەن (هنیك = هەنێك) لە «دنبلی» بەڵێ دانی تیخ دەخەنە سەرزەویی و (هنیکیان) بە تیری زەهراویی دەمار دەردەهێنن.★★★★

- (هنیکیانی = هەنێیانی) کوشت و (هنیکیانی = هەندێکیانی) دڵخۆشیی دایەوە و دای مرکانن.★★★★★

★ هەمان ڕۆژنامە: س ١، ژ ٢٠، ١٩٢٠/٩/٩ (عیززەت ئەفەندیی مودیری سەنگاو، ل ٢).

★★ = = ، س ١، ژ ١٠١٩٢٠/٧/٢٤ (سەد ساڵ لەمەوپێش، ل ١).

★★★ = = ؛ س ١، ژ ٢، ١٩٢٠/٥/٦ (بەرتیل و دیاریی/ م...، ل ١).

★★★★ = = ؛ س ١، ژ ٢٩، ١٩٢٠/١١/١١ (ڕەووشتی کوردان، لە ٤)

★★★★★ = ، س ١، ٣٦، ١٩٢٠/١٢/٣٠ (ڕەووشتی کوردان، ل ٣)

کەواتە ئۆباڵی فرە بەکار بردنی ئەو دەنگە ـ تیپە ناسازانە لە ئەو ڕۆژنامەیەدا، لە ئەستۆی نووسەرەکاندا و بە تایبەتیی لە ئەستۆی مێجەر سۆن Soaneی سەرنووسەری ڕۆژنامەکە دایە.

ئەز چەند هوردەبمەوە، دەپرسم داخۆ بۆچی سۆن Soane ێکی زیرەك ئەم ڕەفتارەی نواندووە؟ وەڵامێکی ڕاستم چنگ ناکەوێت.. نازانم مەڵامەتەکە ئەوەیە؛ بنچینەی کوردیی فێربوونی ناتەواوە و لەسەر دەستی زاناکاندا نەی خوێندووە و لە گەشت و گێڵەکانی و لە خەڵکەوە ـ بە تایبەتیی ساڵانی ١٩٠٧ و ١٩٠٨ لە سلێمانیی و هەڵەبجەدا ـ فێری کوردیی =بووە؟!
یا ئەوەیە وەك کەسێکی خۆرئاوایی ئەو (شێوە ئاخاوتنەی سلێمانیی) سەرنجی ڕاکێشاوە و ئەمیش پێی خۆش بووە بی نوێندێت!؟

ڕاستییێکەی ـ وێڕای کوردیی زانیینی و دانانی چەند بابەتێ لەمەڕ زمانی کوردیی ـ سۆن Soane لەلای من شارەزای مێژووی زمان و ئەدەبییاتی کورد و بەتایبەتیی یادگار و دەست نووسی کۆن نەبووە، بە ڕادەیێك لە هیچ داندراوێکیدا ئاماژەی بۆ دەست نووسێکی کۆنی



=کوردیی نەکردووە. بۆیێکا باوەڕم هەیە کە مەلامەتی بایێخ دانی و بڵاوکردنەوەی ئەو (دەنگ)ە ناسازانە، ئەنجامی ئەو نەشارەزاییێتی.

هەر چۆنێ بێ، بەشێوەیێکی گشتگیر، مەڵامەتی گەروەی هەڵ کەوتن و بڵاوبوونەوەی ئەو (دەنگ)ە ناسازانە، هەروەها هەر گۆڕینێ، هەر چەوتییێ لە بەکاربردن و نووسینی کوردییدا ئەوەیە کە:

لە هیچ ڕۆژگارێکی ژینی میللەتی کوردی پاش ئیسلام و تا ساڵی ١٩٢٠ هەرگیز زمانی کوردیی، زمانێکی ڕەسمیی و مۆڵەتی خوێندن و نووسینی نەبووە.

تا ساڵانی ١٩٢١ ـ ١٩٢٩ هەرگیز ڕێزمانێکی کوردیی، فەرهەنگێکی کوردیی، ڕێنووسێکی تەواوی کوردیی نەبووە. هەمیشە پشت بەستراوە بە ڕێزمان و ڕێنووسی عارەبیی و فارسیی - ئەدەبی گەل و شێوەکانی چڕتر و کارێگەرتر لەپێش ئەدەبی نووسراوەوە هەڵ کەوتووە، بۆیێکا لەنێو شێوەکانی زمانی کورددا، باری هەڵ کەوتنی شێوەی نێوخۆییشی ئاسان کردووە، بە ڕادەیێك تا نها هێندێ دەنگ گۆ ناکرێن یا گۆڕدراون، یا هێندێ وشە پێچەوانەو خراپ بەکار دەبرین، بۆ وێنە؛ (دە)ی سەرکرداریان کردووە بە (ئە)، دەنگەکانی (ع، ح) پێچەوانە دەگۆڕن وەك بە (عەلیی) دەبێژن (حەلیی) و بە (ئەحمەد) دەبێژن (ئەعمەد). یا (دا)ی پاشگر، (دا)ی کرداریان گۆڕیوە بۆ (یا) وەك دەبێژن (تیایا) لە بریی (تێیدا) (قەولی یا) لە بریی (قەولی دا) و هتد..یا دەنگی ئەوتۆش هەیە ـ وەك دالی پێشوو ـ کە گۆی ناکەن. بۆ نموونە دەبێژێت : (لێی بە) لە بریی (لێی بدە)، یا دەنگی (ب) گۆ ناکات و دەبێژێت (دایگرە) لە بریی ببێژێت (دای بگرە). یا دەبێژێ (باوەڕکە) لە بریی ببێژێ؛ (باوەڕبکە). هەروەها دەنگی (ك)یش هێندی جار گۆ ناکرێ وەك دەبێژن؛ (چاتر) لە بریی (چاکتر)، یا دەنگەکانی (د + ی) گۆناکەن وەك دەبێژرێ (کە) لە بریی (دیکە) لە وشەی (پیاوێکی کە) کە لە ئەوە خراپتر نەزانانە دەی گۆڕن بە (پیاوێکی تر)، واتە؛ (دیکە) کەی جارێك کرد بە (کە) و جارێکی دیکە بە (تر) و هتد...

کورتییێکەی قسە و باسەکانم ئەوەیە؛ دڵنیا دەبێژم کە هەرە گەورەترین مەڵامەتی ئەم دیاردەیە؛ هەڵ کەوتنی شێوە ئاخاوتنی نێوخۆیی؛ (نەبوونی خوێندەواریی و نووسینی کوردیی بووە) و پێچەوانەیشی ئەوەتە لە ئەم ڕۆژگارەدا، بەهۆی گوڕی پێشکەوتنی ژین و ماریفەت و خوێندەوارییەوە، ئەو (دەنگە ناسازانە) لە نووسینی کوردیدا پاکۆ بوون و کەس توخونیان ناکەوێت مەگەر کەسێکی نەشارەزا، یا هەندێ کەس کە مەبەستیانە مەتن ـ تێکستێکی کۆن بۆ بەراوورد بەکار ببەن.

دوا جار، ئەز ـ وەك لە پەراوێزی ئاییندەدا تاریفی شێوەی ئەدەبی نووسراو شێوەی ئاخاوتنی نێو خۆییم کردووە ـ پێ ویستی دەبینم بیری خوێندەواران ڕۆشنتر بکەمەوە و سێ

=وێنەی (شێوەی زمانی کوردیی) وڵاتی بەبە ـ سلێمانییان پێ نیشان بدەمەوە کە چەند هورد ببنەوە، فرە مانای تێ دەگەهن:

١- کەرتێ پەخشانی ئەدەبی نووسراو (عەقیدەی ئیمان ـ داندراوی مەلا ـ مەولانا ـ خالیدی شارەزووریی نەقشبەندیی، دەست نووسی ١٨١٩/٣/١)؛

(... تەفسیل ئەمەتە بە یەقین بزانیی عەزابی قەبرێ بۆ کافر و بەدکاران وە ڕاحەتی قەبر بۆ موسڵمان و ساڵیحان دەبێ. کە مردوو زیندوو دەکەنەوە، لە قەبریدا ڕۆی دەنێن و مونکیر و نەکیر دێن و لێی دەپرسن کە خودای تۆ وە پێغەمبەری تۆ کێیە؟)★

٢- کەرتێ پەخشانی ئەدەبی میللیی ـ گەل (داستانی میهر و وەفا ـ داندراویی عەلی بەردەشانیی، بێژراو بۆ ئەوڕەحمان پاشای بەبە کە ساڵی ١٨١٣ مردووە)؛

(... ناز خواجە سەرایێکی نارد کە پێی بڵێ ـ خدری عاشقی/k ـ خاتر جەم بێ، بەخواهیشت بابم نای داتێ. بێ هەڵم گرێ و بم با. هاتن خەبەریان بە خدر دا. جا دەست بەجێ خدر سوار بوو. کورتی بڕێتەوە، هات پێشی پێ گرتن. بێخسیری کرد. یازدە ژن و کچی دەگەڵ بوو. کوتی: مامم هەچ خەڵەتێکی دەکا و بکا!

ئەگەر خەبەر بۆ مامی چووە، وەك تیخی دەکاڵاندا ڕانەدەوەستا)★★

٣- هێندێ ئاخاوتنی شێوەی بەبە ـ سلێمانیی (ئاخاوتنی میری بەبەی لێ خراو؛ ئەحمەد پاشای ئەوڕەحمان پاشای بەبە، ساڵانی ١٨٥٣ ـ ١٨٥٤ لە پاریسدا میوانی شاعیر و زاناو دیپلۆماتی پۆڵۆنیی؛ ئالێکساندەر خۆدزکۆ ((١٨٠٦ ـ ١٨٩١)) بووە، ئەم نموونە قسانەی گێڕاوەتەوە:★★★

- کەیفت خۆشە؟ خودا خۆشت بکا. نەختێك سەرم دەچێ، هەرامەتمە. (هەڵامەتمە/k)

- کوێیە دەچیی؟ ئەکوێیە دێی؛ دەچمە ماڵەوە، نەختەك دەرمان دەخۆم. بەعەقڵ سەرمام بووە.

- لە بازاڕەوە هاتم. کاروان هات. زۆر کوتاری (کوتاڵێ/k) هێناوە. ماڵی عەجەم و ماڵی فەڕەن (فەڕەنگ/k). دوکانی پڕن لە چشتی چاك و جوان.

- قاتیل زامن بدا کە هەموو سارەك (ساڵەك/k) سەت قووڕش بدا تا خوێنەکەی تەواو دەبێ. منیش دەست لە حەققی خۆم هەڵ دەگرم.

- لە هەموو لاوە دووام دەکەون. یێك بە یێك دەرێن (دەڵێن/k) و یێك بانگ دەکەن؛ (نامەرت - نامەرد/k ـ خەڵاسی نەکەی!)، تفەنگ نەهاوێژن، قەباڵق زۆرە.

- لە کەیف خۆشییان حارم (حاڵم/k) نەبوو.

★ عەقیدەی ئیمان ـ عەقیدەی کوردیی، لوببە لعەقایید ـ ل ١٦٣.

★★ مهر و وفا ـ ل ١٥٦.

★★★ چەند لێ کۆڵینەوەیێکی فیلۆلۆژیی زمانی کوردیی ـ ل ١١٧، ١١٨، ١٢٣، ١٢٥، ١٢٧.



واقیعدا نووسینەکەی وەك نووسینی هیی موکریانە، نەك وەك هیی سلێمانیی. چۆنە؟

ت. وەهبیی: لەهجەی محەللییە. محەللییە[١٦٥]. لای ئێمە ((دال)) قوڕی بە سەریدا دەکرێ، قوڕ! ئەوەتە لە ئەم مەقالەیەدا زۆر تشتی تێدا هەیە. ئەوە ((دال))ی کلۆری پێ دەڵێن.

---

[١٦٥] لەهجەی محەللیی ـ شێوە ئاخاوتنی نێوخۆیی، ئەوە دەهێنێت هێندێ هورد ڕوونی بکەمەوە.

سەرەتا دەبێژم؛ زمانە زیندووەکان، بە زمانی کوردییشەوە، زمانی ئەدەبیی ـ ڕەسمیی، شێوە زمان، شێوە ئاخاوتنی نێوخۆییان هەیە. تەنانەت هێندێ چین و کۆمەڵ شێوە ئاخاوتنی تایبەتیان هەیە وەك سەنعەتکارەکانی ڕاگواستن، کارمەندەکانی زانستی پزیشکیی و کیمیاگەریی، سەنعەتکارەکانی دەنگ و سازەکانی مووسیقە.. سەنعەتکارانی فیتەریی و هتد...

زمانی ئەدەبیی ـ ڕەسمیی چییە؛

ئەم زمانە زمانێکی هورد و هێوورە. دەنگەکانی پێزی ئاوازیان هورد و جوان دەپارێزن و تەواو چەسپە بە دەستووری زمانەوە. بە واتایێکی دیکە، ئەم زمانە زمانە ڕەسەنەکەی نەتەوەیە، زۆربەی خەڵکیی قسەی پێ دەکەن و پێی دەنووسن، بەرهەمی لەچاو شێوەکانی خۆیدا فرەیە و نووسراو و بڵاوە. بۆ مێژوو چووەنە سەر قاقەز، هەتا هەتایە پەیڕەو دەکرێت و وەك ئاڵاییێکی بەرزی ناس نامەی نەتەوە تەماشا دەکرێت. دەشێ دەوڵەمەند بێت و پێشتر بکەوێت، بەڵام ناشێت لەنێو بچێت. لەبەر تواناو هێز و بەرهەمی، دەوڵەت یا حوکوومەت ناچارە باوەڕی پێ بکات و وەك زمانی نووسینی کارگێڕی پەسەندی بکات.

شێوە ئاخاوتنی نێوخۆیی چییە؟

بێچووی زمانە ڕەسەنەکەیە. لە سنووری شوێنێك، کۆمەڵێکدا هەڵ دەکەوێت. پەلەیە، دەربەستی هورد نواندنی دەنگەکان، پاراستی ئاوازە یان نییە. کەمتر هۆگری دەستوورە، پتر پەرۆشی خولڤاندنی لە یێك تێگەهیشتنێکی خێرا و ئاسانە. دەربەستی مێژوو، شەیدای قاقەز نییە. کورتییێکەی شێوە زمانی ئاخاوتنی نێو ماڵ و بازاڕ و زمانی خەڵکە.

دەشێ لە هەر ڕۆژگارێکدا گۆڕینی تووش بێ، تەنانەت ـ بە زەبری هێز و پەرەسەندنی زمانە ڕەسەنەکە ـ دەشێ بپووکێتەوە، بەرە بەر پاکۆ بێت.

شێوە ئاخاوتنی نێوخۆییش نەك ڕۆژگارێ هەر لەلای کورد چووەتە سەر قاقەز، بەڵکە تا ئێستاش شێوە ئاخاوتنی هێندێ وڵاتی عارەب لە ڕۆژنامەنووسیی چاپ کراو و بیستراو و دیتراودا دەنگیان دهێت، لە هەڵێکدا زمانی عارەب یێکە و زمانی (قرآن) کۆڵەکەیێتی.

(به) لای ئێوه ئەوه نییه، ئێوه دەڵێن: (بده).

**ئەمیر:** بەڵێ وەهایه.

**ت. وەهبیی:** ئەه. ئەم ((دال))ه قوڕی بەسەر زمانی کوردییدا کردووه. گوتم ناوم ناوه ((جۆکەر)) و دەبێت ئەم جۆکەره دەربکەن.

**ئەمیر:** باشه تا ئێسته کەمێك وەهایان کردووه. له (گەلاوێژ) دا کەمێك وەهایان کردووه. چۆن بووه وەهایان کردووه؟

**ت: وەهبیی:** هیچیان نەکردووه. حەرفیان نەبووه.

**ئەمیر:** حەرفیان نەبووه که وەهایان نووسیوه؟

**ت. وەهبیی:** ئەو حەرفەی که من دام نابوو. ئا له ئەوێدا ـ له گوتاره باسکراوەکانیدا/k ـ دەی بینیت. له ئەوێدا پێ نیشانم داوه که (چەن) چۆن دەنووسرێت. گوتم: فڕێی بدەن! (واته "چەن ن" فڕێ بدرێ/k).

=کەواته هەبوونی شێوه ئاخاوتنی سلێمانیی، هەولێریی و هاوتایان چ سەرسامییی پێ ناوێت.

جێگەی باسه، چۆن ت. وەهبیی (له ئەم گوتوبێژه)ی خۆیدا، (یێکجار شێوەی ئاخاوتنی خەڵکی سلێمانیی بەکار بردووه) ئەزیش ساڵی ١٩٧٤ که کۆمەڵه کورته چیرۆکێکم به ناوی (بژی مرۆڤ)ەوه چاپ و بڵاوکردەوه، وێڕای بەکار بردنی زمانی ئەدەبیی باو، کەسەکانی چیرۆکەکانم بەشێوه ئاخاوتنی سلێمانیی هێنابووه زمان که ئەو کارەم بەلای هێندی ئاشنامەوه مایەی سەر سڕمان بوو، نەیان دەزانیی که ئەز به ئانقەست ئەو کارەم نواندبوو تا ڕوون بێ؛ شێوه ئاخاوتنی خەڵك جوداتره له زمانه ڕەسەنەکه و شێوەی ئەدەبییاتی یا زمانی خوێندەواریی.

بۆ نموونه دوو کەسێکی چیرۆکێکم گوتوویانه:

- (ئەفەننی ئەم حەرامزایه کوا ڕاستی له مەزەبایه؟ هەر ئەوەننەت زانیی ئەییانه بەر جوێنو شەڕی لەگەڵا ئەکردن).

- (بەس تۆ هەر ئەوەننه ڕێممه. تۆ ئەوەننەم تێ گەیەنه!).

دیاره خوێندەوار لەنێو ڕستەکان ـ وشەکاندا دەبینێت که دەنگی (د) له وشەکانی (ئەفەننی = ئەفەندیی)، (حەرام زایه = حەرام زادەیه)، (له مەزەبایه = له مەزەبدایه)، (ئەوەننەت = ئەوەندەت)، (ئەییانه = دەی دانه)، (لەگەڵا ئەکردن = لەگەڵ دەکردن)دا فەرامۆش کراوه.

هەروەها دەنگی (د) له ڕستەی (ئەوەننه = ئەوەنده)، کرداری (بده) له وشەی (ڕێممه = ڕێم بده)، دەنگەکان (ب، ه) له وشەی (تێ بگەهێنه)دا فەرامۆشه.



دەڵێن: (با ـ هم)، (با هم) چییه؟ (بادەم). یا: (نای یەم) (پتری لێ نەگوتووه که مەبەستی وشەی: نای دەم ه/k)، ئەوه کرماشان[١٦٦] بەربادە، هەموو ((یێ))یه (نایا)، (نایا) چییه؛ (نای دا)، بلێ (نای دا ا). ((دا)) فعیله ((ی))ەکه زەمیره، ((نا)) ئاداتی نەفییه، ئەوەش کەلیمەکەیه.

**ئەمیر:** تا ئێستا وەهایان نووسیوه. هەمیشه نا، کەمێکیان نووسیوه. من دەمەوێ بزانم ئەو کەمەشش که نووسراوه، چۆن بووه؛

**ت. وەهبیی:** حەرفیان نەبووه[١٦٧]، وەهایان نووسیوه. نووسیویانه (نای ـ یا).

**ئەمیر:** یا (ددان)، نووسیویانه (دان)، ناڵێن ـ (ددان).

**ت. وەهبیی:** ئا ئا- به پێکەنینەوه/k ـ بەڵێ به (ددان) دەڵێن (دان). لەپاش حەرفی ((ڕێ)) ئێمه ((دال)) بەکار دەهێنین. شیمالییێکان ـ کوردستانی باکوور/k ـ لەپاش حەرفی ((ڕێ/ ڕ))، ((دال)) فڕێ دەدەن. ئەوانیش ((دال/ د)) یان کوژتووه. له ئەوێدا ئەو باسانه هەیه.

**ئەمیر:** له ئەو مەقالەیەدا. بەڵێ.

**(قسەکانی دواتر هێندێ ڕوون نییه و پێوەندیی به باسەکانی پێشوووه نییه. پێ دەچێ "ئەمیر" هێندێ پرسیاری لەمەڕ هێندێ بەیت و حەکایێتی کوردیی لێ کردبێ بۆیێکا ئەو بابەته دەهێتنه پێشەوه/k)**

**ئەمیر:** مامۆستا ئەوانەت له کوێوه بیستووه؛

[١٦٦]- کرماشان: یێکێکه له سیی پارێزگاکانی ئێرانی ئەم ڕۆژگارەدا. بەری ٩٩٨، ٢٦ کم٢، نێو باژێڕەکه نزیکەی ملیۆنێك کەسه، بەڵام به باژێڕۆك و ئاواییێکانی دەوروبەریەوه له ژوور ملیۆنێك و سێ چارەکه میلیۆنێکه.

ئەم باژێڕه کۆنه که مەڵبەندێکی کورد نشیینه، له ڕۆژگاری دێرینی خۆیدا، مەڵبەندی (ساسانییێکان) بووه و یادگارەکانی (تاقی بوستان)، (کێوی بێستوون)، (پەرستگەی ئەناهیتا)، (ئەشکەوتی قورقەڵا)ی هێشتا زیندووه.

[١٦٧]- ت. وەهبیی؛ مەڵامەتەکه هەر به نەبوونی تیپ ـ حەرف له قەڵەم دەدات. ڕاستییێکەی تیپ ـ حەرف هەبووه، بەڵام خوێندەواریی کوردیی، نووسینی کوردیی نەبووه. ئەگەر هەیش بووبێ دەگمەن بووه یا تەنها چینه خوێندەواره (کەمەکه) ڕەفتاری لەگەڵ کردووه. بەڵام بەدەم ڕێنووسی عارەبییەوه.



@kurdica

**ت. وەهبیی:** (گەرم قسان دەکات/k) لە سلێمانییدا. هەموو تشتێکی ئێوە دەهێتە لای ئێمە. زۆر تشتی وەها لە زەمانی منداڵیی دا بیستوومە. منداڵیم..

**ئەمیر:** بەڵێ.

**ت. وەهبیی:** لە پاش ئەوە، (بە دەنگ و ئاوازەوە دەبێژێت/k)

**چووم بە پیر خەسوومەوە**

**دەستێکی نا بە ڕوومەوە**

**وەك تەشیلە خل بوومەوە**

**وەك شەمامە گل بوومەوە**

**هە کوڵپەکانی کوردیی**

**هێلکە و ڕشۆنم بۆ کردیی**

**چووم بە پیر خەسوومەوە..**

**ئەوەت بیستووە؟**

**ئەمیر:** ناوەڵڵە، نەم بیستووە.

**ت. وەهبیی:** ئەوە کچان، فەقیر، دەهاتن بۆ نانێ، بۆ پووڵێ، بە ئاوازەوە دەیان گوت؛ بالۆرە. ئەمانە نابێت بمرن.

**ئەمیر:** وەڵڵە مامۆستا ئەغلەبی نەماوە.

**ت. وەهبی:** من ئەوەندە حیکایێتی کۆنی کوردیی دەزانم کوردێکی سلێمانیی، عومری چل ساڵە، دەڵێت: نەم بیستووە.

چیی دەکەیت؛ ئەی چۆن؟ ئەی من چۆن بیستوومە؟ نەماوە ئەم حەربانە، شۆڕش، جەنگی یێکەم و دووەم هیچی نەهێشت[١٦٨].

[١٦٨]- مەبەستی لە ئەوەیە جەنگەکان سەری ئەو خەڵکانەی خواردووە کە میراتی ئەدەب و هونەر و زانستی باو و باپیریان لە بیر و هۆش و دەست و پلیاندا پاراست بوو، بە تایبەتیی میللەتی کوردی نەگبەت و ژێر دەستەی داگیرکەرە زۆردارەکان، وێڕای نەخوێندەوارِیی و بێ بەش بوونی لە ڕۆژنامە نووسیی و چاپ و بڵاوکردنەوە، زانا و توانای ئەوتۆی تێدا هەڵ نەکەوت بوو، چیکەنەکانی چاپ و دەنگ وەرگرتن بهێنن بۆ کوردوستان و یادگارەکانی باب و باپیران وەربگرن، چاپی بکەن، هەڵی بگرن.



**ئەمیر:** بەڵێ

**ت. وەهبیی:** حاجیی قادری کۆیی شکات دەکات، دەڵێت؛ (بەیتی حاتەم) نەماوە. من دۆزیمەوە. من، ئەساسەن نەختێکم دەزانیی، (بابەکر ئاغی پشدەریی)[١٦٩] خودا عافووی بکات ـ مرد، عومری سەد ساڵ بوو ـ ئەو بۆیی ناردم. لاکین مەعەلئەسەف هێندێکی بە زمانی ـ شێوەی/k ـ سلێمانیی نووسیی بوو. من نامەوێت بە زمانی سلێمانیی، من وەك خۆییم دەوێ، فەقەت من زۆرم لەبیرە.

**ئەمیر:** بەڵێ.

**ت. وەهبیی:** (پێ دەچێ باسێ لەمەڕ بەیتێ کرابێ و دەنگەکەی دەرنەچووە بۆیێکا دووایی ت. وەهبیی بە ئەم شێوەیە ئاخاوتووە/k)

=مخابن لە ئەم ڕۆژگارە پێشکەوتووەشدا، ژیرانە و بەپێی بەرنامەکانی کۆکردنەوە و هەڵ گرتنی یادگاری ئەدەب و هونەر و زانستەکانی میللەت، ڕەفتار ناکرێت. ئەز مەڵامەتی یێکەم بە گەمژەیی سیاسەت بازە دەسەڵاتدارەکان دەزانم کە فرپیان بە ناسینی نرخی بێ هاوتای کەلەپوور و پاراستنیەوە نییە.

[١٦٩]- بابەکر ئاغا: کوڕی سەلیم ئاغا (ژ: ١٨٧٥ - م: ١٩٦٢) سەرۆکی هۆزەکانی پشدەری سەر بە باژێڕی سلێمانیی.

خوێندنی لەلای ئایین ناسەکانی نێوچەکە دەستگیر بوون و وێڕای زمانی خۆی، فارسییش فێر بووە. بابی لە ١٨٩٣دا، لە فەرمانڕەوایی عوسمانیی یاخی بووە و سەر ئەنجام کوژراوە.

وێڕای ناکۆکیی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیی، ساتێ کە یێکەم جەنگی گێتیی ڕووی دا، چووەتە پاڵ لەشکری عوسمانیی بۆ بەرهەڵستی پەلامارەکانی ڕووسەکانی سەر سنووری ئێران ـ کوردستانی خۆرهەڵات و کوردستانی نێوەند/K ـ تورکەکان ئەم هەڵوێستەیان پێ زانیوە و کردوویانە بە قائیمقامی قەزای پشدەر (قەزای ئەلحەمیدییە/K).

فەرمانڕەوای نێوچەکە بوو. ئەوێ دەمێ دەوڵەتی عێڕاقی عارەب، دام و دەزگەکانی فەرمانڕەوایی خۆی لە نێوچەکەدا دانا.

بابەکر ئاغا تا دەمی مردنی سەرۆکاری هۆزەکانی بووە و دوای خۆیشی بابیزی کوڕی. سەرچاوەکان بابە ئاغا یان بە لایێنگیری بریتانەکان ناساندووە.★

★ اعلام کُورد العراق، ل ١٥٠.

**ئەوجا کە لەکەللە، سەری کابرای دەدا، سەری دەچێت بە ئاسماندا. حەزرەتی (عەلیی)[١٧٠] لەژێر چنگیدا، دەڵێت:**

**عەلیی هەستا بەبێ فەنگ**

**مشتێکی دا لەژێر چەنگ**

**(کەللە) دەچێ بە ئاسماندا. لە ئەوێدا نووسیومە. چووە ئاسمان، سووڕایەوە، لەپێش ئەوەدا کە ڕووسەکان ئەستێرە دروست بکەن ـ ئەو وەختە؛ ١٩٥٨ ١٩٥٩ ئەستێرەیان هەڵ دا ـ ئەووەڵ جار ئەوان کردیان.**

**(کابانی بە عارەبیی دەپرسێ داخۆ شێویان ـ بامیە و برنجیشیان هەیە ـ بۆ ئامادە بکات! ت. وەهبییش دەپرسێ داخۆ هەیە" مخابن لە ئێرەدا دەنگە تۆمار کراوەکان دابڕاندنێکیان پێوە دیارە و دواییێکەی دەنگ و ئاوازی ت. وەهبی هەڵ دەکەونەوە k/)**

**ت. وەهبیی: پەنجەیە.. ( ئەم زانی مەبەست چییە؟k/). بڵێم بۆ ئەو باڵا بەرزیە. (بەشێوەی قسە/k)**

[١٧٠] عەلیی: ئیمام ـ ئەبولحەسەن؛ عەلیی کوڕی ئەبی تالیب (ژ: ١٣ی ڕە جەب/ ٢٣ی پێش کۆچ ـ ١٧ی مارت ٥٩٩ز م: ٢١ی ڕەمەزان ٤٠ك/ ٢٨ی شوباتی ٦٦١ز): کوڕە مامی پەیامبەری ئیسلام محەممەدە (د) و چوارەم خەلیفەی ڕاشیدینە لەلای خەڵکی سوونە، یێکەم ئیمامە لای خەڵکی شیعە.

محەممەدی پەیامبەر بە فەرمایشتی خودا داوای لە کەس و کار و خزمانی کرد ببنە موسڵمان، عەلییش منداڵ بوو، بەگوێی کرد.

بێژراوە لەساڵی ٩٣ك/ دەوروبەری ٦٩٥ ز، بەرامبەر (خەواریجەکان/ نەتەوە جوداکان لە عارەب) شەڕی ((نەهرەوان))ی بردووەتەوە.

عبدولڕەحمان کوڕی مەلحەم ناوێ لەکاتی نوێژی باژێڕی ((کووفە))دا، شیرێکی ژەهراویی کێشاوە بە سەریدا و بەوەش مرد.

عەلیی قسەیێکی دەگمەنی ئەو ساتە سەختەی هەیە کە لەگەڵ شیر بەرکەوتنە، هاواری کردووە؛ (وربّ الكعبة فُزتُ ـ بەخودای کەعبە بردمەوە/ واتە پلەی شەهید بوونی بۆ بەهەشت بەرکەوت).★

★ بنۆڕە: ویكبیدیا الموسوعة الحرة.



**ئەوا شەو هات بۆ حاڵی من**

**بۆ دڵەکەی پڕ مەئالی من**

**عالەم نەسرەوتن لە ناڵە ناڵی من**

**ئەمیر: مامۆستا ئەوەیان زیندوو کردووتەوە.**

**ت. وەهبیی: کۆنە. (گەرم قسە دەکات/k) بەڵێ ئەوە دەبێت ببێت. لە ئەوە جوانتر هەیە، بچن. (دیارە مەبەستی بووژاندنەوەی کەلەپوورە/k).**

**ئەمیر: مامۆستا چیی دیکەت لەبیرە؛ لە گۆرانییی ئەوها؟**

**ت. وەهبی: زۆر.. هین، هینم لەبیر بوو. (سەرداری بۆکان) یان کە هەڵ واسیی[١٧١]، ژنەکەی ناوی (مەفارە) بوو، دەڵێت؛ (بە دەنگ و ئاوازەوە دەی گێڕێتەوە/k)**

**ئەوا هەڵ خریا سێدارەی وەرشاو**

**خانم تکای کرد بی خەنە نیوەشەو**

**(ئەوجا بەشێوەی بەستە دەی چڕێت/k)**

**(...) بۆ سەرشێو دەچێ جەرگم دەکات ژان**

[١٧١]- سەرداری بانە، یا سەرداری هوزی موکریی: محەممەد حسێن خان کە کەسێکی بەناوبانگی کوردستان بوو. بە ڕۆشنایی قسەوباسێکی حوزنیی موکریانیی لە ڕۆژێکی مانگی کانوونی دووەمی ١٩١٤ ـ لە یێکەم جەنگی گێتییدا ـ لە لایێن تورکانی عوسمانییەوە خۆی و سەیفەددینی کوڕی کوژراون.★

سەیید عەبدووڵڵەی شەمدینیی ـ ساڵی ١٩٢٥ ـ لە ڕواندزەوە گوتارێکی بۆ گۆڤارێ نووسیوە و دەبێژێت کە؛ (حیلمیی بەگ)ی سەر لەشکری تورکانی عوسمانیی فەرمانی کوژتنی داوون و سەر و سامانیشی تاڵان کردوون. تەنانەت دەبێژێت کە تورکان کوژتار و تاڵان بڕۆیان بەرامبەر خەڵکیی کرد و سەدان کەسی بێ گوناه، ژن و منداڵیان یێخسیر کرد بە ڕادەیێ شاعیر موکریان "عەلیی بەك سالار سەعید" شیعرێکی نایابی لەمەڕ ئەو قەوماوانە نووسیوە.★★

★ گۆڤاری: دەنگی گێتیی تازە ـ ب ٢٦، ژ ١٥، شوباتی ١٩٤٦/ باسێکی کوردی ئێران پاش مەشرووتییەت ـ حوزنیی موکریانیی.

★★ گۆڤاری؛ دیاریی کوردستان ـ س ١، ژ ٧، ١٩٢٥/٦/١٨؛ خووی چاك و تالیعی خراپ ـ موهاجیری شەمدینان عەبدڵڵە.

لایێق بە تۆیە (مەفارە سوڵتان)

**عەزیز ژیان:** مەفارە سوڵتان ژنی سەرداری بۆکانە؛

**ت. وەهبیی:** ئا. ژنی سەرداری بۆکان.

**عزیز ژیان:** سەرداری بۆکان کوژراوە.

**ت. وەهبیی:** تورکە سەگ بابەکان هەڵیان واسیی، هیچ قەباعەتی نەبوو. بێ ناموسن.

**عەزیز ژیان:** تورکی عوسمانیی.

**ت. وەهبی:** ئەی! کابراکە ناوی (ئەرکان) بوو.

**ئەمیر:** ئەرکان. بەڵێ.

**عەزیز ژیان:** ئەرکانە خڕەیان پێ گوتووە.

**ت. وەهبیی:** (دیپچك)؛ یەعنیی بنە خڕەکەی تفەنگ. تورکەکان خۆیان ناویان نابوو (دیپچك)، قۆناخە تفەنگ.

**عەزیز ژیان:** لە وڵاتی ئێمەدا پیاوێکی گەروەی کوشتووە؛ (شێخ بابا)[١٧٢]، بیستووتە مامۆستا؛

**ت. وەهبیی:** نازانم.

(دەنگ تۆمارکراوەکان قرتاندنیان هەیە. نازانم مەڵامەت چییە؟ خۆی لە ئەسڵدا وەهابوو یا ئەمیر لێی فڕێ داوە؟! بەڵام دووایی دەنگ و ئاوازەی ت. وەهبیی هەڵ دەکەوێتەوە/k/)

**ئەو کچە لە ئەو ماڵە قەولی داوە پێم**

**دەرکی دەروازە داخـــــراوە لێم** [١٧٣].

**ئەمیر:** ئەمە مەهابادییە.

---

[١٧٢]- دیسان لە ساڵی ١٩١٤ و لەلایێن تورکانەوە کوژراوە.

[١٧٣]- ئەم دوو تاکە کوتێکی هەڵبەستی سترانێکی کوردییە کە هەر بەناوی (ئەو کچە لەو ماڵە)وە، سترانبێژی کورد مەلا کەریم ئەحمەد (ژ: ١٨٨٥ - م: ١٩٣٨) لەلای کۆمپانیای قەوانی (ئۆدیۆن Odion) بە ژمارە: Es 1037/LA 220615، لە ساڵانی ١٩٢٧ ـ ١٩٢٩دا تۆماری کردووە.



**ت. وەهبیی:** ئا. یەعنیی دەی زانیت؛

**عەزیز ژیان:** ئەوەم بیستووە.

**ت. وەهبیی:** هەرچ گۆرانیی کە لە لای ئێوەوە هاتووە[١٧٤]... دەزانیت مووواسەڵاتی بەینی سلێمانیی و سابلاخ وەك مووواسەڵاتی بەینی کەرکووك و سلێمانیی بووە. تیجارەت لەگەڵ ڕووسیا، ڕووسیا.. چونکە تشت لە ڕووسیاوە دەهات.

**عەزیز ژیان:** لە ڕێگەی سابلاخەوە دەهات.

**ت. وەهبیی:** ئا. شەکر، سلێمانیی پڕ بوو لە سەڕرافە. پڕ بوو. (چیت) لە ئەشرەفخانەوە. (مسکاو) دەچوون بۆ (موسکاو)، بۆ کوێ دەچیت؛ دەچم بۆ موسکاو، یەعنی مۆسکۆ[١٧٥].

ئەوە نییە دەڵێت: سێدارەی وەرشاو[١٧٦].

**عەزیز ژیان:** مامۆستا دەچوونە ((وارشۆ))[١٧٧]؟

---

[١٧٤]- ئەم قسەیە ڕاستە، ئەز چەند بەڵگە ـ دەنگ ـ ی تۆمار کراوم هەڵ گرتووە کە ئەو ڕاستییە چەسپ دەکەن.

[١٧٥]- مۆسکۆ Moskva پێتەختی وڵاتی ڕوسیایە و دەکەوێتە سەر ڕووباری مۆسکاڤ. بەرەکەی ٨٧٨٠٧ کم٢. بەپێی سەرژمێری ساڵی ٢٠٠٤ لە سەرو و یازدە ملیۆن کەسی تێدا دەژیی کە خۆی بیست و یێکەمین گەورەتریین وڵاتی دنیایە.

مۆسکۆ لە سەردەمی فەرمانڕەوایی پاشا (ئیڤانی چوارەم)دا بووە بە پێتەخت.★

★ بنۆڕە : ویکیپیدیا الموسوعة الحرة.

[١٧٦]- ئەم ڕەستەی (سێدارەی وەرشاو) مەبەستی لە ئەوە نییە سێدارەکە لە وەرشاو ـ وارشۆدا دروست کراوە، بەڵکە لەوانەیە مەبەستی لە زەردیی داری سێدارەکە بووبێ و بە مەتاڵی زەردی وەرشاویی شوبهاندبێ. دەشێ زەردیییێکەش زەردی خۆرهەڵاتن یا خۆر ئاوابوون بووبێ و لە دارەکانی سێدارەکەی داوە.

[١٧٧]- وارشەو ـ وارشۆ Warszawa پێتەختی وڵاتی پۆڵۆنیایە و دەکەوێتە سەر ڕووباری ڤیستولا Vistula و هەشتەمین گەورەترین باژێری یێکیێتیی ئەورووپایە و ژمارەی دانیشتووەکانی ـ بەپێی سەرژمێریی ساڵی ٢٠٠٦ ـ ملیۆنێك و حەوت سەد هەزار کەسە، بەڵام بە باژێڕۆك و ئاوایی و گوندەکانی دەوروبەرەوە نزیکەی سێ ملیۆن کەسە.★

★ بنۆڕە: ویکیپیدیا الموسوعة الحرة.

**ت. وەهبی: بەڵێ. (لە هستان)[١٧٨]، ئەمە چۆن ئەو عەشیرەتانەیان ڕازیی کردووە؟ تەبیعیی پارەیان داونەتێ، کاروانە. ڕووتیان دەکردنەوە. دەبێت پارە بە ئاغاکان بدەن! ئەوجا بە چ حاڵێ ئەو تشتە دەگەهیشتە سلێمانیی؟ جوولەکە لەگەڵیان دەچوون، جوولەکەی سلێمانیی دەچوون بۆ وارشۆ.**

**(قرتاندنێ بە دەنگ تۆمار کراوەکەوە هەیە.. دووایی ت. وەهبیی بە دەنگ و ئاوازەوە هەڵ دەکەوێتەوە/k)**

**گوێ بگرە دەڵێت: (بە دەنگ و ئاوازەوە/k)**

**(ئای حایشێحە مەمین**

**ڕیش دێزە و بۆزە**

**کێشیای وەکێریا**

---

(١٧٨)- لە هەستان؛ ناوی کۆنی مەملەکەتی پۆڵۆنیای ئێستەیە. ساڵی ١٠٢٥ ز خروبری Chrobry وەك یێکەم پاشای پۆڵۆنیی چووە سەرتەخت. ساڵی ١١٦٣ فرە بەشی گەروەی وڵاتەکە خرایە پاڵ ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانیی. ساڵی ١٢٤١ مەگۆلەکان پەلاماریان داو میرنشینەکانی باشوور پاکۆ بوون و وڵاتەکە تووشی چەپاو و تالان و کاول بوون بوو. لە سەدەی پازدەدا کە لەبەرەوە ڕەنج دەدرا بۆ یێك گرتنەوەی، ساڵی ١٤٤٧ لەگەڵ لێتوانیا یێکی گرت. پۆڵۆنیا سێ جار و لە ساڵانی ١٧٧٢، ١٧٩٣، ١٧٩٥ دابەش کرا. دوای بەزینی ناپلیۆن، وڵاتە سەرکەوتووەکان ڕووسیا وو برووسیا و نەمسا، ساڵی ١٨١٥ بڕیاری کۆتاییان دا پۆڵۆنیا دابەش بکرێت. بە ئەو پێیە ـ دوای خەباتێکی گران ـ ساڵی ١٩١٦ سەر لەنوێ مەملەکەت بنیات کرایەوە.

دووای یێکەم جەنگی گێتیی، لە ساڵی ١٩١٨دا وڵاتەکە بوو بە وڵاتێکی کۆماریی. لە دووەم جەنگی گێتیی ١٩٣٩ ـ ١٩٤٥دا وڵاتەکە تووشی گەورەترین کارەسات بوو، ٨٥٪ی کاوول بوو، چەندەها ملیۆنی لێ کوژرا.

وڵاتەکە بە هاریکاری یێکێتیی سۆڤیەتی جاران لە ئەو جەنگە گرانەدا ڕستگاری بوو، بۆیێکا کۆماری پۆلۆنیا چووە پاڵ بەرەی وڵاتە کۆمەنیستەکان و وەها مایەوە تا ساڵی ١٩٨٩ کە پالەکانی باژێڕی گدانسك Gdansk لە حوکوومەت یاخی بوون و سەرئەنجام حوکوومەتێکی بێ سەرۆکێکی کۆمەنیست داندرا کە دواتر لە ١٩٩٠دا (لیخ ڤاوێنتسا)ی سەرکردەی پاڵەکان بوو بە سەرکۆمار. ساڵی ١٩٩١ پۆلۆنیاو مەجەرستان و چێك و سلۆڤاکیا ئارەزوویان نواند و چوونە پاڵ خۆر ئاوا، ئیدی پۆلۆنیا لە ١٩٩٩دا بوو بە ئەندامی پەیمانی★ ناتو، لە مایسی ٢٠٠٤دا بوو بە ئەندامی یێکێتیی ئەوروپا.



**کیژ حاجیی سەوزە)**

**بیستووتە؟**

**عەزیز ژیان: نەوەڵڵە.**

**ت. وەهبیی: ئەمە هیی ئێوەیە.**

**عەزیز ژیان: ئەوە هیی ئێمە نییە.**

**ت. وەهبی: حایشێحەمین ـ حاجیی شێخ حەمە ئەمینە.**

**(حایشێحەمەمین**

**ڕیش دوو فیلیچخانە[١٧٩]**

**بە قوززەڵقورتت بێ**

**ئەو شەش حەوت گانە،**

**(هەمووپێ دەکەنن/k)**

**شەش، حەوت؟!**

**ئەوە یێکێ هات بوو، کوڕێکی ڕۆشنبیر (ئەنوەر سایيب)[١٨٠]، خودا عافووی بکات. ئەمەی بۆ من دەگوت و منیش پێ دەکەنیم. ئەمە گۆیا؛ (حاجیی شێخ حەمەمین) دەوڵەمەندە، بە پارە کچێکی گەنجی خواستووە... جنێوی پێ دەدەن[١٨١]. ئەی چیی لێ دەکەن؟ ئێستە من دەتوانم کچێکی گەنج بخوازم بە هەزار**

---

(١٧٩)- خۆی وەهای بەدەمدا هاتووە. دیارە مانای (دووفاق) یا (دوو لا)یە.

(١٨٠)- ئەنوەر سایيب (ژ: ١٩٠٥— م: ١٩٦١) کوڕی مەلا ئەحمەد سایيب و برای شاعیران و نووسەران؛ عارف سایيب، جەمیل سایيب، هادیی سایيب، مستەفا سایيب، جەلال سایيب. ئەنوەر ئەندازیار بووە و ساڵی ١٩٢٦ چووە بۆ بریتانیا بۆ خوێندن.

(١٨١)- بە شوودانی کیژانی کەم تەمەن و هەرزەکار و جوان بە پیاوانی پیر و پارەدار دیاردەیێکی کۆمەڵیی گەلانی نێوەڕاستی خۆرهەڵاتە و میللەتی کوردیش بەشی خۆی بەرکەوتووە. بەڵام ـ بەپێی گێڕاندنەوەکەی ت. وەهبیی کە لە ئەنوەر سایيبی هەرزەکاری یێکەم جەنگی گێتییەوە بیستوویێتیی - دیارە کە بەسەرهاتەکە لە ڕۆژگاری ئەو جەنگەدا (١٩١٤ ـ ١٩١٨) بووە کە کارەساتەکانی هەژاریی، قات و قڕیی، برسیێتیی، تەنانەت لەش فرۆشیش لە (سلێمانی)دا تووشی کۆمەڵ ببوو، خەڵکانێ بۆ ڕستگارکردنی وەچەکانیان ناچار بووبوون کیژی منداڵ و

=هەرزەکار و جوانیان بە کەسانی پیر و پارەدار بەشوو بدەن. ئەم بەسەرهاتە، هەر لە ئەو ڕۆژگارانەدا، هەروەها وێنەی لە شوێنی دیکەی کوردستاندا هەڵ کەوتووە.

زێوەری شاعیر ـ هاریکار و دڵسۆزی سەرڕاستی حەفید زادە مەحموودی حوکمداری کوردستان و شۆڕشگێڕی دیل کراوی بریتانەکان ـ لە دوای نوشوستیی یێکەم شۆڕش (١٩١٩)ەوە کە ئاوارەی کوردستانی خۆرهەڵات بووە و لە باژێڕۆکی ((بانە))، پیاوێك کە ناوی وەستا بیلال دەبێ، تەمەن نزیك هەشتا ساڵان، پیر و لەرزۆك، دەوڵەمەند، حەز لە کیژێکی جوانکەی چوارەدە پازەدە سالان دەکات و بە زەبری پارە داییکی کیژە تەفرە دەدات و دەی خوازێت، بەڵام وەستا بیلالی چرووك و نەکارە چوار مانگێ لەگەڵ بووکێ خەریك دەبێت و چیی پێ ناکرێت، کیژەش شەوێ لەگەڵ داییکی هەڵ دێن. بۆ سبەینێ وەستا بیلال لەلای گوندی ((بەکراوا))وە دەیان دۆزێتەوە و بە پارە و خەڵات دەیان باتەوە و سەرلەنوێ بۆ سێ مانگی دیکەش هەمان باری پێشوو بەسەر کیژی بێ گوناهدا دەهێتەوە. دووبارە کیژەی نەگبەت هەڵ دێت، بەڵام وەستا بیلال دیسان دەیان دۆزێتەوە و دەیان گێڕێتەوە. ئەم جارە کارێکی دیکە دەکات، کە دەرگەو بان لە بووکێی نەگبەت کلۆم دەدات و ناهێڵێت کەس بی بینێت و سەرلەنوێ ـ لە ئەو زیندانەدا - باسەکە دووبارە دەبێتەوە.

زێوەر ـ بە گوتار و شیعرەوە باسەکەی بە ناوی کوڕەکەیەوە ـ فائیقەوە ـ بڵاو کردووەتەوە وشیعرێ لەسەر ئەم قەوماوە دەنووسێت و دەی نێرێت بۆ مەلای گوندەکەی وەستا بیلال، مەلاییێ کە کیژەکەی لێ مارەکردووە. ئەز بۆ خۆشیی ئارەزووم کرد، شیعرەکەش بخەمە ڕوو:

مەسئەلەی وەستا بیلال و بووکی تازەی بوو بە باو
وەقتی پەردەی پیرە زاڵ، وەقتی مەجلیسی نێرە پیاو
گوڵ کە ماڵیی بولبولە زۆر حەیفە کوند زەوتی بکا*
پیری هەشتا ساڵەگیی چیی بکا لە یاری مەستە چاو؟
تەسـکەڵەی پـێ لازمـە وەسـتا نـەوەك تەسـکۆڵەیی
نـاسمێ دوڕڕی نەسـفتە کـەس بـە زەڕبـی نەرمەساو
کـاری وەسـتا کـوورە بـازیی و لوولـە سـازیی ئاسـنە
نـەك عـەقیق کـون کردنـە، لادە لـە عـەقڵی ناتـەواو
ئـەی مـەلا فەسـخی نیکـاحی پـیری بێکێرجـائیزە؛
هیمـەتێ؛ سـا تـۆ ڕەهاکـە ئاسـکی ناسـك لـەداو**

* کوند: کوندە پەپو.

** بنۆڕە: پێشکەوتن ـ سلێمانیی؛ س ١، ژ ٢٣، پێنجشەمە ١٩٢٠/٩/٣٠.



میلیۆن دینار؟.. لە پاشدا لە لای ئێمە حەز لە ژنێ دەکات... (قسەکەی تەواو ناکات/k).

مەلا کوێرەیێ، کوێر، ئێمە پێی دەڵێین: حافز.

**عەزیز ژیان:** بۆچ پێی دەڵێن؛ حافز؛ چونکە حافزی (قرآن) بووە؛

**ت. وەهبیی:** ئێمە سەگ بێ، پێی دەڵێین: حافز (بە پێکەنینەوە /k) دەڵێن: سەگەکەم حافزبووە. (هەموو پێ دەکەنن/k).

**عەزیز ژیان:** بە ڕاستی؟

**ت. وەهبیی:** (بە پێکەنینەوە/k) بەڵێ.

**عەزیز ژیان:** چاوت لێ هەیە؛ (مەعنا لە یێك مەفهوومی مەحدوود....)[١٨٢].

**ت. وەهبیی:** (بە دەم تشت خواردنەوە/k) لە سلێمانییدا دائیما ئاژانسی سەرڕافیی ـ وەکیلی پارە گۆڕینەوە/k ـ هەبووە، توجار بوون، بوون بە کورد، بوون بە خەڵکی سلێمانیی، بوون بە بابان. (پێی دەچێ مەبەستی جووەکان بووبێ/k).

(لە ئێرەدا ـ وەك پرسم بە ئەمیریش کردووە ـ ت. وەهبیی خەریکی هەڵ ڕژتنی توورەکەیێکی قاقەزی فستقە. خڕە خڕی هەڵ ڕژتنەکە بەری دەنگ و قسەکانی دەگرێت و تێ ناگەهیت چ دەبێژن. دوایی ئەم قسانە هەڵ دەکەون/k)

**عەزیز ژیان:** (دیارە باسی بابی دەکات/k) لە سلێمانییدا ئاشقی کچی بووە، ناوی کچەکە (ئاسکی ـ ئاسکۆڵ) بووە. مووەففەق نەبووە ئەو کچە بهێنێت. نازانم چ بووە؟ نەیان داوەتێ، نازانم چ بووە!؟ دوایی هاتووە بۆ سابلاخ ـ مەهاباد/k[١٨٣]

---

[١٨٢]- ڕستەکە جوان نەبیستراو چەندەها جار داوام لە ئەمیر حەسەن پوور کرد گوێی لێ بگرێو قسە ڕاستەکەم پێ بڵێ، کەچیی لا گوێی دامێ!.

[١٨٣]- مەهاباد: گەروەترین و بەناوبانگترین ـ لە ڕووی سیاسیی و ئەدەبییەوە. باژێڕی کوردستانی خۆرهەڵاتە (داگیراوی ئێران)ە. لە سەردەمی حوکمڕانیی ڕەزاشادا ـ بۆ دابڕاندنی لە کوردستان ـ خستوویێتە پاڵ باژێڕەکانی ئازەربێجانی خۆرئاوا.

بەپێی سەرژمێری ساڵی ٢٠٠٦ دانیشتووەکانی ١٣٣ هەزار و هێندێکە. مێژووی بنیات نانی ((مەهاباد)) دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سەفەوەییێکان کە سارم بەگ ناوی میرزادەی ساوجبلاغی

ـ و ژنی هێناوە، داییکی منی هێناوە. ئەووەڵین کچێ کە بوویتی ناوی ناوە (ئاسکۆڵ). ئەلئان خوشکی من ناوی ئاسکۆڵە. (کابانی ت. وەهبیی لە واتای ئاسکۆڵ دەپرسێت/k)

**ت. وەهبیی:** "بە کوردیی وەڵام دەداتەوە/k" ئاسکۆڵ یەعنیی (غوزەیلە). (کابانی بە کوردیییێکی ناتەواوەوە دەبێژێت: (زۆرە لە سلێمانیی ئاسکۆڵ! ئەوجا بە عارەبیی دەبێژێت: أُم جمال و كمال إسمها اسكولْ/ ئوم جەمال و کەمال ئیسمها ئاسکۆڵ ـ داییکی جەمال و کەمال ناوی ئاسکۆڵە/k)

**ت. وەهبی:** ئامە دەم کوڵ لەلای ئێوە هەیە؟

**عەزیز ژیان:** قوربان، دەم کوڵ لە (سنە)[184]دا هەیە. دەم کوڵ یەعنیی دەم پچکۆلە. یەعنیی دەم پچووك.

---

=موکریی لە سەدەی ١١ی کۆچیی و لەنزیك باکووری چەمی ((مەهاباد))دا ـ ئێستە بە باخی سیسە و دەباغیان ناوبانگی هەیە ـ ئاوەدانی کردووەتەوە.

ڕیشەی ناوی ((مەهاباد)) دەچێتەوە سەر ئایینی مانناییێکان کە وشەی ((مە)) و ((ئاباد))ە، واتە ئەو شوێنەی مانگی لێ هەڵ دێ. مانگیش هیمیاییێکی پیرۆزی ئایینی ناوبراوە.

لە سەردەمی تورکانی قاجارەکانی حوکمڕانی ئێراندا، ناوی ((مەهاباد)) کراوە بە ((ساوجبلاغ)) کە مانای (کانیاوی سارد)ە. بەڵام لە سەردەمی ڕەزا شای ئێراندا ناوە مێژووەکەی خۆی ((مەهاباد))ی وەرگرتەوە.

لێ کۆڵینەوە نیشانی داوەکە شوێنی ئێستەی مەهاباد هەزارساڵ پێش هاتنە دنیای عیسا پەیامبەر شارستێن بووە.

مەهاباد پێتەختی ڕۆشنبیریی و سیاسیی سەدەی بیستی کوردستانی خۆهەڵات بووە. یێکەم کۆماری کوردستان لە مێژوودا لە ساڵی ١٩٤٦دا لە ئەوێدا بنیات نراو پێشەوا قازیی محەممەد سەرۆکی بوو کە لە دوای بێ دەنگیی وڵاتان لە مەیدانی ((چوار چرا))دا لە سێدارە درا.★

★ بنۆڕە: ویکیپدیا (لکی کوردیی)

[184]- سنە؛ باژێڕێکی کوردستانی خۆرهەڵاتە (ئوستانی کوردستان/ داگیرکراوی ئێران). بە پێی سەرژمێریی دووەمین باژێڕی گەروەی کوردستانە. بەپێی سەرژمێری ساڵی ٢٠٠٦ دانیشتووەکانی تەواوی باژێڕەکە ٤٢٠ هەزارە و ((سنە))یش خۆی ٨٥ هەزار کەسە.

سلێمان خانی ئاردەڵان لە ساڵی ١٠٤٦ك/١٣٨٣ز، بووە بە والیی سنە. بە فەرمانی پاشا سەفیی شەشەم پاشای سەفەوییێکان قەڵای زەڵم، حەسەن ئاوا، پاڵەنگانی وێران کردووە و لە گوندێکدا



**ت. وەهبیی:** لەگەڕەکی ئێمەدا کچێك هەبوو ناوی (ئامە دەم کوڵ) بوو. لە ئێرەدا کوڕێکی دۆستم کچێکی دۆستی هەبوو؛ (ئێرلاندیی)[185]، فێری کوردیشی کردبوو، من ناوم نا (ئامە دەم کوڵ). (پێ دەکەنن.. لە ئێرەدا کابانی ت. وەهبیی بە عارەبیی و ئینگلیزیی قسە دەکات. عەزیز بە ئینگلیزی وەڵامی دەداتەوە، دوایی ڕوو لە ت. وەهبیی دەکات/k)

**عەزیز ژیان:** مامۆستا، ئەمن دەهێمەوە خزمەتت. نووسراوەکەش دەهێنم، حازری دەکەم. من هێندە تەمبەڵ نیم، کە کەوتمە سەرکار، ئیش دەکەم. کاك ئەمیر حەوتەیێکی لە ئێرە دەمێنێتەوە، دوایی دەڕوات بۆ ئاڵەمانیا **(هێندێ قسەوباس دەکەن کە شایانی نووسینەوە نین، بە تایبەتیی کە ناونیشانی چەند کەسێ هەڵ دەدەن. دووایی عەزیز قسە دەکاتەوە/k)** مامۆستا ئەمن حەز دەکەم، کەمال فوئاد، جەمال نەبەز، ئیبراهیم ئە حمەد ببینم[186]، مەبەستم یێك تشتە. من دەمەوێ لە (تەئریخی کورد و زمانی کورد) ئیتیلاعاتم زۆرتر ببێ.

---

=کە ناوی ((سنە)) بووە بارەگەی خۆی خستووە و کردوویێتی بە پێتەختیو لە دەوران دەووری قەڵاکەشدا، بازاڕ و مزگەوت و ماڵی ئاوەدان کردووەتەوە.★

★ بنۆڕە؛ ویکیپیدیا/ لکی کوردیی.

[185]- ئێرلاند Irland، ئێرلاندیی Eire؛ وڵاتێکی ئەورووپا و دوو بەشە. لە دووەم سەدەی عیساییدا یێك دەوڵەت بووە، بەڵام ئەوێ دەمێ ئەورووپاییێکانی وەك فڕانسیی و هێندێ ئینگلیز ڕوویان تێ کرد، کۆماری ئێرلاندی باشوور کە بەتەنیشت بریتانیاوەیە، زۆربەی بەشی دوورگەی ئێرلاندە. شوێنی لە باکووری خۆرهەڵاتی ئۆقیانووسی ئەتلانتەوەیە؛ کەناڵی باکوور، دەریای ئێرلەندیی، کەناڵی سانت ژۆرژ، دەریای کیلتیی لە ئێرلاندی باکووری سەر بە بریتانیا جوێیان کردووەتەوە.

لە دوای جەنگی نێوان بریتانیا و ئێرلاند و دابەش بوونی ناسراو بە (ئەلیستەر)ەوە، ساڵی ١٩٢١ بەشی باکووری نووسێندرا بە بریتانیاوە.

پێتەختی ئێرلاندی باکوور ((بێلفاست))ە و نزیکەی ٥ ملیۆن و ناوی تێدا دەژیی. پێتەختی ئێرلاندی باشووور ((دبلن))ە و نزیگەی ٤ ملیۆن و چارەکی تێدا دەژیی.★

★ بنۆڕە: ویکیپیدیا الموسوعة الحرة.

[186]- کەسەکان نووسەر و سیاسەتبازی ناسراون. هێندێکیان ماوە و هی دیکەیشیان مردووە.

مەبەستی دیکەم نییە. مەسەلەن یێکیان سیاسییە و یێکیان ئینقیلابیی و یێکیان شۆڕشگێڕ و یێکیان ڕاست و...

**ت. وەهبیی:** هەموو بە شۆڕشەوەن! (پێ دەکەنن/k)

**عەزیز ژیان:** منیش شۆڕش پەروەرم، بەڵام بە قەڵەم و کتێب. شۆڕشگێڕی چیا نیم. (کابانی ت. وەهبیی هەڵ دەداتێ و بە عارەبی دەبێژێت گۆیا؛ قەڵەم و کتێب باشترە ـ خۆی گوتەنیی ـ لە قەتڵ و عامی بەشەر/k)

**عەزیز ژیان:** بەڵێ.

(کابانی ت. وەهبیی لە هاوژینی پرسیار دەکات داخۆ لە چ دەگەڕێ. ئەویش دەبێژێت کە لە ناونیشانی فڵان و فیسار دەگەڕێ.

کابانی بە عارەبیی دەبێژێ کە لە ئەو دەفتەرەدا نییە و لە ئەوێی دیکەدا هەن.. مەودایێ بێ دەنگ دەبن، ئەوجا ت. وەهبیی ناونیشانێ دەدات بە عەزیز ژیان و دەبێژێت: بنووسە/k).

**عەزیز ژیان:** مامۆستا ئیجازە دەفەرمووێت ئەو مەقالەیەی جەنابت لە گۆڤاری کۆڕی زانیارییدا بەبەین، کۆپیی لێ هەڵبگرین و بۆتانی بهێنمەوە؟[187].

**ت. وەهبیی:** زۆر مەمنوون دەبم. لە ئەوێدا مەعلووماتی زۆر هەیە، زۆرتشتی تێدا هەیە.

**عەزیز ژیان:** زۆر جوانە. زۆر جوانە مامۆستا، تەئریخی هاتنی تورکمانەکان بۆ کوردستان ڕوونـاك دەكاتەوە. (هێندێ پرسی عەزیز ژیان لەمەڕ ناوەکانی: دوزخورماتوو، تازە خورماتوو، ئەسکی کەڵەك، قسەیان لێ کەوتووەتەوە/k)

**عزیز ژیان:** توزخورماتو؟

**ت. وەهبی:** تووز خورماتوو[188]... تووز بە تورکیی یەعنیی: خوێ.

---

[187]- لە مەنفادا بۆم نەکرا ئەو نووسینەی بناسمەوە و ئاماژەی پێ بدەم.

[188]- دوز خورماتو: نها قەزاییێکی سەر بە باژێڕی ((سەلاحەددین))ە کە ڕژێمی بەعسی عارەب لە دوای ساڵی ١٩٦٨ەوە لە باژێڕی ((کەرکووك))ی دابڕیی. دانیشتووەکانی کورد، تورکمان، عارەبن. لەمەڕ ڕیشەی ناوەکەی بیروڕای جۆربەجۆر هەیە.. بێژراوە ناوە ڕەسەنەکەی ((خورما ـ تی)) بووە کە لە زمان و شارستێنیی ((خور ـ هور، ڕۆژ)) پەرستەکانی پێش مێژووەوە هەڵ کەوتووە



**عەزیز ژیان:** ئەوێی دیکە چییە، توخورماتووە؛

**ت. وەهبیی:** تازە خورماتوو[189]، عەلوویین؛ عەلیوڵڵەهی. تووز خورماتوو بوون بە شیعە، دەگۆڕدرێن. سوونەیشی، کوردیشی تێدا هەیە.

**عەزیز ژیان:** ئەسکی یاسین ئاغا؟

**ت. وەهبیی:** پردی هین؟! کەڵەکی یاسین ئاغا. بە تورکیی (ئەسکی کەلەك)؛ یەعنیی کەڵەکی کۆن. دەزانیت کەڵەك چییە؟

**عەزیز ژیان:** بەڵێ چۆن نازانم؟ من، خۆم سواری بووم.

**ت. وەهبیی:** کەڵەك ئێستە بووەتە پرد. من ناوم ناوە (کەڵەکی یاسین ئاغا)، ئەوە ئەسڵەکەیە. حەقیقەتە[190].

(هەڵدەستن بڕۆن. مایکڕۆفۆن دەهەژێ، قسەکان ڕوون نین. دوایی دەنگی عەزیز دەکەوێتەوە/k)

**عەزیز ژیان:** مامۆستا کەی دەفەرموویت لەگەڵ من سوار بیت بڕۆین بۆ نێو شار؟

**ت. وەهبیی:** ئای؟! خۆزگەم بە ئەو ڕۆژەی چووم بۆ (شێخ هەباس)[191]. تورکەکان دارەکەیان بڕیی بوو. شێخ هەباس جێگەیێکی خۆشی بوو لە سلێمانییدا[192].

---

=دیسان بێژراوە کە ((دز ـ خۆر ـ مات/ماد))ی مادەکان و واتا ((قەڵای خۆر ـ ڕۆژی کوڕی ـ ماد)). لە سەردەمێکی درەنگی بە ئیسلام بوونی نێوچەکەیشی بووە بە ((خانجار)) و دواتر لە سەردەمی فەرمانڕەوایی عوسمانییێکاندا بووە بە (توز ـ خورماتو).

[189]- تازە خورما توو: ئاوایییێکی نزیکی باژێڕی کەرکووکە و دانیشتووەکانی تورکمانن. لە ڕۆژگاری ڕژێمی بەعسی عارەبدا گەلێ دانیشتووی ڕاگواسترانەوە و عارەبیان خرایە جێگە.

[190]- کەڵەکی یاسین ئاغا: قەزاییێکی کوردنشیینی سەر بە باژێڕی هەولێرە. دوو سەدەیێك لە ئەمەوبەر دانیشتووەکانی ((ئێزدیی)) بوون و تووشی پەلاماری لەشکری میری سۆران (محەمەد پاشا)ی کۆڕ بوون.

[191]- شێخ هەباس: شێخ عەباس. بێژراوە پیاوچاکێ بووە و مەزارەکەی کەوتووەتە باشووری سلێمانیی. خەڵك بۆ هاتنەدیی مرازیان چوونەتە سەری و پارچە پەڕۆی کەسکیان پێوە کردووە. ئێستەش ئەو نەریتە هەر ماوە.

**عەزیز ژیان:** سەرچنار چۆنە مامۆستا[١٩٣]؟

**ت. وەهبیی:** ئەوە من ئاوەدانم کردووەتەوە. لاکین شێخ هەباس زۆر خۆش بوو، ئاویشی تێدا نییە.

**عەزیز ژیان:** لە ڕۆژنامەی (ژیان)ی ١٩٣٣دا نووسراوە: (بۆچیی یارمەتیی ئەم ڕۆژنامەیە نادەن؟ ئابوونە نانێرن؟ خۆ پووڵەکەی ناکاتە خەرجیی ڕۆژێکی سەرچنار).[١٩٤]

---

[١٩٢]- سلێمانیی: باژێڕێکی تەواو کوردنشینی کوردستانە. لە ١٧٨٤دا ئیبراهیم پاشای بەبە ـ بابان بۆ ڕێزی (سلێمان پاشای گەروە)ی مەمالیکە فەرمانڕەواکانی بەغداد ناوی نا. تا ساڵی ١٨٥١ پێتەختی میرنشینەکانی بەبە بوو، ئیدی تورکی عوسمانیی داگیر کرد. لە نێوان ١٩١٨ ـ ١٩٢٤دا دەمێ فەرمانڕەوایی حوکوومەتی کوردستان، دەمێ داگیرکاریی بریتانیای بەخۆوە دیت تا لە دوامێژوودا بریتانیا بە زۆری زۆردارەکیی نووساندی بە عێراقی عارەبەوە.
ساڵی ١٩٢٠ ژمارەی دانیشتووەکانی ١٠ ـ ١٢ هەزار و ئەمێستە پتر لە یێك ملیۆن کەسە. مەڵبەندی کوردایێتیی و ڕۆشنبیرییە، ١٠٥ کم لە باژێڕی کەرکووکەوە و ٣٧٠ کم لە بەغدادەوە دوورە.
[١٩٣]- سەرچنار: کانیاو و سەیرانگەیێکی دڵفڕێنی سلێمانییە کە ٧کم دوورە. ئەمێستە ـ لە ساڵی ٢٠١٠ەوە ـ ئەو جوانیی و شینایییەی نەماوەو پڕە هوردەکابینە و مەیخانە و قومارخانە.
ساڵی ١٨٥٣ (نالیی) شاعیری بەناوبانگ ـ لە ئەستەنبووڵەوە ـ شیعرێکی بۆ سالمی هاودەنگی ناردووە و تێیدا دەبێژێت:

ئـــەمجا مەوەســـتە تـــا دەگەییـــە عـــەینی (سەرچـــنار)
ئاوێکـــە پـــڕ لـــە نـــار و چـــنار و گـــوڵ و چـــونوور
چـەشمێکە میسـلی خـۆر کـە لەسـەر جـێ بـە ڕۆشـنیی
فـــەورانی نـــووری ســـافە لەســـەر بـــەردی وەك بلـــوور
یـــا عەکســـی ئاسمانـــە لـــە ئاوێنـــەدا کـــەوا
ئەســـــتێرەکانی ڕابکێشـــــن وەك شـــــەهابی نـــــوور

[١٩٤]- ڕۆژنامەی (ژیان ـ ٨، ژ ٣٧٢، ١٩٣٣/٩/٣) کە ڕۆژنامەیێکی حەوتەیی کوردیی و خاوەندەکەیشی (پیرەمێرد)ی ڕۆژنامەوان و شاعیر بووە، هەواڵێکی لەمەڕ ڕۆژنامەکەی و کڕینی تیپی نوێ و ئابوونەی کڕیارەکان نووسیوە، لە ئەوێدا دەبێژێت: (فیداکارییێکی دیکەمان کرد، لە بەدەلی سێ یێکیمان لێ فڕێ دا، هێنامانە سەر سێ سەد فلس ـ ساڵانە/k ـ کە پارەی ئێوارەیێکی سەرچنارە).



**ت. وەهبیی:** چیی چیی؟

**عەزیز ژیان:** (پووڵ کە بۆ منی دەنێرن ئەندازەی پارەی ڕۆژێك نییە؟ (پێ دەکەنن/k)

ئەمیر: جێگەی ئارەق خواردنەوە بووە.

**ت. وەهبیی:** کە من موتەسەڕڕیفی سلێمانیی بووم ـ ساڵی ١٩٣٠/k ـ کوڕێ هەبوو، ناوی (میرزا تۆفیق قەزاز)[١٩٥] بوو کوڕەکەی؛ شەفیق قەززاز سەردەمێ لە ئێراندا[١٩٦] بوو.

ئەمە ـ واتە میرزا تۆفیق/k ـ زۆر نزیکی من بوو. تا دەم کرد بە (وەکیلی خیتابەی کوردیی) کە وەلیی عەهد بهاتایە[١٩٧]. (مەبەستی جێگەنشینی پاشای عێراقە/k). پیاوێکی خۆش بوو، نێربوو.

ڕۆژێکیان پێم گوت: میرزا تۆفیق بچۆ بپرسە ئەم گردە پچکۆلەیەی لە کن سەرچنارە، هیی چ کەسێکە؟ ئەگەر دەی فرۆشێت با بی کڕین بە شەریکیی و بی

---

[١٩٥]- تۆفیق قەزاز: کوڕی حاجی ئەحمەد کوڕی کەریمی نەنێ (ژ: ١٨٩٩٨- م: ١٩٥٥). دوای شەڕی بەردەرکی سەرا؛ ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠ ناوی کەوتە سەردەم. گۆیا یێکێ بووە لە ڕابەرەکانی، بەڵام لە خولی حەوتەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ـ پارلەمان ـ عیراقدا بوو بە ئەندام (شوباتی ١٩٣٧ ـ ئاب ١٩٣٧). دوایی وەك دەوڵەمەند بوو، بە بازرگانییەوە خەریك بوو.
[١٩٦]- شەفیق قەزاز: نها سەرۆکی کۆڕی زانیاریی کوردە لە هەولێردا.
[١٩٧]- مەبەست لە وەلیی عەهد ـ لە ئەو هەل و مێژووەدا ـ غازیی کوڕی فەیسەڵی یێکەم کوڕی شەریف حسێن هاشمییە (ژ: ١٩١٢. مەککە - م: ١٩٣٩/٤/٤ بەغداد). دواتر کە بابی مرد بوو بە دووەم پاشای عێراق و ساڵانی ١٩٣٣ ـ ١٩٣٩ فەرمانڕەوابوو. بێژراوە بە پیلانی بریتانەکان کوژراوە ئەگەرچیی ـ لە باری مەستییدا ـ بە ئوتومۆبێلەکەی لە دار ئەلکترێکی داوە و بەسەریدا کەوتووە!! ناوبراو بیروباوەڕی بۆ یێك بوونی هەرێمەکان ـ وڵاتەکانی عارەب و ئازادبوونی فەلەستین لە داگیرکاری بریتانیا پەرۆش بووە؛ هەر بۆیێکا لە حوکوومەتی هیتلەری ناحەزی بریتانیا نزیك بووەتەوە. هەروەها سەرگەرمی گێڕاندنەوەی (کوێت) بووە بۆ سەر عێراق و لە (ڕادیۆی قەسرو زوهور)ەوە بانگەوازی پەخشی کردووە و کوێتییە ناڕازییێکانی لەخۆی کۆکردبووەوە.★
★ بنۆڕە: ویکیپیدیا الموسوعة الحرة.

**کەین بە پارك!). چوو، پرسیی و هاتەوە، گوتی: (هیی پیرێژنێکە، دەی فرۆشێت بە سێ سەد ڕوپییە).**

**سێ سەد ڕوپییە یەعنیی بیست وییك پاوەند[198].**

**گوتم: برۆ بی کڕە! چوو، کڕیی، بوو بە هیی هەردووکمان، وەها نییە؟ من لەگەڵ سیاسەت خەریك بووم، دەریان کردم. چوومە بەغداد. پوولێکم نەبوو ـ نەم گوت دەنووسن: ئاڵتوون، زێڕ وەردەگرم ـ قۆندەرەکەشم پینەی پێوە هەبوو.**

**ڕۆژێکیان هاتە لام ـ تۆفیق قەزاز/k ـ گوتی: بەخوا دە هەزار ڕوپیەم تێدا سەرف کردووە.**

**گوتم: موبارەکتە، هیچی منی تێدا نییە! گوتم دە هەزار؟**

**عەزیز ژیان: موبارەکی خۆت.**

**ت. وەهبی: ئەی کوڕەکەش قوسووری نەکرد کردی بە پارکێکی گەورە.**

**عەزیز ژیان:** سەرچنار، جێگەی سیاحەت و گەردشی خەڵك.

**ت. وەهبی: ئەی، زۆر خۆش بوو! زۆر مەمنوون بوو. من بۆ چیمە؟ منیش دەم دا بە ئەهالییێکە. من خۆم .. دوایی حوکوومەت کڕیی. ئێستە هیی حوکوومەتە، هینی بەلەدییە[199]. ئەوەیە کە من ویستم، من چیی لێ دەکەم؟ دەم ویست مەملەکەتەکە ئاوەدان بکەمەوە.**

**ت. وەهبیی: لە ئەوێدا عارەقیان دەفرۆشت و دەخواردەوە. (پێ دەکەنن/k).**

**عەزیز ژیان: من نەم زانیی چییە! تۆ فەرمووت و حاڵیی بووم. من فکرم دەکردەوە جێگەیێکی خۆشە.**

**[198]- پاوەند: پارەیێکی بریتانییە. لە ئەم ڕۆژگارەدا نرخی لە دۆلار و یۆڕۆ گرانترە. پاوەندێکی ئەمڕۆ ١١٧٦ دیناری عێراقییە کە بە پێی ڕۆژ دەگۆڕێ.**

**[199]- ئێستە کە ساڵی ٢٠١٠یە، بەدەست بەلەدییەوە نەماوە و کۆمپانیای خەڵکیی سەرپەرشتی دەکەن.**



**ت. وەهبیی: دێییێکی چۆڵ بوو. قەبرستانێکی لێ هەبوو. دوو داریشی لێ هەبوو. یێکێکیان گوتیان: ئەوە حەزرەتی (علیی) هاتووە، دوو داری لە ئێرە چەقاندووە. ئەسپەکەی لە ئێرەدا بەستووەتەوە؛ ((دوڵدوڵ))، ناوی دارەکان (.....،.....)[200]**

**ئەو سەرچنارە حەزرەتی عەلیی ڕمەکەی لێ داوە و ئەو ئاوە دەرچوو، نووسیومە، هەموویم نووسیوە[201].**

**ڕجام لە میرزا تۆفیق کرد، گوتم: (ئەم دارانە نەبڕن). حەقیقەتەن یادگارە. وەها نییە؟ موقەددەسە. نەتیجەن موقەددەسە مەسەلە (علیی) نییە، هیی مەملەکەتەکەیە؛**

**لە ساڵیی سیی.. نە، چل و شەش لەگەڵ خانم چوومەوە، تەماشا دەکەم دارێکیان بڕیوە. ئێستە دەڵێن ئەویی دیکەیشیان بڕیوە. چیی لە ئەو قەومە دەکەیت[202]؛ ئەو دارانە ئەوەندە گەروە بووبوون، داری بە ڕوو، هەردووکیان بە**

**[200]- ناوی دارەکانی هێناوە بەڵام بەشێوەیێك گۆی کردوون توانام نەبوو تێی بگەهم و بی نووسمەوە!**

**[201]- ئەم قسەو باسەی متمانەی زانستی پێ نابردرێت، چونکە ئەوە قسەی زارەکی خەڵکە و خەڵکیش لە هەموو ڕۆژگار و وڵاتێکی ئەم سەرزەمینەدا دەتوانن بە هەوای دڵی خۆیان قسەو باس بهۆندنەوە.**

**ئەم قسەیە ساتێ باوەڕی پی دەکراو بەڕاست دەگەڕا ئەگەر نووسینێکی عارەبیی یا فارسیی یا تورکیی یا خۆر ئاوایی کۆن ئاماژەیان بۆ بکردبایە.**

**باژێڕی سلێمانیی خۆی لە ١٧٨٤دا ئاوەدان کراوەتەوە، دەی داخۆ پێش سلێمانیی و هەتا خودا حەزبکات بڕۆ بۆ لای ڕۆژگاری حەزرەتی عەلیی کە ساڵی ٦٦١ز مردووە، ئەو (سەرچنارە) ناوی چیی بوو و کێی لێ هەبووە و کێ لەسەر تاشە بەردێ، لە دەفتەرێکدا ئەو قسانەی نووسیوە؟**

**جێگەی گێڕانەوەیە، گەشتوانی ئینگلیز؛ ڕیچ Rich لە گەشتنامەکەی ساڵی ١٨٢٠دا، یێکەم کەسە باسی سەرچنار و ئەو دوو درەختەی کردووە.**

**[202]- لە یاداشتەکانییدا دەبێژێت: لە ئەم شوێنەدا ـ سەرچنار/k ـ دوو درەختی بەرز بەگردێکەوەیە. دەبێژن ڕۆژگارێکی کۆن ئەوە شوێن شەڕێ بووە کە (ئیمامی عەلیی) لەگەڵ گاوورەکان کردوویێتی و سەری ڕمەکەی تێدا چەقاندووە و ئاوی لێ تەقیوەتەوە. عەبدوڕڕەحمان ئاغا ـ یاوەڕی ڕیچ/k ـ دەبێژێت. ئەمە تەنها ئەفسانەیێکی سەرزاریی کوردانە و نازانێت چ**

ڕوو.. (کابـانی بـە کـوردیی دەبێـژێت: حەیفـە/k) مردنـە! نـەء هـەر نـەك موقەددەسە، ئەوە فۆلکلۆری کوردە.

**عەزیز ژیان:** لە ئایینی (زەرتەشت)یدا[٢٠٣] دار موقەددەسە مامۆستا.

**ت. وەهبی:** بەڵێ دەزانم. (کابانی پرسی بە عەزیز دەکات کە ئایا: شیعەیە یا چییە؟)

**عەزیز ژیان:** نەء شافیعیی[٢٠٤].

---

=خەڵکانێ شەڕیان کردووە.⋆ (وێڕاش- بەپێی مێژوو- حەزرەتی عەلیی هەرگیز نەهاتووەتە کوردستانەوە/ K.)

⋆ بنۆڕە: رحلة ريچ في العراق ١٨٢٠ ج ١، ل ٤٨.

[٢٠٣] زەرتەشت Zerthust ـ بە ئینگلیزیی کە پێ دەچێ ڕیشەکەیشی یۆنانیی بێ ـ Zerthust. پەیامبەرێکی ئاریانیی یێکتاپەرست بووە کە خەڵکانی ئێرانیی، پاکستانیی، ئەفگانیی، کوردستانیی باوەڕیان پێ هەبووە. کتێبی پیرۆزیشی ((ئاڤێستا))یە کە زمانەکەی لە سانسکریتی ـ هیندوستانیی کۆن ـ و پارسیی و کوردیی کۆن بووە.

دەبێژرێ لە نێوان ساڵانی ١٣٠٠ ـ ١٤٠٠ یا ١٥٠٠ ـ ١٦٠٠ی پێش هاتنە دنیای عیسا پەیامبەر ژیاوە. قسەوباس لە مەڕ خانەدان و شوێنی هەڵ کەوتنی فرەیە، پتر دەبێژرێ کە لە نێوچەی باکووری خۆرهەڵاتی ئێرانی ئێستەدا هەڵ کەوتووە.

هەرە پەیامی دیاری ئایینەکەی بۆ (بیری چاك، کرداری چا، قسەی چاك) عەودالْ بووە.

یۆنانی کۆن ـ لە ئەوانیشەوە عارەب ـ بە مەجووس Magus ناویان بردووە.

ئەمڕۆ ژمارەی خەڵکی ئایین زەرتەشتیی لە وڵاتانی ئێران، هیندوستان، پاکستان، ئامریکای باکووردا هەن و ژمارەیان لە نێوان ١٩٠ ـ ٢٥٠هەزار کەسێ دەبێت.⋆

⋆ بە کورتیی لە چەند سەرچاوەیێکەوە.

[٢٠٤]- شافیعیی: مەزەبێکە لە مەزەبەکانی داهێندراوی زانا موسڵمانەکان و ئەم مەزەبەش بە ناوی خاوەندییەوە؛ محەممەد بن ئدریس ئەلشافیعیی (ژ: ٧٦٦ز ـ ٨٢٠ز) کە گۆیا نوێ کەرەوەی ئیسلامە لە سەدەی دووی کۆچییدا. هەروەها دامەزرێندی زانستی (ئوسووڵی فیقھ)ە کە ناوی لێ ناوە (الرسالة).⋆

جێگەی باسە زۆربەی کوردە سوننەکان لەسەر مەزەبی ئەوون و سەلاحەددینی ئەییووبیی زۆر بایێخی پێ دا.⋆

⋆ بنۆڕە: ويكيپيديا الموسوعة الحرة.



**ت. وەهبیی:** منیش شافیعیم. (هێندێ قسەی کوردیی و عارەبیی ت. وەهبیی و کابانی، هەروەها تێ چێنیی عەزیز ژیانیش لەمەڕ بابەتی مەزەبەکان دەبیسترێ کە لای من بۆ بڵاوکردنەوە ناشێن. دووایی ت. وەهبیی دەبێژێت کە: لە ئیسلام و ڕۆژکاری پەیامبەر دا ((د. خ)) مەزەب نەبووە و ئەم باوە لە دووارۆژدا کەسانێ خولقاندوویانە. ئەوجا عەزیز ژیان و ئەمیر حەسەن پوور ماڵ ئاوایی دەکەن/k).

**ت. وەهبیی:** (بە سۆزێکی جوانەوە/k) مـن کـە چـاوم بـە ئێـوە دەکـەوێت، دڵـم دەگەشێتەوە. (کابانی بە عارەبیی دەبێژێت: شوفون شـوفو شـگـد فرحـان/ شـوفو، شوفو شگەد فەرحان ـ تەماشا بکەن، تەماشا بکەن چەندێ شادومانە؟!. ئـەوجا ت. وەهبیی لەسەر قسانی دەڕوات/k) عومرم هەشتاو شەش ساڵە، کـورد دەبیـنم، حـەز لـە کورد دەکـەم. بـۆ کـورد مـردووم[٢٠٥] هیچـم لـە کـورد دەسـت نەکـەوتووە، دەڕۆم. وەك کابرا گوتی: نارۆییت، سەد ساڵی دیکە دەی بینیت.

**عـــەزیز ژیـــان:** لـــە کوردســـتانی ئێرانـــدا، خـــەڵك مونـــەوویرەکان ـ ئێســـتە ئەلحەمدولیللە هەموو مونەوییرن ـ زۆر ئیحتیرامی جەنابت دەگرن. کەسیش تۆی نەدیتووە، هەر ئەوها دەتناسن.

**ت. وەهبیی:** منیش ئەوانم بەقەدەر کوڕی خۆم خۆش دەوێ. هـەموو کوردێـك، هەموو کوردێك.

**عەزیز ژیان:** من هاتمە ئینگلستان، هـەوەڵ سفارشـێ ـ ڕاسـپاردەیێ/k ـ لێیـان کردم، گوتیان: فەرامۆشی نەکەیت، بچۆ بۆلای ئوستادە دەستی ماچ بکە!

**ت. وەهبیی:** ئافەرم. زۆر مەمنوونم.

(عەزیز ژیان و ئەمیر حەسەن پوور، خودا حافیزیی گەرم لە خۆی و کابانی دەکەن و دەڕۆن... تا چەند دەققەیێ ـ ئەمیر ئاگەهدار نییە ـ مایکرۆفۆن ڕیکۆردەرەکە واڵایە و دەنگی ڕەوتیانی تۆمار کردووە، دووایی دەبڕێتەوە/k)

(تەواو)

---

[٢٠٥]- ڕاستیی ئەم قسەیەی بەدەمی خۆی نابێ بەڵگە بە تەرازووی زانست و ڕاستییە و خوێندەوار بۆیی هەیە بڕیار بدات.



کوردیکا @kurdica

# خوێندنەوەییێکی ڕەخنەگرانە

ئەگەر گوتوبێژەکەی خۆی، کارنامەی ژینی و تێ چێنیییێکانی من و کەسانی دیکەیش بەرامبەری، ئەمانە (ڕەفتار) یان ڕۆشنا کردبێتەوە، ئەوە ـ بەڕای من ـ تا ڕادەییێکە و هێشتا دڵی خوێندەواری ژێر ئاوی نەخواردووەتەوە و کۆمەڵێ پرسیاری لەسەرە و پەرۆشی وەڵامە.

ئەز بۆ ئەو مەبەستە و لە سەروویشیەوە بۆ خزمەتی ڕاستیی کۆششێ دەکەم، سەرلەنوێ (ڕەفتارەکان)ی بخوێندمەوە و لێیان هوردببمەوە و بکۆڵمەوە.

بۆ ئاسانیی ئەو کارەش بەچاکم زانیی (ڕەفتارەکان)ی دابەش بکەم بۆ خوێندنەوەی:

- ڕەفتاری ڕۆشنبیریی
- ڕەفتاری سیاسیی



## بەشی یێکەم ـ ڕەفتاری ڕۆشنبیریی

ـ ١ ـ

بێ دوودڵیی، هەر لە سەرەتاوە دەبێژم؛ هەرچیی (ڕەفتاری ڕۆشنبیریی) ت. وەهبییە، سەرچاوەکەی پێوەندی و تێکەڵ بوونە لەگەڵ ڕۆشنبیریی خۆرئاوا.

یێکەم هەنگاویشی بۆ ئەو تێکەڵییە، چوونە (فێرگەی ڕوشدییەی سەربازیی سلێمانیی)[1] بووە کە بەخت یاری بووە و فێرگەکە لە ڕۆژگارەکەیدا هەڵ کەوتووە و ئەوێ دەمێ بەرنامەی خوێندنی نوێی عوسمانیی — لاسایی کراوی بەرنامەی خوێندنی خۆرئاوایی ـ پەیڕەو کراوە، چ بۆ فێربوون و ناسینی زانستەکانی سەربازیی، چ بۆ فێربوونی (زمانی فڕانسیی) کە دواتر لە بەغداد و ئەستەنبووڵدا درێژەی کێشاوە، تەنانەت. وەهبیی لە ئەو ڕۆژگارانەشدا فێری (زمانی ئاڵەمانیی)ش بووە و دواتر ـ لەوڵاتی عێراقدا ـ فێری (زمانی ئینگلیزیی)ش بووە.

ئەو، کە ئەفسەرێکی ـ کوردی ـ عوسمانیی بووە، لە ساڵی ١٩١١دا، بە زمانی تورکیی کتێبێکی لەمەڕ بابەتێکی سەربازیی نووسیوە و چاپ کردووە کە ناوی (ماکینەسی تفنگ) بووە و[2] چەندیش لێی هورد دەبیتەوە سەرت دەسووڕێت کە؛ دوای هەڵ کەوتنی ژینی دەستووریی ـ ١٩٠٨، هەرگیز لە بزاڤی سیاسیی و ڕۆژنامە و گۆڤارێکی کوردیی ـ تورکییدا ڕەنگی بیر و قەڵەمی دەرنەکەوتووە. کەچیی

---

[1]- فێرگەی ڕوشدییە ـ نێوەندیی سەربازیی سلێمانیی لە ساڵی ١٣٠٩ڕ/١٨٩٣زدا کراوەتەوە.★

★ بنۆڕە: تأریخ السلیمانیة وانحاءها ـ ص ٢٥٧.

[2]- بنۆڕە: لەگەڵ مامۆستا تۆفیق وەهبیی ـ ل ٤٣.

جێگەی گوتنە خۆی دەبێژێت کە لە ڕۆژگاری بەسەرهاتەکانی ئەرنائوود ـ ئالبانەکاندا لەمەڕ جم و جووڵی و خەباتی گەریللایی دای ناوە و ئەوێ دەمێ. کەساسیی ئەو نەتەوەیە، هەستی کوردایێتیان(!!) بزواندووە. دیسان لە هەمان لاپەڕەدا ئاماژە کراوە کە دانەیێکی ئەو کتێبە لە کتێبخانەی Soasی بریتانیا دایە.

تێکەڵی یانەی کوردانی ئەستەنبووڵ و ئاشنای کەسانی ناسراوی وەك حاجیی مەلا سەعید کەرکووکی زادە، حاجیی توفیق بەگ ـ پیرەمێرد، مەلا مەعسوومی کوڕی مەحویی شاعیر، حاجیی مستەفا پاشا یا مەلکێ و کەسانی دیکە بووە[٣].

جێگەی باسە، ئەوێ لە پاشەڕۆژدا بوو بە زمانەوانێکی بەناوبانگی کورد، نە لە ڕۆژگاری فرمانەکەیدا لە دەوڵەتی عوسمانییدا، نە لە دوارۆژی ژینیدا، هەرگیز ئاماژەی بۆ ئەو کۆششە یێکەمە بەنرخە نەکردووە کە (م. ص. آزیزی ـ محەممەد ساڵح بەدرخان) لە گۆڤاری (ڕۆژی کورد)دا، لەبەر ڕۆشنایی ئەلفا بێی عارەبیی ـ بۆ ئاسان کردن و پێشکەوتنی ڕێنووسی کوردیی ـ هێندێ تیپی تایبەتیی بۆ تیپ ـ دەنگەکانی کوردیی داتاشیی بوو[٤].

دیارە چەند لە ژینی ئەستەنبووڵی هورد ببیتەوە، لە ئەوانەیە ببێژرێ کە دەبێت ڕاگواستنی بۆ شوێنان مایەی دوورە پەرێزیی لە کوڕ و نووسینی بابەتی کوردیی بووبێ، بەڵام ڕاستیییێکە ئەوەیە؛ ئەوە مەڵامەت نییە و دەتوانین ببێژین کە خۆی دەربەستی بزاڤی ڕۆشنبیریی نەتەوەکەی نەبووە[٥].

- ٢ -

لە هاتنەوەکەی ساڵی ١٩١٩دا بۆ سلێمانیی، دیسان ئەو بارەی پێشووی لێ دەدیترێ. ئەوەتە لە هەلێکدا فەرمانڕەوا؛ مێجەرسۆن Soaneی ئاشنای[٦]، خۆی و

[٣]- سەرچاوەی پیچشوو، لاپەڕەکانی: ١٥، ١٤، ١٣، ٢٠.

[٤]- ڕۆژی کورد ـ ژ ٢، ١٩١٣/٧/١٩ (بەشی تورکیی: حروفمزتسهیل قراءتی/ تیپەکانمان و خوێندنەوەیان بە ئاسانیی)؛ ل ١٢ ـ ١٦.

[٥]- بەڵگەیێکی پێچەوانەی ئەو، ئەفسەری دیاری عوسمانیی ئەمین زەکیی بەگە کە هەستی ڕۆشنبیریی و نەتەوەیی هێندە کامڵ بووە، لە تورکیادا کەوتووەتە کۆکردنەوەی کەرەستەکانی نووسینی مێژووی کورد و کوردستان و وێڕای سۆتنیماڵەکەی و کۆکراوەکانی لە ئەستەنبووڵدا، کۆڵی نەداوە و سەرلەنوێ ڕەنجی داوەتەوە و کەرەستەی کۆکردووەتەوە و شەونوخنیی کردووە تا خزمەتی خۆی بەرامبەر نەتەوەکەی بەجێ هێناوە.★

★ بۆ تێ گەهیشتنی بەسەرهاتی بنۆڕە: مێژووی کورد و کوردستان ـ پێشەکیی.

[٦]- سۆن Soane چ پێشنیازێکی وەهبیی لەمەڕ زمان و ئەدەبییاتی کورد باس ناکات. پێچەوانە ـ بۆ ڕاستیی ـ لە گوتارێکیدا پێشنیازێکی بۆ چڵکنیی «خەزێنەی حەمام» کردووەتەوە و



ڕۆژنامەکەی پەلامارێکی فرە بە هێزیان دەدا بۆ بووژاندنەوەی زمانی کورد و بڵاوکردنەوە و نووسینی کوردیی پەتیی و زۆریان دەبرد قەڵەم بەدەستەکان بۆیی بنووسن و زمانی کورد دەنگی بەرز بێ، ئەو، وەهبیی تاکە گوتارێکی ـ بە ڕێنووسێکی کۆن و ناتەواوەوە ـ لەمەڕ کردنەوەی قوتابخانەی پیشەسازیی نووسیوە و هیچی دیکە. ئەوەش یێکەمین گوتاری کوردییێتی.

جێگەی باسە هەر ئەوێ دەمێ، لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٠دا، بە ڕاسپاردەی سۆن Soane، دوو مامۆستای قوتابخانەی سلێمانیی؛ محەممەد زەکیی ئەفەندیی و میرزا محەممەد باشکە کتێبی (کیتابی ئەووەڵەمینی قیرائەتی کوردیی:KITABI AWALAMINI QIRAATI KURDI) یان بۆ فێرکردنی نووسینی کوردیی بە ئەلفا بێی لاتینیی دانابوو[٧].

هەروەها هەر بە ڕاسپاردەی سۆن Soane مامۆستای زمانی فارسیی و عارەبیی هەمان قوتابخانە، سەعید سدقیی کابان، لە هەمان ساڵدا (یێکەمین ڕێزمانی کوردیی) بە ناوی (گوڵزار)ەوە داناوە[٨] کە دواتر ـ دوای دەستکاریی ـ ساڵی ١٩٢٨ بەناوی (موختەسەر سەڕف و نەحووی کوردیی)ەوە چاپ و بڵاوکرایەوە

=دەبێژێت؛ (لەبیرم دهێت پار لە مەجلیسی شاردا تۆفیق وەهبیی ئەفەندیی هەووەڵ تشتێ کە هێنایە پێشەوە ئەم باسە بوو کە خەزێنەی حەمام زۆر نەخوشیی لێ هەڵ دەکەوێت).★

★ بنۆڕە: پێکەوتن ـ سلێمانیی؛ س ١، ژ ٣٢، پێنجشەممە ١٩٢١/١/١٣/ گوتار: خەزێنەی حەمام ـ سۆن.

[٧]- کتێبەکە ٣١ لاپەڕەیە و بە ئەم شێوەیە ـ بە تیپی لاتینیی ـ نووسراوە و ساڵی ١٩٢٠ە لە ئەوانەیشە لە مانگی شوباتدا بووبێ کە لە چاپخانەی حوکوومەت لە بەغدادا چاپ کراوە و بەهۆی دایێرەی مەعاریفی بەغدادەوە ـ چاودێری کراوی بریتانەکان ـ بڵاوکراوەتەوە.★

★ بنۆڕە: داوێن: ٤: بەڵگەکان.

[٨]- بەپێی قسەو باسی کاك بەهجەت سەعیدکابان ـ لە زمان بابیەوە ـ کە پاییزی ١٩٨٣ بۆ منی گێڕایەوە.★

★ بنۆڕە: داوێن: ٤/ بەڵگەکان. بۆ وێنەی ڕەشنووسی یێکەم جارەی و پاك نووسی گوڵزار، دوا وێنەی چاپی (موختەسەری سەڕف و نەحووی کوردیی).

و بەبڕیاری وەزارەتی مەعاریف ـ زانستیی عێراقیش لە قوتابخانەکانی کوردا پەیڕەو کرا.

ڕاستییێکەی ئەوێ کە ـ لە گوتوبێژەکەیدا[9] ـ باسی تێکەڵیی خۆی و لاوانی ئەو ڕۆژگارەی کردووە، سەرسامان دەکات، چۆن ئەو پەلامارە ڕۆشنبیرییە گەورەیە کانیی بەهرەو توانای نەتاقاندووە و ژینی ڕۆشنبیری ڕۆژگارەکەی ئاوەدان نەکردووەتەوە؟!

لەئەوانەیە بیانووییێک بەری قسەمان لێ بگرێ و ببێژێت کە مەلامەتەکە ئەوەیە؛ زوو لە ئەو کەشە دابڕدراو دوورکەوتەوە و چووە بۆ بەغداد، بەڵام بە ڕۆشنایی ساڵانی ١٩٢٠ ـ ١٩٢٣ کە هاتووەتەوە بۆ سلێمانیی و هیچ نووسینێکی لە ڕۆژنامەکاندا نییە[10]، بۆم هەیە ببێژم کە توانای ڕۆشنبیریی لە ئاستی قۆناغەکەدا نەبووە و باسی زمان و ئەدەبییات و مێژوو، کەلەپووری کورد لە هۆش و بیر و قەڵەمیدا جێگەیان نەبووە، بگرە دەربەستیان نەبووە و پتر هۆگری فرمانەکەی و چالاکیی سیاسیی بووە.

- ٣ -

لە تاکە گوتارەکەی ساڵی ١٩٢٠ەوە تا دوو گوتارەکەی نێو گۆڤاری (دیاریی کوردستان: ١٩٢٥)، ئەوە ت. وەهبیی چ گوتارێکی بلاوکراوەی نییە. بەڵام خۆی لە

(٩) ڕەفیق حیلمییش لە یاداشتەکانیدا باسی کردوون.

(١٠) ڕۆژنامەکانی ساڵانی ١٩٢٢ ـ ١٩٢٣؛ بانگی کوردستان، ڕۆژی کوردستان. (بلاوکراوەش لە: الاثار الكاملة لتوفيق وهبي بك ـ ج ١، ل ٣٨٣)

هەروەها: لەگەڵ مامۆستا تۆفیق وەهبیی؛ ل ٤١ ـ ٤٢ (دەبێژێت؛ لە بەریتانیا، لە ساڵی ١٩٢٣دا کاغەزێکم لە مەعاریفەوە بۆ هات لەگەڵ کتێبی قەواعیدی ئینگلیزییشی و داوایان لێ کردم لەسەر شێوەی ئەو قەواعیدە قەواعیدێکیش بە کوردیی ئامادە بکەم.. لەسەر ئەوە بڕیارم دا، دەستم کرد بە نووسینی «دەستووری زمانی کوردیی» و خۆم پێوە ماندوو کرد، بەڵام ساتیعولحوسەریی ئەو سەردەمە زۆر دەستی دەڕۆییشت لە مەعاریفی عێراقدا. بە هەموو جۆرێ بەربەرەکانێی ئەو دەستووری زمانەی کرد و بەهیچ نەوعێك ڕێگەی نەدا کە مەعاریف ئەو کتێبە قوبووڵ بکات و بلاو بکرێتەوە. هتد..).



گوتو بێژەکەی ئێرەدا و چەند شوێنی دیکەدا[11]، یێك قسەی دووبارە کردووەتەوە گۆیا؛ (لە ساڵی ١٩٢٣دا، وەزارەتی ماعاریفی عێراق داخوازییێکی ڕەسمییانە و کتێبێکی ئینگلیزیی لەمەڕ ڕێزمان بۆ هەناردووە تا هاوشێوەیێکی کوردیی بۆ قوتابخانەکانی کوردان گەلاڵە بکات). لە ئەوەیش پتر قسەی بردووەتە پێشەوە گۆیا؛ (ساڵی ١٩٢٩ ڕێزمانەکەی تەواو کردووە و ڕێبەری گشتیی مەعاریفی عێراق ساتیعولحوسەریی کێشەی بۆ خوڵقاندووە و بەرهەڵستی خوێندنی ڕێزمانەکەی بووە).

ئەم قسەیەی لەمەڕ (ڕێزمانی کوردیی و دەست پێ کردنی لە ساڵی ١٩٢٣)دا. بە ڕاستیی مایەی گومانە، چونکە:

- ئەو تا دوو گوتارەکەی ساڵی ١٩٢٥ بە ناونیشانی، (کوردییێکەمان بە چۆن ـ ڕاستر بە چ/k ـ حەرفێك بنووسین؟)[12] کە تازە بە تازە گوتاری لەمەڕ زمانی کوردیی نووسیوە، هەرگیز هیچی لەمەڕ ئەو زمانە نەنواندووە[13]. ئاشکراشە

(١١) بۆ وێنە بنۆڕە: حول مقال «مسؤولية الاديب الكردي الكردى» للاستاذ عبدالمجيد لطفي ـ جريدة التاخي ـ ع ١٢٧٨، ١٩٧٣.

(١٢) لە ئەو گوتارانەیدا کە ڕوو بە ڕووی گوتارەکانی کۆچ کردوو ئیسماعیل حەققی شاوەیس قسەی کردووە، لایێنگیری بەکاربردنی (ئەلفا بێی لاتیینیی) نییە.

(١٣) لە هەلێکدا لە سلێمانیی و بەغدادیشدا کەسانی وەك مستەفا قەرەداخیی، ج. ص لە ڕانیەوە، م. نووریی (نووری شێخ ساڵح) لە سلیمانییەوە، مەعرووف عەلیی ئەسغەر (جیاووك) لە بەغدادەوە لەسەر دانانی کوڕی زمان ناسان، فەرهەنگ، ڕێزمانی کوردیی، ڕێنووسێکی نوێی کوردیی، خوێندنی کوردیی گوتاریان نووسیوە.. بنۆڕە:

- پێشکەوتن ـ سلێمانیی؛ س ١، ژ ١٠، ١٩٢٠/٧/١ (بێ ناونشان) گوتاری مستەفا قەرەداغیی (پێشنیازی دانانی ڕێزمانی کوردیی دەکات).
- پێشکەوتن ـ سلێمانیی؛ س ١، ژ ١٩، ١٩٢٠/٩/٢ بۆ دائیرەی عەلییەی پێشکەوتن /ج.ص لە ڕانیەوە ( پێشنیازی دانانی کۆڕی زمان ناسان، فەرهەنگی کوردیی، ڕێزمان دەکات).
- پێشکەوتن ـ سلێمانیی؛ س ١؛ ژ ٤٤، ١٩٢٠/٢/٢٤/ لە یێك چوونی حەرف ـ م. نووریی (باسی ڕێنووسی کوردیی و چاك کردنی دەکات).
- پێشکەوتن ـ سلێمانیی؛ س ٣، ژ ١١٥، ١٩٢٢/٧/٦/ مەسئەلەی کوردیی /مەعرووف عەلیی ئەسغەر (وەڵامی ناحەزانی زمانی کوردیی داوەتەوە).

کارکردن لە هەر مەیدانێکی پیشە، زانست، ئەدەب، هونەردا، پێ ویستی بە قاڵ بوونە و هەڵ کەوتنی توانا و دەسەڵاتە. ئەوجا چۆن لە ١٩٢٣دا ڕووی کاری ئەوتۆی لێ نراوە؟ لە لایێکی دیکەوە ئەو لە ١٩٢٣ بە دواوە خەریکی فێر بوونی ئینگلیزیی بووە و شارەزایی ڕێزمانی ئینگلیزیش نەبووە، ئیدی چۆن ئەوکارەی پێ سپێردراوە؟

- ئەو کە لە سەرەتای بەهاری ١٩٢٣دا هەرای کرد بۆ بەغداد و سلێمانیی بەجێ هێشت و لە سوپای عێراقی عارەبدا جێگەی خۆی کردەوە، هەنگی دەسەڵاتی مەملەکەتی عێراق بەسەر هەموو کوردستاندا نەکشابوو. سلێمانیی هێشتا پێتەختی (مەملکەتی کوردستانی جونووبیی) بوو. هێشتا کێشەی بەناو هەرێمی مووسڵ ـ کوردستان ـ و نووساندنی بە مەملەکەتی عێراقی عارەبەوە نەبڕدرابووەوە. ئەو کێشەیە دوای بڕیاردان و ددان پێ دانانی ((کۆمەڵەی گەلان)) لە ١٩٢٥/٧/٦دا ئەوجا تەواو بوو!

هەروەها بە ڕۆشنایی بڕیاری هەمان کۆمەڵە بۆ (ڕێز لێ گرتن و بەکاربردنی زمانی کوردیی لە کاروبار و خوێندندا) ئەوجا وەزارەتی مەعاریفی عێراقی عارەب هاتە پێشەوە. لە ئەم ڕووەوە لە سەرەتای ١٩٢٦دا (لیژنەیێکی پێك هێنا بۆ وەرگێڕاندنی کتێبەکانی قوتابخانەکانی سەرەتایی بۆ کوردیی) و ت. وەهبیی ئەندامێك بوو. بەڵام وەك لیژنەکە بۆ ئەو مەبەستە ـ نەك بۆ دانانی ڕێزمان ـ پێك هات بوو، ت. وەهبیی پێشنیازی کردبوو (بەر لە کاری وەرگێڕاندن دەبێت کێشەی ڕێنووس چاك بکرێت)[١٤].

کەواتە تا ساڵی ١٩٢٦ وەزارەتی مەعاریف و دەزگەی مەعاریفی گشت عێراق هیچی لێ دیار نییە بۆ (خوێندنی زمانی کورد) و (دانانی کتێبی کوردیی) و هتد.. وێڕاش ئەو قسەیەی وەهبیی لەمەڕ هەڵوێستی ساتیعولحوسەریی، ئەوە لەسەر کێشەی (چاك کردنی ڕێنووس) بووە نەك لەسەر (ڕێزمان) و بەتایبەتیی لەمەڕ ڕێزمانی گەڵاڵەکراوی ئەو[١٥].

[١٤]- بنۆڕە، داوێن: ١/٣ کێشەیێکی سیاسیی بەناوی...

[١٥]- هەروەها.



بە ئەو ڕۆشناییە، ئەو **ڕوو لێ نانەی لە ساڵی ١٩٢٣دا** بۆ (گەڵاڵەکردنی ڕێزمانی کوردیی) **بەڕاست وەرناگیردرێت** بە تایبەتیی کە هەر خۆی بە شێوەیێکی دیکە، ڕاستییێکەمان پێ نیشان دەدات کە دەبێژێت؛ (لە ساڵی ١٩٢٣دا ئینگلیزەکان لە بەغداددا مەکتەبی ((کەلتوور)) یان کردەوە. چووم بۆ مەکتەبەکە بزانم چیی تێدا هەیە. ڕوانیم گەلێ تەرجومەی ((ئینجیل))ی تێدا هەیە و بە گەلێ زمانە. سەیری حرووفی ئەو تەرجەمانەم کرد؛ مالیزیی، ئیندەنۆسیی. کۆریی، عارەبیی، ئینگلیزیی و هتد.. کوردیی تێدا نەبوو. سەیرم کرد ئەو زمانانە حەرفەکانی هەموو ئیشارەتی سەیریان لە سەرە بۆ ئەوەی حرووفی عارەبیی کە شێوەی لە ئەو زمانانەدا نییە لێی نزیك بکەنەوە.. ئەو ئیشارەتانە، خستمیانە سەر کەڵکەڵەی ئەوەی هەوڵ بدەم منیش ئیشارەت بۆ ئەو تیپە کوردیانە بکەم کە بە پیتی عارەبیی نووسینی زۆر گران بوو وەك ((٨، ٧)) و ساڵی ١٩٢٩دا دەستووری زمانی کوردیم دانا)[١٦].

لە لایێکی دیکەشەوە م. ر. هاوار ـ لە وەهبیەوە ـ باسەکەی بە ئەم شێوەیە نووسیوە؛ (وەزارەتی مەعاریف لە ١٩٢٣دا داوای لێ کرد قەواعیدێك بۆ زمانی کوردیی دابنێت تا لە قوتابخانەکانی کوردانەدا بخوێندرێت. ((کە ساڵێك دەستی کرد بە ئەو کارە، بۆیی دەرکەوت تیپی عارەبیی بە کەڵکی هەندێك دەنگ ناهێت لە ئاستی هەندێ وشەی کوردییدا. لەبەر ئەوە کەوتە بنج و بناوانی ئەوەوە تا چارەسەرێکی بکات. هات هەندێ ئیشاڕەتی دەستنیشان کرد بۆ ئەوەی بخرێتە سەر و ژێر هێندێ تیپی وە: ۆ، ێ، ڕ... بەڵام وەزارەتی مەعاریف ئەو تەقەلایەی پەسەندنە کرد)))[١٧].

هەڵبەت ئەنجامی لە تەرازو دانی ئەم قسە و باسانە هەر ئەوە دەبێت، (باوەڕ نەکرێ بە ڕێکەوتی ساڵی ١٩٢٣) و ئەو ڕوو لێ نانە. وێڕاش ساتیعولحوسەریی لە ساڵی ١٩٢٩دا ڕێبەری مەعاریف نەبووە! ئەگەر یێکجار نەرمیشمان نواندو گریمان ڕێکەوتەکە راستە، ئەوە دەبێت ـ لەبەر ئاگەهداریی و مەرامی خۆیشیان ـ

[١٦]- بنۆڕە: لەگەڵ مامۆستا تۆفیق وەهبیی ـ ل ٢٥.

[١٧]- هەروەها، ل ٦٢.

کاربەدەستەکانی ئینگلیزی چاودێری عێراق، دوایێکی ئەوتۆیان بەرەوڕوو کردبێ!![18]

دیسان ـ ئەگەر ڕوو لێ نانەکە ڕاست بێ!! ـ ئەوە نوخشەی ڕەنجی (ڕێزمان) نەبووە، بەڵکە خەریك بوون بووە بە (ڕێنووس)ەوە و نوخشەی هۆگرییێکەیشی دوو گوتارەکەی ساڵی ١٩٢٥ە؛ (کوردییێکەمان بە چۆن حەرفێك بنووسین؟)[19].

هەروەها تێ دەگەهین کە ـ چۆن خۆی باسەکەی گێڕاوەتەوە ـ لە پاڵ ئەو کرد و کۆششانەی، ئەوە هێندێ ئەفسەر و کاربەدەوستی بریتانیی (فێری کوردیی و تورکیی) کردووە[20]. لە لایێکی دیکەشەوە لە فێرگەی سوپای پاشایێتی عێراقیشدا زمانی فارسیی فێری شاگردان کردووە[21]. بێ گومان ئەمانەیش کارێکیان کردووە کە وەك کەسێکی هۆگری (زمان) و کوردیی لەلای کارەبەدەستەکانی عێراقی عارەب، بە تایبەتیی لەلای وەزارەتی مەعاریف بناسرێت و لە شووباتی ١٩٢٦دا داوەت بکرێ بۆ تێکەڵ بوونی (لیژنە)ی باس کراو. گومانیش نییە، بریتانەکانی چاودێری عێراق دەوریان بۆ تێکەڵ بوونەکەی هەبووە و ئەمەیش لە ڕاهێڵەی (کێشەی ڕێنووس)دا دەرکەوتووە ساغ بووەتەوە.

---

[18]- ئینگلیزەکان لە مێژەوە خەریکی کورد و زمانی بوون و لە کەمو کورتییێکالنی گەشەکردنی قسەیان کردووە. بۆ وێنە مس بێڵ Mrs. Bell لە داندراوی خۆیدا نووسیویێتی (بۆ بەکار بردنی زمانی کورد و خوێندنی، کێشەی نەبوونی ڕێزمانێکی نووسراو و ڕێنووسێکی تەواو هەیە).★

★ بنۆڕە: فصول من تاريخ العراق القريب ـ ل ٣١٥.

[19]- دیاریی کوردستان ـ س ١، ژ ٦، ٧ی ١٢ و ١٩٢٥/٥/١٩.

[20]- بنۆڕە: لەگەڵ مامۆستا تۆفیق وەهبیی ـ ل ١٩ کە دەبێژێت ئەدمۆندزی فێری کوردیی و تورکیی کردووە.

=هەروەها ل ٤٠ کە دەبێژێت؛ مێجەر ئیدی فێری کوردیی و فارسیی و ئەویش ئینگلیزیی فێر کردووە.

[21]- هەمان سەرچاوە؛ ل ٦٠.



دیاریشە تا ئەو هەلەی ئەو کێشەیە قەوماوە، کەسێکی وەك سەعید سدقیی کابان (لە شوباتی ١٩٢٧دا؛ سەرف و نەحووی کوردیی) هەبووە و[22] وەهبیی هێشتا (دەستووری زمانی کوردیی تەواو نەکردووە، ئەگەر نەبێژم: هەر دەستی نەداوەتێ).

با بۆ دوا جار، سەلەنوێ یادی ئەو ڕوو لێ نانەی بکەمەوە ببێژم: ئەرێ بۆچیی دەخوازێت مێژووی خەریك بوونی بە (ڕێزمانەوە) بخاتە ساڵی ١٩٢٣؟

بڕوام هەیە دوو مەبەستی هەبووە:

- مێژووی ڕەنجی خۆی بەرامبەر زمان ناسیی و بەتایبەتیی بۆ دانانی (دەستووری زمانی کوردیی)ەکەی کۆنتر بنوێندێ و نزیکی مێژووی ڕەنجی ـ خاوەندی ڕێزمانی؛ (گوڵزار ـ سەعید سدقیی کابان) بکاتەوە کە ساڵی ١٩٢٠ دای ناو لە ١٩٢٦دا ـ وەك بەڵگەکانم لەبەر دەستە ـ دوای چەند جار دەستکاریی ئەوجا (موختەسەر سەڕف و نەحووی کوردیی) لێ دەرچووە.

- خوێندەوار ناچار بکات، ئۆباڵی دواکەوتنی (دەستووری زمانی کوردیی) خۆی بخاتە گەردنی ساتیعولحوسەریی، ئەویی لە ساڵانی ١٩٢٣ ـ ١٩٢٧دا ڕێبەری گشت مەعاریف بووە. ئەوەتە دەبێژێت: (گرامەرەکە تەواو نەبوو، بڵاو نەکرایەوە ناچار سەرم کردە سەر ئاوێستا)[23].

ئەگەر دەستوورەکەی لە ١٩٢٩دا چاپ کراو ـ وێڕای؛ لەسەر کردنەوەی ڕۆژنامەنووسیی و بانگ دان بۆیی ـ لە قوتابخانەکانی سەرەتاییدا پەیڕەو نەکرا[24]، ئەوە بەشێکی ڕەنجەکەی کە (ڕێنووس)ە، لە بەهاری ١٩٣٠دا دەروویێکی لێ کرایەوە کە هەنگی بوو بە (موتەسەڕڕیف)ی سلێمانیی.

---

[22]- بنۆڕە: نامەی سەعید سدقیی کابان بۆ ئەنجوومەنی مەعاریفی سلێمانیی لە؛ داوین: ١/٣ ـ کێشەیێکی سیاسیی بە ناوی...

[23]- بنۆڕە: لەگەڵ مامۆستا تۆفیق وەهبیی ـ ل ٤٠.

[24]- بۆ وێنە بە ئەم جۆرە لێی نووسراوە و لە سەری کراوەتەوە:

١- ژیان ـ س ٤، ژ ١٦٨، پێنجشەممە ١٩٢٩/٤/١٨ سەر گوتارەکەی بەرەو ڕووی (مستر سمیت ـ موفەتتیشی مەعاریف) کردووە و دوای پێدا هەڵ دانێ دەبێژێت: (قەواعیدێك کە لە تەرەف



@kurdica

ڕۆژنامەی نیمچە ڕەسمیی و حەوتەیی سلێمانیی (ژیان)[٢٥]ی ١٩٣٠، دەمودەست لە نێوان ١٩٣٠/٥/٢٢ _ ١٩٣٠/٧/٢١دا[٢٦] بە ئاشکرا کەوتە بەکاربردنی ئەو (ڕێنووس)ە کە پتر بەشی گوتار و ڕاپۆرت _ نەك هەواڵ و جاڕ _ی گرتەوە. لە لایێکی دیکەشەوە ڕۆشنبیرێکی ناسراوی باژێڕەکە و کۆنە مامۆستا[٢٧]؛ ئەحمەدی عەزیز ئاغا، بە پێی دەستووری ڕێنووسەکەی ئەو، (ئەلفبای کوردیی) بۆ دووەم جار چاپ و بڵاوکردەوە[٢٨]. ڕۆژنامەی ناوبراویش داوای لە وەزارەتی مەعاریفی

=زاتێکی کوردی وەك موحتەرەم تۆفیق وەهبیی بەگەوە تەرتیب کراوە و ئەمڕۆ هەموو میللەتی کورد وە بیلخاسسە حەزرەتی عالیتان و مەعالیی مێجەر ئەدمونسیش تەقدیری کردووە، بە مەجلیسی مەعاریف کە بۆ ئەم خوسووسە داندراوە، تەدقیق و پێیان قوبووڵ بفەرموون بەڵکە بخرێتە مەوقیعی تەتبیقەوە و لە ئەمەو دووا ئەلفبایێك کە لە قوتابخانەکاندا دەخوێندرێ و کتێبانی کوردیی لەسەر ئەم قەواعیدە بنووسرێن).

٢- ژیان _ س ٤، ژ ١٩٧، پێنجشەممە ١٩٢٩/٩/١٢ بەسەر ناوی (مژدە بۆ کوردەکان دەستووری کوردیی) سەر گوتاری خۆی بۆ هەواڵی چاپ کردنی ئەو دەستوورە و کێشەی کۆنی زمانی کوردیی بە دەست خوێندنی فارسیی و تورکییەوە، هەروەها بۆ ستاییشی کارەکەی تۆفیق وەهبیش کە گۆیا (لە تەرەف کوللی موتەخەسسینی مەعاریف و پیاوە عالمەکانی عێراق و ئینگلیزەوە تەدقیق کراوە و لە تەرەف هەموویانەوە تەقدیرو بە باش زاندراوە و حەتتا دەڵێن ئەگەر منداڵانی کورد لەسەر ئەم ئوسووڵە بخوێندن، بە سەهلیی بە چوار مانگ فێری خوێندن و نووسین دەبن)، هاتووە تکاش لە دەزگەی مەعاریف دەکات (تکایش لە ئیش بە دەستەکانی مەعاریف دەکەین. لە ئەم ساڵەوە ئەمر بدەن ئەو «ئەلفبا»یەی کە هەمان _ مەبەست داندراوەکەی ئەحمەدی عەزیز ئاغایە/K _ لەسەر ئەم دەستوورە تیکرار تەبع بکرێتەوە و لە هەموو مەکاتیبە کوردییێکاندا تەدریسات لەسەر ئەم ئووسووڵە بکرێ).

[٢٥]- ڕۆژنامەکە سەر بە دەزگەی بەلەدییە بوو.

[٢٦]- بنۆڕە: ژیان _ س ٥، ژ ٢٤٠، پێنجشەمە ٥/٢٢/ ١٩٣٠ ژیان _ س ٥، ژ ٢٥٢، دووشەممە ٢١/ ٧/ ٩٣٠.

[٢٧]- ساڵانی ١٩٢١ _ ١٩٢٢ مامۆستای قوتابخانەی نموونەی سەعادەت، قوتابخانەی لەتیفییەی سەرەتایی سلێمانیی بووە.

[٢٨]- چاپی یێکەم لە ١٩٢٦ و چاپی دووەم لە ١٩٢٩دا بووە. بەڵام کە ت. وەهبیی بوو بە موتەسەڕڕیف و ڕۆژنامەی (ژیان) ڕێنووسی پەیڕەو کرد، ئەو ئەلفا بێیەش ڕەواجی پەیدا کرد و دیسان ڕۆژنامەکە جاڕی بۆدا.



عێراقی عاراب کردووە کە ئەو ئەلفا بێیە لە قوتابخانەی ڕەسمییدا نەك هەر لە سلێمانییدا، لە کوردستاندا پەیڕەو بکات کە پەیڕەوەیش نەکرا[٢٩].

بێ گومان _ لە هەمان ڕۆژنامەدا _ چ هەواڵێ دەرنەکەوتووە قاییل بوونی وەزارەتی ناوبراو بنوێندێ، بۆیێکا گومان نییە داخوازەکە فەرامۆش کراوە[٣٠]، بە تایبەتیی کە ت. وەهبیی موتەسەڕڕیف، خۆی و ڕێنووسەکەیشی کەوتنە نێو گرەی (کێشە لەگەڵ چوارەم پەیمانی بریتانیا _ عیراق؛ س ١٩٣٠) و سەر ئەنجام بارەکە بە کار کەنار کردن و ڕاگواستنەوەی موتەسەڕڕیف شکایەوە. (ژیان)ی ڕۆژنامەش _ دوای ڕووداوەکانی ٦ ئەیلوولی ١٩٣٠ _ باری خۆی و کارمەندەکانی گۆڕدرا. ئیدی نووسەرەکانی بە هەوای خۆیان و توانایانەوە، بە چەند جۆرە ڕێنووسەوە دەیان نووسیی[٣١].

ت. وەهبیی _ کارنامەیشیمان لەبەرچاوە _ لە نێوەندی ساڵی ١٩٣٠ەوە تا ساڵی ١٩٣٧ تووشی کێشە و تەنگانە و گوزەرانی تاڵ بوو، بەڵام لە هەلێکدا کە بێ کار و فرمان لە بەغدادا ژیاوە، بەرهەمێکی دیکەی زمانەوانیی (خوێندەواریی باو _ س ١٩٣٣)ی چاپ و بڵاوکردووەتەوە.

ئەگەر ئەو مەبەستی بووبێ (نووسینی کوردیی بە تیپی لاتینیی) بنوێندێ، ئەوە کردەوەکەی چەند پەرۆشیی بۆ زمانی کورد و پێش کەوتنی پێ نیشان بدات،

[٢٩]- بنۆڕە: ژیان _ س ٥، ژ ٢٤١، پێنجشەممە ١٩٣٠/٥/٢٩: سەرگوتار

[٣٠]- وێڕای دەرنەکەوتنی چ هەواڵێ، ئەوە لە لایێکی دیکەوە لە دووای لیژنەکەی ساڵی ١٩٢٦ی سەر بە دەزگەی گشت مەعاریفی عێراق و کەوتنەوەی (کێشەی ڕێنووس)، لیژنەیێکی دیکە پێك هات کە سەرپەرشتیی کوردیی و بابەتەکانی کتێبەکانی قوتابخانە سەرەتاییێکانی کوردستانی دەکرد. ئەو لیژنەیە کە کەسانی وەك محەممەد ئەمین زەکیی بەگ، جەمیل سدقیی زەهاویی، نووریی بەرزنجەیی، ئیبراهیم حەیدەریی تێکەڵ بوو، لایێنگیری ئەوە بوو (دەستکاریی ڕێنووسی وشەی عارەبیی نەکرێ). بۆیێکا هەرگیز باوەڕ ناکرێ وەزارەتی مەعاریف دەربەستی بانگەوازەکەی ڕۆژنامەکە بووبێ.

[٣١]- بەهۆی ڕووداوەکەی ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠ی سلێمانییەوە، عەلیی عیرفانی سەرنووسەری ڕۆژنامەکە گیراو باری ڕۆژنامەکە کەوتە لێژیی. دوایی حسێن نام و ڕێنووسە کۆنەکەی هاتنە پێشەوە کە نووسەرانی دیکەیش هەر هەمان ئەتواریان هەبوو.

هێندەش بەڵگەیێک بۆ کۆڵ نەدانی خۆی دەخاتە ڕوو، بگرە دەی سەلمێندێ کە زانستی زمان و خزمەتی زمانی کوردیی هێندە مەستیان کردووە، کێشەکانی ژیان و گوزەرانیش مەحاڵە بتوانن سستی بکەن، نووچی پێ بدەن.

وێڕای ئەو باسە گرنگە، ئەز کە هورد دەبمەوە، پرسیارێکم لێ هەڵ دەکەوێ: داخۆ لە ١٩٣٣دا بۆچیی؛ کوردیی بە (تیپی لاتینیی) نواند؟ خۆ ئەو لە نێوان ١٩٢٥ _ ١٩٢٦دا، هەروەها لە دەستووری زمانەکەی ١٩٢٩دا، لایێنگیری بەکاربردنی ئەلفابێی لاتیینیی نەبووە بۆ کوردیی؟! هەروەها قانوونی زمانەکانی نێوخۆییش _ باگۆجیش بووبێ _ دەرچوو بوو کە بەپێی فەرمانی، خوێندنی کوردیی لە قوتابخانەکانی باژێڕەکانی کوردستاندا ڕەوابوو.

ئەز وەڵامی خۆم ئەوها دەدەمەوە کە ت. وەهبیی لە یێکەم سەوداو مامەڵەیەوە لەگەڵ زمان _ بە دەستوور و ڕێنووسەوە _ زمانەکانی خۆرئاواو دەستوور و ڕێنووسیان کاریان تێ کردبوو و بزواندبوویان. تەنانەت ئەگەر لە وێنەی ئەو نیازەی بۆ (چاک کردنی ڕێنووس) کە لە ١٩٢٦دا دابووی بە مەعاریفی عێراق، هوردببینەوە، دەبینین؛ (نیشانەکانی سەرتیپەکان) فرە لە ئەلفابێی لاتینیی و نیشانەکانیەوە نزیکە، بەڵکە هێندێکیان کوتومت لە ئەوەوە وەرگیراوە.

هەرچۆنێ بێ وێڕای ئەوەی _ پیرەمێرد گوتەنیی _ بناغەی نووسینی کوردیی بە ئەلفا بێی لاتینیی دانا[32]، دیارە لە لاییێکەوە زمانی کوردیی پێ نیشانی شارەزاو پسپۆڕە بێگانەکان داوە[33]، لە لاییێکی دیکەوە پەیامێکیشی بە نەیارانی کورد

---

(32)- بنۆڕە: ژین _ س ٢٠، ژ ٨٤٦، پێنجشەممە ١٩٤٦/١١/١٤ (گوتار: من و تۆفیق وەهبیی)

(33)- پیرەمێرد _ لە هەمان سەرچاوەدا _ دەبێژێت کە: پێیر ڕۆندو★ یێکێکە لە کوردناسەکانی فڕانسە و گوتوویێتی؛ (زۆر تەقدیری تۆفیق وەهبیی کردووە).

★ پێیر ڕۆندۆ Pierre Rondot (ژ: ١٩٠٤/٦/٢ م: ٢٠٠٠/٤/٦) کوردناس و دۆستێکی نزیکی کوردە. ساڵی ١٩٢٢ چووەتە ئەکادیمیای سانتسیر Saintcyr و پێوەندیی بە دەزگەی کاروباری بێگانەی نێو وەزارەتی هەندەرانی فڕانسەوە کردووە. لە ١٩٢٨ چووتە سەر کار لە دەزگەی کۆمیسیاریی _ موفەووەزییەی _ زانیاری باڵای فڕانسە لە سوریا و لوبناندا. هەنگی لەگەڵ خانەدانی (بەدرخانەکان) دۆستایێتی پەیدا کردووە و بەشداری گۆڤاری (هاوار)ی کردووە و یارمەتیی داوە. لە ساڵی ١٩٤٦دا دکتۆرای لە یاسای دەزگەی سیاسیی، لە لوبناندا وەرگرتووە. لە



ڕاگەهاندووە کە (زمانی کوردیی) ئەم دەروازەیەیش _ ئەلفا بێی لاتیینیی _ی بۆ واڵایە.

تا ئێرە تێ دەگەهین کە لە دوای ساڵی ١٩٢٣ەوە، ت. وەهبیی خووی داوەتە فێربوون و لێ کۆڵینەوەی زمان، بەتایبەتیش بایێخی داوە بە زمانی کوردی و بە دانانی (دەستووری زمان) و بە (ڕێنووس)ێکی هاوچەرخانەوە قاڵ بووە و هەموو هەلێکی قۆستووەتەوە بۆ سەپاندن و بەکار بردنیان لە قوتابخانەکاندا، تەنانەت لە ئەو پێناوەشدا ساڵی ١٩٢٦ شەڕێکی مەردانەی لەسەر کردووە.

بێ گومان ت. وەهبیی هەتا ساڵی ١٩٥٨ _ بەر لە کۆچە کوتوپڕەکەی بۆ لۆندۆن _ هەمیشە لەگەڵ زمانی کوردیی و چاک کردنی دەستوور و ڕێنووسی خەریک بووە. ئەوجا ئایا خۆی تەواو تەواو لە کارەکانی ڕازیی بوو، بە تایبەتیی لە ڕووی هێندێ نیشانەوە بۆ تیپەکان؟

م. ر. هاوار نووسیوییێتیی: (تۆفیق وەهبیی ئیعتیرافی کرد کە ئەو حرووف و ئیشارەتانەی لە سەرەتادا دای نابوو، زۆرجار دەستکاریی کردووە و گۆڕیونیی تا گەهیشتووەتە ئەمەی دوایی)[34].

دیسان نووسیوییێتی؛ (ڕۆژێک لە تۆفیق وەهبییم پرسیی: تۆ وەختی خۆی گرامەرت کردووە بۆ زمانی کوردیی، ئیدی بۆچیی هێندە تەنگەتاوی، جارێکی دیکە فریای بکەویت گرامەرێکی کوردیی بنووسیتەوە؟

گوتی: ڕاستە ئەو گرامەرە لە کاتی خۆیدا تشتێکی باش بوو، بەڵام بەپێی تەجرەبەی ڕۆژانەی خۆم، هوردە هوردە هێندە تشتی تازەم بەسەردا دەهێنێت کە پێ ویست دەکات سەرلە نوێ گرامەرێکی تازە کە سەرەتاکەی بە ((لا))ی فۆنیم و فۆنەتیکی کوردییەوە دەست پێ بکەم. گوتم: باشەی ئەی بۆچیی کۆنەکەت بژار

---

=ساڵی ١٩٦١دا خزمەتی سەربازیی تەواو کردووە و خووی داوەتە لێ کۆڵینەوە و توێژینەوە. سەدان لێ کۆڵینەوەی زانستیی لەمەڕ کورد بە زمانی فڕانسیی نووسیوە و تا نها فرە ئاشنا نەکراون★★

★★ ئیمیلینامەی دۆستم در. نەجاتی عەبدوڵڵە، فرانسە _ پاریس ٢٠١٠/٤/١٧.

(34)- بنۆڕە: لەگەڵ مامۆستا تۆفیق وەهبیی ص ٢٥.

ناکەیت و هەر تشتێك ی تازە هەیە تەنها لە ئەوە بەدوا. ڕۆژێ دهێ دەستێ هەمووی یێك بخات و بیان کات بە یێك. گوتی: ئاخر دڵم ئاو ناخواتەوە ئەگەر هەمووی نەگۆڕم .

گوتم: کەواتە تۆ لەسەر ئەوە ماویت کە پیاو جاروبار دەبێت بە ئەم جۆرە تشتانەدا بچێتەوە؟.

گوتی: تەتەوور تشتێکی سروشتییە لە ژیاندا)[٣٥].

ئەم قسەو باسانەی خۆی کە چەند ساڵێکی کەم و بەر لە مردنی کردوونیی، بۆ من یێك مانای هەیە کە ئەوە: ئەگەر چیی لە ڕووی زانستی زمانەوە لە ئەوەکەی سەعید سدقیی کابان پێشکەوتووتر و ڕێنووسەکەیشی هاوچەرخ و بەکەڵکترە، بەڵام وێڕا هێندێ پەلەپەلیی پێوە دیارە، بەتایبەتی لە ڕووی ڕێنووسەوە[٣٦].

---

(٣٥)- هەمان سەرچاوە؛ ل ٢٦ _ ٢٧.

(٣٦)- بێ گومان تواناو دەرفەتی ئەوەمان نییە لە ئەو بابەتەدا نوقم ببین و لە یێکی بدەینەوە. بەڵام ئەز تەماشای هێندێ وێنەی ڕێنووسی دەکەم کە (لە دوا ڕۆژدا) خۆی لێی پەشیمانە و دەستی لێ هەڵ گرتووە.

یێکێ لە ئەو وێنانە _ ناتەواوانە _ ئەوەیە کە؛ خۆی ڕێنووسێکی ڕاستی پەیڕەو نەکردووە. ئەز لە مەنفادا (دەستووری زمان)ەکەیم لە کن نییە کە ساڵی ١٩٢٩ چاپی کردووە، بەڵام هەمان (دەستوور)ی بە عارەبیی و چاپ کراوی ١٩٥٦م لەبەر دەستە کە تییێدا (نووسینی کوردیی)یشی نواندووە.

بۆ وێنە نووسیویێتی (لە دێ یێکا)، (پەیا بکەن)، (هەریەکە)، (تیا بوو).. هتد★

تەماشا بکە نەی نووسیوە: (لە دێ یێکدا)، (پەیدا بکەن)، وەك لە ئەم گوتوبێژەیشدا دەبێژێت: (نایا) لەبریی (نای دا)، (هەر چەن) لەبریی (هەرچەند) و هتد... واتە (دا)ی پاشبەندی بە بیانووی (کلۆریی)ەوە فەرامۆش کردووە.

بەڵام لە هەمووی سەرسووڕمێنتر ئەوەیە ئەو تیپ _ دەنگی (د)ەی لە ئەو ( دەستوورە)یدا بە (کلۆر) و بەشێوەی (ذ) نواندووە. هەروەها (دا)ی پاشبەندی دیسان (بە کلۆر) و بەشێوەی (ذا) نواندووە. وەك نووسیویێتیی: (بەذبەخت)، ( بۆ بذەین)، (هەنذی)، (ئەوە ذابوو)، (تونذ)★★ لەبریی: (بەدخت)، بۆ بدەین)، (هەندێ)، (ئەوە دابوو)، (توند) و هتد...



بۆیێکا _ بە ڕۆشنایی قسەکانیشی _ دەتوانم ببێژم؛ نەی توانیوە کێشەی باوکردنی _ ناڵێم سەپاندنی _ ڕێزمان و ڕێنووسێکی لەبار و بەکار ببڕێنێتەوە کە مخابن لە

---

=بێ گومان _ لە پاشەڕۆژدا لێیان پەشیمانە _ کە ئەو ئەتوارەی نواندووە، لە لاییێکەوە **(هەرگیز لای لە دەستنووسێکی کۆنی شیعر و پەخشانی کوردیی نەکردووەتەوە خوێندەواری پێ دڵنیا بکات کە لەنێو ئەو زمان و ئەدەبییاتە و لە ڕۆژگارێکدا ڕەفتاری ئەوها، ڕێنووسی ئەوها بەکار براوە)** .

ئەوجا کە ساڵانی ١٩٢٩ _ ١٩٥٦ نووسینی ئەوتۆ پێ نیشان بدات، بێ گومان بۆ کۆمەڵی کوردەواریی بێ بەش لە (ڕێزمان) و (ڕێنووس)ی ڕاست، باری خوێندەواریی ئاڵۆز و گرانتر دەبێت.

وێڕا، ئەو _ هەروەها هاوتایشی و تا ئەم ڕۆژگارە قسە لە (د)، (ت) کلۆر دەکەن گۆیا لە نێوچەی سلێمانیی و هێندێ شوێنی دیکەدا باوە. بەڕاستی ئەز باوەڕیان پێ ناکەم چونکە لە سلێمانیی بابان، موکریان، جزیرا و بۆتاندا هەمیشە لە شیعر و ئەدەبییات و ئاخاوتنیشدا (د)، (ت) فرە بە کلۆر دەرنەکەوتوونە. ئەگەر هێندێ کەسییش لە ئاوخاوتندا ئەوەیان لێ قەومابێ، دیارە بەهۆی نەخوێندەواریی و (ڕاهاتن) و پەیڕەویی کردنی (زمانی بازاڕ)ەوە _ نەك زمانی خوێندەواریی _ ئەوها ئاخاوتوون.

بۆ ڕاستیی؛ ئێستە لە کوردستاندا، بە تایبەتیی لە سلێمانییدا، لە خوێندنی کوردییدا، شاگردەکان فێر دەکرێن کە (د)، (ت) و تیپ و بزوێنەکان وەك خۆیان گۆ بکەن، بەڵام بڕۆ دەرەوە، هەر ئەو مامۆستاو قوتابیانە - وەك فێرنەبووبن‌و نەکرابن - هەر بەشێوەی زارەکیی ناوبازاڕ قسە دەکەن، چونکە ڕاهاتوون.کەواتە "کلۆریی" لە ناتەواویی زمانەکەوە نییە بەڵکە لە هۆگریی خەڵکەوەیە بۆ بەکار بردنی ( زمانی ماڵ و بازاڕ) و نەبوونی ( خوێندەواریی کوردیی - خوێندن و نووسینی کوردیی) لە کۆنەوە و سەپاندنی بە زەبری قانوون!

دیسان کردەوەییێکی دیکەی ت. وەهبیی کە درەنگانێ، بگرە لە دوای ١٩٧٠ەوە دەستی لێ هەڵ گرت، ئەوەبوو _ بەڕای من لە ڕقی سەعید سدقیی کابان _ (دە)ی سەر کرداری بە شێوەی (ئە) دەنواند، بە مەرجێ لە بابان و لە سۆران و موکریان و جزیرا بۆ تاندا، هەمیشە هەر (دە) بەکار براوە و تا نهاش هەر وەهایە، ئەگەر چیی بە هۆی بڵاوبوونەوەی ئەوا (ئەتوارە)ی ت. وەهبییەوە لە ئەم پەنجا ساڵەی دواییدا، ئەو (ئە)یە پتر باوی پەیدا کرد کە بێ گومان هەڵەیە و (دە) ڕاستەو خۆیشی بای دایەوە سەر لاییێن گرتنی.

★ بنۆڕە: الاعمال الكاملة توفيق وهبي _ ج ١، ص ٤٩٢

★★ بنۆڕە: هەروەها _ ل ٤٩٢ _ ٤٩٣.

ئەو دوا چارەکە سەدەیەی ژینی خۆی لە لۆندۆندا لاییێکی بە لاییێکدا نەخست و[٣٧] ئەوەتە تا ئەم ڕۆژگارەش ژینی خوێندەواریمان بە دەستیەوە دەناڵێندێ[٣٨].

- ٤ -

ئەگەر مێجەر سۆن Soaneی بریتانیی یێکەم کەسێ بووبێ بە (زمانی کورد) گوتاری نووسیی بێ و جەختی هێنابێ؛ کورد لە (ماد)ەکانە. زمانی کوردیش (زمانی ماد) و کتێبی (ئاڤێستا)ی زەرتەشتییە[٣٩]، ئەوە ت. وەهبیی دووەم کەس و یێکەمین کوردە ـ بە زەبری ڕۆشنبیریی خۆرئاواوە ـ تا دوارۆژی ژینی، خۆی بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە دانا کە زووتر هێندێ زانای خۆرئاوایی وەك مینورسیکی[٤٠] جەختی هێنابوو.

---

[٣٧]- تەنانەت لەمەڕ فۆنۆلۆژیی، فۆنیم (حەرف) درەنگ دەستی پێ کردووە. ئەوەتە م. ر. هاوار نووسیویێتی: (وەها بزانم تۆفیق وەهبیی درەنگ دەستی بە ئەم باسە کردووە. بەڵگەیشم ئەوەیە کە ئەو نووسینانەی دواییی کە هێشتا لە سەرەتای باسەکەیدایە، هەمووی بە شێوەیێکی پچڕ پچڕ و بەدەست و پەنجەییێکی لەرزۆکەوە نووسراوەتەوە و زۆری بریتییە لە کورتەی تیپەکان بۆ ئەوەی ئەگەر ماوەی هەبێ و دەسەڵاتی مابێ بتوانێ لە یێکیان بدات و وەك فۆنۆ لۆژیستیك ئەویش باسێك ئامادە بکات.

هەر چەندە لە موناقەشەی ئەم باسەدا لەسەر زۆر بیر و باوەڕ لەگەڵی یێك نەدەکەوتم، هەروەها، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدیش هەر لەسەر ڕاکەی من بوو، لەبەر ئەوە نەم توانیوە لە =ئەم ڕووەوە لێی نزیك ببمەوە و بەڵێنی بدەمێ کە دەتوانم یارمەتیی بدەم بۆ کۆکردنەوە و یێك خستن و پوختە کردنی نووسینەکانی.★

★ بنۆڕە: لەگەڵ مامۆستا تۆفیق وەهبیی ـ ل ٧.

[٣٨]- بێ گومان ئۆباڵی بنەبڕ نەبوونی ئەو کێشەیە لە پێشەوە لە ئەستۆی زانا و خوێندەوارە پێشینەکانی کورددایە، ئەوجا لە ئەستۆی داگیرکەرانی کوردستاندا کە تا ئەم هەل و ساتە بەرهەڵستی زمانی کورد و خوێندنین.

[٣٩]- بنۆڕە: پێشکەوتن ـ سلێمانیی؛ س ١، ژ ٢٧، پێنجشەمە ١٩٢٠/١٠/٢٢ (گوتارێکی بێ نێونیشان و بێ ئیمزای سۆن خۆیتی)

[٤٠]- مینۆرسکی: ڤلادمیر فەدرۆڤیچ Viladimir Fedrovich Minorsky (ژ: ١٨٧٧/١/٥ ـ م: ١٩٦٦/٣/٢٥) خۆرهەڵات ناسی گەورەی ڕووس کە چاکترین ناسیاری وڵاتی فارسە بە جوگرافیا و مێژوو و ئەدەب و کولتوریەوە. وەك ئێران ناسیشە، دیسان کوردناسە و یێکیکە کە لە نێو



هەڵبەت ئەم ڕەنجەی ت. وەهبیی کە لە بەغدادەوە هۆگری بوو، ڕەنجی فەرهادە، چونکە لە مێژووی ڕۆشنبیریی کورددا، هەرگیز کوردێ هەڵ نەکەوتووە لە ڕووی مێژووەوە، یا ئایینەوە یا زمانەوە تاقە دێڕێکی کوردیی لە ئەو بارەیەوە نووسیی بێ و کاری ئەوی ئاسان کردبێ.

بابەتێکی ئەوها ناسکیش کە بە زانست ساخ دەکرێتەوە، بێ گومان خوێندنەوەی سەدان سەرچاوەی مێژوویی، جوگرافیی، ئایینیی، زمانەوانیی کۆن و نوێی ویستووە، ئەمە بێ لە بەراووردکاریی و هەڵسەنگاندنی بیروباوەڕە جۆر بە جۆرەکانی نووسەر و لێ کۆڵەکانی وڵاتان، بە تایبەتیی ئەوانەی کە مێژووی (ماد) و (زمانی ماد) و کتێبی پیرۆزی زەرتەشتییێکان (ئاڤێستا) یان بەسەر کردووەتەوە.

ت. وەهبیی ـ سەرباز ـ کە ئارەزووی خۆی و کەڵکەڵەی ئەو ڕێچکەیەی هەبوو کاتێ لە بەغداددا فەرماندەی فێرگەی سەربازیی پاشایێتیی بووە و زمانی فارسیی بە شاگردان گوتووەتەوە، چووەتە نێو دەروازەی زمانەکانی هیندو ئاوروپیەوە ـ ئاریی کۆن ـ و گەرم سەری کردووەتە سەر فێربوونی زمانە کۆنەکان[٤١].

ئەو هێندە پەرۆشی بابەتەکەی بووە، نەی ویستووە پشوویشی بە فیڕۆ بچێ، بە ڕادەییێك خۆی قسەی لێ کردووە و دەبێژێت: (سەرم کردە سەر ئاڤێستا و شەو و ڕۆژ خەریکی بووم. هەتا وەهام لێ هات کە یێکەم جار کرام بە وەزیر، لە

---

=دووسەد کتێب و گوتاردا، کتێبە بەناوبانگەکەی بە ناوی (کورد نەوەی مادەکان)ە داناوە کە لە ڕووسییەوە کراوە بە فارسیی. دیسان نووسینی لەمەڕ (ئەهلی حەق/ حەققەکان) و ڕەگەز و ڕیشەی (گۆران و ئەدەبییاتی گۆران) هەیە.

مینۆرسکیی زانای گەورە لە دوای ساڵی ١٩١٧ و شۆڕشی ئۆکتۆبرەوە لە وڵاتەکەی جوێ بووە و بوو بە پاریسی نشین و مامۆستای زمانی فارسیی. ئەو زمانەکانی ئینگلیزی، فڕانسیی، ئاڵەمانیی، فارسیی، عارەبیی دەزانیی و پێی دەنووسین.

بیروڕا زانستییێکانی مینۆرسکی بەرامبەر بە کورد قسەی پووچی گەلێ نووسەری نەیاری کوردی گڵە کوێر و نابووت کرد.

[٤١]- بنۆڕە: لەگەڵ مامۆستا تۆفیق وەهبیی ـ ل ٦٠.

دائیرەش لای خۆمـەوە دام نـابوو. هـەر فرسـەتم بـۆ هـەڵ بکەوتایـە ئیشـم تێـدا دەکرد)[٤٢].

ڕاستیییێکەیشی ئەو ڕەنجەی لە نێو ڕیزی ڕۆشنبیرەکانی کورددا، جێگـەی خـۆی و پێگـەی زانسـتیی گـەورەتر و بـەهێزتر کـرد؛ بەتایبـەتیی بـەهۆی بەڵگـە بەهێزەکانییـەوە بـۆ بەرهەڵسـتی ئـەو بـیرورا چـەوتانەی کـە نیازیـان بـوو ـ وەك ماکەنزیی[٤٣] ـ زمانی کوردی ببەنەوە سەر دەوری فارسیی ـ دەوری نێوەند و گۆیـا کورد و زمـانی، پێوەنـدییان بـە مادەکانـەوە نییـە. ت. وەهبیـی بـە زەبـری زانست سەلماندی کە کوردیی زمانێکی کۆنە و سـەر بـە مادەکانـە و میللـەتی کـورد هـەتیو نییە.

هەڵبـەت لـە پێنـاوی ئـەو مەبەسـتەدا، ئـەو مـەودایێکی دوور و درێـژ ـ لـە چلەکانەوە ـ خووی دابووە (زانستی وشەناسیی)، بە واتایێکی ڕوونتر خۆی دانابوو بۆ ناسینەوەی ڕیشە و بنج و بناوانی وشەی کـوردیی بـە بـەراوورد کردنـی لەگـەڵ (ئاڤێستا).

لە ئەم ڕووەوە، سی، جەی. ئەدمۆنـدز Edmondz هـەڵی سـەنگاندووە و لێـی نووسیوە: (تۆفیق وەهبیی بـەگ کـە عالمێکـە ناوبـانگی بـۆ ئـەوروپا بڵاوبووەتـەوە.

[٤٢]- هەمان سەرچاوە ـ ل ٤١.

[٤٣]- ماکەنزیی داڤید نێیل David Neil Mackenzie (ژ: ١٩٢٦- م: ٢٠٠١). سەربازێکی بریتانیی لە ١٩٤٣ەوە تێکەڵی سوپا بووە. لە نێوان ١٩٤٥ ـ ١٩٤٦دا لە هیندوستاندا سەرباز =بووە. ئەوێ دەمێ خۆی فێری زمانی (پشتکو) کردووە، ئەوجا خووی داوەتە زمانە ئێرانیییێکان. سەرئەنجام لە دواڕۆژدا بەکالیۆریۆسی لە زمانی فارسیی نوێ و ماجستێری لە زمانی کۆن و فارسیی نێوەندا وەرگرتووە ساڵی ١٩٦١یش دکتۆرای لە زمانی* کورددا لە دانیشتگەی لۆندوندا وەرگرتووە.** ناوبراو بە زمان ناس و ئێران ناس ناسراوە.

* لە سەرچاوە ئینگلیزیی و فارسییێکەشدا لە بریی (زمان) دیالەکتیك ـ لەهجە ـ شێوە زمان بەکار براوە. ڕاستیییێکەی ئەوە لە باوەڕی چەوتی خۆیەوەیتی کە گومانی هەیە (زمانی کورد) لە ڕەگەزی زمانەکانی خۆرئاداى ئێران بێ کە نیشتمانی (مادەکان) بووە.

** بنۆڕە هەردوو دەروازەی ئینگلیزیی و فارسیی:

Wikipedia, the free encyclopedia



ئەو بەرسـتە گوتـارێکی عالیمانەیـەوە لـە بابـەت فیلۆلـۆژیی ـ عیلمـی ئیشـتیقاقی زمانـە ئێرانییێکانـەوە خەریکـە و سـیانیانی لـە ((گەلاوێـژ))دا بـڵاوە. لـە ئەمـەدا مەبەستی تایبەتیی ئەو دۆزینەوەی بنج و بناوانی زمانی کوردییە)[٤٤].

لـە لاییێکـی دیکەشـەوە، ئـەو کـە ڕۆژ بـە ڕۆژ زانسـتەکانی خـۆی دەگەشـاندەوە، نـوقمی لـێ کۆڵینـەوەی شوێنەوارناسـیی و ئایینـە کۆنـەکان و خـوو و نەریتـەکانی کۆمەڵانی کوردستان بوو، بە ڕادەیێك سـەرنجی لێ کۆڵەکان تـا بێگانـە شـارەزاکانی ڕاکێشـا بـوو. یێکـێ لـە ئـەو شـارەزایانەدا؛ سـتۆن لیویـد Ston Loiydە کـە لێـی گوتـووە؛ (پایـە پـەرز تۆفیـق وەهبیـی کـە دەمێکـە خـەریکی لێ کۆڵینـە لـە ئەنسـرۆپۆلۆژیای کۆمـەڵیی و کۆنـە شـوێنەوارەکانی لیواکـانی بـاکووری عێـراق ـ کوردستان/k ـ پێشنیاز بـۆ ئـەوە دەکـات گۆڕینی ڕمـووز و نیشانەکانیان تەقـدیر بکرێ. مەقسەد هەڵ کەندراوەکانی لەگەڵ خەرافاتی کۆن تێکەڵ کردووە. ئەنجامی لێ کۆڵینەوە و لێ دوانی بە نیشان دان و وەسف کردنی چەند نموونـەیێك لـە ڕێ و ڕەسمـی ئایینیی، دوایـی هێنـاوە کە دڵ گیرن. بـە تایبـەتیی چونکە تـا ئێسـتا لـێ کۆڵینەوەی ئەنسروپۆلۆژیانە لەنێو کوردەکاندا بە ئەندازەیێکی زۆر، نەبووە)[٤٥].

هـەروەها خۆرهـەڵات نـاس و کوردنـاسی ڕووسـی بـە ناوبـانگ باسـیل نیکـتین Basil Nikitin کردەوەکـانی هەڵسـەنگاندووە و دەبێـژێت؛ (یێکـێ لـە کەسـە ناسراوەکانی کورد تۆفیق وەهبیە کە لێ کۆڵینەکانی لەمـەڕ زمـان، مێـژوو، ئـەدەب، دەستووری زمانی کورد، مایەی سەر سوڕماند و بایێخ پێ دانە، چونکە فرە کارامە و قووڵن)[٤٦].

هەروەها ئەو لە هەمان مەودادا ـ بە تایبەتیی لە ساڵی ١٩٤٣ بـە دواوە ـ کـەوت بـووە هـەڵ هێنجانــدنی هێنــدێ زاراوەی زانسـتیی هاوچـەرخ لـە مەیدانـەکانی سیاسـەت، ئـابووریی، پیشەسـازیی، هونـەردا. گۆڤارەکـانی (دەنگـی گێتیـی تـازە) و

[٤٤]- گەلاوێژ ـ س١، ژ ٨، تەمووز ١٩٤٠

[٤٥]- پێشەکییە کوردیییێکەی (ئەشکەوتی گوندۆك).

[٤٦]- بنۆڕە: توفیق وەهبیی حیاتە و دورە ـ ص ٣٣ (وەرگێڕاو لە: تەها فەیزیی زادە ((مامۆستا تۆفیق وەهبیی))، گۆڤاری: سروە، ب ١، ژ ٣٥، س ١٩٨٩. مەهاباد)



@kurdica

(گەلاوێژ) و (پەیام)یش پڕن لە ئەو وشەسازییەی کە خۆی بە (وشەی کوردیی پەتیی و پڕ مانا)ی لە قەڵەم داون[٤٧]. بەڵام کەسانی دیکە هەبووە کە هاودەنگی نەبوون. بۆ وێنە پیرەمێردی شاعیر و ڕۆژنامەنووسی کوردیی زان لێی نووسیوە: (هێندێ وشەی کەس نەبیستووی هێنایە مەیدان کە لە ئەوەدا من جوێ بوومەوە و لە ئەو زویر بووم)[٤٨].

هەرچۆنێ بێ، ئەو هەموو ڕەنجەی کە شەوگار و ڕۆژگاری ساڵانێکی دوور و درێژی بردووە و خۆ بە خۆی ـ نەك بە چوونە بەر کۆڵێژێکی تایبەتیی ـ لە زانستەکاندا قاڵ بووە و سەرکەوتووانە خۆی پێ گەهاندووە و خێری داوەتەوە، لە کەم و کورتیی بە دوور نین، بەڵام گرنگەکە ئەوەیە؛ زیرەکانە، دڵسۆزانە، زانستانە بۆ خزمەتی بنچینەکانی نەتەوەکەی؛ زمان، مێژوو، کولتووری تێ کۆشاوە کە ئەوێ دەمێ کاروانی بزاڤی ڕۆشنبیریی کورد، تازە بە تازە کەوت بووە سەر ڕێچکەیێکی یێکجار سەخت، بە تایبەتیی کە گەلی کورد و نیشتیمانەکەی ـ بە پیلانی نێو دەوڵەتیی ـ خرابوونە بن دەسەڵاتی سیاسیی و قانوونیی مەملەکەتی عێراقی عارەبەوە.

ت. وەهبیی ـ وێڕای جودایی ڕەفتاری سیاسیی ـ وەك محەممەد ئەمین زەکیی مێژوو نووس، پیرەمێردی بڕبڕەی پشتی ڕۆژنامە نووسیی کورد، بێ گومان باڵا دەستیی نواندووە بۆ پێشکەوتنی ئەقڵ و ژینی ڕۆشنبیریی کورد.

ئەو وێڕای کتێب و گوتار و لێ کۆڵینەوە جۆر بە جۆرەکانی کە بەهۆش و بیرێکی وریا و بەرنامەیێکی زانستانەوە پێشکەشی کردوون، ئەوە دوای حسێن حوزنیی موکریانیی ڕۆژنامەنووس، دووەم کەسە کە لە ئەویش پتر، زانستانە نیشانەی بۆ تیپەکانی زمانی کوردیی داڕژتووە و لەسەر مەسرەفی خۆیشی لە هەندەراندا بۆ چاپی کوردیی دروست کراوە. ڕاستییێکەی ئەم کارەی نەخشی گەوهەرە بە تەوێڵی مێژووەوە.

[٤٧]- بنۆڕە: گەلاوێژ ـ س ٤، ژ ٣، مارت ١٩٤٥.

[٤٨]- بنۆڕە: ژین ـ س ٢٠، ز ژ ٨٤٦، پێنجشەممە ١٩٤٦/١١/١٤ (گوتار: من و تۆفیق وەهبیی).



هەروەها ئەو دەستووری زمان و ڕێنووسەیشی کە دای نان و بڵاوی کردنەوە ـ ویڕای ناتەواوییێکان و بەرهەڵستەکانی بەردەمیان ـ دیسان هەنگاوێکی مێژوویی بوو بۆ پێش خستنی زمان و ڕۆشنبیریی کورد، بەتایبەتیی کە (دەستووری زمان)ەکەی ـ دوای کردارەکەی سەعید سدقیی کابان ـ دووەم دەستووری زمانی کوردییە لە مێژوودا. هەروەها دانانی (فەرهەنگی کوردیی ـ ئینگلیزیی)ەکەی بە هاریکاریی ئەدمۆندز، یێکەمین کردەوەی زانستیی بە کەڵکە بۆ خزمەتی زمانی کوردیی و ئاشناکردنی بە گەلان.

ئەو لێ کۆڵینە هەمە جۆرو زانستانەیشی کە لە ٩٩٪ دا بۆ خزمەتی ڕۆشنبیریی میللەتی کوردە، تا ئەم ڕۆژگارە و هەمیشە فێرگەیێکیشە بۆ شاگردانی لێ کۆڵینەوەی زانستیی.

وێڕای ئەم ڕاستییانە هەموو، ئەو ڕاستییەش فەرامۆش ناکرێ کە بەرهەمی دوا چارەکی ژینی لە لۆندۆندا، لەچاو بەرهەمەکانی پێشوویدا، یێکجار کەم و ناتەواون. بۆیێکا بێ گومان بەر ڕەخنە دەکەوێت و خۆیشی تا مرد وەڵامێکی بۆ ئەو کەمتەرخەمییە نەدایەوە و ئەوەیشی لە دڵی ئێمەدا کرد بە کەسەر!.

## بەشی دووەم

### ڕەفتاری سیاسیی ی

-١-

وێنەی ت. وەهبیمان لەبەر چاوەو تا کۆتایی یێکەم جەنگی گێتیی چ جموجووڵێکی سیاسیی دیارنییە، چ لە نێو کۆمەڵەکانی تورکاندا چ کۆمەڵەکان کورداندا، بە تایبەتیی لە دوای ژینی دەستووریی (١٩٠٨)ەوە و هەڵ کەوتنی بزاڤی سیاسیی کورد.

ئەو، تا ئەویّ دەمیّ وەها دهێتە پێش چاو (ئەفسەرێك)ی عوسمانیی دڵسۆزە و فەرمانەکانی سوپاکەی جیّبەجیّ دەکات. دیاریشە چەند زیرەکە، فرە گویّ ڕاهێڵیشە بۆییّکا پێش کەوتووە.

ئێمە لە یێکەم جەنگی گێتیی و لە شەڕی ((شعێبە))ی ١٢/نیسان/١٩١٥ی نزیك گوندی ((شعێبە))ی سەر بە باژێری ((بەسرە))دا دەی بینینەوە. ئەو شەڕەی لەشکری عوسمانیی و هۆزە تواناکانی عارەب و کوردی (جیهاد) کەری تێدا بەشدار بوو بۆ بەرهەڵستی پەلاماری لەشکری بریتانیای مەزن. بەڵام شەڕەکە بەشکاندن و بە زینی عوسمانییێکان و لایینگرەکانی شکایەوە کە تەنانەت سەرکردەی لەشکری (جیهاد) کەرانی کورد؛ حەفید زادە مەحموودی تێدا برینداربوو.

لە ئێرەدا ت. وەهبیی بەشداری ئەو شەڕە ئەوها باسی دەکاتەوە: (دوای شکستی عوسمانییێکان قسەیان لەگەڵ حەفید زادە مەحموود کردووە تا نامەیێك بۆ بریتانەکان بنێرن بەشکم ((ئەگەر هاتو کوردستانیان داگیر کرد مافەکانی گەلی کورد دابین بکەن))).



پتر دەبێژێت: (دوای ڕێك کەوتنمان، داوام لیّ کرا نامەکە بنووسم و بە کوردێکی سلێمانیی نیشتەجێی ناسرییەدا بی نێرین، بەڵام ئەو کەسە تونـد بەرهەڵستیی نواند، بە گوێی نەکردین)[1].

ئەم وێنەیە، وەك یێکەم وێنەی هەڵوێستی سیاسیی ت. وەهبیی دەردەکەوێت، بەڵام ئەوان کە شکستیان خواردووە و لە ئەوپەڕی لاوازیی و لەسەر زەویی عارەبی باشووری عێراقن ـ فرە چاو و گوێی عوسمانییێکانیش لە دەوورو بەریانە ـ کیّ باوەڕیان پیّ دەکات لە ئەو کاتە ناسکەدا؛ (مافەکانی گەلی کورد) یان لەسەر سەلامەتیی و ڕستگاریی سەری خۆیان و دەوڵەتی عوسمانییەوە دانابێت؟ ئەز ئەم چیڕۆکەی هەرگیز پەسەند ناکەم، بەتایبەتیی چ بەڵگەیێکی نووسراو و چەند شایێتێکی دیکە هاودەنگی نین.

ئەگەر ت. وەهبیی هەر لە پاڵ لەشکری عوسمانییدا مابێتەوە و لە سەرەتای ١٩١٨ دا ڕاگواسترابێتەوە بۆ فەلەستین و شام، دوایی لە نێوەندی ئەو ساڵەدا ڕاگواسترابێتەوە بۆ ئەستەنبووڵ و چووبێتە بەر (کۆڵێجی ئەرکان) و ئەوجا لە لایێن ئاڵەمانەکانەوە نیشانێکی ڕێز لێنانی خەڵات کرابیّ[2]، دیارە ئەو تا سەر ـ وێڕای دۆڕاویی عوسمانییێکان لە جەنگەکەدا ـ هەر لایێنگیر و دڵسۆزی ئەو دەوڵەتە بووە بۆییّکا لە ئەستەنبووڵیشدا ماوەتەوە.

گوزەرانی خەڵکیی لە دوای جەنگەوە، لە ئەستەنبووڵدا یێکجار سەخت و تاڵ بووە و چینی ئەفسەرەکانیشی گرتووەتەوە. لە ئەم بارەیەوە گەلیّ نووسین و بڵاوە و چەند نووسەرێکی کورد چ عارەب باسیان کردووە.

محەممەد ئەمین زەکیی ـ بێکباشی ئەرکان حەربی لەشکری عوسمانیی ـ کە دواتر بوو بە وەزیری عێراق و گەورە مێژوونووسێکی کوردی لیّ دەرچوو، لە نامەیێکی. ١٩٢٢/٨/٢٢دا کە لە ڕۆژنامەیێکی سلێمانییدا بڵاوە، داوای یارمەتیی و پارەی لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کردووە تا فریای ئەو کۆمەڵە ئەفسەرانە بکەون بە شکو لە نێو نەچن و بگەڕێنەوە نیشتمان. ئەو لە نامەکەدا کە بەناوی

---

[1] بنۆڕە: شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی ـ ج ٢، ل ٢٣.

[2] بنۆڕە: علام الکورد ـ ص ٢٠١.

کۆمەڵێکەوە بۆ کۆنە ئەفسەری پایە بەرزی عوسمانیی مستەفا پاشا یامەلکێ هەناردووە، ئەوهای نووسیوە: (ئیستا ئەوانەی ئەجەلیان نەهات بوو ـ مەبەست ئەفسەرەکان/k ـ کە نەمردبوون، لە ئێرە، لە ئەستەنبوولدا غەریب و بێ کەس، موحتاج و پەرێشان ماونەتەوە. لە ئێرە نەکەس ڕەحم بە حاڵیان دەکات و نە ئێوە لە ئەوێدا فیکرێ لە ئەمانە دەکەنەوە... لە ئەم خوسووسەوە بۆ هەموو لایێك نووسراوە، بە تایبەتیی بۆ «مەندووبی سامیی/بریتانیی ـ k» کە لە بەغدادە و موراجەعەتی پێ کراوە.. هتد)[٣].

نووریی سابیت کە ئەفسەرێکی ڕەگەز کورد بووە ـ ئیمزا کەری نامەکەی محەممەد ئەمین زەکییە ـ و دواتر لە عێراقدا بوو بە خاوەندی ڕۆژنامەی گاڵتە جاڕیی (حەبەز بووز)، لە گوتاریکیدا، یادی ئەو ڕۆژگارانەی کردووەتەوە و دەبێژێت کە؛ (بۆ دابین کردنی بژێویی، ئەوێکی ئەفسەر لە سپێدەوە تا شەوێکی درەنگ چوارکاری دیکەی کردووە، چونکە وەك خۆی دەبێژێت؛ "دوای جەنگ گوزەران لە ئەستەنبووڵدا یێکجار سەخت بووە")[٤].

هەڵبەت گەڕاندنەوەی ئەو کەسانە ـ وێڕای کۆڵی گرانی گوزەرانیان ـ ئاسان نەبووە، چونکە ئەو ئەفسەر و سوپایی و کارمەندانەی لە ئەستەنبووڵ و شوێنەکانی دیکەی تورکیا دا مابوونەوە، لە کن بریتانەکانی داگیرکەری عێراق خۆ وڵاتیی عوسمانیی بوون و بە گومانەوە تەماشا دەکران و ڕێگەیان نەدەدا ئاسان بگەڕێنەوە وڵاتەکەیان.

تەماشا بکە؛ هۆراڵد ڕامبۆڵد H. Ramboldی باوەڕ پێ کراوی سیاسیی بریتانیا لە ئەستەنبووڵدا، ڕۆژی ١٩٢١/١/١١ بروسکەیێکی بۆ وەزیری هەندەرانی بریتانیا لۆرد کورۆزن G. N. curzon[٥]لێ داوە و دەبێژێت: (مستەفا پاشامان ـ

---

[٣]- بنۆڕە: بانگی کوردستان ـ س ١، ژ ٤، ١٩٢٢/٨/٢٢.

[٤]- بنۆڕە: حبزبوز ـ س ٥، ع ٢٣٣، ١٩٣٦/١٢/١٨.

[٥]- لۆرد ژۆرژ ناتانیال کورزۆن George Nathanial Curzon (ژ: ١٨٥٩/١/١١ - م: ١٩٢٥/٣/٢٠). سیاسەت بازی بریتانیی بەناو بانگ، فەرمانڕەوای بریتانیایی لە گشت هیندوستاندا لە نێوان ساڵانی ١٨٩٩ ـ ١٩٠٥ دا. وەزیری هەندەران لە نێوان ١٩٠٩ ـ ١٩٢٤دا.★



میر لیوا یا مەلکێ/k ـ ئاگەهدار کرد کە دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ وڵاتی نێوان هەردوو ڕوبار ـ عێراق/k ـ و ئەویش «پێشنیازی کرد بەشکو هێندێ ئەفەسەری کوردی خەڵکی سلێمانیی لەگەڵ خۆی بگێڕێتەوە». ئەز بۆ ئەوە هانم نەدا، چونکە ئارەزووی من هەر «ئاسان کردن»ی گەڕاندنەوەی خۆی بوو بە تەنها)[٦].

بە ڕۆشناییی ئەو بەڵگەیە، ڕوونە کە بریتانەکان ئارەزوویان نەبووە و کارئاسانییان نەنواندووە بۆ گەڕاندنەوەی گشت کوردەکانی نێو سوپای عوسمانیی و دیارە سڵیان لێ کردوونەتەوە نەبادا ببنە پشتیوان بۆ بزاڤی ڕستگاریی خوازی میللەتەکەیان.

لە ئێرەدا ـ ئەو گەلە ئەفسەرە کوردەیش تا ساڵانی ١٩٢١ و ١٩٢٢ نەگەڕاونەتەوە و هەر هاتو هاواریان بووە ـ پرسیارێکی فرە هوردمان لێ ڕادەپەڕێ کە ئەوەیە: ت. وەهبیی ئەفسەری عوسمانیی: چۆن لە حوزەیرانی ١٩١٩دا هاتووەتەوە بۆ سلێمانیی داگیرکراوی بریتانەکان؟ سلێمانیی دوای شکستی یێکەم شۆڕشی حەفید زادە مەحموودی کورد، هەروەها ئەو کە چووەتە لای **ئەدمۆندز** ـ سەرکردەی پەلامارەکەی فریزەر بۆ کوژاندنەوەی یێکەم شۆڕشی کورد ـ **فەرمانڕەوای سیاسیی بریتانیا لە سلێمانیدا، چۆن دەمو دەست پەسەندی کرد و دای نا بەجێ گرەوەی ئەفسەری سیاسیی بریتانیایی لە ئاوایی «ڕانیە»دا[٧]؟**

ئایا هەر لەبەر ئاخاوتن بە تورکییێکی ناسك و جوانو گۆ کردنی ڕستەی «ڕائید روکن تۆفیق وەهبیی» و سەرسام بوون بە ڕوواڵەتی توانای[٨]، ئەدموندز Edmondz دەمودەست فەرمانی دانانی دا! بە چیش؟ **بە هەمان پلەی سەربازیی ـ عوسمانیی** ـ جارانیەوە کە تا ساڵی ١٩٢٠ و ئەندام بوونی لە ئەنجوومەنی باژێڕی سلێمانییدا هەر بە (**بێکباشیی ئەرکان حەرب**) ناسرا بوو[٩].

---

=★ بنۆڕە: Wiikipedia, The Free Encyclopeia.

[٦]- بنۆڕە: القضية الكردية في العشرنيات ـ ص ١٠٩.

[٧]- بنۆڕە: کرد ترك و عرب ـ ل ٨١.

[٨]- هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.

[٩]- پێشکەوتن ـ سلێمانیی؛ س ١، ژ ٢.

لە یێك دانەوەی هاتنەوەکەی کە هەمووی چەند ڕۆژێکی کەمە سەرکردەی یێکەم شۆڕشی کورد حەفید زادە مەحموود ـ لە ١٧ حوزەیراندا ـ دەستگیر کراوە و بە بریندارییی لە زیندانی سوپای بریتانیادایە لە بەغدادا و چارەنووسی نادیارە و شۆڕشەکەیشی شکستی هێناوە و لە ٢٣ی حوزەیرانیشدا سلێمانیی پێتەختی داگیر کراوە، بەڵێ هاتنەوەکەی و چوونە ژێر ئاڵای ئەو داگیرکەرەی کوژتەی خەڵکی بێ گوناهی گەلی کورد، بێ گومان ئەنجامی (هەڵویست)ێکی سیاسیی کەسی ت. وەهبییە و گومانیش دەنێتەوە: سا یا ئەوەتە ـ لە ڕۆژگاری جەنگدا ـ بە نهێنیی لە ژێرەوە هاریکاری بریتانەکان بووە و لە مێژەوە ئاشنایانە؟! یا ئەوەتە لە دوای ئاگر بەستەوە، لە ئەستەنبووڵدا وەك هەر کەسێکی دیکە ـ ناوی هەندێکیشمان هەڵ دا ـ پێوەندیی بە نوێنەری سیاسیی بریتانیا لە ئەستەنبووڵدا کردووە و ئەویش گەڕاندنەوەکەی پەسەند کردووە.

ئەز بۆم نییە ببێژم لە جەنگەکەدا پێوەندیی نهێنیانەی هەبووە[10]، بەڵکە پتر باوەڕم بە گریمانەی دووەمە، بەڵام ئەمەیان هەرگیز ئاسایی و ئاسان و بێ نرخ نەبووە و بێ گومانم (گفتی ـ دەمو دوویی یا نووسراوی ـ بە بریتانەکان داوە کە تێکەڵی چ ڕەفتار و ڕووداو کاروبارێکی پێچەوانەی مەسڵەحەتی بریتانیا نەبێت لە گەڕانەوەیدا بۆ وڵاتەکەی و گوێ ڕاهێڵیشیان بێ). دەی بە ئەو ڕۆشناییە باوەڕی پێ کراوە و **زووتر لە هاوەڵەکانی دیکەی هاتووەتەوە وڵاتەکەی و بە پلەو مووچەی خۆیەوە دامەزراوە** پایەو. گومانیش نییە کە هاتووەتە بەردەمی ئەدمۆندز Edmondz و سڵاوی سەربازانەی بۆ کردووە و ناوی خۆی داوە، **ئەدمۆندس (زانیوێتیی کێیەو پێشتر هەواڵی ئەوی ـ لە سەرو خۆیەوە ـ پێ گەهیشتووە** [11]).

ت. وەهبیی لە گوتوبێژەکەی ئێرەدا دەبێژێت؛ (حەقیقەتەن کە هاتمەوە لە تورکیاوە، مەوقیفم لە تورکیادا گەورە بوو).

---

[10]- ئەو ـ وەك باسم کردووە ـ تا کۆتایی جەنگ و خەڵات کردنی لە لایێن ئاڵەمانەکەوە، هەر لە لەشکری عوسمانییدا بووە. دەی ئەگەر تورکەکان پەرێشان بووبن، ئەوە ئاڵەمانەکان هێندە گەمژە نین نیشان بە یێکێ بدەن لە ژێرەوە پێوەندیی لەگەڵ بریتانیای دوژمنیان هەبێت.

[11]- ئەدمۆندز لە کتێبەکەیدا ـ ل ٨١ ـ دەبێژێت کە لە ئەو هەلەوە خۆشەویسترین هاوەڵێیێتی.



ئەو قسەیەی کە بە بۆنەی باسی خۆی و مێجەر سۆن Soaneەوە گێڕاوەتەوە، بۆ ئێمە دوو مانای هەیە: لە لاییێکەوە خۆی جەختی هێناوە کە لە لای بریتانەکان (هەڵوێست) و بارێکی بەهێزی هەبووە بۆییێکا ڕێگەی هاتنەوەی دراوە. لە لاییێکی دیکەوە ئەگەر لە مێجەر سۆن Soane دڵ تەنگ بووبێ، بەڵام هێشتا لەلای بریتانەکان باری شلۆق نییە، بەڵکە بەهێزە.

گریمان بەهێز بووبێ، بەڵام (هەڵوێستی چوونە ژێر ئاڵای بریتانیای داگیرکەرەوە) بێ گومان هەر زوو لە سەری کەوتووە و کەسێکی وەك مێجەر سۆن Soane یێکەم حسابی لەگەڵ کردووە.

ت. وەهبیی ـ وەك نووسەرێ[12] ـ لاف لێ دەدا گۆیا (لە ساڵی ١٩١٩ و سلێمانییدا لە عەلیهیی حاکمی سیاسیی) بووە و (لیژنەییێکی لە کوردە لاوەکان) پێك هێناوە و (لە ماڵەوە قسەیان کردووە) بەڵام (هیچیان نەکردووە، هەر قسەیان کردووە کە شەو دادەنیشتن)[13].

دوایی دەگێڕێتەوە کە (لەسەر سمێڵ ڕاکێشاندنی ڕەئیسی بە لەدییە) و (ئیستیبدای سۆن Soane) لێی عاجز بووە و ئەویش (نەفیی کردووە) و کردوویێتی بە (چاودێڕی ئاخوڕی وڵاخ).

ڕاستییێکەی دانیشتنەکانی ت. وەهبیی و میوانەکانی لە ماڵەکەیدا هەرگیز بۆ (باسی سیاسەتێکی ناحەزانە لە ڕووی بریتانیا) (هان دان و و ڕێك خستنی لاوەکان بۆ بەرهەڵستیی) و (دەرپەڕاندنی بریتانیای داگیرکەر) و (لە نێو بردنی سۆن Soane) نەبووە[14]، بەڵکە ئەو کە شانازیی کردووە بە (پەروەردەی عوسمانییێکانەوە) و هەر (بێکباشیی ئەرکان حەرب) بووە، ئەوە دانیشتنەکانیان - بە قسەی ڕەفیق حیلمیی ـ بۆ (بەزم و ڕەزم) بووە و (لە گەرمەی بەزم و خواردنەوەدا کە سەریان گەرم کردووە، بە جارێ شووڵیان لێ هەڵ بڕیوە و لە

---

[12]- بنۆڕە: توفیق وهبیی حیاته و دوره ـ ل ٥٢.

[13]- یادی گوتوبێژەکەی بکەوە.

[14]- = = = .

شێرازە چوونەتە دەرەوە)[15]. کورتیییێکەی بۆ قسەو باسی خۆش و خواردنەوە، تەنانەت گۆرانیی چڕین بووە و (مێجەر سۆن Soane)یش ئاگەهداری ئەم باسە بووە و دەنگی نەکردووە[16].

سۆن Soane ـ بە بڕوای من ـ لەسەر ئەو دانیشتنانە یا گریمان لەسەر بیستنەوەی بێزاریی ت. وەهبیی بەرامبەر (سمێڵ ڕاکێشانی ڕەئیسی بەلەدییە)، بە ئەو شێوەیە (سزا)ی ت. وەهبیی نەداوە، بەڵکە بە دانانی لەسەر (ئەو کارە) پێی گوتووە: (کابرا، تۆ بەناو بێکباشیی ئەرکان حەربیو خەڵکانێ بە ((بەگ))[17] ناوت دەبەن، تۆ ئەوە نیت خۆت بە زل بهێتە پێش چاوو وەها لە خەڵك بکەیت بە گەورەت بزانن. تۆ گەورە نیت، چونکە تۆ لەژێر فەرمانی منێکی بریتانیدایت و بمەوێت ـ وەك ویستم ـ دەت نێرمە تەویلەی وڵاخان بۆ چاودێریی ئاخوڕەکان و قنگی ئەسپەکان. ئەوەتە چوویت و بە گوێشت کردم).

بێ هیچ گومانێ، سۆن Soane ئەوها بەچاوێکی سووکەوە تەماشای کردووە بۆییێکا دوای ڕۆییشتنی وەهبیی بۆ بەغداد، هێشتا بە ئەو شێوەیە تەماشای کردووە. ئەوەتە لە بریی نووسینی (تۆفیق وەهبیی بێکباشیی ئەرکان حەرب) لێی نووسیوە؛ (تۆفیق وەهبیی ئەفەندیی)[18] کە وشەی (ئەفەندیی)ش هەر کەسێکی چاکەت و پانتۆڵ لەبەر، خوێندەوار و نیمچە خوێندەواری ئەو ڕۆژگارە و دواتریشی گرتووەتەوە.

---

[15]- بنۆڕە: یاداشت ـ بەش ٤، ل ٣٣ و ٣٥.

[16]- نەهەمان سەرچاوە.

[17]- ناس ناوی (بەگ)، ناسنێوێکی ڕەسمییانە نییە کە لە (بەگزادە)ییەوە بەری کەوتبێ، بەڵکە ئەوە بە هۆی فرمانەوە بەسەر هێندێ کەسی ئەوتۆدا بڕدراوە.

[18]- بنۆڕە؛ پێشکەوتن ـ سلێمانیی: س ١، ژ ٣٨، پێنجشەممە ١٩٢١/١/١٣* (گوتاری سۆن: خەزینەی جەمام)

* جێگەی باسە سۆن Soane کە ئەوهە ناوی هێناوە، ت. وەهبیی تازە تێکەڵی لەشکری عێراقی عارەب بووبوو. لەشکرەکەش لە ٩٢١/١/٦ دا دامەزرا.



ت. وەهبیی لافێکی سەرسوڕمێنی لێ داوە، گۆیا (شۆڕشی ساڵی ٢٠ی عارەبی عێراق تەواو بووە و لێ بوردن بۆ گشت دەرچووە و ئەویشی گرتووەتەوە و ئیدی بردوویانە بۆ بەغداد و کن داییرەی فەرمانڕەوای بریتانیا لە عێراقی عارەبدا)[19].

ئەز ـ لە پەراوێز و جێگەی خۆیدا ـ قسەم لێ کردووە و پتر ناهێنێت، بەڵام مادام ـ خۆی گوتەنیی ـ بردوویانەتە کن فەرمانڕەوای باڵای بریتانیا لە عێراقی عارەبدا[20]، ئەوە لە لاییێکەوە دەبێت خۆی پێشتر سکاڵا نامەییێکی لەمەڕ بارگرانیی خۆی لە سلێمانییدا گەهاندبێتە فەرمانڕەوای ناوبراو.

لە لاییێکی دیکەوە وەك هێنانی بۆ بەغداد ڕێکەوتی ڕۆژگارێك بوو، بریتانەکان ـ دوای شۆڕشی عارەبەکان ـ کەوت بوونە خۆ بۆ دامەزراندنی حوکوومەتێکی دەمەکیی عێراق، (پێ ویستیان بە کەسانی باوەڕپێ کراو) هەبوو تێکەڵی ببن، بە تایبەتیی لە (سوپای عێراق)دا. دەی ئەگەر وەها نەبێت، داخۆ بۆچیی هێندێ ئەفسەری دیکەی کورد کە لە سلێمانییدا بوون ـ وەك جەمال عیرفان، مەحموود جەودەت، ماجید مستەفا ـ لەگەڵ ت. وەهبیی بانگ نەکران؟ ت. وەهبی خۆی ددانی بە ڕاستییدا ناوە کە یێکێکە لە بنیاتنەرەکانی ئەو سوپایە.[21]

کەواتە ت. وەهبیی کە ئەو ڕێگەی هەڵ بژارد، بە قسەی عەقڵ و مەسڵەحەتی خۆی کرد و قسەو ئامۆژگاریی سۆن Soaneی ناحەزی کە ـ وەهبیی گوتەنیی ـ پێی گوت بوون: (تابیعی عێراق مەبن)،[22] نرخی فلسێکی قەڵبی نەبووە و چوونە پاڵ لەشکری عێراق عارەبی گرانتر زانیی.

دیاریشە هەنگی کەسانێ هەبووە لە ئەم ڕەفتارەی بێزار و زویر بوون. بۆ وێنە یێکی لە دۆست و پەرۆشەکانی؛ ڕەفیق حیلمیی لێی نووسیوە؛ (بیستمانەوە کە لە

---

[19]- یادی گوتوبێژەکەی بکەوە!.

[20]- خاوەندی کتێبی عارەبیی (تۆفیق وەهبیی حیاتە و دورە ـ ل ٥٣) بێ بەڵگە و لە خۆڕا نووسیوییێتیی گۆیا؛ ت. وەهبیی دوور خراوەتەوە.

هەروەها مێژووی ١٩٢٠/٨/١٥ی بۆ ڕۆییشتنەکەی داتاشیوە کە هەڵەیە.

[21]- بنۆڕە: ذكرى تأسيس الجيش العراق ـ ل ٢٤/ یا: توفيق وەهبیی حياتە و دورە ـ ل ٥٤.

[22]- گوتوبێژەکەی خۆی.



@kurdica

ئەوێدا ـ بەغداد ـ کراوەتەوە بە زابت و گەڕاوەتەوە جەیش. هەرچەندە حەقیشم نەبوو، بەڵام ئەو ڕۆژە ئەم کارەم بۆ تۆفیق وەهبیی بەکەم و بە ناشایستە زانیی بوو. لەبەر ئەوە لە نامیێکدا کە بۆم ناردبوو، تانووتم لێ داو زۆرم لۆمە کرد. بەینێك زویر بوو. بەڵام دوایی ئاشتمان بووەوە)[٢٣].

ئیدی ـ بە ئەم هەڵویستە سیاسییەوە ـ ت. وەهبیی وەك یێکەم کوردی سلێمانیی و کۆنە ئەفسەری عوسمانیی لە پێك هێنانی سوپای عێراقی عارەبدا بەشدار و پێش خزمەت بووە. ئەمە لە هەلێکدا نیشتیمانی خۆی داگیرکراوە و گەلەکەی ژێر دەستە بووە، خوێنی شەهیدانی ڕێگەی سەربەخۆیی (کوردستانی جونووبیی)ش هێشتا لە ((دەربەندی بازیان))دا کزر بوو!.

- ٢ -

ت. وەهبیی یێکەم هەنگاوی لە بەغداددا ناوە و بە ڕووالەت لە سیاسەت دوور بووە، بەڵام لە پڕێکدا ـ خۆی گوتنەیی ـ لە ساڵی ١٩٢٢دا بۆ (سیاسەت) و بۆ ماوەی دوو مانگ هاتووە بۆ سلێمانیی[٢٤]. بۆچیی؟ بۆ برۆپاگەندە کردن بۆ (حەمدیی بەگی بابان)ی کوردیی نەزان و پەروەردەی ئەستەنبوولْ و نیشتەجێی بەغداد، بەشکم لە نێو سلێمانیدا ناوبانگی پەیدا بکات. بۆ ئەوەش (هەواڵی مردن)ی ئەوێکی زیندوو بلاو دەکەنەوە کە خۆی سەری لێ سوڕما بوو!

ت. وەهبیی ـ لە گوتوبێژەکەیدا ـ دەبێژێت؛ (حەمدیی بەگ دەترسا دەی گوت: ئینگلیزەکان چیم پێ دەڵێن؟). لە لایێکی دیکەوە، هەر ت. وەهبیی دەبێژێت؛ (من دوو مانگ لە ئەوێدا بووم. گەڕامەوە بۆ بەغداد، کەس لێی نەپرسیمەوە، چییە و چیی نییە!)[٢٥].

---

[٢٣]- بنۆڕە: یاداشت ـ بەش ٣، ١٣٢ - ١٣٣

[٢٤]- لە پەراوێزمدا بۆ گوتوبێژەکەی ڕوونم کردووەتەوە کە ڕێکەوتەکە ساڵی ١٩٢٢ نییە و لە ئەوانەیە لە ١٩٢١دا سەردەمی فەرمانڕەوای سلێمانیی؛ مێجەر گۆڵد سمیت Gold Smith بووبێ.

[٢٥]- بنۆڕە گوتوبێژەکەی ئێرە.



ڕاستییێکەی ئەم قسانەی خۆی ـ دەش بێژێت بۆ سیاسەت هاتووە ـ مایەی پێ کەنینە. چونکە ئەوێکی سوپایی لە مەملەکەتی عێراقی عارەبی چاودێری کراوی بریتانیا، داخۆ هەر لە خۆڕاوە هاتووە بۆ سلێمانیی و پڕوپاگەندە کردن و کە هاتووشە و دەرواتەوە کەس هیچی لێ ناپرسێت؟! نا، ئەو لە خۆڕا و بەبێ ئاگهداریی بریتانەکان نەهاتووە.

ئەوەتە ڕەفیق حیلمیی دۆستی حەمدیی بەگ نووسیویێتیی؛ (شکی تێدا نییە حەمدیی بەگ لەسەر ئیشارەتی مەندووبی سامیی لە بەغدادەوە هات بووە سلێمانیی)[٢٦]. کەواتە سەرچاوەی هاتنی ت. وەهبیی بۆ پڕوپاگەندە و لێ نەپرسینەوەی کەسێ لە هاتنەکەیشی، تەواو ڕوونە.

بێ گومان ئەو بەخۆ کەوتنەی بریتانەکان، ئەنجامی گەرم بوونی کێشەکانیانە لە دوای شۆڕشی عارەبەکانەوە. لە لایێکی دیکەوە بەهۆی هەڵ کەوتنی کشاند و تێ خزاندی مەفرەزەیێکی تورك لە ڕواندز و لە مانگی مایسی ١٩٢١دا کە دوای مانگێك عەلیی شەفیق ـ ئۆزدەمێر سەرکردایێتیی کرد و ناحەزانی بریتانەکانی کۆدەکردەوە بۆ ئاژاوەنانەوە، یا لێ دانی بریتانەکان. لە هەمان هەلدا، کۆمەڵانی گەلی کورد، تەواو داخ لە دڵ بوون و هەڵپەیان بوو بۆ ئازادبوون و هاتنەوەی حەفید زادە مەحموودی سەرکردەیان و بووژاندنەوەی فەرمانڕەوایی خۆماڵیی کورد.

ئەگەر ڕەنجی ت. وەهبیی بۆ بەناوبانگ بوون و دەسەڵات پەیداکردنی حەمدیی بەگ کەڵکی نەگرت و بریتانەکان چاوپۆشییان لە خۆی و ناونیشانی کرد، ئەوە ت. وەهبیی دەستی خۆی پتر دەکاتەوە کە بێ سڵەمینەوە لەلای (جێگری نوێنەری باڵای بریتانیا لە عێراقدا) وەك (ڕاوێژکار) دەردەکەوێ و هەڵوێستی سیاسیانەیشی، هەڵوێستی کوردێکی سلێمانیی و ئاشنای حەفید زادە مەحموودی زیندانیی و ئاوارەیی هیندوستان دەخاتە ڕوو کە **پێشنیاز دەکات** و بە بریتانەکان دەبێژێت **(مەی هێندنەوە)!**

---

[٢٦]- بنۆڕە: یاداشت ـ بەش ٢، ل ١١٥.

ئەو ئەگەر لە نواندنی هەڵوێستی خۆیدا ئازاد بێ، ئەوە لە هەر زەمان و ڕۆژگارێکدا، زارۆییێکی کورد پێی بزانێت، دەمودەست سەرکۆنەی دەکات و دەبێژێت؛ ئەمە چ کوردێکی بێ ویژدانە؛

ت. وەهبیی بە ئەو هەڵوێستەیشەوە نەوەستاوە، بەڵکە پێشنیازێکی دیکەی بۆ بریتانیا کردووە؛ (**ئەگەر هەر دەی هێندنەوە، با خۆی و چەند ئەفسەرێکی هاوەڵی بچن بۆ سلێمانیی و لەشکرێ پێك بهێنن مەشقی پێ بکەن تا هێزی ئەو لەشکرە حەفید زادە مەحموود لاواز بکات و نەتوانێ سەرپێچیی بکات.** ((واتە لە ڕووی بریتانیا هەڵ نەگەڕێتەوە))[27].

ڕاستییێکەی ـ پێچەوانەی لاف و گەزافی نووسەرێ کە ستاییشی پێشنیازەکانی کردووە[28] ـ ئەو پێشنیازانەی کە بە دەنگی خۆی چ بەشێوەی بەڵگەییێکی نووسراو دەرکەوتوون، کارێ دەکەن هەرچیی نووسراوێ لەمەڕ هەڵوێستی سیاسیی و دڵسۆزیی و هاتنە پێشەوەی نێوبراو هەیە بۆ خزمەت و چاکەی گەلی کورد، ڕەش بکرێنەوە.

- ٣ -

پێچەوانەی سیاسەت و مەبەستی بریتانەکان، حەفید زادە مەحموود ـ دوای هاتنەوەکەی ـ خۆی بە یێکەم مەلیکی کوردستانی جونووبیی ناساند و وڵاتەکەی

(27)- بنۆڕە گوتوبێژەکەی ئێرەی.

(28)- یێکێ لە یێك دانە چەوتەکانی خاوەندی کتێبی (توفيق وهبيى حياته دوره السياسي والثقافي ـ ل ٥٨) ستاییش کردنی پێشنیازەکانی ناوبراوە، بە ڕادەییێك دەبێژێت: (بە ڕۆشنایی پێشنیازی، پێش بینییێکانی ئەو هورد بوون. ئەو پێشبینیی کردووە دوای هاتنەوەی شێخ مەحموود ـ حەفید زادە ـ ئاژاوە و کوژتار بقەومێ. ڕاستییێکەیشی ڕووداوەکانی پاشتر ئەو ڕاستییەیان سەلماند!).

ئەز نازانم ئەو نووسەرە باسی کام ئاژاوە و کوژتار دەکات؟ دەترسم بە چاوی ڕووداوەکانی دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ەوە تەماشای ئەو باسەی کردبێ؟!



ناو نا (مەملەکەتی کوردستانی جونووبیی) و ئاڵا و پوول و ڕۆژنامەی زمان حاڵ و لەشکری کوردستانی هێنایە مەیدان.

هەرچەندە ت. وەهبیی هەر لە سەرەتاوە ئاگەهدار بوو کە هێناندنەوەکەی بۆ ئەو مەبەستە نییە و ـ بەڵکە بۆ بەرهەڵستیی تورکانە ـ خۆی و هاوەڵەکانی بۆ مەبەستی باس کراو هاتنە پێشەوە، ئەوە لە هەلی دڵە ڕاوکێ و ترسدا، ت. وەهبیی ناچار بوو بە پێی خواستی دڵی حەفید زادە بجووڵێتەوە و مەشق بە لەشکرەکەی بکات.

ڕاستییێکەیشی **هەرچیی هەواڵێ هەن** و دەبێژن گۆیا؛ ت. وەهبی بە داخوازیی حەفید زادە مەحموود هاتووەتەوە، یا دەبێژن گۆیا؛ **لە دڵسۆزیی خۆی و هاوەڵەکانیەوە هاتوون** مەشق بە لەشکرەکە بکەن، **هەمووی ڕاست نییە**، تەنانەت ئەو هەواڵەش گۆیا ـ دوای کوژتنی ئەفسەر جەمال عیرفان ـ لە ئەوەدا بووە تۆفیق وەهبییش بکوژرێ[29]، ئەمەش هەر ڕاست نییە، بەڵکە وەك ڕوونە ت. وەهبیی کەی و چۆن و بۆچیی هاتووەتەوە، ئەوە ـ خۆی گوتەنیی ـ دوای بانگ کردنی لە لایێن **حەفید زادە** و ڕاسپاردنی بۆ مەشق پێ کردنی لەشکرەکەی، هەر حەفید زادە ـ لەهەمان هەلدا ـ بۆ جوان کردنی ڕوخسار و ناونیشانی و پێگەی **فەرمانی داوە بە دانانی** وەك **(یاوەری خۆی)**[30]. مێژووی بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵەش لە ١٩٢٢/١٢/٩دا، پیش کوژتنی جەمال عیرفانە بە چوار ڕۆژ، واتە لە شەوی ١٢ ـ ١٩٢٢/١٢/١٣دا[31].

لە لایێکی دیکەوە وەك دەمودووی خۆی لەبەر دەستە، چەشنی بیرەوەریی خۆی لە لای م. ر. هاوار، هەرگیز لە شوێنێکدا باسی (یاوەریی) و چالاکیی خۆی نەکردووە. هەروەها نووسراوێکیش باسێکی دیکەی ناکات. بە ئەمەدا دیارە (دانان)ەکەی هەر ڕواڵەت و بۆ ئەو مەبەستە بووە، بەتایبەتیی لە هەلێکدا ـ خۆی

(29)- هەموو نووسەر و لێ کۆڵەکان لە ئاستی ئەم باسەدا کەوتوونەتە هەڵەوە.

(30)- بنۆڕە: ڕۆژی کوردستان ـ س ١، ژ ٣، چوارشەممە ١٩٢٢/١٢/٩.

(31)- بنۆڕە: = = ـ س ١، ژ ٥، چوارشەممە ١٩٢٢/١٢/٢٠.

گوتەنیی ـ خەڵکیی ئەویان بە (دۆستی ئینگلیز) لە قەڵەم دەدا. **ڕاستییێکەیشی ئەسڵی کێشەی ئەو** ـ وەك بێژراوە ـ **ترسی کوژتن نییە لەسەر مەی نۆشین**، یا لەسەر (مونەوویریی ـ ڕۆشنبیریی)[٣٢]، بەڵکە ـ ئەگەر ئەوانە سووکە مەلامەتێ بووبن ـ **مەلامەتە بەهێزەکە (گومان) کردنە لە بیر و ڕەفتاری. ئەی ئەگەر وەها نەبێ بۆچیی بە حەفید زادەی گوتووە: (ئەگەر لە مـن دەترسـیت؟)** گومانەکەش بە ڕاست دەرچووە دەمێ لە دەستپێکی دووەم شۆڕشدا ـ وەك حەفید زادە هەواڵی پرسیوە[٣٣] ـ لە ئەو هەلە ناسك و مێژوویییەدا، (هەڕا)ی کردووە و چووەتەوە بەغداد بۆ نێو لەشکری مەملەکەتی عێراقی عارەب. ئەنجامی ئەم هەڕاکردنەیشی ـ تا نها کەسێ هورد لە یێکی نەداوەتەوە ـ بە ئەوە شکایەوە؛ چەند ئەفسەرێکی هاوەڵی و کەسانی دیکە بە (چەك و تیفاق و سەدان کەس)ەوە پشتی شۆڕشیان بەردا و (خۆیان دا بە دەست دوژمنەوە)[٣٤].

---

[٣٢]- بنۆڕە: یاداشت ـ ج ٦، ل ٩٥.

[٣٣]- بنۆڕە: چیم دیی ـ ج ٢، ل ٩. (نووسراوە: شێخ مەحموود پرسیی تۆفیق وەهبیی بەگ دیار نییە؛ گوتیان: هەر شەو ڕۆییشت بۆ هەڵەبجە).

[٣٤]- ئەو ئەفسەرانە ئەمانە بوون:★

١- خالید سەعید★★

٢- ڕەشید سدقی غەفوور.

٣- عەلیی کوردیی.

٤- ئیبراهیم زوریی.

٥- عەبدولعەزیز ئەفەندیی.

٦- فوئاد مەستیی

٧- مەجید خانەقینیی.

★ چیم دی ـ ج ٢، ل ٢١ ـ ٢٢ (جێگەی باسە کەسانی دیکەیش وەك ئەمین ڕواندزیی — بەبیانووی گومان لێ کردنەوە لەسەر هەڵاتنی ئەو ئەفسەرانە و لەلای لەشکری شۆڕشەوە زیندانیی و دوایی ئازاد کراون و چوونەوە نێو سوپای عارەبی عێراق).

★★ هەر چەندە ئەو خۆ بەدەستەوەدانەی (خالید سەعید) خراوەتە ڕیزی تاوانەوە، بەڵام وەك هورد لە حاڵ نامەی ژین و گوزەران و ڕەفتاریم کۆڵیوەتەوە، ئەو هەمیشە ناحەزی بریتانەکان بووە. بۆیێکا هەر لە هەلی خۆبەدەستەوە دانەوە هەرگیز تێکەڵی سوپای عێراقی عارەب



=نەکراوەتەوە، بەڵکە تا مردن فەرمانبەرێکی سیویل بووە و ژین و گوزەرانی تاڵ بووە. تەنانەت ـ وەك بابم بۆ منی گێڕاوەتەوە ـ ☼خالید سەعید لە دوا ساڵەکانی ژینیدا لە نێو سەرای سلێمانییدا (عەرز و حاڵ نووس)بوو. ئەمیش ژین نامەیتی:

- خالید کوڕی سەعید کوڕی عەبدوڵڵە (ژ: ١٨٨٤. - سلێمانیی م: ١٩٤٧/٢/١٥. سلێمانی).

ڕیشەی بابی پشدەرییە و ڕیشەی دایکی شیوەکەڵەییە. وەك باو بووە، لە سەرەتادا خوێندنی لە حوجرەکانی سلێمانییدا دەست پێ کردووە. هێندە زیرەك بووە لە تەمەنی دووازدە ساڵیدا چووەتە بەر (فێرگەی ڕوشدییەی سەربازیی ـ سلێمانیی). دوایی چووەتە (فێرگەی ئامادەیی سەربازیی ـ بەغداد)، ئەوجا (فێرگەی جەنگاوەریی ئەستەنبووڵی) و ساڵی ١٩٠٤ بە پلەی مولازمی دووەم بووە بە ئەفسەری عوسمانیی. (قسەی عبدولخالقی کوڕی بۆ من: سلێمانیی؛ ١٩٨٤/٨/٣).

لە یێکەم جەنگی گێتییدا ـ پلەی نەقیب بووە ـ لەبەرەی کەوکاسدا جەنگاوەرێکی لەشکری عوسمانیی بووە. یێخسیر و بەندکراو لە (مۆسکۆ، لە لیننگراد، ئەرکجنەری بەندەری ڕووسیا). یێخسیرییێکەی دوو ساڵی خایاندووە. دوایی بە پاپۆڕ هەڕای کردووە و بە فەلاکەت گەهیشتووەتە لۆندون و لە ئەوێ ڕاوە بۆ قاهیرە و لە ئەوێ ڕاشەوە چووەتە پاڵ (لەشکری حیجاز). (قسەی عەبدولخالقی کوڕی بۆ من).

لە ساڵی ١٩١٧ و لە لەشکری باکووردا ـ حیجازیی کە فەرماندەکەی میر فەیسەڵ دواتر پاشای عێراق بووە– وەك فەرماندەی "سرییەی هەججانە/ لەشکری هۆزەکانی عارەب" و بە ناوی (خالد السلیمانی)یەوە ناوی دەرکەوتووە.

هەر بە هەمان ناوەوە و لە کۆتایی ساڵی ١٩١٧دا، لە فیرقەی دووی لەشکری حیجاز و لیوای عەقەبەدا؛ بە پلەی موقەددەمیەوە وەك فەرماندەی ئەو لیوایە دەرکەوتووە. (بنۆڕە: تاریخ المقدرات العراق السیاسیی ـ ص ٢٠٩).

لە ساڵی ١٩٢٠دا کە فەیسەڵی کوڕی حسێن ـ لە سوریاوە هەڕای کرد و هاتە عێراقەوە ـ خالید سەعیدیش بە پلەی جارانیەوە، بێکباشیی ـ موقەددەمیەوە هاتووەتەوە. دوایی کراوە بە ڕێبەی دەزگەی سەربازگری کەرکووك. (قسەی کوڕی خۆی بۆ من).

لە ١٩٢٢/٩/٢٥ دا ـ لەگەڵ تۆفیق وەهبیی و هاوەڵەکانی ـ هاتوونەتەوە بۆ سلێمانیی و دواتر تێکەڵی لەشکری حوکوومەتی کوردستان بووە. لە سەرەتای شۆڕشی دووەمدا دەستی لە شۆڕشی =هەڵ گرتووە و گەڕاوەتەوە بەغداد و ـ وەك کوڕەکەی دەی گوت ـ چەندانێ بێ کارە بووە. دوایی لە ساڵی ١٩٢٣دا کراوە بە مامۆستای (قوتابخانەی ئەلخزر ـ دیوانییە). ئەوجا لە ١٩٢٤/١/١٤ ـ ١٩٢٤/٩/٢دا مامۆستا (قوتابخانەی بەدرە ـ کووت) . دوایی ڕاگواستراوەتەوە بۆ بەغداد و لە نێوان ١٩٢٤/١١/١٨ ـ ١٩٢٥/١/٨دا مەئمووری (دارولشەفا)ی پێتەخت بووە. ئەوجا لە نێوان ١٩٢٥/١/٨

ئەز بێ گومان ـ چۆن سەرلەشکر ساڵح زەکیی ساحێبقڕان بە نامەی عەلیی کەمالی دۆستی بریتانەکان ساردبووە و پشتی شۆڕشی بەردا[٣٥]- ئەو ئەفسەرانە بە ئامۆژگاریی پێشتر یا هەر بە ئاماژەی ڕۆیشتنەکەی جووڵاونەتەوە و خۆیشیان ـ

=ـ ١٩٢٥/٧/١دا، مەئمووری (مەدرەسەتولئیسلاح)ی بەغداد. لە نێوان ١٩٢٥/٧/١ ـ ١٩٢٥/١٠/١٨دا مەئمووری بەندیخانەی هەولێر و لە نێوان ١٩٢٥/١٠/١٨ ـ ١٩٢٥/١١/٣٠دا مەئمووری بەندیخانەی مووسڵ بووە (نامەی ڕەسمیی موتەسەرڕیفییەتی سلێمانیی: ژ: ١٩٦١/٣١٥، ڕۆژی: ١٣٦٥/٣/٢٩ك/١٨ ـ ٦ ـ ١٩٣٤).

لە ساڵانی ١٩٢٦دا ڕێبەری (قوتابخانەی ئامێدی) و لە ١٩٢٧دا مامۆستای (قوتابخانەی تەل ئەبوزاهیر ـ تەلەعفەر) و لە ١٩٢٧دا یێکەم مامۆستا ـ ڕێبەری (قوتابخانەی کۆیێ) و لە نێوان ١٩٣٠ ـ ١٩٣٣ مامۆستای (قوتابخانەی ئەییووبیە) و (فەیسەلییە)ی سلێمانیی بووە.

لە ١٩٣٤دا خانەنشین بووە (قسەی کوڕی خۆی بۆ من. بەڵام بە پێی نامەی موتەسەرڕیفییەتی سلێمانی: ژ ١١٢٠٥ای ڕۆژی ٤ی ڕەبیعولسانیی ١٣٥٣ای کۆچیی بەرامبەر ١٩٣٤/٦/٢٦، گۆیا فەسڵ ـ دەرکراوە. پێدەچێ ڕاست بێ و دوایی باری چاك کرابێ و مووچەی خانەنشینی وەرگرت بێ کە تا دوای خۆیشی نەوەکانی وەریان گرتووە).

خالید سەعید عەبدوڵڵە ـ دوو ژنی هێناوە. یێکەمیان کیژی عەبدولوەهاب ـ مەهدیی ـ بەگی دیاربەکریی فەرماندەی فیرقەی لەشکری عوسمانیی کەرکووك کە لەبەر ئازاییێتی خالید، کیژەکەی خۆی لێ مارە کردووە. لە ئەم کابانەی دوو کوڕ: مامۆستای قوتابخانەی کۆچ کردوو عەبدوالخالیق، هەروەها جێگیری ئەفسەری خانەنشین عەبدوڵڵە و تاقە کیژێکیان بووە.

لە کابانی دووهەمی تەنها جێگیری ئەفسەری خانەنشین: عبدوڕڕەحمانی هەبووە.

هیچ نووسین و داندراوێکی نییە و بە نەخۆشیی ڕەبوو ـ تەنگەنەفەسیی. مردووە و لە گردی جۆگە ـ سلێمانی نێژراوە.

جێگەی باسە بە ویژدانەوە ببێژم؛ ئەم کەسە کە ئاشنای پاشا فەیسەڵی عێراقیش بووە، ئەگەر کەسێکی دوژمن پەرست بوایە هەڵبەت ـ وەك تۆفیق وەهبیی و هاوتای ـ لە لەشکر و دەوڵەتی عێراقدا پێش دەکەوت. کە وەهایش نەبووە و لە دوا ساڵەکانی تەمەنیدا (عەرزوحاڵ نووس) بووبێ، دیارە کەسێکی بە حورمەت و سەربەرز بووە و گەردنی ئازادە. (خالید سەعید عەبدوڵڵە کوڕە پووری حاجیی فەتاحی دەباخچیی ـ گۆشت نەخۆرە کە دەکاتە باپیری ـ لەدایکەوە ـ بابی نووسەری ئەم بابەتە).

[٣٥]- ئەم باسە لە چەند سەرچاوەیێدا ـ وەك یێك ـ قسەی لێ کراوە.. عەلیی کەمالیش هەنگی ڕێبەری پۆلیسی "کۆیە" بووە.



بە ت. وەهبییەوە ـ هەرگیز بۆ شەڕ کردنی بریتانەکان نەهات بوونە پاڵ دووەم حووکوومەتی کوردستان.

هەر چۆنێ بێ، ورەی گەل و شۆڕشگێڕان و حەفید زادەی سەرکردەیان کارێکیان کرد سەرلە نوێ سلێمانیی پێتەختی مەملەکەتی کوردستانی جونووبیی ئازاد و ئاڵای کوردستان هەڵ بکرێتەوە.

ئەوێ دەمێش ـ لە دووریی ت. وەهبیی نەتەوە پەروەرەوە[٣٦]!! ـ هەموو بەیانییێك قوتابیانی (قوتابخانەی ئامادەیی مەحموودیی) سروودێکی نەتەوەییان بە ئەم شێوەیە دەخوێندەوە:

وا نابێ وا نابێ
ئینگلیز وا نابێ
ئەم خاکە تا سەر بۆ تۆ نابێ[٣٧].

- ٤ -

لە هەڕاکردنەکەیەوە بۆ بەغداد تا سەرەتای ساڵی ١٩٣٠، چ هەواڵێ دەرنەکەوتووە تێکەڵی ت. وەهبیی لە سیاسەتدا پێ نیشان بدات. بەڵام بەپێی هوردبوونەوە، ڕوونە کە ئەو لە لاییێکەوە خەریکی جێگیربوون و بونیات نانی ژینی کۆمەڵیی خۆی بووە[٣٨]، لە لاییێکی دیکەوە لە نێوان ١٩٢٥ ـ ١٩٢٩دا خەریکی لە ئامێزگرتنی دنیای ڕۆشنبیریی بووە. لە ڕووی کارو فرمانیشەوە ئەوە وەك فەرماندەی فێرگەی مەشقی سوپای پاشاییێتیی لە بەغداددا سەرقاڵی فرمانەکەی

[٣٦]- بەڵگەنامە ئینگلیزییێکەی نوێنەری باڵای بریتانیا ـ م. ر. هاوار بڵاوی کردووەتە و لە پەراوێزەکانی گوتوبێژەکەدا نواندوومە ـ بە شێوەی (نەتەوە پەروەرێکی کورد، ڕقی لە تورکانە) ناوی ت. وەهبیی هێناوە.

[٣٧]- بیرەوەریی ئیبراهیم ئەحمەدی پارێزەر ـ بە دەنگی خۆی ـ لە بەرنامەی تەلەڤزیۆنیی (Kurdsat TV) بۆ ساڵیادی مردنی. بەرنامەکە شەوی ٧ ـ ٢٠١٠/٤/٨ پێ نیشان درا.

[٣٨]- لە ١٩٢٧دا ژنی هێنا.

بووە و ئەگەر جارجاریش ناوی لە ڕۆژنامەیەکدا دەرکەوت بێ، ئەوە بە بۆنەی دیدەنیی هێندێ باژێڕەوە بووە بۆ تاقی کردنەوەی ئەفسەرەکانی ڕیزی سوپا[39].

ت. وەهبیی لە ئەو بارەدا بوو کە ڕۆژنامەی (ژیان)ی سلێمانیی سەرەتای ساڵی ١٩٣٠، بەناونیشانی (هەموو شەوێك ڕۆژی لە دوایە) سەرگوتارێکی هەڵ خستووەو بەشێوەیێکی سەرسوڕمێن بابەتەکەی نواندووە تا ئەوەی دەبێژێت: (موقابیل بە هەموو فەلاکەت، بۆمباردومان، موهاجەرەت و سەفالەت کە تووشی میللەتی کورد بووە و ـ بەتایبەتیی ـ لیوای سلێمانیی چاوی پێ کەوت.. نەتیجە بە موکافاتی خۆی گەهیشت، ئەوە شەوی لێ ڕۆژبووەوە.. دەرگەی لوتفی حوکومەتی لێ کرایەوە، لە تێ گەهیشتووترین و چاکترینی میللەتەکامان.. سەعادەت تۆفیق وەهبیی بەگ تەعین کرا بە موتەسەڕریفی سلێمانیی)[40].

بە ئەم پێیە ت. وەهبیی جارێکی دیکە ـ بە ڕۆشنایی گوتوبێژەکەیشی ـ تێکەڵی سیاسەت بووەوە.

ت. وەهبیی چوارەمین موتەسەڕریفی سلێمانییە. یێکەمیان کاپیتان چاپمان A. J. Chapmanی سەرکردەی پەلاماری بریتانیی ـ عێراقیی بوو بۆ ڕماندنی سێیەم و دوا حوکومەتی مەملەکەتی کوردستانی جونووبیی لە ١٩٢٤/٧/١٩دا. ناوبراو تا ١٩٢٥/٣/٧ موتەسەڕریف بوو، دوای جێگیرکردنی دەسەڵاتی داگیرکەر و نووساندنی سلێمانیی بە عێراق عارەبەوە، جێگەی چۆڵ کردن بۆ ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگی پشدەریی. ئەم زاتە ئەگەرچی یاوەری هەمان پەلامار بوو، کەسێك بوو لە ت. وەهبیی بەناوبانگتر. ئەو لەگەڵ حەفید زادە مەحموودی هاوەڵی، لە یێکەم جەنگی گێتییدا دووجار ـ بە نهێنیی ـ نامەیان ناردبوو بۆ سەرکردەکانی لەشکری بریتانیای داگیرکەری عێراق و پێشنیازیان کردبوو؛ ئامادەی هاریکارییانن بە مەرجێ (وڵاتی کوردان بدەنە دەست نیشتمانپەروەرانی کورد). سەرئەنجام لەگەڵ حەفید زادە لە لایێن تورکانەوە گیراو لە ئەوەدابوو سەری دابنێ، بەڵام بەر

(39)- بۆ وێنە چووەتە سلێمانیی. بنۆڕە: ژیان ـ س ١، ژ ٤٨، پێنجشەمە ١٩٢٦/١٢/٣٠، س ٣، ژ ١١٤، پێنجشەمە ١٩٢٧/٥/١٧.

(40)- ژیان ـ س ٥، ژ ٢٣٩، دووشەمە ١٩٣٠/٥/١٩.



لێ بووردن کەوت. وێڕا، ئەو لە ڕۆژگاری موتەسەڕریفییدا بە کەسێکی ئاوەدان کەرەوەی سلێمانیی و بووژێنەوەی خوێندەواریی و بنیاتنەرێکی ژینی ڕۆشنبیری هاوچەرخی سلێمانیی ناسرا. بەڵام کە بریتانەکان پیلانیان دانا بە گوتوبێژ و سیاسەتێکی هێورتر لەگەڵ حەفید زادەی شۆڕشگێڕ بجووڵێنەوە ـ ئەحمەد بەگیش لە ساڵی ١٩٢٢ بە دواوە لە حەفید زادە زویر و جوێ بوو بووەوە ـ ڕایان گواستەوە بۆ هەولێر و ئەویش لە بریی چوون، دەستی لە کار و فرمان هەڵ گرت. بە ئەو شێوەیە سێیەم موتەسەڕریف ئەحمەد عوسمان هەولێریی ڕێگەی هاتنی خۆش بوو کە تا ١٩٣٠/٥/٩ موتەسەڕریف بوو. ناوبراو ـ ت. وەهبیی گوتەنیی ـ بە بەرقەرارکەری ئاسایش ناسراوە[41]، کە بە ئامۆژگاریی بریتانەکان سیاسەتی لەگەڵ حەفید زادە مەحموود گرتە بەر و نامەکاریی و پێوەندیی لەگەڵ بریتانەکان نزیك کردەوە تا سەرئەنجام لە سەرەتای مانگی تەمووزی ١٩٢٧دا حەفید زادە بڵاوەی بە شۆڕش کرد و چمکی ئاشتیی گرت.

ئیدی گومان نامێنێت کە دانانی تۆفیق وەهبیش بۆ مەبەستێکە!

ت. وەهبیی لە ١٩٣٠/٥/١٠دا گەهیشتووەتە ئاوایی «تەینال»[42] و سوپاسی پێشوازی خەڵکانێکی سلێمانیی کردبوو کە بەرە و پیری چوو بوون و پێی گوتوون؛ (بۆ زانست، سیحەت، دەوڵەمەندیی، سەنعەت و تەعمیر و زراعەتی میللەتەکە، لە داخڵی هێزی بەشەریدا تێ دەکۆشم)[43].

ئەگەر ئەو قسانە شیرین و جوان بووبن و ڕێکەوتی (زەمانێکی بێ کاسبیی و بێ ئیدارەیی) خەڵکی باژێڕەکە بوو بێ[44]، ئەوە تشتێکی ئەوتۆ گرنگی لەدەست نەهاتووە، چونکە لەچاو موتەسەڕریفە کوردەکانی پێشینی کە لە نێوان ٢ ـ ٣

(41)- سەرچاوەی پێشوو.

(42)- ئاوایی تەینال: مەڵبەندی کارگێڕی نێوچەی (بازیان)ی نزیك سلێمانییە.

(43)- بنۆڕە: ژیان ـ ژ ٢٣٩.

(44)- بنۆڕە: ژیان ـ س ٥، ژ ٢٤٥، دووشەمە: ١٩٣٠/٦/١٦ (سەرگوتار: تەماشای حیسسییات و سەخای میللەتەکمان بکەن).

سـالّدا فـەرمانڕەوا بـوون، ئـەو هـەرە موتەسـەڕڕیفی تەمـەن کـورت؛ سـەد ڕۆژ دەسەڵات بەدەست بوو[٤٥].

---

[٤٥]- هەر بۆ بەرچاو ڕوونیی خوێندەوارەکان، ئەوە ڕەفتارەکانی موتەسەڕڕیف و باری خەڵك و ڕووداوەکانی سەردەمی دەخەمە ڕوو کە لە ڕۆژنامەی (ژیان ـ س ٥، ژ ٢٣٩؛ ١٩٣٠/٥/١٩ ژیان ـ س٥، ژ ٢٤٩، دووشەممە؛ ١٩٣٠/٧/٧)دا دەخوێندرێتەوە و بە ئەم شێوەیەن:

موتەسەڕڕیف ت. وەهبیی لە ئەو مەودایەدا، لە نێوان ـ ١ ـ ٢ ڕۆژدا بە تەنها سێ کەڕەتی ئاشکرا دیدەنیی باژێڕۆك و گوند و ئاواییێکانی ((هەڵەبجە))، ((عەبابەیلێ)) و ((خورماڵ))، ((قەرە چەتان))ی کردووە. ئەم دیدەنییانە بۆ بەسەرکردنەوەی دەزگەکان، قوتابخانەکان، کێشەی زەویی و زار، پیاوە ناسراوەکان بووە. دیسان لە ئەو مەودایەدا ـ وەك باس کراوە ـ تەنها موتەسەڕڕیفی کەرکووك؛ قائیمقامی هەڵەبجە و چەند کەسێکی خانەدانی جاف بۆ بەخێر هێنانی دیدەنییان کردووە. هەرچەندە کەسانی دیکەیش هاتوونە سلێمانیی وەك کۆنە موتەسەڕڕەیف ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ، کەسانێکی سەییدەکانی سەرگەڵوو، سەییدەکانی بەرزنجە، چەند سەردارێکی خێڵەکانی پشدەر، هەروەها ئەفسەری عێراقیی موقەددەم عیززەت تۆپچیی.*، ئەوە نەبێژراوە ئایا بۆ دیدەنیی ئەو هاتوون یا نا!!

لە ڕووی ئاوەدانیشەوە چ تشتێکی پێ نەکراوە و هەر گفتی داوە لە هەڵەبجەدا قوتابخانەیێکی کیژان و لە عەبابەیلێدا ـ ساڵی داهاتوو ـ قوتابخانەیێکی کوڕان بکرێنەوە.

لە سلێمانیی و یێکەم حەوتەی فەرمانڕەواییدا، دیدەنیی قوتابخانەکان و مامۆستاکانی کردووە. یێك کەڕەتیش لە ئاهەنگێکی (کۆمەڵی زانستیی کوردان)ی سلێمانییدا ئامادە بووە.

لە ڕۆژگارەکەیشیدا ـ وەك ڕۆژگاری پێشینەکانی ـ بایێخ بە خوێندەواریی و پاکۆدانی نەخوێندەواریی دراوە، بە ڕادەیێك کۆمەڵی زانستیی پۆلی شەوانە و قوتابخانەی چەمچەماڵیش دوو پۆلی شەوانە و قوتابخانەی کیژانی سلێمانیش پۆلێکیان بۆ ژنە نەخوێندەوارەکان کردووەتەوە. بەڵام هەرە دیاردە کە سەرنج ڕاکێش بێ، پێکەوەنانی (کۆمەڵی زانستیی ژنان) بووە، بەتایبەتیی کە بۆ یێکەم جار کارێکی ئەوتۆ بکرێت و کابانی موتەسەڕڕیف — ئاسیا ـ سەرۆکاری بێ و گفت بدەن بۆ پێشخستنی ژنان. لە هەمان هەلیشدا، لە ڕۆژنامەدا گوتاری بەنرخ بۆ قەدرگرتنی ژن و ماف و پێ وستەکانی، پێش خستنی ژیانی هەڵ کەوتووە.

لە ڕووی باری ئاساییشی گشتەوە، ئەوە تا ڕۆژی دیدەنیی جێگەنشینی پاشا ـ وەلیی عەهد بۆ سلێمانیی لە ١٩٣٠/٧/١٦دا، چ ڕووداو و تاوانێ نەقەوماوە مەگەر ئەوە نەبێ لە هەڵەبجەدا خەسوویێ لە داخی بووکەکەی، خۆی لەسەربانەوە فڕێ داوە و مردووە هەروەها لە سلێمانیی و



ت. وە هبیی لە چ بارو ڕێکەوتێکی عێراق و سلێمانییدا کرا بە موتەسەڕڕیف؟

بێ درێـژ دادڕیـی، بـە ڕۆشـنایی سەرچـاوەکانی مێـژووی سیاسـیی عێـراق، ئـەم وڵاتە تازە هەڵ کەوتووە، وەك مەملەکەتێکی پاشا نشیین، لە لایـێن بریتانەکانـەوە بنیات نـرا. هەر لە یێکەم ڕۆژی داگیرکردنـی بەغدادیشـەوە: (١٩١٧/٣/١١) بریتانیـای مەزن هەموو جۆرە توانایێکی دارایی، سـەربازیی و هـەواڵ گریـی بـۆ داگیرکـردن و دەستەمۆکردنی ئەم وڵاتـە و خەڵکەکـەی دەزانیـی و دەناسـیی. فەیسـەڵی حیجازی دەرکراوی سوریە ـی هێناو کردی بە پاشا بەسەر خـەڵکی ئـەم وڵاتـەوە. لـە نێـوان ١٩٢٢ ـ ١٩٢٧دا (سێ پەیمانی بریتـانیی ـ عێراقیـی)ش[٤٦] مـۆرکرا و ـ وێـڕای بـەکار نـەبردنی سـێیەم ـ هەرسـێ پەیمانەکـە ڕێگـەی دا (چـاودێریی ـ ئینتیـداب ـ مانـدات)ی بریتانیـا بەسـەر عێراقـەوە بـێ. لـە ئـەم بارەشـدا (بریتانـەکان) وەك دەسەڵاتێکی بـاڵا، لـە پـاڵ دەسـەڵاتی مەملەکەتەکـەدا ڕەفتـاری دەکـرد.. لـە شـکری بریتانیی، بەکرێ گیراوانی لیڤیی[٤٧] و هی دیکە، نێـرووی هـەوایی و بنەکـەکانیان، سـەدان ئەفسـەر و کارنـاس لـە وەزارەتـەکان و دەزگەکانیانـدا بـە نـاوی (خواسـتنی خزمـەتگوزاریی ـ ئیسـتیعارەت خـەدەمات)ەوە کاریـان دەکـرد. کورتیییێکـەی،

---

=دوکانی دەلاکێکدا، کابرایێك لە پڕێکدا پەلاماری گوێزانی دەلاکیی داوە و بە ملی خۆیدا هێناوە، بەڵام نەمردووە.

* عیززەت تۆبچیی ـ دواتر و بێ دەرکەوتنی ناوی ـ یێکێ بووە لە ڕیزی (دەستەی نیشتیمانپەروەران ـ هەیئەی وەتەنییە)ی سلێمانیی.

[٤٦]- پەیمانی یێکەم لە ١٩٢٢/١٠/١٠دا، دووەم لە ١٩٢٦/١/١٣دا، سێیەم لە ١٩٢٧/١٢/١٤دا مۆرکران، بەڵام دوایییێکە کاری پێ نەکرا.

[٤٧]- ئەم لەشکرە ـ لە نەستوورییە دەربەدەرەکانی تورکیای عوسمانیی و لە گەرمەی یێکەم جەنگی گێتییدا ـ لە لایێن بریتانەکانەوە پێك هات بۆ بەکار بردنیان لە پێناوی داگیرکردن و لێ دانی عارەب و کوردستان و خۆ وڵاتییێکانی. بەپێی بەڵگەیێك و بەپێی (چوارەم پەیمانی بریتانیا ـ عێراق: ١٩٣٠/٦/٣٠) بریتانیا مافی هەبووە کە (نێرووی لیڤیی: ١٢٥٠ کەسیی) بهێڵێتەوە بۆ پاراستنی بنکەکانی نێرووی هەوایی خۆی.* دیارە هەنگی ژمارەکەیش لە ١٢٥٠ پتر بووە.

* بنۆڕە: قوات الليڤي العراقية (١٩١٥ ـ ١٩٣٢) ـ ل ٢١٤.

دەسەڵاتی نوێنەری باڵای بریتانیا ـ مەندوویی سامیی ـ لە عێراقدا تا ڕۆژی وەرگیرانی عێراق بە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان (١٩٣٢/١١/٣) و کۆتایی هاتنی (چاودێریی ـ ماندات)، خۆی لەشانی دەسەڵاتی پاشای عێراق دەدا، بەڵکە هێندێ جار ئەگەر کێشەیێ قەومابێ، بریتانەکان پێیان داگرتووە و داشیان سوار بووە.

ئەوێ دەمێ ـ سلێمانیی ساڵی ١٩٣٠، وەك لیوایێکی عێراقیی بوو. لە ڕووی کارگێڕییەوە (موتەسەڕڕیف نشیین) بوو، بەڵام لە هەمان هەلدا (پشکنی کارگێڕیی ـ ئیداریی/ حاکمی سیاسیی) بریتانیی[48] ـ وەك جێگری موتەسەڕڕیف دەرکەوتووە ـ و (پشکنی پۆلیس) بریتانیی[49]، (ئەفسەری هەواڵ گریی نێرووی هەوایی) بریتانیی[50]، (دوو فەوج سەربازی عێراقیی)[51]، (دوو فەوج سەربازی

---

(48)- پێش گەهیشتنی ت. وەهبیی، لە ١٩٣٠/٥/٣دا، پشکنی کارگێڕیی ـ موفەتتیشی ئیداریی کاپیتان (گاوون) بۆ حەساندنەوە و ڕابواردنی شەش مانگ چووەتەوە بۆ بریتانیا. پشکنی کارگێڕیی باژێڕی عیمارە، کاپیتان (ئالبان) هاتووەتە جێگەیی و پێش ت. وەهبیی بە چەند ڕۆژێ دەست بەکار بووە.*

جێگەی باسە ئەم پشکنانە وەك حاکمی سیاسیی بوون بە ڕادەیێك ـ لە هەلی کار کەنار کردنی ت. وەهبییدا ـ پشکنی کارگێڕیی سلێمانیی بە (جێگری موتەسەڕڕیف) لە لایێن حوکوومەتی عێراقی عارەبەوە تەماشا کراوە.**

* بنۆڕە: ژیان ـ س ٥، ژ ٢٣٨، پێنجشەممە ١٩٣٠/٥/٨.

** بنۆڕە: بەڵگەکان.

(49)- پشکنی پۆلیسی بریتانیی ئەوکاتەی سلێمانیی؛ (مستەر شیپەرد Shepard) بووە کە لە ١٩٢٦ەوە هاتووەتە سلێمانیی*.

بنۆڕە: ژیان ـ س ١، ژ ٤٣، ١٩٢٥/٢٥،١١ و ژیان ـ س ٥، ژ ٢٣٤، پێنجشەممە ١٩٣٠/٤/١٠.

(50)- بە شێوەی (زابت ئیستخبارات ڤیوای هەوائیی حوکوومەتی فەخیمە بریتانیا) ناوی هاتووە کە تا مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٣٠ - کاپیتان ئەندرسن) ناو بووە و دواتر کاپیتان (ئەی، جەی، ئێم. برنن) جێگەی گرتووەتەوە.*

جێگەی باسە لە هێندێ ژمارەی ئەو ڕۆژنامەیەدا، ناوی (زابت ئیستخبارات)یش هەیە کە ئەز نازانم مەبەستی لە ئەفسەری باس کراوە یا ئەمیان عێراقییە.

* بنۆڕە: ژیان. س ٥، ژ ٢٢٥، دووشەممە ١٩٧٠/١/٢٧.

(51)- بە ڕۆشنایی گوتوبێژەکەی ت. وەهبیی.



لیڤیی)[52] لێ بووە. ئەمە بێ لە ڕێبەری دەزگەی پۆلیسی عێراقیی ـ موراد بەگ ـ و (ئەنجوومەنی کارگێڕیی)[53] و کاربەدەستی دیکە.

کورتییێکەی لیوای سلێمانیی و هەموو کاروبارێکی دامودەزگەکانی موتەسەڕڕیفییەت ـ بەکار گێڕەکانەوە ـ چاودێری کراوی بریتانەکان بوون. ڕوونتریش دەبێژم؛ موتەسەڕڕیف ت. وەهبیی، هەموو تشتێ نەبووە وەك ـ لە گوتوبێژەکەیدا ـ خۆی نواندووە.

زووتر گوتم؛ هەڵ بژاردنی ت. وەهبیی ـ وەك پێشینەکانی ـ بۆ مەبەستێ بووە، دەی چییە؟.

ئەو کە لەلایێن ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی عارەبەوە، لە ١٩٣٠/٤/٢٨دا بڕیاری دانانی درا، هەنگی، ڕاستتر لە ١٩٣٠/٤/٢دا گوتبێژی گەرم لە نێوان عێراق و

---

(52)- بەپێی هەواڵی ڕۆژنامەیی (ژیان ـ ١٩٣٠/٦/٥) بێژراوە: بۆ ساڵ ڕۆژی لە دایێك بوونی پاشا ژۆرژی ئیمپراتۆری بریتانیا، ئاهەنگیان گێراوە.* دیارە (دوو فەوج نێرووی لیڤیی) لە سلێمانییدا ـ هاوشانی دوو فەوجەکەی سوپای عێراق ـ هەبووە.

بەڵگەیێکی بریتانیی درەنگتریش ئەو هەواڵە چەسپ دەکات کە دەبێژێت: (لە ١٦ی شوباتی ١٩٣٢دا سرییەیێکی فەوجی دووەمی ئاسووریی ـ لیڤیی/k ـ سلێمانیی بەجێ هێشتووە و ڕەوانەی بەسرە کراوە).**

* بنۆڕە: ژیان ـ س ٥، ژ ٢٤٣، پێنجشەممە ١٩٣٠/٦/٥.

** بنۆڕە: قوات الليقي العراقية ـ ل ١٩٢.

(53)- ئەنجوومەنی کارگێڕیی ـ مەجلیسی ئیداریی لە ڕۆژنامەی (ژیان)ی ڕۆژگارەکەدا، ڕەنگ و دەنگی نییە و ناوی سەرۆك و ئەندامەکانی دیار نییە، هێندە هەیە لە پارە بەخشیندا بۆ (کۆمەڵی زانستیی) ناوی (کاتبی مەجلیسی ئیدارە) غەفوور ئەفەندیی هاتووە.* پێدەچێ ئەنجوومەنەکە لە گەورە پیاوانی دەسەڵاتدار و ناسراوی باژێڕەکە پێك هات بێ و (پشکنی کارگێڕیی) بریتانیی تێکەڵی بووبێ.

جێگەی باسە خاوەندی کتێبی (توفيق وهبي حياته و دوره ـ ص ٧٣) قسەی لە بەڵگەنامەیێکی ئەنجوومەنەکە کردووە کە: (نامەیێکی نهێنیی ژ: س/١٧٥ی ١٩٣٠/٨/١٩)ی بەرەوڕووی (وەزارەتی نێوخۆی عێراق) کردووە و ڕای گەهاندووە: (تۆفیق وەهبیی ـ لە دیدەنییێکیدا بۆ هەڵەبجە، خەڵکی لە دژی حوکوومەتی عێراق هان داوە).

* بنۆڕە: ژیان ـ س ٥، ژ ٢٤٦، پێنجشەممە ١٩٣٠/٦/١٩.

بریتانیادا دەستی پێ کردبوو بۆ گەلاڵە و مۆرکردنی (پەیمانی چوارەم)ی نێوانیان کە بۆ هەردوولا چارەنووس ساز بوو. گوتوبێژەکان هێندە پڕ کێشە بوون، ڕاگواسترانەوە بۆ لۆندۆن و نووریی سەعیدی سەرووەزیران و سێر فرانسیس. هـ. هەمفریس Sir F. H. Hamphrysی نوێنەری باڵای بریتانیا لە عێراقدا چوونە ئەوێ و سەرئەنجام کێشەکانیان چارەسەر کرد. کە گەڕانەوە بۆ بەغداد لە ١٩٣٠/٦/٣٠دا (پەیمانەکە مۆرکرا) و (مایەوە سەر ڕەزامەندیی پارلەمان)ی عێراق کە دوا قوناغێکی فرە ناسك بوو.

ڕێك کەوتەکانی ١٩٣٠/٤/٢ و ١٩٣٠/٤/٢٨ لە بەرامبەر یێکدی ڕابگرین، دەبینین کە دانانی ت. وەهبیی پێوەندیی توندی بە ڕووداوی (پەیمان)ەکەوە هەیە، بەتایبەتیی لە لایێکەوە (سلێمانیی) مەڵبەندی بزاڤی نەتەوەیی ئازادیی خوازی کوردە و هەتا شەش ساڵ لە ئەمەوبەر پێتەختی حوکوومەتی کوردستانی باشوور بوو، لە لایێکی دیکەوە ـ وەك ڕۆژنامەی ژیان بەندەکانی بڵاو کردووەتەوە[٥٤] ـ ئەو پەیمانە ( بە هیچ شێوەیێ لای لە گەلی کورد و مافەکانی نەکردووەتەوە).

ئەوجا دانانی ت. وەهبیی لە بارێکی ئەوەها ناسکدا ئاساییە یا ئانقەستە؟ ڕاستییێکەی ئانقەستە، چونکە ناوبراو لەوەتەی ساڵی ١٩١٩ەوە لای بریتانەکان ناسراو و باوەڕ پێ کراو و ڕێزی لێ گیراوبووە بەتایبەتیی کە ئەو لە ئەو هەلەوە پێچەوانەی فەڕی بریتانەکان چ مەملەکەتی عێراقی عارەب نەجووڵاوەتەوە، بەڵکە یێکێکە لە بنیاتنەرەکانی سوپای عێراق و فەرماندەی فێرگەیشی بووە. وێڕا کەسێکیشە خەڵکی سلێمانیی و ناوبانگێکی سەربازیی و ڕۆشنبیریی هەیە.

بێ گومان بەڵگە و باسی باوەڕ پێ کراو هەیە کە لە ١٩٢٩/٩/١٤ەوە بریتانەکان گفتیان بە عێراق داوە عێراق لە ساڵی ١٩٣٢دا بکرێ بە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان و دەستیش دەکات بە گوتوبێژ بۆ گرێدانی پەیمانێکی نوێ[٥٥]. هەروەها بەڵگەی باوەڕ پێ کراویش هەیە کە لە سەرەتای ساڵی ١٩٣٠دا هێندێ کوردی سیاسەت باز و

(٥٤)- بنۆڕە: ژیان ـ س ٥، ژ ٢٤٩، دووشەممە؛ ١٩٣٠/٧/٧ (بەیانی ڕەسمیی لە بابەت موعاهەدەی تازەوە).

(٥٥)- بنۆڕە: العراق في ظل المعاهدات ـ ط ٥، ل ٢٢٧.



ئەندام پارلەمان گومانیان لە (پەیمانی نوێ) کردووە. بۆ وێنە لە ١٩٣٠/٢/١٣دا مارف جیاووکی نوێنەری هەولێر (لە ئەنجوومەنی نوێنەراندا ئاشکرا پرسیاری کردووە: ئایا مافەکانی کورد لە ئەو پەیمانە نوێیەدا کە لەگەڵ بریتانیا مۆر دەکرێت، دەپارێزرێن؟)[٥٦]. هەروەها پێنج نوێنەری کورد (عەریزەیان داوە بە نوێنەری باڵای بریتانیا)[٥٧].

نها بۆ پتر نزیك بوونەوە، چاکە بش پرسین: کێ هەڵی بژارد؟.

دیارە ناوبراو خۆولاتیی و سوپاییێکی عێراقیی بوو بۆیێکا بە فەرمانی پاشایانە و ـ خۆی گوتەنیی ـ بە ئامۆژگاریی پاشا کراوە بە موتەسەڕڕیف، بەڵام ئایا دامودەزگەی حوکوومەتی عێراق خۆی هەڵی بژارد؟

ئەویی شارەزای مێژووی سیاسیی عێراق بێ، چاك دەزانێت؛ تا عێراق نەبوو بە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان لە ١٩٣٢دا، دەسەلاتی حوکوومەتی عێراق لە باژێڕەکانی کوردستاندا، لەچاو دەسەلاتی بریتانەکان لە ئاستی پلەی دووەمدا بووە. چونکە هێندەی بریتانەکان شارەزای کورد و کوردستان نەبوو. هێندەی بریتانەکان تێکەڵی چینەکانی گەلی کورد و خاوەندی پێوەندیی بەربڵاو نەبوو. وێڕای ئەوانەیش بریتانەکان بە نێرووی پیادە ـ لیڤییێکان ـ و نێرووی هەوایی، هەروەها هەوالگریی باڵی بەسەر ئاساییشی باژێڕەکانی کوردستاندا کشاندبوو، بۆ حوکوومەتی عێراقیان دەپاراست. لە سەرروو هەموو ئەمانەیشەوە هەر بریتانەکان بوون کوردستانی باشووریان نووساند بە مەملەکەتی عێراقی عارەبی دیجلەو فوراتەوە و لە نێوان سالانی ١٩١٩ ـ ١٩٣٢دا (پێنج) شۆڕشی کوردیان کوژاندەوە و کورد و کوردستانیان خڵتانی خوێن و تووشی وێرانیی کرد.

کەواتە بێ هیچ گومانێ، هەڵ بژاردنی ت. وەهبیی ـ سەرباز ـ بۆ فەرمانێکی سیڤیل و لە هەلێکی یێکجار ناسکدا، کردەوەی بریتانەکانە و ئەوان ناویان هەڵ

(٥٦)- بنۆڕە: کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییێکانی حوکمەتی بریتانیادا ـ ب ١، ل ١٥١.

(٥٧)- هەروەها، ل ١٥٢ ـ ١٥٣ (نوێنەرەکان: ئیسماعیل رواندزیی ـ نوێنەری هەولێر، محەممەد جاف ـ نوێنەری کەرکووك، حازم شەمدین ئاغا ـ نوێنەری مووسڵ، محەممەد ساڵح ـ نوێنەری سلێمانیی، مارف جیاووك ـ نوێنەری هەولێر).

داوه و له حوكوومەتی عێراقیان بردووەتە پێشەوە و ئەوجا ئەو حوكوومەتە و پاشای وڵاتەكە فەرمانی پەسەند كردنیان بۆ داوە. گومانیش نییە، هەردوو لایان ـ دوای ڕاوێژ و بە ڕۆشناتیی بەرنامەیان بۆ چوارەم پەیمان پێ ویستیان بە كەسێكی وەك ت. وەهبیی بووە، ئەویی بێ گومان ئاگەهداری دانانەكەیتی و دەزانێت بۆ (سلێمانیی) هەڵ بژێردراوە بۆییێكا گوتوویێتی:(سلێمانیی نەبێت ناچم)[٥٨]، هزریش دەكەم كە هەڵ بژاردنەكەی ڕێكەوتی دوای كۆبوونەوەی مانگی مارتی ١٩٣٠ی نوێنەری باڵای بریتانیا بووبێ لەگەڵ ڕاوێژكاری وەزارەتی نێوخۆ و سێ پشكنی كارگێڕیی كەركووك و مووسڵ و هەولێر، ئەوانەی بە تایبەتیی لەمەڕ بارودۆخی ئەو ڕۆژگارەی كورد گوتوبێژیان كردبوو[٥٩].

ئەز دەبینم كە هەردوو لا؛ پاشاو حوكوومەتی عێراق، بریتانەكانی دەسەڵاتدار لە عێراقدا، بە ڕواڵەت مەبەستیان لە دانانی ت. وەهبیی بە موتەسەڕڕیفی سلێمانیی (سەقام گیربوونی ئاساییش)ی باژێڕەكەی بووە لە ئاستی تووش هاتنی هەر لەرزەییێكدا كە لە پڕێكدا، لە ١٩٣٠/٧/١٦دا یێكەم لەرزەی لێ قەوما.

لە ئەو ڕۆژەدا میر غازیی جێگەنشیینی پاشای عێراق هات بۆ (سلێمانیی) و (دڵنەوایی) خەڵكەكەیی و گشت كورد لە ئاستی (چوارەم پەیمان)دا. بەڵام خەڵكیی بە گەروە و بچووكەوە تا شاگردانی قوتابخانە بە (خۆنواندن) و دروشمی (ڕەوابێ مەتالیبی كورد، بەرقەراربێ عەدالەتی عوسبەتولئومەم) پێشوازیان كرد. تەنانەت گوتاربێژی هەڵ بژێردراوی ـ گۆیا ـ خەڵكەكە (میرزا تۆفیق قەززاز) ڕووی لە (میر غازیی) كردووە و (داخوازیی ـ مەتالیب)ی خەڵكەكەی پێ گەهاندووە كە (عیبارەتە لە موختارییەتی ئیدارە بۆ كوردستانی عێراق، یەعنی لیوای كەركووك، هەولێر، سلێمانیی، ئەقزییەی شیمالی مووسڵ و قیسمی سەرووی لیوای سیروان)[٦٠].

(٥٨)- بنۆڕە: مأساة بارزان المظلومة ـ ط ٢، ص ٦٨.

(٥٩)- بنۆڕە: كورد و كوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییێكانی حوكمەتی بریتانیادا ـ ل ١٥١.

(٦٠)- بنۆڕە؛ ژیان ـ س ٥، ژ ٢٥٢، دووشەممە ١٩٣٠/٧/٢١.



هەر لە هەمان ڕۆژدا ـ گۆیا ـ حوكوومەت چەند هەوڵ و تەقەلای داوە، كەڵكی نەبووە و (ئەهالیی سلێمانیی بە عوموومیی ئینتیخاباتی مەبعووسان ـ نوێنەران بۆ پارلەمان/k ـی ڕەفز كردووە)[٦١].

هەر ئەوێ ڕۆژێ (وەكیلی دەستەی نیشتیمان پەروەران ـ هەیئەی وەتەنییە) ڕەمزیی فەتاحی كۆنە ئەفسەری عوسمانیی، گوتارێكی لە ڕووی جێگەنششینی پاشای عێراقدا خوێندووەتەوە و مەلامەتی (خۆنواندنی جەماوەر) و (هەڵ كەوتنی دەستەی نیشتمانپەروەران)ی گێڕاوەتەوە و دەبێژێت: (حوقووقی ئێمە لە مادده ٣، ٤ی قەراری مەجلیسی عالیی عوسبەتولئومەم و مادده ٣ی موعاهەدەی ١٩٢٢ و مادده ١٠٩ و ١١٠ی قانوونی ئەساسیی حوكوومەتی عیراقییە تەسبیت كرابوو وە كە لە تەرەف حوكوومەتی فەخیمەی بریتانیاوە و جەلالەتی مەلیك و ڕەئیسی حوكوومەتی عیراقیەوە ڕەسمەن تەئیید و ئیعترافی پێ كراوە. مەعەلئەسف هێشتا ئەسیری دۆسییە و كاغەزە و لەشكڵی عەنقادا ـ باڵندەی ئەفسانە/k ـ ماوەتەوە و حەتتا لە ئەم موعاهەدە تازەیەشدا كە یێك دەفعە موناسەبەتی ئینگلیز و عێراق قەتعییەتی كردووە و ئینتیداب ـ چاودێریی/k ـ نیهایێتی هاتووە، دیسانەوە خراوەتە گۆشەی نسیانەوە، موعاهەدەكە وەك فەلاكەتێكی تاك زوهور، ئومێدی ئیستیقبالی ـ پاشەڕۆژی/k ـ مەحوو كردووینەتەوە)[٦٢].

ئەم ڕووداوە، بەتایبەتی (خۆ نواندنی جەماوەر) لە ڕووی دەسەڵاتی بێگانە و داگیركەردا[٦٣]، لە مێژووی باژێڕی سلێمانییدا یێكەمە، بۆییێكا ـ وەك بەڵگەی

(٦١)- بنۆڕە؛ هەمان ژمارە.

(٦٢)- بنۆڕە: ژیان ـ س ٥، ژ ٢٥٤، دووشەممە: ١٩٣٠/٧/٢٨.

(٦٣)- یێكەم خۆنواندنی خەڵكی شارستێن ـ سیڤیل ـ لە مێژووی باژێڕی سلێمانی و لە ڕووی بێگانە و داگیركەردا، ڕێكەوتی مانگی كانوونی دووەمی ١٩٠٢ە كە خەڵكی باژێڕەكە (بۆ ماوەی مانگێك دوكان و بازاڕیان داخست بوو) بۆ بێزاریی نوواندن لە ڕووی (موتەسەڕڕیفی سلێمانیی جەمال بەگ) و ئەوجا زاناكان، بازرگانەكان و خوێندەوارانێكی باژێڕەكە سێ كەڕەت ـ بەشێوەی برسوكە ـ مەزبەتەیان لە دژی موتەسەڕڕیف كردووەتەوە و ناردوویانە بۆ (سوڵتانی عوسمانیی) و سەروەزیرانی.★

★ بۆ تێ گەهیشتنی ئەو ڕووداوە بابەتە بنۆڕە:دەستەوارەبێ نان بۆ مێژوو ـ ل ١٥ ـ ٢٧.

ڕەسمییانە شایێتە[٦٤] ـ هەڵ کەوتنی وەك لەرزەییێك بوو کە بەشێوەییێکی ڕێك و پێك و بەرنامەییێکی یێك گرتوو، ئاشتیی خوازانە بە ڕێگەوە دەچوو[٦٥].

**ت. وەهبیی موتەسەڕڕیفی نوێنەری دەسەڵاتی مەملەکەتی عارەبی عێراق، لە کوێی ئەو ڕووداوانەدا بوو؟**

بۆ ڕۆشن بوونی زەینی خوێندەوار لە سەرچاوەی باوەڕ پێ کراو و تۆفیق وەهبیی خۆیشیەوە قسە و باس وەردەگرم:

١- بەڵگەی ڕەسمییانە ـ نامەی نووریی سەعیدی سەروەزیرانی عێراق بۆ (سکرتێری دارول ئیعتیماد/ نوێنەری باڵای بریتانیا لە عێراقدا) کە لە ١٩٣٠/١٠/١٨دا نووسراوە، ڕووی قسەی لە موتەسەڕڕیف ت. وەهبییە و دەبێژێت:[٦٦]

- ڕووداوەکان لە ئەو ڕۆژەوە دەستیان پێ کردووە کە فرمانەکەی دەرکرتووە!

- مستەر ئالبان ـ پشکنی کارگێڕی بریتانیی لە سلێمانییدا/k ـ شایێتیی دەدات کە؛ هەتا مێژووی خۆنواندنەکە، سلێمانیی کۆبوونەوە و خۆنواندنی ئەوتۆی نەدیتووە!

- هاندانی خەڵك بۆ بەرهەڵستیی هەڵ بژاردن.

- چاو پۆشیی لە ئەو تانە و تەشەرەی کە تووشی کاربەدەستێکی یاوەری دەستەی وەزیرانی عێراق بوو لە دیدەنییێکەی ١٩٣٠/٨/١٠دا بۆ سلێمانیی.

- بڵاوکردنەوەی هێندێ مەزبەتە لە ڕۆژنامەکەی سلێمانییدا و ناوهێنانی کەسانی وەك شێخ نووریی بریفکانیی و بە هاددین بامەڕنیی کە دوایی دەرکەوت ساختەیە.

[٦٤]- بنۆڕە: ژیان ـ ژ ٢٥٤.

[٦٥]- بنۆڕە: بەڵگەنامەی عێراقیی ـ نامەی سەروەزیران نووریی سەعید بۆ سکرتێری سیاسیی دارولئیعتیاد ـ نوێنەری باڵای بریتانیا لە عێراقدا/k ـ ڕێکەوتی ١٩٣٠/١٠/١٨، بڵاو کراوەی: توفیق وهبیی حیاته و دوره ـ ل ١٩١ ـ ١٩٥.

[٦٦]- بنۆڕە: توفیق وهبیی حیاته و دوره ـ ص ١٩٣.



٢- بەڵگەنامەی دیوانی مەلەکیی ـ پاشایانەی ڕێکەوتی ١٩٣٠/١٠/١٨ دەبێژێت: کە ت. وەهبیی چووە ـ گۆیا بۆ تەماشاکردنی کاروباری کارگێڕیی[٦٧] ـ بۆ هەڵەبجە، هانی خەڵکەکەی داوە بۆ بەرهەڵستیی[٦٨].

**٣- تۆفیق وەهبیی خۆی لە گوتوبێژەکەی ئێرەدا دەبێژێت[٦٩]:**

**- داوای مەتالبێکی زۆر سووکیان کرد.**

**- نە موختارییەت نەهیچ.**

**- من لە ژێرەوە تەحریکم دەکردن. کردیان بە موختارییەت.**

**- کۆمیتەییێکم دروست کردبوو لە یازدە کەس.**

**- قەرارم دا سەورە بکەم!**

تا (چوارەم پەیمان) کە لە ١٩٣٠/١٠/١٦ و لە لایێن پەرلەمانی عێراقەوە ڕەزامەندیی وەرگرت، لە نێوان ٧/١٢ ـ ١٩٣٠/٩/٦ و لە باژێڕەکانی دهۆك، سلێمانیی، کەرکووك، هەولێردا، بانگ بۆ (موختارییەتی ئیدارە بۆ کوردستانی عێراق)[٧٠]، (تەشکیلی حوکوومەتێکی موستەقییللەی کورد، موافیق بە قەراری عوسبەتولئومەم)[٧١]، (تەشکیلی حوکوومەتێکی کورد لەژێر نەزارەت ـ چاودێری/k ـی عوسبەتولئومەمدا)[٧٢] دەدرا. لە لاییێکی دیکەوە ت. وەهبیی موتەسەڕڕیفی کارکەنارکراو، لە ١٩٣٠/٨/٢٠دا گەڕایەوە پێتەخت و ـ خۆی گوتەنیی ـ بەنیوە مووچەوە، لەژێر چاودێرییدا دەژیا. لە ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠شدا (شەڕی بەردەرکی سەرا) لە نێوان پۆلیس، سەرباز و جەماوەردا قەوماوە.

[٦٧]- ئەو سەرچاوەیە ئەم گوتوبێژەی لەبەر دەست نەبووە تا بزانێت کە ئەو دیدەنییە دەکەوێتە ڕێکەوتی (سەفەرەکەی ت. وەهبیی بۆ لای جەعفەر سوڵتان لە پێناوی شۆڕش کردندا) وەك لە گوتوبێژەکەیدا ئاماژەی کردووە.

[٦٨]- هەمان سەرچاوە ـ ل ٧٣.

[٦٩]- گوتوبێژەکەی ئێرەی.

[٧٠]- بنۆڕە: ژیان ـ ژ ٢٥٢.

[٧١]- بنۆڕە: = ـ ژ ٢٥٤.

[٧٢]- = = =.



@kurdica

لە ئەم ئاستەدا پێ ویستە دەوری کەسەکان، بنچینەی باسی ڕووداوەکان، ئەنجامەکانی شەڕەکە و گیراوەکان، نهێنییێکانی پشت دروشم و ڕووداوەکان، لەلای سەرچاوەی جۆربەجۆر بخوێندینەوە:

١- ئەنجامی (شەڕی بەردەرکی سەرا – ٦ی ئەیلوول ١٩٣٠) لە نێوان پۆلیس، سەرباز و جەماوەردا؛ برینداربوونی ((١٠)) پۆلیس کە ((٩)) یان بە دار و بەرد و یێکیان بە خەنجەر بووە. کوژرانی سەربازێك و برینداربوونی دووی دیکە – بە گوللە – و یێکێکیش بە بەرد[٧٣].

لە ڕیزی جەماوەریشدا ((١٣)) شەهید کە ((٥)) یان بە نێزە و ((٨))یان بە گوللە و ((دە))یش لە ئەو سیازدەیە یێکسەر گیانیان دەرچووە و ((سێ))کەی دیکەیش دواتر مردوون. سەرجەمی پێکراوەکانی جەماوەر سەر بە چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵن و یێکێك شاگردێکی فێرگەبووە[٧٤].

لەنێو کوژراوەکاندا ((٣)) منداڵ هەبوون کە تەمەنیان؛ ٩، ١٠، ١٢ ساڵان بووە[٧٥].

ژمارەی گیراوەکان خۆی لە ((١٠٠)) کەسێك داوە[٧٦]. بەڵام بەڵگەنامەی بریتانیی دەبێژێت؛ ئەو ((٨٧)) تۆمەتبارەی کە لە سلێمانییدا – لە ڕووداوەکەدا/k – گیران ((٩)) کەسیان هەر لە ئەوێدا بە کەفالەت بەردران و ئەوانی دیکەیان لە ڕۆژی دیاریی کراودا ئامادەی دادگە ببن و ئەوانیش پاش چەند ڕۆژێکی ئازاد دەکرێن[٧٧].

بەڵگەنامەی بریتانیی دەگێڕێتەوە؛ شەوی ٦/٧ ئەیلوول/١٩٣٠ ((دە)) کەسی (دەستەی نیشتمانپەروەران – هەیئەی وەتەنییە)) گیراو ڕاگواستراونەتەوە بۆ

[٧٣]- بنۆڕە: تاریخ الوزارات العراقیة – ج ٣، ل ١٩.

جێگەی باسە هەژمارەکە وەك هەژماری نێو بەڵگەنامەی بریتانییە ئەگەرچیی ئەمەی دوایی چڕترە.

[٧٤]- بنۆڕە: کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییێکانی حوکمەتی بریتانیادا – چ ٢، ب ١، ل ١٧١.

[٧٥]- هەمان سەرچاوە – ل ١٧٤.

[٧٦]- بنۆڕە: تأریخ الوزارات العراقیة – ج ٣، ل ١٩.

[٧٧]- بنۆڕە: کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییێکانی – چ ٢، ب ١، ل ١٩٣ – ١٩٤.



بەندیخانەی کەرکووك و یێکێکی دیکەیان – شێخ محەممەد گوڵانیی – لە هەڵەبجەدا بووە و لە ئەوێدا خۆی داوە بە دەستەوە[٧٨].

هەر هەمان بەڵگەنامەی بریتانیی دەبێژێت؛ سێر هەمفریز Sir Humphrysی نوێنەری باڵای بریتانیا لەعێراقدا – دوای شەڕی بەردەرکی سەرا – لەمەڕ گیراوەکان پێشنیازی بۆ نووریی سەعید سەر وەزیران کردووە تا (کارئاسانییان لەگەڵ بکرێ)[٧٩].

بەڵگەنامەی بریتانیی دەگێڕێتەوە؛ لە نێو یازدە کەسە گیراوەکەی (دەستەی نیشتمان پەروەران — هەیئەی وەتەنییە)دا کە ڕەوانەی کەرکووك کراون؛ ((٨)) کەسیان: ١- عەزمیی بەگ بابان ٢- فائیق بابان ٣- مەمەد ساڵح بەگ ٤ – حەمە ئاغا ٥ – عیززەت بەگ ٦- مەجید ئەفەندیی ٧- شێخ محەممەد گوڵانیی ٨- عبدوڕڕەحمان ئاغا بە کەفالەتی ((٣)) هەزار ڕووپییە و بەمەرجی نەنانەوەی هیچ کێشەیێك لە مەودای ساڵێکی تەواودا، لە ١٦/١١/١٩١٠دا بەرەڵا کراون. بەڵام شێخ قادری حەفید نەدراوە بە دادگە و بڕیاری بۆ دراوە کە لە باژێڕی ((ناسرییە))ی باشووری عێراقدا بژیی و مافی دیدەنیی بەغدادیشی هەبێ بە مەرجێ کەفالەتی ((٥)) هەزار ڕووپییە بدات و لە مەودای ساڵێکی تەواودا هیچ کێشەیێك نەنێتەوە.

ڕەمزیی فەتاح و تۆفیق قەززازیش – دوای لێ کۆڵینەوە و دادگەیی کردن – لە نێو بەرەڵاکراوەکاندا بێ تاوان دەرچوون و لە ٢٤/١١/ ١٩٣٠دا گەڕاونەتەوە بۆ سلێمانیی[٨٠].

بەڵگەیێکی دیکە کە ئیفادە و قسەی شێخ قادری حەفید و تۆفیق قەززاز دەنوێنێت، دەگێڕێتەوە کە (تۆفیق قەززاز – وەك شێخ قادر – گوتوویێتی؛ عەسری ٦ی ئەیلوول لە ماڵی خۆیدا بووە و هاتوون گرتوویانە و بە هیچ جۆرێك پێوەندیی بە ڕووداوەکەی ٦ی ئەیلوولەوە نەبووە). تۆفیق قەززاز پتر گوتوویێتی؛ (کە چووەتەوە سلێمانیی، پۆلیس چەندجار بانگیان کردووە و ئەویش بە گوێی

[٧٨]- بنۆڕە: هەمان سەرچاوە، ل ١٧٢.

[٧٩]- = = = .

[٨٠]- = = = .

نەکردوون)[٨١]. ئەوان گوتوویانە کە تاکە تۆمەتێ خرابێتە پاڵیان ئەوە بووە؛ (مەزبەتە و بروسکەیان هەناردووە بۆ کۆمەڵەی گەلان و دەسەڵاتی ئینتیداب)[٨٢]. لە ئەوە پتر تۆفیق قەززاز ـ لە بەڵگەنامەکەدا ـ گوتوویێتی؛ (ئێمە توانیمان بۆ مەحکەمەی ئیسپات بکەین کە ئێمە هیچ پێوەندییێکمان نەبووە لەگەڵ ئەو پشێوییەی لە سەرەوە باس کرا ـ واتە شەڕی بەر دەرکی سەرا/- k)[٨٣].

٢- پارێزەر ئیبراهیم ئەحمەد ـ برازای ڕەمزیی فەتاح ـ لەمەڕ ڕۆژی ٦ی ئەیلوول بیرەوەریی خۆی گێڕاوەتەوە و لە شێوێنێکدا دەبێژێت: (دەستمان کرد بە هاوار و بانگەواز و ((بێ کەس ـ شاعیر)) ((ڕەشۆل عەبدوڵڵای کۆیی ـ دەنگ خۆش)) بەرز بانگیان دەدا بە ڕادەیێك کارێکی گەورەیان کردە سەر زۆربەی خەڵکی بازاڕ کە دوکانەکانیان داخست و دەهاتنە ڕیزمانەوە. هەر ئەوانیش کاریان دەکردە سەر دۆست و ناسیاوانیان تا بهێنە ڕیزی خۆنواندووەکان.

ئەوجا نزیك ((گومرگە سووتاو)) بووینەوە تا گەهیشتینە بە ((سەرا)) و کۆبووینەوە. لە نزیك دوکانی ((عەبدوڵڵەی دەلاك))ەوە تێ بینیی میرزا تۆفیق قەززازمان کرد کە یێکێك بوو لە ئەندامەکانی لیژنەی سەرکردایێتی، دەستەی نیشتیمانپەروەران/k .

قەززاز کەسێکی چاونەترس بوو، بە دەنگێکی بەرزەوە پیرۆزبایی لە پشتیوانیی جەماوەری کورد. ڕاستییێکەی وشەکانی کاریگەر بوون بۆ هەستی خۆ وڵاتییێکان کە بەرەبەرە لە ((سەرا))وە نزیك دەبوونەوە[٨٤].

---

[٨١]- بنۆڕە: سەردەمی قەڵەم و موراجەعات ـ ل ٢٦٤

=جێگەی باسە ئەو بەڵگەیە ـ ئیفادە و قسەیە ـ تۆفیق وەهبیی لە ئەو دوو کەسەی وەرگرتووە و خستوویێتییە داوێنی یاداشت ـ عەریزەی خۆی بۆ کۆمەڵەی گەلان.

[٨٢]- بنۆڕە: سەردەمی قەڵەم و موراجەعات ـ ل ٢٦٣.

[٨٣]- بنۆڕە: = = = .

[٨٤]- بنۆڕە ڕۆژنامەی: الاتحاد ـ ع ٤٣٩، جومعة ٢٠٠١/٩/٢١ (گوتار: شاهد على العصر: ذكريات كتبها المرحوم الاستاذ ابراهيم احمد/ لە کوردستان نوێ ـ ذ ٥٦٩، ١٩٩٣/٢/٢٣دا)



٣- کۆنە ئەفسەریی سەردەمی پاشایێتیی ـ یاوەری پاشا غازیی ـ و وەزیری چەند وەزارەتی کۆماری عێراق و کەسی بەناوبانگی عێراق و کورد، فوئاد عارف لە بەرامبەر پرسیارێکی مندا لەمەڕ ((دانانی تۆفیق وەهبیی بە موتەسەڕڕیف و شێوەی ڕووداوەکانی سلێمانیی؛ ئایا دەست کرد بوو؛ ئینگلیز دەستی تێدا هەبوو؟ یا ئەو ڕووداوانە بە ڕاستیی خواست و مەبەستی کۆمەڵانی کوردەواریی بوو؟)) وەڵامی بە ئەم شێوەیە داوەوە: (من عومرم حەڤدە ساڵان بوو، لە سونفی یێکی کوللییەی عەسکەریی ـ بەغداد/k ـ دابووم. تەعتیل بوو. هات بوومەوە بۆ سلێمانیی جەمعییەتێك لە حەمەی ئەوڕەحمان ئاغاو ڕەمزیی فەتاح و میرزا تۆفیق قەززاز و ئەمانە پێك هات بوو.

بەفیکرمدا دهێت، ڕۆژێ حاجی مستەفا پاشا ـ یا مەلکێ/k ـ کە پیاوێکی موهیم بوو، پیاوێکی گەروە بوو، کوردێکی پاك بوو، شەخسێکی ناسراوی ئەو وەختانە بوو، دەگەڕا بەسەر خەڵکەکەدا، دەی گوت: ((باوکم تشتی وەها مەکەن! موزاهەرە مەکەن! ئەمە خەتەرە. ئەمە کوردایێتیی نییە! ئەمە ئینگلیز دەیەوێ بەعزێ وەسائیق بە حوکوومەتی عێراق ئیمزا بکات، مەشاکیل بۆ خەڵك بکات. وەڵڵەهی وەبیللەهی ئینگلیز کە کاری نەما، حوکوومەتی عێراق لە ئێمە دەدات. ئەم موزاهەرەیە مەکەن.

حەتتا شەوێ ـ بۆ بەیانیی شەشی ئەیلوول بوو، بەیانیی زوو گەڕاییینەوە بۆ بەغداد ـ من لە ماڵێ ئەحمەد تەقییدا میوان بووم. ڕەمزیی قەززاز هەبوو، خوشکەزای تۆفیق قەززاز بوو. ئەو زۆر ڕەفیقم بوو. گوتم: ((بابچین بۆ لای تۆفیق قەززاز، بزانین باس چییە؟))[٨٥].

---

[٨٥]- تۆفیق قەززاز هەر ئەو کەسەیە کە لەلاییێن ـ گویا ـ خەڵکەوە کرابوو بە وەکیل ـ دەم ڕاست بۆ گوتاربێژین لە ڕووی (میر غازیی) جێگە نشینیی پاشای عێراق. بەڵام ئەو خەڵك هەڵی بژاردبوو یا تۆفیق وەهبیی دای نابوو؟

تۆفیق وەهبیی لە گوتوبێژەکەی ئێرەیدا دەبێژێت: ( کە من موتەسەڕڕیف بووم، میرزا تۆفیق قەززاز، ئەمە زۆر نزیکی من بوو. حەتتا دەم کرد بە وەکیلی خیتابەی کوردیی کە وەلیی عەهد بهاتایە).

چووین. گوتی: ((ئەوە کەس نییە مستەفا پاشا بکوژێت؟)) من لەگەڵ ڕەمزی قەززاز چووم بۆ ماڵی ئەحمەد تەقیی.. ئەم کاتانە بوو. وەڵڵە سەعات هەشتی شەو دەبوو. خۆی لە ماڵدا نەبوو. دەمانچەیێکی پەرەبێلی لەژێر سەرینەکەیدا دانابوو، هەڵم گرت، ((چووین حاجیی مستەفا پاشا بکوژین)).

گەنج بووین، نەمان زانیی مەوزوع چییە! ماڵی حاجیی مستەفا پاشا ـ ئێستەیش لەبیرمە لەکن حەمامی موفتییەوە بوو ـ ستارەی هەبوو. شەو بوو، تاریك، کارەبا نەبوو.

لە دەرگەمان دا. هاتە بەر ستارەکە و گوتی: کێیە؛ ((من بەر دەمانچەم داو هەڕامان کرد)).

دوایی، پۆلیس و ئەمانە هات بوون. من زۆر لە مەراقدا بووم، دەترسام ناسرابمەوە. ئەو شەوە حاجیی مستەفا پاشا ـ هیچی لێ نەهات بوو ـ لە پۆلیسخانەدا بۆ سەلامەتیی مایەوە.

بەیانیی زوو، پێش ئەوەی ((شەڕی بەردەرکی سەرا)) بقەومێت، ئوتۆمۆبێل هات بوو، هەشت تەلەبەی کوللییەی، حەربییە بووین، زوو چووین بۆ کەرکووك، لە ئەوێوە بڕۆیینەوە بۆ بەغداد.

لە کەرکووك و ماڵی ((حەپسە خان))دا نانی نیوەڕۆمان خوارد، دوایی خەبەرهات ((شەڕی بەر دەرکی سەرا)) قەوماوە و خەڵك کوژراوە. ئێمە سواری ئوتۆمۆبێل بووین و گەڕاییینەوە بۆ بەغداد[٨٦].

---

[٨٦]- ڕۆژی ٢٠٠٩/٥/١٩ لە سلێمانیی و ماڵی خۆیدا ـ بە ڤیدیۆ کامیرا ـ گوتوبێژم لە ئەوێکی نەوەت و شەش ساڵە ـ هەرەبیرتیژی کە لە ژینمدا دیتوومە* - وەرگرت کە ئەوەتە وەك خۆیشی نواندوومە. ڕاستییێکەی ئەمە یێکەم جارم بوو ئەو زاتە ببینم و پرسیارەکەیشم کوتوپڕ و پێشتر =پێی نەزانیی بوو، بەڵام ئەو هێندە گورج و حازر بەدەست بوو، خۆوڕاستان وەڵامی دامەوە. فوئاد عارف شەوی ٢٠١٠/٦/٤/٥ کۆچیی ماڵئاوایی کرد.

* لە ژینی ڕۆژنامەنووسیمدا دوو کەسی بیرتیژ و بەتەمەن سەرنجیان ڕاکێشاوم کە یێکەم شاعیری کۆچ کردوو عەلیی باپیر ئاغا (کە مالیی) بوو**، دووەم ئەم زاتە بوو، بەڵام بە ئەو پییەی ئەم زاتە بە تەمەنترە، دیارە هەر خۆی دەبێتە یێکەم.

** ساڵی ١٩٧١ گوتوبێژی ڕادیۆییم لەگەڵ تۆمار کردووە و ئەمێستەش هەر لە لام پارێزراوە.



٤- مارف جیاووکی ئاگەهدار و تێکەڵی ڕووداو و کەسەکان کە پێش هاتنەکەی میر غازیی بۆ سلێمانیی، لە ١٩٣٠/٧/٣٠دا هاتووە بۆ سلێمانیی[٨٧] و لە ماڵی ئەندامی (دەستەی نیشتمان پەروەران ـ هەیئەی وەتەنییە) حەمە ئاغای ئەو ڕەحمان ئاغادا میوان بووە، ئەوهای نوسیوە[٨٨]: (دوای گەهیشتنە سلێمانیی بە مەودایێکی کەم، ڕەمزیی فەتاح و عیززەت مەدفەعیی هاتن.

ڕەمزیی پرسیی: "بۆچ هاتوویت بۆ ئێرە؟" گوتم: "پرسیارەکەت سەرسووڕمێنە! بۆچ نازانیت من هاتووم تۆ ببینم؟". ئەوو هاوەڵەکەی بە یێك زمان و چەقاوە سووانە پێیان گوتم: "دەبێت هەر ئێستا بڕۆییت. چونکە ماندنەوەت لە ئێرە پەسەند نییە و تۆ پێشتر لە هەولێردا خەڵکت لە برا ئاسووریێکانمان پڕ کردووە و دەیش خوازیت لە ئێرەشدا ئەوە دووبارە بکەیتەوە". پیم گوتن: "کێ ڕای سپاردوون داوای گەڕاندنەوەم لێ بکەن؟ ئەو برا ئاسووریانەش کە باسیان دەکەن، کامەن؟ هەست دەکەم کە ئێوە داوای گەڕاندنەوەم دەکەن ((موتەسەڕڕیف فێری کردبن))، بە تایبەتیی دوای ئەوەی ((کینك ـ پشکنی کارگێڕیی بریتانیی لە هەولێردا/k)) لە هەولێرەوە تەلەفوونی بۆ کردووە، یا تەلەفوونی بۆ پشکنی کارگێڕیی ئێرە کردبێ".

---

[٨٧]- بنۆڕە: ژیان ـ س ٥، ژ ٢٥٥، پێنجشەممە؛ ١٩٣٠/٧/٣١.

[٨٨] ئەم قسەو باسانەی لە کتێبی (مأساة بارزان المظلومة ـ ض ١، بةغداد ١٩٥٤)دا بڵاو کردووەتەوە کە هەنگی ئەو کەسانەی ناوی هێناون، زۆربەیان زیندوو، کاربەدەستی باڵاو ناسراو، تەنانەت وەزیر و ڕێبەری گشتیی، ئەندام پارلەمان بوون.

لە ئەم ڕۆژگارانەدا کە دووەم چاپی بڵاوبووەتەوە، کەسانێ هەن گومان لە هەندێ بیروڕاو لە یێك دانەوەی دەکەن.

ئەز هەرگیز نووسینەکانی بە ڕاستێکی ڕەها وەرناگرم وەلێ قسە و باسەکانیشی ئەگەر ڕاست نەبووبن، بە تایبەتیی لەمەڕ (ڕووداوەکانی سلێمانیی ١٩٣٠ ـ ١٩٣٢)، ئەوە دەبوو کەسەکانی نێو ئەو ڕووداوانە ـ بە تۆفیق وەهبییەوە- لە کاتی خۆیدا وەڵامیان بدابایەوە.

بێ دەنگیی ئەو کەسانە، کەم کەم یانی ڕاست و دروستیی قسەو باسی ئەو کابرایەیە کە لە سەردەمی فەرمانڕەوایی عوسمانییێکانەوە تا مردنی، کەسێکی دیاری نێو کۆمەڵی کوردەواریی و وڵاتی عێراق بوو.

گوتیـان: "خەبەربێژەکـە هەرکەسـێ بووبـێ مەبەسـت نییـە و تـۆ دەبێـت بگەڕێیتەوە". گوتم: "گەمەژەینە کێ دەتوانێت لـە ئـەم بـاژێرەم دەربکات؟ دەمـی خۆتان بگـرن و ئێـوە کەسـێ نـین توانـای قسـەی ئـەوهاتان بـێ". ئیـدی بـێ دەنـگ بوون.

دوای قسە هێنان و بردن ئەنجامەکە بە باسـێ شـکایەوە کـە بۆیـان گێڕامـەوە و گوتیـان: لەگـەڵ ئەفسـەرانی لیڤیـی ـ جـێگیر لـە سـلێمانییدا/k ـ تـێ دەکۆشـن بـۆ گەلاڵـەکردنی ڕێـك کـەوتنێکی نهێنیـی کـە تشـتێکی ئـەوتۆی نـەماوە و هـەر نووسینەوەی پـێ دەوێت)[٨٩].

پێم گوتن: "شـێوەی ئـەم ڕێـك کەوتنـە چۆنە؟". گوتیـان: "ئێمـە دەوڵـەتێکی سـەربەخۆ دروسـت دەکـەین و میرنشـینێکی سەربەسـتیش لـە چـێوەی دەوڵەتەکەماندا بۆ ئاسـوورییێکانە". پرسـیم: "چۆن ئەمـەتان بـۆ دەچێتە سـەر؛ ئایـا پشـتتان بـە بـەڵێنێکی بریتـانیی بەسـتووە؟ کـێش زەمانتـان دەداتـێ ئـەو ئاسـووریانە بـە یارمـەتیی بریتانـەکان لێتـان هـەڵی نەگەڕێنـەوە و ئـەوێ دەمـێ ئارەزووتان و گیانتان لە دەست نەچێ کە ئێوە پشتیوانیتان نەبێت؟". لـە وەڵامـدا گوتیان:" ئێمە دەزانین تۆ دەتـەوەێ چیمان بنیـات نـاوە بـی ڕووخێنیـت". گوتم: "بەڵام ئێوە دەتانەوەێ کـورد لـە نێـو ببـەن و نیشـتمان وێـران بکـەن ئێـوە ئەگـەر بەڕاست بۆ کەڵکی کورد کار دەکەن، ڕێگەم بدەن ئەو ئەفسەرە ئاسوورەیانە ببیـنم و قسەیان لەگەڵ بکـەم تـا بـزانم پێشـنیازەکانیان ڕەوایـە یـا نـا؟". ئـەوانیش ڕازی

---

[٨٩] نێرووی لیڤیییێکان ـ نەسـتوورییێکان ـ لـە نێـوان سـاڵانی ١٩١٩ ـ ١٩٣١دا هەمیشـە دار دەسـتی یێکەم بوون بۆ شکاندنی هێزی کورد و شکستی شۆڕشەکانی.

هەنری دوبس Henry Robert Conway Dobbsی نوێنەری باڵای بریتانیا لە عێراقدا ـ لە ١٩٣٤دا لە بەغدادا مردووە ـ لە ئەو ڕاستییە دڵنیا دەکات. ئەوەتە لە نامەیێکی ڕەسمییانـەی کـە نـاردوویێتیی بـۆ حکوومەتەکـەی، دەبێـژێت: (تـەنها سـوپای بریتانیایـە کـە لـە نێـرووی ((لیڤیی))ی ئاسوورییێکان و نێرووی هەوایی بریتانیا پێك هاتووە، توانیویێتی تا ئێستە ڕاپەڕین و بزووتنەوەکانی کورد پان بکەنەوە)★

★ بنۆڕە: شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان ـ ج ٢، ل ٢٥٩ ـ ٢٦٠.



بوون و دوای سەعاتێ گەڕانەوە و گوتیان: "ئەفسـەرەکان دوای شـێوان لـە دەرەوەی باژێڕەکە، لە نزیك ـ سەرچاوە/k ـ کانیسکانەوە دەت بینن".

ڕۆییشـتن، لـە کـات و شـوێنی دیـاریی کـراودا دوو ئەفسـەری ئاسـووریی چـاوە نۆڕمـان بـوون. دوای یێکـەدیی ناسـین پـێم گـوتن: "شـەرفمەندم بتـان ناسـم و ئارەزووش دەکەم لە زارتانەوە ئەو مژدەیە ببیستم کە ئـەم دوو برایـە پێیـان داوم گۆیا ڕێك کەوتوون بۆ ڕستگاریی وڵات".

یێکیـان کـە کەتـەیێکی قەڵـەو و پلـەی بـەرز و گـەورەتر بـوو، بـە عـارەبییێکی ناتـەواوەوە پێـی گـوتم: "ئێمـە ڕێـك کـەوتنمان لەسـەر بنچینەی سەربەسـتیی و یێکسانیی دەوێت جا بە هێز بێ یا بە ئاشتیی".

پرسـیم: "چـۆن بـەهێز دەکـرێ و حوکوومـەت لەشـکر و هاوپـەیمانێکی وەك بریتانیای هەیە؟". لە وەڵامدا گوتی: "ئێمە دەبێت یێك بگرین. بـۆ ئینگلیـزیش، ئەوە خۆیان بەڵێنی سەربەستییان پێ داوین".

گـوتم: "کەواتـە دەبێـت دوو دەوڵـەت؛ یێکیـان کـوردیی و ئـەویی دیکـەیان ئاسووریی پێك بێت. ئەوجا پێتەختان کوێ و پێتـەختمان کـوێ دەبێـت؟". گوتی: "ئەمـە مەسـەلەیێکی ئاسـانە، هـەر دەوڵەتـە و مەڵبەنـدێك بـۆ خـۆی هـەڵ دەبـژێرێت". منـیش پرسـیارم لێ کـرد؛ "دەتوانیـت سـنووری دەوڵەتەکـەتان و نێوچەکانی سەر بە خـۆییم بـۆ نیشـانە بکـەیت؟". گوتی: "ئـەم باسـە دوای ڕێـك کـەوتن لەسـەر نیشـانەکردنی سـنوور و دوای یێـك لایـی کردنـەوەی حسـاب لەگـەڵ دوژمن تـەواو دەبێـت". ئیـدی لـە ئێـرەدا کـابرای ئەفسـەر لـە ئەوەنـدە پـتر قسـەو پرسـیاری پـێ هـەرس نـەکراو هەڵسـتاو ئیزنـی ڕۆییشـتنی لێ خواسـتین و خـۆی و هاوەڵەکەی ڕۆییشتن.

لە ڕێگەدا بە هاوڵەکانی خۆمم گوت؛ "ئا ئەمەیە ئەو پەیمان و ڕێـك کەوتنـەی کە نیاز هەیە گەلاڵـە بکـرێ و ئـەو دوو شـەیتانە باسـی دەکـەن؟ ئایـا ڕازیـی دەبـن دەوڵەتێکی ئاسووریی لە نیشتیمانێکدا بنیات بنێرێت کـە سـەدەها سـەدە بـابو بـا پـیران پاراسـتوویانە؟ تەڵڵـە ئەمـە ناپاکییـە هەرکەسـێ دەسـتی بـۆ ببـات. چونکە ئاسوورییێکان هێـدی هێـدی و چـەند هـەلیان بـۆ بڕەخسـێ و یارمـەتیی بێگانـەیان

دەستگیر ببێ، ئەم وڵاتە داگیر دەکەن و چارەنووسی کوردیش لە نێوچوون و پاکۆ بوونە".

ڕۆژی دووەم چوومە لای موتەسەڕڕیف کاك تۆفیق وەهبیی تێم گەهاند کە لە ئەم باژێڕەدا کاروباری لە گەڕ و خولدایە کەڵکی کورد و کەڵکی خۆیشی وەك موتەسەڕڕیفێ ناگرێ. چونکە ئینگلیز، ئامانج و نیازیان هەرچییێ بێ لە ئەم جۆرە ڕەفتارانەدا، لە کاتی پێ ویستیدا دەست بە ڕووی داخوازیی «پاشا»وە نانێن ئەویش لە وەڵامدا گوتی: "بڕۆ لە مستەر ئالبانی پشکنی کارگێڕیی ـ جێگیری مستەر گاوون ـ بپرسە. ئەو پتر لە من شارەزای ئەم کارو بارانەیە". گوتم: "قسەی لەگەڵ بکە تا بچم و بی دوێنم".

چووم بۆ لای کە کەسێکی درێژی سپیکەلە بوو. دوای یێکدیی ناسین، هێندێ پرسیارم لێ کردوو ئەویش هەموو جارێك دەی گوت: "هەر تشتێ لە قانووندا بێ چاکە و پێچەوانەش خراپە". دواجار گوتم: "بیستم تۆ لایێنگری ئەو بزاڤ و دەنگە دەنگەیت کە لە ئەم باژێڕدایە". کەچیی وەڵامەکەی هەر وەك پێشوو بوو؛ "هەرتشتێ لە قانووندا بێ چاکە و پێچەوانەی خراپە". چوومەوە بۆ لای موتەسەڕڕیف و پێم گوت ئەو کابرایە یا کەڵەکچییە یا گێلە". موتەسەڕڕیف گوتی؛ "لێت دڵنیا نەبووە بۆیێکا قسەی لەگەڵ نەکردوویت". گوتم: "بەڕاستە؟ کەواتە ئێمە بۆچ بە دەنگی زۆڕنایان هەڵ پەڕین؟". ئیدی هاتمە دەرەوە و بڕیارم دا بگەڕێمەوە بۆ کەرکووك. ئەوجا خوێندەوار بۆیی هەیە لەبەر ڕۆشنایی باسەکان و ڕووداوەکان، تێ بگات کە؛ «ئینگلیزەکان بەهۆی نۆکەرانیانەوە، بزاڤێکیان تەرتیب دەکرد بۆ ئاژاوە نانەوە و داواکردنی دەوڵەتێکی کوردیی و یێکێکی دیکە ئاسووریی»، چونکە لە ئەو ڕۆژگارانەدا ئاسوورییێکان خۆیان گەهاندبووە کۆمەڵەی گەلان و داوای سەربەخۆییان دەکرد و ئەم بزاڤەش کە بریتانەکان لە باکووردا ـ واتە لە کوردستاندا/k ـ دەی گێڕان، پشتگیرییە بۆ مەسەلەی ئاسوورییێکان لە لای، کۆمەڵەی گەلان)[٩٠].

(٩٠)- بنۆڕە: مأساة بازیان المظلومة ـ ص ٧٨ ـ ٨٠.



٥- حاجی تۆفیق بەگ ـ پیرەمێردی سیاسەت ناس و شاعیر و ڕۆژنامەوان کە وەك مستەفا پاشا یا مەلکێ[٩١]، ڕەفیق حیلمیی[٩٢]، بە هیچ شێوەیێك تێکەڵی (دەستەی نیشتیمان پەروەران ـ هەیئەی وەتەنییە) و بەرنامەیان نەبووە، دوو جار لە ساڵی ١٩٤٨دا، یادی ئەو ڕووداوانەی کردووەتەوە و نووسیوییێتیی[٩٣]:

١/٥- کاتێ گەردشگێرەکانی سیاسەت کە خۆیان بۆیان نەچووە سەر، لە مەنفەعەتی شەخسییەی خۆیاندا تێك شکان، ئەوجا دەبنە شەیتان و دەچنە کلێشەی لاوە خوێن گەرمە جگەر گۆشەکانمانەوە؛ (هەی ئێمە ئەوەمان بوێت و ئەمە داوا بکەین!)، تا دەیان خەنە سەر ڕێگەی سیاسەت. ئەوانیش بە چاکی

(٩١)- بە پێی قسەو باسەکانی مارف جیاووك لەمەڕ دیدەنیی خۆی بۆ سلێمانیی لە ١٩٣٠/٨/١٠ (ڕۆژی دیەنیی دەستە باڵاکەی عێراق ـ بریتانیا بۆ سلێمانیی) و باسی (مستەفا پاشا یامەلکێ)، هەر هێندەی گوتووە: لە ماڵی حەمەی ئەوڕەحمان ئاغادا، مستەفا پاشا یامەلکێم نەدیت. پرسیم مەڵامەت چییە؟ کەچیی ڕەمزیی فەتتاح ڕاپەڕیی و دەستی کرد بە جوێن پێ دانی.

چووم بۆ ماڵی پاشا و کۆششم کرد ڕازیی ببێ بە هاتن و بەشداریی، بەڵام ئەو سووربوو لەسەر گۆشەگیریی. پتر گوتیشی: ناتوانێت لەگەڵ ڕەمزیی فەتاح و عیززەت مەدفەعیی دابنیشێت.★

★ بنۆڕە: مأساة بارزان المظلومة ـ ل ٨٥.

لە لایێکی دیکەوە، بەپێی بەڵگەنامەی بریتانیی، ئەوە مستەفا پاشا بەر لە تەقینەوەی ٦ی ئەیلوول ـ وەك حاجیی مەلا محییەددینی بازرگانی ناسراوی سلێمانیی، لایێنگیری هەڵ بژاردن بووە کە خەڵکەکە دژی بوون.★

★ بنۆڕە: کورد و کوردستان لە بەڵگە نهێنییێکانی حوکمەتی بریتانیادا ـ چ ٢ ـ ل ١٦٢.

(٩٢)- بە هیچ شێوەیێك ناو و باسیی تێکەڵیی لە چ سەرچاوەیێکیدا نەهاتووە و هەیە و نییە ئەوەیە کە لە بەڵگەنامەی بریتانیی (ئاماژەیێکی خێرای بۆ کردووە گۆیا لەگەڵ مامۆستایان عەلیی ئاگە وساڵح قەفتان، قوتابیی هێناوە بۆ بەشداریی لە خۆ نواندنەکەی ٨/١١.★

جێگەی باسە ڕەفیق حیلمیی سیاسەت بازی دیار و ڕۆشنبیری ناسراو لە ئەو هەلەدا (سەرۆکی کۆمەڵی زانستیی کوردان)ی سلێمانیی بوو، کەچیی گەرم تێکەڵ نەبووە.

★ بنۆڕە: کورد و کوردستان لە بەڵگە نهێنییێکانی حوکمەتی بریتانیا ـ چ ٢، ١٦٤.

(٩٣)- ئەز کاتی خۆی ـ بەر لە نووسین و چاپ کردن ـ سەرنجی خاوەندی (سەردەمی قەڵەم و موراجەعات) نەوشیروان مستەفام بۆ ئەم باسانە ڕاکێشا، کەچیی گوێی پێ نە دا.



کوردیکا @kurdica

دەزانن، لەگەڵ ئەمە کە هێشتا شارەزای هیچ سیاسەتێ نەبوون، مەسلەك و ئیستیقبال ـ دوا ڕۆژ/k ـ و حەیاتی خۆیان دەنێن بەلاوە، تێ هەڵ دەچن، بە هیچ ناگەڕێنەوە. کە تووشیش بوون، تەفرە دەرەکەیان باکی هیچی نییە.

ئێمە بە چاوی خۆمان دیتمان و بە گوێی خۆمان بیستمان کە لاوەکانمانیان هەڵ فریواند، تەفرەیان دان، بە خەنجەر، هەڵیان کوتایە سەر مەترالیۆزی بەر دەرکی سەرا، خۆیان بە کوشتدا. ئەوان پێیان دەگوتن: "دە بمرن". دەتان گوت: "بە کۆمەڵ دەمرین!" غایەکەیشیان ئەمە بوو، ڕایان سپاردبوون؛ (عێراقمان ناوێت، ئینگلیزمان دەوێت).

دیسان بە پیرەمێردیان دەگوت؛ "تۆ خائینی لەگەڵ ئێمە نیت". دەریان کرد، هەڕای کردە کەرکووك. دوایش هەر ئەو بۆیان گریاو شێوەنە مەشهوورەکەی ((شەشی ئەیلوول))ی بۆ کردن و چووە بەغداد ڕستگاری کردن[٩٤].

٢/٥- ئەگەر نا منیش وەك (شیپەرد ـ پشکنی پۆلیسی ڕەگەز بریتانیی لە سلێمانیدا/k) کە هەڵی فریواندن و گوتیان (بەغدادمان ناوێت) و (بە کوشتی دان) و دوایش ئەوانەی مابوون، قۆڵی بەستن و ناردنیە حەپسخانەی کەرکووك[٩٥] و گوتی (گۆڕتان بێ)، منیش دەم گوت (گوڕتان بێت).

ئاخ چیی لە جەرگ دەکەیت؟ مەرسییەیێکی دیکەمان بۆ زیاد بوو[٩٦].

٦- م. ر. هاوار لە کتێبەکەیدا دەبێژێت؛ ئەمین زەکیی بەگ ـ بەناوبانگی کورد/k ـ لە ئەو ڕۆژانەدا لە بەغدادەوە نامەیێکی ناردبوو بۆ دۆستەکانی نێو

[٩٤]- بنۆڕە: ژین ـ س ٢٢، ز ژ ٩٣٤، پێنجشەممە؛ ١٩٤٨/٩/٩ (گوتاری: دووبارە)

[٩٥]- پیرەمێردی شاعیر لە شیعری خۆیدا بۆ نواندنی شین و زاریی لە ئاستی کوژتارەکەی ٦ی ئەیلوولدا، پەنجەی بۆ (ئینگلیز) و پشکنی پۆلیس (شیپەرد) ڕاکێشاوە و دەبێژێت:

ئەو کەسەی خۆیان بۆدا بە مردن

ئەو بە دەستی خۆی کەلەپچەی کردن.★

★ بنۆڕە: شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان ـ ج ٢، ل ٧٤٦.

[٩٦]- بنۆڕە: ژین ـ س ٢٢، ز ژ ٩٣٦، پێنجشەممە: ١٩٤٨/٩/٢٣ (گوتار: ڕۆژەکەیە لێی دەترسام).



سلێمانیی و (تکای لێ کردبوون کە تشتێکی ئەوتۆ نەکەن ببێتە هۆی کوشتار و خوێن ڕژتن).

عیززەت مەدفەعیی ـ ئەندامی دەستەی نیشتیمان پەروەران/k ـ کە هەواڵی ئەو نامەیەی پێ دەگات، بە ناوی خۆیەوە نامەیێك بۆ ئەمین زەکیی دەنووسێت؛ (کورد لە ئەوەندە پتر وزەی نییە بێ دەنگ دابنیشێت بەرامبەر بێ بەڵێنیی حوکوومەتی عێراق کە بە هیچ جۆرێ ناخوازێت مافی کورد لە ئەو پەیمانەدا باسی بکرێ. لەبەر ئەوە بڕیارمان دا ڕاپەڕینێك بکەین).

ئەمین زەکیی لە وەڵامی ئەودا دەنووسێت؛ (عیززەت تشتی ئەوها مەکەن، چونکە ئەوە کارێکی بێ ئەنجام و بێ سوودە و پەشیمانیی لە دوایە).

عیززەت دووبارە نامەیێك بۆ ئەمین زەکیی دەنێرێت و دەبێژێت؛ (ئەگەر لە ڕاپەڕینەکەماندا سەرکەوتین، ئەوە لە ((کەرتڕێنە))کەی سەر ڕێگەی کەرکووك ـ سلێمانییدا، پەیکەرێکت بۆ دروست دەکەین)[٩٧].

٧- م. ر. هاوار لە کتێبەکەیدا، بیروڕأی ڕەئووفی حەفید زادە مەحموودی نواندووە و هەڵی سەنگاندووە کە ئەو لە (یاداشت)ی خۆیدا سەرنجی خۆی لەمەڕ ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠ نووندووە و گوتوویێتیی: (ئەو ڕاپەڕینە بۆ مەبەستێکی کاتیی و تایبەتیی بووە).

هاوار، قسەکانی ئەو یاداشت نووسەی لە یێك داوەتەوە و دەبێژێت: لام وەهایە، ئەگەر چیی ددانیشی پێدا نەناوە، بەلام بەلای ئەوەوە وەهابووە کە لە ئەو ڕۆژنەدا پەیمانی عێراق و بریتانیا تەنها لە لایێن مەجلیسی وزەرای عێراقەوە مۆرکراوە و دەبووایە ئەو مۆکردنە مەجلیسی نووابی عێراقیش ددانی پێ دا بنێ و مۆر بکرێ، ئەو ساتەش دەبوو بە پەیمانێکی ڕەسمیی. ئینگلیز بۆ ئەوەی فشار بخاتە سەر ئەو مەجلیسی نووابە کە هەڵ دەبژێردرا بۆ بەرهەڵستیی نەکردنی ئەو پەیمانە و دەست و برد کردن بۆ مۆرکردنی، چەند کەسێکی ڕاسپاردبوو ئەو

[٩٧] بنۆڕە: شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی ـ ج ٢، ل ٧٥١ ـ ٧٥٢.

کاره بکەن کە بێ لە شێخ ڕەئووف هێندێ کەسی دیکەی ئەو سەردەمەش هەر وەهای بۆ چوو بوون[٩٨].

٨- ڕەئووفی حەفید زادە مەحموود لە یاداشتی نووسراوی خۆیدا دەبێژێت: (شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٣٠ ـ مەبەست لە ڕاپەڕینەکەیە/k ـ بەهۆی لیژنەییێکی یازدە کەسییەوە دەستی پێ کرد بە سەرۆکاریی عەزمیی بەگی بابان و تۆفیق وەهبیی. بەڵام تۆفیق وەهبیی بەر لە ئەوەی هەراکە بقەومێ لە موتەسەڕڕیفیی سلێمانیی خرا.. ئەوانەی ئەو شۆڕشەیان ڕێکخست و دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە لە ڕووی شێخ مەحموود داو بە خەڵکیان دەگوت: ئەم جارە شێخ مەحموود لە ئارادا نییە و دەستیان کردەوە بە لێ دانی قەوانە کۆنەکەیان کە دەیان گوت: ئەگەر شێخ مەحموود نەبوایە کورد سەر بەخۆیی دەستگیر دەبوو)[٩٩].

ڕەئووڤ حەفید زادە لە یاداشتەکانیدا وەها پێ نیشان دەدات کە ڕاپەڕینەکە لە جێگەی خۆیدا نەبووە و هی ئەوتۆ هەبوو بۆ مەبەستێکی پاك بەشدار نەبووە. هەروەها ئەو ڕاپەڕینە لە سنوورێکی تەسکدا، هەر لە سلێمانییدا بووە و نەخشەییێکی فراوانی بۆ نەکێشرا بوو بازێڕەکانی دیکەش بگرێتەوە.

ڕەئووف دەبێژێت: من خۆم ێیکێك بووم لە خۆ نواندووەکانی بەر دەرکی سەرادا کرد. لە ئەوە دەچوو ئەو ڕاپەڕینە بۆ مەبەستێکی کاتیی و تایبەتیی بووبێ، چونکە ئەو لیژنەیە لایان وەهابوو سەرکەوتنیان مسۆگەرە، بۆیێکا نەیان هێشتووە شێخ مەحوود ئاگەداربێ)[١٠٠].

ت. وەهبیی ڕێك خەری (دەستەی نیشتمان پەروەران ـ هەیئەی وەتەنییە) کە خۆی ناوی ناون (یازدە سوارە!!) لە بەغدادا ـ گۆیا ـ لە ژێر چاودێریدا بووە،

[٩٨]- هەمان سەرچاوە ـ ل ٧٤١.

[٩٩]- بنۆڕە: = = - ج ٢، ل: ٧٤٠.

[١٠٠]- هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.



دیسان کەوتوەتەوە سیاسەت. ئەوەتە تۆفیق قەززازی[١٠١] کەسی هەرە نزیکیشی کە لەنێو ئەو هەمووە گیراو و بەڕەڵاکراوانەدا ـ لەگەڵ ڕەمزیی فەتتاح ـ نەك هەر بێ تاوان، بەڵکە (بێ کەفالەت) و ئازاد دەرچووە، لەگەڵ شێخ قادری حەفیدا ـ ئازادکراو بە کەفالەت و نیشتەنیی ناسرییە و بەغداد ـ پێکیان گرتووەتەوە و خەریکی پڕۆژەییێکی سیاسیین کە لە ئەوە دەچێ (زیندوو کردنەوە)ی هەمان پڕۆژەی پێشوو بێ لەگەڵ (نەستورییێکان) و بە ئەم بابەتە گرنگ و ناسکە یشکە ت. وەهبیی لە گوتوبێژەکەیدا توخنی نەکەوتووە، لەلای چەند سەرچاوەییێك ئاشنا و قسەی لێ کراوە، بۆیێکا تێ گەهیشتنی پێ ویستە:

[١٠١]- بە قسەی مەعرووف جیاووکی ئاشناو تێکەڵیان، تۆفیق قەززاز لە بەغداد و ماڵی (سەعید قەززاز)★ی برازایدا بووە.★★

جێگەی باسیشە؛ تۆفیق قەززاز کە سەرلەنوێ تێ هەڵ چووەتەوە، لە هەلی گرتنی ت. وەهبیدا ـ دوای ١٩٣١/٤/١٩ و هاتنەوەی بۆ بەغداد ـ نەگیراوە و تووشی چ کێشەییێك نەبووە.

ڕاستییێکەی لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە، هێندێ نا سیاو پێیان دەگوتم کە ناوبراو گەلێ نیشانەی پرسیاری بەدواوە بووە، بەڵام لە هەمان ساتدا کەسانی دیکەیش هەیە کە بە نیشتمان پەروەرێکی چالاکیان ژماردووە. بۆ وێنە در. کەمال مەزهەر ئەحمەد لە مەڕ ئەو کەسە و دوای شەڕی بەردەرکی سەراو لە بەندیخانەی کەرکووکەوە ـ گیرابوو ـ ناردبووی بۆ نوێنەری باڵای بریتانیا لە عێراقدا و لە دوا دێڕدا گوتوویێتی :( نۆکەری بریتانیای مەزن لە پێناوی کورد و کوردستاندا).★★★

★ سەعید قەززازی برازا و زاوای تۆفیق قەززاز ـ لەبەر هەتیو بوونی ـ لە منداڵییەوە پەروەردەی ئەم مامەیێتی. ئینگلیزەکان لە ١٩٢١ و سلێمانییدا، سەعید قەززاز و چەند کەسێکی دیکەیان فێری ئینگلیزیی کرد و دەستەمۆی خۆیانیان کردن، بە ڕادەیێك سەعید قەززاز لە نێوان ساڵانی ١٩٢٥ ـ ١٩٢٩دا (نووسەر)ی پشکنی کارگێریی بریتانیی سلێمانیی و مووسڵ بوو. بەرە بەرە چووە پێشەوە تا بوو بە وەزیری نێوخۆی عێراق و سەر ئەنجام دووای ١٩٥٨/٧/١٤، ساڵی ١٩٥٩ لە سێدارە درا.

★★ بنۆڕە: مأساة بارزان المظلومة ـ ط ٢، ل ٩٥.

★★★ بنۆڕە: دەروازەی ئینتەرنێت، گلگامش، السبت: ٢٠٠٩/٩/٩؛ اليسارية و تاجر كوردى كبير، حلقة ٢، در. كمال مظهر احمد.

١- مێژوو نووسی عێراق عەبدورڕەززاق ئەلحەسەنیی، بە ناونیشانی (المؤامرة علی سلامة الدولة/ ئەلموئامەرە عەلا سەلامەتوددەوله _ پیلان لە سلامەتیی دەوڵەت) ئەمەی نووسیوە:

(گوتم هێندێ لە ئەو نەتەوانەی لە عێراقدا کەمن لە دەمەدەمی تەواو بوونی چاودێریی _ ئینتیداب _ ماندانی بریتانیا بەسەر عێراقەوە، هەروەها لە دەمەو نزیك بوونەوەی عێراق بۆ بوونە ئەندام لە کۆمەڵی گەلاندا _ بە ئاماژەی هێندێ لایێنی بێگانە _ کەوتنە کۆشش کردن بۆ دەستگیر بوونی هێندی فەڕ و ئیمتیازاتی تایبەتیی. ئەوە بوو لە کۆتایی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٣١دا _ واتە سەرەتای ساڵەکە/k _ ئەفسەرێکی بریتانیی خانەنشین کراو بەناوی ((هورمز ڕەسسام))ەوە گەهیشتە بەغداد. دوای ئەوەی پێوەندیی لەگەڵ کەسانی دیاری غەیرە عارەب گرێ دا، چوو بۆ مووسڵ و بڵاوی کردەوە گۆیا فرە بایێخ بە ئاسوورییێکان دەدات. هێندەی نەبرد هاوەڵێکی خۆی لە لۆندۆنەوە بانگ کرد کە ناوی ((مایسوم کوپ Capitan copa)) بوو کە خۆی ئەفسەرێکی دەریاوان بووە، هات بۆ بەغداد و دوایی لە مانگی مارتدا چوو بۆ مووسڵ و دەستی کرد بە مولاقانی سەرۆکارانی و ناسراوەکانی نەتەوەکانی غەیرە عارەب و هانی دەدان داخوازیی جودابوونەوە لە عێراق بدەن. دەمودەستیش ئەو دوو کەسە خودانێکی خۆیان لە لۆندۆنەوە بانگ کرد کە ناوی ((سیمۆن هۆڵ)) بوو، ئەویش هات بۆ مووسڵ و لەگەڵ هەردوو هاوەڵەکەی دەستیان کرد بە هان دانی هەڵ کەوتنی نەڕەی تایێفەگەریی. ئەوجا ((ڕەسسام)) و ((هۆڵ)) گەڕانەوە بۆ لۆندۆن و لیژنەییێکیان بە ناوی ((لیژنەی ڕستگاریی کەمە نەتەوە ناموسڵمانەکان)) دروست کرد[١٠٢]. ((کۆپ))یش بە نهێنیی و ئاشکراش لە کاردابوو تا مەبەستەکەی کەوتە ڕوو، پۆلیس لە ٥ی مایسی ١٩٣١دا خۆی و ئەو کەسانەی کە لاسی دابوون گرتنی و کەوتنە لێ پرسینەوەیان.

[١٠٢]- لیژنەکە ئەم کەسانەیشی تێکەڵ بوو: در. ولیەم جوتسی ئیمهارت، کاپتەن ژۆرژ کرسی، ئەمیراڵ سیمۆن هۆڵ، هیزل، دەبلیو لین، سایس ویگرام، مارجلیوس، مستەر هوڵاندر.★

★ بنۆڕە: تأريخ الوزارات العراقية _ ج ٣، ١٣١، ٥.



ئەو کەسانەی لە بەغدادا دەستگیرکران ئەمانە بوون:

١- تۆفیق وەهبیی، موتەسەڕڕیفی پێشووی سلێمانیی.

٢- سەعید نامیقی پارێزەر، وەرگری ڕەگەزنامەی عێراقیی.

٣- دکتۆر شوکریی محەممەد سەگبان، وەرگری ڕەگەزنامەی عێراقیی کە هەر چەند سەعاتێ گیردراو دوایی بە کەفالەت بەرەڵاکرا.

٤- عەبد نوعمان و کشمش نوعمانی برای کە خاوەندی کتێبخانەی نوعمان بوون و تازە بە تازە ڕەگەزنامەی عێراقییان وەرگرت بوو.

٥- تۆما هورمز، تۆبیا حەننا، داوود تۆما، ئەلیاس حەننا کە خاوەندی گازینۆی داروسسەلام بوون.

ئەوانەی لە مووسڵیشدا گیردران ئەمانە بوون: یووسف ئەندریا، عەبدولکەریم قەرە گوله)[١٠٣].

عەبدورڕەزاق ئەلحەسەنیی پتر باس دەگێڕێتەوە و دەبێژێت:( کاك مەعرووف جیاووك ئەم باسانەی بۆ گێڕاوەمەتەوە: "ڕۆژێك تۆفیق وەهبیی داوای لێ کردم مولاقاتی مستەر کۆپی ئینگلیز بکەم کە لە کۆتایی ساڵی ١٩٣٠دا هاتە عێراقەوە. داوایشی لێ کردم لەمەڕ کێشەی کورد گوتوبێژی لەگەڵ بکەم و لە بریی خۆم داوای مافەکانی کورد و خود موختاریی بکات، چونکە پێشتر ئەو لەگەڵ کاك تۆفیق وەهبیی و کۆمەڵێ لە کوردانی دیکە کۆبووەتەوە. هەروەها ئاگاهداری کردم کە ئەو کابرایە ئاگەهداری ڕەفتاری ئەو کەسانەیە کە لە کاروباری کەمە نەتەوەکاندا چالاکن لە عێراقدا. هەروەها ئاگەهداری کردم کە کابرا سەر بە کۆمەڵێکی لۆندۆنیی بە دەسەڵاتە و ئەو کۆمەڵەیەش نامەکاریی لەگەڵ پاشاو سەروەزیران و مەزبەتەییێکیشی بە دەستەوە هەیە تا سەردارەکانی کورد لە عێراقدا مۆری بکەن کە ئەم باسانە دەگرێتەوە:

١- هەژمارکردنی هورمز ڕەسسام بە وەکیلی کوردان تا لە کۆمەڵەی گەلاندا بەرگرییان لێ بکات.

[١٠٣]- هەمان سەرچاوە _ ل ١٣٢.

٢- باوەڕ هێنان بە هەر بڕیارێکی کۆمەڵی گەلان لەمەڕ بڕینەوەی زەویی عێراقی بۆ ئاسوورییێکان.

٣- کوردان ڕەزامەندن خۆیان بە کەم بزانن لە ئەو نێوچانەی ((تیارییێکان))یان تێدا چڕە و مافەکانیشیان دەپارێزدرێت!")[١٠٤].

عەبدوڕڕەززاق ئەلحەسەنیی پتر دەبێژێت: (مەعرووف جیاووك پتر گوتی:" لەگەڵ مستەر کۆپ کۆبووەتەوە و وەڵامی مەزبەتەکەیشی داوەتەوە کە؛ کوردان ناتوانن هورمز ڕەسسام بە وەکیلی خۆیان بزانن، چونکە کابرا کورد نییە و هیچ پێوەندییێکیشی بە کوردەوە نییە. هەروەها موستەحیلە کوردان خۆیان بە کەم بژمێردن لە ئەو نێوچانەدا کە ئاسوورییێکانی تێدا دەژیی، بەڵکە کوردان خۆیان زۆرینەی ڕەهان و ئەوان خاوەندە شەرعییێکەن. هەروەها ماقووڵ نییە کورد ڕازیی ببێ بە هەر بڕیارێکی کۆمەڵەی گەلان لەمەڕ بڕینەوەی زەوییە عێراقییێکان بۆ ئاسوورییێکان، چونکە باوەڕ بە مەجهوول ناکرێت. هەر چۆنێ بێ کوردان عێراقین و تشتێکی پێچەوانەی قانوونی عێراقیی ناکەن.

کاپتەن کۆپ لە ئەم ڕوون کردنەوانەی سڵەمیوەتەوە و لە تاوادا چووەتە لای کاك محەممەد ئەمین زەکیی وەزیر و لێ کۆڵی ناسراوی کورد. ئەوجا چووەتە کن هێندێ سەرداری دیکەی کورد تا کاریان لێ بکات مەزبەتەکەی نێو دەستی مۆر بکەن، بەڵام کەسیان لایان لێ نەکردووەتەوە تا نەفیی کردنی بۆ دەرەوەی عێراق")[١٠٥].

عەبدوڕڕەزاق ئەلحەسەنیی کەرتێکی گوتاری مەعرووف جیاووکیشی نواندووە کە لە ڕۆژنامەی بەغدادیی (صدى العهد؛ سەدالعەهد: ١٩٣١/٥/٨)دا باسی تەلەکەبازیی مستەر کۆپ و ڕەفتاری تۆفیق وەهبیی کردووە و کوردانی هۆشیار کردووە و تێیدا دەبێژێت: (دواجار تۆفیق وەهبیی چوو بۆ حەڵب ـ سووریا/k ـ و لە ئەوێدا چاوی بە هورمز ڕەسسام کەوت، ئەویی بۆ ئەو مەبەستە هات بۆ ئێرە.لە ئەو مەودایەدا کەوت بوومە باری سەرسامیی و بێ دەنگییەوە. ناتوانم

(١٠٤)- = = = .

(١٠٥)- هەمان سەرچاوە ـ ل ١٣٣.



ببێژم کە تۆفیق وەهبیی قاییل دەبێت بە مەزبەتەیێك پڕی زیان بێ. لەبەر ئەوە کە هاتووە، من و دەستەیێك لە گەورە پیاوانی کورد داوامان لێ کرد پێ نیشانمان بدات چیی نووسیوە. هەروەها ئاگەهدارمان بکات لە ئەو ڕاپۆرتەی کە هورمز ڕەسسام پێشکەشی کردووە، کەچیی ـ ت. وەهبیی/k ـ قاییل نەبوو، بۆیێکا زانیمان تشتێ لە پشت پەردەوە هەیە)[١٠٦].

٢- مەعرووف جیاووك لە کتێبەکەیدا، مەڵامەتی قاییل نەبوونی ت. وەهبیی ڕوونتر کردووەتەوە و دەبێژێت: (مەڵامەتەکە ئەوە کە بزووتنەوەکەی ـ ت. وەهبیی/k ـ کەڵکی کورد ناگرێت و ئێمەش کەوتینە گومان کردن لە ڕەفتارەکانی)[١٠٧].

٣- لێ کۆڵی ژین و ڕەفتارەکان ت. وەهبیی، هیوا ئەحمەد شەریف لە کتێبی خۆیدا ـ لە سەرچاوەی دیکەشەوە ـ باسەکەی سەروو بە شێوەیێك دەگێڕێتەوە کە کاکڵەکەی ئەمەیە:

ئاسوورییێکان لە ئاستی پەیمانی نوێی نێوان بریتانیا ـ عێراقدا تووشی مەراق بوون. هێندێ کەسی ئینگلیز وەك ((هورمز ڕەسسام، مایسووم کۆپ، سیمون، هۆڵ)) لە بریتانیاوە هاتن و کەوتنە جم و جووڵ و کۆشش و ئاخاوتن بە ناوی ئاسوورییێکانەوە. دواجار (لیژنەی ڕستگار کردنی کەمە نەتەوە ناموسڵمانەکان) یان پێك هێنا. تۆفیق وەهبیی پێوەندیی بە لیژنەکەوە کرد و ڕۆژی ١٩٣١/٣/٢٢ نامەیێکی بۆ هورمز ڕەسسام ناردووە و تێیدا نواندوویێتی:

- کورد تەواو هاوسۆزە بەرامبەر ئەو کەمە نەتەوانە و ئاسوورییێکان و ئارەزوویشی هەیە یارمەتییان بدات تا بە پێی بڕیاری کۆمەڵەی گەلان ((ئیدارەیێکی تایبەتیان)) بۆ پێك بهێت.

- لیژنەکە کارێ بکات کێشەی کوردیش بهورووژێنێ و مولاقاتی سورەییا بەدرخانی نوێنەریان لە پاریسدا بکات.

(١٠٦)- = = ـ ل ١٣٤.

(١٠٧)- بنۆڕە: مأساة بارزان المظلومة ـ ل ٩٨.

- تکاکاره پشتیوانی نوێنەری کوردبێ و ڕەنجیان پێك بخەن. هەروەها تکا کاره لە ئەم قۆناخەدا ناوی کەسە کوردەکانی هاودەنگیان نەدرکێنن.

- تکا کاره لەنێو وڵاتەکانی ئەوروپادا هەڵمەتێکی پڕۆپاگەندەی هاوشێوەی خۆیان دەست بدەنێ بۆ چاکەی کورد.

- ئەو سەرچاوەیە پتر باس دەگێڕێتەوە گۆیا؛ هەردوو لا لەسەر ئەو بنچینەیە یێك کەوتوون کۆششیان یێك بخەن ڕووەوە و دەستگیر بوونی ئامانجەکانیان لە لای کۆمەڵەی گەلان.

- سەرچاوەکە پتر دەبێژێت: مەعرووف جیاووك باسەکە بە شێوەیێکی دیکە دەگێڕێتەوە کە زۆربەی سەرچاوەکانی دیکە لەمەڕ بابەتەکە پشتیان پێ بەستووە.

- مەعرووف جیاووك دەبێژێت: ( کۆبوونەوەیێك لە نێوان نوێنەری «لیژنەی ڕستگار کردنی نەتەوە کەمە ناموسڵمانەکان»؛ کاپتەن کۆپ، یووسف مەلەکی ئاسووریی، کوردەکان؛ تۆفیق وەهبیی، ڕەئیسی خانەنشین محەممەد عەلیی عەزیز[108]، ئەمین ڕواندزیی تۆفیق قەززاز، شێخ قادری حەفید، فەتحوڵڵە ئەسعەد/k ـ کوردییدا ڕێك خرا[109].

- کاپتەن کۆپ عەریزەیێکی گەڵاڵە کردبوو بی دات بە کۆمەڵەی گەلان و داوای لە ئەو کەسە کوردانە کرد کە ئیمزای بکەن. عەریزەکەیش ئەم خاڵانەی دەگرتەوە:

[108]- ئەو نووسەرە بە هەڵە ئەو ناوەی خستووەتە ڕیزی تێکەڵەکانی باسەکەوە. ناوبراو ـ وەك مەعرووف جیاووك باسی کردووە و ناوی هەڵ داوە ـ تەنها وەك یاوەر و ئاشنایێکی جیاووك لە گەڵێ چووە.

[109]- مەعرووف جیاووك لە کتێبەکەی خۆیدا کە ئەم قسانەی کردووە، بە مستەر کۆپیشی گوتووە: دەبێت ڕاستییێك بزانیت کە ئێمە کەسمان وەکیلی گەلی کوردنین. چ کەسێکمان بستێ زەویی کوردستانمان نییە . ئەوەیان بە ززازە ـ کوتاڵ فرۆشە- مەبەستی تۆفیق قەززازە/K- و ئەوی دیکەیان نووسەرێکی پچکۆلەیە ـ مەبەستی فەتحوڵڵە ئەسعەدی وەرگێڕە لە وەزارەتی داددا/K ـ و ئەوەیشیان ئەفسەرە ـ مەبەستی ئەمین ڕواندزییە/K ـ و خۆمیش پارێزەرم★

★ بنۆڕە: مأساة بارزان المظلومة ـ ط ٢، ص ٩٣.



- ڕازین هورمز ڕەسسام نوێنەریان بێ بۆ بەرگریی کردن لە لای کۆمەڵەی گەلان.

- باوەڕ هێنان ـ ئیعتیراف/k ـ بە هەر بڕیارێکی کۆمەڵەی گەلانی بۆ بڕینەوەی زەویی عێراقیی بۆ ئاسوورییێکان.

- کوردان ڕازین کە خۆیان بە کەم بزانن لە ئەو نێوچانەی ئاسوورییێکان چڕترن و مافیشیان پارێزراوە).

سەرچاوەکە لە مەعرووف جیاووکەوە قسەی کردووە و دەبێژێت: (مەعرووف جیاووك دەبێژێت کە لایێنگیری ئەو ڕێککەوتنە نەبووە و ئیمزایشی نەکردووە[110]، بەڵام تۆفیق وەهبیی و ژمارەی ئامادەبووەکان و هێندێکی دیکەی ئامادە نەبوو ـ لە دواییدا ئیمزایان کرد ـ ئیمزایان کردووە و لەگەڵ لیژنەکە ڕێك کەوتوون کە لە پاشەڕۆژدا «دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستان» پێك بهێنن و ئاسوورییێکان ـ لە نێو ئەو دەوڵەتەدا ـ میر نشینێکیان بەر بکەوێ»).

[110]- مەعرووف جیاووك لە کتێبەکەیدا ئاماژەی بۆ ئەمین زەکیی بەگ کردووە کە بەهۆی خۆیەوە ئاگەهداری باسەکە بووە و سەر ئەنجام جیاووکی ڕاسپاردووە (کۆپ)ی بۆ بنێرێ. کابرا چووە بۆ لای ئەمین زەکیی و کە هاتووەتەوە، جیاووك پرسیاری لێ کردووە؛ ڕای ئەمین زەکیی چۆنە؟ ئەویش لەوەڵامدا گوتوویێتی، (سەری وەك سەری تۆیە). جیاووك پتر دەبێژێت؛ چوومەوە بۆ لای ئەمین زەکیی بەگ و پرسیارم لەمەڕ ئەو کابرایە لێ کرد و ئەویش گوتی: (ئەم کابرایە کەڵەك چییە و پیلان گێڕە). منیش تکام لێ کرد ڕێگە لە (سەر کێشەکان) بگرێت و ئامۆژگارییان بکات «مەزبەتە» بۆ ئەو کابرایە ئیمزا نەکەن و لییێان وەربگرێت تا وەك بەلگەیێك بەرامبەریان بە دەستەوە بێ.

جیاووك پتر دەبێژێت: بە یێکەوە چووین بۆ ماڵی سەعید قەززاز تا تۆفیق قەززاز ببینین، بەڵام لە ماڵدا نەبوو، هەروەها ئەوانی دیکەشمان نەدیتەوە، ئیدی ئەمین زەکیی گوتی: یێك دوو ڕۆژم بدەرێ تا خۆم بیان بینم و قسەیان لەگەڵ بکەم.

دوای یێك دوو ڕۆژ، ئەمین زەکیی ئاگەهداری کردم؛ (قسە لەگەڵ ئەوانە بێ هوودەیە و کەڵك ناگرێت. تۆش ئازادی چ دەکەیت).★

جیاووك دەبێژێت؛ ئەوە بوو منیش گوتارەکەم لە ڕۆژمەی (صدى العهد)دا بڵاوکردەوە.

★ بنۆڕە: مأساة بارزان المظلومة ـ ض ٢، ل ٩٥.

سەرچاوەکە دەگێڕێتەوە کە مەعرووف جیاووك ئەو هاریکارییەی نێوان ئەو کوردانە و ئاسوورییێکان بە شێوە پیلانێك بەرامبەر بە عێراق دەزانێت.

سەرچاوەکە دەبێژێت : (ئەو قسانەی جیاووك لەمەڕ دەوڵەتی سەربەخۆی کورد و ئاسوورییێکان لەگەڵ ئەو نامەیەی تۆفیق وەهبیی کە ناردبووی بۆ هورمز ڕەسسام چوون یێك نییە و هەروەك ئەو جیاوازییەشە لە بەرامبەر یاداشتەکەی تۆفیق وەهبیی کە لە ١٩٣١/٤/١٩دا بەرەو ڕووی کۆمەڵەی گەلانی کردووەتەوە و "داوای مافی چارەی خۆنووسینی لە ژێر سێبەری عەرشی عێراقییدا کردووە")[١١١].

ئەو سەرچاوەیە لە کۆتاییدا، چارەنووسی (لیژنە)ی باسی کراو و تۆفیق وەهبییش ڕوون دەکاتەوە دەبێژێت : ( چەند نزیك بوونەوە و ڕێك کەوتن لە نێوان لایێنی ئاسووریی و کورددا بۆ ئامانجەکانیان هەبووبێ، ئەوە؛ "هیچیان بە هیچ نەکرد و کارەکەیان لە لای حوکوومەتی عێراقیی ـ وەزارەتی نووریی سەعید ـ ئاشکرا بوو، لە ١٩٣١/٤/١٩ کاپتەن کۆپ لە عێراقدا دەرکراو لە ١٩٣١/٥/٦ شدا تۆفیق وەهبیی و هێندێ کورد و ئاسووریی بە گوناهی کارکردن دژی دەوڵەت، دەستگیر کران").

ت. وەهبیی لە ٤١٩٣١/١٩ و بەیرووتەوە (یاداشت)ێکی چڕی بە ناوی خۆی و شازدە کوردەوە داوە بە (کۆمەڵەی گەلان و سەرۆکی لیژنەی ئینتیداب ـ چاودێریی/k ـ و کۆمەڵەی گەلانیشی لە ژنێڤدا ئاگەدار کردووە کە ئەو کەسانە دەسەڵاتیان پێ داوە نوێنەری نەتەوەی کورد بێ کە بەرەو ژووری ٨٠٠,٠٠٠ کەسە[١١٣].

---

[١١١]- بنۆڕە: تۆفیق وهبیی حیاته و دوره ل ٨٩ ـ ٩٤.

[١٢]- هەمان سەرچاوە.

جێگەی باسە، سەرچاوەکە دەبێژێت: (قسەکانی جیاووك لە فیشاڵەوە دوور نییە و لە ئەوانەیە مەبەستی بووبێ خۆی لە دەسەڵاتدارەکانی عێراق نزیك بکاتەوە چونکە لە ئەو مەودایەدا چەندانێ بوو بێ کارو فرمان بوو).



---

=ڕاستییێکەی ئەو بۆچوونە فرە لاوازە و بەڵگەیێکی نووسراو، یان دوو شاهیدی باوەڕ پێ کراوی لەگەڵ نییە تا بەرنامەی لێ کۆڵینەوەی زانستیی بۆچوونەکەی پەسەند بکات.

جیاووك بە ئاشکرا و لە ڕۆژنامەی (صدى العهد) و بە ناوی (الى اخوانى الاكراد/ ئیلا ئیخوانیی ئەلئەکراد بۆ برا کوردەکانم)ەوە گوتارێکی بۆ ئاشکرا کردنی ئەو کەین و بەینە ترسناکە و تاوانبار کردنی کەسانێکی وەك تۆفیق وەهبیی نووسیوە، دیارە لە باسەکان و تێکەڵیی هەمووان و مەبەستەکانیان دڵنیایە و دەخوازێت بەریان لێ بگیردرێت.

ئیدی کەسێ بە ئەم شێوەیە لەسەر (ڕۆژنامە) و بۆ مێژوو کاغەزی دەستی ئەو کەسانە بکاتەوە و بی خوێندێتەوە، داخۆ (فیشاڵە)ەکەی و کەڵکی خۆی چی بن؟ ڕاستییێکەی تاکە کەڵکێ کە خۆی دەستگیری بووبێ ئەوەیە؛ (مستەر کۆپ) نەی توانی بە پارە بی کرێت وەك لە چاوپێ کەوتنیدا لە (ئوتێل مەتروپۆل)ی بەغدادا گفتی پێ دابوو پارەیێکی زۆری پێ ببەخشی*

جێگەی باسە، مەعرووف جیاووك دەگێڕێتەوە؛ دوای بڵاوکردنەوەی نامەکەی لە ڕۆژنامەی (سەدالعەهد)دا دوو ئەفسەری پۆلیس هاتوون بۆ ماڵی و پێیان گوتووە کە ((موزاحیم پاچەچیی)) وەزیری نێوخۆ داوای دەکات. ئەویش چووە بۆ لای وەزیر کە هەنگی دەستی داوەتە تەلەفوون و قسەی کردووە و دواتر سەروەزیران نووریی سەعید و جەمیل ڕاویی وەزیری ئەشغال و هاموشۆ و سەبیح نەجیبی ڕێبەری گشت پۆلیس هاتوون و (لەمەڕ پێوەندییێکانی تۆفیق وەهبیی و مستەر کۆپ) پرسیاریان لێ کردووە ئەویش بە نووریی سەعیدی گوتووە کە چاوساغی ئەو نییە بەسەر تۆفیق وەهبییەوە و (تۆ گوناهباری کە کردت بە موتەسەڕڕیفی سلێمانیی و تووشی ئەم کێشە و باسانە هات کە توانای نەبووەو بەرگەیان ناگرێت. کە هاتیشەوە و ویستی دیدەنیت بکات، دەرگەت بەڕوودا داخست و ئەویش هیوا بڕاو بوو کە هەموو دەرگەیێکی لێ داخرابوو).

مەعرووف جیاووك کە ساڵی ١٩٥٤ کتێبەکەی چاپ کردووە و تۆفیق وەهبیی بە دەسەڵات و ناوبانگی عێراق بوو؛ لە کۆتایی ئەو باسەیدا هێندێ ستاییشی تۆفیق وەهبیی کردووە و گۆیا ڕەووشت بەرزە و خزمەتی کوڕانی چیاو دەشتی کردووە کە مەبەستی کوردو عارەبە**

* بنۆڕە: مأساة بارزان المظلومة ـ ص ٢، ل ٩٤.

** بنۆڕە: = = = ـ ص ١٥٨ ـ ١٥٩.

[١١٣]- بنۆڕە: سەرردەمی قەڵەم و مور اجەعات ـ ل ٢٤٨ و ٢٥٠.

ئەو لە (یاداشت)ەکەدا داوای (خۆ حوکم کردنی نێوچەیی ـ محەللیی/k ـ لەژێر سەروەریی عێراقدا) کردووە[114]، یا خۆی گوتەنیی لە گوتوبێژەکەیدا: **(موختارییەتی ئیدارە لەژێر تاجی مەلیك فەیسەڵدا)**[115].

به قسەی خۆی ـ لە گوتوبێژەکەیدا ـ دوایی کە هاتووەتەوە بۆ عێراق، لەسەر ئەو کارە گیراوە، بەڵام ڕاستییێکە ئەوەیە (گرتنەکە)ی لە ١٩٣١/٥/٣١دا، لە سەر (پێوەندییێتیی لەگەڵ دەستەی مستەر کۆپ)ی ڕێك خەری (لیژنەی ڕستگاریی کەمە نەتەوە نا موسڵمانەکان)[116].

وەك لە گوتوبێژەکەیدا ئاماژەیشی کردووە، دوای ئەو گرتنەی و دادگەهی و ئەوجا ئازاد کردنی، گۆیا (نەفیی کراوە) بۆ بەیرووت و تا درەنگانێکی ساڵی ١٩٣٢ ماوەتەوە و[117] ئەوجا گەڕاوەتەوە بۆ بەغداد. هەر چەندە سەرچاوەیێکی بێ لایێن بە دەستەوە نییە دەنگ بۆ (نەفیی کردن)کەی بدات، بەڵام لە ئەوانەیە ڕاست بێ و ڕێکەوتی دەرکردن و نەفیی کردنی (مستەر کۆپ) و سەر دەستەکەی بووبێ، بە تایبەتیی بۆ هێور کردنەوەی نێوەندەکانی سیاسەتبازەکانی عێراق.

ت. وەهبیی لە ئەو هەلانەدا کە لە بەیرووتدا دەژیا، گوتارێکی عارەبی لە ڕووی لاف و گەزافی (**یووسف مەلەك**)ی ئاشنای و **هاوەدەنگی نزیکی (مستەر کۆپ)**ە لە ڕۆژنامەی (الراصد/ئەلڕاسید)دا بڵاوکردبوو[118]. ئەو ناوبراوی بە درۆ خست بووەوە کە لە ڕۆژنامەی (الاحرار/ ئەلئەحرار)ی بەیرووتییدا **نووسیی بووی:**

[114]- بنۆڕە: = = = ـ ل ٢٤٨ و ٢٥٠.

[115]- بنۆڕە: گوتوبێژەکەی.

[116]- خۆی لە گوتوبێژەکەیدا چ لە لای م. ر. هاواری مێژوونووس هەرگیز توخنی باس کردنی (تێکەڵیی لەگەڵ دەستەی مستەر کۆپ) نەکەوتووە، بەڵکە لە لای م. ر. هاوار گوتوویێتیی: (حوکوومەتی عێراق لەسەر ئەو «یاداشت»ەی کە دابووم بە عوسبەتول ئومەم گرتمیان و ماوەیێك دووریان خستمەوە بۆ لوبنان).★

★ بنۆڕە: شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان ـ ب ٢، ل ٧٤٨.

[117]- بنۆڕە: تۆفیق وەهبیی حیاتە و دورە ـ ل ٩٤ (وەرگیرا و لە گۆڤاری: هاوار ـ س ١٩٣٣).

[118]- الراصد ـ ع ٣٧٦٦، ١٩٣٢/٨/٢٤ (بیان من زعیم الاکراد الکولونیل توفیق وهبیی بك نزیل بیروت/ القضیة الکردیة في عصبة الامم).



**(ئینگلیزەکان مەلامەت و هاندەری ناو هێنانی «کەمە نەتەوەکان» بوون و هەر ئەوانیش کوردیان هان دەدا کە دەنگیان بگەهێننە کۆمەڵەی گەلان)**[119].

هەروەها مەلامەتێکی دیکەشی نواندووە، گۆیا؛ هێندێ ڕۆژنامەی عارەب لە ڕووی کورددا درۆ و دەلەسەیان وەشاندووە و لە ساڵی ١٩٣٠دا هەڵ کەوتووە تا لە ئەو ڕێگەیەوە «کێشە بۆ عێراق پەیدا ببێت» و نەتوانێ بچێتە کۆمەڵەی گەلانەوە)[120].

ڕۆژنامەی (ئەلڕاسید) کە گوتارەکەی بڵاوکردبوو، بە ناونیشانی **(زعیم الاکراد کولونیل توفیق وهبیی بك** — سەرکردەی کوردان کۆلۆنیل تۆفیق وەهبیی بەگ)ەوە پێشکەشی خوێندەوارانی کردبوو.

لەو وەڵام نامەیەی (سەرکردەی کورد!!) ناو ت. وەهبیی کە بە قسەی زل و تەڕو پاراوەوە خۆی نواندووە، لەلای من ـ دوای باران کەپەنك ـ چ نرخێکی نییە و هەر بۆ ئارایشت و جوان کردنەوەی ڕوخساری سیاسیی نابووتی خۆیێتی[121].

ئەز وەك لە (داوین: ٤/٣)دا بەڵگەکانی (یاداشت ـ عەریزە)کەی ناو براو بۆ کۆمەڵەی گەلانیم نواندووە، ناپەسەندی نابینم ئەگەر جارێکی دیکە، هەرە خاڵی گرنگی ئەو (یاداشت)ە بخەمەوە بەرچاو تا ڕێگە خۆش بێ بۆ نەشتەردان لە ڕووالەتی باسەکان و نهێنییێکانی.

ئەو (یاداشت)ە کە بە زمانێکی پاراو، بەڵگە و ئەژماری هورد ڕازاوەتەوە و زیرەکانە خاڵەکان نەخش کراون، ئەمانەییم پێ گرنگە:

- نووساندنی کوردستانی عێراق، نە ڕاستە و نە ڕەوایە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێستە تازە چارە ناکرێ بە بێ هەڵ وەشاندنەوەی سەروەریی عێراق، ئەو مافە

[119]- الاحرار؛ ١٩٣٢/٨/١٦.

[120]- بنۆڕە: شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان — ج ٢، ل ٧٤٨.

[121]- بەیان نامەکەی کە لە ڕۆژنامەی عارەبیی (الراصد ـ ع ٣٧٦٦؛ ١٩٣٢/٨/٢١)دا بڵاوە، وەك بەڵگەنامەیێك تەماشام نەکردووە و نەم هێناوەتەوە ڕیزی (داوێن ـ ٤/٣؛ بەڵگەکانی ت. وەهبیی ـ س ١٩٣١

داوا دەکەین وەك ڕەگەزێکی جیاواز لە وڵاتەکەی خۆیاندا بژین بە دڵسۆزیی بۆ عەرشی عێراقیی[١٣٢].

- کورد هاودەردێکی بەهێزی کەمایێتیە نە عارەبەکانی ویلایێتی مووسڵە لەمەڕ خواستەکانیان بۆ باوەڕهێنان بە بوونی نەتەوەییان و پارستنیان لە زاڵ بوونی عارەب.

- فروفێڵی هەمیشەیی فرمانبەرانی عارەب بۆ هورووژاندنی هەستی ناحەزی لەنێو کورد و ئاسوورەکاندا و بەرامبەر بە یێکدیی، هەرچەندە حوکوومەتی نێوەند نوکوولیی لێ دەکات، بەڵام لەلای هەردوو گەل ڕوون دیارە. بە پێك هێنانی حوکمێکی نێوچەیی، هەر کوسپێ لەسەر ئەو ڕێگەیەدا هەبێ، تەخت دەبێت و دۆستیی و هاودەر دەردیی کە ئێستە لە نێوان کورد و دراوسێ نە عارەبەکاندا هەیە، قووڵتر دەبێت.

- خواستەکانی ئێمە خواستەکانی ئەوانە. گازندەکانیشمان گازندەکانی ئەوانە. هەردوو گەل پێك کەوتوون و ئارەزووی شێوەی ئاوروپایی و پێشکەوتنی دەکەن. پێك کەوتوون بەرامبەر شارستێنی ڕۆژئاواو ڕقیان لە گەلانی ڕۆژئاوا نییە[١٣٣].

- هەندێ پەخش نامە دژی ماف و خواستە ڕەواکانی کورد و هەمان تشت بەرامبەر نەتەوەی کلدی ئاسووریی هەیە، گۆیا؛ یێکێ لە مەڵامەتەکانی پێ نەدانی حوکوومەتی عارەبی عێراقە دوژمنایێتی لە نێوان ئەم دوو گەلەدا دەخولقێنێت کە خزمایێتیی و خوێنیان پێکەوە پتر وەك لەگەڵ عارەبی عێراق.

- هەردووك؛ گەلەکەی من و کلدی ئاسووریی فرە تشتی ناکۆکیی هەیە، بەڵام ((گەلەکەم فرە لە ئەو سیاسەتە تووڕەیە کاتێ پشیوییێکی پچووك دەقەومێ، دەست بەجێ نێرووەکانی ئاسوورییێکان دەنێرنە سەر گەلەکەم. ((چۆن پێوەندیی دۆستانە دەمێنێ کە حوکوومەتی عارەب ئاسوورییە چەکدارەکان بەکار ببات و

(١٣٢)- بنۆڕە: سەردەمی قەڵەم و موراجەعات:

(١٣٣)- بنۆڕە: = = =.



ڕووی تفەنگەکانیان بکەنە سنگی ئێمە و بە پڕۆپاگەندە و ڕێگەی دیکەشەوە کۆشش دەکات هۆش و بیری دراوسێ ئاسوورییێکانمان ژەهراویی بکات))[١٣٤].

- ڕێگە نەدرێ نێرووی هەوایی بریتانیی لە لایێن حوکوومەتی عارەبەوە بۆ سەرکوت کردنی پشێوی نێوخۆ بەکار ببرێ، پشێویێ کە ئەنجامی حوکمی خراپ و فەرمانڕەوای خراپە[١٣٥].

- ئەگەر نەتەوەی کورد لەناو مەملەکەتی عێراقدا ((خۆ حوکم کردنیان نەدرێتێ)) دەبن بە نۆکەری ئاغایانی عارەب[١٣٦].

ت. وەهبیی کە ئەو (**یا داشت**)ە، یا (**عەریزە**)یەی داوە بە کۆمەڵەی گەلان، برووسکەیێکیشی بۆ نوێنەری باڵای بریتانیا لە عێراقدا خستووتە پاڵ و تێیدا دەبێژێت: (لە ڕێگەی پایە بەرزتانەوە دڵسۆزیی تایبەتیی خۆم و ئەوانەی من نوێنەریانم ـ واتە شازدە کەسەکەو گەلەکەیشی/k ـ بۆ خاوەند شکۆ مەلیك فەیسەڵ دەردەبڕم و ئارەزووی خۆم و گەلەکەم بۆ خزمەتی خاوەند شکۆ بە دڵسۆزیی و هیوای تایبەتیی دەخوازین کە ماف و خواستە ڕەواکانمان پێ ببەخشرێ و ئەو بەڵێنانەی حوکوومەتی خاوەند شکۆ داویانە بەپێی ڕاسپاردەکانی کۆمیتەی لێ کۆڵینەوە و ئەوانەی کۆمەڵەی گەلان، جێبەجێ بکرێن)[١٣٧].

شایانی باسە لە ئەو ڕۆژگارانەی کە ت. وەهبیی لە بەغداد و بەیرووتدا سەرگەرمی جم و جووڵم سیاسیی بوو، دەستەیێك لە خۆ وڵاتیە دڵسۆزەکان، زامدارەکانی دوای شەڕی بەردەرکی سەرا؛ (٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠) هانایان بردە بەر حەفید زادە مەحموودی نیشتەنیی گوندی ((پیران))ی کوردستانی ئێران و ـ وەك ئەحمەدی خواجە دەگێڕێتەوە ـ پێیان گوتووە؛ (یاشێخ قورئان چ لە دەستدابێ و چ لە سنگدا بێ، بە ئەو قورئانەوە هاتووین داوای ئەوەت لێ دەکەین تۆڵەی

(١٣٤)- بنۆڕە: = = =: ل ـ ٢٥٩.

(١٣٥)- بنۆڕە: = = =: ل ـ ٢٦٢.

(١٣٦)- بنۆڕە سەردەمی قەڵەم و موراجەعات: ل ـ ٢٥٤.

(١٣٧)- بنۆڕە: = = = = . ل ـ ٢٤٩ (هەڵبەت خۆی بوو!).

شارەکەمان بکەیتەوە، کورد چاوەنۆڕتە. پاش ئەم هەلە ئیدی کورد بێ ناو و نیشان دەمێنێتەوە)[١٢٨]. لە لاییێکی دیکەشەوە شەوی ٧ _ ١٩٣٠/٩/٨ سێ ئەفسەری نەتەوە پەروەری سەر ڕاست؛ مەحموود جەودەت، ڕەشید جەودەتی برای و کامیل حەسەن بە شێوەیێکی نهێنیی لە ڕێزی سوپای عێراق و لە بەغدادەوە هەڵاتن و خۆیان گەهاندە گوندی ((پیران)) و چوونە پاڵ حەفیدزادە مەحموود و داوای تۆڵە سەندنەوە و شۆڕش کردنەوەیان کردووە.

حەفیدزادە مەحموودیش نامەیشی کردووەتە سەر نوێنەری باڵای بریتانیا لە عێراقدا و پێی ڕاگەهاند کە، (دەبێت لە خانەقینەوە تا زاخۆ، دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد دابمەزرێ و بریتانیا خۆی چاودێری بکات)[١٢٩]. سەرئەنجام بەهۆی نابەرامبەریی نێرووەکانی بریتانیا بە ((لیڤیی))یە ئاسوورییێکانە وە تا نێرووی هەوایی، هەروەها نێرووی سوپای عارەبی عێراق لەگەڵ شۆڕش گێڕەکانی کورد، حەفید زادە مەحموود و لەشکرەکەی لە (شەڕی ئاو باریك: ١٩٣١/٤/٥)دا شکان و دوایی لە ١٩٣١/٥/١٣ حەفید زادە _ لە پێنجوینی گەمارۆدراودا _ ناچاربوو خۆی بە دەستەوە بدات. ئیدی دەست بەسەر لە باشوور و نێوەڕاستی عێراقدا تا ساڵی ١٩٤١ ژیا[١٣٠].

---

[١٢٨]- بنۆڕە: شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی _ ج ٢، ل ٧٦٠ ل ٧٦٠.

[١٢٩]- بنۆڕە: = = = = = = _ ج ٢، ل ٧٦٠ - ٧٦١.

جێگەی باسە، نامەیێکی حەفید زادە مەحموود کە لە ١٩٣٠/٩/١٧دا ناردوویێتی بۆ نوێنەری باڵای بریتانیا لە عێراقدا دەبێژێت: (بەردەوام لە هەر چوار لای کوردستانەوە هەواڵم دەگاتێ کە دوای خوێن ڕژتنە پڕ لە شەرمەسارییێکەی عارەب کە لەگەڵ کوردی لای خۆمان کردی، ئیدی حەقی هیچ مافو ئیددیعاییێکیان نییە.

بە ناوی ئەم نەتەوە ئارییەوە هەموو داوای کورد ئەوەیە ئێوە لە چنگی عارەب ڕستگاریان بکەن و جودایان بکەنەوە. کورد فرە پەرۆش و پڕ باوەڕ داوا دەکات هەمیشە لەژێر حیمایەی بریتانەکاندا بێ _ ئیمزا مەحموود)★.

★ بنۆڕە: کورد و کوردستان لە بەلگەنامە نهێنییێکانی حوکوومەتی بریتانیادا _ ب، ١، ج ٢، ل ١١٩.

[١٣٠]- بنۆڕە: ئەدەبی نامەنووسینی کوردیی _ ج ١، ل ٥٧٤.



گشت بابەت و بەلگەکانی ڕابوردوو تا ڕادەییێکی پەسەند دڵنیایان کردووین کە ت. وەهبیی _ موتەسەڕڕیفی کارکەنارکراو _ لە ڕۆژی ١٩٣٠/٨/٢٠ەوە کە گەڕاوەتەوە بۆ بەغداد، تا درەنگانێکی ساڵی ١٩٣٢ لە نێوان بەغداد، حەڵەب، بەیرووتدا سەرگەرمی جم و جووڵی سیاسیی چڕ بووە.

ئەگەر لە ڕواڵەتی ڕەفتارەکانی نێوان سلێمانیی و ژنێڤ _ کۆمەڵەی گەلان هورد ببینەوە، ئەوە ڕەفتارەکان _ چەشنی گوتوبێژەکەی _ خوێندەوار ناچار دەکات سۆرزی بۆ بجووڵێ و هەست بکات؛ (بۆ کەڵکی گەلی کورد بووە)!!

ئایا ئەم باری سەرنجە پەسەندە و ئیدی چ پرسیارێ لە گۆڕێدا نییە کە بەرە و ڕووی خۆی و ڕەفتارەکانی نزیکەکانی ببێتەوە، بە تایبەتیی کە تا نهاش لە نێو ڕیزی لێ کۆلەکانی کورددا، کەسێ ژیرانە نەهاتووەتە پێشەوە _ هەر هیچ نەبێ _ لە یاداشتەکەی بۆ کۆمەڵەی گەلان بکۆڵێتەوە؟!

ڕاستییێکەی چ خۆی، چ ڕەفتارەکانی فرە گومانیان لێ دەکرێ و بە نەشتەر لێ دانیشیان ڕاستیی ساخ دەبێتەوە.

ئەز هەرچەندە گرفتی (دیارنەبوونی مەتنی عەریزەکانی هورموز ڕەسسام و یووسف مەلەك) کە لە لە نێوان ١٩٣١/١/٩ _ ١٩٣١/٤/٢٠دا داویانە بە کۆمەڵەی گەلان لێم بووەتە کێشە، بە تایبەتی کە ئەوەم لێ ڕوون نییە (هەڵوێستەیان بەرامبەر بە گەلی کورد) چۆن چۆنی بووە و ئایا (هورموز ڕەسسام وەك نوێنەری کورد و ئاسوور) خۆی نواندووە، هێشتا تێ دەکۆشم وەڵامێکی ماقووڵ بۆ ئەو گومان کردنەی باسم کرد بدەمەوە.

ئەوجا بە ڕۆشنایی ئەو بەڵگانەی ڕابوردن _ بێ دوو دڵیی و گومان _ دەتوانم ببێژم؛ (یاداشت _ عەریزە)کەی ١٩٣١/٤/١٩ی بۆ کۆمەڵەی گەلان، بەڵگەییێکی بە هێزە بۆ لایێن گرتنی ئەو کەس و کاربەدەست و دەزگە جۆربە جۆرانەی کە دەبێژن؛ (ڕووداوەکانی سلێمانیی) سەردەمی موتەسەڕڕیف وەهبیی، هەر لە پێك هاتنی ((دەستەی نیشتیمانپەروەران _ هەیئەی وەتەنییە)) وەتا ((خۆ نواندن)) و ((داواکردنی موختارییەنی ئیدارە _ دەولەتی سەربەخۆ _ موختارییەت لە ژێر تاجی مەلیك فەیسەلدا)) تا دروست بوونی ((پێوەندیی لەگەڵ کەسانی ئاسووریی و بێگانەکان)) لە سلێمانیی و بەغداد تا پەراوێز خستنی ((حەفید زادە مەحموودی

شۆڕشگێڕ، تا نیاز و هەڵپەی ـ خۆی گوتەنیی ـ بۆ شۆڕش کردن، تا داهێنانی بابەتێکی نوێ کە تێ هەڵکێش کردنی بابەتی؛ ((کەمە نەتەوە نە عارەبەکان/ کلدی و ئاسووریی ـ نەستووریی))ە لە کێشەی نەتەوەیی گەلی کورد)دا، ئەمانە گشتی بیر و تەگبیر، پێشنیاز و کردار، مەبەستی ئەو بوون.

دەشێ یێکێ ناڕازیی بێ و ببێژێ؛ (نا، هەر ئەو نەبووە و خەڵکانی دیکە و جەماوەریش تێکەڵن)! بەڵێ، بە ڕوواڵەت ئەمە ڕاستە، بەڵام ئەو ـ بە نهێنیی و ئاشکرا ـ ماکینەی هەموو جم و جووڵ و چالاکییێك بووە و تاکە تشتێکێش کە خۆوراستان پێوەندیی پێوە نەبووبێ، هەر ڕووداوەکانی ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠ە!

**نها پێویستە ڕوو بەڕووی هەموو ڕەفتارە سیاسییێکانی ئەو مەودایە، پرسیار بکەین:**

١- ئایا ئەو ڕەفتارانە هەموو، بیر و بڕیار و هەڵویستەی خۆیتی و ـ خۆی گوتەنیی ـ هەستی کوردایێتیی هانی داوە و یاداشتی ناردووە بۆ کۆمەڵەی گەلان[١٣٠]؟ یا بە فیت و پشتیوانیی بێگانە جووڵاوەتەوە؟

٢- کێ لە گشت ڕەفتارەکانی ـ بە یاداشت پێشکەش کردنیشەوە ـ کەڵکی وەرگرت، گەلی کورد؟ یا بێگانە؟

ئەز ـ نەبادا ببێژرێ ناحەزانە تەماشای کردووە ـ بە وەڵام دانەوەی یێکەم پرسیارەوە خەریك دەبم و ئەو گریمانەیە هەڵ دەبژێرم کە هەستی کوردایێتیی هانی داوە.

لە بارێکی ئەوهەشدا پێویستە ڕاست و ڕەوان هەموو هەڵوێستەیێکی لە تەرازوو بدەم و ببێژم.

- ئەو کە (هەستی کوردایێتیی) هانی دابێ بۆ ئەو هەموو جم و جووڵە، دەی ئەو (هەستە)ی لە کوێدا بوو کە لە ١٩٢٢/١٢/٩دا کرا بە (یاوەر)ی حەفید زادە مەحموودی مەلیکی کوردستانی جونووبیی و مەشق پێ کردنی لەشکری کوردستانی پێ سپێردرا و لە دەمەدەمی پەلپ و بیانوو، زۆرداریی بریتانیای

[١٣٠]- بنۆڕە: شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی ـ ج ٢، ل ٧٤٨.



ناحەزی سەربەخۆیی و پێشکەوتنی کورد و کوردستان، تەنانەت لە ناسکترین ساتدا کە دوژمن هەڕەشەی بۆمباردومانی سلێمانیی پێتەختی دەکرد و دووەم شۆڕشی کورد هەڵ گیرسا؛ (**بۆچیی پشتی کردە حوکوومەتی کوردستان و گەلەکەی و هەڕای کرد و چووە پاڵ دوژمن و فەرماندەیی فێرگەی سەربازیی لەشکری عێراقی عاربی پەسەند کرد؟).**

- ئەوێ دەمێ کە هەردوو لایێنی بریتانی ـ عێراقیی لە مانگی کانوونی یێکەمی ١٩٢٢دا (بەیاننامەی دوو قۆڵییان ڕاگەهاند گۆیا؛ قاییلن لە چوار چێوەی سنوورەکانی عێراقدا حوکوومەتێکی کورد پێك بهێت) و حەفید زادە مەحموودی مەلیکی کوردستان گەرم پێشوازیی لە ئەو هەواڵە کرد و چەند وەفدی نارد بۆ بەغداد و دەستی دەستیی پێ کرا، **بۆچیی ت. وەهبیی و نزیکەکانی دەنگی پشتگیرییان هەڵ نەبڕیی و هەر هیچ نەبێ لە ڕۆژنامەی (ڕۆژی کوردستان)دا گوتارۆچکەیێکیان بڵاو نەکردەوە؟ ئەی چۆنە لە ساڵی ١٩٣٠دا، ئەوانە باسی (ئەو بڕیارەی بریتانیا ـ عێراق بۆ پێك هێنانی حوکوومەتێکی کورد) دەکەنەوە؟ کە ئەو خۆی هەرگیز تێکەڵی خەباتی سیاسیی و شۆڕشگێڕیی نەبووە؟**

- ئایا هەر ئەو نییە کە ئەوێ دەمێ بیروباوەڕی وەها بووە ـ وەك لەلای م. ر. هاوار گێڕاوییێتیەوە ـ کە (بۆمان دەرکەوت لە سیاسەتی ئینگلیزدا ـ بریتانیا/k ـ ئەوە نەبوو کە حوکوومەتێکی کوردیی دابمەزرێت، بۆیێکا زۆرمان هیوا بڕاو بووین و یێکە یێکە لە شێخ مەخموود دوور کەوتینەوە!)[١٣٣].

- ئایا ئەو کەسێکی نەخوێنەدەوار و نەشارەزا بوو، ڕۆژنامەی (ژیانەوە)ی ساڵی ١٩٢٥ی نەدیت بوو کە نامەیێکی نوێنەری باڵای بریتانیا بۆ حەفید زادە مەحموودی شۆڕشگێری بڵاو کردبووە بۆیی نووسیی بوو؛ (جەواب هەر ئەمەیە: حوکوومەتی موعەززەمەی بریتانیا، قەرار و عەزمی قەتعیی کردووە کە؛ دەبێت کوردستانی جونووبیی لە داخیلی مەملەکەتی عێراقدا بمێنێتەوە! مەعەهازا بە نەزەری ئەهمییەت تەماشای ئەوە کراوە کە مەئموورینی کوردی بۆ تەعین بکرێ

[١٣٣]- بنۆڕە: شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی ـ ج ٢، ل ٣٥٩.

و بۆ موعامەلاتی ڕەسمییە و تەدریساتی مەکاتیب، زمانی کوردیی ئیستیعمال بکرێ کە ئەمە لە ئیستیقبالیشدا ـدا هاتوودا/k ـ ریعایەت دەکرێ)[١٣٤].

**ئەوێ دەمێ " ئایا ت. وەهبیی و یارانی بۆچیی نامەیێکیان نەکردە سەر نوێنەری بالآی بریتانیا و بیان دایێ بە ڕووی دا کە سالْی ١٩٢٢ گفتی پێك هێنانی (حوکوومەتێکی کورد)یان داو ئەم پەشیمان بوونەوەیان لە چیی؟ ئایا ت. وەهبیی کە ئەوێ دەمێ فەرماندەی فێرگەی مەشقی سوپا بوو، نەی دەتوانیی دەنگی خۆی و یارانی بخاتە پالْ حەفید زادەی شۆڕشگێڕ** تا کار لەکار نەترازێ و ـ خۆی گوتەنیی ـ وەك (نووساندنی کوردستانی عێراق نە ڕاستە و نە ڕەوایە)[١٣٥] وەهای لێ بەسەر نەهێت ـ خۆی گوتەنیی؛ (ئێستە تازە چارە ناکرێ)[١٣٦].

**دەی چۆنە ـ ئەو ساتە لاتەریك ، بەلْکە تەماشاکەر بوو ـ ئەمێستە کار لەکار ترازاوە، دەنگ دەکات؟**

- گریم ت. وەهبیی بە هەستی کوردایێتییەوە، لە پێ ناوی هەمان مەبەست و ئامانجی سێ شۆڕشی کورددا بۆ هێنانەدیی (حوکوومەتێکی سەربەخۆی کورد) لە نێوان سالآنی ١٩٣٠ ـ ١٩٣٢دا تێ کۆشاوە، دەپرسم" **ئایا دوور خستنەوەی سەرکردەی ئەو شۆڕشانە (حەفید زادە مەحموود) لە ڕووداوەکان، تەنانەت ئاگەهدار نەکردنی لە ئەو کرد و کۆششانەی خۆی و یارانی، بەلْگەی کوردایێتیی ڕاست و دلْسۆزی بێ خەوشە بۆ گەل و نیشتیمان یا پێچەوانەیە؟** بێ گومان بەلْگەی ناحەزییە و بە کورتی دەبێژم: ئەگەر ت. وەهبیی و چەند کەسێکی نزیکی چوونە سەر کورسیی خەلآتی عەرەشی عێراقی عارەب، ئەوە حەفید زادە مەحموود تا دوا هەناسەی ژینی ـ لە گوندی داریکەلییدا ـ هەموو تەخت و بەختێکی کرد بە قوربانی نەتەوەکەی.

کاپیتان ڤیڤیان هۆلْت V. Holt سکرتێری نوێنەری بالای بریتانیا لە عێراقدا بۆ کاروباری خۆرهەلآت لە ١٩٣١/٥/١٣دا ـ لە دوای شکستی چوارەم شۆڕشی حەفید زادە و خۆ بەدەستەوەدانی ـ لە ڕاپۆرتێکدا کە ناردوویێتی بۆ وەزیری ولآتە

(١٣٤)- بنۆڕە: ژیانەوە ـ س ٢، ژ ٥٣، ١٩٢٥/٢/٧.

(١٣٥) - بنۆڕە: سەردەمی قەلْەم و موراجەعات ـ ل ٢٥٢.

(١٣٦)- بنۆڕە: = = = ـ ل ٢٥٢.



داگیرکراوەکانی بریتانیا - باسی حەفید زادە مەحموود دەکات و لە نێو قسەکانیدا دەبێژێت؛ (کەس لاریی لە ئەوە نییە شێخ ـ مەحموود/k ـ تەمووح و خاوەند کیبریا بوو، بەلآم هەردووکیان بۆ نەتەوەکەی بوون نەك تەنها بۆ خۆی!)[١٣٧].

- **ئایا یێکێ بە هەستی کوردایێتیی و نیشتیمان پەروەرییەوە جەماوەری سلێمانیی هورووژاندبێ** کە هێندە پەرۆشە ئامادەبێ شۆڕشی بۆ بکات تا (نەگەڕێتەوە بەغداد)، پاداشتی ئەو جەماوەرەوە وەها دەدرێتەوە، ترسنۆکانە خۆی پێ **نیشان بدات و ببێژێت" (بۆ خاتری خودا هیچ مەکەن ئاخیرییێکەی دەم کوژن؟!) و دەگەڕێتەوە و تەورێك لە ئەژنۆیان دەدا)؟**

- ئەگەر (هەستی کوردایێتیی) سەربەست و پاك و بێ خەوش بووبێ ئایا ئەدەبوو لە بریی برووسکە گۆڕینەوە و ناو هەلْدان لە ڕۆژنامەدا، بهاتبا (دەستەی نیشتیمان پەروەران)ی گەورەتر و بەهێزتر بکردایە و پیاوانی باژێڕ و ئاواییێکانی دیکەی کوردستانی تێکەلْ بوایە و لە هەموو شوێنێکدا کۆبوونەوە و خۆ نواندن تا ڕاپەڕین ڕووی بدایە؟ تەنانەت ئەگەر نەتەوە پەروەر و سەرکردەیێکی ڕاستەقینە بووایە، چۆن دەبوو نەگەڕابایێتەوە بەغداد و ـ ئەگەر نەبێژم خۆی و دەستەی نیشتیمان پەروەران **بچوونایە پالْ حەفید زادە مەحموود ـ لەگەلْ جەماوەری باژێڕەکانی کوردستان، ئاشتیانە مانیان بگرتایە؟**

- ئایا هەموو ئەو کەسانەی کە لە ئێرە و ئەوێدا برووسکەی لایێنگرییان بۆ (دەستەی نیشتیمان پەروەران)ی سلێمانی هەناردووە هەموو داوێن پاك و دلْسۆزی گەلی کورد و سەربەخۆیی کوردستان بوون؟ تێکەلْ و هاریکاری بریتانیای دوژمن نەبوون؟

ـ وەك ناوەکان لەبەرچاون ـ کەسانی دەربەگ تا کاربەدەستی گەورەی ئەوتۆ دەرکەوتوون کە هەمیشە هاریکار و دلْسۆزی بریتانیا بووەو تێکەلْی کوردایێتیی نەبووە.

(١٣٧)- بنۆڕە: کوردستان لە بەلْگەنامە نهێنییێکانی حوکوومەتی بریتانیادا ـ ب ١، چ ٢، ل ٢٠١.

- ئایا فـرە دروشمـی هـەڵ کـراوی (دەسـتەی نیشـتیمان پـەروەران) و گوتاربێژەکان، ئەشرافەکانی سلێمانیی تا دەگاتە ت. وەهبیی خۆی، بۆ وێنـەش لـە (تەشـکیلی حوکوومـەتێکی کـوردیی لـەژێر ئینتیـدابی حوکوومـەتی فەخیمـە ـ بریتانیا)وە تا (موختارییەتی ئیدارە لەژێر سێبەری عەرشی عێراقدا) ئـەم هـەڵ بەز و دابەزەی بیرو باوەڕ، کەڵکی گەلی کوردی گرت یا کەڵکی بێگانـە و خـۆی؛ ڕاستییێکەی ئەنجامی ڕەفتار و ڕووداوەکان، چ هەڵ وێستەی دوا ڕۆژی ت. وەهبیی خۆی وەڵامە و لە ئێرەدا ڕوونە.

- ئایا وەکالەت نامەی ئەو حەڤدە کەسەی — گۆیا نووێنـەری گەلی کوردن و دەسەلاتیان پێ داوە لەلای کۆمەڵەی گەلان نووێنـەری خۆیـان و گەلی کورد بێ، وەکالەتنامـەیێکی ڕاسـتە و بـاوەڕ پـێ کـراون؛ یـان دروست کـراوە؛ ڕاسـتییێکەی چونکە ڕوون نییـە چ دادگـەیێک یـا دەزگـەیێکی قـانوونیی مۆریـان کردبـێ، ئـەوە لەلای من جێگەی گومانە و لە دروست کراو دەچێ.

لە لایێکی دیکەوە، ئایا ئەو کەسانە هەموو پیاوچاکن و دەستیان لەگەڵ دوژمن تێکەڵ نەکردووە؟ ڕاستییێکەی کەسی ئەوتۆ لە ڕیزدایە کە ناوی گەورە کـراوە، یـا نەناسراوە و تێکەڵی کوردایێتیی نەبووە. یا تێکەڵی حوکوومەتی کوردستان بووە و لە پڕێکدا پشتی تێ کردووە و هەڕای کردووەتـەوە باوەشی حوکوومـەتی بەغـداد. یا کەسی ئەوتۆی تێدا هەیە کە دۆستی بریتانەکان بووە، تەنانەت کەسی ئـەوتۆی تێدا هەیە ـ وەک یێکیانم ناسیوەتەوە ـ نهێنـبڕی بریتانـەکان و ڕاپـۆرت نووسـیان بووە[128].

[128]- ئەو کەسە بە (نق) ناو دەبەم و ناو ڕاستەکەی نادرکێنم تا در. کەمال مەزهەر ئەحمەد نـاوی دەهێنێـت کـە ئـەو ـ لەبـەر دۆسـتیی خـۆی بـۆ کەسـێکی خزمـی ئـەو نهێنـبڕە ـ لـە بڵاوکردنەوەی بابەتەکەیدا ناوی نەهێناوە.

ئـەو نهێنـبڕە ـ بـە پێـی نووسـینەکەی نـاوبراو ـ لـە سـاڵی ١٩٢٨دا وەک ئەنـدامی کۆمەڵـەی (زەردەشت)ی نهێنیی بووە و نامەی کۆمەڵەکەی کە دەبرد بۆ حەفید زادە مـەحموود لـە پێشدا (دەی بـرد بـۆ کاربەدەسـتەکانی بریتانیـا لـە سلێمانییدا و ئـەوانیش وێنـەیان لێ وەردەگـرت) و ئەوجا دەیان دایەوە و دەی برد بۆ حەفید زادە.*



وێڕای ئەو لایێنانەش، داخۆ هەر ئەوکەسانە ـ حەڤدە کەسە ـ هەڵ بژاردەی چینی ڕۆشنبیر و نیشتیمان پەروەرانی کورد بوون.

**- ئایا ئەوە سەر ڕاستیی دڵسۆزییە ـ نەک فریودان ـ جەماوەری بێ ئاگەهـ بـە ئـەو (دروشمانە) جۆش بدرێ و لـە ژێـرەوەوش (بەرنامـەی نهێنیـی) لـە سـلێمانییدا لەگـەڵ کەسانی هاوتایان و بریتانیی و بێگانە هەبێ؟**

- ئایا کێشەی ئازادیی و سەربەخۆیی میللەتی کورد و نیشتیمانی لـە پـێش و پاش ئاگربەستەوە (١٩١٨/١٠/٣١) تا هەڵ کەوتنی (پـەیمانی سـەڤەر ـ ١٩٢٠/٨/١٠) تـا (پەیمانی لوزان ـ ١٩٢٣/٧/٢٤) کێشەیێک بوو لەگەڵ تورکیای عوسمانیی و کۆماریی داگیرکەری کۆن و نوێ، ئەوجا بریتانیای داگیرکەری نوێ، یا کێشەیێک بـوو لەگـەڵ نەتەوەیێکی کەمی وەک ئاسووریی؟ ڕاستییێکەی ئـەو لافانـەی درۆیێکـی گـەورە و ناماقووڵییە!

- ئایا لاف لێ دانی ت. وەهبیی ـ لە یاداشتەکەیدا بۆ کۆمەڵەی گەلان ـ گۆیا دوژمنایێتییێکی دێرین لە نێوان کورد و کلد و ئاسوورییدا هەیە و ئەوەش مایەی (پێ نەدانی حوکم کردنی نێوچەییە بۆ کورد) ڕاستە یا درۆ و تاوانە بەرامبەر بە میللەتی کورد چ ئەو نەتەوە کەمە و چ کۆمەڵەی گەلان؟ هەڵبـەت درۆ و تاوانـە و ناماقووڵییە!

- ئایا ـ خۆی گوتەنیی لـە یاداشـتەکەیدا بـۆ کۆمەڵـەی گـەلان ـ حوکوومـەتی عـارەبی عێـراق نێـرووی هـەوایی بریتانیـا بـەکار دەبـات بـۆ سـەرنانەوەی هـەر پشێوییێکی نێوخۆ[139]، یا بریتانیا خـۆی لـە ساڵی ١٩١٩ەوە ـ پـێش دروست بـوونی مەملەکـەتی عێـراق ـ لـە پێنـاوی بـەزۆر نووسـاندنی کوردسـتانی باشـوور بـە مەملەکەتی عارەبی عێراقی دروست کراویـەوە، هـەموو توانـا و نێروویێکـی خـۆی بـەکار بـردووە؛ ئایـا لافـی ئـەوتۆ دوور خسـتنەوەی تـاوان و پاکانـە نییـە بـۆ بریتانەکان؟ بێ گومان لەسەر کردنەوەیانە.

=* بۆ ناسین و خوێندنـەوەی ڕەفتـاری ئـەو (نهێنـبڕە) بنـۆڕە: ڕەنگـین ـ ژ ٩٠ و ٩١ی سـاڵی ١٩٩٦ (خێروبێری ڕاپۆرت نووسێک ـ در. کەمال مەزهەر ئەحمەد)

[139]- مەبەستی هەر ڕاپەڕین و شۆڕشێکی کوردە.

- ئایا ـ خۆی گوتەنیی بۆ کۆمەڵەی گەلان ـ حوکوومەتی عارەبی عێراق ئاسوورییە چەکدارەکانی بەکار دەهێنا رووی تفەنگەکانیان بکەنە سنگی ئێمە، یا بریتانەکان (نزیکەی پەنجا هەزار ئاسووریی و ئەرمەنیان لە نێوچەکانیی ((وان)) و ((کەوکاس)) ڕاگواستەوە بۆ باکووری ئێران، ئەوجا بۆ نزیکی باژێڕی ((باقووبە))ی عێراق و ئەوجا بۆ نێوچەکانی کوردستانی باشوور) و بریتانەکان (لە شکری لیڤیی ئاسوورییان لێ پێك هێنان بۆ بەکار بردنیان لە شەڕدا بەرامبەر عارەب و کوردە میواندارەکانیان، بۆ شەڕ کردنی شۆڕشی ساڵی بیستی عارەبەکان و شۆڕشەکانی کورد بە سەر کردایێتی حەفید زادە مەحموود؟)[١٤٠] و تا ساڵی ١٩٥٥یش کەرتێکی تایبەتیی نێرووەکانی بریتانیا بوون و ئەفسەرانی بریتانیی سەرپەرشتیان بوون؟ **ئایا شاردنەوەی ئەم ڕاستییە مێژووییە لە کۆمەڵەی گەلان پەراندنەوەی تاوان نییە لە بریتانەکان؟**

- **ئایا سێ شۆڕشی گەلی کوردستانی باشوور لە نێوان ساڵانی ١٩١٩ ـ ١٩٢٧دا** ڕووبەڕووی بریتانیا و دەنگ دانەوەی داخوازیی ئەم گەلە لە کۆڕەکانی دەوڵەتاندا و **هەڵ کەوتنی (حەفید زادە مەحموود) وەك سەرکردەی ئەو گەل و شۆڕشانە**، دەبێت ئەنجامەکەی **بە ئەوە بشکێتەوە**؛ کەسێکی بێگانەی وەك (**هورمز ڕەسسام**) و هاوەڵە بریتانەکانی ـ **بە پێشنیازی ت. وەهبیی و نزیکەکانی ـ ببن بە نوێنەری کورد؟** هەورەها لە **پرێکدا خۆی بێ بە سەرکردە؟!!** ـ **ئایا میللەتێکی وەك کوردی دابەش** کراو لە نێوان هەردوو دەوڵەتی تورکیای عوسمانیی و ئێرانی قاجارییدا کە لە کۆنەوە تا ساڵی ١٨٥١ دەیان (میرنشیین)ی هەبووە و دواتریش ـ وێڕای ژێر دەستیی بێگانە کێشی گەورە و گرانی خۆی هەبووە- وەهای لێ بێ بە پێشنیازی ت. وەهبیی و نزیکەکانی مەسەلەی ئازادیی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، **هێندە پچووك بکرێتەوە بهێنە ڕیزەی ((فەلەکان))ی نیشتەنیی و هاوردە بۆ کوردستان؟**

[١٤٠]- بنۆڕە: قوت الليفی العراقية؛ ص ٢٩ ـ ٣٠ (نووسینی وەرگێڕەکە).



ئەوە نییە (پاداشت)ەکەی ناوبراو بۆ کۆمەڵەی گەلان هاودەنگی (مێجەریۆنگ Young)ی نوێنەری دەسەڵات پێ دراوەی هێزی ئینتیداب ـ بریتانیای چاودێری عێراقە کە دەبێژێت: (مەسەلەی کورد و هیی مەسیحاییێکان لە جەوهەردا یێك گیر و گرفتە!!)[١٤١] ئایا بەڕاست یێك گیر و گرفتە؟ مەگەر لەلای ئەوان.

- **ئایا ئەوە هەستی کوردایێتی ڕاست و دڵسۆزە، وێژدانێکی زیندووە کە ت. وەهبیی لە (یاداشت)ەکەیدا بۆ کۆمەڵەی گەلان (ئینکار)ی ئەو کوژتارە نارەوایەی ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠ کردووە و هەرگیز ناوی نەبردووە و باسی نەکردووە وەك خۆی ئاوەکەی نەرژت بێ و بە فەرمانی (پشکنی کارگێڕیی بریتانیی) لە سلێمانییدا و بە نێزە و مەترەلیۆزی لەشکری عارەبی عێراق خوێنی زاروك و جوانانی کورد نەرژابێ؟ ئایا خوێنی خۆی لە خوێنی ئەو شەهیدانە پاکتر و پیرۆزترە؟ ئەوانە نەتەوەپەروەر نەبوون و خۆی نەتەوەپەروەرێکی بی گەردە؟ حاشا!**

- ت. وەهبیی کە لە ١٩٣١/٤/١٩دا (یاداشت ـ عەریزە)ی دا بە کۆمەڵەی گەلان و ئەوێ دەمێ گەرمەی (چوارەم شۆڕش)ی کورد بوو، ئایا ناو نەهێنانی ئەو شۆڕشە مانای دڵسۆزییە؟ ئایا ئەو شۆڕشە، شۆڕش بوو یا هەڵپەی چەند کەسێکی ڕێگر و چەتە بوو تا فەرامۆشی بکات و خۆیشی بە (نووێنەری گەلی کورد) لە قەڵەم بدات؟ بگرە بە سەرکردە!!.

- **ڕاستییێکەی ئەوە سووك کردنی گەلی کورد و شۆڕشەکەیێتی،** بگرە تاوانە کە لە ئەو هەلەشدا **ت. وەهبیی ـ لەگەڵ یاداشتەکەی** ـ بەناوی گەلی کوردەوە برووسکەی هەناردووە بۆ نوێنەری باڵای بریتانیا لە عێراقدا، گوتوویێتی؛ ( **لە ڕێگەی بەرێزتانەوە دڵسۆزیی تایبەتیی خۆم و ئەوانەی نوێنەریانم بۆ خاوەند شکۆ مەلیك فەیسەڵ دەردەبڕم و ئارەزووی خۆم و گەلەکەم بۆ خزمەتی خاوەن شکۆ... ((دەنوێندم))**).

- ت. وەهبیی موتەسەڕڕیفی کارکەنارکراو ـ خۆی گوتەنیی ـ بە نێو مووچەوە لە بەغدادا و لە ژێر چاودێریی دەوڵەتدا بوو، چۆن ئەم هەموو

[١٤١]- بنۆڕە: سەردەمی قەڵەم و موراجەعات ـ ل ٢٦٠ (بەڵگە ٢٤).

کۆبوونەوەیەی لە ماڵی خۆی و ئوتێلەکانی بەغدادا دەکرد؟ چۆن لەگەڵ ئەو کەسە کوردانە و بێگانانەش بێ پەروا دادەنیشیت و قسە و تەگبیری دەکرد؟ چۆن بۆیی لوا بوو سەفەری دەرەوەی وڵات بکات و بهێت و بڕوات؛ بگیرێت و ئازاد بکرێت؟ ئایا پشتیوانێکی نەبوو؟

هێشتا بە ڕۆشنایی گریمانەی یێکەم قسە دەکەم و دەبێژم: ئەگەر ت. وەهبیی بە هەستی کوردایێتییەوە ـ نەك بە فیتی بێگانە ـ ڕەفتاری کردبێ و (یاداشت) یشی بە کۆمەڵەی گەلان دابێت، داخۆ کێ کەڵکی لە گشت ڕەفتارەکانی وەرگرت؛ گەلی کورد، یا بێگانە؟

بۆ وەڵامێکی پەسەند، دەبێت بش پرسم؛ ئەو جم و جووڵەی ساڵانی ١٩٣٠ ـ ١٩٣٢ای خۆی (دەستەی نیشتیمان پەروەران)ی سلێمانیی و لایێنگیرەکانیان لە کوردستاندا، وەك بە ڕواڵەت بۆ دروست بوونی (حوکوومەتێکی سەربەخۆی کورد)بوو، دەی لە نێوخۆی عێراقەوە تا کۆمەڵی گەلان، بەرۆکی کام لە ئەم دووەی گرت بوو: حوکوومەتی عارەبی عێراق؟ یا دەوڵەتی چاودێری عێراق : بریتانیا؟

ڕاستییێکەی هەموو ڕەفتارێ لە بروسکەییێکەوە تا خۆنواندن، ڕاپەڕینی ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠، تا (یاداشت) بە کۆمەڵەی گەلان، هەمووی بەرۆکی حوکوومەتی عارەبی عێراقی گرت بوو، لە نێوخۆ و دەوڵەتاندا رەفتاری ناشیرین و ڕیسوا دەکرد. پێچەوەنایش هەرگیز بانگێك، ڕەفتارێ هەڵ نەکەوت بریتانیا و دام و دەزگە و کارەبەدەستەکانی لە عێراقدا ڕیسواو تاوانبار و داخوازی کوتایی پێ هێنانی چاودێریی بکات.

بەڵکە لە بریی ئەوە، بریتانیا بە دۆست و پارێزەری مافەکانی خەڵك پێ نیشان دراوە.

ئەم بارەش بە ڕاستیی پرسیارێکی دیکە دەهورووژێنێ: ئەم ڕەفتارانە لە پێ ناوی چییدا بوون؟

بە مەزندەی من، ئەو ڕەفتارانە هەڵپەیان بوو لە دوو لاوە (کەڵکی بریتانیا) بگرن.

- بەشکو عێراق لە کۆمەڵەی گەلاندا وەرنەگیردرێت کە لە بارێکی ئەوتۆدا، بریتانیا هەتا مەودایێکی درێژتر لە ١٩٣٢، هەر چاودێری عێراق دەبێت.



- بەشکو تا ئەو ڕۆژەی ساڵی ١٩٣٢ کە عێراق دەبێتە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان ،هەموو هێز و توانایێکی، هەموو دام و دەزگەیێکی عێراق؛ بە پارلەمان و حوکوومەت و پاشایش خۆیەوە، هەموو ناچاربن گشت داخوازیییێکانی (بریتانیا) پەسەند بکەن کە لە سەرووی هەموویانەوە پەسەند کردنی (چوارەم پەیمان) و پۆپەکانییێتی. هەروەها کۆمەڵەی گەلانیش تا سەر ئێسکان باوەڕ بە پێ ویستیی و فەڕی ئەم (پەیمانە) نوێیەی نێوان بریتانیا ـ عێراق بکات.

ئەم لە یێك دانەوەیەم دەشیێ کارێك بکات، خوێندەوارێ پرسیارێکی ماقووڵ بکات ببێژێ؛ مەبەستتە گومان لە هەڵستو کەوتو ڕەفتارەکانی ت. وەهبیی بکەیت و بە کورتیی ببێژێت؛ هەموویان بە (فیتی بێگانە جووڵاونەتەوە؟).

ئەز ئاشکرا دەبێژم: قوربانیییێکانی گەل، لەخۆ نواندنەوە تا گیان فیدابوون لە ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠دا، کە ناخەکەی گیانێکی نەتەوە و نیشتیمان پەروەرانە بوو، تا دنیا دنیایە لاپەڕەیێکی شانازییە، بەڵام بە ڕاستیی ـ وەك بابەت و بەڵگەکان پێ نیشان دران ـ ئەنجامی هەموو ڕەفتار و ڕووداوەکان، تا ئەنجامی دوا ڕۆژی کارو فرمانی ت. وەهبیی لە دەوڵەتی عارەبی عێراقدا - یا خۆی گوتەنیی لە ژێر سیبەری تاجی مەلیك فەیسەلدا ـ دیارن و ئەو ڕاستییە لە بیر و هۆشدا چەسپ دەکەن کە هەمووی بە (فیتی بێگانە) بووە[١٤٢].

---

[١٤٢]- بە مەزندە نا، دڵنیا دەبێژم کە (بێگانەکە) لە لای من هەر (بریتانیا) و دامو دەزگە جۆربەجۆرەکانییێتیی لە مەملەکەتی عێراق و کوردستاندا. ڕاستە (بەڵگەنامەیێك)ی ڕاستەقینەی نووسراو، یان دەنگدار بە دەستەوە نییە کە (فەرمان) و (ئامۆژگاریی) بەرەو ڕووی فلان و فیسار کردبێ تا ئەمە و ئەوە بکەن، بەڵام شیی کردنەوەی ڕووداو و ڕەفتار و قسە و باسەکان و بەڵگەکان و ئەنجامەکە هەمووی، چەشنی بەڵگەنامەیێك دەنگیان فرە بەرزە.

وێڕا، وەك ئەز لە ئەو باسە دڵنیام، مەراقێکم لە بیر و هۆشدایە و مەبەستمە نەم مێنێ کە ئەوەیە: دەستەی (کاپیتان مایسوم کۆپ)ی بریتانیی و هاریکارەکانیان کە (لیژنەی ڕستگاریی نەتەوە گەمەکانی ناموسڵمان) پێك هێنا و (تۆفیق وەهبیی) و هاریکاریان بوون و لەگەڵیان ڕێك کەوتن، ئەو دەستەیە کە بە گوتەی مارف جیاووك، (سەر بەکۆمەڵێیێکی لۆندۆنیی بە دەسەڵاتە بوو نامەکاریی لەگەڵ پاشاو سەرەك وەزیرانی عێراق دەکات)، ئایا ئەم دەستەیە خۆیان (ماسۆنیی)* و سەر بە (کۆڕ ـ مەحفەلی ماسۆنیی) گێتیی نەبوون؟

=ئەز گومان دەکەم کە ئەوانە (ماسۆنیی) و سەر بە ئەو کۆڕە نەبووبن!!

جێگەی خۆیێتی لە ئێرەشدا ببێژم کە دۆستی نزیکی ت. وەهبیی، (در. مارف خەزنەدار)★★ هەروەها ( عیززەددیین مستەفا ڕەسووڵ و محەمەدی مەلا کەریم)★★★، (نەوشیروان مستەفا ئەمین)★★★★ هەموو پێیان گوتووم کە؛ (تۆفیق وەهبیی ماسۆنیی) بووە.

ئەوجا ئەگەر دەستەی (مایسوم کۆپ) و یارانی سەر بە ئەو (کۆڕە) بووبن، دیارە هاریکاریی و ڕێککەوتنی (تۆفیق وەهبیی)ش بەپێی هاوبیریی و ئامانجی ئەو کۆڕە بووە.

★ ماسۆنییەت Masonic کە بە ئینگلیزیی Freemasonryی پێ دەبێژرێ و مانای (بەنا ئازادەکان)ە و ڕۆشنبیرە کۆنەکانی کوردیش بە (فەرمەسۆن) یان گۆ دەکرد، ڕێك خراو یا کۆمەڵەیێك، یا کۆڕێکی برایی گێتیی‌گیرە کە لایێنگرەکانی هاوبەشن لە یێك بیر و باوەڕدا لەمەڕ ڕەووشت و میتافیزیکا ـ نهێنییەکانی ئەودیو سروشت ـ و شیی کردنەوەی گەردوون و ژیان و باوەڕ کردن بە خودایێکی خوڵقێنەر.

ئەم ڕێکخراوە ـ کۆڕە، بە نهێنیی و نا ڕۆشنیی ناسراوە، بە تایبەتیی بەهۆی دروشمەکانی دەستپێکی دروست بوونیەوە کە فرە هەواڵ و پڕۆپاگەندەی لێ کەوتەوە گۆیا؛ ئەم ڕێك خراوە زوو پەرە دەستێندێ و توانایە بگاتە نێو زۆربەی حوکوومەتە بەهێزەکانی گێتیی و جڵەوی بەڕێگەوە بردنی گێتییشی بە دەستە. لەبەر ئەوە هێندێ لایێن (ماسۆنییەت) بە دوژمنی ئایین دەزانن.

ماسۆنییەت لە ساڵی ١٧٢٣دا لە لایێن جەیمس ئەندرسۆن G. Andersonەوە دەستووری بۆ نووسراوە کە مەرجێکی ئەندام بوونی ئەوەیە؛ (کەسی ماسۆنیی، نابێت بێ باوەڕ ـ مولحید ـ یێکی گەمژە بێ). بەڵام لە ١٨٧٧دا گۆڕینێکی گرنگی بە سەردا هات کە (کۆڕی ماسۆنیی فرانسە) بڕیاری دا؛ (ژن و پیاوی بێ باوەڕ ـ مولحیدیش وەربگرێ). لقی سویسراش هەمان هەنگاوی نا.

ئەم جۆرە دابەش بوونە، جودایێکیی خستە نێوان هەردوو لقی بریتانیا و فرانسە. بەڵام لە ١٣/ ١١/ ١٨٨٩دا گەروە ماسۆنییێکی (ئەریزۆن)ی ئامریکا دەنگی کردووە گۆیا؛ ئەندام بۆیی هەیە باوەڕ بە هەر جۆرە خوڵقێنەرێکی مەزن بهێنێ و لارییش لە ئەوە نییە ئەو خوڵقێنەرە مەزنە بریتیی بێ لە بیرۆکەیێك یا لە یێك دانەوەیێکی باڵا کە مرۆڤ بۆ خۆی باوەڕی پێ هەیە!

لە بەرامبەریشدا، (کۆڕی فیقھ)ی سەر بە یێکگرتووی ئیسلامی گێتیی، بەیان نامەیێکی دەرکردووە و تێیدا (ماسۆنییەت)ی بە ڕێك خراوێکی نهێنیی و دوژمنی هەموو ئایینەکان و بە تایبەتیی ئیسلام زانیوە گۆیا ئامانجەکانی سیاسییە و دەستی لە زۆربەی هەڵ گەڕاندنەوە سەربازییێکان، سیاسییێکان و گۆڕینە ترسناکەکانی وڵاتاندا هەیە. تەنانەت بنچینەی ڕێك خستنی سەر بە جووەکانە و جم و جووڵەکانی بە سەهیۆنیزم دەزانێت.



=لەمەڕ ڕیشەی (ماسۆنییەت)یش باری سەرنجی هەمە جۆرە هەیە. دەستەیێك دەی باتە سەر (حیرام) کە گەروە ئەندازەوانی (پەریکەی سلێمان) بووە. هەیشە دەی باتەوە سەر سوارەکانی پاسەوانی پەرستگە کە لە جەنگی خاجەکاندا بەشدار بوون. دیسان هەیە دەی بەستێتەوە بە (حەکیمەکانی سەهیۆن). هەیشە دەی باتەوە سەر لایێنگرەکانی (جایمس)ی ـ گۆیا ـ برای حەزرەتی مەسیح!!

ماسۆنییەت چەند پلەیێکی داناوە بۆ ئەندام بوون. هەروەها داب و نەریتی نهێنی خۆی هەیە بۆ کۆبوونەوە و سوێند خواردن و کارکردن، تەنانەت داب و نەریتەکانی بە ترسناکیش لە قەڵەم دراوە.

ماسۆنییەت کە ژمارەی ئەندامەکانی لە ساڵی ١٩٧٨دا (٥,٩) ملیۆن بووە، لە کۆنەوە تا ئەم ڕۆگارە و لە زۆربەی وڵاتەکانی گێتییدا جم و جووڵ و چالاکیی هەیە. لە کۆنیشەوە تا ئەم ڕۆژگارە گەورە پیاوانی بەناوبانگی ئەندامی بووە. بۆ وێنە: فەرمانڕەوا کۆنەکانی بریتانیا؛ پاشا ژۆرژی شەشەم، پاشا ئەدووارد‌ی حەوتەم و هەشتەم، سەر وەزیر وینستۆن تشێرشل.

لە ئامریکاشدا؛ سەر کۆمارەکان؛ جیراڵد فورد، فرانکلین رۆز فیلت، تیۆدۆر رۆزفێلت، ژۆرژ واشنگتۆن، باب و کوڕ: ژۆرژ بووش، تەنانەت سەرۆك ئۆباماش.

- لە کانداشدا؛ کۆنە سەروەزیرانی پێشوو؛ رۆبێرت بۆردن و جۆن ماکدۆناڵد.

لە ناسراوەکانی خۆرهەڵاتیشدا؛ جەمالەددینی ئەفگانیی، کەمال ئەتاتورك، پاشا حسێن پاشای ئوردن، هەروەها عەدبدولقادری جەزائیری.

دیسان ئەم هونەرمەند و شاعیر و نووسەرانەش ماسۆنیی بوون یا. ماسۆنین؛ موتسارتی مووسیقەزانی کلاسیك، مارك توین، ئارثەر دویل، ئالێکساندەر پوشکین، ڤۆلتێر، ئۆسکار وایلد، بۆب هوب، سیمۆن بولیڤار، مادۆنای ستڕابنێژ، ئیبراهیم یازەجیی شاعیری لوبنان.

وەك دەبینم تانها لێ کۆڵەکانی کورد لە باری تێکەڵیی ماسۆنیزم و ناسینەوەی کوردە ماسۆنییێکان هوردنەبوونەتەوە و لێیان نەنووسیوە، ئەز سێ کەسیانم ناسیوەتەوە؛ تۆفیق وەهبیی، محەممەد علیی سایب (کوڕی جەمیل سایب)، بەهاددین نووریی کۆنە موتەسەڕڕیفی سلێمانیی (وەرگێڕی گەشتەکەی مستەر ڕیچ بۆ عارەبیی). (بەکورتیی کەڵك لە: ((ویکیپیدیا ـ الموسوعة الحرة)) وەرگیراوە).

★★ دەیان جار در. مارف ئەو باسەی بۆ کردووم کە چەند جارێك ت. وەهبیی دیتووە بە (بوخچەیێکەوە) و پێی گوتووە: (دەڕوات بۆ کۆبوونەوە).

★★★ دوای چلەی مردنی ت. وەهبیی کە لە سلێمانییدا بۆ حورمەتی کۆڕی بۆ گیرا، هەروەها دوای بڵاوبوونەوەی لێ کۆڵینەوەکەم (توفیق وەهبیی کوڕی پیرەمەگروون)، ئێوارەیێك لە



کوردیکا @kurdica

**ئەوەتە:**

١- پیرەمێردی ڕۆژنامەوان (شێپەرد)ی پشکنی پۆلیس تاوانبار دەکات کە خەڵکی فریو داوە. لە ئەوانەیشە ناسراوەکانی سلێمانیی ناو (دەستەی نیشتیمان پەروەران)ی کۆبێتەوە و بە شێوەیێك هانی دابن، وەك بروسکە هەناردن، بێزاریی نواندن، خۆ نواندنێکی بێ پشێویی بکەن.

٢- پشکنی کارگێڕییش لە سلێمانییدا (ئالبان) ئەویش بە مارف جیاووکی گوتووە؛ (کل شیءداخل القانون زین و خارج القانوون موزین ـ هەموو تشتێ لە چێوەی قانووندا باشە و پێچەوانەیشی خراپە). ئەم گفتارەش هەمان مانای پێشووی هەیە.

٣- مێجەر یۆنگ لە کۆبوونەوەکەی ١٩٣٠/٨/١٠ی سلێمانییدا بەرامبەر قسەیێکی ڕەمزیی فەتاح گوتوویێتیی: (کە وەهابوو لازمە هەموو لایێك مەتالیبی خۆیان بە سەراحەت و بە تەفسیل بۆ عوسبەتول ئومەم بەیان بکەن. کوردەکان چ جۆرە حوکوومەتێکیان دەوێ، مەلیکیی یا جەمهووریی؟ پارلەمان، ڕەئیسی وزەرا و مەجلیسی وزەرایان دەبێ یانا؟ ئایا حوکوومەتی و گومرگ و مەکووس، ئەشغالی عاممە، پۆلیس، سیحە و عەسکەرییان ببێ؟ ئایا موناسەبات و عەلائیقی حوکوومەتەکە وەها تەشکیل دەکرێ چیی دەبێ لەگەڵ بریتانیا؟)[١٤٣].

٤- یووسف مەلەکی ئاسووریی — نەستووریی، لە گوتاری عارەبیی خۆیدا بە ئاشکرا نووسیویێتی: (ئینگلیز لەساڵی ١٩٣٠وە دەرگەی باسی کەماییەتییێکانی کردووەتەوە و هانی داون موراجەعەتی کۆمەڵەی گەلان بکەن)[١٤٤] کە بێ گومان مەبەستی لە کورد و ئاسوورییێکانە و خۆیان و ت. وەهبییش ڕێك کەوتن و هەردوولایان (یاداشت ـ عەریزە)یان دا بەکۆمەڵەی گەلان.

٥- دامو دەزگەی نوێنەری باڵای بریتانیا ـ چاودێری عێراق، هەموو برووسکە و یاداشتێکی ناڕازییێکانی حوکوومەتی عارەبی عێراقی گەهاندووتە کۆمەڵەی گەلان، بەڵام لاییێنگیریی بۆ بەرەی ت. وەهبیی ئاشکرایە، چونکە (عەریزەی غەیری ئەوان)ی لەلای کۆمەڵەی گەلان بە پووچ ژماردووە. بۆ وێنە:

١/٥- عەریزەی جەعفەر سوڵتان فەرامۆش کراوە گۆیا ئەو (ڕەعییەتێکی ئێران)ە.[١٤٥]

٢/٥- عەریزەی ئەوڕەحمان ئاغای پشدەریی و ژمارەیێکی دیکەی ناسراوان کە شکاتیان لە (بەد ڕەفتاریی حوکوومەتی عێراق و حوکوومەتی بریتانیا بەرامبەر کورد) کردووە، دیسان پەسەند نەکراوە و پووچ تەماشاکراوە گۆیا (ئەم عەریزەیە سەر بە جم و جووڵی ـ حەفید زادە/ k ـ شێخ مەحموود)ە.[١٤٦]

٦- وەك باسەکان بەسەر چوون و خرانە ڕوو، ت. وەهبیی و نزیکەکانی، هەروەها دەستەی ئاسوورییە نەستوورییێکان تا بریتانەکان کە بە پیلان کردن لە سلامەتیی دەوڵەت تاوانبار کرابوون، نەدراون بە دادگەو سزایش نەدراون، بەڵکە نوێنەری باڵای بریتانیا تاسەر بەرگریی لێ کردوون[١٤٧].

کەواتە کاکڵەی خوێندەوەم بۆ ئەم بابەتە ئەوەیە؛ وەك لێ کۆڵێکی کورد ببێژم: ڕەفتارەکانی تۆفیق وەهبیی و نزیکەکانی ـ نەك گشت ئەندامەکانی دەستەی نیشتیمان پەروەران ـ کە بە ناوی گەلی کورد و مافەکاتیەوە خۆیان کردبوو بە نوێنەری، بە هەرشێوەیێ سا بە ئاماژەیێکی لاوەکیانە یا بە ئامۆژگاریی ڕێك خراوێکی بریتانیی بووبێ، جووڵاونەتەوە و هەڵ سووڕاون و دام و دەزگەی نوێنەری باڵای بریتانیاش لە عێراقدا پشتیوانیان بوون.

دەی کێ قازانجی کرد؛ گەلی کورد یا بێگانە؟.

---

=بەردەمی کتێبخانە سلێمانیی، هەردووکیان (ڕەخنەیان لێ گرتم کە بۆچیی ئەوهام لێ نووسیوە کە ماسۆنییە).

★★★★ شەوی ٢٠٠٩/١٢/٣ لە دیدەنیم و قسە و باسماندا لەمەر ت. وەهبیی ئەوهەی بۆ گێڕامەوە.

(١٤٣) - بنۆڕە: ژیان ـ ژ ٢٤٥.

(١٤٤)- بنۆڕە: سەردەمی قەڵەم و موراجەعات ـ ل ٢٧٢ (وەرگیراوە لە ڕۆژنامەی: الاحرار ـ ١٩٣٢/٨/١٦).

(١٤٥)- هەمان سەرچاوە ـ ل ٢٦٩ ـ ٢٧٠.

(١٤٦) = = ـ ل ٢٧١ ـ ٢٧٢.

(١٤٧) لە ڕابوردوودا ڕاستییێکان خرانە ڕوو.

بێ درێژدادڕیی، بێ هیچ گومانێك، وەك ئەنجامەکانیش زیندوون، **(گەلی کورد) هەرگیز لە ڕەفتارەکانی ساڵانی ١٩٣٠ ـ ١٩٣٢ی تۆفیق وەهبیی و نزیکەکانی، قازانجی نەکرد، بەڵکە براوە و قازانجکەر بریتانیاو عێراقی عارەبی دیجلە و فورات بوون!**

- ٥ -

لە کۆتایی ساڵی ١٩٣٢ەوە کە لە لوبنانەوە گەڕایەوە بۆ عێراق ـ خۆی گوتەنیی لە گوتوبێژەکەیدا ـ بێ کارە، دەست کورت لە بەغدادا ژیاوە.

ئەم بارەی تا قەومانی یاخیی بوونە سەربازییێکەی بەکر سدقیی لە ١٩٣٦/١٠/٢٩دا، ئەوجا پێك هاتنی حوکوومەتێکی نوێ و لایێنگیری؛ حوکوومەتی حیکمەت سلێمانی سەرووەزیران، درێژەی کێشاوە[١٤٨].

بە ڕۆشنایی گوتوبێژەکەی، دیارە بە ڕاسپاردەی بەکر سدقیی خۆی لە یێکەم مانگی ساڵی ١٩٣٧دا کراوە بە ڕێبەری گشتیی ئەشغاڵ.

[١٤٨]- ئەز بە ڕۆشنایی گوتوبێژەکەی خۆی قسەم لە بێ کاریی کردووە. لە ئێرەشدا ـ وێڕای ئەو قسانەی خۆی ـ لە ئەو هەلانەدا کە گۆیا بێ کارەو لە تەنگانەدا بووە، ئەوە :

١- ساڵی ١٩٣٣ کە بەشداری ئاهەنگی ژن خوازیینی برای جەمال بابان بووە و لە ئەوێدا سەرووەزیران جەمیل مەدفەعیی دیتووە. هەڵبەت دیارە کە وێڕای بارگرانیی، تێکەڵی کۆڕ و ئاهەنگەکانی گەورە پیاوانی دەوڵەت بووە.

٢- ئەو کە دەبێژێت تا هەڵ کەوتنی ڕۆژگاری بەکر سدقیی لە تەنگانەداو بێ کارە بووە، ئەوە هەواڵێکی گرنگ هەیە کە پێش ساڵانی ١٩٣٦ — ١٩٣٧ و دانانی بە ڕێبەری گشتیی ئەشغاڵ (تێکەڵی جم و جووڵێك) بووە کە خزمەتی بە دەمەوە هەبووە. ئەز چەندم کرد لە سەرچاوەیێکدا شێوەی ئەو جم و جووڵ و خزمەتە — سیاسیی یا حوکوومەتیی بووە؟! — بناسمەوە، سەری نەگرت. پیرەمێردی ڕۆژنامەوان لە (ژیان)دا هەواڵی ئەو جم و جووڵەی ڕێکەوتی مانگی تەمووزی ١٩٣٥ی بە ئەم شێوەیە ڕاگەهاندووە: =(تۆفیق وەهبیی بەگی موتەسەڕڕیفی پێشووی خۆمان، بیستمان بۆ ((خدمەتێك))ی باش نێردراوە. مەملەکەتەکەمان سەراپا پێی خۆشە و سوپاسی دیوانی ڕەهبەریی ئەو کەسە دەکات کە بە حیسسێکی ویجدانیی و ئینسانییەوە ئەم کوڕە قیمەتدارەی وڵاتەکەمانی لە گێژاوی ناهەق و ناڕەوا دەرهانیی/ تەواو)★

★ بنۆڕە: ژیان ـ س ١٠، ژ ٤٤٧، شەممە ١٩٣٥/٧/٧.



لە دەستپێکی ئەو بارە نوییێیەی بەسەر عێراقدا هات، بە ناوی (الجمعية الكردية الاصلاحية/ ئەلجەمعیە ئەلکوردییە ئەلیسلاحییە ـ کۆمەڵەی چاکسازیی کوردی)یەوە[١٤٩]، نامەی هەڕەشە ئامێز بۆ کەسانی ناسراوی وڵاتەکە ڕەوانە کراوە، گۆیا لە مەودای هێندە ڕۆژدا ئەگەر وڵات چۆڵ نەکات بەشی کوژتنە.

ئەم بابەتە دڵەڕاوکێ و ترسی لێ کەوتووەتەوە و پەنجەی گومانیش بۆ کوردەکان درێژ کراوە کە لەنێو هەموویاندا تەنها ت. **وەهبیی دەنگی کردووە.** ئەو لە ڕۆژنامەی عارەبیی (البلاد/ ئەلبیلاد)ی بەغدادیدا، بەیاننامەیێکی وەشاندووە و لە دوو توێیدا بێ ئاگەهیی و بێزاریی کوردانی لە ئەم کۆمەڵە نهێنییە ـ خۆی گوتەنیی ـ خەیاڵییە دەربڕیوە و جەختی کردووە کە خۆی و برادەرەکانی تەنها تاکە تشتێ **دەزانن کە ئەوەیە" (هەموو عێراقیین، جودایی لە نێوان عارەب و کورد، موسڵمان و فەلەو ئیسرائیلییدا**[١٥٠] **نییە. هەر بژی عێراق وەك وڵاتی میللەتێکی کۆك لەژێر سێبەری پاشای سەروەر غازیی یێکەمدا، خودا بۆ هەتا هەتا پشتیوانی عەرشی بێ)**[١٥١].

ئەگەر ڕواڵەتی ئەم پاکانەیە بۆ نواندنی بێ بەریی بوونی خۆی بێ لە ئەم کۆمەڵە تۆقێنەرە، ئەوە لەلای من هێندێ مانای تایبەتیشی هەیە:

- وەزارەتەکەی حیکمەت سلێمان لە ١٩٣٦/١٠/٣٠دا پێك هات و بڵاوکردنەوەی بەیاننامەکەی ت. وەهبییش لە ١٩٣٦/١١/٨دا بووە. بێ گومان ئەم نزیکاتیە ڕێکەوت نییە و دیارە بەیان نامەکەیەوە ـ با هاوەڵی بەکر سدقییش بوو بێ ـ لەلای

[١٤٩]- ناو و باسی ئەم کۆمەڵە نهێنییە لە چ سەرچاوەیێکی مێژووی سیاسیی کۆمەڵە و پارتەکانی کورددا نەهاتووە. هەرچەندە هەڵ کەوتنەکەیشی بۆ ناو زڕاندنی یاخیی بوونەکەی بەکر سدقیی و حوکوومەتە لایێنگیرەکەییێتی و لە ئەوانەی عارەبە نەیارەکانی بەکر سدقیی و کورد، دەستیان لە ئەم بابەتەدا هەبووبێ، بەڵام ئەز سەرم سوڕ دەخوات کە بۆچیی ـ لەنێو هەموو کوردانیدا ـ هەر ت. وەهبیی دەنگی لێ هاتووە!

بە مەزندەی من ـ ئەگەر کەسێ گومان لە خۆی نەکات ـ لە ئەوانەیە مەڵامەتەکە ئەوە بووبێ کە ڕوونم کردووەتەوە.

[١٥٠] لە بریی بەکار بردنی ((جوو)) خۆی ئەوهەی نووسیوە.

[١٥١] بنۆڕە: ڕۆژنامەی عارەبیی: البلاد ـ ع ٧١٧، ١١/٨/ ١٩٣٦، وەرگیراو لە: تاریخ الوزارات العراقية ـ ط ٦، ج ٤، ص ٢٥٤ ـ ٢٥٥.

دەستە و دایێرە نوێکە خۆی بردووەتە پێشەوە، بە تایبەتیی کە بەیاننامەکە توند سەرکۆنەی وەزارەتی پێشووی کردووە، ئەو وەزارەتەی کە تەواو فەرامۆشی کردبوو[١٥٢].

- سەرلەنوێ بەڵێنەکەی ـ نێرو یاداشتەکەی ١٩٣١/٤/١٩ ـ بۆ عەرشی عێراقیی دووبارە کردووەتەوە و جەختی هێناوە کە هەمیشە دڵسۆزییێتی. دیسان ئەو دەنگ و ئاوازە گرەیشی ڕیسوا کردووە کە هەڵ کەوت بوو گۆیا؛ ت. وەهبیی هاریکاری نزیکی بەکر سدقییە بۆ پیلانی خراپ، بەتایبەتیی بۆ بەکار بردنی توند و تیژیی لە وڵاتەکەدا[١٥٣].

بەکر سدقیی لە ٨/١١دا کوژراو وەزارەتەکەی حیکمەت سلێمانیش لە ١٩٣٧/٨/١٧دا ڕما، بەڵام ت. وەهبیی هەر لە کارو فرمانەکەیدا ماوەتەوە و چ ڕەفتارێکی سیاسیی لێ نەوەشاوەتەوە[١٥٤]. بە ئەو شێوەش ماوەتەوە تا لەسەرەتای ساڵی ١٩٣٨دا خراوەتە سەر فرمانێکی نوێ کە تا ساڵی ١٩٤١ ڕێبەری گشتیی زەویی پێوان بووە.

هوردکردنەوەی ڕووداوەکانی وڵات و گێتیی و هەروەها هێندی ڕەفتار و کردەوەی دیاری ت. وەهبیی، ئەوەمان دەخەنە دڵەوە کە ناوبراو لەگەڵ قەومانی دووەم جەنگی گێتیی (١٩٣٩/٩/٣) تێکەڵی سیاسەت و پێوەندییشی لەگەڵ بریتانەکان چڕ بووەتەوە.

نیشانەی هەرە گرنگی ئەو تێکەڵیی و پێوەندییە، هاتنە پێشەوەی گەرمییێتیی لە هەڵمەتی پرۆپاگەندەی بریتانیی ڕوو بە ڕووی پرۆپاگەندە و ڕاگەهاندنەکانی نازییێکانی هەڵ گیرسێندی دووەم جەنگی گێتیی.

(١٥٢) بە ڕۆشنایی گوتوبێژەکەی، خۆبردنە پێشەوەی لە ڕووی ناچارییەوە بووە، چونکە باری گوزەرانی تاڵ و خۆیشی تەواو فەرامۆش کراو بووە.

(١٥٣)- جێگەی باسە، سەرانی بە دەسەڵاتی دەست و دایێرەی پێشوو وەك یاسین هاشمیی، نووریی سەعید، لە ترسی بەکر سدقیی ـ بە هاریکاریی بریتانەکان ـ بە فرۆکە هەڕایان کرد بۆ ئینگلتەڕا.

(١٥٤)- ت. وەهبیی لەلای م. ر. هاوار گوتوویێتی: دوای کوژتنی بەکر سدقیی زۆر ـ تەزییق کرام ـ تەنگیان پێ هەڵ چنیم و ناڕەحەتیان کردم چونکە بە دۆست و ڕەفیقی ئەوانیان دانا بووم★

★ بنۆڕە: لەگەڵ مامۆستا تۆفیق وەهبیی ـ ل ٤١.



مەڵبەندی پرۆپاگەندەی بریتانیا لە نێوەڕاستی خۆرهەڵاتدا، بەغداد بوو کە باڵێۆزخانەکەی، بە سەرپەرشتی سەی، جەی، ئەدمۆندز Edmondz جێبەجێ دەکرد.

ئەدمۆندز Edmondz؛ ئەفسەری سیاسیی بریتانیا لە عێراق دوای یێکەم جەنگی گێتییەوە، هەنگی لەنێوان ساڵانی ١٩٣٩ ـ ١٩٤٥دا (ڕاوێژکار)ی وەزارەتی نێوخۆی عێراق و بە دەسەڵات و دۆستی نزیکی ت. وەهبییش بوو. بۆیێکا ـ بە مەزندەی من ـ ئەگەر کردنەوەی (بەشی کوردیی ڕادیۆی بەغداد: ١٩٣٩/١١/١٩) پێشنیازی ت. وەهبیی و محەممەد ئەمین زەکیی بووبێ بۆ ئەدموندز و ئەویش بۆ حوکوومەتی عێراق، ئەوە کردنەوەی رادیۆ کوردییێکانی دیکە لە یافادا (ڕادیۆی کوردستان: ١٩٤٢ ـ ١٩٤٥)، (ڕادیۆی کوردیی لوبنان) بەسەرپەرشتی کامەران بەدرخان[١٥٥]، دیسان بە هاریکاریی ت. وەهبیی بووە. لە ئەوەش پتر ـ کە بریتانەکان هێوریی نێوەڕاستی خۆر هەڵات و بە تایبەتیش عێراق و کوردستانیان فرە مەبەست بووە ـ ت. وەهبیی لە دەستپێك و گەرمەی جەنگەکەدا، خۆی سەرپەرشتی وەرگێڕاندنی «دەنگ و باسەکان»ی ڕادیۆ کوردییێکەی بەغداد بووە، وێڕای ئەم لایێنە، بەڵگەی بەهێزتر و بەنرختری ئەو تێکەڵیی و پێوەندییە چڕەی ئەوەیە گۆیا لە «خۆڕا»وە و بە زمانی کوردیی کەوتووەتە بەرهەڵستی بەرەی نازییێکان و پەخش نامەی کوردیی بەناوی (بەیانی حەقیقەت ـ ١٩٤١)ەوە چاپ کردووە[١٥٦].

ئەم باسە گرنگە کە دەرگەیێکی گەورەتری لێ کردووەتەوە، خۆی بە ئەم شێوەیە قسەی لێ دەکات: (ئینگلیزەکان ئەمەیان فرە پێ خۆش بوو. پێیان گوتم: بۆچیی ئەم نەشرەیە ناکەیت بە گۆڤارێکی ڕێك و پێك؟ منیش پرسیم: ئایا

(١٥٥)- ت. وەهبیی کە لەمەڕ دوورخستنەوەکەی ساڵی ١٩٣١ ـ ١٩٣٢ بۆ بەیرووت قسەی کردووە و گۆیا هەشت مانگی خایاندووە؛ باسی ئەوەی کردووە کە لە ئەوێدا (کامەران بەدرخان و جەلادەتی برای ناسیوە).★

★ بنۆڕە لەگەڵ مامۆستا تۆفیق وەهبیی ـ ل ٤١ و ٤٥.

(١٥٦)- بنۆڕە: بەڵگەکان (وێنەی: بەیانی حەقیقەت ـ ١٩٤١).

حوكوومەتی عێراق ڕێگەم دەدات[157] لە ئەو مەجەللەیەدا هەرچیم بوێ لەمەڕ مێژوو، ئەدەب، زمانی كوردیی بڵاوی بكەمەوە؟ گوتیان: چ دەنووسیت بنووسە. ئەزیش دەستم كرد بە دەرهێنانی ((دەنگی گێتیی تازە)) كە حسین حوزنیی موكریانییش بە مانگانە كاری تێدا دەكرد)[158].

بە ئەو شێوەیە لە ئەو ڕۆژگارانەدا، گۆڤاری (دەنگی گێتیی تازە: نیسان ١٩٤٣ ١٩٤٥)ی دەرهێنا كە پتر لە هەر تشتێكی دیكە گۆڤارێكی هەوال بەخشی

[157]- بێ گومان (دەنگی گێتیی تازە) بەپێی قانوونی چاك كردنی قانوونی چاپەمەنیی ژمارە: ٣٣ی ساڵی ١٩٣٤ دەرچووە كە ڕێگە دەدات دەستەیێكی بێگانە ـ باڵیۆزخانەیێ ـ چاپەمەنیی بەپێی مەرجەكانی قانوونەكە، بڵاوبكاتەوە. یێكێ لە مەرجەكانیش ئاشنا كردنی خاوەند ئیمتیاز و دەستەی نووسەرانە.

ئەگەر سەرنجی گۆڤارەكە بدرێ، تەنها خاوەندی گۆڤارەكە دیارە كە بە ئەم شێوە دەركەوتووە: (كۆوارێكی مانگانەیە لە لایەن بەشی پەیوەندیی گشتییەوە لە باڵیۆزخانەی بریتانیا لە بەغدادا دەر دەهێنرێ).دیارە باڵیۆزخانەكە بەشێوەیێكی تایبەتیی و لە لای وەزارەتی نێوخۆی عێراق ئیجازەی گۆڤارەكەی وەرگرتووە؟!

جێگەی باسە، گۆڤارەكە لە سەرەتادا ـ لە نیسانی ١٩٤٣دا ـ وەك پەخشنامە دەرچووە، دوایی لە تەشرینی یێكەمی هەمان ساڵدا ئەم شێوە گۆڤارەی وەرگرتووە: (بەرگ، ژ ١، تەشرینی یێكەم ١٩٤٣).

هەر لە ئەو ژمارەیەدا (ئامانج)ی ڕوون كراوەتەوە كە ئەمەی :( ئامانجی دەنگی گێتیی تازە، بڵاو كردنەوەی ئاگەهی ڕاستە لە بارەی هەموو كردار و قەوماوێكی ئەم جەنگە گێتیی گرەوە.ئەم كۆوارە ـ گۆڤارە/k ـ زانیار بڵاودەكاتەوە لەبارەی ئەو كۆششە جەنگییە مەزنە بێ مانەندانەوە كە نەتەوە دیموكراتیییێكان دەی كەن بۆ بردنەوەی پیرۆزیی، وە بۆ مرۆڤ ڕوون دەكاتەوە لە بارەی ئەو ئامانجە پاكە گەورانەوە كە نەتەوە دیموكراتیییێكان بۆی تێ دەكۆشن كە وەك ئازادیی و بەختیاریی و خوێندەواریی مەردومە.

ئەم كۆوارە بەشی لاپەڕەكانی تەرخان دەكات بۆ زانیاری دیریك و یاسا، وە بۆ پەندی پێشینان، شیعر ئەدەبییات، داستان، ستڕان، چیرۆك و گۆرانیی كە تێ دەكۆشێ بۆ بەرۆكردنەوەی ژیانی كۆمەلایێتی و شارستانێتیی وە زانیارییش بڵاو دەكاتەوە بۆ چاك كردنی تەندروستیی و كەشتوكاڵ و ئابووریی و بازرگانیی) تەواو.

[158]- بنۆڕە: لەگەڵ مامۆستا تۆفیق وەهبیی ـ ل ٤٢.



پڕۆپاگەندەیی بوو بۆ وەشاندنی هەواڵەكانی جەنگ و ڕیسواكردنی بەرەی نازیییێكان.

ئەز لە ئێرەدا دڵنیا دەبێژم؛ بەهۆی ڕوو لێ نانی كەسی ت. وەهبییەوە، هێندێ كەس ناچار بوون شیعر و میعری[159] پڕۆپاگەندیی بنووسن و بڵاوی بكەنەوە وەك هی ئەحمەد شوكریی، پیرەمێرد، مەلاحەسەنی مەلا قادری بیارەیی، زێوەری شاعیر، میرزا مارف، گیوی موكریانیی[160].

[159]- مەبەستم لە میعر؛ هۆنینەوەیێكی كە پێچەوانەی شیعرە.

[160]- بۆ وێنە:

- ئەحمەد شوكریی دەبێژێت:*

نزیكە هۆزی هاوپەیمانی ئازا
كە بگرن پایتەختی نازیی زوو بە زوو
دەسا (شكری) خواكەن برا گەل
كە ((جەرمەن)) تێ شكاو وا دەربەدەر بوو.. هتد

دیسان دەبێژێت:*

تەواویی كەوتە دەر سەركەوتنی تیرەی بەریتانیی
شكستی خستە نازیی، هەربژی بەریتانیی

پیرەمێرد دەبێژێت***

كەرەمی خوابوو و كەرامەتی من
كەوا بە ناچاریی تەسلیم بوو دوژمن
ئەم نەسرە ڕۆحە بۆ ئەم دنیایە
دیارە پێشڕەویان بریتانیایە

مەلا حەسەن دەبێژێت:****

ساڵی چوار و سێ، بەیانیی بیست و پێنجی مانگی حەوت
هاتە گوێم دەنگێ، بەجارێ ئێش و ئازارم سرەوت
دەنگی چیی؟ دەنگی شكانی هیتلەر و هیتلەرەكان
وا هەموو بۆ پاشەوە كەوتوونە لۆقە و گورگە ڕەوت... هتد

هەروەها دەبێژێت:*****

ئە ل م بنۆڕە سەر لەوحەی نیشانەی ناوی ئەڵەمانە
دوو حەرفی (ب) و (ر)یش تورەی سەری ناوی بەریتانە

= **حرووفی پێشەوەی ئەلەمان نیشانەی ئێش و ئازارن**
**گەواهن حەرفەکانی ئەم کە خاوەن بیرڕ و ئیحسانە... هتد**

زیوەری شاعیر ستڕانێکی گوتووە و تێیدا دەبێژێت.★★★★★★

**لە مەکتەبی خۆی چەرچیل**
**بۆ حیفزی وادیی نیل**
**پیلانی ڕێك خست وەك فیل**
**ناردنی سوپای عیزرائیل**
**هەربژی سوپای هەشتەم**
**هەر یێکێکی وەك ڕۆستەم... هتد**

میرزا مارف دەبێژێت:★★★★★★★

**ئەی شەڕ هەڵ گیرسێن، هیتلەری نازیی**
**خۆزگە دەم زانیی بە چیت دەنازیی؟**
**بە گەنج و لاو و کیژانی بەرلین؟**
**بە پیشەساز و پیاوی دەس ڕەنگین؟**
**بە فرۆکە و تۆپ و تفەنگ و شەست تیر؛**
**بە لۆریی و مۆتۆڕ و تانکی قەڵاگیر؟**
**ئەمانە بوو وا تۆی شێت و هارکرد**
**خوێنی جیهانی لەسەر تۆ بارکرد**
**دەك خوا هیتلەر هەر کوێرۆکەڕ بێ**
**لە چاکە بێ بەش، هاوملی شەڕ بێ... هتد.**

گیوی موکریانیی دەبێژێت:★★★★★★★★

**ماڵی سوێن خواران هەزار جار ئاوا**
**وادەی بەختیاریی بە هەر گەل داوە**
**نازیی لە ژیانی خۆی خێر نەبینێ**
**سەر بەستیی بەکەس ڕەوانابینێ**
**ساڵ دەبەینە سەر بەخۆشیی و شادیی**
**((هیتلەر)) قڕانە و ڕەنجی بە بادیی.. هتد**

★ بنۆڕە: دەنگی گێتیی تازە ـ ب ٢، ژ ٢، تەشرینی دووەم ١٩٤٣، ل ٣١.

★★ بنۆڕە: = = = ـ ب ٣، ژ ١، کانوونی یێکەم ١٩٤٣.

★★★ بنۆڕە: = = = ـ ب ١، ژ ١، تەشرینیی یێکەم ١٩٤٣، ل ٢٤.



ت. وەهبیی ـ خۆی گوتەنیی ـ بۆ لە دەست نەدانی مووچەی خانەنشینی سوپا دیارە مووچەیێکی چاك بووە ـ دەستی لە ڕێبەریی گشتیی زەویی پێوان هەڵ گرتووە. ئەم کردەوەیەیشی پێش دەرکردنی گۆڤاری (دەنگی گێتیی تازە) بووە کە هەنگی دەستی کردووە بە قۆنتەرات گرتن و باری گوزەرانیشی چاکتر بووە بەرادەییێك لە بەغدادا خانووی دروست کردووە[١٦١]. لە لایێکی دیکەوە لەگەڵ دەرکردنی گۆڤارەکەش باری تێکەڵیی سیاسییشی فرە گەشەی دەرکردووە و بۆیی لواوە لە بریی نوێنەرێکی مووسڵ ـ دەست هەڵ گرتوو لە پارلەمانی عێراق ـ بۆ یێکەمین جار لە ژینی خۆیدا، لە ١٩٤٤/١/٢دا ببێ بە ئەندام پارلەمان[١٦٢]. ڕێکەوتەکەش وەها بووە ئەوێ ڕۆژێ دووەم شۆڕشی بارزان قەوماوە. دیسان هەر لە ئەو ڕێکەوتەدا بۆ یێکەمین جار لە ژینی خۆیدا، بووە بە وەزیری ئابووریی. ئەو هەلە ـ لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٥دا کە شۆڕشی بارزان گەرم بوو ـ وەزارەتەکەی حەمدیی پاچەچیی سەر وەزیران بڕیاری دا سوپاو ماکینەی شەڕ بەگەڕ بخات و لە ١٩٤٥/٨/٨شدا ((بارزان))ی لانەی شۆڕش داگیرکرا، ت. وەهبیی هەر لەسەر کورسیی وەزارەتەکەیدا بوو. تەنانەت کە لە ١٩٤٧/٣/٢٩ و وەزارەتەکەی ساڵح جەبردا بوو بە وەزیری مەعاریف ـ زانستیی و ئەوێ ڕۆژێ پەیمانی نەگریسی

=★★★★ بنۆڕە: = = = - ب ١، ژ١، = = ١٩٤٣، ل ٩.

★★★★★ بنۆڕە: = = = ـ ب ١، ژ ٦، مارت ١٩٤٤، ل ١٤.

★★★★★★ بنۆڕە: = = = ـ ب ١، ژ ٢، تەشرینی دووەم ١٩٤٣، ل ٤٣.

★★★★★★★: بنۆڕە: = = =- ب ١، ژ ٣، کانوونی یێکەم ١٩٤٣، ل ٢٣.

★★★★★★★★: بنۆڕە: = = = ـ ب ١، ژ ٤، کانوونی دووەم ١٩٤٤، ل ١٢.

(١٦١)- بنۆڕە: لەگەڵ مامۆستا تۆفیق وەهبیی- ل ٤٢.(جێکەی باسە کۆنە ئەفسەری عوسمانیی — عێراقیی ڕەشید شەوقیی لە یاداشتی خۆیدا باسی ئەو خانوو کردنەی تۆفیق وەهبیی کردووە گۆیا " ماڵی تۆفیق وەهبیی لە محەللەی وەزیرییە- بەغدادا- تازە دروستی کردووەو قەسرێکی زۆر فەخمە بە سایەی ئینگلیزەکانەوە !"/ بنۆڕە: بەسەرهاتی کاکە ڕەشید شەوقیی- ل ٣٩٧).

(١٦٢)- بوونی بە ئەندام پارلەمان، دیارە بەپێی ناو هەڵ دان و پەسەندی بە دەسەڵاتێکی باڵای دەوڵەت یا لایێنیکی کاریگەر بووە نەك بەپێی هەڵ بژاردن. لە لایێکی دیکەوە ـ ئەمەش بەڵگەیێکی دیکەی بەهێزبوونی پێگەیتی ـ چاوپۆشیی لە ئەو گرێ قانوونییەش کراوە ـ ئەگەر پێی زاندرابێ ـ کە ئەوێکی ئەندام پارلەمان گۆڤارێکی سەر بە باڵیۆزخانەیێك دەردەکات و تا نیوەی ساڵی ١٩٤٥ و کۆتایی جەنگ هەر بە دەستیەوە بوو.



کوردیکا @kurdica

بریتانیا ـ عیراق، ناسراو بە (پۆرت سمۆت: ١٥/١/ ١٩٤٨) مۆرکرا، ت. وەهبیی پێچەوانەی هێندێ وەزیر و کۆمەڵێ ئەندام پارلەمانی نارەزا، گەرم و گوڕ هاودەنگی پەیمانەکە بوو. لە ئەوەش پتر هەر ئەوێ ڕۆژێ کە ـ وەزیری مەعاریف بوو ـ چوار ئەفسەرە شۆڕشگێڕ و گیانفیداکانی کوردستان[١٦٣] لە ١٩ی حوزەیرانی ١٩٤٧دا کران بە گوریسی سێدارەی حوکوومەتی عارەبی عێراقەوە، ت. وەهبیی لەسەر کورسییێکەی هەر نەهاتە خوارەوە.

**تێکەڵیی و دڵسۆزیی ت. وەهبیی (بۆ عەرشی عیراقی عارەب)، تەنانەت بۆ تاجی بریتانییش هێندە بەهیز بووە، لەلاییکەوە بە فەرمانی پاشای عێراق لە ١٩٤٨/٩/٢٧دا بۆ یێکەمین جاری، کراوە بە (ئەندامی ئەنجوومەنی پیران)[١٦٤] لە لاییکی دیکەوە و هەر دوای سالێك (١٩٤٩)، حوکوومەتی بریتانیا (نیشانی نایابی ئیمپراتۆری بریتانیا)ی خەلات کردووە و پاشای عێراقیش دەمو دەست فەرمانی داوە کە بۆیی هەیە هەڵی بگرێت.**

ڕاستییێکەی ئەمە یێك کوردێکی کاربەدەست[١٦٥] لە لاییێن بریتانیاوە نیشانێکی لە ئەو جۆرەی خەلات بکرێت کە بێ گومان مانای تایبەیتی هەیە کە ئەوەیە؛ کەسەکە بە کەڵکی بریتانەکان هاتووە.

ئیدی ڕوونە کە **ت. وەهبیی ـ نەتەوە پەروەری سەرکردە!! ـ لەژێر سێبەری عەرشی عێراقدا**[١٦٦] جێگەی خۆی تەواو خۆش کردبوو بۆییێکا لێ کۆڵێکی ژین و ڕەفتاری

---

[١٦٣] مەبەست شەهیدەکان؛ عیززەت عبدولعەزیز، مستەفا خۆشناو، خەیروڵڵە عەبدولکەریم، محەمەد قودسییە.

[١٦٤] ئەنجوومەنەکە لە بیست کەسێ پێك هاتووە کە پاشا خۆی ناوی هەڵ داون و هەڵی بژاردوون. دیارە ئەو کەسانەش تەواو مل کەچی پاشا و دڵسۆزی تاجەکەیبوون.

[١٦٥] هێندەی هوردبوومەتەوە، ت. وەهبیی یێکەم کوردە خەلاتێکی ئەوها گەروەی پێ ببەخشرێت. بەڵام کۆنە ئەفسەری عوسمانیی ـ دوواتر هاریکاریی بریتانەکان ـ کەسی ناسراوی سلێمانیی (ڕەزابەگ) لە ساڵی ١٩١٩دا، لە لاییێن ژەنەڕاڵ سێر براوون ماکمون Sir George. B. Macmunی فەرماندەی گشتیی بریتانەکانەوە؛ (شیری شەرەف)ی خەلات کراوە.⋆

⋆ بنۆڕە: کرد تورك و عرب ـ ص ٨١.

[١٦٦] ت. وەهبیی لە گۆڤاری (مجلة ـ ع ٤٦٣ و ع ٣٨، ١٤، ١٩٥٨، بغداد)⋆دا لە گوتوبێژێکی عارەبیی خۆیدا لەگەڵ ڕۆژنامەوان. مونیر ڕەززوق، لافی لێ داوە گۆیا هەرگیز گوێ لە ڕادیۆ ناگرێت.



لێی نووسیوە و ڕاست لێی گوتووە: **(لە پێناوی دەسەڵات و کورسییدا بوو بووە کوتێکی ڕژێمی پاشایێتیی)**[١٦٧].

**ت. وەهبیی** کە هەرگیز توخنی پارت و کۆمەڵێکی سیاسیی کورد و کوردستانیی نەکەوتووە، لە ساڵی ١٩٥١دا نەك هەر بووە بە ئەندام بەڵکە بووە بە **(جێگری سەرۆکی حیزبی ئوممەی ئیشتراکیی)**، عارەبی عێراقو تێ کۆشاوە دەسەڵاتی ئەو پارتە عارەبە بە سەر کورددا بکشێ، بۆییێکا خۆی و ساڵح جەبری سەرۆکی پارتەکەی هاتوون بۆ کەرکووكو سلێمانییو هەولێرو لە ٢٥/ ٨/ ١٩٥١شدا کە هاتووە بۆ سلێمانی، لە ئەم باژێڕەو قەزاو ئاواییێکانی هەڵەبجەو قەرەداغ و سووورداشدا (لك)ی پارتەکەی کردووەتەوە.

ئەم ڕەفتارەیشی لە لاییێن کۆمەڵانی خەڵك و پارتە نهێنییێکانەوە کەوتووەتە بەر توانج و پلاری شەرمەساریی و (پارتی دیموکراتی کورد ـ عێراق/ پارتی دیموکراتی کوردستان) لە ڕیزی پێشەوە بووە و بەزمانی کوردیی بەیان نامەیێکی توندوتیژی لەسەر پارتەکە و ت. وەهبیش دەرکردبوو[١٦٨].

---

=بەڵام کە هورد دەبێتەوە، ئەو خۆی یێکێك بووە لە سێ کوردی ناسراو نیشتەنیی بەغداد کە (لە ڕادیۆدا مێچکەیی و مەراییان بۆ عەرشی عێراقیی کردووە).

بۆ وێنە ت. وەهبیی خۆی لە بۆنەی (ڕۆژی چوونە سەر تەختی پاشا فەیسەڵی دووەم) و سەعات. ٥,٥ دەقەقەی ئێوارەی ٤ی نیسانی ١٩٤٩دا، لە ڕادیۆی عارەبیی بەغدادەوە گوتاری بە ناوی (المليك الشاب كما عرفته/ پاشای لاو وەك ناسیومە)ی بلاو کردووەتەوە.⋆⋆

دوو کەسەکەی دیکەیش ماجید مستەفا و عەلیی کەمالە کە ئەوانیش چەند جارێ بە هەمان بۆنەوە، لە (بەشی کوردیی) ڕادیۆ بەغدادەوە گوتاری ئەوتۆیان بلاو کردووەتەوە. بۆ وێنە لە سەعات. ٥,٥ و ٧,٥٠ دەقەقەی ڕۆژی تاج ـ مایس ١٩٥٣ گوتاریان داوە.⋆⋆⋆

⋆ بنۆڕە: توفيق وهبيى حياته ودوره ـ ص ١٩٨.

⋆⋆ بنۆڕە: هنا بغداد ـ ع ٥٧، نیسان ١٩٤٩، حديث (المليك الشاب كما عرفتة) معالي الاستاذ توفيق وهبى.

⋆⋆⋆ بنۆڕە: هنا بغداد ـ ع ١٠٨، مایس ١٩٥٣/ بەشی کوردیی، س ٢، ژ ١١، مایس ١٩٥٣، پرۆگرامی تایبەتیی ڕۆژی تاج.

[١٦٧]- بنۆڕە: تۆفيق وهبيى حياته ودوره ـ ص ١١٣.

[١٦٨]- بنۆڕە: تۆفيق وهبيى حياته ودوره ـ ص ١١٤.

مێژوونووس م. ر. هاوار لە ئیبراهیم ئەحمەدی پارێزەر و سیاسیی ڕۆژگارەکەوە دەگێڕێتەوە (کە تۆفیق وەهبیی/k – هاتە سلێمانیی، لە نادیی عەسکەرییدا، لەژێر قاپی خواردنەوەکەیدا – لە پسوولەیێکدا – بۆیی نووسیی بوو: ئەم جارە بەربووکی کێیت؟)[169].

ئاشکراشە حیزبی ناوبراو، دەستنێژی هەردوو ئەڵقە لەگوێی بریتانەکان؛ وەسیی عەبدولئیلاهی خاڵی پاشا فەیسەڵی دووەم و کۆنە سەروەزیر ساڵح جەبر بوو[170].

ت. وەهبیی تا ساڵی ١٩٥٦ لە ئەنجوومەنی پیراندا هەشت ساڵی قانوونیی خۆی بردە سەر. ئەو هەنگی هێندە پەسەندی عەرشی عێراقیی بوو، لە لاییێکەوە لە ١٩٥٥/١٢/١دا کرابوو بەدووەم جێگیری سەرۆکی ئەنجوومەنەکە. لەلاییێکی دیکەشەوە لە هەمان کاتدا کرابوو بە ئەندامی (لیژنەی کاروباری سەربازیی) ئەنجوومەنەکە.

دوای تەواوبوونی هەشت ساڵەکەش، جارێکی دیکەش لە ١٩٥٧/٩/٣١ کراوەتەوە بە ئەندامی ئەنجوومەنەکە و تا ڕوودانی شۆڕشی ١٩٥٨/٧/١٤ ماوەتەوە[171].

بە ئەو شێوەیە ت. وەهبیی کە لە ١٩٥٨/٧/١١دا چووە بۆ تورکیا و لە ئەوێدا – خۆی گوتەنیی – هەواڵی قەومانی شۆڕش و ڕمانی عەرشی عێراقیی بیستووە[172].

---

[169]- بنۆڕە لەگەڵ مامۆستا تۆفیق وەهبیی – ل ٥٧

جێگەی باسە ئەو توانجە فرە مانای هەیە و مانایێکی گەورەیشی ئەوەیە (جارانی دیکە)ش ناوبراو بەربووکیی بۆ ئەم و ئەو کردووە.

[170]- ساڵح جەبر سەروەزیری ساڵانی ١٩٤٧ – ١٩٤٨.

[171]- بنۆڕە: تۆفیق وەهبیی حیاتە و دورە – ص ١١٩.

[172]- ت. وەهبیی لە (گوتوبێژ)ەکەیدا بە شێوەیێکی ئەنتیکە چۆنیێتیی بیستنی هەواڵی قەومانی شۆڕشەکەی گێڕاوەتەوە کە ڕاست نییە، بەڵکە ڕاستەکە ئەوەیە ئەو بۆ دیدەنیی پزیشك و چارەسەری نەخۆشیی نەهات بوو بۆ تورکیا و ئاگەهی لە قەوماوەکەشە. بۆ ڕاستیی شەوی ٩ – ٢٠٠٩/١٢/١٠ لە سلێمانیی و دانیشتنێکی کوتوپڕدا، دۆستێکی مێژوونووس بۆ منی گێڕایەوە* کە ت. وەهبیی، ئەو هەلە (لەگەڵ وەفدێکی لیژنەی کاروباری سەربازیی ئەنجوومەنی پیرانی عێراق) چووە بۆ بەشداریی لە (کۆبوونەوەکانی لیژنەی کاروباری جم و جووڵی ڕووخێنەری پەیمانی بەغداد/ لجنة شؤون النشاطات الهدامة في حلف بغداد – السنتو).



ئیدی هەتا مردن هەرگیز سەری نەکردووەتەوە بە وڵاتی (کۆماری عێراق)دا وەك سوێندی خواردبێ (بێ سێبەری تاجی پاشا) سەری پێدانەکاتەوە کە هەرگێز نەی کرد![173]

تا ئەم ساتە سەرچاوەیێکی مێژووی سیاسیی یا کۆمەڵیی کورد هەڵ نەکەوتووە ببێژی، ت. وەهبیی لە دوای جێگیربوونەوە لە لۆندۆندا، هاودەنگی دیاری بزاڤی ڕستگاریی خوازی میللەتی کوردبووە و لە ئەو بیست و حەوت ساڵەدا کە شۆڕشی کورد و کێشەی مافە ڕەواکانی دەنگیان دایەوە، ئەو، لە کۆڕێکی سیاسیی یا ماف پەروەریی، یا ئەدەبییدا، ڕەنگی کوردینیی خۆی نواند بێ و دەنگی بەرز کردبێتەوە!

ئەو –ئەگەر ڕەگەزنامەی بریتانییشی هەڵ گرتبێ – وەك بە ئەو هێندە لێ کۆڵینەوەیەوە، بە تایبەتیی بە (فەرهەنگی کوردیی – ئینگلیزی)یەوە خەریك بووبێ کە هەرە کاری دیاری ئەو چارەکە سەدەیەی ژیانیێتی، دیارە دەبوو هەر هیچ نەبێ لە کۆڕی بێزاریی نواندنی کوردەکانی لۆندۆندا بەرامبەر کوژت و کوژتاری داگیرکەرانی کورد، پەنجەیێکی هەڵ بڕیایە و کوردێنیی خۆی پێ نیشان بدایێ، بە تایبەتیی کە لەلای کۆڕە زانست پەروەرەکانی بریتانیاوە هێندێ ناسرابوو، لەنێو عارەبیشدا ناوی نەکوژابووەوە.

ڕاستە ئەو دەستی لە سیاسەت هەڵ گرت بوو، بەڵام بە بەڵگەی خەریك بوونیەوە، دەستی لە کورد هەڵ نەگرت بوو تا لا تەریك و گۆشەگیر بێ، بە ئەندازەییێك کەسێکی هەرە نزیکی کە بە (دۆستی قەومی کورد و پشتیوانی

---

=ئاشکراشە ئەرکی ئەو لیژنەیە خوێندنەوە و هەڵ سەنگاندن و تەگبیر دانان بووە بۆ بەرهەڵستیی و لەنێو بردنی جم و جووڵی سیاسیی یا شۆڕشگێڕانی بزاڤی نەتەوەیی ئازادیی خوازی میللەتی کورد، هەروەها هەر جم و جووڵی پارتە کۆمەنیستەکانی نێوەڕاستی خۆرهەڵات، بزاڤی نەتەوەیی عارەب کە جەمال عەبدونناسری سەرکۆماری میسر ڕێبەری بوو.

* مخابن دانیشتنەکەم لەگەڵ ئەو شارەزایەی سیاسەت و مێژووی سەردەمەکە هێندە کوتوپڕ بوو، دەرفەت نەبوو سەرچاوە نووسراوەکەی (ئەو ڕوون کردنەوەیە)م دەستگیر ببێ.

[173]- خۆی لە گوتوبێژەکەیدا دەبێژێت گۆیا، لە لیستی داواکراوانی شۆڕشی ١٤/تەمووز/١٩٥٨دا بووە.

یەگانـەی زمانەکـە)ی دەزانیـی[١٧٤] و هاریکـاری دانـانی (فەرهـەنگی کـوردیی — ئینگلیـزی)ی بـوو، پـەلاماری مێـژوو، جوگرافیـای نیشـتیمان، مـافی نەتـەوەیی میللەتی کورد بدات و ئەویش سەر دابخات؟

سیٚ، جـەی، ئەدمۆنـدزی (خۆشەویسـتی گـەورە)ی خـۆی[١٧٥] لـە (کۆمەڵـەی پاشـایانەی ئاسـیای نێوەنـد) و لـە ١٩٦٦/١٠/٢٥دا لەمـەڕ (کێشـەی کـورد) موحـازەرەیێکی دابـوو[١٧٦] تێیـدا خـۆی بـە پیاوچـاك و دۆسـتی کـورد نوانـدبوو، کەچـیی پێچـەوانەی مێـژوو، جوگرافیـا، مـافی ڕەوای میللـەتی کـورد، پێشـنیازی کردبـوو؛ (کـەرکووك لەسـەر کوردسـتان نـەژمێردرێ)، لەئـەوەش پـتر پێچـەوانەی مێژوو، بەڵگەکانی کۆڕ و کۆمەڵەکانی سیاسەتی نێو دەوڵەتیی، پێشنیازی کردبوو؛ (ناوی سەڵاحەددین) لەبڕیی ناوی (کوردستان) بەکارببرێ[١٧٧].

بیٚ گومان سیٚ . جەی . ئەدمۆنـدز — تاوانبـاری جـەنگ بەرامبـەر بـە میللـەتی کورد — چاوەنۆڕی خێری لیٚ ناکرێت، بەڵام ئایا دەبوو ت. وەهبیـی لێـی بـیٚ دەنـگ بیٚ؟

بۆ چ نـا[١٧٨]، بـەڵام ئـەو درەنگـانیٚ لـەلای مێـژوونووس م. ر . هـاوار لەسەریشی کردووەتەوە کە مێژوونووسەکە ڕەخنەی لە ئەو بیروباوەڕە چەوتانەی ئەدمۆنـدز گرت بوو.

---

[١٧٤]- نووسـراوی ت. وەهبیـی لەسـەر بـەرگی کتێبـی (خوێنـدەواریی بـاو) کـە ڕۆژی ١٩٣٣/٧/٣١ پێشکەشی کردووە* هەروەها بنۆڕە: بەڵگەکان.

[١٧٥]- هەمان سەرچاوە.

[١٧٦]- موحازەرەکە کەسیٚ بە ناوی (کوردی مخلص!!/ کوردیـوون مـوخلیس لیلوەحـدە ئەلعراقییـە) گۆڕیوییێتی بۆ عارەبیی (محاضرة المستر س . ج . ادموندس عن المشكلة الكرديـة/ القيـت في لنـدن في الجمعية الملكية لاسيا الوسطى في ١٩٦٦/١٠/٢٥).

[١٧٧]- بنۆڕە: محاضـرة المسـتر س. ج. ادمونـدس عـن المشـكلة الكرديـة — القيـت في الجمعيـة الملكيـة لاسيا في لندن يوم ١٩٦٦/١٠/٢٥.

[١٧٨]- ت. وەهبیی لە ساڵی ١٩١٩ ڕاوە ئاشنا و گویٚ ڕاهێڵ و دۆستی ئەدمۆندز بووە.

بۆ وێنـەی بیروبـاوەڕی ت. وەهبیی بەرامبـەر ئەدمۆنـدز Edmondz نووسـینی خـۆی لەسـەر بـەرگی کتێبـی (**خوێنـدەواریی بـاو — ١٩٣٣**)دا دەخەمـە ڕوو کـە — بـەدەم پێشـکەش کردنـی کتێبەکەیـەوە — دەبێـژێت: (بـۆ دۆسـتی قـەومی کـوردو پشـتیوانی یێگانـەی زمانەکـەی، خۆشەویستی گەورەی خۆم جەنابی سی . جەی . ئەدمۆندز بە سوپاسەوە پێشکەشە.



ت. وەهبیـی لـە وەڵامـی ئـەودا گوتـوویێتی، (ئەدمۆنـدز خـراپ نـەبوو، بـەڵام سیاسـەتی حوکوومەتەکـەی غەڵـەت بـوو بەرامبـەر بـە کـورد[١٧٩]، ئـەویش چـییان بگوتایـە وەهـای دەکـرد .. ئینگلیـز ئـەو عەیبـەیان هەیـە کـە ئەوانـەی فـرە سـەر بەحوکوومـەت بـن، ئەگـەر تشـتێك بـە دڵیـان نـەبێت، هـەر بـە قسـەی سیاسـەتی حوکوومەتەکەیان دەکەن).[١٨٠]

---

= خاوەندی نامیلکە

تۆفیق وە هبی —

بەغداد بەغداد)*

لە لایێکی دیکەوە، چۆن ئەدمۆندز Edmondz لە کتێبەکەی خۆیدا (کورد و تـورك و عـارەب) دەبێـژێت کـە ت. وەهبیـی (لـە بـرادەرە خۆشەویستەکانییێتی)، ئـەوە سـاڵی ١٩٤٨ کـە نـاوبراو لـە وەزارەتی هەندەرانی بریتانیا پلەوپایەی وەزیرانی پیٚ درا، بە بڕوای من، هـەر خـۆی پێشـنیازی کردبوو، هەمان ساڵ (نیشانی پاشایێتی بریتانیـا) خـەڵاتی ت. وەهبیـی بکـرێ، کـە خـەڵات کـراو وەری گرت.

ئەز هێندە هەواڵم لە بەردەستە و قسەم لیٚ کردوون و خودا خۆیشی دەزانێـت لـە نێـوان ١٩١٩ — ١٩٤٥دا کە ئەدمۆندز لە کوردستان و عێراقدا بووە، چ کەین و بەینی دیکە لەنێوانیاندا هەبووە!!

* بنـۆڕە: کـۆپیی ئـەو نووسـینەی ت. وەهبیـی کـە بـە (تیپـی لاتیینـی)ی بـۆیی نووسـیوە. کۆپییێکەش ئەمیر حەسەن پوور لە گەنجینەی SOAS ەوە وەری گرتووە.

[١٧٩]- هێندەی من سەرنجی نووسین و ئاخاوتنی ت. وەهبیم داوە، (ئەمە یێك) سووکە ڕەخنەیێك لە بریتانەکان بگرێت.

[١٨٠]- بنۆڕە: لەگەڵ مامۆستا تۆفیق وەهبیی — ل ٤٧.

# ئەنجام

بەهوردبوونەوە لە ژینی، بەتێ گەهیشتن و هەڵ سەنگاندنی گوتوبێژەکەیشی، بە ڕۆشنایی هەرچیی بەڵگە و دەست نووسێکی بەردەست و هەواڵێکی باوەڕ پێ کراو، هەروەها بە نەشتەردان لە هەرچیی نهێنییێ هەیە، تواندرا بە شێوەیێکی نوێ زەرەبین بخرێتە سەر ڕەفتاری ڕۆشنبیریی و سیاسییشی و چڕ بخوێندرێتەوە، بۆیێکا ئەز وەك لێ کۆڵێکی کورد دەبێژم:

١- ئەو خوێندەوارێکی سەردەمی فەرمانڕەوایی عوسمانیی – لەپێش و پاش یێکەم جەنگی گێتییەوە، بە تایبەتیش لەنێوان ساڵانی ١٩٠٨ – ١٩٢٥دا هەرگێز کارامە تێکەڵی ژینی ڕۆشنبیریی میللەتی کورد نەبووە. بە ڕۆشنایی بەڵگەی دیار، تەنها لە ساڵی ١٩٢٠دا تاکە گوتارێکی کوردیی – بە زمان و ڕێنووسێکی کۆنەوە – لەمەڕ کردنەوەی قوتابخانەیێکی پیشەسازیی نووسیوە. لەساڵی ١٩٢٢شدا – بەداخواز – چەند نامێلکەیێکی پچووکی کوردیی لەمەڕ (مەشقی سەربازیی) نووسیوە. ئیدی چیی دیکەی لەمەڕ زمان و ئەدەبییات و کولتوور و مێژووی میللەتی کورد نەنووسیوە.

ئەم بارەیشی بەلاییێنی کەمەوە مانای ئەوەیە؛ هەستی نەتەوەیی لاواز بووە، یا دەربەستی بووژاندنەوەی رووی ڕۆشنبیریی نەتەوەکەی نەبووە.

٢-دەرکەوت – بە جێگیر بوونی ژینی لە بەغداددا و تێکەڵ بوونی بریتانەکان و زەبری ڕۆشنبیریی خۆرئاواوە – خووی داوەتە زمان و خوێندەواریی کوردیی. ئەوە بوو لە نێوان ١٩٢٥ – ١٩٢٦دا لەمەڕ ئەو بابەتانە لەسەر لاپەڕەی گۆڤارێکداو لە کۆڕی ڕەسمییانەدا دەنگی کرد. دیارترین هەڵوێستی بەهێزیشی ئەوەبووە کە ساڵی ١٩٢٦، لەسەر (ڕێنووسی کوردیی) نەك – وەك لافی لێ داوە – لەسەر دەستووری زمانی کوردیی، لەگەڵ ڕێبەرییێتی مەعاریفی گشت عێراق دەستەوییێخە بووە. هەرچەندە لە ئەنجامدا داشی سوار نەبووە، بەلاّم کردەوەکەی لە نێو ڕۆشنبیرەکانی کورددا دەنگی داوەتەوە و قەدری گران بووە.



٣-ئەو – وێڕای هێندێ هەڵ نووتاندن و نالەباریی گوزەرانی - لە نێوان ساڵانی ١٩٢٦- ١٩٥٨دا توانای ڕۆشنبیریی خۆی پەروەردە کردووە و پێی گەهاندو،چالاکانەش هەمووی داناوە بۆ ئاشنا و خزمەت کردنی (زمانی کورد). لەئەم ڕووەوە لە لایێکەوە بە کوردیی و عارەبیی، بە شێوەیێکی زانستانە و نوێ دووەم (دەستووری زمانی کورد)ی لەمێژوودا داناوە. لەلایێکی دیکەوە – وەك یێکەم کوردێك – بە دەم لێ کۆڵینەوەی زانستییەوە، سەلماندوویێتی کە زمانی کورد هەتیو نییە و ڕیشەکەی زمانی (ئاڤێستا)ی کتێبی پیرۆزی ئایینی (زەرتەشت)یی مادەکانە.

دیسان هەر لەئەو مەودایەدا زانستانە، بە لێ کۆڵینەوە و بەراووردەوە خەریکی ئەدەبییات، کولتوور، مێژووی کورد بووە، بە ڕادەیێك هێندە سەرکەوتوو بووە لەلای هێندێ زانست پەروەریی نێو عێراق و خورئاوا، بە زانایێکی ئەنسروپۆلوژی کورد ناسراوە. ئەم ڕەفتارەی بە ڕاستیی خزمەتی بنچینەکانی شەخسییەتی نەتەوەیی کوردی کردووە. بەلاّم ئەم ڕەنج و خزمەتەی کە تا ساڵی ١٩٥٨ بە گوتاری نێو گۆڤار و ڕۆژنامەکان و کتێبی چاپ کراو دەکەوتنە بەردەستی خوێندەوارانی کورد و بێگانە، لەدوای ئەو ساڵەوە، ڕاستتر لە مەودای ژینی لە لۆندۆندا، ڕەنج و بەرهەمێکی یێکجار خاو و کەمتر بووە.

٤-دەرکەوت دوای گەڕاندنەوەی – وەك ئەفسەرێکی عوسمانیی – بۆ سلێمانیی و ئەوجا بۆ نێو مەملەکەتی عێراقی عارەب، لەلایێکەوە تێکەڵ و هاریکاری بریتانەکان بووە. لە لایێکی دیکەوە، لەگەڵ دروست بوونی مەملەکەتی ناوبراو، تێکەڵ و کار بەدەستێکی گوێ ڕاهێڵ بووە، بۆیێکا سەرئەنجام لەساڵی ١٩٤٨دا بریتانەکان (خەلاّتێکی پاشایانە)یان پێ بەخشیی و پاشای عێراقی عارەبیش – لەئەو هەلەڕاوە – کردی بە (ئەندامی ئەنجوومەنی پیران).

٥-دەرکەوت ئەو جم و جووڵ و چالاکییانەی نێوان ساڵانی ١٩٣٠ – ١٩٣٢ کە بەناوی گەلی کوردەوە دەی نواند، بە هەرشێوەیێ بووبێ، بەهان دان و پشتگیریی بریتانەکان بووە و کەڵکی (چوارەم پەیمانی بریتانیا – عێراق) و بە تایبەتیش

کەڵکی ئامانجی ستراتیژیی بریتانەکانی گرتووە، نەك گەلی کورد هەڵبەت خۆیشی لە دوارۆژدا بەشی خۆشیی خۆی خوارد(*).

٦-دەرکەوت ئەو هەواڵانە ڕاست نەبوون و نین کە ئەویان بە لایێنگیری خەباتی ڕستگاریی خوازی گەلی کورد و دۆستی (حەفید زادە مەحموود)ی یێکەم شۆڕشگێڕیی سەدەی بیستی گەلی کورد ژماردبوو. هەروەها سەلمێندرا کە ئەو — تا مرد — هەرگیز تێکەڵی شۆڕشەکانی گەلی کورد و ژینی حیزبایێتیی کورد نەبووە و پێچەوانەیش تێکەڵی ژینی حیزبایێتیی عارەبو تێکەڵی لەشکر و خزمەتی فەرمانڕەوایی مەملەکەتی عارەبی عێراق بووە.

٧-دەرکەوت ئەو کەسێکی دڵ و دەروون و ڕەفتار دوو ڕوو بووە. ڕوویێکی — ڕەفتاری ڕۆشنبیریی ی بۆ چاکەی نەتەوەی کورد بووە. ڕووەکەی دیکەیشی — ڕەفتاری سیاسیی ، تای تەرازووی لارە و هاریکار و لایێنگیری داگیرکەرانە. واتە بۆ شکست و نزمیی نەتەوەکەی بووە.

بەڵێ ئەو زمان ناسێکی گەورە، ئەنسرۆ پۆلۆژیستێکی یێکەم بوو، بەڵام (زانایێکی گەورە)ش نەبوو، چونکە — وێڕای بێ دەسەڵاتیی لە هێندێ دەستمایەی زانستی ئەنسروپۆلۆژیا وەك شارەزایی لە هونەرەکانی نەخش و نیگار، مووسیقە، خۆشنووسیی، دراوناسیی، دەست نووس ناسیی — زانای گەورە هەرگیز هەڵپەی بۆ کورسیی و دەسەڵات و سەروسامان نییە، بەڵکە تا مردن هەڵپە و خولیای ئەو هەر بۆ زانست و ڕاستیی و خزمەتی میللەتی خۆی و مرۆڤایێتییە!

ئایا زانایێکی خۆرئاوایی چاوپۆشیی لە ڕەفتاری داگیرکەرانی نیشتیمان و دوژمنانی میللەتەکەی دەکات؟ چاو دەقووچێنێت لە ئاستی کوژتن و بڕین، گرتن و لەسێدارەدان، بەکاربردنی سیاسەتی گۆڕینی باری ئینسانیی گەلەگەی و باری جوگرافیی نیشتیمانەکەی؟ ئایا هاریکاری ئەو داگیرکەرە و دوژمنە دەکات؟ دەچێتە بن سێبەری عەرشی؟؟؟

(*)- تکایە یادی گوتوبێژەکەی بکەرەوە کە بە جەعفەر سوڵتانی گوتووە: (لە ئاخرییدا تۆ دەی خۆیت!).



ئەگەر ت. وەهبیی لەساڵانی ١٩٤٠ — ١٩٤١دا کە مووچەی خانەنشیینیی سەربازیی بەرکەوت و لەبەغدادا خانووی دروست کرد، باری ژینی ئارام و خۆش بوو، ئەوێ دەمێ، تا سەر، تا مردن خۆی هەر بۆ (زانست) دابنایە، گەورە و مەزنی لێ دەرنەدەچوو؟ دەیان کتێبی گەورە، بەرهەمی دانسقەی نەدەبوو؟ ئایا ئێمە مانان و نەوەکانی دوارۆژمان، ڕوومان دەبوو ئەوها ڕەخنەی لێ بگرین؟

٨-گوتوبێژەکەیشی بەڵگەیێکی ڕۆشن و گرنگ بوو بۆ تێ گەهیشتنی شەخسییەتی و یێکلایی بوونەوەی هێندێ باس و بابەتی گومان لێ کراو چ لەمەڕ خۆی یا خەڵکانی دیکە.

دواجار وێڕای هەر باسێکی دیکە، لە ئاستی لووت بەرزییێکەیشی بەرامبەر میللەتەکەم دەبێژم: ساتێ کە لاشەی (مردوو)ی گەهێشتەوە سلێمانیی، میللەتەکەی هێندە جوان و بە حورمەت ناشتی، ئەگەر خۆی هەستی بکردبایە و لە کونێکی تابووتەکەیەوە چاوی لە ئەو بەخشندەییە ببووایە، دەی زانیی کە خۆی یێکجار پچووك و مییلەتەکەی فرە مەزن و لێ بوردە بوو.

دوا گوتەیشم وەك لێ کۆڵی ژین و ڕەفتاری ئەوەیە، ئەگەر ئەز لە هەلی مردنەکەیدا — بۆ نرخ گرتنی ڕەنجی زانستی — خرۆشام و لێم نووسیی؛ (تۆفیق وەهبیی کوڕی پیرەمەگروون)ە ئەوە نها پەشیمانم لە ئەو ناونیشانە. ڕاستییێکەی کوڕی ڕەسەنی چیا ئەو کەسەیە کە بە گوتار و ڕەفتارەوە، تا دوا هەناسە، خۆی بکات بە قوربانیی سەربەخۆیی کوردستان و ئازادیی کوردا!



@kurdica

## داوێنەکان

١- داوێن؛ ١/٣ کێشەیێکی سیاسیی بە ناوی (نووسین و خوێندەواریی کوردییەوە).

٢- داوێن؛ ٢/٣ دەنگە دەنگێك لەمەڕ ڕێنووسی کوردیی (لە نێوان ت. وەهبیی — سەعید سدقیی کاباندا)

٣- داوێن؛ ٣/٣ بەڵگەکانی (کێشە لەگەڵ چوارەم پەیمانی بریتانیا — عێراق؛ س ١٩٣٠[1]).

---

(1) - سکاڵاکەی ١٩ / ٤ / ١٩٣١ بۆ کۆمەڵەی گەلان*

* وەرگیراو — بە مۆڵەتی خاوەندەکەی — لە کتێبی: (سەردەمی قەڵەم و موراجەعات — نەوشیروان مستەفا ئەمین).



داوێن: ١/٣

بەشی یێکەم

# کێشەیێکی سیاسیی
# بەناوی نووسین و خوێندەواریی کوردییەوە

**پێشەکیی**

سەروەزیرانی مەملەکەتی عێراقی عارەب لەبەردەم ئەنجوومەنی نوێنەران — پەرلەماندا ڕۆژی ١٩٢٦/١/٢١ گوتارێکی داو گوتی: (... ئەم وڵاتە ناژیێ تا هەموو ڕەگەزێکی، هەموو مافێکی خۆی پێ نەدرێ... پێ ویستە مافەکانی گەلی کورد بدرێ. پێ ویستە کارگێڕەکان هەڵ بژاردەی نێو خۆی بێ. پێ ویستە زمانیان بەڕەسمیی بناسرێ. پێ ویستە منداڵانیان لە قوتابخانەکاندا بەزمانی خۆیان بخوێندن).

بەندی سێی یاداشت نامەی نهێنیی ٢ / ٣ / ١٩٢٦ی لیژنەی ڕاسپێردراوی کۆمەڵەی گەلان و تایبەت بە چارەنووسی هەرێمی مووسڵ (!!)، کۆمەڵەی ڕاسپاردووە کە: (پێ ویستە ڕێزی ئارەزووەکانی کورد بگیردرێ کە چاوی بڕیوەتە داناندی کارگێڕی کورد نەژاد بۆ ڕێبەریی کردنی کاروباری وڵاتەکەی. پێ ویستە خوێندن لە قوتابخانەکاندا یێکسان بێ و لە هەموو کاروبارێکدا زمانی کوردیی پێ ڕەو بکرێ).

بە ئەم پێیە ئەوە پێ ویست بووە کە حوکوومەتی مەملەکەتی عێراق، بەوەزارەتی مەعاریف — زانستی — یەوە، بەشی هەرە گەورەی ئەو گفتەی خۆی و

ڕاسپارده نێو دەوڵەتییێکەش جێ بە جێ بکات، بۆیێکا پرسیار ئەوەیە؛ چەند و چۆن ڕەفتاریان کردووە؟

ڕێبەریێتیی مەعاریفی گشتیی یێکیکە لە دەزگە هەرە بەرپرسەکانی وەزارەتی مەعاریف کە بە جێ گەهاندنی بەشێکی گەورە و گرنگی ئەو ئەرکەی بەرەو ڕوو کرابووەوە.

ساتیعولحوسەریی – عارەبی یەمەن: (١٨٨٠ – ١٩٦٨)، ڕێبەری گشتیی مەعاریفی عێراق لە نێوان ٥ / ١ / ١٩٢٣ – ٣١ / ٧ / ١٩٢٧دا ئەو ئەرکەی هێندە پچووك کردووەتەوە، ناوی لێ ناوە (باسی نووسین بە زمانی کوردیی/ قضية الكتابة باللغة الكردية – قەزییەتولکیتابە بیللوغەلکوردییە). ئەم ناونیشانە پچکۆلانەیە و لە ئەم چێوە تەسکەدا کە جێگەی (باسی سەپاندن و بڵاوکردنەوەی کوردیی) گرتوەتەوە، هەر لە یێکەم تەماشاوە مایەی گومانە!! گریمان پەسەندیش کرا، دەی چۆن و چەند و چاك یا خراپ ڕەفتاری لەگەڵ کردووە؟

ڕێبەری گشتیی مەعاریف، هەر لە داندراوە عارەبییێکەی خۆیدا (موزەککەراتی فیلعێراق/ یاداشتەکانم لە عێراقدا) دەبێژێت: کاتێ کە حوکوومەتی عێراق باوەڕی هێنا و بڕیاریدا لە باژێڕ و گوندەکانی کوردانداا؛ زمانی کوردیی ڕەسمیی بێ، لەسەر وەزارەتی مەعاریف کەوت کەچیی پێ ویستە دەستی بداتێ و ڕای بپەڕێنێ بۆ سەپاندنی ئەم بڕیارە لە مەیدانەکانی فێرکردندا، بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەك – بە چاودێریی خۆی/K – لە چوار ڕۆشنبیری دانیشتووی بەغداد پێك هات کە: تۆفیق وەهبیی، عەبدوڕڕحمان ساڵح، شوکریی فەزڵیی، نووریی بەرزنجەیی بوون، ئەرکی لیژنەکە ئەوەبوو کتێب وەربگێڕن بۆ کوردیی و لە قوتابخانەکانی سەرەتاییەوە دەست پێ بکەن؛ بەڵام لە ئەم هەلانەدا مقۆ مقۆ پەیدا بوو لەمەڕ وەرگێڕاندنی کتێبەکانی قۆناغی ئامادەییش وەك فیزیا و کیمیا و جەبر و ئەندازە.

خۆم هەر زوو لیژنەکەم ئاگەهدار کرد کە کتێبەکانی سەرەتایی، بە تایبەتیی بۆ پۆلەکانی یێکەمین مەبەستە. لە یێکەم کۆبوونەوەی لیژنەکەدا – لە ئەوانەیە لە نێوندی شوباتی ١٩٢٦دا بووبێ/k – تۆفیق وەهبیی ڕاییێکی نواند کە ئەمەیە: (بەر لە وەرگێڕاندن، پێ ویستە کێشەی نووسینی کوردیی چاك بکرێت). ئەو وەك



لایێنگیری نووسیینی لاتینیی نییە، تیپەکانی عارەبیی بۆ دەنگەکانی کوردیی، بە کەم و ناتەواو دەزانێت و دەبێژێت: (پێ ویستە تیپی دیکە دابڕێژدرێت کە چاپخانەکانیش ناچار دەبن ئەو تیپانە بەکار ببەن) و (ناشێت دەست بدرێتە چاپ کردنی چ کتێبێ تا ئەو تیپانە ئامادە نەکرێن).

ساتیعولحوسەریی پتر دەگێڕێتەوە کە دوای یێکەم کۆبوونەوە؛ محەممەد ئەمین زەکیی وەزیری ئەشغالی دیتووە و ئەویش پێی گوتووە: (فێرکردن – پێ خوێندن – دەبێت بە کوردیی هەموو قوتابخانەکان بگرێتەوە تا دەش گاتە خوێندنی باڵا و دەش بێ لە کۆلێجی قانووندا بەشێکی تایبەتیی بکرێتەوە. هەروەها لە کۆلێجی سەربازییشدا).

پتر دەبێژێت: (بەڵام باوەڕی هەبوو کە دەبێت لە قوتابخانەکانی سەرەتاییەوە دەست پێ بکرێت).

ڕێبەری گشتیی مەعاریفی پتر باسەکانی دەگێڕێتەوە دەبێژێت: (لە کۆبوونەوەی دووەمی لیژنەکەدا، تۆفیق وەهبیی پڕۆژەیێکی پێشکەش کرد کە پێ ویست دەکات پازدە تیپی نوێ دابڕێژدرێت بە زیادکردنی چەندین خاڵ و نیشانە بۆ تیپی عارەبیی باو ئەمەش – بەقسەی ئەلحوسەریی/k – مانای دانانی: چل و پێنج شێوە تیپە کە دەبێت لە چاپخانەکاندا زیاد بکرێن و دابڕێژدرێن و ئەمەش گیروگرفتە بۆ خوێندن و نووسینی کوردیی و بۆ چاپخانەکەش)! (واتە ئەو شێوە تیپانەی پێشنیازنامەکەی لە ئێرەدا بڵاوە/k).

ساتیعولحەسەریی لە یاداشتەکانیدا لەسەر قسەیی دەڕوات و دەبێژێت کە، تۆفیق وەهبیی و عەبدوڕڕەحمان ساڵح هەڵویستەیان یێکدگێر و ئەوانەی دیکە – وەك چاویان لە دەمی خۆی کردبێ/k – لایێنگیری خۆی بوون. هەروەها دەبێژێت کە دوای مشتومڕێ، ڕاست و ڕەوان بە ئەم جۆرەی باس دەکرێ؛بڕوای خۆی بۆ تۆفیق وەهبیی ئاشکرا کردووە و پێی گوتووە: (من لە ئەم باسەدا ناتوانم بڕیاری بڕای بڕ بدەم و پێم وەهایە کە لیژنەیێکی بەرفراوانتر دەبێت تەماشای باسەکە بکات و لێی بکۆڵێتەوە و بڕیاری بدات). تۆفیق وەهبیی بە ناڕەزاییەوە وەڵامی داوەتەوە و گوتوویێتی: (بۆچیی؟ ئەدی ئێوە نین کە هەڵتان بژاردووین؟ ئێوە بانگتان نەکردووین؟ ئەدی بۆچیی ڕای ئێمە پەسەند ناکەن؟).

ڕێبەری گشتیی مەعاریفی ؛ ساتیعولحوسەریی لە یاداشتەکانیدا پتر باس دەگێڕێتەوە و دەبێژێت کە: (باسی ناکۆکیی) کەوتەوە دەم محەممەد ئەمین زەکیی و عەبدولوحسین ئەلسەعدوونی سەروزەیران و سەبیح نەشئەتی وەزیری مەعاریف، پێیان گوت: (تۆ کە کوردیی نازانیت، بۆچیی کاریٚ دەکەیت – چۆن شیعەکان ناحەزتن - کوردیش ناحەزت بن؟). ناوبراو پتر دەگێڕێتەوە کە دوای ئەم سەر و ئەوسەری لیژنەکە و ئەو کاربەدەستە گەورانە و ئەدموندز C .J. Edmondz ی ڕاوێژکاری وەزارەتی نێوخۆ، لەسەر (پلانێکی نێونجیی) ڕێك کەوتن بۆ یێکلایی کردنەوەی کێشەکە!

ڕێبەری مەعاریفی گشتیی لەمەڕ پلان و کردەوەی خۆیان پتر باس دەگێڕێتەوە و دەبێژێت: (پلانەکە بریتیی بوو لە ڕاوەگرتنی هەموو ڕۆشنبیر و زاناکانی کورد بەبێ بانگ کردنیان بۆ کۆبوونەوە و بە تەنها قاییل بوون بە ناردنی پێشنیازی نووسراو و وەرگرتنی بیروڕای نووسراویان)، پتر هەڵوێستەی خۆی دەنوێندیٚ و دەبێژێت: (من ئەم پلانەم پەسەند کرد؛ چونکە هێندە بەس بوو کە باسەکە لە چێوەی تەسکی لیژنەکەدا دەربهاوێژدریٚ و یارمەتیی بدات بۆ بەشداربوونی کۆمەڵیٚ ڕۆشنبیری کورد لە بڕیاردانداا کە بە ڕێگەوەیە ... ئەوانەی کە پێشنیازە باس کراوەکەیان بۆ دەچیٚ، بۆیان هەیە یێکیٚ لە ئەم سیٚ چارەسەرە هەڵ ببژێرن :(قاییل بوون بە بەشێکیان، پەسەند نەکردنی ئەوانی دیکە، قاییل بوون بە ئەو تیپانەی کە لە نووسینی فارسیی و تورکییدا خراونەتە سەر تیپەکانی عارەبیی).

ڕێبەری مەعاریفی گشتیی ڕەفتاری خۆیشی دەنوێندێت و دەبێژێت: (بۆ ئەمە، بە پەلە کەوتمە کارکردن و بەپێی ئەم پلانە: تۆفیق وەهبیی ڕاپۆرتێکی دوور و درێژی بە زمانی کوردیی نووسیی و پێشنیازەکانی بە هەوای خۆی هۆنییەوە! لیژنەکەش بڕیاری دا ئەو ناوانەی دا کە پیٚ ویستە ڕاپۆرتەکەیان بۆبچیٚ و لێی بکۆڵنەوە و ڕایان بەرامبەر پێشنیازەکان بنوێندن. دیوانی وەزارەتیش ژمارەی پیٚ ویستی لە ڕاپۆرتەکە چاپ کرد، منیش وێنەی ئەو نامەیەم نووسیی کە لەگەڵ ڕاپۆرتەکە دەنێردریٚ... لەنێویدا مەبەستیشم ڕوون کردەوە و بە ئەم ڕستانەش بڕاندمەوە: (تکام هەیە کە ڕای خۆتان بەرامبەر پێشنیازەکانی نێو ڕاپۆرتەکە



بنووسن، لەگەڵ تیٚ بینی کردنی: چۆنییێتیی گونجاندنی خوێندنەوەی کوردیی لەگەڵ خوێندنەوەی "قرآن"ی پیرۆز؟).

دیوانی وەزارەتیش ژمارەی نامەی پیٚ ویستی چاپ کرد. لە ئەو ڕۆژەدا کە کارگێڕەکانی دیوان وێنەی ڕاپۆرتەکە و نامەکەیان دەخستە زەرفەوە تا ناوی کەسەکان و ناونیشانیان بنووسن، تۆفیق وەهبیی هات بۆ تەماشاکردنی ڕەوتی کاروبار کاتیٚ نووسیینەکەی منی دێت، زۆر پەشۆکاو بە تووڕەیی و ڕەخنە لیٚ گرتنەوە پێی گوتم: (بۆچیی ئەم قسانەتان تیٚ خستووە؟ لیژنەکە بڕیاری ئەوتۆی نەداوە؟!). منیش لەسەرخۆ گوتم؛ (من بە ناوی لیژنەکەوە نەم نووسیوە، بەڵکە بە ئەو ناوەوە کە ڕێبەری مەعاریفی گشتییم و پێشنیازەکانیشتان بەشێوەی خۆیانەوە، چۆنتان نووسیون، تەواو دەگەهنە دەستی کەسانی نیشانە کراو).

تۆفیق وەهبیی درێژەی دا بە پرسیار و ڕەخنەگرتن و گوتی: (بۆچیی "قرآن" تیٚ هەڵ کیشی ئەم باسە کراوە؟) . گوتم:( چونکە فێربوونی "قرآن" لە بەرنامەی خوێندنی بڕیاردراودایە بۆ موسڵمانان! دەش مەویٚ تیٚ بینیی بکەن کە من لەمەڕ ئەم باسە هێشتا ڕای یێکجارییم نەنواندووە بەڵکە داوام لیٚ کردوون کە ئاگەهداری ئەو تیٚ بێنییە ببن بە بیٚ ئەوەی ڕێگەم لیٚ بڕیی بن بۆ نواندنی هەر ڕاییٚ کە هەیان بیٚ). دوای بیرکردنەوەو هوردبوونەوەییٚ تۆفیق وەهبیی بە تووڕەبوونێکی زۆرەوە ژوورەکەی بە جیٚ هێشتم!

دەم زانیی کە ئەو دەست بە جیٚ دەچێتە کن ئەمین زەکیی و ئەویش دەست دەخاتە کارەوەو دەچێتە کن موحسین ئەلسەعدوون، بۆیێکا بڕیارم دا کە هەموو لاییٚ بخەمە بەردەم قەوماوەکە... بەسەرۆکی دیوان شوکری ئەلحەمانیم گوت:بە پەلە ناو و ناونیشانەکان بخەنە سەر زەرفەکان و دەست بەجیٚ بیان خەنە پۆستەخانە و چاوەنۆڕیی تەواو کردن و پێچاندنەوەی نووسراوەکانی دیکە – ئەوراق/k – مەبن، بەڵکە هەر چ ئیش و کاری دیکەتان هەن بە لاوەی بنێن تا هەموو زەرفە کوردییێکان دەپێچنەوە!

درەنگیٚ پێم زانیی کە ئەوان – وێڕای ناڕازیی بوونیان – دڵنیا بوون لە ناردنی زەرفەکان و بڕیاریان داوە کە وێڕای پرۆپاگەندەیان، هێندیٚ کەس و نامەش بنێرن بۆ کن ئەو کەسانەی داوامان لیٚ کردوون، تا بە ئەوان ڕابگەهێنن

("ساتیعولحەسەریی دەربەستی "قرآن" ناهێ و ئەویی ئەو نووسیونی بۆ کارتێ کردن و دەستخەڕۆ کردنتانە").

ڕێبەری مەعاریفی گشتیی هەر لە یاداشتەکانیدا، مەتنی دوو راپۆرت نامەی نیشان داوە کە بۆ سەروەزیرانی عێراقی ناردووە و پێنجسەد و بیست نامەی بۆ موتەسەڕڕیفەکانی (هەولێر، سلێمانیی) ڕەوانەکردووە و بەتەنها "بیست و سێ "وەڵامی کەسانێکی وەك وەزیر، ئەندامانی پەرلەمان، ئەنجوومەنی پیران، ئەفسەر و ئایین ناس، ڕۆژنامەوان، کاربەدەستەکانی وەرگرتووەتەوە!

ساتیعولحوسەریی ڕێبەری مەعاریفی گشتیی لە ئەو دوا راپۆرت نامەیدا هاتووە لەسەر وەزیرانی مەملەکەتی عێراقی گەهاندووە گۆیا؛ (پڕۆژەکەی تۆفیق وەهبیی سەری نەگرتووە!!).

- **لێ کۆڵینەوە**:

بۆ دەستگیرکردنی ئەنجامی کرد و کۆششی ڕێبەری مەعاریفی گشتیی ساتیعولحوسەریی، زۆر پێ ویستە هوردببینەوە، بکۆڵینەوە و هەرچیی نهێنیێ هەیە، تەنانەت ڕووداوەکانی ئەودیو راپۆرت نامەکە و هەر ڕەفتارێکی دیکە بەراوورد و یێکالا بکەینەوەو بەئەم شێوەیە:

١- ئەو باسە و هەڵویستەکانی مەعاریفی گشتیی، لەسەرەتای ساڵی ١٩٢٦دا هەڵ کەوتوون و لە هەلی ڕەوتی خوێندندا هاتوونەتە پێشەوە و زۆری بەدەمەوە هەیە کە خۆیان بۆ ساڵی خوێندنی ئاییندە؛ ١٩٢٦ — ١٩٢٧ ئامادە بکەن و هەموو باسەکەش گەورەیە و لە قەبارەی دانیشتنێ و دوو، یا نامە گۆڕینەوە و ڕا وەرگرتنێکی خێرادا نییە!

٢- ئەو؛ ساتیعولحوسەریی — بەڕۆشنایی قسەکانی خۆیشی کە دەبێژێت: (لەسەر وەزارەتی مەعاریف کەوت کەچیی پێ ویستە دەستی بداتێ و ڕای بپەڕێنێ



بۆ سەپاندنی ئەم بڕیارە لە مەیدانەکانی فێرکرندا). هەروەها بۆ خۆپەڕیندنەوەی لە ئەو هەڕەشەیەی کە سەوەزیران و وەزیری مەعاریف لێیان کردبوو؛ کە: (تۆ کوردیی نازانیت، بۆچیی کارێ دەکەیت — چۆن شیعەکان ناحەزتن — کوردیش ناحەزت بن.). بەڵێ دەبوو خۆی وەك کارگێڕی دەزگەیێکی بەرپرس بچێتە مەیدانەوە و دیدەنیی کوردستانی — تازە نووساو بە مەملەکەتی عارەبی عێراقەوە — بکردبایە و لە نزیکەوە تەماشای هەموو بارێکی خوێندن، قوتابخانەکان، مامۆستاکان، تەنانەت بیروڕای موتەسەڕڕیفەکان، ئەنجوومەنی مەعاریفی بکردایە! دەبوو کۆبوونەوەی لەگەڵ پسپۆران، ڕۆشنبیرەکانی باژێڕەکانی بکردایە و لە ئەوان و هاوتایان لە بەغدادا نەك بە تەنها لیژنەیێك چەندین لیژنەی پێك بهێنایە!

ڕاستیییێکەی وەك یاداشتەکەی بەڵگەیە ئەو هیچ پلانێکی پەروەردەیی، خوێندەواریی، زانستیی، هیچ حسابێکی دارایی بۆ ڕاپەڕاندنی تەواوی ئەرکەکەی بەبیردا نەهاتووە و لە دەستدا نەبووە، بۆییێکا دەتوانم بە دڵنیاییەوە ببێژم؛ بیر و بنچینەی ڕەفتاری پووش بووە و دانانی لیژنەیێکی ئەوها بچووکی دانیشتووی بەغداد و کەم دەسەڵاتیشی، هەر بەبیانوویێ زانیوە بۆ ڕانەپەڕاندنی (ئەرکە قانوونیی و زانستیییێکە) کە بەڵگەکانی داهاتوو ئەو ڕاستییە پتر دەسەلمێنن.

٣- ئەو؛ وەك مەتنی دوا ڕاپۆرت نامەی بۆ سەوەزیران گێڕاوەتەوە گۆیا بە ئەو پێیەی ڕێزی ڕۆشنبیرانی کورد و شارەزایانی گرتووە، لە پێنچسەد و بیست نامەدا، هەر بیست و سێ وەڵامی بۆ هاتووەتەوە.. هەروەها ڕای گەهاندووە کە بە ئەو ڕۆشناییە دەردەکەوێ گۆیا: (پڕۆژەکەی تۆفیق وەهبیی سەری نەگرتووە)، ئەوە بە دڵنیاییەوە، فێڵی کردووە و ڕاستیی لە سەوەزیران شادووەتەوە ... بەڵگەش ئەمەیە:

٣/١- هیچ پێوەریکی زانست ئەو ئەنجامە پەسەند ناکات کە لە کۆی پێنجسەد و بیست نامەدا، پشت ببەسترێ بە وەڵامی بیست و سێ نامە.

٢/٣- ئەو بیست و سێ وەڵامەش کە هاتوونەوە و (پشتی پێ بەستوون و بە ڕۆشناییان بڕیاری ناسراوی خۆی داوە گۆیا پڕۆژەکەی تۆفیق وەهبیی سەری نەگرتووە) ڕاستیییێکەی زۆربەیان — بەنێواخن و ئامانجەوە — لایێنگیری تۆفیق

وەهبین، تەنانەت هێندێکیان داوای بەکاربردنی لاتیینیان کردووە کە یێکێکی وەك تۆفیق وەهبیی — بە ڕۆشنایی یاداشت نامەکە — لایێنگیری نییە!

٣/٣- سلێمانیی لە کۆبوونەوە و هەتا ئەو ڕۆژگارەش، مەڵبەندی خوێندەواریی و ڕۆشنبیریی کورد بووە. ساتیعولحوسەریی — ناحەزانەش نەبێ، نازانستانە ڕەفتاری لەگەڵ کردووە، خۆی لەو ڕاپۆرتنامەکەیدا بە سەوەزیرانی گوتووە: (... بەڵام وەڵامەکانی سلێمانیی هێشتا نەگەهیشتوونەتەوە جێ! چونکە باسەکەش زۆر دواکەوت پێم چاك بوو کە پۆختەی پێشنیازە — پرۆژە ئەسڵەکە و تێ بینەکانم بۆ خاوەند بەرزیتان بنوێندم).

لە ئێرەدا بەڕۆشنایی ڕەفتار و قسەی خۆی و بە بەڵگەشەوە باسەکەی هورد دەکەمەوە:

ئە: ئەو خۆی — یاداشت نامەکەیشی بەڵگەیە — بێ پێچ و پەنا گوتوویێتی: (بڕیارم دا هەموو لایێ بخەمە بەردەم قەوماوەکەوە. بەسەرۆکی دیوان شوکری ئەلحەمانیم گوت: بەپەلە ناو و ناونیشانەکان بخەنە سەر زەرفەکان و دەستبەجێ بیان دەنە پۆستەخانە و چاوەنۆڕی تەواوکردن و پێچاندنەوەی نووسراوەکان — ئەوراقەکان — ی دیکە مەبن، بەڵکە چ ئیش و کاری دیکەتان هەیە بەلاوەی بنێن تا هەموو زەرفە کوردیییێکان دەپێچنەوە).

بێ: نامەکەی مەعاریفی گشتیی و پێشنیازەکەی لیژنەکە، وەك لە بەردەستدان؛ (ڕۆژی ١٩٢٦/٣/٧) ڕەوانەی باژێڕەکان و ئەنجوومەنەکانی مەعاریف و کەسانی دیکە کراون‌و بەگەهیشتنی — بۆ وێنە — بۆ سلێمانیی، دەستبەجێ — لە ١٩٢٦/٣/٢١دا — بەرەو ڕووی شارەزایان و ڕۆشنبیران کراوە و داوایشیان لێ کراوە کە تا ڕۆژی (پێنجشەممە ٢٧/ ٣ / ١٩٢٦) سەرنج لە پێشنیازەکە بدەن و وەڵامیان گەڵاڵە بکەن.

ئەمە مانای ئەوەیە؛ لە لاییێکەوە نامەکە و پرۆژە پیشنیاز کراوەکە، دوای دوو حەوتە لە بەغدادەوە گەهیشتوون. لەلاییێکی دیکەوە دوو ڕۆژ دوای گەهیشتنە سلێمانیی، بەپەلە بەرەو ڕووی شارەزایان و کەسانی دیکە کراوە. دواجار ماوەییێکی کەمی وەك پێنج ڕۆژ بۆ وەڵام وەرگرتنەوە دەست نیشان کراوە... ئەمانەش هەمووی چست و چالاکیی و پەلەکردن دەنوێندن.



ویڕا، ڕۆژنامەی (ژیان — پێنجشەممە ٢٢ / ٤ / ١٩٢٦) هەواڵ ڕادەگەهێنێ کە، (ڕۆژی دووشەممە ٢٩ی مارتی ١٩٢٦ لە مەقامی موتەسەڕڕیفییەتدا بۆ بەیان و موتالەعەی ئیقتیراحی لیژنەی تەرجەمەی وەزارەتی مەعاریف لە خوسووس حورووفی کوردیی و حەرەکاتەوە، تەودیعی بەعزێ زەواتی مونەووەر و موتەفەککیر کراوە بۆ جوابەکان لە ئەنجوومەنەکەدا خوێندرایەوە فەقەت لەبەر موساعەدەی وەقت تەئجیل کرا بۆ جەلسەییێکی دیکە). (دووا ڕستە هورد تەماشا بکە/k).

ئەم هەواڵەش لەلاییێکەوە ڕاستیی دەسەلمێنێت کە ئەنجوومەنی مەعاریفی سلێمانیی، هەر دوو ڕۆژێ دوای وەڵام وەرگرتنەوە (٢٧ — ٢٨) دانیشتووە و لە وەڵامەکان هوردبووەتەوە. بێ گومان لەبەر زۆریی کەسەکان و هوردیی باسەکە، هوردبوونەوە بە دانیشتنێ تەواو نەبووە و هەر کۆڕێکی دیکەی ویستووە! بۆ ئەمەو بۆ ڕێگەی بەغدادیش ئەو پەڕییێکەی دوو حەوتەی دیکەی ویستووە کە بێ گومان مەوداکە ئاساییە بۆ ئەو ڕۆژگارەی باری هاموشۆی تێدا سەخت و گران بووە: هەڵبەت تا ئەوڕۆژ لە ئەم وڵاتەدا نەبووەتە باو؛ پۆست بەفڕۆکە بگواسترێتەوە.

کەواتە ئەگەر ڕێبەری گشتیی مەعاریف بەڕاستیی پەرۆشی — ئەگەر نەڵێم ئەرکەکەی — خۆی و باسەکە و پێشنازی لیژنەکە بووایە، ئەگەر بەڕاستیی ڕێزی ڕۆشنبیرەکانی بگرتایە و فەڕی خەڵکی کوردی بویستایە دەبوو (دوو حەوتەیێ) چاوەنۆڕ ببوایە... دەبوو نرخی ماندووبوون و ڕای کۆمەڵە خەڵکانێکی داوا لێ کراوی لەلا هەبووایە، دەبوو قەدری موتەسەڕڕیفییەتی سلێمانیی و ئەنجوومەنی مەعاریفی نەشکاندبایە و بیروڕای ئەوانی — هەروەها هەولێریشی — تێکەڵ بە ئەو بیست و سێ وەڵامە بکردبایە و ئەوجا دروست بوو دوا ڕاپۆرت نامەی خۆی بۆ سەروەزیرانی بنوێندایە.

ئەو بە پەلە نامەکان ڕەوانە و داوای وەڵامی پەلە دەکات، بەڵام بۆ باسێکی گەورە — ڕاوەرگرتن — چاوەنۆڕیی پێ نەکرێ و ڕای خۆی بەسەر پێنجسەد و بیست ڕادا تێ بپەڕێنێ و ببێژی: (پێشنیازەکەی تۆفیق وەهبیی سەری نەرگتووە)؛ ئەوە ڕاست و ڕەوان خۆی ساخ دەکاتەوە کە **باوەڕی** بە ڕۆشنبیرەکان، بە شارەزاکان،

بـه ئەنجوومەنــەکانی مــەعاریفی ئــەو باژێڕانــە، بــە چارەســەرێکی زانســتانە و چاکەخواز و بـە ئـەنجامێ کـە ڕووی حوکوومەتەکـەی سـپیی بکـات (**نـەبووە**) و لـە نــاخی دەروونــدا بــاوەڕی بەڕاپەڕانــدنی ئەرکەکەیشــی نــەبووە نــەخوازەڵا بــە ئــەو چارەسەرە نێونجییە کە پێشنیازەکەی لێ کەوت بووەوە... ئیدی ئەم نامـە نووسـین و سەرقاڵ کردنەش بە تەنها یاریی بووە و چیی دیکە نا!

- **ئەنجام**:

هوردکردنــەوەی باســەکە، کۆمــەڵێ ئــەنجامی ڕاســت و گرنگمــان دەخاتــە لــەپی دەستەوە:

١- ئەنجامەکەی ڕێبـەری مـەعاریفی گشـتیی؛ هـیچ متمانـەیێکی زانسـتیی پـێ نابردرێت و دەچێتە خانەی ساختەوە!

٢- باسەکە وەك باسێکی تایبەتی کەسی تۆفیق وەهبیی و مەعاریفی گشتیی و ڕێبەرەکەی، هەروەها وەك کێشەی ڕێنووسێ ناهێتە بەرچاو بەڵکە تەواو دیارە کـە گـەورەترە و ئـەو بڕوبیانووانـەی بـە نـاوی نووسـین یـا ڕێنووسـەوەن، فێڵێکـە بـۆ مەبەستێکی گەورەتر.

٣- چ کەسێکی ژیر باوەڕ ناکـات کـە ڕێبـەری مـەعاریفی گشـتیی بـە ئـارەزووی خۆی – بێ پشتیوانێ – ئەم هۆش و ئەتوار و ڕەفتارانـە بنوێنـدێ و بڕیـار بـدات، ڕاســتیییێکەی دەبێــت کەســانێکی گــەورە لەپشــت پــەردەوە ئافــەرنیان کردبــێ. سەرچـاوەکانی مێـژووش ڕادەگـەهێنن کـە هـەر حیجـازیی (پاشـا فەیسـەڵ) ئـەم کەسـەی هێناوەتـە عێراقـەوە و پێـی دەنـازێ! دیـارە کێشـەکەش سیاسـییە و ئـەم کابرایە دەسکەلاییێتی.

## بەشی دووەم

### پێشەکیی

لە مانگی تەمووزی ١٩٢٧زدا ساتیعولحوسەریی ڕێبەری گشتیی مەعاریف لەسەر کار و فەرمانی نەما، دەی باری خوێندن و خوێندەواریی کوردیی لە هەلی کاری ئەو و دوای ئەودا لە چ ئاستێکدا بوو تا — بەکورتیش بێ — بەتێ گەهیشتنی بتوانین ڕاستییێکان بناسیینەوە و زووتر بگەهین بە وەڵامی ئەو پرسیارە گەورەیە: کێشەکە چ جۆرە بوو؟

بۆ ناسینەوەی وەڵامی چاك و بەجێ، دەبێت کار ئەوە بێ هوردببینەوە و هێندێ ڕاپۆرت و بەڵگەنامەی ڕەسمیی، هێندێ هەڵویستە و نووسینی مامۆستاکانی قوتابخانەکان، تەنانەت هێندێ هەڵوێستەی ڕۆژنامەنووسیی یاد بکەینەوە با بزانین بەڵگەکان چۆن دەدوێن؟

### بەڵگەی یێکەم:

چەند داندراوێکی فەرامۆش کراوی مامۆستایان و وێنەیان ئەمەیە:

١: زانستی هندسە — تالیفی عبدالقادر وجدی. مترجمی: ع . و . م

ژ١. لەسەر پێڕەوی وەزارەتی مەعاریف نووسراوە بۆ ڕیزی چوارەم: ١٩٢٨( ع .و م = عەبدولواحید مەجید/k).

٢: مامۆستای قۆتابخانەی سەرەتایی؛ سەعید سدقی کابان چەند کتێبێکی خوێندەواریی داناوە[*] و چاپ نەکراون یێکێکیان ئەمەیە کە دیتوومە و وەڵامە ڕەسمییێکەیشیم بەرچاو کەوتووە:

---

[*] جغرافیا — س ١٩٢٨ (بۆ سێیەمی مەکتەبانی ئیپتیدائیی لە تەرەف سەیید نووریی بەرزنجەیی و سەعید سدقییەوە تەرجەمە کراوە.



ئەم وەرگێردراوە کە هەرگیز لە خۆڕا دەستی نەدراوەتێ لە لایێن ڕێبەرییێتی مەعاریفی مەنتیقەی بەغدادەوە، بە (نامەی ژمارە: ٦ / ٧ / ٢٧٧٨ی ٣ تەشرین ئەووەل ١٩٢٨) وەڵام دراوەتەوە کە من هەر مەتنە عارەبییێکەی دەگێڕمەوە و ئەمەیە: (كان قد قدم سعيد صدقي المدرس في السيمانية الاولى كتاب جغرافية في اللغة الكردية للصفوف الثالثة لاجل تدقيقه، ولم يكن كتاب جغرافية مقررا في اللغة العربية للصوف الثالثة نرجو — بە موتەسەڕڕیفییەتی سلێمانیی دەبێژێ/ k — ان تخبرو الموما اليه بعدم امكان تدقيقه من قبله تجدون الكتاب المذكور طيا لاعادته الى الموما اليه!

التوقيع مدير منطقة معارف بغداد).

### بەڵگەی دووەم:

محەممەد ئەمین زەکیی نوێنەری سلێمانیی لە ئەنجوومەنی نوێنەران — پەرلەمان — ی عێراقدا دوو ڕاپۆرتی بە ئەنجوومەنەکە داوە کە ڕۆژنامەی (ژیان — ٢١ی حوزەیران) بڵاوی کردووەتەوە ڕۆژنامەکە لە پێشەکییدا نووسیویێتی: (خولاسەی دوو تەقریری مەبعووسی موحتەرەمی سلێمانیی ئەمین زەکیی بەگ تەقدیمی مەجلیسی مەبعووسان — پارلەمان/k — ی کردووە لە خووسووس مەعاریفی کوردستان و تەشکیلی لیجنەیێکی عیلمیی بۆ تەئلیف و تەرجەمەی کتێبانی تەدریسییەی کوردیی و بۆ ئیحداس و تەشکیلی مودیرییەتێکی مەعاریف و تەعینی موفەتتیشینی کورد بۆ مەنتیقەی کوردەکان.

ب١/٢: خوڵاسەی تەقریری ئەووەڵ:

لە لیوای مووسڵ، هەولێر، کەرکووك و سلێمانیی، حاڵی حاز (٢٨) مەکتەبی کوردیی تێدا مەوجوودە، لە مەکاتیبی ئیبتیدائی، سانەویی کوردەکاندا، لەسەر مینهاجی ڕەسمیی مەعاریف بۆ (٥٨) مەوزووع کە مەجبوورن تەدریسی بکەن تەنها بۆ دەرسێکیان کتێبی کوردیی هەیە. بۆ مەوزووعەکانی دیکە؛ چونکە کتێب نییە، تەلەبەکان مەجبوورن نۆت بکرن و لەسەر ئەو نۆتانە مەحکوومی سەعیی کردنن. مومکین نابێ نوتێکی سەحیح بکرن و لەخاریجی ئیمکانیاندا نییە، لە غەیری ئەوەی کە بە غەڵەت و عەجەلە دەفتەرەکانیان ڕەش بکەنەوە ناتوانن سەعییێکی دیکە بکەن لەبەر ئەوە زیهنیان بەمەعلووماتی غەیرە سەحیحە

ئیشغال و ماندوو دەکرێ، هیچ ویجدانێك قوبووڵی ناکات ئەم تەلەبانە کە ئومێدی ئیستیقبالی کوردەکانن، بە مەعلووماتی غەیرە سەحیحە زیهن و دەماغیان موشەووەش و ژەهراویی بکرێ. مەجبوورن ئەو مەکتەبانەی کە کراونەتەوە، بی کەن بە موئەسەسەیێکی مەعریفەت بە وەسائیتی تەدریسییەیێکی چاك، ماددەتەن و مەعنەن، تەجهیزیان بکەن. لەبەر ئەمە ئیستیرحام دەکەم بۆ ئەوەی دەست بەجێ دەست بکەن بە تەرجەمە و تەئلیف، بەعەجەلە "لیجنەیێکی دائیمیی" تەشکیل و لە کوردە مونووەرە موقتەدیرەکانی ئێرە، ئەعزای بۆ تەعین بکەن! (هورد سەرنجی دوا بەند بدەن/k).

ب۲/۲: خولاسەی تەقریری دووەم:

ئەو مەکتەبانەی کە لە لیوای سلێمانیی، هەولێردا مەوجوودن، قیسمێکیان لە تەرەف مودیرییەتی مەنتیقەی مووسڵ و قیسمێکیان لە تەرەف مودیرییەتی مەنتیقەی بەغدادەوە ئیدارە دەکرێ. لەبەر ئەمەی کە مودیری هەردوو مەنتیقەکان، کوردیی نازانن عادەتا بێگانەکان بە ئەم لیسانە، ناتوانن تەفتیش و موراقەبەی مەکتەبەکان و قودرەتی تەدریسییەی موعەللیمەکان تێ ناگەهن و بە تەواویی عاجزن کە ئیسلاحی تەرزی جەرەیانی ئوسوولی تەدریسییەی مەکتەبەکان بکەن، لەبەر ئەم وەزعییەتە چونکە مەکتەبە کوردەکان لە موراقەبە و نەزارەتێکی موتەمادیی مەحروومن و نەتیجە بووە بەسەبەبی عەدەم تەرەققی و تەکامولیان، لەبەر ئەوە تەڵەب دەکەم ئەو مودیرییەتی مەنتیقەی کە دوو سێ ساڵ لە ئەمەو پێش بۆ ئەم خوسووسە هەبووە بەعەجەل ئیحداس و ئیعادەی بفەرموونەوە و مەکاتیبی سلێمانیی، کەرکووك و هەولێر ڕەبتی مەکتەبە کوردییێکان کە لە لیوای مووسڵدا هەیە بۆ تەفتیش و موراقەبەیان موفەتتیشی کوردی موقتەدیر ئیستیخدام و عەلاوەی قادرۆی – کادیر؛ دەستەی/ k – مودیرییەتی مەنتیقەی مووسڵی بکەن و موحەققەقە لێم ئومێدم تەرویج دەفەرموون.*

(تەواو)

* بنۆڕە: (۸/ل ۱-۳)



**بەڵگەی سێیەم:**

لە ۱ی حوزەیرانی ۱۹۲۸دا – وەك ژیان: (ژ ۱۱۸ بەڵگەیە – دەستەیێ لەنوێنەرە کوردەکانی نێو پەرلەمان، لەمەڕ مەعاریف – خوێندەواریی کورد ڕاپۆرتێکیان داوە بەوەزارەتی مەعاریف کە مەتنە تەواوەکەی ئەمەیە:

بۆ وەزارەتی جەلیلەی مەعاریف

لە فەخامەتتانەوە مەعلوومە کە جیهەتی شیمال – کوردستان/k – لە خوسووس عیلاقاتی سیاسییە و ئیقتیسادییەوە، لە ناو حوکوومەتە گەنجە تازە پێ گەهیشتووەکەماندا ئەهمییەتێکی گەورەی هەیە، لەبەر ئەمە لازمە ئیزالەی هەموو مەوانعێك بکرێ لە خوسووسی نەشری مەعاریفەوە و ئەو تشتانەی کە جەهل لادەبات ئەو سەبەبانەی کە مەعاریفی مەنتیقەی دواخستووە ئەمانەن:

۱- نەبوونیی کتێبانی تەرجەمە کراو بە کوردیی کە لیسانی تەدریسییەی ئەو مەنتیقەیەیە و عیبارەتە لە چەند لیواو قەزایێکی موهیم تووڵ و عورزی لە زاخۆوەیە هەتا پێنجووین و خانەقین و بەدرە.

۲- کەمیەتی موعەللیم لە ئەو مەنتیقەیەدا.

۳- بۆ ئەوەی ئیرشاد و موراقەبەیێکی تەواوی موعەللیمەکان و مەکتەب بکات و تەرەققیی و تەعمیمی مەعاریف بکات و لەسەر یێك ڕێ و یێك پرۆگرام تەدریس و تەدریسیان پێ بگات، بۆ ئەم مەنتیقەیە مودیرێکی مەعاریف نییە.

٤- لە ئەم مەنتیقەیەدا مەکتەبێکی موکەممەلی سانەویی نییە کە ببێ بە کەفیل و واسیتەی تەواوکردنی ئەو عیلمانەی کە تەلەبەکان لە مەکاتیبی ئیبتیدائییەدا خوێندوویانە و بۆ ئەوەی کە لە ئەوێدا لەزەت لە خوێندن وەربگرن و عیلمێکی چاك فێری تەلەبەکان بکرێت بەنەوعێك کە بتوانن بچنە مەکاتیبی عالییەوە.

٥- ئەم مەنتیقەیە مەحروومە لە مەکتەبێکی دارولمعەللمینێ کە مەوجوودییەتی ئەلزمە و یێکانە واسیتەیە بۆ ئەوەی موعەللیمی موقتەدیر و عالیم پێ بگەهێنێ کە بتوانن چاك و بە کوردیی تەدریس بکەن.

٦- لەبەر فەقیریی، ئەهالیی ئەو مەنتیقەیە ناتوانن و مومکینیان نابێ ئەولادەکانیان بۆ ئیکمالی تەحسیلی سانەویی و عالیی بنێرن بۆ مەرکەزی حوکوومەت.

٧- زۆر ئەسبابی دیکە هەیە کە بووە بە سەبەبی ئەوە کە ئەبەوینەکان (بابەکان/k) ئیهتیمام نادەن بۆ ئەوەی ئەولادەکانیان بنێرنە مەکتەب.

ئەو ڕێیەی کە لازیمە لە خوسووس مەعاریفەوە تەبەعیەتی پێ بکرێ ئەوەیە کە ئەو نۆقسانیانە و ئەو واسیتەی لە خوسووس مەعارفەوە هەیە و زیهنی ئەهالییێکەی ئیشغال کردووە کە ئیهتیمام بە مەعاریف ناکەن، لازمە لابرێ کە ئەمانەن:

١/٧: تەشکیلی لیجنەییێکی تەرجەمە و تەئلیف کە ئەعزاکانی لە عالیم و مونەوویرە مونتەخەبەکانی کوردەکان بێ، کە مووافیقی پرۆغرامی کتێب تەئلیف و تەرجەمە بکەن و ئیعتیقادمان وەهایە کە ئەم لیجنەیە ئیشەکانیان زۆر چاك و بەتەواویی بەجێ دەهێنن. وەزارەتی مەعاریف بۆ ئەم خوسووسە مەساریفێکی زۆری دەبێ و ئەگەر وەزارەتی مەعاریف لە حاڵی مەعزوور لە تەشکیل کردنی ئەم لیجنەیە کە زۆر پێ ویستە بۆ لابردنی تەزەبزوب، هیچ نەبێ ڕجا دەکەین ڕەسمەن ئیعلانی بکات کە ئەو کەسانەی مووافیقی پرۆگرامی مەعاریف کتێبێك تەرجەمە و تەئلیف دەکەن؛ بە نیسبەت چالاکیی کتێبەکانەوە ئیکرامییەییێکی دەدرێتێ کە ئەقللەن (٥٠٠) ڕوپییە کەمتر نەبێ. وە ئەگەر ئەم مەسئەلەیە تەرك بکرێ، بۆ تەشەببوسی خۆیان نابێ، چونکە ئەمە لە میللەتێکدا دەکرێ کە لە نێویاندا عیلم موتەرەققیی بێ و قەدری مەعاریف بزانن و ئەگەر مەساریفی ئەم مەسئەلەیە بۆ تەشەببوسی شەخسیی تەرك بکات، باوەڕ ناکەین هیچ کتێبێك لە خۆیەوە ئەم خزمەتە بکات، چونکە بۆ خۆی ئینتیفاعێکی ماددیی و زەروریی تێدا نابینێ! (لیژنەی وەرگێڕاندن و دانان لەسەردەمی ساتیعولحوسەرییدا پەك خرا./k).

٢/٧: بۆ ئەوەی موعەللیمی موقتەدیری عالیم بۆ سونفە سانەوییێکان چنگ بکەوێ، لازمە وەزارەتی مەعاریف لە خووسووسی زیادیی مەعاشەوە ئیهتیمام



بکات، چونکە ئیعتیقادمان هەیە کە پیاوی زۆر موقتەدیر، عالیم هەیە لە وڵاتەکەماندا فەقەت لەبەر مەعاش کەمیی ئینتیساب ناکەن بەمەعاریفەوە.

٣/٧: لازمە دائیرەییێکی مەعاریف لە ئەم مەنتیقەیەدا تەشکیل بکرێ بەشەرتێك مەرکەزەکەی لە وەسەتی – نێوەندی/k – ئەم مەنتیقەیەدا بێ کە بتوانێ موراقەبەی هەموو مەکتەبەکان بکات و لازمە مودیرێکی وەهای بۆ تەعین بکرێ کە لە مەداریسی عالییە دەرچووبێ کە موقتەدیر بێ، حاڵەتی مەعاریف بگەهێنێ بە حەددێکی مەتلووبەوە بوونی ئەم دائیرەیەش زەرورییە بۆ نەشری عیلم و مەعریفەت و حوکوومەت لە تەشکیل کردنی ئەو داییرەیە و مەسرەفێکی زۆری نابێ بەنیسبەت ئێستاوە کە بۆ تەفتیش و موراقەبەی لیوای سلێمانیی و کەرکووکی داوە بەغداد و ئەقزیییێکانی شیمال وەك زاخۆ، دهۆك، عەمادییە، عەقرەی داوە بە مووسڵ لە ئەمەدا هەم لە خووسووس مەعارفەوە، هەم لە خوسووسی تەدریساتەوە خراپە، چونکە تابیعی و مەنتیقەییێك نین تەدریسیان وەك یێك نابێ و غەیری ئەمەیش چونکە موفەتتیشین و مودیرینی ئەم مەنتیقانە کوردیی نازانن، هیچ فائیدەییێکیان لێ حاسڵ نابێ!

٤/٧: ئیکمال و تەنزیمی مەکاتیبی سانەویی بە سوورەتێکی وەها کە حەسبەلمەتلووب تەکەففول تەربییەی تەلەبەکان بکات و ئیمتیحانیان دەفع بکات و لە خوسووسئەو مەحزوورەوە کە تەلەبەکان چونکە بە عارەبیی ناخوێندن، لە مەکاتیبی عالییەدا موشکیلات دەکێشن ئەمیش ڕاست نییە چونکە ئەم مەحزوورە بە زیادکردنی ئەوقاتی تەدریسییەی دەرسی عارەبیی لە سونفە سانەوییێکاندا لابچێت.

٥/٧: کردنەوەی مەکتەبێکی دارولموعەللمین بۆ ئەوەی ئیحرازی موعەللمینی موقتەدیری چاك بکات کە بتوانن لەسەر ئوسووڵی تازە موافیق و مەتلووب تەلەبەکان پێ بگەهێنن.

٦/٧: کردنەوەی مەکاتیبی کچان.

٧/٧: هەر وەقتێك مەکتەبەکان و مەعاریفی ئەم مەنتیقەیە بە ئەم نەوعە کە عەرزمان کردن، تەنزیم کرا، ئەو وەقتە ئەبەوینەکان شەوقیان دەبێ کە منداڵەکانیان بنێرنە مەکتەب بۆ تەحسیل. ئەوجا ئیستیرحام لە وەزارەتی

مەعاریف دەکەین کە ئیهتیمامێکی کافیی و تەواو بەم مەعرووزاتانەمان بکات، لە ئەم ساڵەوە دەست بکا بە ئەم ئیسلاحاتە مەتلووبە و قەتعییە و ئیزالەی هەموو مەوانیعێك بکات کە دەبێ بەسەبەبی عەدەم تەرەققیی مەعاریفی ئەم مەنتیقەیە و ئێمەش پێشەکیی تەشەککوری دەکەین:

| | | |
|---|---|---|
| مەعرووف جیاوك<br>نائیبی ئەربیل | ئیسماعیل ڕواندزیی<br>نائیبی ئەربیل | محەممەد ساڵح<br>نائیبی سلێمانیی |
| محەممەد جاف<br>نائیبی کەرکووك | سەبریی<br>نائیبی سلێمانیی | عبداللە<br>نائیبی ئەربیل |
| جەمال بابان<br>نائیبی ئەربیل | سەیف اللە<br>نائیبی سلێمانیی | محەممەد سەعید<br>نائیبی کەرکووك |

( بەغداد- حوزەیران ١٩٢٨ )

**بەڵگەی چوارەم:**

لە ٢٠ی ئابی ١٩٢٨دا، دیسان محەممەد ئەمین زەکیی نوێنەری سلێمانیی ڕاپۆرتێکی گرنگ و هوردتری لەمەڕ نالەباریی و دواکەوتوویی خوێندن و خوێندەواریی کوردیی پێشکەشی پارلەمانی عێراق کردوووەتەوە؛ چەندوچۆنیی هەموو بارێکی؛ لەڕووی داراییشەوە و بەدەم بەراووردی ئاستی باژێڕەکانی عێراق و بە ئەژمارێکی بەڵگەدار و دڵنیاوە سەلماندووە (ژیان — س ٣، ژ ١٢٨، پێنجشەممە ١٩٢٨/٩/١٣ — ژ ٣٧: ١٥ / ١١ / ١٩٢٨، واتە لە (٦) شەش ژمارەدا ڕاپۆرتەکەی بڵاوکردووەتەوە... ئێرە بەشی بڵاوکردنەوەی ناکات).



**بەڵگەی پێنجەم:**

لە ٤ی نیسانی ١٩٢٩دا، دیسان نوێنەرانی کورد؛ سەیفوڵڵە خەندان، جەمال بابان، حازم شەمدینی، ئیسماعیل ڕواندزیی، محەممەد بەگ جاف، محەممەد ساڵح عەلی؛ سکاڵا نامەیێکیان داوە بە سەروەزیرانی عێراق و وێنەشی بۆ نوێنەری باڵای بریتانیا، لە نێویدا گلەییان لە جێ بە جێ نەبوونی (بڕیارەکانی ئەسپاردەی کۆمەڵەی گەلان) کردووە و داواییێکیشیان ئەوەیە: (خەرجیی — یا بوودجەی — پێ ویست بۆ مەعاریفی کوردستان زیاد بکرێ هەروەها ڕێبەریێتییێکی مەعاریفی گشتیی کوردیی دابندرێ).

**بەڵگەی شەشەم:**

لە شوباتی ١٩٣٠دا؛ نوێنەرەکانی کورد، سکاڵا نامەیێکی دیکەیان داوە بە (نوێنەری باڵای بریتانیا لە عێراقدا). عەبدوڕڕەزاق ئەلحەسەنیی خاوەندی (تەئریخ ئەلوەزارات ئەلعیراقییە/ مێژووی وەزارەتەکانی عێراق) دەبێژێت: هەردوو جار — لە جاری پێشووەوە — تەماشای داخوازییان نەکراوە.

**بەڵگەی حەوتەم:**

لە مارتی ١٩٣٠شدا، دیسان چەند نوێنەرێکی کورد، سکاڵا نامەیێکی گرنگتریان داوە بە سەروەزیرانی عێراق و وێنەیشیان لێ داوە بە نوێنەری باڵای بریتانیا و سەرلەنوێ داوای: (بە ڕسمیی ناساندنی زمانی کوردیی، بنیاتنانی ڕێبەریێتییێکی مەعاریفی کوردیی لە باژێرێکی کوردستاندا، بایێج دان بە وەرگێڕندن و دانانی کتێبی کوردی)یان کردووە.

**- هەڵ چوون**

کورد و مافەکانی و حوکوومەتی مەملەکەتی عێراقی بەرچاو تەنگ و دەسەڵاتدار و پشت ئەستوور بە ئینگلیزی چاودێری؛ دوو بەرە بوون، ڕۆژ بە ڕۆژ لە یێکدی بە گومان بوون، بەتایبەتیی کە کەمترین مافی خوێندن و خوێندەواریی ڕەوای کورد -وەك ئەو بەلگانە ساخیان کردەوە - ڕەفتاری چەوت چەوێڵیی لەگەڵ دەکرا.

لە ئەو هەلانەدا کۆڕو باسی پەیمان بەستنی نوێی بریتانیا — عێراق گەرم بووە، ئەو دوو لایێنەش هەر یێکە بۆ فەڕی خۆی و بە جۆرێ پەرۆشی هاتنەدیی و مۆرکردنی بوو.

لە لایێکی دیکەوە، کورد وەك چاوەنۆڕی ئەنجامی ئەو پەیمانە بوو چۆنی ڕێز دەگرێ هەروەها چاوەنۆڕیی بێ هوودەیشی بۆ مافی تەواوی خوێندەواریی، بەتایبەتی دوای هەردوو سکاڵا نامەکەی (نیسان ١٩٢٩ — مارت ١٩٣٠) کارێکی زۆری تێ کردبوو، بێزار و ڕوو لە هەڵ چوون بوو.

حوکوومەتی عێراق — بێ گومان بە ئامۆژگاریی بریتانیا — ویستی سروەیێکی خۆش بەرامبەر بە کورد بنوێندێ و هێووری بکاتەوە، بۆیێکا پێش مۆرکردنی پەیمانەکە لە ١٠/ نیسان/ ١٩٣٠دا، بەیاننامەیێکی بڵاوکردەوە گۆیا (لەبەر تیشکی مادە "١٧"ی بنچینەی قانوونی عێراقیە، لەمەڕ بەڕەسمیی ناساندنی زمانی کوردیی، پێشنیازی بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران کردووە تا لێی بکۆڵێتەوە و پەسەندی بکات).

پێش بەرگرتنی ئەم بەیان نامەیەش لە ٣٠/ حوزەیران/ ١٩٣٠دا، چوارەمین پەیمانی بریتانیا — عێراق بۆ ماوەی (٢٥) بیست و پێنج ساڵی دیکە مۆرکرا..

ئەم پەیمانە وەك هێندێ پارتی عارەبی عێراق پێی گران بوو لەلای هەموو چینە جۆر بە جۆرەکانی کورد ناپەسەند و پێ شێلی هەموو (مافە نەتەوەیییێکانی گەلی کورد) بوو، بەتایبەتیی کە لە هیچ برگەیێکی پەیمانەکەدا، لەمەڕ هەر مافێکی کورد و ئەسپاردەی کۆمەڵەی گەلان، دەنگ و ڕەنگێکی نەبوو.



لە ئێرەوە (مافی تەواوی خوێندەواریی) وەك ئەڵقەیێکی پچووك تێکەڵی تەواوی ڕستەکانی کێشەی سیاسیی گەلی کورد بوو.

زۆربەی جەماوەری کوردستان — باشوور — لە نێوان مانگەکانی تەمووز و ئەیلوول ١٩٣٠دا، ئاشتیی خوازانە کۆبوونەوە و خۆنیشاندانی ناڕەزییان دەست پێ کرد... سکاڵانامە و بروسکەیان کردە سەر نوێنەری باڵای بریتانیا لە عێراقدا، هەروەها سکرتێری کۆمەڵەی گەلان.

حوکوومەتی عێراق — بە ئامۆژگاریی و هاریکاریی هاوپەیمانەکەی — دوورکوژانە دەی نۆڕی و مەبەستی گەورەی لە بەردەمدا بوو؛ یێکیان ئەوە بوو هەڵ بژاردانی نوێی ئەنجوومەنی نوێنەران جێبەجێ بێ و پەیمانەکە پەسەند بکات.

لەئەو پێناوەدا و بۆ بەرگرتن لە هەڵ چوونی جەماوەری کورد، کەوتە کرد و کۆش و لەپێشدا جێگەنشینی تەختی عێراقیی — وەلیی عەهد — لە ١٦ / ٧ / ١٩٣٠دا دیدەنیی سلێمانیی کرد... جەماوەریش بە خۆنیشاندانێکی ئاشتیانە و ناڕازییەوە، پێشوازیی کرد.

دواتر بۆ هەمان مەبەست، هەروەها بۆ نواندنی هاوپەیمانیی و یێکدگیریی هەڵوێست؛ جێگیری سەروەزیرانی عێراق و جێگیری نوێنەری باڵای بریتانیا، دیدەنیی باژێڕەکانی کەرکووك، هەولێر، سلێمانیی کرد و لەگەڵ کۆمەڵانی ناسراوان وەك ژمارەیێ نوێنەری نێو پارلەمان، دەوڵەمەندەکان، سەرخێڵەکان، ڕۆشنبیرەکان؛ چەند کۆبوونەوەیێکیان کرد کە هەموو خەڵکەکە، نەك هەربێزارییان بەرامبەر پەیمانەکە دەنواند، بەڵکە لە تاو زۆر و ستەمی حوکوومەتەکانی عارەبی عێراق و بەپشتیوانی بڕیارە جۆر بە جۆرەکانی کۆمەڵەی گەلان، بە ئاشکرا (داوای جوێ بوونەوە و دامەزراندنی: حوکوومەتی کوردستانی سەربەست — چاودێری کراو ئێنگلیز)یان دەکرد!

جێگیری سەروەزیرانی عێراق؛ جەعفەرعەسکەریی؛ چیی نوێی لە هەگبەدا پێ نەبوو، ئەوەی هەیشی بوو، کۆی بکەیتەوە لە ئەم دەنکە قسانە پتر نەبوو، (عێراقین... یێکسانین... گەلاڵەنامەیێکی قانوونیی بۆ بەڕەسمیی ناساندنی زمانی

کوردیی پێشنیاز کراوە و چاوەنۆڕی پەسەندی پەرلەمانە... پشکنەرێکی مەعاریف بۆ قوتابخانە کوردییێکان داندراوە).

مێجەر یۆنگ Young جێگیری نوێنەری باڵای بریتانیا، ئەویش تشتێکی چاکی لە ژێر شەپقەکەیدا پێ نەبووە، هێندە نەبێ بە ئەم مانایەوە، سەلماندی: (پەیمانەکە هەرگیز لایێنگیری جوێ بوونەوەی کورد نییە. دڵنیایە کە حوکوومەتی عێراق قەدری زمانی کوردیی و ئارەزووەکانی دەگرێت)!

بە ڕۆشنایی ڕووداوەکان کە نوێنەری باڵای بریتانیا، کۆمەڵەی گەلان، حوکوومەتی عێراق، هەموو ئەو ناڕەزایی و سکاڵانامە و برووسکانەیان نەگرتە بەرچاو و گوێ و دڵیان نەدایێ و نرخیان نەگرتن! ئەوپەڕی وەڵامێکیش کە دەستگیر بووبێ، وەڵامێکی ساکاری (لیژنەی چاودێریی) ماندات بوو کە دەڵێت: (با سکاڵا نووسەکان ئاگەهداربن و تێ بگەهێندرێن کە کۆمەڵەی گەلان کۆشش دەکات هەمیشە ڕێزی مافەکانی کورد بگیردرێ، ئەگەر دەرکەوت کوردەکان دڵسۆزیی بۆ حوکوومەتی عێراق دەنوێندن و لە کردوکۆشدا دەبن بۆ سەقامگیربوونی ئاساییش).

دوای هەموو بێزاریی و لە یێك نەگەهیشتن و بە دەنگەوە نەهاتن، هەڵ چوون و کارەساتی (٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠ — سەڕی بەردەرکی سەرا — ی سلێمانیی) قەوما کە کاربەدەستەکانی بریتانیاو حوکوومەتی عارەبی عێراق، خۆنیشان دانی ئاشتییانەی جەماوەریان گوللەباران و خلتانی خوێن کرد و چەند هاونیشتیمان، بە منداڵ و گەورەوە، کوژران و دەیانی دیکە بریندار و گیران و بەند کران!

دەی لە نێو ئەم هەموو بارە ئاڵۆز و خوێناویەدا (مافی تەواوەتیی خوێندەواریی کورد) چیی لێ بەسەرهات؟

- وەرچەخاندێکی ناچاریی

گەلی کوردی خاوەندی مافەکان، ورەی بەرنەدا لەبریی نووچ دان، لە مانگی تشرینی یێکەمی ١٩٣٠دا — بەخوێنی شەهێدانی ٦ی ئەیلوول — سەرلەنوێ حەفید زادە مەحموود، مەشخەڵی شۆڕشی داگیرساندەوە هەروەها لە کانوونی یێکەمی ١٩٣١زدا ڕاپەڕینی (بارزان)یش قەوما و بێزاریی و متمانەنەکردنی خەڵکیش پتر



گەرم و گوڕ بوو؛ ئەمانە هەموویان بۆ ئەنجامەکانی بریتانیا و عێراق ترسناك و مۆلەکە بوون!

بریتانیا هەروەك حوکوومەتی عێراق؛ هەڵپەی بوو پەیمانە مۆر کراوەکەیان بکەوێتە گەڕ، حوکوومەتی عێراقیش لە لایێکەوە پەرۆشی کۆتایی هاتنی (چاودێریی ماندات) بوو لە لایێکی دیکەوە بە ناوی هاتنەدی سەروەرییەوە، عێراق بەرۆشی بە ئەندام بوون بوو لە کۆمەڵەی گەلاندا... بە ئەو ڕۆشنایییانە، هەردوولا، دەبوو هاویکاربن و هەنگاوی وەرچەرخاندن بنوێندن!

لە ئەم ڕووەوە؛ بەهاریکاریی هەردوولا، دوا شۆڕشی چەکدارانەی حەفیدزادە مەحموود، بەشەڕی (ئاوباریك — ٢٠ / ٤ / ١٩٣٢) و بەدیل گرتنی لە ٣١ / ٥ / ١٩٣١دا، کۆتایی پێ هێندراو هەر بە ئەو هاریکاریەش ڕاپەڕینی (بارزان) دامرکێندرایەوە!

لە سەرێکی دیکەوە، حوکوومەتی عێراق بۆ جوان کردنی وێنەی و لە ڕاهێڵەی (قانوونی زمانەکان نێو خۆیی/ ژ ٧٤ — ماددە (٥)ی ساڵی ١٩٣١)دا زمانی کوردیی بەڕسمیی ناسیی.

کۆمەڵەی گەلان — بێ گومان بە فیتی بریتانیا — مەرج و بەڵێنی کۆکتری لە حوکوومەتی عێراق دەویست بۆ (پەسەندکردنی بە ئەندام بوونی)، یێکی لە ئەو بەهانانەی؛ گۆیا (پاراستنی مافەکانی نەتەوە کەمەکان بوو) کە بێ گومان ئەم باسەی هەر کوردی نەدەگرتەوە.

حوکوومەتی عێراق ناچار ما لە ٢٨ / ١ / ١٩٣٢دا، بڕیاری چەند بەڵێنێ بدات و لە ٥ / ٥ / ١٩٣٢شدا، پەرلەمانی عێراق پەسەندی کرد.

لەنێو یێکێ بەڵێنەکاندا؛ بۆ یێکەمین جاری، بەڵێنی بە کۆمەڵەی گەلان دا: (حوکوومەتی عێراق، قاییلە لە قەزا کوردنشیینەکانی لیواکانی مووسڵ، هەولێر، کەرکووك، سلێمانییدا، زمانی کوردیی ڕەسمیی و هاوشانی زمانی عارەبیی بێ! بەڵام لە قەزاکانی کفریی و کەرکووکی سەر بە باژێڕێ کەرکووك - بەشی زۆریان گۆیا تورکمانن!! — ئەوە زمانی ڕەسمیی هاوشانی عارەبیی؛ کوردیی یا تورکمانیی دەبێت!/ ماددە: ٩، بەندی: ١).

شەش مانگی پێ نەچوو، ڕاستتر لە ٣ / ١١ / ١٩٣٢دا، لایێکەوە عێراق بوو بە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان لەلایێکی دیکەوە چوارەم پەیمانی بریتانیا – عێراق، هەر لە ئەو ڕۆژەوە کەوتە گەڕ!.

- **ئەنجامی گشتیی**

دەرکەوت کێشەیێ بە ناوی نووسین و خوێندەوارییەوە بنچینە نییە و ڕاستییێکەی (کێشەی تەواوی مافەکانی گەلی کورد) کە یێکی لەنێویاندا مافی تەواوەتیی خوێندەوارییە لەنێو مەملەکەتی عێراقی تازە دەوڵەتدا، هەروەها دەرکەوت کە ئەم مافە کەمەش چۆن پەت پەتێنی پێ کراوە و چەندی خایاندووە.

وێڕای ئەوانە و گەلێ باسی دیکە کە لە ئێرەدا جێگەیان نابێتەوە زۆر پێ ویستە بە دوای ئەنجامی ئەم کێشە پچکۆلەیەشدا بگەڕێین بپرسین:

داخۆ ڕیزە حوکوومەتەکانی عێراق، بە تایبەتی تا ساڵی ١٩٥٨، بڕیار و بەڵێنی قانوونیی خۆیان و ڕاسپاردە و بڕیارەکانی کۆمەڵەی گەلانیان ڕاست و ڕەوان جێبەجێ کردووە؟

وەڵام دانەوەی پرسیارێکی ئەوها هێندە گەورە، بێ گومان بەچەند لاپەڕە و بەڵگەنامە و چەند هەڵ سەنگاندنێ تەواو نابێت و نابڕێتەوە، بەڵام کۆشش دەکەم ڕووداڵەتە گرنگەکانی – لێم کۆڵیونەتەوە – لە چەند خاڵێکدا نیشانە بکەم و ببێژم:

١- لە ساڵانی ١٩٣١ – ١٩٣٢ بە دواوە، وەك زمانی کوردیی بە ڕەسیمی ناسراوە، ئەم قانوونە هەموو دەزگەکانی دەوڵەتی لە – کوردستانی باشوور – باکووری عێراق – دا نەگرتەوە!

٢- پلان دانانی خوێندن و ئاوەدان کردنەوەی قوتابخانە و مسۆگەرکردنی پێویستییێکان بەپێی هەوا و ئارەزووەکانی نێوچەکە و خەڵکەکەی نەبووە!

٣- هەر لە سەرەتاوە خوێندن بە زمانی کوردیی، هەر بەشی قوتابخانەکانی سەرەتایی بووە نەك قوتابخانەکانی نێوەندیی، ئامادەیی، کۆلێجەکان.

٤- هەر لەسەرەتاوە چەند وانەیێ لە کوێ گشت وانەکاندا بە زمانی کوردیی بووە نەوەك گشتیی (بێ لە عارەبیی و ئینگلیزیی).



٥- لە ساڵی ١٩٣٠ بە دواوە کە (موفەتتیشییەتی مەعاریفی مەنتیقەی کوردستان) لە باژێڕی کەرکووکدا ئاوەدان کرا، بە چەند کادیرێکی کەم و کەسانی نەشارەزا وەك نووریی بەرزنجەیی کوردیی کەم زان بە ڕێگەوە دەبرا، گۆیا سەرپەرشتی باری خوێندن و خوێندەواریی قوتابخانە کوردییێکانی ئەو شوێنە نیشانە بکەن!! ئەم دەزگە پڕ لە کەم و کورتییەش هەر لەگەڵ دەست پێ کردنی جەنگی گێتیی دەووەمەوە تا ساڵی ١٩٤٥ پەکی کەوت و بەرەبەرە لە چاو ون بوو!

٦- لە یێك کاتدا نا، لە بەرەوە؛ باژێڕەکانی مووسڵ، هەولێر، کەرکووك، سلێمانیی ڕێبەرییێتیی مەعاریفیان بۆ دانردا و توانای دارایی کەرەستەکانی قوتابخانەکان و خوێندنیش بەسترابوو بە وەزارەتی مەعاریفی بەغدادەوە.

٧- هەر لە سەرەتاوە بگرە هەتا ئەم ڕۆژگارە، هێندێ نێوچەی کوردستان بڕیاری خوێندنی کوردیی بەسەردا نەسەپێندرا، بۆ وێنە گەلێ نێوچەی کەرکووك خۆی و دەوروبەریشی، هەروەها نێوچەی براکانمان کە بە شێوەی کرمانجیی باکوور دەئاخڤن.

٨- هەر لە سەرەتاوە منداڵانی کورد لە قوتابخانە سەرەتاییێکانەوە تا ئامادەیی؛ بێ بەش بوون لە خوێندن و ناسینی ئەدەب، مێژوو، جوگرافیا، کەلەپووری نەتەوەیی خۆیان. پێچەوانەوەیش هەمان بەرنامەکانی خوێندنی منداڵێکی عارەبی نێوەند و باشووری عێراق بەسەر قوتابیانی کوردستاندا سەپێندرابوو.

٩- تا درەنگێکی زۆر، لە هیچ باژێڕێکی کوردستانی باشووردا – باکووری عێراق!! – فێرگەی پێ گەهاندنی مامۆستایان بۆ هەر جۆرە خوێندنێ ئاوەدان نەکراوەتەوە ئەم بارەش گەلێ ئەنجامی تاڵی بەخشیوە... لە لایێکەوە کەم و کورتیی کادیری مامۆستا، لە لایێکی دیکەوە پڕکردنەوەی هەر کەم و کورتیێ بە مامۆستای عارەب و هاوتای کە بێ گومان ئەرکی خۆیان لە قوتابخانە کوردییێکاندا پێ نەبراوەتە سەر، یا ناتەواو بووە. دیسان ئەم بارە زەبری لە پێشکەوتنی فێربوون، دەداو ئەرکی دارایی گرانی دەخستە ئەستۆی هەر خوێندکارێ کە بۆ مامۆستایی ڕووی بکردایێتە فێرگەی مامۆستایانی بەغداد یا مووسڵ.

١٠- خوێندكاری كورد، یێكسان لەگەڵ خوێندكاری دیكەی نێوچەكانی، عارەبی عێراق ڕەفتاریان لەگەڵ نەكراوە، چ لە وەرگرتن بۆ مامۆستایی، چ لە تەواوكردنی كۆلێجەكان، چ لە ناردنیان بۆ هەندەران و خوێندنی باڵا... تەنانەت تا ئەمڕۆژ هێندێ كۆلێج لە خوێندكاری كورد قەدەغەیە.

١١- سیاسەتی پەوەرشت و خوێندەواریی ڕیزە حوكوومەتەكانی عێراق بەرامبەر منداڵان، لاوان، مامۆستایانی گەلی كوردستانی باشوور — باكووری عێراق!! — هەمیشە بەدەم نۆڕینێكی جودا و نواندنی توند و تیژەوە، نەیاری هەست و سۆزی كوردایێتیی خەڵك بووە.ئەو خەڵكە هەمیشە ناچاركراوە هەستی فەرزكراوی هاونیشتیمانی عێراقییشیان لاوازببێ بە ئەوەی بەلای ڕژێمەكان و پارتەكانیاندا بە زۆر ڕاكێشراون و بیروڕای سیاسیانەی خۆیان و عارەبایەتییان بەسەردا زاڵ كردوون! هەر دەمێ، بەهەر بیانوویێ — داتاشراو و ساختەوە بووبێ، چۆنیان ویستووە، دەستیان لێ كردوونەتەوە و زەبری گورچك بڕیان لێ داون... سا یا دەركراون، بەندكراون، نان بڕاوكراون، لە سێدارە دراون. هەڵبەت ئەم كارە نا ئاسایی و ناقانوونیی و نا ئینسانییە، خۆی مایەی خوڵقاندنی دووبەرەكیی و جوداییە، نەك هاوسۆزیی نیشتیمانیی و برایی ئینسانیی و ژینێكی ئاسوودە و دڵنیا!

١٢- هێندێ هەواڵی كوردت و پێ ویست وەك وەڵام:

- یێكەم فێرگەی ئامادەیی پیشەسازیی لە هەموو كوردستاندا لە ساڵی ١٩٥٥دا لە سلێمانییدا دامەزرا.
- یێكەم فێرگەی مامۆستایانی نێرینە و مێینە لە ساڵی ١٩٥٦دا لە سلێمانییدا كراوەتەوە.
- یێكەم بەشی كوردیی لە كۆلێجی ئەدەبییاتی بەغدادا، لە ساڵی ١٩٥٨دا كراوەتەوە.
- ڕێبەرییێتیی گشتیی خوێندنی كوردیی، لە ساڵی ١٩٥٩لە بەغداد دا ئاوەدان كراوەتەوە.
- یێكەم دانیشتگەیێ لە كوردستانی باشووردا؛ ساڵی ١٩٦٩لە سلێمانییدا كرایەوە.



- دووەم بەشی كوردیی كۆلێجی ئەدەبییات لە ساڵی ١٩٦٩لە زانكۆی سلێمانییدا كرایەوە.
- دوای ماوەیێ پەك خستن، لە ساڵی ١٩٦٩دا بەڕێوەبەرایێتیی خوێندنی كوردیی بووژایەوە.
- لە ساڵی ١٩٧٠ بە دواوە و دوای بەیاننامەی ١١ی مارتی ١٩٧٠بڕیاری خوێندن بە كوردیی بۆ قوتابخانەكانی نێوەندیی و ئامادەیی و بەرە بەرە پەیڕەو كرا، بەڵام لە هەموو شوێنێكدا نەسەپێندرا! نێوچەكانی كەركووك و دهۆك فەرامۆش كران.
- لە ساڵی ١٩٧٤دا، بەپێی قانوونی خودموختاریی نێوچەی كوردستانی عێراق، پەیڕەوكردنی فێربوون و خوێندنی كوردیی هەموو نێوچەكەی گرتەوە، بەڵام تا ئەمڕۆژ وەك بڕیارە لە هەموو شوێنێكدا جێ بە جێ نەكراوە، وێرا فرە نێوچەی كوردی گەرمیان خراونەتە سەر باژێڕی (تكریت/ سەلاحەددین) و (دیالە) و (خانەقین) كوردان لە خوێندەواریی كوردیی بێ بەش كراون!

١٣- ئەگەر هەر لێ كۆلێكی زانست پەروەر و بەویژدان و سەر بە هەر ڕێكخراوێكی نێو دەوڵەتیی لە بڕیارە ئەسپاردەكانی كۆمەڵەی گەلان هوردببێتەوە و بەراووردی ڕەفتارەكانی ڕیزە حوكوومەتەكانی عارەبی عێراقی بكات و هەڵ بكشێ بۆ ساڵەكانی هەشتاكان و سەرەتای نەوەدەكان، ڕوون دەبێتەوە كە گەلی كوردستانی باشوور تێ كۆشاوە بۆ مافەكانی خۆی و بە زۆری خۆی هێندێ ماف و داخوازیی ڕەوای خۆی دەستگیر كردووە و بە درێژایی نیو سەدەش، مافە ئینسانییێكانی قوتابیان، لاوان مامۆستایان، تووشی پێ شێلیی بوون و سەر ئەنجام لە سایەی حوكمی عارەبدا، گەلێ كورد تووشی پاكۆ بوونی ڕەگەز، جینوساید Genocide بووە!

داوێن: ٢/٣

## دەنگە دەنگێك لەمەڕ ڕێنووسی كوردیی

نووسەر و پارێزەر ئیبراهیم ئەحمەد – بلەی ئەحە ڕەش – لەمەڕ زمان و ڕێنووسی كوردیی و لە گۆڤاری (هیوا – س ١، ژ ١٠، س ١٩٥٨)دا بە ناونیشانی (فرمانی ئێستەمان)ەوە گوتارێكی نووسیی بوو. تۆفیق وەهبییش لە (پێشكەوتن: ٢٨ / ٣ / ١٩٥٨)دا بە ناونیشانی (سوپاس)ەوە گوتارێكی نووسیی بوو، تێیدا كردەوەكەی – سەرف و نەحووی كوردیی – سەعید سەدقیی كابانی[1] بە كەم و ئەوەكەی خۆیشی بە چاكتر ژماردبوو.

---

[1]- ☼سەعید سدقیی كابان*: (ژ: ١٨٧٥ سلێمانیی – م: ٥ / ٧ / ١٩٦٧ سلێمانیی). مامۆستا و نووسەر.

ڕیشەی خانەدانەكەی پشدەرییە. دایكی فاتیمەی ناوە خوێندنی لە فێرگەكانی ئایینەوە، وەك (فێرگەی مەلا عەزیز/ مزگەوتی بن تەبەق)ی سلێمانیی، وەرگرتووە. لە مایسی ١٣٢٧ك – ١٩١١ دا چووەتە كۆڕی قوتابخانە ڕەسمییێكانەوە و مامۆستای (قرآن) فێر كردن و (زمانی عارەبیی و فارسیی) بووە. لە نێوان ١٩١٣ – ١٩١٤دا هەر مامۆستا و دواتر جێگیری ڕێبەری (قوتابخانەی ڕوشدییە – نێوەندیی – ی سەربازیی سلێمانیی) بووە. لە نێوان ١٩١٤ – ١٩١٥دا مامۆستا (قوتابخانەی (تەشویقییەی سلێمانیی) و لە نێوان ١٩١٩ – ١٩٢٢شدا مامۆستا (قوتابخانەی نموونەی سەعادەت)ی هەمان باژێڕبووە كە هەنگی (گوڵزار/ قەواعیدی زمانی كوردیی) بۆ قوتابیان داناوە.

لە نێوان سالآنی ١٩٢٢ – ١٩٢٣دا مامۆستای (قوتابخانەی ئامادەیی مەحموودیی) و (قوتابخانەی نێوەندیی قادریی) بووە. جارێكی دیكە لە نێوان ١٩٢٣ – ١٩٢٤دا هەمان پیشەی هەبووە. لە ١/ ٣ / ١٩٢٥ – ١٩٢٦دا یێكەم مامۆستا – ڕێبەری (قوتابخانەی سەرەتایی یێكەم)ی هەمان باژێڕ و لە ١٩٢٦ – ١٩٣١دا دیسان مامۆستای هەمان قوتابخانەی ئەمادەیی بووە. لە ١٩٣١دا بووە بە ڕێبەری (قوتابخانەی سەرەتایی سەرگەڵوو/ سلێمانیی) بووە ئەوجا ڕاگواستراوە بۆ (قوتابخانەی خالیدییەی سلێمانیی) كە تا ڕۆژی خانەنشیین بوونی: ١ / ٣ / ١٩٣٦ ماوەتەوە.



لەسەر ئەم باسەی دوایی – سەعید سدقیی كابانیش – بە قسەی بەهجەتی كوڕی گۆیا حەزی بە وەڵام دانەوەی ت. وەهبیی نەكردووە و ئیبراهیم ئەحمەد هانی داوە – بە ناونیشانی (ڕاست كردنەوەییێك)ەوە لە ڕۆژنامەی (ژین – ١٠ / ٤ / ١٩٥٨)دا وەڵامی تۆفیق وەهبیی داوەتەوە.

---

=لە چاكیی خۆیشیەوە و لە نێوان ١٩٣٦ – ١٩٣٨دا، مامۆستای قوتابخانە شەوانەكەی (كۆمەڵی زانستیی كوردان)ی سلێمانیی بووە.

سەعید سدقیی كابان هاوژینی هەڵ بژاردووە و نەوەی پێ گەهیشتووی هەیە، مامۆستا بەهجەت سەعید سدقیی كابان پشكن و دواتر ڕێبەری گشتیی پەروەردەی سلێمانیی، هەروەها دۆستی كۆچ كردووم عیززەت سەعید سدقیی كابان سەرۆكی بەلەدییەی سلێمانیی.

داندراوەكانی:

١- چاپ كراو

١/١- موختەسەری سەرف و نەحووی كوردیی – بەغداد ,١٩٢٨

٢/١- مەعلوومات دیننییة / معلومات دینیة – س ١٩٣٢ (وەرگێڕاندنی لە عارەبییەوە)** .

٢- دەست نووس

١/٢- هەدییە تولعیباد ئیلاسەبیلە ڕڕەشاد/ هدیة العباد الی سبیل الرشاد، ج١، س ١٩٢٥، ج٢، س ١٩٢٨.

٢/٢- جوغرافیا – س ١٩٢٨*** .

٣/٢- ٦٠٠٠ هەزار مەسەلەی ماتیماتیك / ستة الاف مسألة حسابیة**** .

٤/٢- قەواعید تەجوید/ قواعد التجوید (وەرگێڕاندنی لە توركییەوە).

٥/٢- تەئریخ پۆلی سێیەم/ تاریخ صنفی سێ هەم.

* سەرچاوە تەماشاكراو

١- كۆمەڵی بەڵگەی ڕەسمیی، دەست نووسی داندراوەكانی كە هەردوو كوڕی خۆی پێ نیشانیان داوم و كۆپیم كردوون.

٢- گوتوبێژ لەگەڵ كوڕەكانی لە نێوان ٩ – ١٦ / ٩ / ١٩٨٤ و ١٩٩٢دا.

** گۆیا سەیید فەتاح بەرزنجەیی و سەیید نووریی بەرزنجەیی لە وەرگێڕاندا هاریكاری بوون (وەك نووسراوە).

*** بۆ پۆلی سێیەمی سەرەتایی و گۆیا سەیید نووریی بەرزنجەیی هاریكاری وەرگێڕاندنی بووە. (وەك نووسراوە).

**** دەست نووسەكەم نەدیتووە و باسی كراوە، گۆیا سالآنی ١٩٣٢ – ١٩٣٥ داندراون.



@kurdica

چونکە نووسینەکەی ئیبراهیم ئەحمەد کورت کراوەتەوە و پێ ویست بە دووبارە کردنەوە ناکات، پەسەندم بوو کە هەر (سوپاس)ەکەی ت. وەهبیی و (ڕاست کردنەوەیێك) سەعید سدقیی کابان و (وەڵام نامەی ت. وەهبیی)ش پێ نیشان بدەمەوە کە ئەمەن:

١- سپاس – تۆفیق وەهبیی

(... گوتارێکم خوێندەوە لە کۆواری "هیوا"ی بەڕێز "ساڵ: ١، ژ – ١٠" بە ناوی "فرمانی ئێستەمان"ەوە. پێ ویستم بینیی کە سپاسی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد بکەم کە خۆی پاراستووە لە لایێنگیریی ناڕاستیی؛ بەڕاستیی تیپەکانم مێژوویێکی چیرۆکاویی سیی و پێنج ساڵی سەیریان هەیە کە ئێستە لەبەر خەریك بوونم شەو و ڕۆژ بە "کوردۆلۆژی"یەوە، نامەوێ وەخت سەرف بکەم لە گێڕانەوەیدا . لە ئێرەدا هەر ئەوەم پێ دەکرێ کە ئەو سەرچاوەیە پێ نیشان بدەم کە مامۆستا سەعید سیدقیی "ڵ، ۆ، ێ"ی لێ وەرگرتووە و خستوویەتە نامێلکەیەوە کە ناوی ناوە (مختصر صرف ونحو کردی) وە کە بریتییە لە لاسایی کردنەوەیێکی (نصر، ینصر). مامۆستا سەعید سیدقیی، نە ئەوسا دەی زانیی ئەم "ڵ، ۆ، ێ"یە چین و بە کەڵکی چیی دەهێن، وە نە ئێستا دەیان زانێ!! ئەم شکڵانەی لە منەوە دەست کەوت بوو. من هەرچەندە "دەستووری زمانی کوردی"یم ساڵێ لە پاش نامێلکەی مامۆستا سەعید سیدقیی بڵاو کردبووەوە، بەڵام ئەویش وەك هەموو خوێندەوارێکی ئەوسا کە پێوەندییان هەبوو لەگەڵ نووسینی کوردیی وە بە تایبەتیی ئەو خۆی کە گۆیا دەستووری زمانی دادەنا بەئەمری وەزارەتی مەعاریف، چونکە لە ساڵی ١٩٢٦ەوە شکڵەکانیان بەهەموو لایێکدا بەدەست نووسی بڵاو کردبووەوە، بەڵام هەر شکڵەکانیان. لەسەر ئەوەبوو کە لە عەینی ساڵدا، لە هەندێ لاوە بۆ دائیرەکانی مەعاریفی سلێمانیی و هەولێر نووسرا، وە پێیان گوترا کە (تۆفیق وەهبیی چەشنە نیشانەیێکی خستووەتە سەر تیپەکانی عەرەبیی کە لە"قرآن" دا نین) وە هەرگیز بڕوا ناکرێ کە باوکەکانی شاگردەکان ڕازیی بن بۆ بەکارهێنانی ئەو تیپانە؛ من کە دەم ویست؛ لەگەڵ ئەوەش کە دەمەقاڵێییێکم بوو لەگەڵ ئەو کەسانە، کاغەزیشم نووسیی بۆ هەندێ دۆستم کە جەواب بنووسنەوە بۆ ڕازیی بوونیان بە تیپەکانی من و کە چاویان پێ کەوتووە هیچ مۆخالەفەتێکی



نییە لەگەڵ دین و (قرآن) وەك من ویستم، جەواب هاتەوە. لە ئەمەدا یاریدەی مەعالیی جەمال بەگی بابان زۆر کاریگەر بوو. ئێستاش سوپاسی دەکەم. بەڵام بێ ئەنجام بوو، من ئەمەم هەر بۆ ئەوە گێڕایەوە کە بزاندرێ ئەو تیپانەم لە ساڵی ١٩٢٦دا بڵاو کرابووەوە. من لە هاوینی ساڵی ١٩٢٣ەوە لەسەر خواستی نووسراوی وەزارەتی مەعاریف، دەستم کرد بە نووسینەوەی "دەستووری زمانی کوردیی"، بە هەموو کۆششێکەوە کە ڕۆژ و شەو دەم کرد، توانیم لە ساڵی ١٩٢٩دا یێکەم جزم وە لە ساڵی ١٩٣٠دا بەشێکی گەورەی دووەم جزم بڵاو بکەمەوە؛ هەر لە ئەو ڕۆژەوە کە دەستم کرد بە گیرامێر – ڕێزمان/ k – نووسینەوە، هەستم کرد بە پێ ویستیی تیپی تایبەتی کرد بۆ کوردیی، گەلێ چەشنی نیشانەم دانا لەسەر تیپەکانی کوردیی و بە پێی پێشکەوتنم لە زانستی دەستووردا – دەستووری زمان – ڕێزمان/ k – گۆڕیمن، چونکە پیاو لە پاش چاك زانینی دەستووری زمانی کوردیی ئەوجا دەتوانێ شکڵی تیپ و دەستووری نووسینی و خوێندنەوەی بۆ دابنێ؛ لە ژمارەی "پێشکەوتن"ی ئایندەدا، وێنەیێکیان پیشان دەدەم لە ئەو ئیملایەی لە کانوونی یێکەمی ١٩٢٣دا کە چەند مانگێك بوو دەستم کربدوو بە نووسینی دەستوور، بەکارهێناوە. ئێوە دەبینن کە شکڵی "ڵ، ۆ"ی تێدایە، وە هەندێ نیشانەی دیکە کە لە پاشدا بەرە بەرە گۆڕیومن، بە وێنە (ڵ)م گۆڕیی بە "ل"ی خاڵدار کە وەك لە دەستووردا دەبینرێ؛ ئەو وێنەیە کە لە ژمارەی ئایندەدا دەبینرێ، زەنگۆگرافی – هەڵ کۆڵینی وێنەکانی/ k - لاپەڕێیکە لە موسوەددەی "دەستوور"ەکە، وە دەست نووسی مامۆستا ئەنوەر سایبیی خۆشەویستمە کە ئەوسا شاگرد بوو لە مەدرەسەی هەندەسەداو گەلێ ئێوارە دەهاتە لام بۆ دیدەنیی. زۆر جار تاکم لێ دەکرد کە ئەوەی دەم نووسیی لە "دەستوورەکە"دا، بۆم پاك نووس بکا؛ من سیی و پێنج ساڵ لەئەمەو پێشەوە ئەم نیشانانەم داناوە، دەیانەوێ ئەمانەشم وەك هەندێ لە کردەوە نووسراوەکانم لێ بفڕێنن. دەترسم ڕۆژێ چاکەتەکەشم بفڕێنن و ئاوەژوو لەبەری بکەن، بڵێن: مولکی کەس نییە؛ ئەوەی لە ناو ئێمەدا ڕوو دەدا لە ئەم بارەیەوە، لە ناو هیچ نەتەوەیێکی گێتییدا ڕوو نادا؛ لە نێو گشت قەومەکاندا، کەسێ بیەوێ وشەیێ، بەڵێ تەنیا وشەیێ بڵاو بکاتەوە، کە ئەو وشەیە کەسێکی دیکە لە پێش ئەودا دۆزیبیەتەوە، ناتوانێ ناوی

ئەم کەسەی دیکە کەتم بکا و بڵێ: ئەم وشەیە لەخۆمەوە دۆزیومەتەوە وە ئەگەر کەتمی بکا، ئەوانەی پێوەندییان هەیە لەگەڵ ئەو وشەیە، پەلاماری دەدەنێ و دەی کەن بەپەند. نووسەرەکانی گێتیی، سەرچاوەکانی نامەکانیان بەفەخرەوە لە نامەکانیاندا دەگێڕنەوە، کەچیی لای ئێمە نامەیێکی زل و زەلام دەفرێنێ، نەك کەسێ سەرزەنشتیان بکا، بەڵکە چەپڵەیان بۆلێ دەدەن و مودافەعەشیان دەکەن. ئیتر هیوای چیمان بە خۆمان بێ؟ خوا بکا ڕۆڵەی ئاییندەمان کە بێ گومان لەئەمانە خوێندەوارتر دەبن، ئەم ڕەووشتە نەگرن).

٢- ڕاست کردنەوەیێك (سەعید سیدقیی کابان/ موعەللیمی موتەقاعید)

(... لە ژمارە (٥)ی گۆڤاری "پێشکەوتن" ڕۆژی شەممە ٢٩ی مارت ١٩٥٨دا گوتارێکم لە ژێر "سپاس"دا خوێندەوە کە لە لایێن پایە بڵند مامۆستا تۆفیق وەهبییەوە نووسراوە. مامۆستای ناوبراو لە بابەت ئەو ئیشارەتانەوە دواوە کە من لە کتێبەکەمدا "مختصر صرف و نحوی کوردی — چلپخانەی نەجاح، بەغداد ١٩٢٨" لەسەر تیپەکانی "ۆ، ێ، ڵ" دام ناون. ئەوا منیش بۆ ئەوەی لای هەموو خوێندەوارە بەڕێزەکان ئاشکرا بێ، ئەوەی کە پێوەندیی بە ئەم باسەوە بێ، ڕوونی دەکەمەوە، وەنەبێ مەبەستی منیش لەئێرە ئەوە بێ کە داهێنانی ئەو ئیشارەتانەم لە مێژوودا بۆ بنووسرێتەوە:

١- مامۆستا تۆفیق وەهبیی لە گوتارەکەیدا دەڵێ: (مامۆستا سەعید سیدقیی نە ئەوسا دەی زانیی ئەم "ڵ، ۆ، ێ"یە چین بەکەڵکی چیی دەهێن، وە نە ئێستا دەی زانێ. من زۆر سوپاسی مامۆستای ناوبراو دەکەم بۆ بیروباوەڕی دەرحەق من! منیش دیارە تا کەڵکی ئەو ئیشارەتانەم نەزانیانە، لە کتێبەکەمدا ناوم نەدەبرد، بەڵام بڵێم چیی کە لەئەو کاتەدا لە چاپخانەکاندا ئەو تیپانەم بۆ دروست نەدەکرا، تا کتێبەکە بە ئەو جۆرە چاپ بکەم بەو ئیشارەتانەوە کە لە موسوەددەی کتێبەکەمدا بە دەست نووسیومەتەوە، وە کە ئێستاش — وەك مامۆستا تۆفیق وەهبیی دەڵێ — نای زانم بە کەڵکی چیی دەهێن، ئەوە باسێکی دیکەیە، پێ ویست بە لێ کۆڵینەوە ناکات، چونکە هەر قوتابییێك لە پۆلی یێکەم و دووەمی ئیبتیدائیی دەرچووبێت، بێ ڕاوەستان ئەو ئیشارەتانە لە شوێن و جێگەی خۆیدا بە ڕاستیی دادەنێت!



٢- مامۆستا تۆفیق وەهبیی دەڵێ: کە گۆیا؛ ئەو ئیشارەتانەم لە ئەوەوە وەرگرتووە، بە بەڵگەی ئەوەی کە ئەو چەشنە نووسینەی ئەوم دیتووە کە لەساڵی ١٩٢٦دا بە دەست نووس بڵاوی کردووەتەوە. وە دیسان وەك خۆی دەفەرموێ لە ساڵی ١٩٢٣دا موسوەددەی کتێبەکەی خۆی بە ئەو چەشنە ئیملایە نووسیوەتەوە. منیش لە ئێرەدا دەڵێم کە منیش موسووەددەی کتێبەکەی خۆم — کە لە چاپ کراوەکە دوورودرێژە — لە ڕۆژی چوارشەممە ١٥ی مانگی زیلحیجەی ساڵی ١٣٣٨ی کە دەکاتە ١ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٢٠ تەواو کردووە و لە نووسینەوەی ئەو موسوەددەیەدا — کە بۆ قوتابیان کورتم کردەوە و چاپ کرا — ئەو ئیشارەتانەم بەکارهێناوە. کەوا بوو بە ئەم پێیە، من ٣ ساڵ لە پێش ئەوەی ئەو دەست بکات بە نووسینی موسوەددەی کتێبەکەی خۆی، وە شەش ساڵ پێش ئەوەی ئەو ئیشارەتانە بە دەست نووس بڵاو بکاتەوە من بەکارم هێناون. وە ئامادەم ئەگەر پێ ویست زاندرا زەنگۆگرافی لاپەڕەیێك لە ئەو موسوەددەیە و ئەو لاپەڕەیەی کە تەئریخی تەواوبوونی نووسینی موسوەددەکەی تێدا نووسراوە، بڵاو بکەمەوە! لە ئەمەوە دەردەکەوێ کە من لە ئەو سەرچاوەیەوە کە زانای بەنرخ مامۆستا تۆفیق وەهبیی لە گوتارەکەیدا بەیانی کردووە، ئەو ئیشارەتانەم وەرنەگرتووە و بەڵکە بەبیری خۆم بووە، وە ئەگەر ئەم فیکرەیە لە کاتێکدا کە بەبیری هەردوو لاماندا هاتبێ جێی سەرسوڕمان نییە، بەڵکە شتێکی تەبیعییە، وە دیسان بۆ ڕاستیی ئەم قسانەشم شیعرێکی خودا لێ خۆش بوو "زیوەر"ی هاوڕێم کە بەستاییش فەرموویێتی و لە دوا لاپەڕەی موسوەددەی کتێبەکەمدا نووسیومەتەوە، پێشکەشی خوێندەوارە بەڕێزەکانی دەکەم و لە ئەم شیعرەدا تەئریخی نووسینەوەی موسوەددەکەی تێدا ئاشکرایە. ئیدی هیوادارم کە مامۆستا تۆفیق وەهبیی، لە ئەم ڕاست کردنەوەیە دلگیر نەبێ، چونکە ئامانجم تەنها دەرخستنی حەقیقەتە:

تەماشا و دیققەتم لێ کرد، دەکەم تەحسینی ئەفکارت
موبارەك بێ لە میللەت، ئەی ڕەفیقم تازە ئاسارت
لە مەیدانی مەعاریفدا لە بۆ ئەم میللەتی کوردە

حەقیقەت باغەبانیت کرد، بمێنـــــــــــێ باغ و گوڵزارت
کە سەرفی هیممەتی خۆت کرد لە (صرف و نحوی کوردیی)دا
هەموو ئەهلی هونەر تەقـــــــــــدیر دەکەن ئاساری نازدارت
لە تەئریخی هەزار و سێ سەد و هەشتی هیـــــــــــجرییدا
مەتاعی قاعیـــــــــــدەی کوردییت نیشان دا بۆ خریدارت).

(تەواو)

**٣– نامەی تۆفیق وەهبیی بۆ سەعید سدقیی کابان[٢]**

بۆ جەنابی مامۆستامان سەعید سیدقی بەڕێز

زۆر سپاسی مامۆستای خۆشەویست دەکەم بۆ ئەو وتانەی لە (ژین)دا نووسیبووتان. شیعرە نایابەکەی شاعیری خودا لێ خۆش بوو (زیوەر) دەلالەت لە ئەوە دەکا کە ئێوە لە ساڵی ١٣٣٨ی هیجرییدا (صرف و نحو)یێکی کوردیتان نووسیوە.

پەنهان نییە کە نیشانەدانان لەسەر تیپی عارەبیی، لەلایێن ئەو نەتەوە ئیسلامانەی بە ئەو تیپانە دەنووسن کە وەك جاوەیییێکان و هێندیییێکان و ئەفگانیییێکان... هتد، بە کردەوەیێکی چەند سەد ساڵ پێشترە. زۆر دوور نەڕۆین لە فەرهەنگێکی کوردیی – عارەبییدا کە (یووسف زیا پاشا) لە ساڵی ١٣١٠ھ/ ١٨٩٢م دا واتا بەر لە ٦٦ ساڵ بڵاوی کردووەتەوە، لە باتیی تیپەکانی (ۆ) و (ێ)دا وە لە باتیی (وو)یش واو و بۆ (وو)ی بەکارهێناوە!

شەمسوددینی سامیش بۆ فەرهەنگە تورکیییێکان خۆی بە چەشنێکی دیکە، نیشانەی دروست کردووە. لەبەر ئەمە هونەرێکی ئەوتۆ نییە کە جەنابتان و من بنازین کە یێکێکمان لە پێش یێکێکمانەوە هاتە بیری. خەڵك زۆر پێشتر هاتووەتە بیریان وخستوویانەتە کار. هونەر لە پاش دۆزینەوەی گشت بزوێن و دەنگەکانی زمانی کوردیی، دارشتنی قاعیدەیە بۆیان بەچەشنێ کە زمانەکە وەك لە دەم دەردەچێ بخوێندرێتەوە چونکە ئەمە کاری ئەو کەسەیە کە ئاگەهی لە هەموو کون و قوژبنێکی دەستووری زمانی کوردیی و فۆنۆلۆژیییێکەیێتی.

[٢]- گۆڤاری؛ پێشکەوتن – نیسان ١٩٥٨ز.



من ئەو قاعیدانەم دارژتووە لە ساڵی ١٩٢٩دا، لە (دەستووری زمانی کوردیی)دا بڵاوم کردووەتەوە کە لە ساڵی ١٩٥٦دا تەرجەمەم کرد بە زمانی عەربیی و لە شکڵی نامێلکەیێکی سەربەخۆدا دووبارە بڵاوم کردەوە! لە پێش ئەوانەدا هیچ کوردێ قەواعیدی نووسین و خوێندنەوەی زمانی کوردیی دانەڕژتووە و بڵاوی نەکردووەتەوە.

ئێستا هەندێ لە نووسەرەکانمان لەسەر ئەو قاعیدانە دەڕۆن، هەرچەندە ئەوانیش هەندێ نوقتەی هوردی ئەو قاعیدانە ساڵ لە پاش ساڵ تێ دەگەهن! من ئەمانەم بۆ خۆهەڵ کێشان نانووسم، بۆ ئەوەیان دەنووسم کە تەسجیلیان بکەم تا بارێکی دیکە هەروەك ئەم جارە قەوما، کەس ئیددیعای موڵکییەتیان نەکات و تووشی دەردەسەریی نەبم.

لە ئەنجامدا تکا دەکەم کە ئێوە بزانن من هەمیشە تەقدیرکاری ئەو خزمەتەم کە ئێوە بۆ خوێندەواریی کوردتان کردووە. لە تەئریخی خوێندەواریی کورددا جێگەی ئێوە بێ گومان باڵایە.

ئیتر خودا ئاگادارتان بێ مامۆستای خۆشەویست[٣]!

دۆستی وێژەتان
تۆفیق وەهبیی

(تەواو)

[٣]- وەك لە ئێرەو (داوێن: ٤/ بەڵگەکان)دا وێنەی دەست نووسی (گلزار/ گوڵزار)ەکەی سەعید سدقیی کابانم نواندووە٭، چەند لێی هوردبوومەتەوە، هەستم بە راستیییێك کردووە کە ئەوەیە: (ئەو نیشانەی بەسەر هێندێ تیپی ئەم دەست نووسەوەن؛ (نوێ)ن و پێ دەچێ لە ت. وەهبییەوە وەرگیرابن).

بۆ پتر دڵنیا بوونی خوێندەواران، پتر دەبێژم؛ وێنەیێکی کۆنتری ئەو (گوڵزار)ەم لە کنە کە کوڕی خۆی دۆستم کۆچ کردوو عیززەت کابان ساڵی ١٩٨٤ پێشکەشی کردم و لە ئەوێدا (هیچ نیشانەیێك بەسەر تیپەکانەوە نییە).

لەگەڵ ئەم ڕاستییەش؛ ئەو قسە و توانجانەی ت. وەهبیی – تا ئەم گوتوبێژەیش- کە بەرەو ڕووی سەعید سدقیی کابانی کردووەتەوە، بەڕاستیی ناپەسەندن و ناڕەوان، بەڵکە هێندێ درۆی زەقیشی کردووە.

## بەڵگەکانی کێشە لەگەڵ چوارەم پەیمانی بریتانیا — عێراق؛ س ١٩٣٠

### ١/٣/٣: پرۆغرامی فیرقەی موتەزاهیرینی کوردان

کە لە ڕۆژی ١٦ی تەموزی ١٩٣٠ ئیجرا بکرێ

١- ئامانج و مەقسەد لەم موزاهەرەتە سەرف لە ڕێیێکی مەشرووعەوە تەلەبی حقووقی مەعلوومەی کوردانە کە وەختی خۆی عوسبەتولئومەم پێی بەخشیوەو قەراری لەسەر دراوە.

٢- فیرقەی موتەزاهیرین بە عوومومی مەجبووره تەبەعییەتی هەموو قەوانین و نیزاماتی حکوومەتیی بکات و حەتتالئیمکان مەیدان بە حەرەکەتێك نەدات کە ببێ بە سەبەبی ئیخلالی ئەمنییەت و ئاسایش.

٣- محەللی ئیجتماع لەبەردەمی سەرای حوکوومەت و لەباغی بەلەدییەدا دەبێ.

٤- عوموومی ئەشرافی مەملەکەت و ڕوئەسای عەشائیر و ئەهالیی ئەمڕۆ کە موسادیفی ١٦ی تەمووزی ١٩٣٠ ساعەت لەنۆی عارەبیی لەنێو باغی بەلەدییەدا ئیجتیماع دەکات.

٥- ساحەی جوولانی فیرقەی موتەزاهیرین لەبەردەمی سەرای حوکوومەتەوە تا بەردەمی مزگەوتی گەورە و لە ئەم مەنتیقە مەحدوودەدا دەبێ.

٦- لە سەعات نۆ و نیوی عارەبییدا فیرقەی موتەزاهیرین لەحاڵی سوکوونەت ئیعتیدالدا لە محەللی ئیجتیماعدا حەرەکەت دەکات و دەچێتە بەردەمی مزگەوتی گەورە.

لە ئەوێدا بە ناوی عوموومەوە (لە تەرەف ڕەمزیی ئەفەندیی حاجیی فەتاح)ەوە قۆنفرانسێك دەدرێت.



٧- لە دوای قۆنفرانسەکە لە سەعات دەی عارەبییدا فیرقەی موتەزاهیرین بڵاو دەبێتەوە.

٨- هەیئەتی مومەسسیلەی فیرقەی موتەزاهیرین ئەم زاتانەی لای خوارەوەن: عەبدوڕڕەحمان ئاغا، ڕەمزیی ئەفەندیی حاجیی فەتاح، میرزا تۆفیق قەزاز، مەجید حاجی ڕەسوڵ ئاغا.

سلێمانیی: ١٦ی تەموزی ١٩٣٠.

### ٢/٣/٣- تەشریف هێنانی وەلیعەهدی بڵندپایە و موزاهەرەتێکی عومومیی

ڕۆژی ١٦ی مانگ ئەمیر غازی وەلیعەهدی بولوندپایەی عێراق تەشریفی هێنایە سلێمانیی، هەموو ئەهالیی لیوای سلێمانیی، عولەما، سادات، ئەشراف، توججار، ڕوئەسای عەشایێر، ڕوئەسای دەوائیر، مەئموورینی حوکوومەت، شاگردانی مەکتەب لە سەعات دووی کوردییەوە چوون بەپیریەوە و لەسەر جادەی دەباخانە لەئەو چادرانەدا کە لە لایێن بەلەدییەوە هەڵ درابوو حازیر و مونتەزیری تەشریف هێنانی بولوندپایەیان بوون، لە ساعەت دەووری ٣ ی کوردییدا تەشریفیان گەهیشت. کە گەهیشتە نزیك ئەم عەشاماتە لە ئۆتۆمۆبیل تەشریفی هاتە خوارەوە و تەفتیشی حەرەسی شەرەف و کەششافەی کرد و لەگەڵ هەموو ئەشراف و ڕوئەسای عەشایێر و مەئمووریندا موسافەحەی فەرموو.

لەدوای ئەمە تەشریفی سواری ئۆتۆمۆبێلی خوسووسیی خۆی بوو هاتنە نێو شار و لە ماڵی سەعادەتی موتەسەرڕیفی خۆشەویستمان دابەزیی.

ئەم میوانە گەروە و خۆشەویستە بە هەموو ئیحتیرامێکەوە قبووڵ و ئیستقبال کرا.

هەر عەینی ڕۆژ لەلایێنی ڕوئەسای عەشایێر، ئەشراف، توججار و ئەهالیی سلێمانییەوە نومایشێکی موتەنتەن و بەدەبدەبە ئیجرا کرا.

بەڵێ ئەم نومایشە، ڕۆحێکی غایەت بەرز و بەقیمەت، بە حیسسێکی غایەت عولوویی و موقەددەسەوە ئیجرا کرا. نەك هەر عولەما، سادات، ئەشراف، توججار و ڕوئەسای موحتەرەمەی عەشایێر بەڵکە هەموو میللەتی کورد، گەورەو پچووك،

منداڵی مەعسووم لە باوەش داییکیاندا لەگەڵ داییکە بە رەئفەت و شەفەقەتەکەیان، بەڵکە ڕۆحی هەموو مردووانی کورد لە سەمای مەعنەوییەت و ڕەحمەتدا ئیشتراکیان کرد.

بەڵی ئەووەڵ جار ئەم ئیزدیحامە لە ساعەت نۆی کوردییدا ڕووەو بازاڕ و ڕۆییشتن و لە پاشدا گەڕانەوە نێو باخچەی بەلەدییە — بەردەمی سەرای حوکوومەت. **دوو بەیداخ** کە لەسەر شانی ئومێدی ئیستیقبالی میللەت: تەلەبەی مەکتەب، هەڵ گیرا بوو ئەمانەی لێ نووسرابوو: (**ڕەوا بێ مەتاڵیبی کورد**)، (**بەرقەرار بێ عەدالەتی عوسبەتول ئومەم**). لەدەمی هەموو فەردێك بەبێ ئیختیار گۆرانیی وەتەنیی دەهاتە دەرەوە. ئەم ئیزدیحامە ئەوەندە زۆر بوو دەتوانین بڵێین بەحرێکە شەپۆلی دەدایەوە. لەبەر زۆری قەڵەبالغ لە باخچەی بەلەدییەدا جێگە نەبووەوە ،ئەوجا هەموو چوونە سەر جادەی سابوون کەران و لەبەردەمی چایخانەی حەمە ئاغا و مەکتەبی موتەوەسیتەدا ڕاوەستا. لەوێدا جەنابی وەتەنیی غەیور ڕەمزیی ئەفەندیی حاجیی فەتاح لەسەر سەربانی چایخانەکەی حەمە ئاغا ڕاوەستا و نوتقێکی غایەت قیمەت دار و موهەییجی خوێندەوە کە هەر حەرفێکی شایستەیە بە قەڵەمی زێڕین لە سەحیفەی تەئریخ و ئەعماقی... بنووسرێت و لەتەرەف میللەتەوە بە ئیحترامەوە چەپڵەڕێزان کرا وا عەینەن لە خوارەوە دەرجی دەکەین.

لەدوای ئەمە جەنابی میرزا تۆفیق دیسان لەسەر عەینی سەربان ئیرتیجالیی بەرامبەر بە میللەت چەند کەلیمەیێکی شیرینی ئەدا کرد. وە لە تەرەف هەموو میللەتەوە تەوکیل کرا مەتالیبی میللەت بە وەلیعەهدی بوڵندپایە عەرز بکات.ئەم نومایشە بە نەوعێکی وەها مەدەنیی و سکوونەت جەرەیانی کرد کە چارەی هیچ کەسێك غەیری سروورو تەبەسسوم هیچ عەلامەتی یەئس و تەئەسوور وە یا تەهەوور موشاهەدە نەدەکرا. لەدوای ئەمە لە ساعەت دەو نیوی کورییدا عولەما، سادات، ئەشراف، توججار، ڕۆئەسای موحتەرەمەی عەشایێر، ڕوئەسای دەوائیر چوونە دەوڵەتخانەی سەعادەتی موتەسەڕڕیفی خۆشەویست و لە ئەوێدا زیارەتی میوانی عەزیز و بوڵندپایە کرا.



لە ئەوێدا لەسەر تەکلیفی میللەت وەکیلی موحتەرەم جەنابی میرزا تۆفیق هەڵستایە پێیان. لەپاش ئەوەی کە بەناوی هەموو میللەتەوە عەرزی بەخێرهاتنی وەلیعەهدی خۆشەویستی کرد ، مەتالیبی میللەتی بەم تەحرە کە لە خوارەوە دەی نووسین بە عەرزی گەهاندو جوملەتەن لە تەرەف مودیری تەحریرات جەنابی جەلال سائیب ئەفەندییەوە بە عارەبیی تەرجومە و بە عەرز گەهێندراو وەلیعەهدی خۆشەویست زۆر چاك لە هەموو جوملەیێکی گەهیشت و بە دیققەت گوێی لێ ڕاگرت.

لە دوای تەواو بوون موتاڵەباتەکە کە عیبارەت بوو لە مەزبەتەیێکی عوموومیی لەلایێن خەتیبی موحتەرەمەوە تەقدیمی سوموویی وەلیعەهد کرا. تەرجەمە و جوابی سوموویی وەلیعەهدیش بە واسیتەی ڕەئیسی بەلەدییەوە بە میللەت گەهێندرا کە زاتی بوڵندپایەیان وەعدی فەرموو ئەم مەتاڵیبی میللەتە بە عەرزی عەتەبەی ملووکانەی بگەهێنێ و بەم تەحرە موزاهەراتەکە هەتا ئێوارێ درەنگ دەوامی کرد و لە دوای ئێوارێ خەڵقەکە بڵاوبوونەوە.

ژیان - ژ ٢٥٢- ١٩٣٠/٧/٢٧

**موتاڵەباتی عموومی میللەتی کورد بە واسیتەی میرزا تۆفیق قەزازەوە تەقدیمی ساحیبولسمو وەلیعەهدی خۆشەویستی عێراق کراوە**

لە پێشەوە بەناوی هەموو کوردانەوە عەرزی بەخێرهاتنتان دەکەین. وە خۆمان بەختیار دەزانین کە لەئەم فورسەتەدا تەشریفتان هێناوەتە لیواکەمان.

کوردەواریی، کە لە هەموو وەقتێکدا بە ئیرتباتێکی مەتین و سەمیمەوە مەڕبووتی عەرشی بەرزی عێراقە و خۆی بە شەرەف دەزانێ کە مەعرووزاتی ئاتییە بخاتە بەر نەزەری ساحێب سومووتان.

مەعلوومی ساحێب سومووتانە کە لە ئەم چەندانەدا موناسەباتی داخلییە و خارجییەی حوکوومەتی ساحێب جەلالەت مەلیك فەیسەڵی ئەووەڵ لەگەڵ حوکوومەتی بریتانیا رەبتی موعاهەدەیێك کراوە کە موافیقی ئەم موعاهەدەیە ئینتیداب مولغاو تەنها حوکوومەتی عێراق مەسئوولی ئیدارەی داخلییە دەبێت. لە ئەم موناسەبەتەدا دەمانەوێ بی هێنینەوە خاتیر کە وەقتێ لوجنەی ئیستیفتای



@kurdica

عوسبەتول ئومەم و حەللی ولایێتی مووسڵ هاتە عێراق، لە تەقریرەکەیدا وەهای تەوسیە کردووە (ئەگەر کوردستانی جونووبیی رەبتی عێراق بکرێت لازمە بۆ موحافەزەی مەوجودییەتی میللیە، عەنعەنە، زمان و عاداتی کە لە عوسبەتول ئومەم و مادە: ١٠٩ و ١١٠ی قانوونی ئەساسی عێراقدا تەئیید و تەسبیت کراوە).

حاڵی حازر، موافیقی موعاهەدەی تازە ئینتیدابی بریتانیا رەفع و لەسەرێکی دیکەیشەوە لە بنوودی موعاهەدەدا **حقووقی مەشرووعە** و موئەییدەی کورد کە عیبارەتە لە **موختارییەتی ئیدارەی** و ئیعتیرافی پێ نەکراوە، کوردەواریی بە عموومیی ئەم موعامەلەیە بە تەجاوزێکی سەریحی دەزانن بۆ حقووقی موعتەرەفەیان بە یێك دڵ و یێك ئاواز **مەتالیبی خۆیان** کە عیبارەتە لە **موختارییەتی ئیدارە بۆ کوردستانی عێراق یەعنی لیوای کەرکووك، هەولێر، سلێمانیی، ئەقزیەی شیمالی مووسڵ و قیسمی سەرووی لیوای سیروان** ئیددیعا و عەرزی ساحێب سمووتانی دەکات کە بۆ تەتبیقێکی سەریعی حەواڵەی سوڵتاتی عولیای بفەرموون.

ژیان، ژ ٢٥٢، ١٩٣٠/٧/٢١

**نوتقی موحتەرەم ڕەمزی ئەفەندیی**

**ئەی کوردینە**

هەر وەك قەتعییەتی ڕیازییە سابیتە ئیدی هەموو قەومێك بەلیسان، ئەدەبییات، تەئریخ، عەنعەنات، عورف و عادەتی خۆی تەرەققیی دەکات و ئەم عەسری بیستەمینی مەدەنییەتە عەسرێکی میللییەتە.

موحیت و حالاتی عموومییەی هیچ قەومێك نەبووە بە سائیقی تەرەققی و ئیعتیلا بۆ قەومێکی دیکە، بیلعەکس بووە بە سەبەبی فەلاکەت و ئیزمیحلالی.لەپاش حەربی عموومی تەئریخ و خەریتەی عالەم بۆ ئەم موددەعایە شاهیدێکی عادیلە.

هەموو زەریف دەزانین قەومی کورد ئایا لە ئەسنای حەربی عموومییدا و ئایا لە پاشدا گەلێ فورسەتی قیمەتداری دەست کەوت، مەعەئلەسەف لە هیچیان ئیستیفادەمان نەکرد، لە هەموو دەورێکدا ئەم فورسەتە باشانە یێکە یێکە بوون بە سەبەبی فەلاکەت و ئیدبارمان، مەسئەلە ئەهمییەتی کەسب کرد، لازمە ئەسبابی تەحلیل و تەحەڕڕیی بکەین و برینەکانی ئیجتیماعیمان دەرمان و سارێش بکەین، لە نەتیجەی ئەم تەحەڕییاتەدا دوو عیللەت لە خۆماندا دەبینین: یێکێکیان، لە نێو ئەفرادا نیفاقی دائیمیی و بێ مەحەببەتیی. دووەمیان، بۆ ئیحقاقی حەق و تەرویجی ئامال و مەتالیبی عموومییە، موراجەعەت بە عەقل و فیکر نەکردن.

بێ و لاپەڕەکانی تاریخی ئەقوام هەڵ بدەینەوە لە هەموو ئەقوامی مونقەریزدا ئەم دوو عیللەتە موشتەرەکە دەبینین کە بووە بە سەبەبی فەلاکەت و ئینقرازیان. ئەی کوردینە! لەم حاڵەشدا نابێ ئێمە مەیئووس ببین. چونکە ئیسلامین. پێغەمبەر (سلعم) فەرموویێتی: (اليأس كفر) یەئس کوفرە ، عەتالەت تەولید دەکات و نەتیجەی عەتاڵەتیش کردنە، فەلاکەتە، میللەتێك ساحێبی مەتانەتی ئەخلاقییە بێ بە عەقڵ و تەدبیری حەوالیەوە لە فەلاکەت دەرسی عیبرەت و ئینتیباە وەردەگرێ و فەلاکەتەکە دەکات بە سائیقی تەرەققی و ئیعتیلا بۆ خۆی. کە وەهابوو لازمە لەپێش هەموو تشتێکدا لەنێو خۆماندا نیفاقەکە هەڵ بگرین و لە جێگەی ئەم کەلیمە مەشئوومە تۆوی مەحببەت و ئیتیفاق بچێندین. زۆر شوکر ئەمڕۆ ئەسەری خێری ئەم ئیتتیفاقە لە میللەتەکەماندا دەبینین، گەورە و پچووك، داخلی و خاریج بۆ حقووقی موکتەسەبە و مەشرووعەمان لە دائیرەی عەقڵ و قانوون مەنتیق و فیکردا حەق و حەقیقەت بکەین بە پشتیوان و ڕەهبەرمان.

ئینجا بهێینە سەر مەوزووعی ئەم ئیجتیماع و موزاهەرەیە:

مەعلوومتانە، حوکوومەتی عێراق لەگەڵ بریتانیا موعاهەدەیێکی تازەی کرد. حوقووقی ئێمە لە مادە ٣ و ٤ی قەراری مەجلیسی عالی عوسبەتول ئومەم مادە ٣ی موعاهەدەی ١٩٢٢ و مادە ١٠٩ و ١١٠ی قانونی ئەساسیی حوکوومەتی عێراقییە و تەسبیت کرا بوو وە کە لە تەرەف حوکوومەتی فەخیمەی بریتانیاوە و جەلالەتی مەلیك و ڕەئیسی حوکوومەتی عێراقییەوە ڕەسمەن تەئیید و ئیعتیرافی پێ کراوە ،لاکین مەعەلئەسەف هێشتا ئەسیری دۆسیە و کاغەزە و لە شکڵی عەنقادا

ماوەتەوە و حەتتا لە ئەم موعاهەدە تازەیەشدا کە یێك دفعە موناسەباتی ئینگلیز و عێراق قەتعییەتی کەسب کردووە و ئینتیداب نیهایەتی هاتووە، دیسانەوە خراوەتە گۆشەی نسیانەوە، موعاهەدەکە وەك فەلاکەتێکی تاك زهوور ئومێدی ئیستیقبالی مەحوو کردووینەتەوە.

لەبەر ئەمە غایەی موزاهەرەکە ئیحتیجاجێکە بۆ مەتالیب و حقووقی مەشرووحە و مەشرووعەمان و لازمە گەورە و پچووك، هەموو کوردێك دەست بدەینە دەستی یێکدی و لە ئەم ڕۆژە تاریخیە ئیستیفادە بکەن.

ئەمڕۆ قەومی کورد بە وجوودی مولاقاتی وەلیعەهدی عێراق مەسروورو شادانن بۆ عەرزی بەخێرهاتن و مەتالیبی حقووقیە لە تەرف عموومەوە کۆمەڵێك هەڵ بژێردراون. ئەم کۆمەڵە هەیئەتی عموومیە تەمسیل دەکەن، بە پشتیوانی ئێوە موەففەق دەبن. لازمە لە تەرەف کۆمەڵەوە سەعیی و لە تەرەف ئێوەوە موزاهەرەت و قووەت. ئیدی حەق ڕەفیقمانە.

بژی قەراری مەجلیسی عوسبەتول ئومەم

بژی مەتالیبی قەومی کورد و موختارییەتی ئیدارە

بژی مەلیکی عارەب و کوردان کە مەلیك فەیسەڵی ئەووەلە

بژی حوکوومەتی فەخیمەی بریتانیا.

ژیان: ژ-٢٥٢- ١٩٣٠/٧/٢١



### ١/٣/٣/٣- **زیارەتی کەرکووك**(*)

**دیدەنییێکانی کاربەدەستان**

لەسەر موراجەعاتی موتەمادیی کوردانی سلێمانیی و کەرکووك و هەولێر فەخامەتی وەکیلی مەندووبی سامیی و وەکیلی ڕەئیس وزەرای عێراق ڕۆژی جومعە ١٩٣٠/٨/٨ لە بەغدادەوە تەشریفیان هێنایە کەرکووك و لە عەینی ڕۆژدا لە قشڵەدا عموومی ئەشراف و ئەعیانی کەرکووك و ڕوئەسا گەورەکانی ئەو لیوایە کە هەموو کوردن کۆیان کردەوە لە دوای بەستنی کۆمەڵەکە ڕەئیس وزەرا هەڵستا ئەو بەیانەی کە هەموو کوردێك خوێندوویێتیەوە و لە پێشدا نەشر کرا بوو، وەك گۆیا حوکوومەتی عێراق قەراری داوە بۆ کوردەکان موقەڕەڕاتی عوسبەتول ئومەم تەتبیق بکات خوێندیەوە و لە عەقەبی ئەوە فەخامەتی مەندووبی سامییش هەڵستاو نوتقێکی خوێندەوە و تەئیدی بەیانەکەی حوکوومەتی عێراقی کرد و فەرمووی ئێمەش لەگەڵ عێراق موتتەحدین بۆ تەتبیقی موقەڕەڕاتی عوسبەتول ئومەم.

لە دوای ئەمانە عەبدوڵڵە سافیی ئەفەندیی یەعقووبی هەڵستا و گوتی: لە ئەم بەیاناتە زۆر موتەشەککیرین. زاتەن ئەم لیوایە عیبارەتە لە تورك و عارەب یەعنی نوفووسەکەی سەد هەزاری لەم دوو عونسورەیە و ئێمە عێراقین لە وەحدەتی عێراق جودا نابینەوە. مستەفا ئەفەندی برایشی عەینەن تەئییدی قسەکەی کاکی کردەوە. بەڵام ئیدی لە حازیروون و لە ئەو هەموو قەڵەباڵغەدا غەیری فارس ئاغای بەیاتیی نەبێ کە پیاوێکی عارەبە و شێخ محەممەد حەبیب ئەفەندیی تاڵەبانیی نەبێ کە چونکە قازیی و مەئموورەو مەجبوورە، کەسێکی دیکە تەئییدی نەکردنەوە و حەتتا چونکە قسەکانی عەبدوڵڵە سافیی ئەفەندیی

(*) ژیان، ژ ٢٥٧، ١٩٣٠/٨/١٤.

هەمووی عیبارەت بوو لە بەیاناتێکی غەیرە حەقیقیی و بە ئاشکرا مەوجوودییەتێکی ئەکسەرییەتی کوردی پەنهان کرد، وەتەنپەروەرو جەوانمەردی غەیوری کورد محەممەد بەگی جاف مەندووبی پێشووی کەرکووك، هەڵستایە سەر پێ و بە هیممەتێکی مەردانە و بە دەنگێکی بەرزەوە فەرمووی: (لیوای کەرکووك ئەکسەرییەتی عەزیمەی کوردن، یەعنی لە ١٥٠ هەزار نفووس ١٢٠ هەزاری کوردێکی خالیسە ئەوجا ئەگەر بە زیادەوە حسابی بکەین ئەوی دیکەی تورك و عارەبن و ئەم قسەیەی منیش مەعلووم و ئاشکرایە و بەندە کە لە ئێرەدا تەمسیلی عەشیرەتێکی زۆر گەورەی وەك جاف دەکەم غەیری ئەمیش ڕوئەسای داوودە، زەنگەنە، جەباریە، شوان و سائیرە ڕوئەسای کوردان کە لە ئەم مەجلیسەدا حازرن بەندەیان تەوکیل کردووە کە بە ناوی عومووممەوە عەرزتان بکەم کە ئەم کوردانە بەیێك وجوود و یێك زمان داوای تەتبیقی موقەرەراتی عوسبەتولئومەم دەکەن. ئەمە حەقمانە و ئەم حەقەمان دەوێ و هەتا ئاخریی تەعقیبی دەکەین).

لەدوای ئەمە عەبدوڵڵە سافیی بەگ موتەهەوویرانە کە خیلافی ئاداب و ئیجتیماعییات بوو هەڵستا، گوتی: (ئەم زاتە بە ناوی کێوە قسە دەکات؟ ئەم جافانە عائیدی سلێمانییە، هەمووی دوو ساڵە ڕەبتی کەرکووك کراوە، با بچێتە سلێمانیی داوای حەقی خۆی بکات).

لەسەر ئەوە محەممەد جافیش هەڵستا و جوابی دایەوە: (من بە ناوی ١٥٠ هەزار جافەوە قسە دەکەم ، من کوردم، بۆ کورد دەژیم و بە کوردیی دەمرم. ئەم مەملەکەتە کوردە، لەبەر ئەوە هەموو کوردێك حەقی هەیە لە مەملەکەتی کوردان دا تەڵەبی حقووقی میللەتی وەتەنەکەی بکات).

حەقیقەتەن خوێنی کوردایێتی بە ئاشکرا لە دەمارەکانیدا جەوەلانی دەکرد. لەو ئەسنایەدا جەعفەر پاشا هەڵستا و ڕوی کردە محەممەد جاف، گوتی: (بە شەرەفی حوکوومەت و خۆم تەئمینت دەکەم کە بە تەواویی موقەرەراتی عوسبەتول ئومەمتان بۆ تەتبیق دەکرێ و ئەم لیوایەش ئیستیفادەی لێ دەکات).

محەممەد جافیش لە جوابدا گوتی: (سا باشە تەشەکورتان دەکەم).

لە ئەو ئەسنایەدا سەید ئەحمەد ئەفەندیی خانەقا و سەید محەممەد ئەفەندیی جەباریی و سائیری موحتەرەمەکانی کورد عەلەنەن هەڵستان تەئییدی



محەممەد بەگی جاف و حقووقی کوردیان داوا کردەوەو بە ئەم نەوعە موناقەشەکە دوایی هات و کۆمەڵەکە بڵاوبوونەوە.

### ٢/٣/٣/٣- **زیارەتی هەولێر** (*)

ڕۆژی شەممە ١٩٣٠/٨/٩ لە کەرکووکەوە تەشریفیان بردە هەولێر و لە ئەوێشەوە سەعات دەی ئینگلیزیی لەسەرادا، لە مەقامی موتەسەڕڕیفییدا ئەشراف و ڕوئەسای عەشائیرەکان کۆبوونەوە، لە دوای کۆبوونەوە ڕەئیس وزەرا ئەو بەیاناتەی کە لە کەرکووکیشدا خوێندبوویەوە بەیان و خوێندیەوە و فەخامەتی مەندووبی سامیش هەڵستا و نوتقێکی خوێندنەوە و بەیاناتەکەی ڕەئیس وزەرای تەئیید کردەوە.

لە دوای ئەمانە جەنابی ئەحمەد ئەفەندی ئەعیان و وەتەن پەروەری غەیوری کورد هەڵستا فەرمووی: لە پێش ئەمەدا قسە بکەین ئیجاب دەکات ڕوئەسای عەشائیر فیکری خۆیان بەیان بکەن چونکە ئەوانیش مەزبەتەیان تەقدیم کردووە.

مەندووبی سامیی فەرمووی: باشە.

لەسەر ئەوە ڕوئەساکان گوتیان بە عموومی جەنابی خدر بەگی ئەحمەد پاشای، لە ڕوئەسای دزەییمان کردووە بە وەکیل. مووما ئیلەیهی هەڵستا گوتی: ئێمە هەموو عەشائیر موتتەفیقەن تەئییدی مەتالیبی ئەهالیی سلێمانیی دەکەین. ئێمە لەگەڵ سلێمانیی دەژین و دەمرین!. یێکێکین. ئیستیرحام دەکەین ئەم سێ لیوایە کەرکووك سلێمانیی، هەولێر نابێ لە یێك جیا بکرێنەوە، هەرچی بە سلێمانیی بدرێ دەبێ ئێمەش ئیستیفادەی لێ بکەین.

لە دوای ئەمە جەنابی ئەعیان ئەحمەد بەگ هەڵستا فەرمووی: (ئێمە کوردین و حقووقی خۆمان دەوێ! بەندە چەند ساڵە لە خدمەتی حوکوومەتدام و تێ

(*) ژیان/ ژ ٢٥٧، ١٤ / ٨ / ١٩٣٠.

گەهیشتووم کە کورد بە عومووميی لەسەر حقووقی خۆی ئیسرار دەکات و ئەم حەقە بە قەراری عوسبەتولئومەم دامەزراوە پێ ویستە بمان درێتی) وە لەسەر ئیعتیراز و تەئسیری جەعفەر پاشا خیتابەن بە جەعفەر پاشا گوتی: (پاشا تۆ بۆ عارەبان دوو پەنجەت دانا ئێمەش حەقی خۆمانە لەڕێی ئەم حەقە میللیەماندا ڕۆحی خۆمان فیدابکەین. کەس حەقی عیتابی نییە و قەراری عوسبەتولئومەم ئەوەیە: لوغەتی کوردیی ڕەسمیی بێ. ئێمە بۆ ئەم حەقە موسیڕڕین).

لە پاش ئەم گفتوگۆیانە ئیسماعیل بەگی ڕواندزیی هەڵستا گوتی: (پاشا ئێمە لەم قسە پڕوپوچانە تێر بووین. بەحسی موستەقبەل دەکەین. موستەقبەل هەم سبحەینێ هەم دە ساڵی دیکە وەهایە، ئاخریی هەر موستەقبەلە. ئێمە حالەن تەتبیقی قەراری عوسبەتولئومەممان دەوێ. وە فەورەن دەبێ لیوای دهۆك تەشکیل بکرێ میللەت بە ئارەزوییێکی قەتعیی ئەم تەڵەبە دەکات).

لە پاشا مەعرووف بەگ جیاوك هەڵستا گوتی: (وەها دەزانم جەنابی فەخامەتمەئاب وەکیلی موعتەمیدی سامیی موساعەدە دەفەرمووی دوو قسە بکەم. بەندە عەرزێك، سوئالێکم هەیە: ئەو بەیانەی کە جەعفەر پاشا خوێندیەوە دووتشتی تێ گەهیشتم:

١- تەڵەبی وەحدەتی عێراقی — کورد و عارەب. ٢- عەدەم ئیمکانی تەئییدی حقووقی کوردان بە ماددەییێکی خاس لە موعاهەدە. (لەپێش جواب دانمدا جەنابی مەندووبی سامیی فەرمووی: کە بەعزێ مەحافیل وەها زەن دەکەن کە ئێمە تەشویقی بەعزێ کەس دەکەین و ئەگەر کەسێکی وەها ببێ و بهێتە دارو لئیعتیماد و لە دواییدا لە خۆیەوە قسەییێکی وەهای کرد بێ ڕەددی دەکەینەوە! ئێمە لەگەڵ حوکوومەتی عێراق یێکین).

بەندە لەسەر ئەم فەرموودەیەی دەڵێم: دەبێ فەخامەت پەناه و جەعفەر پاشا چاك بزانن بەندە کوردم و هەموو کوردێکیش وەك من تابیعی هیچ تەئسیری نییە. میللەتی کورد بە سائیقی ویجدانی قسە و ئیددیعای حقووقی دەکات. بەڵێ زۆر دەفعە بەعزێ کەس و بەعزێ لە گەورەکان، کە ئێستا لە مەواقیعی گەورەدان - تەئەددوب دەکەم لە ئەم مەجلیسەدا ناویان بهێنم- ڕوو بە ڕوو بە منیان دەگوت: ئێوە بە پەنجەی ئەجنەبیی ئەم تەڵەبە دەکەن).



مەندووبی سامیی پرسیی: (ئەجنەبی کێیە؟)

(ئەجنەبیی یەعنی ئێوە: ئینگلیز! وە دەلیلم ئەوەیە کە پار ساڵ ئەم جەمال بابانە کە دانیشتووە و کە وەزیرە بە مەزبەتە داوای حقووقی میللی کرد بوو، دیسان بە ئەم تەرحە ئیتتیهامیان دەکرد. بهێینەوە سەر حقووقیان. جەنابی فەخامەتمەئاب وەکیلی مەندووبی سامیی چاك دەی زانیی کە حوکوومەتی بریتانیا بە شەرەفی خۆی تەعەهوودی کرد بوو کە موقەڕەڕاتی عوسبەتولئومەم تەتبیق بکات، ئێستا هەموو کوردێك مونتەزیر و ئەمینە کە حوکوومەتی بریتانیا تەعەههودی خۆی دەهێنێتە جێ. زۆر ئارەزوو دەکرا کە جەعفەر پاشا لەباتی ئەو کاغەزەی لە جانتاکەی دەری دەهێنیێ، موقەڕەڕاتی عوسبەتولئومەمی لەگەڵ خۆی بهێنایە و عەلەنەن بی خوێندایەوە کە هەموو کەس تێ بگەهیشتایە. مەعە مافیهی بەندە بە نەزەرێکی حقووقیی خوێندوومەتەوە، جەمال بابان و جەعفەر پاشایش چاك دەی زانن کە من حوقووقیم (لەسەر ئەمە جەعفەر پاشا و مەندووبی سامیی و موفەتتیشی ئیداریی دەستیان کرد بە سرکە سرك و موفەتتیشی ئیداریی چوە دەرەوە) موقەڕەڕاتی عیسبەتول ئومەم چیە؟ ١- دەبێ مەئموورەکانی کوردستان لە عونسوری کوردیی بن ٢- لوغەتی کوردیی ڕەسمیی بێ).

لەم ئەسنایەدا موفەتتیشی ئیداریی گەڕایەوە لە ناو فایلێکیدا موقەڕەڕاتی عوسبەتولئومەمی تەسلیمی مەندووبی سامیی کرد، ئەویش فەرمووی ئەمە موقەڕەڕاتی عوسبەتولئومەم.

مولاحەزە: لەپێش ئەمەدا جەعفەر پاشا موسیڕڕەن دەی گوت: ناڵێ مەئمورەکانی کورد لە عونسوری کورد بن، دەڵێ هەر کوردیی بزانن.

مەندووبی سامیی خوێندیەوە و تەرجومە کرا و مەعلەم بوو کە ماددەکە دەڵێ: مەئمورەکان لە عونسوری کورد بن.

لەسەر ئەوە ئەحمەد ئەفەندیی هەڵستا فەرمووی: (ئەمە تەئویل و تەفسیر قوبوول ناکات چونکە سەریحە و مەعلوومە).

لەئەو وەقتەدا جەعفەر پاشا نەختێك شڵەژا و مەوزووعیان گۆڕیی، فەقەت جیاووك دەوامی کرد و بە مەندووبی سامیی گوت: (وەها دەزانم فەقەرەی

ئەخیری قەراری عوسبەتولئومەم دەڵێ: ئەگەر تەبدیلێك لە حوكوومەتی عێراقدا بوو، دەبێت حوكمێكی زاتیی بە گوێرەی ڕەغائیبییان بدرێ بە كوردەكان).

مەندووبی سامیی فەرمووی: (دوێنێ ئەم قسەیەم لە كەركووكیش بیست. ماددەیێكی وەها نییە).

جیاووك جوابی دایەوە: (لە نیهایەتی لائیحەی هەیئەتی عوسبەتول ئومەم سەتری ئەخیردا ئەم ماددەیە مەوجوودە. بەندە تەدقیقم كردوە و مەنزووری عالیشت بووە).

مەندووبی سامیی: (بەڵێ! ئەم لائیحەیە لە تەرەف عوسبەتولئومەمەوە تەسدیق كراوە و بڵاوكراوەتەوە و شكڵی قەراری وەرگرتووە).

لە دوای ئەمانە جیاووك هاتەوە سەر ئەسڵی مەوزووع و گوتی: (وەك عەرزم كردن بەیاناتەكەی جەعفەر پاشا دوو تشتی تێدا هەیە: ١- ئیتیحادی كورد و عارەب. جەعفەر پاشا چاكی دەزانێ ئێمە لەگەڵ عارەب مومكین نییە بە سوورەتی تەوحید – جیاووك پەنجەكانی خستە نێو یێكدی و گوتی بە ئەم سوورەتە – بژین فەقەت بە سورەتێكی – ئەم جارە پەنجەكانی جووت كرد گوتی – قابیلە بەم نەوعە وەك ئاوستریا و مەجەرستان بژین. هەموو كەسێك ئەمەی ئیدراك كردووە و میللەت لە حاڵی ئینتیباه دایە. لەپاش ئەمە جەریدەكانی بەغداد هاوار دەكەن ئێمە عارەبین و حوكوومەتمان عارەبە دەبێ كوردەكان وەك ئارمەنییێكان لێ بكەین. ئیدی مومكین نییە بە یێكەوە بژین).

لەسەر ئەمە جەعفەر پاشا بە تەهەووڕەوە گوتی: (من قسەت نادەمێ و حەقت نییە ناوی عارەب بهێنیت).

جیاووك: (پاشا من قسەم لە مەندووبی سامیی سەندووە بەندەیش بە قەدەر تۆ عارەبەكان تەقدیس دەكەم. فەقەت كوردم و كورد خۆی حەقی دەوێ. وەها دیارە ئەم جەرائیدانە بە ڕەزای حوكوومەت دەنووسن وە ئیللا دەبوایە تەعتیل بكرانایە. بهێینەوە سەر ماددەی دووەم، تەناقوزێكی زاهیریی لە ئەو قسەیەی جەعفەر پاشادا هەیە، چونكە لە جێهەتێكەوە دەڵێ بۆ ئەم حقووقە موغایری ئوسوولە، ماددەیێك داخڵی موعاهەدەكە بكرێ. بەندە دەڵێم بە نەزەرێكی حقووقی مومكینە ماددەیەك داخڵی موعاهەدەكە بكرێت كە ئەو ماددەیە بە



قانوونێكی خاس حوقووقی كوردەكان تەئمین بكات. لە ئەمەدا مانیع چییە؟ خولاسە هەموو كوردێك مونتەزیری تەتبیقی موقەڕەراتی عوسبەتولئومەمە).

بە ئەم نەوعە خیتامی بەیاناتی جیاووك هات و حازیروون بە عومووميی بێ ئیستیسنا فەرموودەی جیاووكیان تەئیید كردووە و مەجلیسەكە دوایی هات و بڵاوبوونەوە.

### ٣/٣/٣/٣- زیارەتی وەفدی ووزاریی بۆ سلێمانیی(*)

لەدوای تەواو بوونی موناقەشە و موجاهەدەی هەولێر، فەخامەتی مەندووبو ڕەئیسوول وزەرا و هەیئەتەكە ڕووە و سلێمانیی تەشریفیان هێنا ١٠ / ٨ / ١٩٣٠ لە سەعات ٣ی كوردیی دا كە میعادی هاتنیان بوو، عومووميی ڕوئەسای دەوائیر و مەئمووران و عولەما و سادات و ئەشراف و ڕوئەسای عەشائیر كە بیلعوموومی لە سلێمانییدا حازربوون، چوون بە پیریەوە. لە جادەی دەباخانە لەو ڕەشماڵانەدا كە بەلەدیيە هەڵی دابوو دانیشتن، غەیری ئەمانیش تاقمێك عەسكەری جەیش دوور لە ئەهالییەكەوە وەستا بوون، كەششافەی مەكتەب، قوتابیی مەكتەبەكان، بیلعومووم ئەهالیی شار، هەموو تەبەقەیێكی حازر بووبوو، دوكان و بازاڕ چۆڵ كراو قیسمی ژنانیش لە دەباخانەوە هەتا قاپی (سەرای) حوكوومەت، كۆمەڵ كۆمەڵ وەستابوون. فەخامەتی مەندووبی سامیی و هەیئەتەكە لە سەعات دوی عارەبییدا مووراسەلەتی چەمچەماڵ دەكەن و لە ئەوێشدا هەموو ئەهالیی و ڕوئەسای عەشیرەتی هەمەوەند لەسەر جادە وەستا بوون. كە تەشریفیان گەهیشتە ئەوێ هەموو بە دەنگی بەرز هاواریان كرد و داوای حقووقی كوردایێتییان كرد بوو. لە دوای ٣٠ دەقیقە ئیسراحەت، لە چەمچەماڵەوە حەركەتیان كرد و زاتەن سەعادەتی موتەسەڕریف و موفەتتیشی پۆلیس و مودیری پۆلیس بە ئۆتۆمۆبیل لە بەیانییەوە بەرەو پیریان ڕۆیشت بوون. لە سەعات چوار و نیوی كوردییدا

(*) – بنۆڕە ؛ ژیان – ١٩٣٠/٨/١٤

گەهیشتنە سەرجادەی دەباخانە. لەدوای ئەوەی لە لایێنی عەسکەرەوە بە سەلام بەخێرهاتنیان کرا هاتە بەردەمی ئەو عەشاماتە زۆرەوە کە بێ حەدد و حیساب ڕاویستا بوون، کە لە ئۆتۆمۆبیلەکە دابەزین بە کەڕەتێ دەست کرا بە چەپڵەڕێزان و هەر بژی کورد و کوردستان و بە کەڕەتێك هاوار دەکرا کە بە قەتعیی تەشکیلی حوکوومەتی کوردیمان دەوێ. لەو وەقتەدا قوتابییێکی مەکتەب بە جلی کەششافەوە هاتە بەر دەمیان و خیتاب بە مەندووبی سامیی نوتقێکی ئینگلیزی خوێندەوە کە لە خوارەوە دەرج کراو نوتقەکە بە چەپڵە لێ دان و هەر بژیی حوکوومەتی بریتانیا و کوردستان و هەر بژیی فەخامەتی مەندووبی سامیی موقابەلە کرا. لە دوای ئەمانە بە ئۆتۆمۆبیل هاتنە ناو شارەوە. لە ڕێگەدا لە هەموو نوقتییێکدا ژنەکان لە کۆڵان و سەربانەوە هاواریان دەکرد: هەر بژی کورد و کوردستان و حوکوومەتی کوردیمان دەوێ.

وەکیلی فەخامەتی مەندووبی سامیی تەشریفی بردەماڵی موفەتتیشی ئیداریی و وەکیلی ڕەئیسەلووزەرا و وەزیری داخلییە لە ماڵی موتەسەڕڕیف و وەزیری عەدلییە لە ماڵی بابان عەزمی بەگدا میوان بوون.

ئەو قەڵەباڵغییە تا ئێوارێ لەبەر دەرکی سەراداو جادەکاندا مایەوەو موتەمادیی هاواریان دەکرد: حقووقی موقەددەسی خۆمان دەوێ. ئەو ڕۆژە وەها دەوامی کرد. هەر شەو تەرتیبات کرا بۆ موزاکەرە. تەزکەرە نووسرا بە شوێن ئەشراف و ڕوئەسای عەشائیردا سبەینێ سەعات دووی کوردیی، هەموو لایێك لە مەقامی موتەسەڕڕیف دا کۆبوونەوە. دیسان بازاڕ داخراو ئەهالیی ڕووی کردە بەردەمی سەرای حوکوومەتی، تەلەبەی مەکتەب و هەموو ئەهالیی لە حاڵێکی مونتەزەمدا وەستا بوون کە فەخامەتی مەندووبی سامیی هەیئەتەکە تەشریفیان هێنایە سەرا، لەبەردەمی تەلخانەدا بە کەڕەتێك چوونە بەردەمی ئۆتۆمۆبیلەکەیەوە و بە کەڕەتێ هاواریان دەکرد: حقووقی میللییەمان دەوێ دەبێ حوکوومەتی فەخیمەی بریتانیا بۆمان تەئمین بکات.

حاسڵیی بە ئەم نەوعە داخڵی سەرا بوون و چوونە مەقامی موتەسەڕڕیفی و لە ئەوێدا هەموو لایێك کۆبوونەوە. ئەووەڵ جار لە تەرەف ڕەئیسولووزەراوە ئەو بەیانەی کە لە پێشدا لە جەریدەکاندا نەشر کرابوو و خوێندرایەوە. لە دوای ئەو



فەخامەتی مەندووبی سامییش هەڵستا ئەو بەیانەی کە لە کەرکووك و هەولێر دابوویان عەینەن خوێندییەوە.

لە خیتامی ئەمانەدا، جەنابی حەمە ئاغای عەبدوڕحمان ئاغا هەڵستا و فەرمووی: (جەماعەتی حازیرە کە تەمسیلی هەموو ئەشراف، سادات، عولەما، عەشائیری لیوای سلێمانیی و قیسمێك لە لیوای کەرکووك دەکات بە عموومی ڕەمزیی ئەفەندییان تەوکیل کردووە کە جوابی بەیاناتی فەخامەتی مەندووبی سامیی و ڕەئیسەلووزەرا بداتەوە و تەلەبی حقووقی میللیەمان بکات).

لە دوای ئەمە ڕەمزیی ئەفەندیی هەڵستا و گوتی:

(فەخامەتمەئاب

بەناوی عموومی ڕوئەسای عەشائیر و ئەشرافی کوردەوە عەرزی بەخێرهاتنتان دەکەم. میللەتی کورد تەشریف هێنانتان بۆ حەیاتی حوڕییەت و موستەقبەلەی خۆیان بە فەئلێکی خێر عەدد دەکات. بەیاناتی ڕەئیسولووزەرا، مەندووبی سامیی کوللییەن موخالیفی موقەڕەڕاتی عوسبەتولئومەم و ئیعتیرافاتی فەخیمەی بریتانیا و عێراقی لەپێش هەموو تشتێکدا دەبێت ئیتاعەی حقووقی موقەددەسە و ئیستیقلالی کوردان ببێ بە سەبەبی ئیتتیحادی عونسووری کورد و عارەب.

لای فەخامەتمەئابتان مەعلوومە کە کوردەکانی کوردستانی جونووبیی لە ئەسنای حەربی عموومیەوە تا ئەمڕۆ بۆ تەئمینی حوڕییەت و ئیستقلالی خۆیان لە سەعیی دوا نەکەوتوون و بۆ ئەم غایە موقەددەسە دائیمەن ئیلتیجایان بە موعاوەنەتی موشفیقەی حوکوومەتی فەخیمەی ئینگلیز کردووە، مەعەلئەسەف تا ئەمڕۆ نائیلی ئامالیان نەبوون، ئەگەرچی لە ئەم خوسووسەوە گەلێ مەواعیدیشیان پێ دراو لە عوسبەتولئومەمیش ئەم مەواعیدانە تەئیید کرا لاکین، تا ئەمڕۆ هیچیان بۆ تەتبیق نەکرا.

مەعلوومی فەخامەتتانە ئەووەڵ موعاهەدەی حوکوومەتی عێراق و ئینگلیز لە تاریخی ١٠ی تشرینی ئەوەلی ١٩٢٢دا تەسدیق کراوە و لەپاش ٧٤ ڕۆژ لە تاریخی ٢٤ی کانوونی ئەووەلی ١٩٢٢ بۆ تەشکیلی حوکوومەتی کوردییە لە بەینی حوکوومەتی فەخیمەی بریتانیا و عێراقدا ئەم بەیانە نەشر و ئیعلان کرا بوو.

مادام کە ئەسڵ عوسبەتولئومەم ئینتیدابی عێراقی داوە بە ئینگلیز و لە قەراری ئەم ئینتیدابەدا گوتوویێتی هەچ وەقتێك عێراق ساڵح بێ ئیستیقلالی دەدرێتی، لەهەمان کاتیشدا پێ ویستە حوکوومەتێکیش بۆ کوردەکان تەشکیل بکرێ. حوقووقەن وەها لازم بوو کە لە پێش تەنزیمی موعاهەدەی تازەی ئینگلیز و عێراقدا، کە تەئییدی قەراری عوسبەتولئومەم و ئیستیقلالی حوکوومەتی عێراق دەکات، حوکوومەتێکیش بۆ کورد بە سەراحەت بخرایە مەتنی ئەم موعاهەدە تازەیەوە لە لەئەمەشدا زەربە لە حوکوومەتی کوردەکان درا.

لای فەخامەتتان مەعلوومە کە حوکوومەتی عێراق کوردەکانی بە قووەتی تۆپ و تفەنگ ئیستیلا نەکردووە، لە عەقەبی موتارەکەدا کوردەکان بەئەو شەرتە خۆیان خستە حەلقەی رابیتەی ئینگلیز کە حوکوومەتێکی کوردییەی موستەقیلمان بۆ تەشکیل بکرێ و لەسەر ئەمە ئیتیفاق واقیع بوو، کە وەها لازمە چۆن عارەبەکان لە قەراری عوسبەتولئومەم موستەفید کراون، کوردەکانیش موستەفید بکرێن کە تەڵەبی هەموو کوردەکان: (تەشکیلی حوکوومەتێکی کوردییە لەژێر ئینتیدابی حوکوومەتی فەخیمەدا).

ڕەئیسولووزەرا: (من لەئەو بەیاناتە زیاتر کە لە پێشدا بۆم خوێندنەوە سەلاحییەتم نییە بە سوورەتی ڕەسمیی گفتوگۆیێك بکەم، ئەوە فەخامەتی مەندووب قسەتان لەگەڵ دەکات).

لەسەر ئەمە فەخامەتی مەندووبی سامیی هەڵستا و ئەم بەیانەی دا:

(لە خوتبەی ڕەمزیی ئەفەندییدا دوو نوقتەی موهیم هەیە: ١- بەیانی ١٩٢٢ و ٢- موقەڕەڕاتی عوسبەتولئمەم. بەیانی ١٩٢٢ هەروەك ڕەئیس وزەرا گوتی وەختی خۆی لەلایێن حوکوومەتی بریتانیا جواب دراوەتەوە، لە ئەم کاتەدا حەز ناکەم لەسەر ئەم مەوزوعە موناقەشە بکەم. دووەم موقەڕەڕاتی عوسبەتولئومەم بەلای منەوە تەوسیاتی عوسبەتولئومەم تەتبیق کراوە و من موتەئەسیفم ئەگەر ئەم تەوسیاتە شکێندرابێ، فەقەت تەقدیری تەنفیز و عەدەم تەنفیزی ئەم موقەڕەڕاتە بە دەست عوسبەتولئومەم خۆیێتی. حوکوومەتی بریتانیا و عێراق هەردوو لا هەوڵ دەدەن بۆ تەنفیزی موقەڕەڕاتی عوسبەتولئومەم. عوسبەتولئومەم ئەگەر دیتی موقەڕەڕاتەکەی تەتبیق نەکراوە موداخەلە دەکات).



وە گوتی: (بەعزێ کەس موراجەعەتیان کردووە بە عوسبەتولئومەم و جوابیان وەرگرتوەتەوە کە بە تەوەسسوتی حوکوومەتی مونتەدەبەوە، دەبێ موراجەعەت بکرێ و ئێستاکە عەینی موراجەعەت بە من کراوە، من لە ئەم خوسووسەوە موفەسسەلەن لەگەڵ حوکوومەتی عێراقدا موزاکەرە دەکەم. ئەم قسانە کەس وەها تێ نەگات کە مەقسەدی من مانیع هێنانە پێشەوە بۆ موراجەعاتی خەڵقیی هەموو کەس سەربەستە لە موراجەعەت کردن. فەقەت لازمە مەتالیب و تەسریع بە تەفسیل بەیان بکرێ. تەشکیلی حوکوومەتێك لە ئێرەدا موشکیلە... ئایا قابیلە کوردستان ئەم حوکوومەتە بتوانێ ڕابگرێ؟ دەمەوێ بزانم ڕەمزیی ئەفەندیی تەمسیلی سائیری کوردستان دەکات یا هەر سلێمانییی؟).

ڕەمزیی ئەفەندیی: (مەزبەتەی هەولێر مەعلوومتانە زاتەن لە ئەویدا بە خۆشتانیان گوتووە کە ڕەئیمان لەگەڵ خەڵقی سلێمانییە. قیسمێك لە عەشائیری کەرکووك ئەوەتە ئەم مەجلیسەدا حازرن ئەوانیش هەر لەگەڵ ئێمەن و مەزبەتەی عومووومی عەشائیری کەرکووك تەقدیم دەکەم و مومەسسیلی هەولێریش لەئیرە حازرە).

مەندووب: (چوینە هەولێر و کەرکووك لەوێشدا مومەسسیلی کوردان کۆبونەوە عەینی موناقەشە کرا. فەقەت کەس ئیزهاری جیابوونەوەی نەرکرد تەنها سلێمانیی تەلەبی ئیفتیراق دەکات).

ڕەمزیی ئەفەندیی جوابەکەی سەرەوەی تیکرار کردەوە و، گوتی: (ئەم دوو لیوایە لەژێر تەزییقو تەئسیر بوون لەبەر ئەوە حیسسیاتی حەقیقیەی خۆیان ئیزهار نەکردووە. ئەمر بفەرموو بهێنە ئێرە ئەوسا مەعلوومتان دەبێ کە ئەمە تەئکید دەکەنەوە و کوردستان هەمووی لە هەمان فیکر دایە و یێك هەدەف تەعقیب دەکات کە سەربەخۆیی کوردستانە).

مەندووبی سامیی: (کە وەها بوو لازمە هەموو لایێك مەتالیبی خۆیان بە سەراحەت و بە تەفسیل بۆ عوسبەتولئومەم بەیان بکەن. کوردەکان چ جۆرە حوکوومەتێکیان دەوێ، مەلەکیی یا جومهورییی؟ پارلەمان، ڕەئیسی وزەرا و مەجلیسی ووزەرایان دەبێ یا نە؟ ئایا فیکریان بەرامبەر بە مەلیك فەیسەل گۆڕیوە یان نە؟ ئایا دەیانەوێ هەرجۆرە... حوکوومەتی و گومرگ و مەکووس،

ئەشغالی عامە، پۆلیس، عەسکەریان بێ؟ ئایا موناسەبات و عەلائیقی حوکوومەتەکە وەها تەشکیل دەکرێت، چیی دەبێ لەگەڵ بریتانیا؟).

ڕەمزیی ئەفەندیی خیتاب بە مەندووبی سامیی گوتی: (فەخامەتتان فەرمووتان کە بەیانی ١٩٢٢ ڕابورد و کۆنە. حەق کۆن دەبێ نامرێ. ئەم بەیانە کافیلی حوقووقی موقەددەسەی ئیستیقلالی قەومێکە تەلەبی تەتبیقی دەکەین). بەسە بەسە بەسە!

حەمە ئاغا: (ئێمە کوردین و، کوردستان عیبارەت نییە هەر لە سلێمانیی لە زاخۆوە هەتا خانەقین کوردەوارییە و نایانەوێ لەگەڵ عێراق بژین و حوکوومەتێکی موستەقیللەی کوردیمان دەوێ لەژێر ئینتیدابدا. ئەگەر ئینگلیزیش نامان داتێ موراجەعەت بە عوسبەتولئومەم دەکەین).

خیتاب بە ڕەئیسوو وزەرا: فەخامەتتان زۆر چاك دەی زانن کە حیسسیاتی میللییە بە نەوعێك چووەتە مێشکی عونسوری عارەب و کوردەوە کە هیچ هێزێك نییە مەحووی بکاتەوە، بینائەن عەلەیهی ئیمکانی ژیانێکی موتتەحید نییە لە نێوان عارەب و کورددا و هیچیان ئیستیفادە لە یێکدیی ناکەن. بۆ هەردوو وەها چاکە کوردستانێك لەژێر ئینتیدابێ عوسبەتولئومەم چونکە ئەم ئینتیدابە بە نەوعێ عارەبەکان ئیستیفادەیان لێ کرد کە لە ماوەی ١٠ ساڵ دا ئەوەتا ئیستیغنا لە حوکوومەتی ئینگلتەرە دەکەن).

خیتاب بە مەندووبی سامیی: (ئەم دەنگی کوردایێتییە تەنها، وەك جەنابتان دەفەرموون، مەخسووسی دۆڵی سلێمانیی نییە، هەولێر و کەرکووك لە ژێر تەزییقی مەئموورینی عارەبدان. ئەگەر بانگ بکرێنە ئێرە مەعلووم دەبێ کە هەموو غایە یێکێکە).

ڕئیس وزەرا: (تەشەکوری بەیانەکەتان دەکەم زۆر مەسروورم کە لە قیتعەیێکی عێراقدا ئەهالیی لەسەر غایەیێکی وەها ئیتتیحادی کردووە. لە خوسووسی بەیانی ١٩٢٢ەوە دەمەوێت بە سوورەتی خوسووسیەوە قسە بکەم، چونکە ئەوییی سەلاحیەتدار بم بڵێم عیبارەتە لە ئەو بەیانەی کە لە پێشەوە عەرزم کردن. وەك ڕەمزیی ئەفەندیی دەڵێت موعاهەدەی عێراق ئینگلیز هەرچەندە لە ١٩٢٢دا عەقد کراوە فەقەت لە ١٩٢٤دا لە تەرەف مەجلیسی



تەئسیسیەوە تەسدیق و حەقی قانونیی کەسب کردووە و لەئەو مەجلیسەدا مومەسسیلی کوردیش هەبووە. زۆر چاك لەبیرتانە لەژێر ڕیاسەتو ئەمارەتی شێخ مەحموودا، ئیدارەییێکیان بۆ دامەزرا بوو، لە پاشدا ئەهالیی کەوتە تانە و لەوم و شیکایەت لە شێخ مەحموود، کە ئێستاش دڵیان پێتان دەسووتێ کە حوکوومەت مەجبوور بوو بەناردنی ئۆردو. لەپاش ٣ ساڵ حەرەکاتی عەسکەرییە ئەوسا وەزعییەتی بۆ چاك کرا. ئەم بەیاناتەم بە سوورەتی خوسووسییە بۆ تەنویری ئێوەیە).

شێخ قادر: (شێخ مەحموود فەردێکی ئەم میللەتەیە. میللەتی کورد ئەبەن عەن جەدد حورمەتی شێخ مەحموود و ساداتیان گرتووە. زوڵمی شێخ مەحموود بە قەدەر زوڵمی عێراق تەئسیری نەکردووەتە سەر ئێمە. ڕەئیس وزەرا گورێز دەکات، ئێمە میللەتێکی سەربەخۆین لەژێر ئینتیدابدا حوکوومەتێکی کوردیمان دەوێ وەگەر نا ناژین).

ڕەمزیی: (ئەم حەقە بە میللەتی کورد دراوە. ئەگەر شێخ مەحموود خەتای کردبێ دیسانەوە میللەت قەباحەتی نییە. مەعلوومی فەخامەتتانە خەتای کەسێك حوقووقی میللەتێکی وەها مەحوو ناکاتەوە. شێخ مەحموود لەلایێن دوژمنانی کوردەوە ئیغفال کرا بوو، مەسئەلەی شێخ مەحموود تەئسیری نەبوو بۆ ئیمحای میللەتمان. بەڵام ئێوە دەتانەوێ بە کەرەتێك بمان کەن بە عارەب).

عیززەت بەگ: (میللەتی کورد تەنها عیبارەت نییە لە سلێمانیی، لە زاخۆوە تا خانەقین هەموو داوای ئەم حەقە دەکات و هیچ کوردێك کەرەتێکی دیکە لەگەڵ عێراق ناژیی. بۆ ئیحقاقی حەقمان موراجەعەت بە حوکوومەتی مونتەدەبە دەکەین. ئەگەر ئەویش نەی پرسی، شیکایەت دەبەینە بەر عوسبەتولئومەم. کورد حوکوومەتێکی موستەقیللەی دەوێ لەژێر ئینتیدابدا. بەهەموو هێزمانەوە بۆ ئەم غایەیە سەعیی دەکەین. ئەم جارە سیلاح و تفەنگمان قەڵەم و موراجەعەتە).

ڕەئیس وزەرا: (لام وەهایە عونسوری کورد لە عێراقدا لە عونسوری عارەب موحتەرەمتر و مورەففەهترە، هەرچیی مەشەققەت و ئەزییەتە بەسەر عارەبەکانەوە هەیە، حوقووقی کورد مەحفووزە یێکێ بڵێ مەئموورێکی عارەب زوڵمی لە کورد کردبێ؟).

مەجید ئەفەندیی حاجیی ڕەسوڵ ئاغا: (بەڵێ کورد دائیمەن مەعرووزی زوڵمی عارەبەکان بووە. پار کە لە بەینی عارەبەکانی فەلەستین و سەهیۆنییێکاندا شەڕ بوو، عارەبی عێراق بە یێکجار کەوتنە تەعزییەوە. ئەنواعی موراجەعەت و موزاهەراتیان کرد، کەچیی ئێستا هاوخوێن و براکانمان لە کوردستانی شیمالییدا لەلاییێن تورکەوە سەر دەبڕدرێن، غەزەتەکانی بەغداد بە ئاشکرا تەقدیری تورکەکان دەکات و بەیانی شادمانی دەردەکات. بە تۆپ و تفەنگ و مەترەلیۆز تەهدیدی ئێمە دەکات کە دەڵێ لەگەڵ تورك دەتان پلیشێنینەوە و عارەب هیچی لە تورك کەمتر نییە. عەلاوەی ئەمەش، لە ڕۆژی تەشەککولی حوکوومەتی عێراقەوە هەتا ئێستا موتەعەددید موعەللیمتان لە ئەورووپاو ئینگلتەرە، سوریە و جێگەکانی دیکەوە تەرتیب کردووە و هەموو ساڵێك کۆمەڵێکی زۆر قوتابی عارەب کە بە ئیستیعداد و زیرەکیی لە کوردەکان دوونترن، داخڵی بەعسەی عیلمییان دەکەن، کەچیی قوتابیە کوردەکان لەسەر مەسرەفی خۆیان دەچن بۆ بەغداد و غوربەت دەکێشن بۆ ئەوەی داخڵی بەعسە بکرێن. بە خۆڕایی نومرەیان دەشکێنن و دوایان دەخەن. ئەم ساڵ ٥٠ قوتابی کورد کە دائیمەن لەپێش عارەبەکانەوە بوون هەر لەبەر ئەم سەبەبە دوایان خستن).

ڕەئیس ووزەرا: (بۆ ئێوە نازانن کە غەزەتەکانی بەغداد بەیانی و ئێواریێ چەند جنێو بە حوکوومەتی عێراق دەدەن و چۆنمان تەنقید دەکەن؟ کێ دەڵێ غەزەتەکان بە تەشویقی حوکوومەت عەلەیهی کوردن؟ بۆچیی مەعلووم نییە غەزەتە چۆن و بە واسیتەییێکەوە تشت دەنووسێ؟ قوتابیی وەرەقەی ئیمتیحانیان مەوجوودە و کەس ناتوانێ خیلافی ئەوە بکات. لام وەهایە قوتابییێك بێ ئیستیحاق تەرفیع بکات نە بۆ خۆی و نە بۆ موجتەمەعی موجیبی ئیستیفادە نابێ).

مەجید ئەفەندیی: (بەڵێ غەزەتەکانی بەغداد کە لە عەلەیهی حوکوومەت مەقالەییێکیان نووسیی گورج دای دەخەن، بەڵام کە تەهدیدی کوردەکان بکات و لە عەلەیهی ئێمە بنووسن تەشویقیان دەکەن و پارەیان دەدەنێ).

حەمە ئاغا: (هەموو دەی زانین کە فەخامەتی ڕەئیس وزەرا شەخسێکی نیشتیمان پەروەرە و بۆ غایەی وەتەنییە زۆر سەعیی کردووە، بینائەن عەلەیهی،



دەبێت تەقدیری ئێمەش بکات و حەقمان بداتێ، بۆ حەقێکی مەشرووعی وەتەنیی و میللیی خۆمان تێ دەکۆشین).

ڕەئیس وزەرا: (بەڵێ هەموو نەوعە حیسسیاتێکی وەتەنییە بە ئیحتیرامەوە قوبووڵ دەکەم، فەقەت لە ئەم مەسائیلانەدا ئێمە لازمە مەنتیقی و عەمەلیی تێ فکرین، عەجەبا کوردستان وەك دەڵێن لە خانەقینەوە هەتا زاخۆ جیا بێتەوە بەبێ عێراق دەژی؟ واریداتی کیفایەت دەکات؟ بەرامبەر بە دراوسێکانی حدوودی پێ موحافەزە دەکرێ و خاسەتەن لە نوقتەی تیجارەتەوە لە عێراق زیاتر بەندەرێکی هەیە؟ بۆ ئومووری نافیعەی کوردستان هەتا ئێستا عێراق بە لەکها روپیەی سەرف کردوە).

ڕەمزیی ئەفەندیی: (یێك دەفعە عەرزمان کردن کورد و عارەب قابیل نییە یێکەوە بژین، ئێمە ئارییین و ئەوان سامیین، ئێمە شاخیین و ئەوان دەشتەکیین، حەتتا خاکی کوردستان بەرین بۆ عارەبستان هی عارەبستان بهێنین بۆ کوردستان، هەردووکیان هێزی ئیسباتییەیان ون دەکەن).

ڕەئیس وزەرا: (ئەی توتنەکەتان بۆ کوێ دەبەن؟).

ڕەمزیی ئەفەندیی: (دەی بەین بۆ ئەوروپا. غەیری ئێمەش مەجبوورن توتنی ئێمە بکڕن، چونکە لەئەمە هەرزانترتان دەست ناکەوێ و لە ئێمەش زیاتر لە بازرگانییدا لە ئەم تووتنە ئیستیفادە دەکەن).

ڕەئیس وزەرا: (نە نای بەن بۆ ئەوروپا، هەموو لە عێراقدا سەرف دەکرێ. کوردەکان ئەلحەمدولیللە بازرگانی زۆر وریایان تێدا هەیە و زۆر چاك تەقدیری دەکەن کە کوردستان بێ عێراق ناژیێ).

ڕەمزیی ئەفەندیی: (لە بیدایەتی حەربی عوموومییدا کە ڕێگە و بەندەرەکانی عێراق گیرابوو، کە بەغدادیش ئیستیلا کرا، ئێمە لەگەڵ شیمال و شەرق و غەربدا مونتەزەمەن تیجارەتمان دەکرد. سەروەتی عوموومیەوە وەزعی ئیقتیسادییەمان لە ئەمڕۆ گەلێ باشتر بوو. جەعفەر پاشا دەفەرموێ کە بە لەك پارەمان بۆ ئومووری نافیعەی کوردستان سەرف کردووە، ئەو ئومووری نافیعەیەی ئەوان دەڵێن قەلا و ئیستحکاماتە بۆ موحافەزەی جەیشەکەی خۆتان لەباتی ئەمە

مەکتەبتان بۆ بینا بکردینایە. ئەگەر حوکوومەتی کوردییە تەشککول بکات هیچ لزوومان پێی نابێ و ئیستیغنای لێ دەکەین).

ڕەئیس وزەرا بە تەئەسسورو هەیەجانەوە: (براکانم بزانن کە لەئەم دەمارەدا خوێنی کوردیشم تێدا هەیە وەلاکین من عارەبم. بۆ کەڵکی ئێوە قسە دەکەم، بە حیسسیات حەرەکەت مەکەن. مەبن بە ئالەت بە دەست خەڵکەوە. بەزەییتان بە میللەتەکەدا بهێتەوە و تووشی نارەحەتییان مەکەن. ئەوا لە سەرەوە کوردەکان پارچە پارچە دەکەن و سەریان دەبڕن. لە دنیاوە ئاشکرایە کە کورد میللەتێکی دیندارە، لە بیرتان نەچێ کە دینتان عارەبییی قورئان عارەبییە محەممەد عارەبە. وە فەیسەل کوڕی محەممەدە، براکانم تکاتان لێ دەکەم فاجیعەی کەربەلا دووبارە مەکەنەوە).

شێخ قادر: (جەعفەر پاشا بە بەیان کردنی فاجیعەی کەربەلا هەرەشەمان لێ دەکات. دەبێ بزانێ ئەگەر ئینگلیز لە بەیندا نەبێت؛ عارەب ناتوانێت بهێتە خاکمانەوە).

جەعفەر پاشا: (ڕجا دەکەم سوئی تەفاهوم پەیدا نەبێ. مەبەستم هەڕەشە نییە). ڕەمزیی ئەفەندیی زۆر جار داوای قسەکردنی کرد. مەیدانی نەدرا. نیهایەت بە حیددەتەوە هاتە پێشەوە گوتی: (پاشا! دین، ئیمان، مەفکورەی میللی، حوکومەتێکی میلليی کوردی دەوێ. جەماعەت وانییە؟).

هەموو بە جارێك: (بەڵێ وایە!).

ڕەمزیی ئەفەندیی دەوامی کرد: (پاشا! ئەم قسانەت ناچێتە جەواڵی کوردەوە. ئەمە هەموو ئیغفالاتە و بێ خەرەوە جەواڵەکەی خۆتەوە و دەرگەی ببەستەرەوە).

جەعفەر پاشا: (قسەکەت وەرگرەوە. تۆ پیاوێکی دنیادیدەیت، لە کۆبوونەوەیێکی وەهادا نابێ قسەی ناشیرین بکرێ).

ڕەمزیی ئەفەندیی: (تۆ قسەم نادەیتێ. لە سوئالەکانم گوریز دەکەی، بڵێ تەسلیم بووم).

میرزا تۆفیق: (ئێستاکە دیانەت بابەتی باس کردن نییە. مەسەلە میللەتە و دامەزراندنی حوکوومەتێکی کوردییە. ئەگەر بە دین بێ، دەبێ ئێرانیش واز لە



میللەتی خۆی بهێنێ و داخڵی حوکوومەتی عێراق ببێ. داوای لێ بووردنت لێ دەکەم باسەکە مەگۆڕە!).

جەعفەر پاشا: (قیاس مەعەلفاریق کردن زۆر بێ مەنتیقییە، ئێرانییێکان دوو هەزار ساڵ زیاترە کە دامەزراوە).

میرزا تۆفیق: (ئەگەر لەبەر دین لازمە ئێمە تابیعی ئێوە بین لە هەموو عالەم ئاشکرایە کە کورد زۆر دیندارە. بینائەن عەلەیهی، پێ ویستە عارەب لەژێر ئیدارەی ئێمەدا بێ).

ڕەمزیی ئەفەندیی: (یێکەم قسەم هەیە. خەلافەتی عەبباسییە لە کۆتایی سەڵتەنەتیدا دەستی کرد بە بەکارهێنانی کاربەدەستانی تورك، فارس و کورد. ئەوسا بوو بە یێکتا سەبەبی ئیزمیحلالیان. حەز دەکەم حوکوومەتی عێراق ئەم تاقی کردنەوەیە دووبارە نەکاتەوە و کاربەدەستانی کورد لەناو خۆیاندا بەکار نەهێنێت، چونکە دەبێت بە سەبەبی ئینحیتاتی. هەروەها بەکارهێنانی کاربەدەستی عارەبیش لە کوردستاندا دەبێ بەهۆی لەناو چوونی بۆ نەوەی کوردەکان).

ڕەئیس وزەرا: (سوپاسی پەند و ئامۆژگارییێکانت دەکەم کە لە پێش ڕودانی ئاگەهداریتان کردین).

لەپاش ئەوە ڕەئیس و وزەرا کە دیتی باس کردن لەئەم باسەوە سوودێك نابەخشێ و میللەت یێك ئاواز بۆ داواکارییێکانی خۆی دووپات دەکاتەوە. پێ ویست نەبیندرا بە درێژ کردنەوەی باس و کۆبوونەوەکە بەتاڵ بووەوە.

لە نێوەڕاستی کۆبوونەوەکەدا سالار مستەفا جەعفەر سوڵتان هەڵستا و بەناوی سادات، عولەما، شێخان و بەناوی ئەو هۆزانەی سنوور کە لە نێو عێراقدان تەئییدی داواکارانی کوردی کرد بۆ تەشکیلی حوکوومەتێکی کوردیی و لە هەمان بابەتەوە مەزبەتەیێکی مۆرکراوی پێشکەش بە نوێنەر کرد. لە کۆتایی کۆبوونەوەکەشدا لەلایێن فەتاح ئاغای حەمە ڕەزای سەرۆکی هەمەوەندەوە کە لە شاری کەرکووك دادەنیشن، لە هەمان مەئال مەزبەتەیێکی خۆی پێشکەش بە

مەندووبی سامیی کرد. هۆزی جاف کە ئێستاکە سەر بە کەرکووکن لەئەم کۆبوونەوەیەدا لەلایێن جەنابی کەریم بەگی فەتاح بەگەوە تەمسیل کرا بون[*].

## بەیاناتی فەخامەتی ڕەئیسولوزەرا لە سلێمانیی لە وەقتی ئیجتیماعەکەدا خوێندرایەوە

(موشەرڕەف دەبم بەیانی ئیزاح کردنی ئەو سیاسەتی خۆشەویستییە کە حوکوومەتی عێراق خەریکە ئیتتیباعی بکات بە نەزەر ئەو وەعدانەی کە بە کوردەکانی هاووڵاتمان و براکانمان دراوە. ئەو کوردانە کە عوزوییێکی موهیممن لە جیسمی مەملەکەتی عێراقدا. ئاگەهداری ئەو تەلگوراف ئیستیدعایانە بووم کە لەلایێن هەندێ ئەشخاس بە ئیحتیجاج لەبەر ناو نەبردنی مەسئەلەی کورد لە نێو موعاهەدەکەی ئاخرییدا تەقدیم کرا بوو بە سەرفی نەزەر لە بەحس کردن لەئەو ئەسباب و عەواملە کە سەبەبییەتی دا بە تەقدیم کردنی ئەو ئیحتیجاجاتانە. من بۆتان تەسریح دەکەم کە حوکوومەتی عێراق بە سوورەتێکی ئەکیدە قەراری داوە کە بە نەزەری ئیعتیبار تەماشای ئەو وەعدانە بکات کە بۆ تەئمینی ئارەزووی برا کوردەکان دابووی، ئەوەش نەك هەتا ساڵی ١٩٣٢ مەرعییەن ئیجرا دەبێ، بەڵام ما بەعدی ئەو تەئریخەش دەوام دەکات. هەروەك حوکوومەتی ساحیبوجەلالە مەلیك فەیسەڵ بە تەواویی وە بە هەموو مەعناوە حەریسە بۆ لزوومی موحافەزەی و تەتبیق کردنی ئەم پرۆگرامە کە وەها لەسەرەوە بەیان کراوە، لە عەینی زەماندا هەموو شیددەتێك بۆ مەحوکردنی هەموو جۆرە نەعرەیێك کە ببێتە سەبەبی تەفرەقە و ئیخلالی وەحدەتی وەتەنییەی عێراق، یاخود ببێتە سەبەبی ئیخلال کردنی حوقووقی دراوسێتی لەگەڵ هەردوو حوکوومەتی دۆستمان: ئێران و تورك. دیسان حوکوومەتی عێراق پێ ویستی

---

[*] ژیان، ژ ٢٥٨، ٢٨ / ٨ / ١٩٣٠.



دەزانێ تەقدیم کردنی ئەبنای وەتەنی عێراق لەنێو دائیرەی یێکێتی عێراقدا بەبێ تەفریق لە مابەینی کورد و عارەبدا مەمنوون و مەسروور دەبێ، هەر بەئەم ڕۆحەوە لە هەموو هەنگاوێکدا چووەتە پێشەوە، لە ئەم خسووسەوە ئیستیعدادی نیشان داوە.

هەروەك لاتان مەعلوومە، ئێمە کە ئەوسا مەسئولییەتی ئیدارەمان هاویشتە سەر شانی خۆمان بەیاننامەییێکمان نەشر کرد بوو، لەئەو بەیان نامەدا گوتمان: کە ئێمە حازرین بۆ دانانی لائیحەییێکی قانوونیی بۆ زمانی کوردیی لە ئەو جێگایانەدا کە ئەکسەرییەتی ئەهالییێکەی کوردن وە ئەو لائیحەیەشمان بیلفیعل تەواو کردوە.. لە ئیجتماعی ئەووەڵی پەرلەماندا بە هەمە حاڵ تەقدیمی مەجلیسی دەکەین وە هەتا ئەمەش دەکرێ ئەمرمان داوە بۆ دائیرەی موختەسسە کە بە موافیقی ڕۆحی ئەو ئوسووڵەی لە لائیحەکەدا داندراوە، حەرەکات بکا. لە خوسووس موعامەلاتی عەدلییەو ئیدارەی مەعاریفەوە. غەیری ئەمەش ئەوە حوکوومەت موفەتتیشێکی مەعاریفی تەعیین کردوە و دائیرەی تەرجومەییێکی کوردیی داناوە کە ئیشی ئەم دائیرەیە هەر تەنها موعامەلاتی کوردەوارییە، وە موعاوینێکی کە مودیری ئیدارەی داخلییەی عاممەی تەعیین کردووە کە خەبەدارە لە ئوموەری ئەلویەی کوردییە، وە موفەتتیشێکی مەعاریف تەعیین کراوە بە سوورەتی عام مەداریسی لیوای سلێمانیی و مەداریسی کوردییەی لیوای هەولێر و کەرکووك تەفتیش بکا و حوکوومەت تەدابیری لازمەی ئیتتیخاز کردووە بۆ ئیحزاری قۆمیسەرو موسیجیللی پۆلیس کە ئاشنای زمانی کوردیی بن بۆ ئیستیخدام کردن لە مەناتیقی کوردییەدا.

ئەز نامەوێ ئەم بەیاناتەم تەواو بکەم بەبێ تەقدیم کردنی تەشککوراتم بۆ جەنابی وەکیلی مەندووبی سامیی کە لە ئەم سەفەرەم دا مورافەقەتی کردین و ئومێد وەهایە کە موشار ئیلەیْه ئێستا بۆتان سیاسەتی حوکوومەتی بریتانیا لە ئەم خوسووسەوە بەیان دەکات و بە تەواویی ئاگەهداری حەقیقەتی حاڵ دەبن وە قسەی بەعزێ ئەشخاسی ساحیب غەرەز کە چاویان لە تەقدیر کردنی ڕەفاهی حەقیقیی کوردانە وە ڕەعییەتی ساحێبی جەلالەت مەلیك فەیسەڵی موعەززەم و تەبەعەی دەوڵەتی عێراق کوێر بووە و بە قسەیان ئیغفال نەبن.

بە ئەم موناسەبەتەوە جەنابی وەکیلی فەخامەتمەئاب موعتەمیدی سامیی بۆ قسە کردن دەعوەت دەکەمو بزانن ئێمە هەردوو لا بە تەواویی لەسەر تەعقیب کردنی ئەم پرۆگرامە موتتەفیقین، ئێستا بۆتان بەیان دەکات).

ژیان: ژ- ٢٥٨- ١٩٣٠/٨/٢٨

**بەیاناتی فەخامەتی وەکیلی مەندووبی سامیی**

بینا لەسەر تەلەبی حکوومەتی عێراق، لەگەڵ فەخامەتی وەکیلی رەئیسولوزەرا هاتووم، بۆ ئەوەی کە هەر کەسێك لە مەوزوعێکدا شك و شوبهەیێکی هەیە بە تەواویی، بۆی ئاشکرا بکەم، کە قەت تشتێکی وەها نییە لە هیچ نوفتەیێکی عێراق، کە بڵێن حکوومەتی عێراق یا حکوومەتی بریتانیا هەر یێکە بۆ خۆی تەعقیبی سیاسەتێك بکا. تازە ئەوە موعاهەدەیێك ئیمزا کراوە کە ئەم دوو مەملەکەتە بۆ ٢٥ ساڵی دیکە لەگەڵ یێکدی بە تەحالوفێکی سەمیمیی رەبت دەکات. ئەمە بە تەنها دەبێ کافی بێ بۆ ئەوەی دەلالەت دەبینم قیسمێکتان ئیحتیجاجی حکوومەتی بریتانیا و عوسبەتول ئومەم دەکەن بۆ ئەوە کە لە موعاهەدەی تازە باسی کوردستان نەبووە.

وەك فەخامەتی وەکیلی رەئیسو وزەرا ئیزاحیان فەرموو، ئەسبابی ئەوە عیبارەت لەئەمە بوو: کە هەردوو حکوومەت، هیچ لزوومی ئەوەیان نەکرد. چونکە حکوومەتی عێراق قەراری داوە کە بۆ حازر و موستەقبەل تەتبیقی ئەو سیاسەتە دەکات، کە تازە فەخامەتی وەکیلی رەئیسو وزەرا بەیانی فەرموو بە زەریفی تێ دەگەن کە حکوومەتی عێراق بە سیفەتێکی مونەووەر بە تەواویی ئەوەی تەقدیر دەکات کە هەتا چ حەددێك خۆی موجیب بینیی، ئیعتیراف بکات کە لە قیسمێکی موهیممی عێراقدا زمانی کوردیی، نەك هی عارەبیی، زمانی داییك و بابە هیچ تشتێکی وەها نییە کە بڵێ مندالێکی کورد ئیجبار بکرێت کە تەحسیلی ئیبتدائیی خۆی بە زمانی دیکە نەك هیی باب و داییکی بخوێندێ، یا بڵێ کوردێك ئیجبار بکرێت لە مەحکەمەدا خۆی بە زمانێکی دیکە دیفاع بکات، یا گوێ لە مەسئەلەیێکی خۆی بگرێ بە زمانێ کە تێی نەگات وموحاکەمە دەکرێت.



هەروەها تەعیینی مەئموورانی کە کوردیی دەزانن لەناو فرووعی مەرکەزی ئیدارە، دەلالەت لە ئەوە دەکات کە حکوومەتی عێراق رازییە کە لە بەینی کورد و عارەب رەعییەتی جەلالەتی مەلیك فەیسەل هیچ نەوعە جیاوازییێك نەکات.

هەتا ئەو حدوودەی کە عائید بە حوکوومەتی بریتانیایە ئەوان قانیعن کە حوکوومەتی عێراق بەتەواویی رێعایەتی ئەو وەعدانە دەکات کە عائیدی کوردەکانە وە بەناوی خۆی لە تەرەف حوکوومەتی بریتانیا لە عوسبەتول ئومەم دراوە وە غایەی یێکەمینیان ئەوەیە کە تەئمینی تەئسیسی دەوڵەتێکی عێراق بکات کە ئازاد و سەربەخۆ بێت وە بە شوکرانە و حەق شوناسی مەربووتیان وە لە عوسبەتول ئومەم لە گەڵیان عوزوویێك بێ. هەرچی حەرەکەتێك لەگەڵ ئەم سیاسەتە تەوافوق نەکات حوکوومەت بە باشی سەیری ناکات، وەك جیابوونەوەی کوردان. سەیر دەکەم بەعزێ جیهاتی نامەسئول وەهای دەهێنێتە پێشەوە کە تەشجیع کردنی حەرەکەتی قەومییەی کورد سیاسەتێکی قەتعییەی حوکوومەتی جەلالەتی مەلیکی بریتانیایە ئەمە نەك تەنها بۆ عێراق بەڵکە بۆ دراوسێ و دۆستەکانی دیکەی کە حوکوومەتی ئێران تورکیایە موجیبی ئیرتیباك دەبێت. هیچ تشتێك نییە کە لە ئەمە زیاتر لە حەقیقەت دووربێت. هەرکەس تەسەووری ئەوە دەکات کە بە هاتنی بۆ لای فەخامەتی مەندووبی سامیی یا بۆ لای من بۆ سیاسەتێکی وەها تەشجیعی دەست دەکەوێ خەتایێکی گەورە دەکات.

ئەوەی کە هەردوو حوکوومەت: بریتانیا و عێراق، حەز دەکەن بی بینن پێش کەوتنی سولح پەروەرانەی عێراقی یێك گرتووە، کە لەئەوێ هەموو ئەو عونسورە موختەلیفانەی ئەهالیی تەشکیل دەکەن، غەرەزی زۆر موهیممیان ئەوە بێ کە ببن بە: عێراقییێکی چاك).

ژیان، ژ ٢٥٨، ٢٨ / ٨ / ١٩٣٠

**٤/٣/٣- موفارەقەتی سەعادەتی تۆفیق وەهبیی بەگ بە تەواوی تەئسیری کردووەتە میللەتەکەمانەوە**

رۆییشتنی موتەسەرریفی غەیورمان سەعادەتی تۆفیق وەهبی بەگ بۆ بەغداد و خەبەری ئینفیسالی لە موتەسەررپفیەتیی لێرە جیدەن زۆر تەئسیری کردە ئەهالییێکەمان. بە عموومی کوردەکانی عێراق و بەتایبەتی ئەهالیی ئەم لیوایە

بە گەورە و بچووك و ژن و پیاوەوە موتەئسیر و بۆ ئیعادە کردنەوەی حەسرەت کەشن و بۆ هاتنەوەی لە هەموو لایێکەوە ئیستیرحامنامەیان تەقدیمی حوکوومەت کردوە.

ئەمیش حەقیقەتەن حەقە چونکە ئەم لیوایە کە لە عێراق لیوایەکی موهیم و عادەتەن بە مەرکەزی کوردستانی جنووبیی دەناسرێ و مودەتێکی زۆر لە هەموو تەرەقییاتێك مەحرووم وبێ بەش مایەوە و ئەم موحیتە کە تەبیعەتەن و فیترەتەن ئەهالییێکەی مایلی عیلم و عیرفانن و مەحەببەتی مەعاریفیان هەیە پەردەیێکی جەهل بە سەریدا ڕاکێشا بوو، فەقەت بە هاتنی سەعادەتی تۆفیق وەهبی بەگ کە لە پێ گەهیشتوانی ئەم وەتەنەیە و زاتێکی داهی و موتەبحیرترە. ئەهالییێکەمان لە تاریکیی جەهل ڕستگاریی بوو، ولاتەکەمان بە چرای مەعاریف ڕووناك کرایەوە و حەقیقەتەن موشار ئیلەیهی لە پێش هەموو تشتێکدا بۆ ئینتیشاری مەعاریف و بۆ تەئسیس و دامەزراندنی موئەسەسەی عیلمییەو بۆ زیاد کردنو کردنەوەی مەکاتیبی ئیپتیدابی لە تەشەببوس کردن غافڵ نەبوو ، بە عەزمێکی مەتینەوە بۆ تەرەققیی و تەعالیی وەتەنەکە هەوڵی داو غەیری ئەمانیش بە واسیتەی تەتبیقی قەوانین و نیزامی حوکوومەتەوە عەدالەت بە هەموو مەعنایەوە، ئینجا ئەهالیی بەرامبەر بەم شەفەقەتە ئومێدی قەویی هەیە بە حوکوومەت، و ئیستیرحام نامانەی کە بۆ ئیعادەی سەعادەتی تۆفیق وەهبی بەگ لە هەموو لایێکەوە تەقدیم کراوە قوبووڵی دەفەرموێ و بە ئیعادەکردنەوەی موشار ئیلەیهی میللەتەکە مەسروور دەکاتەوە.

ژیان، ژ ٢٥٩، ٤ی ئەیلولی ١٩٣٠

ئەو ڕۆژە کە سەعادەتی موتەسەڕڕیفی ئەکرەم تۆفیق وەهبی بەگ تەشریفی بردە بەغداد ئەهالیی لە تەئەسسوردا چونە تەلگورافخانە و ویستیان لەگەڵ فەخامەتی مەندووبی سامیی ڕەئیسەل‌و وزەرادا بە تەلەفۆن گفتوگۆ بکەن فەقەت لەبەر ئەوەی فەخامەتی مەندوبی سامیی لە کوردی نەدەگەهیشتن و فەخامەتی ڕەئیسەل وەزاریش لە دائیرە مەوجوود نەبوو، مەجبوورەن قەراریان دا ئەم



تەلگورافەی کە لە ژێرەوە بە عارەبیی عەرز دەکرێ کەشیدەو تەقدیمی بکەن و نەتیجە بەم ئیمزایانەوە تەقدیم کرا.

ژیان، ژ ٢٥٩، ٤ی ئەیلولی ١٩٣٠

لە سلێمانیەوە ٢٠ / ٨ / ١٩٣٠

بغداد: فخامة مندوب السامي

(رئيس الوزراء)

بعد سفركم تاملنا بالمباشرة في تطبيق المقررات الاممية بتبديل موظفين غير اكراد لكن خاب املنا بتحويل موظفين الاكراد الى الاماكن البعيدة في الجنوب وجلب المتصرف الى بغداد هذه الامور استوجب التوحش والهياج. ان طلب الحقوق التي اقرتها العصبة لا يستوجب التحامل قانونا بالنظر الى وجود الانتداب الفعلي في العراق. سعينا بكل ما لدينا في الطلاقة والطاقة في تسكين الاهالي والعشائر معنا لحدوث امور لايرضى بها فخامتكم، خارت قوانا. لهذا نتجرد عن مسئولية تتولى في المستقبل راجين الاهتمام بالكف عن المعاملات التي من شئنها الاستياء.

حمه اغا عبدالرحمن اغا بابان: عزمي بك عزت بك عثمان پاشا. حفيدزاده شيخ قادر، ميرزا توفيق قزاز، عبدالرحمن اغا احمد پاشا. حمه صالح بك حاجي حمه علي بك، فايق بك بابان. مجيد افندي حاجي رسول اغا، رمزي افندي حاجي فتاح.

وەقتێك کە سەعادەتی موتەسەڕڕیف تۆفیق وەهبی بەگ مواسەلەتی کردو کە غەزەتەکان نوسییان ئینفیسالی پێ کراوە، لە هەموو لایێکەوە ئەهالیی و ڕوئەسا عەشائیر بۆ ئیستیرحامی ئیعادە کردنەوەی موشار ئیلەیهی ئەم تەلگورافانەی نووسیی و تەقدیم کرد، ئەوە قیسمێکی تەلگورافەکان بەریزە نەشر دەکەین.

ژیان، ژ ٢٥٩، ٤ی ئەیلول ١٩٣٠

**(٣٧)- ١٩٣٠/٨/٢٤**

**بەغداد: فەخامەتی ڕەئیسەل وزەرا**

**سـوورەتی موتەسـەڕڕیف موغـاییری ئـەفکارمان و سـەبەبی تەئـەسسـوری عوموومی کوردانە. ئیستیرحام دەکەین زوو ئیعادەی بفەرموونەوە.**

**هۆرامان: ئەفراسیاب بەگی ڕۆستەم سوڵتان. هۆرامان: مستەفا بـەگی جەعفـەر سـوڵتان ،هۆرامـان: محەممـەد ئـەمین بـەگی مـەحمود خـانی دزڵـی. هۆرامـان: محەممەدی شێخ حیسامەدین.**

**ژیان، ژ ٢٥٩، ٤ ئەیلول ١٩٣٠**

**(٣٨)- ١٩٣٠/٨/٢٦**

**بغداد فخامة مندوب السامي**

**(رئيس الوزراء)**

**گۆڕینی موتەصەڕڕیف تۆفیق وەهبی بـەگ دەبێـت بـە سـەبەبی تەئـەسسوری عومومی کوردان ڕجا دەکەین ئیعادەی بفەرموونەوە.**

**ڕەئیسی هەورامان جەعفەر سوڵتان.**

**(٣٩)- لە سلێمانییەوە لە عەینی مەئال**

**بە ئەشراف و توججارو ئەهالیی سائیرە سێ تەلگوراف نووسراوە**

**لە پشدەریشەوە بە ئیمزای جەنابی عەباس ئاغای مـەحموود ئاغـا و قیسـمێکی زۆر لە ڕوئەساکانی دیکەیان سێ تەلغراف نووسراوە.**

**لەبەر ئەوەی سوورەتەکانمان لا نەیوو نەمان توانیی عەینەن دەرجیان بکەین.**

**ژیان، ژ ٢٥٩، ٤ ئەیلول ١٩٣٠**



## داوێن: ٤- بەڵگەکان[1]

**٢/٤- تایبەت بە ت. وەهبیی**

**١/٢/٤- تەعلیم تاقم (تعليم طاقم) - - لە مەتبەعەی حوکوومەت لـە سلێمانیی تـەبع کـرا – ١٣٣٨ (١٩٢٢ز) (نامێلکەیێکـە ت. وەهبیـی بـە کـوردیی دای نـاوە بـۆ مەشـقی (موجاهیـدینی کوردسـتان/k) لـە لەشـکری حوکوومـەتی مەملەکـەتی کوردسـتانی جونووبیـدا – س ١٩٢٢ (کـوپیی ئـەمیر حەسـەن پـوور لـە ئارشـیڤی Soas/ بریتانیاوە).**

**٢/٢/٤- شـێوەی کتێبـی: دەسـتووری زمـانی کـوردیی – جیزمـی یێکـەم، توفیـق وهبیی، بەغداد – دارولتیباعە ئەلحەدیسە، س ١٩٢٩ + پێشکەوت (پێشـەکییێکەی) (کۆپیی بابی لالۆ)**

**٣/٢/٤- شـێوەی؛ خوێنـدەواریی بـاو – تۆفیـق وەهبیـی (خاوەنـدی دەسـتووری زمـانی کـوردیی) – نرخـی ٥٠ فلسـە، بەغـداد، دارولتیباعـە ئەلحەدیسـە، ١٩٣٣ + دوولاپەڕەی کتێبەکە. (کۆپیی بابی لالۆ).**

**٤/٢/٤- شێوەی نامەیێکی ت. وەهبیی – بەسەر کتێبـی خوێنـدەواریی بـاوەوە – کـە لـە ١٩٣٣/٧/٣١ و بەغـدادد ا بـە تیپـی لاتیینیـی نووسـیوییێتی بـۆ ( C . J . Edmondz) سی . جەی . ئیدمۆندز**

**(کۆپیی ئەمیر حەسەن پوور لە ئارشیفی Soas/ بریتانیاوە).**

**[1]- شێوەی بەڵگەی ڕەسمییانـە – عـارەبیی و کـوردیی – دەسـتنووس، کتێـب، گۆڤـاری ڕۆژنامـە، نامە.**

٥/٢/٤- شـێوەی کـۆپیی؛ کتێبـی (بـەیانی حقیقـت – بـەیانی حەقیقـەت)؛ چاپخانەی نەجاح – بەغداد، ١٣٦٠ھ – ١٩٤١ز (لەمەڕ بەرھەڵستیی نازییێکان).

(کۆپیی ئەمیر حەسەن پوور لە ئارشیفی Soas / بریتانیاوە).

٦/٢/٤- شـێوەی کـۆپیی؛ گۆڤـاری: دەنگـی گێتیـی تـازە – س١، ژ١، (کـۆپیی بـابی لالۆ).

٧/٢/٤- شـێوەی کـۆپیی کتێبـی: ئەشـکەوتەکەی گونـدۆك – مـەعالیی تۆفیـق وەهبیـی بـەگ بـە ئینگلیزیـی نووسـیوییێتی، مامۆسـتا موهەنـدیس بـەکر دلـێر کردووییێتیی بە کوردیی – س ١٩٥١، چاپخانەی مەعاریف، بەغداد. (کـۆپیی ئـەمیر حەسەن پوور).

٨/٢/٤- شـێوەی کـۆپیی کتێبـی: قواعـد اللغـة الكرديـة أو (دەسـتووری زمـانی کـوردی) تـأليف توفيـق وهبـی، الجـزء الاول – بغـداد سـنة ١٩٥٦ (هـەر دوو دیـوی بەرگەکەی / کۆپیی بابی لالۆ).

٩/٢/٤- شـێوەی کۆپیی کتێبی: قواعـد اللغـة الكرديـة – تـأليف توفيـق وهبـی، الجزء الاول، الباب الثاني؛ ١٩٥٦ + المقدمة.( کۆپیی بابی لالۆ)

١٠/٢/٤- شێوەی کۆپیی گۆڤاری: پێشکەوتن – التقدم، س١، ژ١، س ١٩٥٨.( کـۆپیی بابی لالۆ)

١١/٢/٤- بەڵـگەنامەی ڕەسمییانـەی عێراقیـی – بـەکوردیی – ژمـارە: ١، ژ ٢، ژ٣، ژ٤، ژ ٥، ژ ٦، ژ ٧، لەمـەڕ : دانـانی ئـامیری مەدرەسـەی عەسـکەرییەی مەلەکییـە و دارولتەدریب تۆفیق وەهبیی بە موتەسەڕڕیفی سلێمانیی لـە ٦ی مایسی ١٩٣٠دا کە لە ١٠ی مایسی ١٩٣٠دا – پاش نیوەڕۆ – چووەتە سەر فرمانەکەی بە مووچـەی ٨٠٠ روپییە و لە ٢١ / ٨ / ١٩٣١شدا بە بروسکەیێکی وەزارەتـی نێوخـۆ؛ (چاوپۆشـیی لـە خزمـەتی کـراوە) و (لـەپێش نیـوەڕۆی ٢٢ی ئـابی ١٩٣٠دا) بـە یێکجـاریی – وەك موتەسەڕڕیفی – پێوەندیی بە فرمانەکەیەوە نەماوە!



(هەر حەوت بەڵگەی ڕەسمیـی – بـابی لالـۆ؛ کەمال ڕەئووف محەممەد – لە بـەهاری ١٩٨٥ و لـە گەنجینـەی پارێزگـەی سـلێمانییەوە وەری گرتـووە و کـۆپیی کردووە و بۆ یێکەم جاریشە بڵاو دەبنەوە[*].

*بۆ کەس نییە بێ پرسی خۆی یا نەوەی بابی لالۆ – کەمال ڕەئووف محەممەد ئەو بەڵگانە کۆپیی بکات و بەکاری ببات و بڵاوی بکاتەوەو هەر کەسێ سەرپێچیی بکات، قانوونی بەرەو ڕوودەکرێتەوە).

[*]- ئەم بەڵگەنامانە – دوای سووتاندنی پارێزگەی سلێمانیی لە ساڵی ١٩٩١دا – هەموویان لە نێو هەزاران بەڵگەدا بوون بە خۆڵ. ئەفسووس.



@kurdica

تعليم طاقم

له مطبعهٔ حكومت له سليمانى طبع كرا .

١٣٣٨

(١)

تعليم طاقم

١ — مقصد له تعليم طاقم امه‌يه كه هر وقتى طاقم داخل بلوك بو چه بشو چه به روز هر نوعه حركات و تشكيلاتى چه موافق ام تعليمنامه‌يه و چه موافق حال و وضعيت كه له طرف قوماندانه‌وه امر بكرى بتوانى بتواوى اجراى بكا .

٢ - قواعد عموميه :

نظامه‌كان طاقم امه‌ن :

آ - نظام صف ( وكو له تعليم نفه‌دا ) .

ب - نظام [illegible] ( وكو له تعليم [illegible] ) .

ج - نظام [illegible] .

د - نظام قول دسته .

ه - نظام روبشتن .

اگر طاقم بتنهاى يا له طاقه‌كان تره‌وه دووبى قوماندان طاقم و چاوش طاقم ابى له جيگايكى وها رابوستن كه بتوانن حركات طاقه‌كه به آسانى ببينن .

٣ - زبانى بوده :

له‌تعليم طاقدا قوماندهٔ ريك بون امه‌يه :

بو راست - چپ - [illegible] - بو .

سر دسته‌كان دسته‌ى خويان ريك اكن بو تعليم و چاوه‌زى امر ابن . فقط له احوال سائره دا عسكر له خويه‌وه ابى ريك بكرى ( وكو له‌تعليم قطعه‌دا بيان كرا ) .

١/٢/٤

دەستوور ی زمانی

کوردی

---

چیزمی بەکەم .

---

تەوفیق وەهبی

بەغـــدا

دار الطباعـــة الحديثة .

١٩٢٩

٢/٢/٤

Baby Lalo
Baby Lalo

# خوێندەواری ی باو

توفیق وهبی

خاوەنی « دەستوری زمانی کوردی »

نرخی ( ٥٠ ) فلسە

بغـدا

دار الطباعة الحديثة

1933

٣/٢/٤



IX-2.Kurd-...
227061

Bo dost y qewm y Kurd we pishtiwan y yegane y zmanekey, xoshewyst y gewre y xom cenab y C. J. Edmonds be spasewe pêskeshe. Xawey namylke

Taufiq Wahby

31.7.33

Beghdad

ئەم نامیلکە یە کراوە بە چوار بەش :-

١– بابی چەشن و کاری تیپەکان ئەکا؛ هەر خوێندەوارێکی بەم ڕەنگە ئەتوانی فێربوو، فێری بەکار هێنانی تیپەکان بێت ،

٢– مەشقە بە تایبەتی بۆ ئەوانەی خەریکن کە بە دەرزی بخوێنن ،

٣– بابی نووسیار ( املا ) ئەکا؛ بۆ ئەو مامۆستایانەیە کە ئاگایان هەیە لە دەستوری زمانی کوردی ،


٤– وێنەیە بۆ نووسیار ،

لەبەر ئەوە بە کاری خوێندەوار و نەخوێندەوار بێت . بێجگە لەمە بەکاری ئەوانە بێت کە ئەیانەوێ فێری کوردی بن .


٤/٢/٤



Baby Lalo





٥/٢/٤




٦/٢/٤

Baby Lalo


زنجیرەی خوێندەواری
بەکوردی
— ١ —

ئەشکەوتەکەی گوندوك


رسالەی «توفیق وهبی بەگ»
بە ئینگلیزی نووسیویەتی


مامۆستای مهندس «بكر دلیر»
كردویەتی بەكوردی

١٩٥١

چاپخانەی معارف ـ بەغدا

٧/٢/٤


قواعد اللغة الكردية
أو
«دەستووری زمانی كوردی»
تأليف
توفيق وهبي
الجزء الأول
كافة الحقوق محفوظة للمؤلف
بغداد سنة ١٩٥٦م


THE
KURDISH GRAMMAR
BY
TAUFIQ WAHBY
PART I
CHAPTER II
THE FIXED RULES OF WRITING AND READING THE KURDISH IN ARABIC CHARACTERS, SEVERAL SENTENCES IN TWELVE EXERCISES AND A KURDISH FOLK-LORE, WITH THEIR ARABIC TRANSLATIONS
... EIGHT PARTS OF SPEECH, THE DIFFERENT KINDS OF SENTENCES, ...S AND A KURDISH FOLK-LORE, WITH THEIR ARABIC TRANSLATIONS.
1956

٨/٢/٤

# قواعد اللغة الكردية

الجزء الاول

تأليف
توفيق وهبي

الباب الثاني

١٩٥٦

Baby Lalo

## مقدمة

من المسلم به انه لكي تجيد التكلم والكتابة في لغة ما بدون خطأ ، يجب ان تلم بقواعدها الماماً تاماً. واذا كان هذا يصدق على الذين يريدون تعلم لغة اجنبية ، فهو يصدق بأولى حجة عليهم ، اذا ارادوا ان يجيدوا لغتهم الاصلية لفظاً وكتابة بدون اي خطأ .


في عام ١٩٢٣ كلفتني وزارة المعارف العراقية الجليلة ان اضع كتاباً في قواعد اللغة الكردية ، وبعد جهد مضن وعمل طويل متواصل وضعت كتاب « ده ستووري زماني كوردي » ونشرت الجزء الاول منه وقسماً من الجزء الثاني في عام ١٩٢٩ ـ ١٩٣٠ ؛ لكن ظروفاً خاصة حالت دون نشر ما تبقى من الكتاب .

وفي غضون القرنين الماضيين والربع الاول من هذا القرن قام جماعة من الادباء بمحاولات في هذا المضمار ونشروا كتب القواعد الكردية ، فادوا خدمات تسجل لهم بالثناء ؛ لكنهم لم يستطيعوا مع الاسف الشديد ان يحيطوا بالموضوع من جميع اطرافه ، فجاء ما نشروه ناقصاً ، لان جلهم من المستشرقين الذين استحال عليهم تذوق اللغة الكردية والالمام بمختلف نواحيها .

في سبيل تدوين قواعد اللغة الكردية اضطررت الى دراسة قواعد اللغات التي تنتمي اليها الكردية ، وهي اللغات الهندية ـ الايرانية

Baby Lalo

٩/٢/٤




١٠/٢/٤



کوردیکا
@kurdica

١١/٢/٤

★ بەڵگەنامەی ڕەسمییانەی عێراقیی (بەکوردیی)

(ژ: ١)

رقم ٨٢ / ٨٨٤

الموافق ١٥ — ١٧ / ٥/ ١٩٣٠

الى موحاسیبی لیوا

له بابەت تەعینی تۆفیق وەهبیی بەگەوە بۆ موتەسەرڕیفییەتی سلێمانیی.


ئەوا بە پێچراوەیی وێنەی قاقەزی ژمارە ٦٢٤١ و ڕۆژی ٦ مایس ٩٣٠ وەزارەتی داخیلییە لەگەڵ وێنەی ئێرادەی مەلەکییە بۆ ئاگەهداریی و پێ ویستیی بۆتان نێردرا

( ئیمزا )

موتەسەرڕیفی سلێمانیی

(تەواو)




From
To
No. ٨٨٤/٨٢
Dated
Memorandum

بەلگەی ژمارە (١)

**بەڵگەنامەی ڕەسمییانەی عێراقیی (بە عارەبیی)**

**(ژ: ٢)[1]**

**رقم ١٠٥**

**اصدرت إرادتى الملكية**

**بناء على ماعرضه وزير الداخلية وبموافقة المجلس الوزراء تعيين توفيق وهبي بن معروف متصرف للواء السليمانية**

**على وزير الداخلية تنفيذ هذه الارادة.**

**كتب ببغداد في اليوم الثلاثين من شهر نيسان سنة ١٩٣٠ واليوم الثاني من شهر ذي الحجة سنة ١٣٤٨**

| | | |
|---|---|---|
| **جميل المدفعي** | **نورى السعيد** | **فيصل** |
| **وزير الداخلية** | **رئيس الوزراء** | |

**وەکو ئەسڵەکەییێتی ١٤/ ٥ / ١٩٣٠**


**( ئیمزا: محەممەد ڕەفیق)**

**( تەواو)**

---

**[1] فەرمانی پاشایانەی عێراق بۆ دانانی موتەسەرڕیف تۆفیق وەهبیی لە ٣٠ / ٤ / ١٩٣٠دا (وەرگێراندنم پێ ویست نەزانیی).**




رقم ١٠٥

اصدرت ارادتي الملكية

بناء على ماعرضه وزير الداخلية وبموافقة مجلس الوزراء تعيين توفيق وهبي بن معروف متصرف للواء السليمانية

على وزير الداخلية تنفيذ هذه الارادة

كتب ببغداد في اليوم الثلاثين من شهر نيسان سنة ١٩٣٠ واليوم الثاني من شهر ذي الحجة سنة ١٣٤٨

فيصل

نوري السعيد رئيس الوزراء

جميل المدفعي وزير الداخلية

وەکو ئەسڵەکەیەتی ١٤/٥/١٩٣٠

**بەڵگەی ژمارە (٢)**

**بەڵگەنامەی ڕەسمییانە عێراقیی (بەعارەبیی)**

(ژ: ٣)[1]

**الحكومة العراقية**

**وزارة الداخلية**

**(شعبة الامور الذاتية)**

**العدد ٦٢٤١**

**التاريخ ٦ مايس ١٩٣٠**

**الى متصرفية لواء السليمانية**

**الموضوع: تعيين متصرف**

**قرر مجلس الوزراء في جلسته المنعقدة بتأريخ ٢٨ نيسان ١٩٣٠ تعيين توفيق وهبي بك آمر المدرسة العسكرية الملكية ودار التدريب متصرف للواء السليمانية ونرسل لكم طيا صورة الارادة الملكية الناطقة بذلك.**

**وزير الداخلية**

**صو:رة الى**

**١) وزارة الدفاع للتفضل باجراء اللازم واعلامنا بتاريخ انفكاك توفيق وهبى بك عن منصبه الحالى وذلك بالاشارة الى كتاب سكرتارية مجلس الوزراء المرقم ١٣٧٧ والمؤرخ في ٣ / ٥ / ٩٣٠,**

**٢) مدير الحسابات العمومية.**


**٣) توفيق وهبي بك – بغداد مع صورة الارادة الملكية**

**(تەواو)**

---

[1] فەرمانی وەزارەتی نێوخۆی عێراق لە ٦ / ٥ / ١٩٣٠دا بۆ دانانی ئامیری مەدرەسەی عەسکەرییەی مەلەکییە و دارولتەدریب تۆفیق وەهبیی بەگ بە موتەسەڕیفی سلێمانیی (وەرگێڕاندنی تەواوەتیی پێ ویست نەزاندرا).




الحكومة العراقية
وزارة الداخلية
«شعبة الامور الذاتية»
العدد ٦٢٤١
التاريخ ٦ مايس ١٩٣٠

الى متصرفية لواء السليمانية

الموضوع: تعيين متصرف

قرر مجلس الوزراء في جلسته المنعقدة بتاريخ ٢٨ نيسان ١٩٣٠ تعيين توفيق وهبي بك آمر المدرسة العسكرية الملكية ودار التدريب متصرفا للواء السليمانية ونرسل لكم طيا صورة الارادة الملكية الناطقة بذلك

وزير الداخلية

صورة الى
١) وزارة الدفاع للتفضل باجراء اللازم واعلامنا بتاريخ انفكاك توفيق وهبي بك عن منصبه الحالي وذلك بالاشارة الى كتاب سكرتارية مجلس الوزراء المرقم ١٣٧٧ والمؤرخ في ٣/٥/٩٣٠
٢) مدير الحسابات العمومية
٣) توفيق وهبي بك – بغداد مع صورة الارادة الملكية

Baby Lalo

**بەڵگەی ژمارە (٣)**

- بەڵگەنامەی ڕەسمییانەی عێراقیی (بە عارەبیی و ئینگلیزیی)

(ژ: ٤)[1]

وزارة داخلية العراق

العدد ٦٨٦٩

التاريخ ١٩ مايس سنة ١٩٣٠

شعبة الامور الذاتية

بيان

عين توفيق وهبي بك متصرفا

للواء السليمانية وتسلم وظيفة

من ١٠ مايس سنة ١٩٣٠ بعد الظهر

(ئیمزا)

وەزیری نێوخۆ

صورة الى —

وزارة الدفاع

متصرفية لواء السليمانية

مديرية المحاسبات العمومية

مكتب المطبوعات

شعبة الذاتية

محاسبي ليوا


٢١ / ٥ / ١٩٣٠

(ئیمزا)

(تەواو)

[1] - بەیانی وەزارەتی نێوخۆی عێراق — بە ئیمزای وەزیرەوە — ڕادەگەهێنێ کە تۆفیق وەهبیی موتەسەڕڕیف لە ١٠ی مایسی ١٩٣٠دا چووەتە سەر کارو فرمانی خۆی لە سلێمانییدا. (وەرگێڕاندنی مەتنەکە و نوواندنی مەتنە ئینگلیزییێکە پێ ویست نەزاندرا).





وزارة داخلية العراق

العدد ٦٨٦٩

التاريخ ١٩ مايس سنة ١٩٣٠

شعبة الامور الذاتية

No. M.I.

MINISTRY OF INTERIOR,

BAGHDAD, May, 1930.

NOTIFICATION

بيان

TAWFIQ WAHBI BEG, is appointed Mutasarrif of Sulaimani Liwa, and he assumed charge on 10th May 1930, after-noon.

عين توفيق وهبي بك متصرفا للواء السليمانية وتسلم وظيفته من ١٠ مايس سنة ١٩٣٠ بعد الظهر.

Minister of Interior.

وزير الداخلية.

Copy to:-

Ministry of Defence, BAGHDAD.

Mutasarrif, SULAIMANI LIWA.

Accountant General, BAGHDAD.

Press Bureau.

"P". Section (2 Copies).

صورة الى —

وزارة الدفاع

متصرفية لواء السليمانية

مديرية المحاسبات العمومية

مكتب المطبوعات

شعبة الامور الذاتية.

Baby Lalo

بەڵگەی ژمارە (٤)

- بەڵگەنامەی ڕەسمییانەی عێراقیی (بە عارەبیی)

(ژ: ٥)[١]

الحكومة العراقية

وزارة الداخلية

شعبة الامور الذاتية بغداد في ٣ حزيران ١٩٣٠

العدد ٧٧١١

متصرفية لواء السليمانية

الموضوع – راتب المتصرف

بالاشارة الى كتابكم المرقم ٨٨ / ٢٥٣٨ والمؤرخ ٢٩ / ٥ / ١٩٣٠ ان قرار مجلس الوزراء الصادر في ٥ تموز ١٩٢٣ يتحتم تناولكم مخصصات الوكالة لمدة سنة أشهر اعتبارا من تأريخ تقلدكم منصبكم الجديد وبما ان راتبكم في الجيش كان (٥٥٠) ربية شهريا وراتب وظيفتكم الجديدة (٨٠٠) ربية فانكم تستحقون نصف الفرق بين الراتبين وهو (١٢٥) ربية تدفع لكم متراكما بعد مرور شهرين من التأريخ المذكور.

هذا ولا يمكننا مع الاسف الحياد عن القاعدة المذكورة ( ئیمزا )

عن وزير الداخلية

صورة الى –

مديرية المحاسبات العمومية

محاسب ليوا

٨ / ٦ / ٣٠


(ئیمزا)

بۆ مەصرف / ٢٨

( تەواو )

[١] نامەی وەزارەتی نێوخۆی عێراقە بۆ موتەسەڕڕیفییەتی سلێمانیی لەمەڕ (مووچە)ی موتەسەڕڕیف و ڕای دەگەهێنێت کە لە سوپادا مانگی (٥٥٠) ڕوپییەی هەبووە و موچەی ئێستەی (٨٠٠) ڕوپییەیە و جوداییەکەی (مووچەی تایبەتیش – موخەسەسات) کە دەکاتە؛ ١٢٥ ڕوپییە، ئەویش وەردەگرێ.




MINISTRY OF THE INTERIOR
'IRAQ.
BAGHDAD.

الحكومة العراقية
وزارة الداخلية
شعبة الامور الذاتية

بغداد في ٣ حزيران ١٩٣٠
العدد

متصرفية لواء السليمانية

الموضوع – راتب المتصرف .

٨٢
٨ / ٦ / ٣٠

بالاشارة الى كتابكم المرقم ٨٢/٢٥٣٨ والمؤرخ في ١٩٣٠/٥/٢٩ .
ان قرار مجلس الوزراء الصادر في ٥ تموز ١٩٢٣ يحتم تناولكم مخصصات الوكالة
لمدة ستة اشهر اعتبارا من تاريخ تقلدكم منصبكم الجديد .
وبما ان راتبكم في الجيش كان ( ٥٥٠ ) ربية شهريا وراتب وظيفتكم
الجديدة ( ٨٠٠ ) ربية فانكم تستحقون نصف الفرق بين الراتبين وهو ( ١٢٥ )
ربية تدفع لكم متراكما بعد مرور شهرين من التاريخ المذكور .
هذا ولا يمكننا مع الاسف الحياد عن القاعدة المذكورة ..

عن وزير الداخلية .

صورة الى –
مديرية المحاسبات العمومية .

بەڵگەی ژمارە (٥)

- **بەڵگەنامەی ڕەسمییانەی عێراقیی (بە کوردیی) : برووسکە**

**(ژ: ٦)[1]**

**ژمارە: ١١٣١٦**

**ڕۆژ: ٢١ / ٨ / ١٩٣٠**

**ئیعلامتـان دەکـەین کـە ئیسـتیغنا کـرا لـە خـەدەماتی موتەسـەڕڕیف تۆفیـق وەهبیی بەگ.**

**دائیرەی موتەسەڕڕیفی لیوای سلێمانیی**

**ژمارە: ٨٢ / ١٨٢٥**

**ڕۆژ: ٢٤ / ٨ / ١٩٣٠**

**بۆ ڕوئەسای دەوائیر**

**ئەوا سووڕەتی موتەرجەمەی تەلەگرافی وەزارەتی داخیلییە دائیر بە ئیستیغنا کردن لە خەدەماتی تۆفیق وەهبیی بەگ بۆ مەعلوومات نێردرا.**

**(ئیمزای ئینگلیزیی)[2]**

**(وەکیلی موتەسەڕڕیف)**

**سوورەتی بۆ —**

**قائیمقامی قەزای ....**

**مودیری ناحیەی .... بۆ زانین**


**( تەواو )**

---

[1]- بروسکەی وەزارەتی نێوخۆی عێراقە لەمەڕ (چاوپۆشین لە خزمەتی موتەسەڕڕیف تۆفیق وەهبیی) و نامەی جێگیری موتەسەڕڕیفیشە بۆ گشت دایێرە لەمەڕ هەمان باس.

[2]- ئیمزا ئینگلیزییێکە هی (کارگێڕی سیاسیی بریتانیە لە سلێمانییدا؛ مستەر ئالبان).




لە وزارتی داخلیەوە
بو مفتش اداری سلیمانی

زمارە ١١٣١٦
روز ١٩٣٠/٨/٢١

اعلامتان اکەین کە استغنا کرا لە خدماتی متصرف توفیق وهبی بك .

دائرەی متصرف لوای سلیمانی
زمارە ٨٢/ ١٨٢٥
روز ١٩٣٠/٨/٢٤

بو رؤسای دوائر

٥٩٥٧
٩٣٠/٨/٢٥

اوا سورتی مترجمەی تلغرافی وزارتی داخلیە دائر بە استغنا کردن لە خدماتی توفیق وهبی بك بو معلومات نیررا .

وکیلی متصرف سلیمانی

سورتی بو —
قائممقام قضای ......
مدیری ناحیەی ......

Baby Lalo

**بەڵگەی ژمارە (٦)**

- بەڵگەنامەی ڕەسمییانەی عێراقیی (بە عارەبیی و ئینگلیزیی)

(ژ: ٧)[١]

وزارة داخلية العراق

العدد ١١٤٥١

التاريخ ٢٥/٢٦ آب ١٩٣٠

(شعبة الامور الذاتية)

بيان

بناء على الاستغناء عن خدمات توفيق وهبي بك متصرف لواء السليمانية قطعت علاقته من اللواء اعتبارا من ٢٢ آب ١٩٣٠ قبل الظهر.

(ئیمزا)

عن وزير الداخلية

صورة الى — وزارة المالية

متصرفية لواء السليمانية

مديرية المحاسبات العمومية

مكتب المطبوعات

شعبة الامور الذاتية

المحاسبة

٢٨ / ٨ / ١٩٣٠

بو محاسبى لوا

(ئیمزای ئینگلیزیی)[٢]

وەکیلی موتەسەڕڕیف

بۆ مەسرەف/ ٣٠ مینهو


( تەواو )

---

[١]- بەیانی وەزارەتی نێوخۆ لەمەڕ موتەسەڕڕیف تۆفیق وەهبیی کە لە نیوەڕۆی ٢٢ی ئابی ١٩٣٠ەوە پێوەندیی بە ئەو باژێڕەوە نەماوە.

[٢]- هەمان ئیمزای ئینگلیزیی بەڵگەنامەی پێشووە.





No. M.I.
MINISTRY OF INTERIOR,
BAGHDAD, August, 1930.

وزارة داخلية العراق
العدد ١١٤٥١
التاريخ ٢٥ آب ١٩٣٠
«شعبة الامور الذاتية»

٦٠٨١
٩٣٠/٨/٢٠

NOTIFICATION

بيان

The services of TAWFIQ WAHBI BEG, Mutasarrif of Sulaimani Liwa, being dispensed with.

He was struck off the strength of that Liwa, with effect from 22nd August 1930, beforenoon.

بناء على الاستغناء عن خدمات توفيق وهبي بك متصرف لـــــواء السليمانية قطعت علاقته من اللواء اعتبارا من ٢٢ آب ١٩٣٠ قبـــل الظهر «

Minister of Interior.

عن وزير الداخلية

Copy to:-
Ministry of Finance, BAGHDAD.
Mutasarrif, SULAIMANI LIWA.
Accountant General, BAGHDAD.
Press Bureau.
"P". Section (2 Copies).

صورة الى — وزارة المالية
متصرفية لواء السليمانية
مديرية المحاسبات العمومية
مكتب المطبوعات
شعبة الامور الذاتية
« المحاسبة .

٢٨ / ٨ / ٣٠

N.

بو محاسبى لوا

وكيلى متصرف

بو مصرف ٣٠

Baby Lalo

بەڵگەی ژمارە (٧)

## داوێن: ٤ بەڵگەکان[1]

٣/٤- تایبەت بە سەعید کابان

١- یێکەمین شێوەی (دەست نووس)ی ڕیساله؛ (قەواعیدی زبانی کوردیی "گوڵزار"ی موعەللیم سەعید سدقیی / س ١٩٢٠. سلێمانیی). (دیاریی دۆستی کۆچ کردووم؛ عیززەت سەعید سدقیی، س ١٩٨٤). (دوو پەڕە: ١/١/٣/٤، ٢/١/١/٣/٤)

٢- دووەمین شێوەی (دەست نووس)ی ڕیساله؛ (قەواعیدی زبانی کوردیی "گوڵزار"؛ تەئلیفی سەعید سدقی موعەللیمی قەواعیدی عارەبیی و فارسیی لە مەکتەبی نموونەی سەعادەتی حکومەت لەشاری سلێمانییدا؛ ١٣٣٨هجری — ١٩٢٠م + تەقریر — ستاییشێکی — عەبداللە زێوەری مامۆستا و شاعیر). (دیاریی دۆستم بەهجەت سەعید سدقیی کابان — س ١٩٨٢). (چوار پەڕە: ١/٢/٣/٤، ٢/٢/٣/٤، ٣/٢/٣/٤، ٣/٢/٣/٤).

٣- سێیەمین شێوەی (دەستنووس)ی (گوڵزار) گەڵاڵە کراو بۆ یێکەمین ڕێزمانی کوردیی: (موختەسەری سەرف و نەحووی کوردیی، بەئیمزای خۆیەوە). (دیاریی دۆستم بەهجەت سەعید سدقی کابان — س ٢٠٠٩).

٤- شێوەی یێکەمین ڕێزمانی کوردیی چاپ کراو (موختەسەری سەرف و نەحووی کوردیی — سەعید سدقیی، موعەللیمی مەکتەبی ئەووەڵی سلێمانیی، چاپ ١، چاپخانەی نەجاح، بەغداد ١٣٤٧ھ — ١٩٢٨م). (دیاریی دۆستم؛ بەهجەت سەعید سدقیی کابان — س ١٩٨٢). (چوار پەڕە: ١/٤/٣/٤، ٢/٤/٣/٤، ٣/٤/٣/٤، ٤/٤/٣/٤).

٥- شێوەی کۆپیی داندراو؛ (هداية العباد الى سبيل الرشاد — جزء ٢، مووافیقە بە پرۆغرامی سونفی چوارەم و مەنهەهجی تازەی عێراق — تەئلیفی سەعید سدقیی موعەللیم لە مەکتەبی ئەووەڵی سلێمانیی، ١٣٣٤ھ — ١٩٢٥م/ دەست نووس.

٦- شێوەی کۆپیی داندراو؛ (الاخلاق والدين — هداية العباد لسبيل الرشاد، جزأ ٥؛ لە کردەوەی سەعید سدقیی موعەللیمی مەکتەبی ئەووەڵ و موعەللیمی دینیی سانەویی، سلێمانیی، ١٣٤٦ھ — ١٩٢٨م/ دەست نووس.

٧- شێوەی کۆپیی داندراو؛ (الديانة — هداية العباد لسبيل الرشاد، جزأ ٦، بۆ سوننی شەشەمی ئیبتیدائیی، لەکردەوەی سەعید سدقیی موعەللیمی مەکتەبی ئەووەڵی سلێمانیی و دینییەی سانەویی، ١٣٤٦ھ — ١٩٢٨م.

٨- قیرائەتی کوردیی — بۆ سونفی دووەمی ئوولا، لە کردەوەی سەعید سدقی موعەللیمی مەکتەبی ئەووەڵی سلێمانیی، ١٣٤٥ھ — ١٩٢٧م.

٩- معلومات دينية — بۆ سونفی پێنجەمی ئیپتیدائی ڕێك خراوی، لەسەر نەفەقەی وەزارەتی مەعاریف تەبع کراوە، موتەرجیمەکانی؛ سەیید ڕەئیس ئەووەڵ فەتاح بەرزنجەیی، سەعید سدقیی موعەللیمی ئەووەڵی قەرەداخ، سەیید نووریی ئەلبەرزنجەیی موفەتتیشی مەعاریفی مەنتیقەی کوردستان، لە عارەبییەوە بە کوردیی تەرجەمە کراوە، بەغداد، مەتبەعەی دەنکور، ١٣٥١ھ — ١٩٣٢م (چاپ کراو) و (دەست نووس).

١٠- قەواعید تەجوید (دەست نووس).


١١- ٦٠٠٠ مەسەلەی حسابیی (دەست نووس).

١٢- جوغرافیا — بۆ سونفی سێیەمی مەکتەباتی ئیپتیدائی — لە تەرەف سەیید نووریی بەرزنجەیی و سەعید سدقییەوە تەرجەمە کراوە، موافیقە بۆ مەنهەجی تازەی مەعاریفی عێراق + بەڵگەیێکی ڕەسمییانە= نامەی: مديرية المعارف العامة؛ ژ ٦٣٣٧ لە ٢٧ / ١٠ / ١٩٢٨ کە ڕادەگەهێنێ (تەدقیقات ناکرێ و چاپ ناکرێ). (دوو پەڕە: ١/١٢/٣/٤، ٢/١٢/٣/٤)

١٣- شێوەی کۆپیی (دەفتەری وەزیفەی سەعید سدقی کابان/ تەرجەمەی حاڵ؛ س ١٩٢٠ — ١٩٣٢). (دوو پەڕە: ١/١٣/٣/٤، ٢/١٣/٣/٤).

(گشتیان دیاریی دۆستم؛ بەهجەت سەعید سدقی کابان — س ١٩٨٢)٥.

[1] شێوەی بەڵگەی ڕەسمییانە — عارەبیی و کوردیی — دەست نووس، کتێب، گوتاری ڕۆژنامە، نامە.



(٤)

بسم الله الرحمن الرحيم وبه نستعين

الحمد لله رب العالمين . والصلوة والسلام على محمد سيد المرسلين . وعلى آله واصحابه الطاهرين اجمعين

ليانت . . ام رساله کوردیه م داناله سر یک مقدمه و هشت باب و یک خاتمه . .

(مقدمه له بیانی املا و قاعده ی نوسینی)


اب پ ت ث ج چ ح خ د ذ ر ز ژ س ش ص ض ط ظ ع غ ف ق ک

گ ل ڵ م ن و ه ی


نوسینی که اه مانن : ا ، د ، ذ ، ر ، ز ، ژ ، و . .







(٦)




١/٢/٣/٤




٢/٢/٣/٤



@kurdica

(٦)

هەروکو لەعەرەبیدا سیدا حرکە هیە و عیباتن لە کوردیدا بە (سر ، بۆر ، ژێر)

نفنەاوان بە ترتیب ئەم رنگە بە ... جعانە دەلێن حرکات رسمیە ..

چوار حرف تر لە حرفان هجاو وکو : ا ، و ، ه ، ی : بێ حرف اعلا و یا حرکات

حرفیەن چونکو وظیفە حرکات رسمیەدە بینن ..

ا ، ه وظیفە سرەدە بینن وکو : بابا ، دایە ..

و : وظیفە بۆردە بینن وکو : (احمد گوری حەمە کورد دە)

ی : وظیفە ژێردە بینن وکو : نانی گندم ، ماستاوی کولند ..

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

(تقسیم ک)

(ک) دو نوعە (١) عرەبێنە ... وکو : کتیب بو خوێندە ... [illegible]

... (٢) کاف کوردی یا فارسی بە علامت ... وکو :

بەگرما کرە بە گامکە ..

(تقسیم و)

(و) دو نوعە (١) مقبوضە یعنی لێوی بوردەکو شری ، ئەم نوعە هەروکو لە عرەبیدا

مستعملە لە کوردیش لە عمل دێنری و هیچ علامتێکی بو دانانری وکو : ... [illegible]

... (٢) مبسوطە یعنی لێوی بو بلاو دەکرێتەوە ، ئەم نوعە قطعاً لە عرەبیدا

(٧)

مستعمل نیە لە براوەدە ... [illegible] ... ئەم نوعە ... [illegible]

دە لە کوردی وکو : بو خوم دە ... بو نکتب :

(تقسیم ی)

(ی) ئێش دو رنگە (١) مستقیمە یعنی راستە و هیچ قورتی تیا نیە ، ئەم نوعە

هەم لە عرەبیدا و هەم لە کوردیدا لە عمل دێنری لە براوەدە هیچ ... بو دانانری

وکو : ... [illegible] ..

(٢) مائلە یعنی ... [illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

لەگەل کسا بکە ..

تحریب

ئەم عبارتە بو ... [illegible] ..

کس بو خوێندن و ... [illegible]

لە دنیادە ... [illegible] ...

Baby Lalo



(٢٤)

الحمد لله علی التمام ، والصلوة والسلام علی خیر الانام ، وعلی آله واصحابه

الکرام الکرام ، روژی ١٧ شوال ... هجری مصادف یکم جولای

... میلادی کە ابتدای ایام تعطیل مکتبە دەستم بە تالیف ئەم رسالە

کرد ... [illegible]

[illegible]

[illegible]

جدول ... [illegible]

[illegible table]

تقریض


تماشا و تتبع ... [illegible] | مبارک بێ لە ملت ... [illegible]

[illegible]

عبدالله

زیور

Baby Lalo



(١)

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لمستحقه والصلاة والسلام على خير خلقه وعلى آله الطاهرين وصحبه اجمعين .

(مقدمه) - لە بابا حرفان هجی و املای کوردی)


(٢٦) حرفن :

(ا ب پ ت ث ج چ ح خ د ذ ر ز ژ س ش ص ض ط ظ
ع غ ف ڤ ق ك گ ل ڵ م ن و ۆ ه ی ێ .)

(مرام)

١/٤/٣/٤





مختصر صرف ونحوی

كوردی

جزء

١

لەسر قراری وزارة معارف بو صنف چوارم و پنجم ابتدائی لە چاپ دراوه

طبع اول

لە نزدە وەی

... مكتب اول سلیمانی

... صدقی

حق لە چاپ دانەوەی بو مؤلفه

لەسر نفقەی مؤلف طبع كراوه

چاپ خانەی نجاح * بغداد

١٣٤٧ هـ — ١٩٢٨ م

٢/٤/٣/٤

# (مرام)

هتائەم عصراخیرە خویندنمان لە مکتبا ونوسینمان بە کوردی نە بوە بەو سببە سعی وکوشش نە کراوە کەقواعد یکی صرف ونحو بو زمان کوردی ریك بخری . وفق لە طرف معارف وملت پروانەوە تدریسات مکاتب ونوسین مکاتیب کران بەکوردی لازم، بلکو واجب بو کە قواعدی بو زمان ، بونوسین کوردی دیە، ریبخری چونکو قواعد نەبی اصول نوسین واملا نازانری . هرنە بربی قواعدی نیە نە دە بینری ئەبەانواع مختلف دە نوسری .

لەبەر ئەوە مرکە فریکی بچوکم لە افراد ملت وا بەلکان ادب وگران کەچی ئەم رسالە مختصرە کە بو قواعد زمان ونوسین کوردی ریکمخستان دەوە تقدیم ملت کورد واولاد وطن دەکەم ، بشرف ئەم خزمتە وە خوم لە سعادتیکی ابدی دا دە بینم . لکن رجا لە علما ومنوران دەکەم کەبە قلم لطف ومرحمت تصحیح قصوری ، واکمال نقصانی بفرمون . چونکو اول تألیفە قابل تنقیدە .

(وهو العلیم الخبیر) سعید صدقی

الحمدلله تعالی والصلاة والسلام علی خیر خلقه وعلی آله الطاهرین وصحبه اجمعین.

لەپاش حمد وثنای خدا وصلاة وسلام لەسر سید انبیا ئەم رسالەیە کەنا ونراوە بە (مختصر قواعد صرف ونحو کوردی) ریکخراوە لەسر یك مقدمە و پنج بحث . والله الموفق والمعین .

(مقدمە) — لە بیان کردن حرفان هجا واملای کوردی

هرمان زانیوەمانە وەمان زانیوە کە کلمان لە حرفان هجا ، وئەمەی تەواو لەکلان ریك دەخرین .

دەبی بزانین ئەو حرفە هجایانەی کەلە کوردیدا لە عمل دینرین وکلمانیان لی درست دەبی چندن وچین . ئەو حرفانە (۲۸) حرف هجای عربی و(۸) حرفی ترن کە غیر عربین وئەمانەن . (پ ، چ ، ژ ، ڤ ، گ ، ڵ ، ۆ ، ێ) کەوابو حرفان هجای کوردی (۳٦) حرفن .

(ا ب پ ت ث ج چ ح خ د ذ ر ز ژ س ش ص ض ط ظ ع غ ف ڤ ق ک گ ل ڵ م ن و ۆ ه ی ێ)

ئە وکلانەی کە کوردی پەتی بن حرفان (ث ، ذ ، ض ، ط ، ظ) یان



٤

تێدانیە هرکلە یێ کلە کوردی دا دە بوژری ولەم حرفانەی تێدابو ئەو کلەیە کوردی اصل نیە وتابی بکوردی بزانین یادە بێ ئەو ونوەکلانەبەجاری لەکوردی دا ترك بکرین خو ئەمەش ممکن نیە ، ویادەبی لەسر شکل وشیوەی خویان بنوسرین فقط لە تلفظدا بەشیوەی کوردی دەخوینرینەوە

ئەو هشت حرفانەی کە عربی نین شکیکی جوی یان نیە امابعضیکیان بە نقطەی زیاد وبعضیکیان یابە تێ فکر یکی کم ویابە دانان اشارت (۷) لەسریان جوی دە کرینەوە .

ئەوانەی کە بە نقطەی زیاد جوی دە کرینەوە حرفان (پ ، چ ، ژ ، ڤ ، گ) کەبەسە ۳ نقطە لە (ب ، ج ، ز ، ف ، ک) ، وئەوانەی کە بەتێ فکر یکیکی کم ویابە اشارت (۷) جوی دە کرینەوە (و) کراوە (ی)ی خوارە لە (وای کراو ، وای) ی راست جوی دە کرینەوە

حرفانه منفصل ومتصل

حرفان هجا دو بشن (۱) — منفصلە — جوی (۲) — متصلە — نوساو .

منفصلە — حرفا نیکن یابە تنیادە نوسرین ، ویابە آخرەوە دەنوسینرین یعنی بە حرفی بردەمی خویانەوە نانوسین . ئەوانە حوت حرفن . وئەمانەن (ا ، د ، ذ ، ر ، ز ، ژ ، و) .

متصلە — حرفا نیکن هروکو بە تنیادە نوسرین لە اول ، لە ناوە راست ، ولە آخرەوەدە نوسرین وبە یکترەوە دە نوسینرین . غیر منفصلە متصلن .

٥

حرکە

دو نوع حرکە هەیە . (۱) رسمي (۲) حرفي .

حرکەی رسمي ناودەبرین بە (سەر ، بور ، ژیر ، زنە) لەنوسین کوردی دا نانوسرین اما ملاحظە دەکرین چونکو پێ ویست نیە لە همو جیگایکا حرکات حرفیە لە عمل بینرین با خصوص لە بعضە کلانیکا کە حرف سرداری هر بەسر ، بورداری هر بە بور ، ژیرداری هر بە ژیر ، زنەداری هر بەزنەدەخوینرینەوە . مثلا الف ، گ (اگر) هر بەسر ، (خ) لە (خدا) دا ، (غ) لە (غنچە) دا هر بەبور ، (ر) لە (برنج) دا هر بە ژیر دەخوینرینەوە وئەمانە پێ ویست نیە حرکات حرفیە یان بوزیاد بکری وبەم رنگە بنوسرین (ئەگر ، خودا ، غونچە ، برینج) بلکو دەبێتە سبب بو ترش شیوان . مالە بعضو جیگا زیادکردن حرکت حرفیە زور لازم وپێ ویستە وکو (کومر ، کورد ، کور) ئەم کلانە اگر حرکات حرفیە یان لەگە لا نە بێ بەزحمت دە زانرین . وبەکلانی تر التباسیان دەبێ . مثلا (کور ، کرد ، کر) کێ دەزانێ کە ئەم کلمانە : کومر ، کورد ، کور) ن . اما الفاظ عربی لە شیوە وشکل خویان تیك نادرین .

حرکەی حرفی ئەم چوار حرفانە یە کە ناودە برین بە حرفان املا .

(ا ، و ، ه ، ی)

(ا ، ه) — دەبنە سەر بو حرفەکەی پیش خویان . وکو (بابە ، دایە)

(و) — دە بنە بور بو حرفەکەی پیش خوی . وکو (کوران کوردستان

Baby Lalo

# هداية العباد
## الى سبيل الرشاد
جزء ٢

موافقه بو بروگرام صنف چوارم ومنهج تازه ی عراق

Baby Lalo

تأليف سعيد صدقى معلم له مكتب اول سليمانى

١٣٤٤ سنه هجرى     ١٩٢٥ سنه ميلادى

٥/٣/٤



(الاخلاق والدين)

(هداية العباد لسبيل الرشاد)

جزء ٥


Baby Lalo

لكردەوەی

سعيد صدقى معلم مكتب اول و معلم دينى ثانوى سليمانى

١٣٤٦ هـ ـــ ١٩٢٨ م

٦/٣/٤



(الديانة)

هداية العباد لسبيل الرشاد

جزء ٦

بو صنف ششم ابتدائی


لە کردەوەی

سعید صدقی معلم مكتب اول سلیمانی و دیفیدی ثانوی

١٣٤٦ هـ - ١٩٢٨ م

٧/٣/٤





قرائت کوردی

بو صنف دومی اولی

لە کردەوەی

سعید صدقی معلم مكتب اول سلیمانی

١٣٤٥ هـ - ١٩٢٧ م


٨/٣/٤



Baby Lalo

Baby Lalo

@kurdica



سيد محمد سعيد الراوى

( معلومات دينيه )

لە سەر آخر منهج وزارة جليلەى معارف عراق بوقوتابي يان

صنف پنجم ابتدائي ريك خراوه

لە سەر نفقەى وزارتى معارف طبع كرا

ترجمه كاني

سيد فتاح برزنجي رئيس اول — سعيد صدقي معلم اول مدرسەى قرەداغ — سيد نورى البرزنجي مفتش معارف منطقەى كوردستان

لە عربي يەوه بە كوردى ترجمه كراوه

هەر نسخەيێك بەبى امضاوه يامورى مترجم بي ساخته دائه نرى

١٣٥١ هجرى

١٩٣٢ ميلادى

لە مطبعەى دنكور طبع كراوه

( ٤٦ )

لەم شه آيته دا دانزه اوامر ونواهى ( ١٠ ) حكم الهى هەيه .

(١) — ( اَنْ لاتُشْرِكُوا بِهِ شَيْئاً ) يعنى بە هيچ شتى شركت بو خدا پيدا مەكەن .


(٢) — ( وَبِالْوالِدَيْنِ اِحْساناً ) دايه وه چاكه لەگەل باوك و دايكا بكەن .

(٣) — ( وَلاتَقْتُلُوا اَوْلادَكُمْ مِنْ اِمْلاقٍ نَحْنُ نَرْزُقُكُمْ وَاِيّاهُمْ ) دايه وه مەكوژن اولاد خوتان لە ترسی فقرى ايمە رزق ايوه ش و ئه وانيش ده ده ين كه دابوبوچ نتو ده كەن .

(٤) — ( وَلاتَقْرَبُوا الْفَواحِشَ ما ظَهَرَ مِنْها وَما بَطَنَ ) دايه وه نزيك بەزنا مەكەون چ بە ئاشكرا ... چ بەپنهانى ...

(٥) — ( وَلاتَقْتُلُوا النَّفْسَ الَّتي حَرَّمَ اللّهُ اِلاّ بِالْحَقِّ ) دايه وه مەكوژن نفسى خدا كوشتنى لە ئيوه حرام كردوه الا بەحق ... وكو قصاص ، كوشتنى مرتد ، رجم كردن زانى محصن ، كافر حربى . ( ذلِكُمْ ) ئەم چوارنى وێك ايوه ( وَصّيكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ) خدا توصيه ونصيحت وامرى بە ايوه كردوه بلكو عاقل بين و بزانن وئه بكەن كە ريگاى راست ئه مانن .

(٦) — ( وَلاتَقْرَبُوا مالَ الْيَتيمِ اِلاّ بِالَّتي هِيَ اَحْسَنُ حَتّى يَبْلُغَ اَشُدَّهُ ) دايه وه نزيك بەمال هەتيو مەكەون وتصرفى لى مەكەن الا بەرنگى نه بى كە چاكتربى بە نوعى تجارت وكاسبى پيوه بكەن بوخاترى زياد بكا ، تابه نزيك بكەون هەتا قوت ورشد پيدا دەكا وكو بلوغ بى ئه وقته تسليمى بكەنەوه .



لەپاش حمد وثناى خدا وصلاة وسلام لە سەر ~~رسول~~ سيد انبيا بە مفاد ( ورتل القرآن ترتيلا ... والقرآن يلعنه ) لە سەر كل قرآن خوينى واجبه ~~...~~ قواعد تجويد بزانى كه هتا وقرآن كريم لە سەر قواعد تجويد تلاوت بكا ... لە بەر ئەوه ... قواعد تجويد ... ترجمه كرد بە كوردى بوخاترى منالان كوردستان استفاده ى لى بكەن لەهەر جا لە معلمان محترم ده كەم بوهەر درس وتوسيعى ... افندى زور ... ودرس ... سؤال وجواب لە قوتابيان بكەن هەتا ... پيدا بكەن ومن الله التوفيق

واگەر حرفەكەى پيشى ساكن بو دريژ ناكريتەوه وكو ( عليه ، لديه ، منه ، فيه ) .

لكن لە سورەى ( فرقان ) دا ( فيه مهانا ) دريژ دەكريتەوه ئەمه مستثنايه .

( حكم الراء )

حرف ( ر ) دو نوعه ( ١ ) گوره ( ٢ ) بچوك .

لە قرآن كريما حرف ( ر ) لە ... جيگادا بە گورەيى دەخوينريتەوه .

(١) — حرف ( ر ) سەردار ويا بوردار بى . وكو ( الرحمن الرحيم ، رُبَما ، نصرُ الله ) .

(٢) — حرف ( ر ) خوى ساكن فقط حرفەكەى پيشى بەسەر ويا بەبور هەردار بى . وكو ( وانحر ، هو الابتر ، وذكر ، انذرهم ) بەگورەيى دەخوينريتەوه



١٠/٣/٤

٢٧٣ عرباوه‌یی لێک دقیقه‌دا ٢/٥ ١٥٠ دوره ده‌دا له‌ طرفی ٢ ١/٢ ساعتا چند دوره ده‌دا ؟ (حل)

٢ ٣/٥ × ١٥٠ × ٢ ١/٢ = ١٥٢/١٠ × ٢١٠ = ٣١٩٢٠/١٠ = ٣١٩٢

٢٧٤ قیمتی متره‌یی لیبار طرفی ٢/٥ ٤٩ قروش بی قیمتی ١/٢ ٤٥٧ متره چنده ؟ (حل)

٤/٥ ٤٩ × ١/٢ ٤٥٧ = ٢٤٩/٥ × ٩١٥/٢ = ٢٢٧٨٣٥/١٠ = ٢٢٧٨٣ ١/٢

٢٧٥ بیست عمله طرفی ١/٤ ١٢ روژا ایشی ده‌کن عجبا عمله‌ی به چند روژ ده‌یکا ؟

٢٠ × ١/٤ ١٢ = ٢٠ × ٤٩/٤ = ٩٨٠/٤ = ٢٤٥

٢٧٦ [illegible]

٢٧٧ وزنی متره مکعبی آوی مقطر ١٠٠٠ کیلوگرام وزنی ٢/٥ ١٢٠ متره مکعب له‌ دواوی ده‌بی چند ؟ (صورتی حل)

١٠٠٠ × ٢/٥ ١٢٠ = ١٠٠٠ × ٦٠٢/٥ = ٦٠٢٠٠٠/٥ = ١٢٠٤٠٠

١١/٣/٤



**صورة كتاب مديرية المعارف العامة**
**المرقم ٦٢٢٧ والمؤرخ ٢٧/١٠/٢٨**

كان تقدم سعيد صدقي المدرس في مدرسة السليمانية الاولى كتاب جغرافية في الكردية للصفوف الثالثة لاجل تدقيقه . ولما لم يكن كتاب جغرافية مقررا في اللغة العربية للصفوف الثالثة نرجو ان تخبروا المومأ اليه بعدم امكان تدقيقه من قبل اللجنة . تجدون الكتاب المذكور طيا لاعادته الى المومأ اليه .

---

مديرية معارف منطقة بغداد

العدد ٢٧٧٨/٧/١

التاريخ ٣٠ تشرين الاول /٩٢٨

الى سعيد صدقي افندي
معلم مدرسة السليمانية الاولى

ننقل اعلاه صورة كتاب مديرية المعارف العامة المرقم ٦٣٢٧ والمؤرخ ٢٧/١٠/٩٢٨ حول ترجمتكم لكتاب الجغرافية للصفوف الثالثة لتتسلموا طيه .
نعيد المترجم طيا .

مدير معارف منطقة بغداد

المطبوعات
١

ا ٠ ش

١/١٢/٣/٤



Baby Lalo

(جغرافیا)

معارف

2/12/3/4



١

- ترجمة الحال

(١) الاسم سعيد صدقي كابان

(٢) اسم الاب ملا حسن

(٣) اسم الام فاطمة

(٤) الديانة اسلام

(٥) محل وتاريخ الولادة ايلجا ١٨٧٥ م

(٦) التحصيل في مدارس العلوم

(٧) اللغات التي يحسنها كوردي - فارسي - عربي - تركي


(٨) توقيع الموظف

تصوير الموظف الشمسي

1/13/3/4



Baby Lalo




المراقبة والادارة الملكية

| نوع الوظيفة | التاريخ | الراتب | المخصصات | رقم الامر وتاريخه |
|---|---|---|---|---|

الوظائف التي تقلدها الموظف لدى الحكومة

| نوع الوظيفة | التاريخ من | الى | الراتب روبية | المخصصات | رقم الامر وتاريخه | توقيع رئيس الدائرة |
|---|---|---|---|---|---|---|

Baby Lalo



الوظائف التي تقلدها الموظف في عهد الحكومة العثمانية او الوظائف الاخرى المسموح بها عن الخدمة في سوريا والحجاز وشرق الاردن والحكومات الاخرى

| نوع الوظيفة | من | الى | الراتب الشهري | الملاحظات | توقيع رئيس الدائرة |
|---|---|---|---|---|---|

Baby Lalo

٢/١٣/٣/٤



**داوێن: ٤/٤- بەڵگەکان[١]**

١/٤/٤- تایبەت بە یاداشت – عەریزەی ت. وەهبیی بۆ کۆمەڵەی گەلان – ١٩ / ٤ / ١٩٣١
[fo371 /1/15311]

٢/٤/٤- نامەی ت. وەهبیی بۆ سکرتێری دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوە – وەزارەتی دەرەوە، داونینگستریت، لۆندۆن: ١٩/ نیسان/ ١٩٣١ [Fo371/ 1 / 15311]

٣/٤/٤- نامەی ت. وەهبیی بۆ سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی گەلان – ژنێف: ١٩ / نیسان / ١٩٣١
[FO371 / 1 / 15311]

٤/٤/٤- نامەی – ت. وەهبیی بۆ سەرۆکی لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب، کۆمەڵەی گەلان – ژنێف: ١٩/نیسان/ ١٩٣١ [Fo371 / 1 / 15311]

٥/٤/٤- نامەی ت. وەهبیی بۆ مەندووبی سامیی لە عێراق – بەغدادا؛ ١٩ / نیسان / ١٩٣١ [Fo371/1/15311]

٦/٤/٤- وەکالەت نامەی چەند ناسراوێکی کورد – بۆ ت. وەهبیی؛ ١٤ / مارت / ١٩٣١ [Fo371/1/15311]

٧/٤/٤- عەریزەی گەلی کوردی کوردستانی خواروو (!!)؛ تۆفیق وەهبیی؛ [Fo371 / 1 / 15311]

---

[١] شێوەی (وەرگێڕاندنە کوردییێکە)ی لە بەڵگە ئینگلیزییێکانەوە/ وەرگیراوە لە: نەوشیروان مستەفا ئەمین – سەردەمی قەڵەم و موراجەعات – چ ١، ل ٢٤٦ – ٢٥٨. (ڕۆژی ٢٠ / ٥ / ٢٠٠٩، مۆڵەتی بەکاربردنی ئەم بەڵگەنامانەی پێ داوم).

**٤/٤- یاداشت – عەریزەی ت. وەهبیی بۆ کۆمەڵەی گەلان**

- ١ -

**بەڵگە: ١**

١- بەیرووت

١٩ی نیسانی ١٩٣١

پایەبرز سکرتێری دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوە

وەزارەتی دەرەوە

داونینگستریت، لەندەن

بەپێی ئەو ڕێگە و شوێنانەی کە دانـدراون بـۆ پێشکەش کردنـی عـەریزە بـە کۆمەڵەی نەتەوەکان لە لایێن دانیشتوانی نێوچەی مانداتەوە، ئەز شەرەفی ئـەوەم هەیە ئەم دۆکۆمێنتانـە بخەمـە بـەردەمتان، بـۆ ئاگەهـداریتان و بـۆ هـەناردنی بـۆ سـەرۆکی لیژنـەی هەمیشـەیی مانـدات، بـۆ سـەیرکردنی لـە کۆبوونـەوەی مـانگی حوزەیراندا.

هەروەك لە دۆکۆمێنتەکانی پاشکۆی خوارەوەدا دەبینن، من نوێنەری دەسـەڵات پێ دراوی گەلی کوردم لە خوارووی کوردستاندا کە ئێستە بەشـێکە لـە عێـراق کـە زیاتر لە ٨٠٠,٠٠٠ کەسە.

کۆپییێکی ئەم دۆکۆمێنتانە، لەلایێن منەوە، ڕاستەوخۆ نێـردراوە بـۆ سـەرۆکی لیژنەی هەمیشەیی ماندات و بۆ پایەبەرز مەندوبی سامیی لە عێراقدا.

تۆفیق وەهبیی

لیۆتنانت کۆلۆنێل موتەسەرڕیفی پێشووی سلێمانیی

نوێنەری دەسەڵاتداری گەلی کورد لە عێراقدا

ناونیشانی هەمیشەیی:

تۆفیق وەهبیی بەگ

مەحەللەی سنەك بەغداد (Fo371 1 / 15311)



**بەڵگە: ٢**

٢- بەیرووت

١٩ی نیسانی ١٩٣١

بۆ سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی گەلان – جنێڤ

گەورەم

ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە، داوای ئەوەت لێ بکەم لوتـف بفـەرمووی ئـەم نامـە و دۆکۆمێنتانـە بخەیتـە بـەردەم پایەبـەرز سـەرۆکی لیژنـەی هەمیشـەیی ئینتیـداب. ئەسڵی دۆکۆمێنتاەکان، بەپێی ڕێگە و شوێنی گونجاو خراوەتـە بـەردەم دەسـەڵاتی ئینتیداب لەگەڵ داوای هەناردنی بۆ کۆمەڵەی گەلان لە کەناڵی گونجاوەوە.

تۆفیق وەهبیی

لیوتێنانت کۆلۆنێل موتەسەرڕیفی پێشوی سلێمانیی

نوێنەری دەسەڵاتداری گەلی کورد لە عێراقدا

ناونیشانی هەمیشەیی:

تۆفیق وەهبیی بەگ

مەحەللەی سنەك بەغداد (Fo371 1 / 15311)



@kurdica

**بەڵگە: ٣**

٣- بەیرووت

١٩ی ئەپریلی ١٩٣١

لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب

کۆمەڵەی گەلان، جنێف

پایەبەرز

نیشانە بە ڕاپۆرتی لیژنەی هەمیشەیی ئینتیدابی کۆمەڵەی گەلان

ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە، کۆپییێکی تێ بینییێکانی خۆم بخەمە بەردەمتان دەربارەی گوتەکانی مێجەر یۆنگ، نوێنەری دەسەڵات پێ دراوی هێزی ماندات، لە ١٩ هەمین کۆبوونەوەی لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب لە جنێف لە نۆڤەمبەری ١٩٣٠دا.

ئەسڵی دۆکۆمێنتەکان، بەپێی ئەو ڕێگە و شوێنانەی لەلایێن کۆمەڵەی گەلانەوە داندراوە خراوەتە بەردەم سکرتێری دەوڵەتی کاروباری دەرەوەی خاوەند شکۆ لە لەندەن لەگەڵ کۆپییێك بۆ پایەبەرز مەندوبی سامیی لە بەغدادی عێراقدا بۆ ئاگاهداری پایەبەرزتان کۆپییێکی ئەو باوەڕنامەیەتان بۆ دەنێرم کە دەسەڵاتیان بە من داوە نوێنەرایێتیی نەتەوەی کورد بکەم کە بەرەوژوری ٨٠٠,٠٠٠ کەسە.

متمانەم بە پایەبەرزتان هەیە تێ بینیێکانی من دەخەنە بەردەم کۆبوونەوەی لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب کە دەبێ لە جوونی ئەم ساڵدا ببەسترێ. نەتەوەکەم، کە من شەرەفی نوێنەرایەتییانم هەیە، داوایان لێ کردووم کە ئاگەهدارتان بکەم چەند بەڕێزەوە ئەو هاودەردیە هەڵ دەسەنگێنن کە ئەندامە جیاوازەکانی لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب بەرامبەر گەلە چەوساوەکەم پێ نیشانیان داوە.

ئەگەر کۆمەڵەی گەلان داوای ئامادەبوونی من خۆم یا دەستەیێکی نوێنەریێتی لە هەر کۆبوونەوەیێکی دواتری کۆمەڵەی گەلاندا کرد، ئەز ئامادەم بۆ هاتن و وەڵام دانەوەی هەر پرسیارێ هەیان بێ.



تۆفیق وەهبیی:

لیۆتینانت کۆلۆنێل موتەسەرڕیفی پێشوی سلێمانیی

نوێنەریی دەسەڵاتداری گەلی کورد لە عێراقدا

ناونیشانی هەمیشەیی:

تۆفیق وەهبیی بەگ

مەحللەی سنەك بەغداد (Fo371 1 / 15311)

**بەڵگە: ٤**

٤- بەیرووت

١٩ی ئەپریلی ١٩٣١

پایەبەرز مەندوبی سامیی لە عێراق — بەغدادا

پایەبەرز

نیشانە بە ڕاپۆرتی لیژنەی هەمیشەیی ئینتیدابی کۆمەڵەی گەلان

ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە بۆ ئاگەهداریتان کۆپیی ئەم دوکۆمێنتە پێچراوانەتان بخەمە بەردەم. ئەسڵی دوکۆمێنتەکانم، بەپێی ئەو ڕێگە و شوێنانەی کۆمەڵەی گەلان دای ناون ناردووە بۆ سکرتێری دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوەی خاوەند شکۆ، بۆ ئەوەی ئەویش بی نێرێ بۆ سەرۆکی لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب.

لە ڕێگەی پایە بەرزتانەوە دڵسۆزیی تایبەتی خۆم و ئەوانەی من نوێنەرییان دەکەم بۆ خاوەند شکۆ مەلیك فەیسەل دەردەبڕم و ئارەزووی خۆم و گەلەکەم بۆ خزمەتی خاوەند شکۆ بە دڵسۆزیی و هێوای تایبەتی کە ماف و خواستە ڕەواکانمان پێ بەخشرێ و، ئەو بەڵێنانەی حوکوومەتی خاوەند شکۆ داویانە، بە پێی ڕاسپاردەکانی کۆمیتەی لێ کۆڵینەوە و ئەوانەی کۆمەڵەی گەلان، جێ بەجێ دەکرێ.

تۆفیق وەهبیی

لیۆتینانت کۆلۆنێل موتەسەرڕیفی پێشوی سلێمانیی

نوێنەری دەسەڵاتداری گەلی کورد لە عێراقدا (Fo371 1 / 15311)

**بەڵگە: ٥**

**وەکالەتنامە بۆ تۆفیق وەهبیی**

ئێمە ئەوانەی لە خوارەوە ئیمزامان کردووە، تۆفیق وەهبیی بەگ موتەسەڕڕیفی پێشووی لیوای سلێمانیی، لە داییك بووی سلێمانیی (ئێستا دانیشتووی بەغداد)مان داناوە، تا نوێنەری ئێمەو ئەو کۆمەڵانە بێ کە ئێمە نوێنەریانین ، لە پێوەندییێکاندا لەمەڕ هەموو بار و پێوەندیێ یا لە بابەت عەریزەکەوە کە لە ئێرە بە دواوە پێشکەشی کۆمەڵەی گەلانی دەکات یا هەرچیی بە ناوی دانیشتوانی نێو مەملەکەتی عێراقەوە پێشکەشی سەرۆکی لیژنەی هەمیشەیی ئینتیدابی کۆمەڵەی گەلانی دەکات .

ئێمە بە تایبەتی تۆفیق وەهبیی بەگمان داناوە تا وەکیلی ئێمە و کوردەکانی دانیشتووی عێراق بێ کە ئێمە نوێنەریانین، بۆ ئەوەی بە ناوی ئێمەوە لە بەردەم ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان یا لە بەردەم لیژنەی هەمیشەیی ئینتیدابی ئەو کۆمەڵەیەدا، چ لەبەردەم هەر کۆمیتە و ئەندامێك لە ئەندامەکانی کۆمەڵەی گەلان یا لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب کە ڕەفتار لەگەڵ عەریزەی باس کراو یا هەر مەسەلەیێ کە لە ئێرەدا باسی هاتووە ، تۆفیق وەهبیی دەسەڵاتی هەبێ هەر کەسێك یا کەسانێکی دیکە دابنێ کە خۆی بە لێ وەشاوە و گونجاوی بزانێ، تا بە ناوی ئەو و بە ناوی ئێمەوە کاربکات و داخڵی دانوسەندنی ببێ لەگەڵ وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بریتانیا لە لۆندەندا ، یا لەگەڵ هەر دائیرەیێکی دیکەی کاربەدەست، یا کاربەدەستانی حکوومەتی بریتانیا لەمەڕ ئەو تشتانە کە لە عەریزەی باس کراودا هاتووە، لەگەڵ ئەوان یا لەگەڵ هەر حکوومەت و کەسێکی دیکە و لەهەر کوێیێکدا کە بایێخ بدات بە عەریزەی باس کراو یا بابەتەکانی باس کراوی ئێرە.

ئێمە خۆمان بە ناوی ئەو کۆمەڵانەوە کە ئێمە نوێنەریانین ، بڕیارمان داوە تەئکید و تەسدیقی هەموو بڕیار و بیانوییێك بکەین کە لەلایێن تۆفیق وەهبیی بەگەوە بەناوی ئێمەوە لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا یا هەر دائیرەیێکی



دیکەی حوکوومەت و کەس و کەسانێ، وەك لەسەرەوە بێژرا، لە پێوەندییدا لەگەڵ ئەم عەریزانە، بیکات. ڕۆژی ١٤ی مارتی ١٩٣١ نوسرا.

مستەفا شەوقیی، ئەفسەری تەوقاویت، پێشەواییێکی کوردی سلێمانیی ڕێبەری گۆڤاری پەیژە. فەتحوڵڵە ئەسعەد لە عەشیرەتی ئاکۆی کۆیەو وەرگێڕ لە وەزارەتی داد. محەممەد ئەمین لە عەشیرەتی بارزان ودانیشتووی ڕواندز. ئیسماعیل رواندزیی لە ئەشرافی ڕواندز و نەوەی پاشا کۆرەو نائیبی پێشوو. سەیید حسێن سەرنووسەری زاری کرمانجی لە ڕواندزدا. ڕەئووف ئەفسەری تەقاویت و لە ئەشرافی کەرکووك. عوسمان فایەق لە ئەشرافی سلێمانیی قازی زادە. عەزیز عەبدولقادر لە بنەماڵەی قادر ئەفەندیی گەورە. لەسەرانی جاف نائیبی پێشوو سدیق ئەلقادریی مێجەر جەنەراڵی پێشوو. خەڵکی سلێمانیی لە عەشیرەتی هەمەوەند. عەلی عیرفان کوڕی عەبدوڵڵا عیرفانی خەڵکی سلێمانیی ڕێبەری ڕۆژنامەی ژیان. عەبدولقادر لە ساداتی سلێمانیی حەفید زادە. عەبدولقادر موهەندیس لە ئەشرافی سلێمانیی. تەیب لە ساداتی بەرزنجە. غالیب لە ساداتی سۆڵ. ئیسماعیل لە ساداتی قەرەداخ. حیکمەت ئەمین موهەندیس. شوکری سەگبان، پرۆفیسۆر، دوکتۆر (Fo371 / 1 / 15311)

**بەڵگە: ٦**

عەریزەی گەلی کوردی کوردستانی خواروو

ئێستا دانیشتووی عێراق

بۆ ئەوەی (خۆ حوکم کردنی نێوچەیی)یان پێ ببەخشرێ، لەژێر سەروەری عێراقدا، بۆ دابین کردنی ئازادیی تەواوی:

زمان

پەروەردە

ڕستگاریی و پێشکەوتنی کۆمەڵایێتی و ئابووریی.

ئازادیی لە چەوساندنەوە و زۆرداریی.

مەڵامەتی بنچینەکانی پێ ویستیی خۆ حوکم کردنی نێوچەیی بۆ کوردەکانی کوردستانی خواروو:

أ — بۆ هەڵو مەرجی هێمنانە لە عێراقدا.

ب- بۆ هەڵو مەرجی هێمنانە لەسەرانسەری ناوەڕاستی ڕۆژهەڵاتدا.

ت- بۆ پێوەندی هێمنانە لە نێوان کورد و دۆست و دراوسێکانی عارەبو کلدانیی و ئاسووریی.

پ- بۆ ئاسودەیی و خۆشیی دانیشتوانی کوردستانی خواروو.

١- کورد عارەب نییە. ئەمە ڕاستییێکی سەلمێندراوە. کورد موسوڵمانن، بەڵام لەگەڵ عارەبی موسوڵمانانی لە ئەوەدا جیاوازن کە (تەعەسوبی دینیی)ان نییە، لە کاتێکدا عارەبەکانی عێراق بەتایبەتیی عارەبی شیعە وەك موتەعەسیبترینی ئیسلام ناسراون. بۆچوونی کورد نزیکە لە ئازادیی ئەوروپاییێکانەوە.

سەلماندن:

أ- کورد ئازادیی تەواو بە ژنەکانیان دەدەن.

ب- ئافرەتی کورد حیجاب دانانێ و دەتوانێ بەڕووی کراوەوە لەگەڵ پیاوانی دیکە تێکەڵاو بێ.

ت- ئافرەتی کورد تەنانەت دەتوانێ لەگەڵ پیاو هەڵ پەڕێ.

پ- لە مەجلیسی تایبەتییدا دەتوانێت لەلای سەرووی پیاوەوە دابنیشێت، نموونە هاوسەرەکەی شێخ قادرە.

ج- کوردستانی خواروو و نیشتمانی نەتەوەیی و مێژوویی گەلی کوردە.

کوردستانی خواروو هەرگیز، تەنانەت لەسەردەمی خەلیفەکانیشدا، وڵاتێکی عارەب نەبووە و نە لە پێشدا هەرگیز ژێر دەستەی دەسەڵاتدار و زۆرداریی عارەب نەبووە. کوردستانی خواروو ئەمڕۆ بە کردەوە دانیشتوانی عارەبی تێدا نییە، تەنها چەند هۆزێکی بچووك نەبێ لە نزیك سنوورەکانی هەولێر و کەرکووك.

لەمێژووی خۆیاندا هەرگیز کوردی عێراق لەلایێن عارەبەوە داگیر نەکراون.

**لکاندنی کوردستانی عێراق نە ڕاستە و نەڕەوایە بەڵام لەبەر ئەوەی ئێستا تازە چارە ناکرێ بەبێ هەڵ وەشاندنەوەی سەروەریی عێراق، داوای مافی ئەوە دەکەن بە ئازادیی وەك ڕەگەزێکی جیاواز لە وڵاتەکەی خۆیاندا بژین، بە دڵسۆزیی بۆ عەرشی عێراق.**



**زمان**

کورد ئەمڕۆ بە زمانی کوردی دەدوێن، کە زمانێکی ئارییە، هیچ پێوەندییێکی لەگەڵ عارەبییە نییە، کە زمانێکی سامییە.

لە کاتێکدا لە سوریا، میسر و هەر کوێیەکی دیکەدا عارەب بە زۆر زمانی عارەبی سەپاندوە بەسەر خەڵکدا، لە کوردستان نەیان توانیوە ئەمە بسەپێنن و نە بەسەر ئاسووریی و کلدانییێکاندا کە لە کوردستاندا لەگەڵ کورد و هێشتا بە کلدانیی دەدوێن کە لە ئارامی کۆن کەوتوەتەوە. ئەگەر خۆحوکم کردن بە گەلی کورد نەدرێ، بۆ یێکەم جار لە مێژوودا، بەشێنەیی بە دزەکردنێکی هێمنانە یا بە ڕێگەی دیکە کورد ناچار دەکرێ زمانێکی بێگانە وەربگرێ.

سەلماندن: دەتواندرێت بگوترێ زمانی کوردیی ڕەسمیی تەنها لە سلێمانییدا بەکار براوە. زمانی ڕەسمیی لە لیوای مووسڵدا عارەبییە، لەئەو لیوایەدا کە زۆربەی دانیشتوانی نە عارەبن. لە کەرکووکدا، عارەبی و تورکیی بەکاردەهێندرێ. لە هەولێردا، زۆر کەم کوردیی بەکاردەهێنرێ. لە قەزا کوردییێکانی دیالە و کوتدا، زمانەکە عارەبی ڕووتە. سەرنج ڕاکێشراوە بۆ (لائیحەی قانونوی لوغات)، ئیشارەتی بۆ کراوە لەلایێن مێجەر یۆنگەوە لە کۆبوونەوەی نۆڤەمبەری لیژنەی هەمیشەیی ئینتیدابدا. مەبەستی ئەم قانوونە بە ئاشکرا دروست کردنی ئاژاوەی زمانە.

**نواندنی کورد لە کارگێڕیی و پارلەماندا**

لەسەردەمی حوکمی تورکدا، کورد ژمارەیێکی بەرچاوی وەزیفە گرنگەکانی، بەتایبەتی لە ٣ ویلایێتەکەی بەسرە، بەغداد و مووسڵدا، بە دەست بوو. ئێستا ژمارەییێکی زۆر گەورەی فرمانبەرانی کوردی سەردەمی حکومی کۆنی تورك کە بە تەواویی لێ وەشاوە و کارامەن بۆ ئەوەی وەزیفەی گرنگی حکوومەت وەربگرن، کە بەردەوام داوایان لە حوکوومەتی عارەب کردووە، هەموو داواکانیان لەژێر پەردەدا ماوەنەتەوە. ئەمەیش لە تۆمارەکانی وەزارەتی ناوخۆدا دەردەکەوێ. سیاسەتی

حوکوومەتی عارەب ئەوەیە بە شێنەیی کورد لە وەزیفەی حوکوومەتدا نەهێڵێ. ئەو کوردانەی کە لێ وەشاوە و کارامەن وەزیفەی گرنگ وەربگرن، بە تێ پەڕینی زەمان دەفەوتێن، هەڵی پەروەردەیان، ژیانی فرمانبەرانی کورد لە خۆیەوە تەواو دەبێ. ئەوسا ڕێگە تەخت دەبێ بۆ حوکوومەتی عارەب دوای ماوەیێکی کورت یێك فرمانبەری کورد لە خزمەتی حوکوومەتی عارەبدا نامێنێ و هیچ ڕۆشنبیرێکی کوردیش نامێنێ چونکە دەرگەی پەروەردەیان لە ڕوودا داخراوە. ئەمە ئەو سیاسەتەیە کە حوکوومەتی عارەب پێڕەوی دەکا کە مەبەستی ڕیشەکیشێ کردنی ڕەگەزی کوردە.

لائیحەی قانوونی زمان بە نموونە وەربگرە، ئەمە ڕێگەی دەدا کەسانی کوردییزان (نەك لە ڕەگەزی کورد) لە کوردستان دابمەزرێندرێ. وەك بەیانیان کردوە گۆیا کورد هەن و لە نێوچەکانی عارەبەکاندا دامەزرێندراون، ئەمە فیشالێکی گەورەیە. گریمان چەند فرمانبەری هەبوون، ئەمانەیش بە ئەنقەست و لەبەر هۆی سیاسیی دوور خراونەتەوە بۆ نێوچەکانی عارەب.

لە ٢٠ بەڕێوەبەری گشتیی کە لە حوکوومەتی عارەبدا دامەزرێندراون، تەنها یێك دانە کوردیان تێدا نییە. هیچ کاربەدەستێکی (گەزێتد) کوردی لە دائیرەکانی حوکوومەتی ناوەندییدا یا لە دائیرەی وەقفدا نییە جگە لە ٢ یا ٣ کەس. هیچ فرمانبەرێکی دیپلۆماسیی کورد لە دەرەوە نییە. نواندنی کورد لە پارەلەماندا بە تەواوی نادادپەوەرانە وناتەواوە. لە ٨٨ نائیب، کورد تەنها ١١ نائیبیان هەیە کە ئەمیش ژمارەیێکی زۆر کەمە لەچاو ژمارەیاندا.

### دانیشتوانی کورد

کورد دان بەئەوەدا نانێن کەمایێتی بن، لایان وەهایە ئەو ژمارەیەی دانیشتوان کە بڵاوکراوەتەوە، ژمارەی عارەبی سوننەیش بەشێکی کوردی تێدا هەیە کە لەبەر هۆی سیاسیی خراونەتە نێو دانیشتوانی عارەبەوە. سەرژمێریی ڕاست هەموو ئەو کوردانە بگرێتەوە کە لە نێو عارەبدا نیشتەجێن، دەری دەخەن دانیشتوانی کورد و عارەب بە کردەوە بەقەدەر یێك دەبن. بۆ نموونە، زۆربەی دانیشتوانی لیوای



دیالە و ژمارەیێکی باشی دانیشتوانی لیوای کووت، کوردن و هەموو ئەوانەی لە ڕۆژهەڵاتی ئەم لیوایانەدا نیشتەجێن بە لیوا کانی کوردەوە نوساوون.

### قانوون نیزام

قانوون نە لە کارگێڕییدا ، نە لە دادگەدا لەلایێن حوکوومەتی عارەبەوە لە نێوچەکانی کورددا، وەك پێ ویست، جێ بەجێ نەکراوە. لەبەر ئەوەی ڕەوتی دادگە بە کوردیی نییە، ئەگەر لایێکیان کورد بێ، کێشەکەی دەدۆڕێنێ. نموونەی خوارەوە دەشێ بەس بێ.

لە موتەسەڕڕیف بۆ خوارێ بۆ مودیر لە لیوای سلێمانییدا، فرمانبەرەکان لێ وەشاوە نین و پەروەردە کراو نین. زۆریان ڕۆشنبیر نین و هەندێکیان بەتەواویی نەخوێندەوارن. لە قەزای پشدەردا تەنها یێك فرمانبەری حوکوومەتی تێدا نییە، دادگە و قوتابخانەی لێ نییە. ئەگەرچیی ئەمە یێکێکە لە دەوڵەمەندترین قەزاکانی وڵات تا ئێستا باجی تێدا کۆ نەکراوەتەوە. لەلایێکی دیکەوە حوکوومەتی عارەب موچەیێکی زۆر دەدات بە سەرانی عەشایێر بۆ ڕاگرتنی قانوون و نیزام. هەر تاوانکارێ تاوانێك دەکات دەتوانێ لە ئەم قەزایەدا پەنا بدۆزێتەوە و سەلامەت بێ بەڵام ئەمە تەنها نموونەیێکە لە بەدبەڕێوەبردنی حوکوومەتی عارەب.

لە کاتێکدا گەلی کورد وەك خۆی بە دواکەوتویی دەمێنێتەوە کەچیی دراوسێکانیان پێش دەکەون. ئەگەر نەتەوەی کورد لە نێو مەملەکەتی عێراقدا خۆحوکم کردنیان نەدرێتێ، کورد دەبن بە نۆکەری ئاغایانی عارەب.

### پەروەردە

لە کوردستانی خوارووادا ٧٩ قوتابخانە هەیە لە ٢٧دا ڕێگە بە زمانی کوردیی دراوە، لەئەوانی دیکەدا عارەبیی ئیجبارییە، جگە لە چەند قوتابخانەیێکی کەم کە تورکی تێدا دەگوترێتەوە.

له ئەو ٢٧ قوتابخانەیەی باس كران ١٦ یان تەنها ١ پۆلی تێدا هەیە، ئەوانی دیكەی سەرەتایی و ئامادەیین. له نێوچەكانی كوردا قوتابخانەی نێوەندی نییە، جگە له ٢ موتەوەسیتە له سلێمانیی و هەولێردا، ئەوانیش تەواو نین.

لەسەرانسەری كوردستانی خوارووا ٨ قوتابخانەی كچان هەیە، تەنها له ١ قوتابخانەیاندا كوردیی دەخوێندرێت.

دانیشتوانی كوردستانی خوارو لەژوور ٨٠٠,٠٠٠ كەسە، بەراووردی لەگەڵ ٥٢٨ قوتابخانەی ئەلبانیا و ٤٣٢ قوتابخانەی نێو فەلەستین لەگەڵ كوردستانی خواروو، ژمارەی زۆری دانیشتوانی و تەنها ٧٩ قوتابخانەیە.

بۆ بەراووردی سیاسەتی حوكوومەتی عارەب له بوواری پەروەردەدا لەگەڵ كورد، ئەم نموونەیەی خوارەوە بەسە بۆ نیشان دانی سیاسەتی ئەنقەستی حكومەتی عارەب بۆ لەنێوبردنی شێنەیی ڕەگەزی كورد. له دەسكەوتی لیوای بەغدادا ٣٨٪ ساڵانە تەرخان دەكرێ بۆ پەروەردەی عارەب له لیوای بەغداد، كەچیی له سلێمانییدا تەنها ١٪ی داهاتی لیوا تەرخان كراوە بۆ پەروەردە له ئەو لیوا كوردەدا.

بۆ پیشان دانی ئەقڵی پچووك و زۆردارانە تەنانەت له مەسەلە پچووكەكانیشدا، حوكوومەتی عارەب كەلوپەلە كۆن و بێ كەڵكەكانی خۆی دەدا بە قوتابخانەكانی نەعەرەب و كەلوپەلە تازەكانی بۆ خۆی دەبات. ئەم كارە منداڵانەیە بەناوی حوكوومەتێكەوەیە كە بۆ سەربەخۆیی دەگرێی... جێگەی پێكەنینە ئەگەر جێگەی داخ نەبێ. پەروەردە بە گرنگترین بەشی ژیانی نەتەوەیی داندراوە.

له ئەوەی سەرەوەدا بە ئاشكرا دیارە كە تەنها مەسەلەی كاتە، ئەگەر كورد لەژێر زاڵ بوونی عارەبدا بەجێ بهێڵدرێ كاتێ سەربەخۆیی تەواوی خۆیان بە دەست بهێنن، زمان و فەرهەنگی كوردیی له ئەمان دەكەوێ.

### سەلماندن: فایل و دۆكۆمێنتە ڕەسمیەكان

بەرنامەی پەروەردە كە له كوردستان جێ بەجێ دەكرێ هەمان بەرنامەیە كە بۆ قوتابخانەكانی عارەب داندراوە له سەرانسەری عێراقدا. ئەمەیش پێچەوانەی



ڕاسپاردەكانی لیژنەی هەمیشەیی ئینتیدابە و لیژنەی لێ كۆڵینەوەیە. لەئەوەش زیاتر پێچەوانەی سایكۆلۆجییو كارەكتەری- خوو وئەتواری /k/- منداڵانی كوردە كە له ڕەگەز و خوودا لەگەڵ منداڵانی عارەب جیاوازن. هەروەها ئەمە بە ئاشكرا پلانێكی ڕێك خراوی حوكوومەتی عارەبە بۆ سەپاندنی نەتەواییتی عارەب بەسەر خۆولاتی نەعارەبدا.

جێگەی سەرنج دانە له سەرانسەری كوردستاندا هیچ كۆلێجێكی ڕاهێنان یا فێرگەیێكی تەكنیكیی - پیشەیی لێ نییە. لەبەر ئەوە دیمەنی پاشەڕۆژی منداڵانی كورد سەقەت و بە ئەنقەست نەوەی داهاتوو لێ وەشاوە نابن بۆ وەرگرتنی پلە و پایەی ڕەسمیی و كارگێڕیی. لەماوەی ١٠ ساڵی ڕابوردودا حوكوومەتی عارەب ١٢٠ قوتابیی ناردووە بۆ ئەورووپا بۆ ئەوەی لەبابەتی جیاوازدا خوێندن تەواو بكەنو له ئەمانەدا تەنها ٢ كەسیان كوردن.

### كاری گشتیی

له كاتێكدا ئێمە له قەرنێكدا هەین هەر نەتەوەیێك بۆ پێشەوە بەرەو شارستێنیی و گەشەكردن دەڕوانێ، دەبینین شارو گوندەكانی كوردستان بە سایەی فەرامۆش كردنی ئەنقەستەوە وێران دەبن. حوكوومەتی عارەب تەنها یێك قوتابخانەی بۆ كچان له سلێمانییدا كردووەتەوە ئەویش ٢ پۆلە. قوتابییێكانی ئەم دوو پۆلە له یێك ژووردا دەخوێندن چونكە ژوری دیكەیان نییە . لەلاییێكی دیكەوە حوكوومەتی عارەب ملیۆنەها ڕوپیەی سەرف كردووە بۆ دروست كردنی مەخفەری پۆلیس و... هتد. بۆ بەهێزكردنی دەسەڵاتی.

### ئاوەدانیی و كشتوكێڵ

لەسەرانسەری كوردستاندا دائیرەیێكی ئاوەدانیی لێ نییە كەچیی حوكوومەتی عارەب له ئەو لاوە هەرچیی له تواناادا بووە كردوویێتی بۆ ئاوەدان كردنەوەی دائیرەی ئاودانیی و كشتوكێڵ له نێوچەكانی عارەبدا. ناو بە ناویش، بە قەرز پێ دان یارمەتیی فەلاحەكانی عارەبی داوە ... هتد، بەڵام جوتیارانی كوردی فەرامۆش كردووە. سەرەڕای داوای یێك لەسەر یێك، حوكوومەتی عارەب

فرمانبەرانی تەکنیکی لێ وەشاوەی دانەناوە بۆ چاك كردنی تووتنی كوردیی. ئاژەڵدارانی کورد لە هەژارییدان. دەبێ باجی زۆر بدەن کە بۆ گەشە کردنی وڵاتەکەی خۆیشیان خەرج ناکرێتەوە.

**تەندروستیی**

کوردستان بێ بەشە لە دامودەزگەی تەندروستیی بە پێچەوانەی نێوچەکانی عارەبەوە کە بارودۆخی ئەوێ بە تەواویی جیاوازە. بە ئەندازەی تەواو دکتۆر لە کوردستاندا نییە. حوکوومەتی عارەب گوێ ناداتە تەندروستیی خەڵك. بەسە بۆ ڕوون کردنەوە کە حوکوومەتی عارەب هیچ بایێخێکی نەداوە بۆ بەرگریی لە نەخۆشیی ئاوڵە.

من خۆم کاتێ موتەسەڕریفی سلێمانیی بووم داوام کرد نەخۆشخانەیێك لە سلێمانییدا بکەنەوە، وەڵامی وەزیری عارەب ئەوە بوو کە لە بودجەدا پارە نییە، هەر لەئەم کاتەدا موتەسەڕریفی عارەبی موسڵ داوای کرد زیندانێکی نوێ دروست بکرێ ، کەچیی حوکوومەت بایەخێکی زۆری پێ داو پارەی پێ ویستی بۆ ئەم مەبەستە وەرگرت.

بەراوردکردنی فرمانبەرانی گەزێت لە کوردستاندا لە پێش لیژنەی تێلکی داو لە ساڵی ١٩٣٠دا.

ژمارەی فرمانبەرانی کورد لە پێش لیژنەی تێلکی دا:

| دائیرەکانی حکوومەت | کورد | نەکورد | هەمووی |
|---|---|---|---|
| دارایی و نێوخۆ | ٤٣ | ١٤ | ٥٧ |
| داد | ١٠ | ٣ | ١٣ |
| دائیرەکانی دیکە | ٣٨ | ١٧ | ٥٥ |



ژمارەی فەرمانبەرانی کورد لە ١٩٣٠دا

| دائیرەکانی حکوومەت | کورد | نەکورد | هەمووی |
|---|---|---|---|
| دارایی و نێوخۆ | ٤٤ | ٢٧ | ٧١ |
| داد | ٩ | ٧ | ١٦ |
| دائیرەکانی دیکە | ١١ | ٤٠ | ٥١ |

تێ بینیی: سەرژمێری سەرەوە لیواکانی دیالە و کووتی تێیدا نییە، چونکە هەموو فرمانبەرەکانیان عارەبن.

**پێوەندیییێکانی کورد و کلدۆ – ئاسووریی**

کورد هاودەردیی بەهێزی لەگەڵ کەمایێتیە نەعارەبەکانی ویلایێتی مووسڵ هەیە. سەبارەت بە خواستەکانیان بۆ ددان نان بە بوونی نەتەوایەتییانداو بۆ پاراستنیان لە زاڵ بوونی عارەب. فرمانبەرانی عارەب بۆ هوروژاندنی هەستی ناحەزانەی کورد و ئاسووریی دژی یێکدی خەریکی فڕوفێڵن. هەرچەندە حوکوومەتی نێوەندی ئینکاریی دەکات، بەڵام بە ڕونیی بۆ هەردوو گەل دەرکەوتووە.. عەریزەدەر لە وەزیفەکەیدا کە موتەسەڕریفی سلێمانیی بوو بۆ وریاکردنەوە کورد لەئەم پڕۆپاگەندە فێڵبازانەیە تێ کۆشا.

بە بنیاتنانی خۆ حوکم کردنی نێوچەیی هەر کۆسپێ لەئەم ڕێگەیەدا هەبێ تەخت دەبێ و دۆستایێتی و هاودەردیی کە ئێستا لە نێوان کورد و دراوسێ نەعارەبەکانییدا هەیە، قوڵتر دەبێت.

خواستەکانی ئێمە خواستەکانی ئەوانە و گازاندەکانیشمان گازاندەکانی ئەوانە. هەردوو گەل ئارەزوویان یێك کەوتووە بۆ شێوەی پێش کەوتن چەشنی ئەورووپا ، یێك کەوتوون بەرامبەر شارستێنیی ڕۆژئاوا و ڕقیان لەگەلانی ڕۆژئاوا نییە.

ئێمە ناڕازین لە ئەوەی حوکوومەتی عارەب ڕەقی لە داهێنان و پێشکەوتنە... عەریزەدەرەکانتان لەگەڵ نوێنەرانی دیکەی گەلی کورد ئامادەن بۆ کۆبوونەوە لە جنێڤ یان هەر جێگەیێکی دیکە لەگەڵ نوێنەرانی کەمایەتییێکانی عێراق، لەژێر سەپەرشتی کۆمەڵەی گەلاندا. هەر نوقتەیێك ڕوون کردنەوە یا پێك هاتنی هەردوولای بوێ، بە خۆشییەوە باسی بکەن و بڕیار بدەن. لە ئەنجامدا ئامادەین لەگەڵ کەمایێتیە ناعارەبەکانی دیکە بە یێکەوە لە جنێڤدا لەژێر سەرپەرشتیی کۆمەڵەی گەلان لەگەڵ نوێنەرانی حوکوومەتی ناوەندیی لە بەغداد و هێزی ئینتیدابدا کۆببینەوە بۆ لابەلایی کردنی هێمنانەی مەرجەکانی بە دەست هێنانی ماف و ئاواتەکانمان.



داوێن: ٥/٤

بەڵگەکان[1]

تایبەت بەکێشەیێکی سیاسیی بە ناوی : نووسین و خوێندەواریی کوردییەوە.

١/٥/٤- بەڵگەنامەی (ڕێبەری گشتی مەعاریف — وەزارەتی مەعارریفی عێراق، ژ ٦٣٨/٣/١،ی٧/مارت/ ١٩٢٥) لەمەڕ پێشنیازی هێندێ ئەندامی لیژنەی ڕۆشنبیرەکانی کورد بۆ چاك کردنی (تیپەکان و ڕێنووسی کوردیی). هەروەها پرسیاری ساتیعولحەرسەریی ڕێبەر کە؛ (ئایا چۆن خوێندنەوەی کوردیی لەگەڵ خوێندنەوەی ((قرآن))ی بەخشندە دەگونجێندن؟).

٢/٥/٤- شێوەی کۆپیی (پێشنیاز)ی باس کراو کە وێنەی تیپەکانی پێشنیاز کراوی ت. وەهبیی.

٣/٥/٤- بەڵگە — نامەی موتەسەڕڕیفی سلێمانیی بۆ (موعەللیم مەلا سەعید ئەفەندیی) لەمەڕ بیروڕای بەرامبەر ئەو پێشنیازە. (نامەکە؛ ژ ٥٩١٦، ١٩٢٦/٣/٢٢).

٤/٥/٤- مەتنی وەڵام نامەی دەست نووسی مەلا سەعید ئەفەندیی.

٥/٥/٤- چەند لاپەڕەیێکی — عارەبیی — نووسراوی ساتیعولحوسەریی؛ (قضية كتابة اللغة الكردية/ کێشەی نووسینی کوردیی). (وەرگیراو لە کتێبی: مذكراتي في العراق — ساطع الحصري، ج ١، بيروت ١٩٦٧).

٦/٤- شێوەی کۆپیی: کیتابی ئەووەڵەمین قیرائەتی کوردیی kitabi Awalamin Qiraoti Kurdi، محەممەد زەکیی ئەفەندیی و میرزا محەممەد باشکە — بەغداد، ١٩٢٠.

(ئەمیر حەسەن پوور/ ئارشیفی Soas/ بریتانیا).

٥-شێوەی کۆپیی: دەست نووسی (عەقیدەی ئیمان — عەقیدەی کوردی)ی خالید نەقشبەندیی (وێنەی دەست نووسی مەزناوییێکان).

٦-ڕۆژنامەی ژیان، (دوو ژمارە ٦-١، ٦-٢)

---

[1]- شێوەی بەڵگە ڕەسمییانەی — عارەبیی و کوردیی — دەست نووس، نامە.

وزارة المعارف
العدد ١/٣/٦٣٨
التأريخ ٧ مارت ٩٢٦

الى سعادة متصرف لواء السليماني المحترم
ـ ـ ـ ـ اربيل ـ

تحية و توقيرا
ان وزارة المعارف الف لجنة لترجمة الكتب المدرسية الى اللغة الكردية وبما ان بعض اعضاء اللجنة قد اقترحوا في مسألة الحروف و الاملاء اقتراحا خاصا رأت الوزارة ان تطلع على اراء ذوي[illegible] الكرام بخصوص مسألة الحروف و الاملاء .
وقد استشرت رأيهم تحريرا في المسائل الاتية .
١ ـ ما هي الحروف او الحركات التي يجب ان تضاف الى الحروف المستعملة في العربية و الفارسية لكتابة اللغة الكردية .
٢ ـ الى اي درجة يمكن او يجب ان يستفاد من الحركات المستعملة في العربية
٣ ـ ما رأيكم في الاقتراح المربوط و المتعلق بوضع اشارات على بعض الحروف للدلالة على الاصوات المختلفة .
فترجوا ان تجمعوا اعضاء مجلس المعارف مع من لهم المام في المسألة و تخبرونا عن رأيهم بصورة مفصلة مع ملاحظاتهم كيفية التوفيق بين قراءة اللغة الكردية و قراءة القرآن الكريم .
نرجوان يحلنا جوابكم باعظم سرعة ممكنة هذا ولسعادتكم فائق الاحترام .

مدير المعارف العام

١/٥/٤



بۆ نووسینی زمانی کوردی بە حروفی عارەبی ئەم ترتیبەی خوارەوە بە
باش زانراوە


ئەمیشمان ئەزانین کە حروف دو بەشە
١ ـ بێ دەنگەکان ـ الحروف الصامتة
٢ ـ دەنگ بەخشەکان ـ الحروف الصائتة
[illegible]

| ناوی تیپی حروف | عارەبیی | زیادی کوردی | وەک |
|---|---|---|---|
| گەرویی | ح خ ع غ هـ | ـــــ | ـــــ |
| لیوی | ب ف م و | پ ڤ | هەڤدە |
| دانی | ت ث د ذ ظ | ت ڀ | دەست کورتە. نادری |
| زمانی | ن ل ر | ل ر | فرین (فڕین)، هەلمات (هەڵمات) |
| فیشکەیی | ز س ش ص ض | ژ | ژوور |
| مەلاشویی | ج ط | چ | چاو |
| زمانە بچکۆلەیی | ق ك ی | گ | گوشت (گۆشت) |

٢/٥/٤



Baby Lalo


حروفی دەنگ بەخش

| شكل | تلفظ | ناوی | وەكو |
|---|---|---|---|
| ا | ئا | هەلكیش | بابا |
| ە | ئە | سەر | بەبە |
| ێ | ئێ | ژێر | گیرفان بەردی رەش دەستی فرهاد |
| ی | ئی | داكیش | ژیر گزیر |
| ی | ئی | بەر | كلیشان |
| ێ | ئێ | نەناسراو | [illegible] |
| و | ئو | بوری كورت | كورت كورد كولاو |
| وو | ئوو | بوری دریژ | دوور شارەزوور موو |
| ۆ | ئۆ | بوری كراوە | زۆر خۆم ئەرۆم |
| ۆ | ئۆ | بوری خوراو | كۆر خۆن سۆنە |
| ۆ | ئۆ | بوری داخوراو | دوێر (بە شێوەی كوردەكانی ژوورو) قوێل |


[illegible]

| شكلّ | تلفظ | ناوی | وەك |
|---|---|---|---|
| ا | ئا | هەلكیش (هەلكێش) | بابا |
| ە | ئە | سەر | بەبە |
| ێ | ئێ | ژێر | گیرفان، بەردی رەش. دەستی فەرهاد |
| ێ | ئێ | داكیش | زیر (ژیر)، كزیر (گزیر) |
| و | ئو | بۆری كورت | كورت، كورد، كولاو |
| وو | ئوو | بۆری دریژ | دوور، شارەزوور، موو |
| ۆ | ئۆ | بۆری كراوە | زور (زۆر)، خوم (خۆم) ئەروم (ئەڕۆم) |
| ۆ | ئۆ | بۆری خوراو | كۆر(كوێر)،خۆت (خوێن) سۆنە(سۆنە) |
| ۆ | ئۆ | بۆری داخوراو | دوڕ (دویــــر) بەشــێوەی كوردەكـــانی ژووروو) قـــوڵ (قوویل) |

حورووفی دەنگ بەخش

١/٢/٥/٤




دائرهٔ متصرف لوای سلیمانی
ژماره
روژ

بۆ جناب المعلم ملا سعید افندی

لباش احترام
[illegible]

متصرف لوای سلیمانی

٣/٥/٤

# KITAB I AWALAMIN I QIRAAT I KURDI

NUSRAWA BE WASTA I

MUHAMMED ZAKI EFFENDI

WA

MIRZA MUHAMMED BASHKA

MUALLIMAN I MAKTAB I HUKUMAT I SULAIMANIYA

TARTIB KRAWA BE WASTA I

MAJOR E. B. SOANE WA CAPTAIN W. J. FARRELL

NASHIR KRAWATAWA BE WASTA I

DAIRA I MAARIF I BAGHDAD

1336-1920

BAGHDAD:
PRINTED BY THE SUPERINTENDENT GOVERNMENT PRESS
1920

٦/٤



هیچ گناه ناکرن نیو میسونیو ژن میر دیا نابیدا تا بقول عبد
کری امام عباس لە نفیکان همە شیطان پە دلین ولدیان بن
شیطان لوانە لە هو مخلوق زورترن لبر زوریان خدا نە
کسی نازانە چندن هواسمانان چی یک نیە کسیک لوان لو
جیکدا بالرکوع یاالسجدة دانی هیچ چشتیک نیە نە
لاسمان نە لزمین کلا لگنی لسر تا عین نکرابی بامر خدای
اکای [illegible] بینی لعل بینی هوبان واسطن لمابین خالق
مخلوقا با هندیکیان واسطن لبو هندیک جونی
هندیکیان زوانە گرانە لە سر [illegible] نسانزانە بعیری
هندیکیان نزی جال [illegible] پاك خدان کا با هیچ دیکە نیە هویا
جی خویان معلومە ناتوانن هیچ باوزی بکن دو دو سی
سی چار چار زیاتر پریان حی هندیکیان دربوان ن
بهشتین کوریان رضوان ناو هندیکیان دربوان جهنمی
کوریان مالك ناو نستی جهنمی یک لو دربوانە یا
نوزدە کسیان یا نوزدە طائفیان کرام الکاتبین
بو هموانسانیك جوارن و لشویدان دو لو زیدان
یک

٥

بو ههموو شتێك

مخابرات بەناوی

ئیدارەخانەوە ئەکرێ

§

ئیدارەخانە لە بازاڕ کەیدایە

دیران: سلیمانی ژیان

# ژیان

کرێ

بەشەش مانگ پێنج

بەسالێك دە روپیە دەدا

بو دەرەوە ئوجرەتی

پوستەی علاوە ئەکرێ

ئیعلانات

لەدیرێکو مەعنانەش مەقتوعەن

سەرووپیەو لەشەش زیاتر جیکەلە

سەروپیەکەبو دیرەزیادەکانیش

دیری شەش ئانەئەسیئرێ

یەکی بەئانەیەکە — هەمو شتێك ئازومی هەفتەی دو جار دەرەچی غەزەتەیەکی کوردییە — یەکی بە ئانەیەکە

٢٠ ربیع الاول ١٣٤٩ ١٤ اغستوس : ١٩٣٠ [ پێنجشەمە ] تاریخ انتشار ٢١ کانون ثانی ٩٢٦

تشریف هێنانی فخامتی وکیلی مندوب سامی
و وکیلی رئیس الوزرای عراق
بو کرکوك ، هولیر وسلیمانی و عبادەی
کوردان

لە سەر مراجعاتی متمادی کوردانی لوای سلیمانی و کرکوك و هولیر فخامتی وکیلی مندوب سامی و وکیلی رئیس الوزرای عراق روژی جمعەی ٩٣٠/٨/٨ لە بغدادەوە تشریفیان هینایە کرکوك و لە عینی روژدا لە قشلەدا عموم اشراف و اعیانی کرکوك و رؤسا کاورەکانی او لوایە کە هەمو کوردن کوبان کردەوە لە دوای پستی کومەلەکە رئیس الوزراء هلسا او بیانەی کە هەمو کوردیك خویندویەوە و لە پیشا نشر کرابو و کە گویا حکومتی عراق قراری داوە بو کوردەکان مقررات عصبة الامم تطبیق بکات خویندیەوە و لە عقب اوەوە فخامتی مندوب سامیش هلسا و نطقیکی خویندەوە و تأییدی بیانەکەی حکومتی عراق کرد و فرموی ایمیش لەگل عراق متحدین بو تطبیق مقرراتی عصبة الامم . لە دوای امانە عبداللە صافی افندی یعقوبی هلسا و کوتی لەم بیانە زور متشکرین ذاتا ام لوایە عبارتە لە تورك و عرب چی خوسەکەی صد هزاری لەم دو عنصرەیە و ایمە عراقین لە وحدتی عراق جیا نابینەوە و مصطفی افندی برایتی عیناً تأییدی قسەکە کاکی کردەوە . بلام ایتر لە حاضرون و لەو هەمو قەبالە غیری فارس آغای بەیلت نەبی کە پیاویکی حربە و شیخ محمد حبیب افندی طالبانی نەبی کە چونکە قاضی و مأمورە و مجبورە کسیکی تر تأییدی نکردەوە و حتی چونکە قسەکانی عبداللە صافی افندی هەموی عبارت بو لە بیاناتیکی غیرە حقیقی و بە آشکرا موجو . دیەتیێ اکثریەی کوردی پنهان کرد ، وطنپرور و جوامردی غیوری کورد محمد بك جاف مندوبی پشوی کرکوك هلسایە سرپی و بە همتیکی مردانە و بە دنکیکی برز فرموی ( لوای کرکوك اکثریتی عظیمەی کوردن یعنی لە (١٥٠) هزار نفوس صدو بیست هزاری کوردیکی خالصە . انجا اگر بە زیادەوە حسابی بکین اوی تری انجا تورك و عرب و ام قسەیەی منیش معلومی جهانە و بە احصائیات معلوم و اشکرایە و فرموی بندە کە ایرەدا تمثیل عشرتیکی زور گەورەی وکو جاف اکەم غیری امیش رؤسای داودە زنگنە ، جباری ، شوان و مائرە رؤسای کوردان کە لەم مجلسەدا حاضرن بندەیان توکیل کردوە کە بەناوی عمومەوە عرضتان بکەم کە ام کوردانە بە یك وجود و یك زبان داوای تطبیق مقرراتی عصبة الامم اکەن ( امە حقمانە و ام حقەمان اوی و هتا اخری تعقیبی اکین ) لە دوای امە عبداللە صافی بك متەورانە کە خلاف اداب و اجتماعیات بو هلسا ، کوتی : ام ذاتە بەناوی

٦ – ١

بو ههموو شتێك

موخابەرات بەناوی

ئیدارەخانەوە ئەکرێ

§

ئیدارەخانە لە بازاڕ کەیدایە

دیران: سلیمانی ژیان

# ژیان

کرێ

بەشەش مانگ پێنج

بەسالێك دە روپیە دەدا

بو دەرەوە ئوجرەتی

پوستەی علاوە ئەکرێ

ئیعلانات

لەدیرێکو مەعنانەش مەقتوعەن

سەرووپیەو لەشەش زیاتر جیکەلە

سەروپیەکەبو دیرەزیادەکانیش

دیری شەش ئانەئەسیئرێ

یەکی بەئانەیەکە — هەمو شتێك ئازومی هەفتەی دو جار دەرەچی غەزەتەیەکی کوردییە — یەکی بە ئانەیەکە

٢ ربیع الاول ١٣٤٩ ٢٨ تموز : ١٩٣٠ [ دوشەمە ] تاریخ انتشار ٢١ کانون ثانی ٩٢٦

صورتی ترتلغرافانەیە کە لە طرف اشراف ، رؤسای عشایر و سائر طبقەی اهالی سلیمانیەوە بو مراجع عالیة ایدراوە :

٭٭٭٭

— ٢ —

[illegible] تموز ٩٣٠

بغداد فخامتی مندوب سامی

صورتی : [illegible]

مطالبمان [illegible] قراری

عصبة الامم [illegible]

دفعە مراجعە [illegible] حکومت عراق کرد [illegible]

شافیمان ورکرت [illegible]

عصبة الامم [illegible] مطالباتمان [illegible]

بفرمون .

عموم اشراف سلیمانی [illegible]

هەمو بگزادە [illegible]

[illegible]

٢٠ تموز ٩٣٠

بغداد فخامت مندوب سامی عراق

» » رئیس الوزرای عراق

» بو بغداد تایمس

» العالم العربی

عموم عشائری پشدر لەگل هەمو کوردان دا متفقا طالب غداریتی اداوە و اجرای قراری عصبة الامم اکین .

هەمو عشائری پشدر و جاف

---

١٨—٧—٩٣٠

بغداد فخامت معتمد سامی عراق

» صورتی : فخامت رئیس الوزرا

بە پی قراری عصبة الامم لەم معاهدیەدا تأمین رغیب مندەکەم ئەکەم ، استرحام و تأییدی مطالبیان ئەکەم .

احمد

توفیق بك زادە

٦ – ٢

## ● ئەلبوومی وێنەی: ڕووداو و ناسراوان

١- وێنەی ت. وەهبیی: فەرماندەی فێرگەی مەشقی سەبازیی عیراق س ١٩٢٥-١٩٣٠

٢- وێنەی ت. وەهبیی: موتەسەرڕیفی سلێمانیی – س ١٩٣٠

٣- وێنەی ت. وەهبیی: دەستەی لایێنگرەکانی پارتەکەی سالّح جەبر لەدیدەنی کردنی سلێمانییدا – س ١٩٥١

٤-١- وێنەی ت. وەهبیی: لەدیدەنیی کردنی سلێمانییدا س ١٩٥٧ (مالّی بێخودی شاعیر – رەمزی مەلا مارف)

٤-٢- وێنەی ت. وەهبیی: لەدیدەنیی کردنی سلێمانییدا س ١٩٥٧ (مالّی بێخودی شاعیر – رەمزی مەلا مارف)

٤-٣- وێنەی ت. وەهبیی: لەدیدەنیی کردنی قۆپی قەرەداغ - سلێمانییدا س ١٩٥٧ .

٤-٤- وێنەی ت. وەهبیی: لەدیدەنیی کردنی جافەکاندا س- ١٩٥٧

٤-٥-وێنەی کابانی تۆفیق وەهبی – ئاسیا وەهبی لەدیدەنی کردنی گوندی: قلیجە – سلێمانییدا س- ١٩٥٧

٥-وێنەی ت. وەهبیی و کابانی و کوڕێکی – لۆندۆن.

٧-١-وێنەی ناشتنی ت. وەهبی: ١٥\١\١٩٨٤ سلێمانی.

٧-٢- وێنەی ناشتنی ت. وەهبی ١٩٨٤ سلێمانی.

٧-٣- وێنەی ناشتنی ت. وەهبی ١٩٨٤ سلێمانی.

٧-٤-وێنەی ناشتنی ت. وەهبی: ١٥\١\١٩٨٤ سلێمانی.

٨-وێنەی خۆ نواندنی خەلّکی سلێمانیی – بەردەرکی سەرا پێش کارەساتی ٦ی ئەیلولی ١٩٣٠.

٩-وێنەی تۆفیق قەزاز (وەرگیراو لەکتێبی اعلام الکرد – جمال بابان).

١٠-وێنەی رەمزی فەتاح.



١١-وێنەی مێجەرسۆن فەرمانبڕەوای سیاسیی بریتانیا لەسلێمانییدا س- ١٩١٩- ١٩٢١ .

١٢-١-وێنەی حەفید زادە مەحموود (یەکەم مەلیکی کوردستان – نەفیکراو بۆ باشووری عیراقی عەرەب ١٩٣١-١٩٤١ .

١٢-٢-وێنەی حەفید زادە مەحموود لەدوا سالّەکانی تەمەنیدا (لەئینتەرنێتەوە)

١٣-وێنەی مامۆستایانی (قوتابخانەی نموونەی سەعادەت – ١٩٢٠، سلێمانیی) و. مامۆستا سەعید سدقیی کابانی تێدایە.

١٤-وێنەی مامۆستا سەعید سدقیی کابان بەپیری.

١٥-وێنەی مامۆستایانی قوتابخانەی خالیدییەی سلێمانیی (مامۆستای قوتابخانە: خالید عەبدوللّە سەعید\ لەدەستە چەپەوە)

١٦-وێنەی شاعیری نەتەوە پەروەر فائیق بێ کەس

١٧-وێنەی ساتعولحوسەریی ڕێبەری گشتیی مەعاریفی عیراق.

١٨-وێنەی کۆچ کردوو فوئاد عارف و بابی لالۆ- کەمال ڕەئووف محەمەد، سلێمانیی ١٩\٥\٢٠٠٩ .


١٩-وێنەی ئەمیر حەسەن پور – س – ١٩٧٦ . گوتوبێژکەر لەگەلّ ت. وەهبیی.

٢٠-وێنەی عەزیز ژیان = = = .

***



١



٢





٣




٤-١



@kurdica



٤-٢



٤-٣






٤-٤



٤-٥



٥



٧ – ١






٧-٢



٧-٣





**٧ – ٤**





**٨**






**٩**





**١٠**



١١





١٢ - ١



١٢ - ٢






١٣




١٤



@kurdica





١٥




١٦







١٧





١٨



١٩




Baby Lalo

٢٠

## سەرچاوە تەماشاکراوەکان[*]

### ١- کوردیی


١/١- ئەحمەد: کەمال مەزهەر (در) — تێ گەییشتنی ڕاستیی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردییدا، بەغداد ,١٩٧٨

٢/١- ئەحمەد: کەمال مەزهەر (در) — کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنیییێکانی حوکوومەتی بریتانیادا، ب ١، چ ٢، لوبنان ,٢٠٠٩

٣/١- ئەمین: نەوشیروان مستەفا — سەردەمی قەڵەم و موراجەعات، سلێمانیی ,١٩٩٩

٤/١- ئۆمەر: حەمەدەمین — ئەندامە کوردەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق: ١٩٢٥ — ١٩٧٨، ج ١، هەولێر ,٢٠٠٧

٥/١- تەقیی: جەلال — خەباتی گەلی کورد لە یاداشتەکانی ئەحمەد تەقییدا، بەغداد ,١٩٧٠

٦/١- حیلمیی: ڕەفیق — شیعر و ئەدەبییاتی کوردیی — ب٢، بەغداد ,١٩٥٤

٧/١- حیلمیی: ڕەفیق — یاداشت، ب١ — ب٣، هەولێر ١٩٨٦، ب ٤؛ بەغداد ,١٩٩٢

٨/١- خواجە: ئەحمەد — چیم دیی، ج١ — ج٣، سلێمانیی ١٩٦٨ — ١٩٦٩، ,١٩٨٠

٩/١- خودزکۆ: ئالێکساندەر — چەند لێ کۆڵینەوەییێکی فیلۆلۆژیی دەربارەی زمانی کوردیی (دیالێکتی سلێمانیی)، وەرگێڕاندنی لە فڕانسییەوە؛ نەجاتی عەبدوڵڵە، سلێمانیی ,٢٠٠٥

١٠/١- ڕەشە: ئەکرەم ساڵح — شاری سلێمانیی: ب١، سلێمانیی١٩٨٤


(*)- لەبەر دووبارە نەبوونەوە و جێگەگرتن، داندراوەکانی تۆفیق وەهبیی و هێندێکی دیکەش — هەموو لە شوێنی خۆیاندا دەرکەوتوون — لە ئەم لیستەدا نەخراونەتە ڕوو.




١١/١- زەکیی: محەممەد ئەمین — مێژووی کورد و کوردستان؛ ج١ — ج٢، بەغداد ١٩٣١ (چاپی ئێران).

١٢/١- زێوەر: مەلا عەبدۆڵڵە؛ - گەنجینەی مەردان و یاداشتی ڕۆژانی دەربەدەریی، پێشەکیی و پەراوێزی محەممەد مەلا کەریم، بەغداد ,١٩٨٥

١٣/١- سۆن: مێجەر — چەند سەرنجێك دەربارەی هۆزەکانی کوردستانی خواروو، وەرگێڕاندنی لە ئینگلیزییەوە نەجاتی عەبدوڵڵە، سلێمانیی ,٢٠٠٧

١٤/١- شەوقیی: کاکە ڕەشید — بەسەرهاتی کاکە ڕەشید شەوقیی"سەرگوزەشە"- بڵاوکراوەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی،سلێمانیی ٢٠٠٣(ئامادەکردنی سدیق سالح).

١٥/١- فەیزی بەگ: ئەنجوومەنی ئەدیبان، توێژینەوەی کۆڕی زانیاریی کورد — بەغداد ١٩٨٣

١٦/١- محەممەد: کەمال ڕەئووف — مستەفا ساییب ئەستێری گەشەی کورد، سلێمانیی ,١٩٩٨

١٧/١- محەممەد: کەمال ڕەئووف — دەستەواریێ نان بۆ مێژوو، سلێمانیی، ,٢٠٠٤

١٨/١- محەممەد: کەمال ڕەئووف — عەقیدەی ئیمان/ عەقیدەی کوردیی خالیدی شارەزووریی نەقشبەندیی؛ س ١٨١٩، هەولێر ,٢٠٠٤

١٩/١- محەممەد: کەمال ڕەئووف — ئەدەبی نامەنووسیینی کوردیی، ج١ — ج٣، هەولێر ,٢٠٠٤

٢٠/١- میراودەلیی: ك — لەگەڵ مامۆستا تۆفیق وەهبیی؛ کەرکووك ,٢٠٠٧

٢١/١- نەریمان: مستەفا — فەرهەنگی ئەدیب و نووسەرانی کورد، بەغداد ,١٩٨٦

٢٢/١- هاوار؛ م . ر — شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ب١ — ب٢، لۆندۆن ١٩٩٠ — ,١٩٩١

٢٣/١- هاوار؛ م . ر — سمکۆ ئیسماعیل ئاغای شکاك و بزووتنەوەی نەتەواییێتیی کورد، ستۆکهۆلم ١٩٩٥.

**٢- عارەبیی:**

١/٢- إبراهيم؛ زاهدة — دليل الجرائد والمجلات العراقية، كويت ,١٩٨٢

٢/٢- الحاج؛ عزيز (در؟) — القضية الكردية في العشرينات، بيروت ,١٩٨٥

٣/٢- ادموندز؛ س . ج — كرد ترك وعرب، ترجمة جرجيس فتح الله، ط١، بغداد ,١٩٧١

٤/٢- ادموندز؛ س . ج — محاضرة المستر س . ج. ادموندز عن المشكلة الكردية، ترجمة كردي مخلص (كراس مطبوع دون ذكر المصدر والسنة وهو عن: محاضرة القيت في الجمعية الملكية لاسيا الوسطى في لندن يوم ٢٥ / ١٠ / ,١٩٦٦

٥/٢- بابان؛ جمال — اصول اسماء المدن والمواقع العراقية — بغداد ,١٩٧٦

٦/٢- براون؛ العميد جي . كيلبرت — قوات الليڤي العراقية، ترجمة در. مؤيد ابراهيم الونداوي، سليمانية ,٢٠٠٦

٧/٢- بصري؛ مير — اعلام السياسة في العراق — بيروت ,١٩٨٧

٨/٢- بصري؛ مير — اعلام الكرد — لندن وقبرص ,١٩٩١

٩/٢- بنكەی ژین — الاعمال الكاملة لتوفيق وهبي، ج١، سليمانية ,٢٠٠٦

١٠/٢- بيل: مس — فصول من تأريخ العراق القريب، ترجمة وحواشي جعفر الخياط، بغداد ,١٩٧١

١١/٢- جياوك؛ معروف — مأساة بارزان المظلومة، ط٢، اربيل ,٢٠٠١

١٢/٢- الحسني؛ عبدالرزاق — تأريخ الوزارات العراقية، ج ١ — ج٣، ط٦، بيروت ,١٩٨٢

١٣/٢- الحسني؛ عبدالرزاق — العراق في ظل المعاهدات، ط ٥، بيروت ,١٩٨٢

١٤/٢- الحسني؛ عبدالرزاق — تأريخ الاحزاب السياسية في العراق، بيروت ,١٩٨٢

١٥/٢- الحصري؛ ساطع — مذكراتي في العراق، ج١، بيروت ,١٩٦٧

١٦/٢- الخال؛ محمد — البيتوشي، بغداد ,١٩٥٨

١٧/٢- الخال؛ محمد — الشيخ معروف النودهي البرزنجي، بغداد ,١٩٦١

١٨/٢- الخطاب؛ رجاء حسين — تأسيس الجيش العراقي وتطوره السياسي، بغداد ,١٩٨٢



١٩/٢- ريج؛ كلوديوس. جيمس — رحلة ريج عام ١٨٢٠، ترجمة وحواشي بهاءالدين نوري، بغداد ,١٩٥١

٢٠/٢- زكي؛ محمدامين — تأريخ السليمانية وانحاءها، ترجمة الى العربية محمد جميل الروژبيانی، بغداد ,١٩٥١

٢١/٢- سون؛ إ . ب (ميرزا غلام حسين الشيرازى) — رحلة متنكر في بلاد مابين النهرين وكردستان، ترجمة وحواشي فؤاد جميل، بغداد ,١٩٧٠

٢٢/٢- صفوت؛ نجدت فتحي — العراق في الوثائق البريطانية ١٩٣٤، البصرة ,١٩٨٣

٢٣/٢- شريف؛ هيوا أحمد — توفيق وهبي حياته ودوره السياسي والثقافي، سليمانية ,٢٠٠٦

٢٤/٢- فتح الله؛ جرجيس — يقظة الكرد: تأريخ سياسي ١٩٠٠ — ١٩٢٥، اربيل ,٢٠٠٢

٢٥/٢- فهمي؛ حسن عبدالمجيد — تأريخ مشاهير الالوية العراقية، ج١، بغداد ,١٩٤٦

٢٦/٢- قزانجي؛ فؤاد — العراق في الوثائق البريطانية، بغداد ,١٩٨٦

٢٧/٢- قزلجي؛ ملا محمد — التعريف بمساجد السليمانية ومدارسها الدينية، بغداد ,١٩٣٨

٢٨/٢- لونگريك؛ ي — اربعة قرون من تأريخ العراق، ترجمة جعفر الخياط، ط٦، بيروت ,١٩٨٥

٢٩/٢- محمد؛ علاء جاسم — جعفر العسكري ودوره السياسي والعسكري في تأريخ العراق، بغداد ,١٩٧٨

٣٠/٢- الموصلي؛ محمد طاهر العمرى — تأريخ المقدرات العراق السياسي — مجلد ٢، بغداد ,١٩٢٤

٣١/٢- ناظم بك؛ حسين — تأريخ الامارة البابانية، ط١، ترجمة شكور مصطفى و محمد الملا عبدالكريم المدرس، أربيل ,٢٠٠١

٣٢/٢- ويلسن؛ ت . أ — بلاد مابين النهرين، ترجمة جعفر الخياط، بغداد...

٣٣/٢- وهبي؛ توفيق — حول مقال مسؤولية الاديب الكردي، هدية محمد الملا عبدالكريم المعنيين بالدراسات الكردية، مطبعة التآخي، بغداد ,١٩٧٣

٣٤/٢- ياملكي؛ عبدالعزيز — مذكرات عبدالعزيز ياملكي، بغداد ١٩٥٧.

**٣- فارسيی**

١/٣- قاضي؛ فتاح — مهر و وفا، تبريز (س ١٩٦٥م)

**٤-ڕۆژنامەو گۆڤار ((ڕ . گ))**

**١/٤- ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردیی ((ڕ . گ))**

١/١/٤- ئاسۆی زانکۆیی ((گ))

٢/١/٤- ئومێدی ئیستیقلال ((ڕ))

٣/١/٤- بانگی کورد ((گ))

٤/١/٤- بانگی کوردستان ((ڕ))

٥/١/٤- پەروەردە و زانست ((گ))

٦/١/٤- پەیام ((گ))

٧/١/٤- پێشکەوتن ((گ))

٨/١/٤- پێشکەوتن — سلێمانیی ((ڕ))

٩/١/٤- دەنگی گێتیی تازە ((گ))

١٠/١/٤- دیاریی کوردستان ((گ))

١١/١/٤- ڕۆژی کورد ((گ))

١٢/١/٤- ڕۆژی کوردستان ((ڕ))

١٣/١/٤- زاری کورمانجیی ((گ))

١٤/١/٤- زبان ((ڕ))

١٥/١/٤- ژیان ((ڕ))

١٦/١/٤- ژیانەوە ((ڕ))

١٧/١/٤- ژین ((ڕ))

١٨/١/٤- گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد ((گ))



١٩/١/٤- گۆڤاری کۆڕی زانیاریی عێراق — دەستەی کورد ((گ))

٢٠/١/٤- گەلاوێژ ((گ))

٢١/١/٤- هاوار ((گ))

**٢/٤- ڕۆژنامە و گۆڤاری عارەبیی ((ڕ . گ**

١/٢/٤- الاتحاد ((ڕ))

٢/٢/٤- التآخي ((ڕ))

٣/٢/٤- حبزبوز ((ڕ))

٤/٢/٤- مجلة سومر ((گ))

٥/٢/٤- مجلة الجمع العلمي الكردي ((گ))

٦/٢/٤- الوقائع العراقية ((ڕ))

٧/٢/٤- هنا بغداد ((گ))

**٥- دەروازەی ئینتەرنێت**

١/٥- کوردیی

١/١/٥- ویکیپیدیا

٢/٥- عارەبیی

١/٢/٥- ویکیپیدیا — الموسوعة الحرة

١/٢/٥- کلکامش

٣/٥- فارسیی

١/٣/٥- دانشنامەی آریان

٢/٣/٥- لغت نامەء دهـ خدا

٤/٥- ئینگلیزیی

١/٤/٥- wikipedia free ensclopedia



@kurdica

٦- دەست نووس

١/٦- گلزار/ گوڵزار (دوو دەست نووس: ١- ڕەش نووسی یێکەم جار/ دیاریی دۆستم کۆچ کردوو؛ عیززەت سەعید سدقیی کابان. ٢- پاك نووسی/ دیاریی دۆستم بەهجەت سەعید کابان).

٢/٦- دەفتەری ڕۆژنامەوانانی کورد — کەمال ڕەئووف محەممەد (بابی لالۆ)

٧- دیمانە

١/٧- لەگەڵ بەهجەت سەعید سدقی کابان.

٢/٧- لەگەڵ عەبدولخالق خالید سەعید

٣/٧- لەگەڵ فوئاد ڕەشید بەکر.

٤/٧- لەگەڵ فوئاد عارف.

٨- سەرچاوەی بەڵگەکان

١/٨- دەزگەی ڕەسمیی

١/١/٨- پارێزگەی سلێمانیی

٢/١/٨- ڕێبەرییێتیی خانەنشینەکانی سلێمانیی.

٢/٨- ڕۆژنامە و کتێب

١/٢/٨- کتێبی: سەردەمی قەڵەم و موراجەعەت.

٩- نامەی کەسان

١/٩- نامەی زانا عەبدوڕڕەقیب یووسف بۆ من.

٢/٩- نامەی سیروان ڕەمزیی فەتاح بۆ من.



## سوپاسێکی تایبەتیی

لە هەلێکدا دوو ساڵ پتر بوو لە هۆڵاندی نیشتیمانی دووەممەوە دەهاتمەوە بۆ کوردستانی نیشتیمانی یێکەمم تا چوار کتێبی بەری ڕەنجی "١٠" ساڵم بۆ خزمەتی هاونەتەوەکانم چاپ بکەم و بۆیشم نەدەکرا ، هاوەڵی ڕۆژگاری خوێندنم ( نەورۆز جەمال خەفاف) مەردانە هاتە پێشەوەو بە ئارەزووی خۆی مەسرەفی چاپ کردنی"٢"کتێبمی گرتە خۆی!

ئەم هەڵوێستەی نەورۆز خەفاف لای من نەك هەر پشت گرتنی هاوەڵێکی نووسەرییێتی، بەڵکە وێنەی پشت گیریی وحورمەت گرتنی بزاڤی ڕۆشنبیریی و خوێندەوارانی کوردە، بۆیێکا لە دڵەوە سوپاسی دەکەم !

**بابی لالۆ**

**( کەمال ڕەئووف محەممەد )**

**کوردستان - سلێمانیی**

**٢٠١١/٥/١٢**

## سوپاسێکی وەفادارانە

باپیرم لە ساڵی ١٨٥١و لە سلێمانیی پێتەختی میرنشینی بەبە – بابانـدا لە دایيك بووە كە هەمان ساڵ لەشكری توركی عوسمانیی میرنشينەكەيان ڕماندو وڵاتی كوردستانيان داگيركرد .بابیشم لە ژێر سێبەری ستەمی ئەو داگيركەرەدا لە دایيك بوو، ئەزيش لەژێر سێبەری داگيركاريی عارەبی عێراقدا لە دايیك بووم، منداڵەكانیشم هەروەها.نایش زانم وەچەی منداڵەكانیشم ئازاد دهێنە دنیاوە یا ئەوانیش چارەنووسيان وەك باب وباپيرانيان دەبێ!؟

زۆرو ستەمی ڕژێمەكانی عارەبی عێراق - بە تايبەتيی لەسەردەمی سەددام حسێنی ڕەگەزپەرست و تێرۆريستدا- گەهیشتە سەر ئێسكی گەلەكەم چ خۆم و منداڵانم بە ڕاددەیێك ناچار بووم نيشتيمانەكەم- كوردستان بەجێ بهێڵم و ڕوو بكەمە وڵاتانی ئازاد تا لە وڵاتی (هۆڵاند)ی سوسيال ديموكراتدا گيرسامەوە!

ئەوە ١٣ ساڵە ئەم ماڵە گەورەو بەخشندەیە بووە بە نيشتيمانی دووەمم و ئەگەر پيرو تەنهاو نەخوشم- بێ پاداشت - ژين وگوزەران و تەندروستيمی پاراستووەو وەك خۆوڵاتیيێكی خۆی ڕەفتارم لەگەڵ دەكات بە ڕاددەیێك هێزی خستووەتە بەرم بەشی زۆری(كتێبەكان)م بە زمانی خۆم تەواو بكەم.

ئەز وەك مرۆڤێكی ئازاد، بە هەموو ژیریمەوە، وەفاو ڕێزو حورمەت دەنوێندم بۆ گەلی (هۆڵاند)ی خۆشەويست، هەروەها بۆ دۆستەكانم : خانم ماريات بوڤەندات Bovend'aart Mariette و ڕووز



كرينس Ross Crins، مستەر كرينس كريست Crins Crist ی نيشتەجێی ئاوايی بێيزڵ Beezel، هەروەها پزيشكە بەڕێزەكانم: در. مێدەر Dr J.B.Meeder-Cardiolog، و در. پاولس longarts،Dr.Paouels.H.M.MM و در. كماك Dr.Kmak.W.J ،huisart، Dr.R.P.R Adang, MDL arts لە باژێڕی ڤەنلۆVenlo دا.

هيوام بۆ خۆشيی ژين و پێشكەوتنی هەموويانەو تا بش مێنم چاكەيان فەرامۆش ناكەم. خودا كوردستان و هۆڵاند بپارێزێ.

**كەمال ڕەئووف**

**ستێل – هۆڵاند**

**٢٠١١/٤/١٢**

## *Acknowledgment*

My grandfather was born in the city of Suleimani, the capital of the Baban Emirate, in 1851, the same year in which the Ottoman Turkish forces destroyed the Emirate and occupied Kurdistan.

My father was born in the shadow of that occupation I, too, was born

In the shadow of occupation--the occupation of the Arab monarchy in Iraq--and so were my children. I do not know whether my grandchildren will be born into freedom, or if their fate will be like that of their father and grandfather. The oppression of the Arab regimes in Iraq--especially the era of Saddam Hussein's racism and terrorism--affected my people so deeply that I and my children were obliged to leave my homeland and flee to free countries. I settled in the social democratic state of Holland.

For 13 years, this great and beloved country has been my second homeland. Even through old age, loneliness and illness, it has protected my life, my health, my well-being, and regarded me as a native citizen. To alarge extent, it has given me the strength to finish my books in my own language.




As a free person and with full liberties, I declare my faithfulness and respect for the people of Holland, as well as for my dear and faithful family Ross Crinc and Mr.Crinc Crist in the town of Beezel, best friend: Mrs. Mariette Bovendaart, and Dear physican’s; Cardiolog Dr.J.B.Meeder, Dr.Paouels H.M.M, long arts, Dr. W.J. Kmak housart, Dr. R.P.R.Adang, MDL arts in the town of Venlo.

I wish them all the best; I shall not forget their friendship and kindness as long as I live. May God bless Kurdistan and the Nederland.

Kurdistanian Writer
Kamal Raouf
Steyl – Nederland
12/4/2011

# بابی لالۆ



_ کەمال ڕەئووف محەممەد ( لە داییکەوە: حەفسە بەکر محیەددین قەساب)

_ ١٩٤٢/١/١٧- سلێمانیی:گەڕەکی کانی ئاسکان

_ خووێندکاری دەست بەرداری بەشی درامای فێرگەی هونەرە جوانەکانی بەغداد - ١٩٥٩ -١٩٦٠ و ١٩٦٠-١٩٦١

_ وەرگێڕو بێژەرو یێکەم ڕێژەرو نوێنەری ڕادیۆی کوردیی بەغداد :١٩٦٦ - ١٩٨٢(سەرۆکی ڕادیۆکە بۆ چەند مانگێك -١٩٧١ )

_سەرپەرشتی ڕۆژنامەی هاوکاریی- ( ١٩٧٠ بۆچەند مانگێك)

_ سێ جار دوورخراو لە ڕادیۆدا- (١٩٧٥ - ١٩٧٨ و١٩٨٢) و دواجار بۆ دەزگەی چاپ و بلاْوکردنەوەی کوردیی:بەغداج-سلێمانیی-١٩٨٢

ڕۆژنامەنووسی گۆڤاری کاروان-( ١٩٨٣-١٩٨٦ )

_ خانەنشین- لەسەر داخوزی خۆی و بە بیانووی نەخۆشییەوە- (١٩٨٦/٦/٦)

_خاوەندی بەرنامەکانی ڕادیۆیی: دەنگی هونەر، چیرۆکی هەفتە، دنیای ئەدە ب و هونەر،

دنیای فۆلکلۆر، دیاریی ئەمڕۆ ، بۆ خۆشیتان، شەوچەرەییێکی کوردەواریی، سەدای چیرۆکی کودریی

هاوار خالە ڕەجەب ، ڕاپۆرتی مایکرۆفۆن، فەرهەنکی ڕۆشنبییریی، ڕۆژێ لە ڕۆژان (١٩٦٦- ١٩٨٩)



_ خاوەندی یێکەمیین بەرنامەی هونەرانەی تەلەڤیزیۆنیی: پەیامی هونەر:( تۆمارکردنی لە بەغدادەوە بۆ کەرکووك :( ١٩٧٠- ١٩٧٣)

_ بابی دوو کوڕو کچێك- (١٩٦٥ کابانی هەڵ بژاردووە)

_ لە ١٩٩٨ ەوە تا نها بە تەنها لە هۆڵاندا دەژیی و خۆی بۆ نووسین و لێ کۆڵینەوەی زانستیی داناوە.

★چاپ کراوەکانی

١- ببوورە- دراما (سلێمانیی- ١٩٦١)

٢- بژیی مرۆڤ- چیرۆکی کورت (بەغداد - ١٩٧٠)

٣-مستەفا سایيب ئەستێرە کەشەی کورد- لێ کۆڵینەوە ( سلێمانیی -١٩٩٧)

٤-هونەری درامای ڕادیۆیی کوردیی- لێ کۆڵینەوە (سلێمانیی ٢٠٠٠)

٥–ئەدەبی نامەنووسینی کوردیی لێ کۆلینەوە - ٣ جزم (هەولێر - ٢٠٠٤)

٦- عەقیدەی ئیمان-عەقیدەی کوردیی/کۆنترین دەستنووسی مەولانا خالید نەقشبەندیی-١٨١٩(سلێمانیی - ٢٠٠٤)

٧- دەستەوارەیێ نان بۆ مێژوو- لێ کۆڵینەوە (سلێمانیی - ٢٠٠٤ )

٨- باقة دراسات كردية —لێ کۆڵینەوە بە عارەبیی ( هەولێر- ٢٠٠٦)

٩- گەڕان بۆ ڕاستیی —لێ کۆڵینەوە ( -سلێمانیی -٢٠١١ )

٩- گوتوبێژێکی دەگمەنی تۆفیق وەهبیی و خووێندنەوەیێکی ڕەخنەگرانە : وەرگرتن وتۆمارکردنی ئەمیر حەسەن پوور- نووسینەوەیی وپەراوێزو خووێندنەوەی بابی لالۆ/کەمال ڕئووف محەممەد (سلێمانیی- ٢٠١١)

# A Rare Interview with Taufiq Wahby

*Conducted and Recorded*

*by:*
**Amir Hasan Pour**

*Transcription, Annotation and Analysis*
*by:*
**“Lalo’s father”**
**Kamal Raouf Mohammed**

Kurdistan - Sileaymany 2011



@kurdica